MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# (مـــۆدێـــرنیـــزم)

-1-

١٨٩٠_١٩٢٠

# (مـــۆدێـــرنیـــزم)

**-1-**

## ١٨٩٠_١٩٢٠

**مالکم برادبری و جێمس ماکفارلن**

**وەرگێڕانی**
**بەهزاد حەوێزی**


**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

*** مۆدێرنیزم**

* نووسینی: مالکم برادبری و جێمس ماکفارلن

* وەرگێڕانی: بەهزاد حەوێزی

* دەرهێنانی هونەری: گۆران رواندزی

* بەرگ:ئاسۆ مامزادە

* پیتچنین نەرمین ئیبراهیم

* چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٠٨

* ژمارەی سپاردن: ٦٩١

* تیراژ: ٧٥٠

* نرخ: ٢٠٠٠

* چاپخانە: چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٢٨٢)

ماڵپەر: www. mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani

# پێرست


سەرهەڵدانی نوێگەرێتی ............................................ ١

**بەشی یەکەم:** زاراوە و سروشتی نوێگەرێتی ............................ ٩

**بەشی دووەم:** (کەشی هزری و شارستانێتی)............................ ٤٩

ا- وێنەی دووسەرە (دوانە): ئەلن بلوک.................................. ٥٢

ب- ئەقڵی نوێخوازی: جیمس ماکفارلن.................................. ٦٧

**بەشی سێیەم:** جوگرافیای نوێگەرێتی.................................. ٩١

ا- شارەکانی نوێگەرێتی: مالکم برادبری.................................. ٩٤

ب- بەرلین و سەرهەڵدانی نوێگەرێتی (١٨٨٦، ١٨٩٦)................... ١٠٢

ج- ڤیینەنا و پراگ (١٨٨٨-١٨٩٦) فرانزکون.............................. ١١٨

د- نوێگەرێتی لە رووسیا (١٨٩٣-١٩١٧) یوجین لامبرت.................. ١٣٤

هـ- شیکاگۆ و نیۆیۆرک (دوو رووی نوێگەرێتی لە ئەمریکا.................. ١٥١

و- شۆڕش، خولیای کۆنەپارێزی و کۆنەپەرستی لە پاریس ................. ١٦٤

ز- لەندەن (١٨٩٠-١٩٢٠) مالکم برادبری................................. ١٧٥

**بەشی چوارەم:** (بزووتنەوە ئەدەبییەکان)............................... ١٩٧

ا- بزووتنەوە و گۆڤار و مانیفێستەکان .................................. ٢٠٠

ب- سیمبولیزم و (الانحطاطیە) و ........................................ ٢١٥

ج- ئایندەخوازیی ئیتالیایی: جودی روسن................................ ٢٣٨

د- ئایندەخوازیی رووسیایی: ج. م. هاید................................. ٢٥٦

هـ- بزووتنەوەی تەعبیری ئەڵمانی: ریچارد شیبرد........................ ٢٧٣

و- دادایزم و سوریالیزم روبەرت شورت.................................... ٣٠٢

## سەرهەڵدانی نوێگەرێتی

**١- شێوەی نوێخوازی:** ئەم کتێبە لەو بنەمایە سەرچاوەی گرتووە «شارستانێتی» بەشێوەیەکی هەژینە بلەرزەییەکانە و دابەشی سەر سێ بەشیان دەکات:

یەکەم: هەژینە سادەکان، چاکترین گوزارشتکردنیش لێی بوونی.. تازە بابەتێکە - (مۆدە)، کە نەوە یەک بەدوا یەکەکان لەگەڵ خۆیان دەیهێنن و نوێکارییەکە لە دە ساڵ تێپەڕ ناکا.

دووەمیش: ئەوەیە بە گەورە لابردنەکان ناودەبرێ، ئەمەش لە نێوجەرگەی درز و وەرچەرخان و گوێزانەوە فراوانەکانەوە، دێتە ئارا و چەند سەدەیەک دەخایەنێت، بەڵام سێیەمیان: هەژینە تەختکەرە تێکشکێنەرەکانە، ئەو بەشەش پانتاییەکی بێشوومار لە بونیاتە فیکرییەکان دەگرتەوە و بنچینەی شارستانێتی نەتەوەیەک لە نەتەوەکانە جگە لە وێران و کاولگەش چیدیکە جێناهێڵێ.

هونەریش، بەو پێیەی گوزارشتکردنە لە خولیایی ئادەمیزاد و شکۆدارییەکانی هاوشانی ئەو هەژینانە بوو و چارەنووسی بوونیشی تیا تۆمار کردووە جا چ بەگوزارشتکردن لێی یا تیادا لەدایکبوون، بەڵام هونەر لە هەموو بارێکدا ئەو هاندەر و بزوێنەرەی نەبووە، ئەو ئامرازە بووە بەهۆیەوە رۆڵەکانی مێژوو دەتوانن ئەوەی بووە ببینن و ئەوەی روویداوە سەیری بکەن.

گەر گریمان «نوێخوازی» دەرکەوتەیەکی مێژووی هەژینە شارستانێتییەکانە، ئەوە لەڕووی ئەوەی روویداوە، کردەیەکە رۆحیی مرۆیی ئەنجامی دەدات بۆ بەدیهێنانی داماڵینی نەک هەر لە رابردووەکەی بەتەنیا، بەڵکە لە ئێستەیشی، ئەویش بەم کردارە ئەو چ بووەی خۆی تێکدەشکێنێ و ئەوەیشی پێی بووە لەناو دەبات، ئەمەش نەک بەحەز و خولیای بونیاتنانی ئایندەیەک، بەڵکو بە ئارەزووی دەربازبوون لە بارێک، بەم جۆرە دەبینین گەر مێژووی ئەو رۆحەمان خستەڕوو، ئەوە لە کردەوەیدا تەنیا وێرانەی جێهێشتووە، داخوا دەبێ ئەمە شێوەی «نوێخوازی» بێت؟

**٢- پێناسەی نوێخوازی:** (ئەم) رایەکان لە پێناسەکردنی «نوێخوازی» هەروەک لە



دیاریکردنی چەمکەکانی، جیاوازن، سەرەڕای ئەوەی وتەی نوێخوازی بە یەکێک لە وتە شێواوەکان دادەنرێ، وەکی دی واتا نزیکەکەی خۆی وەلادەنێ یا بابلێیین بەپێچەوانەی واتا فەرهەنگییەکەی خۆی دەکەوێتەوە، ئەوە لەبەرئەوەی لە زهنی ئەوانەی لەڕووی فیکرەوە راڕان بە هەرچی نوێیە گرێدەدرێ، واتە تازەیە، واتە هەرچی پێشکەوتووە هەرچی ئەقڵانییە و هەرچی زانستییە، بەڵام ئێمە لەکاتی دەستنیشانکردندا هەرگیزاو هەرگیز شتێکی لەو بابەتە نابینین، گەرچی ئەوەی خستمانەڕوو هاوشانە لەگەڵ «نوێخوازی»، بەو پێیەی رووداوێکە و لە قۆناغێکی دیاریکراوی زەمانێکدا بە ئەنجام گەیشتووە. دەشێ ئەوە تێنەگەیشتن لە نوێخوازی لەخۆیەوە بگرێ. بەمانا گەیشتنی نوێخوازی بەخۆی بگرێ، ئەمەش رەنگە لە خودی دیارینەکردنی ئەو مانایە بێت، بەڵام هەندێ لێکۆڵەرەوە ویستیان میتۆدیانە سەیری نوێخوازی بکەن، هەندێ زاراوەی وەکو (نوێخوازی بەرایی)و (نوێخوازی سەرەتایی) و (نوێخوازی تازە)و (پۆست مۆدێرنیزم) بەکاربهێنن، ئێمەش پێمان وایە بەکارهێنانی ئەو زاراوانە هەر هێندەیە تا مانای «نوێخوازی» ببەخشن و گوزارشت بکەن لە جۆرێ چالاکی مرۆیی لە ماوەیەکی دیاریکراو لە مێژوودا و لە هەلومەرجێکی تایبەت لە زەمانێکدا. گەریش ئەو بەکارخستنە لەڕووی میتۆدەوە تەنایی ئەقڵە، ئەوە لەڕووی حەقیقەتی و «نوێخوازی»یەوە لەگەڵ هۆشیاری ئادەمیزاد بەیەک هەڵدەشاخێن، ئەمە لەبەر ئەوەی ئەو بەکارخستنانە «نوێخوازی» لە چوارچێوەی قۆناغێ، هەلومەرجێ، زەمەنێ، دیاریدەکات و هۆشیاریی مرۆیی لە نوێکارییەکەیدا دەیەوێت زەمەن هەڵبڕێت تاوەکو رابردوو بترازێنێ و دەیەوێت لێی دەربچێت تاوەکو ئێستای بترازێنێ، ئەو بەکارخستنانەش بەردەم بزاوتی ئەو هۆشیارییە دەگرن، جا لە سۆنگەی ئەوەی مەحاڵە جیا لەوە شتێکی دی بێت، ئەوە «زاراوەی نوێخوازی» بەشداریدەکات لە شێواندنی ئەو هۆشیارییە و تێکوپێکدانی مانا زاراوەییەکەی تا ئەو پلە و ئاستەی ئادەمیزاد بە نائومێدی دەگات. جیهان پێشدەکەوێ و زاراوەکانی «نوێخوازی»یش پاشیدەکەون.

(ب) نوێخوازی کردارە، بەمەش دەگەڵ ئەو ناوەی دایڕشتووە کۆک نییە، نوێخوازی، لەڕووی تاوتوێکردنی زمانەوانییەوە وتەیەکی - ناونراو- دەگەیەنێ، نوێخوازی لە دەستنیشانکردنی ئەوەی لێی هاتۆتە ئاراوە کردارێکە، رووداو دەگەیەنێ، ئەو جۆرە دژیەکیەش وا لە بوونەوەری پشکێنەری چەرخی نوێ دەکات لەو «نوێخوازی»یە ونببێ،

لەبەرئەوەی ناوە و لە جێگەی کردار و کرداریشە لە جێگەی ناودا، لەمەشدا بەچاکترین شێوە دەبێتە گوزارشتکەر لە دارِمانی زمانەوانی و تەقینەوەی زمانیی، لە هەمانکاتدا چاکترین گوزارشتکەریشە لەو دابرِانییەی هۆشیاریی لە هەرچی باوە و لێ راهاتووە جا ئەمە چ زانستەکان بێ، یا ئایینەکان، یا فەلسەفەکان، یا ئادابەکان، یا هونەرەکان، ئەو گرفتەی رووبەرِووی تۆژەری چەرخی نوێ دەبێتەوە، سەرەتا لە جوغزی ناولێنانەکە بەرچاو دەکەوێت، لەبەرئەوەی ئەو ناتوانێ تاکەیەک زاراوە بدیننتەوە ئەو سەردەمەی پێی وەسپبکات، دەشبینن ئەوەی ناوی نییە، بوونیشی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا سەردەمی نوێ هەیە. بەڵام هەبوونەکەی لە خانەی نەبوو دایە، بەهۆی مەحاڵیی پەلبەستکردنی و لێرِامانی و دوماهیش پوختەکردنی، ئەوەیشی دەوترێ رەنگە لە هەندێ رووی ناساندنی نوێخوازی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناگا بە پێناسەیەکی کۆکەرەوەی نەهێڵ، هۆیەکەیشی ئەوەیە بەو هەستە دەبەسترێتەوە، کە وا لە مرۆدەکات ئاوها بیر بکاتەوە لەسەردەمێکی نوێدا دەژییێت و لە زەمانێک دەژی ئێستای لە رابردووی جیایە، ئەوە خولقاندنێکی دی بوو، وەکی دی ئەو پێناسەیە جۆرێکە لە مۆنتاجکردنی سەردەمێک کردەی نوێکاری تێیدا حاڵەتێکی تەرِوگەییوە لە حاڵەتەکانی خودهۆشیاریی و درکپێکردنی خودی فیکر لەلایەن خۆیەوە، لەو چوارچێوەیەدا تا هەتایە دەخولێینەوە، وەکو خولانەوەی تاهەتایێ سەردەمی نوێ لە نوێخوازیەتیەکەیدا، لە تخوبی ناوەستێن، هەروەکو چۆن «نوێخوازی» لە تخوبێ ناوەستێ.

**٣- نوێخوازی شێوازە:** کاتێ «نوێخوازی» لەرِووی زەمەنەوە بە سەردەمێکی دیاریکراو گرێدەدرێت، ئەوە ئێمە بە زەروورەت بە شێوازێکی تەعبیریی دیاریکراوی، گرێدەدەین، چونکە جیاکردنەوەی سەرچاوەکان لەیەکتری تەنیا بەجوێکردنەوەی شێوازەکانیان جیاواز دەبن، ئەوکارەش ئاماژە بە دوو شت دەدا.

یەکەم: ئاماژە بەو چوارچێوە گشتییە دەدات، کە بیروباوەرِەکانی تیا رێکوپێک دەخرێن، ئەمەش زۆرجار لە داهێنانەکانی نووسەر و هونەرمەندانی سەردەمێک لەسەردەمەکان هەڵوەستەی لە ئاست دەکەین.

دووەم: ئاماژە بەو خۆ نواندنکارییە دەکات، کە داهێنەران لە نووسەر و هونەرمەندان کاری لەسەر دەکەن بۆ وەی گوزارشت لە رای تایبەتی بکات لە ئاست ئەو جیهانەی تیایا دەژین.

ئەو دوو خاڵە بەیەکەوە بایەخی ئەوەی ئادەمیزاد مەبەستییەتی دەردەخەن بۆ وەی



جیاوازبێت رەنگە «نوێگەری»یش بەو مانایە بریتی بێ لەو تەعبیرییە مرۆییە لە بارەی ئارەزووی جیایی لەرِووی شێوازدا. جا گەر ئەمە ئاوابێ ئەوە شێوە تەعبیرییەکانی ئەوان بەهەند دەگیرێن بۆ وەی سەردەمەکە گوزارشت لە خۆی بکات بەو پێیەی نوێیە و تازەیە و پێشکەوتووە و ناکۆکە لەگەڵ هەموو ئەو سەردەمانەی پێش ئەو هاتوون. ئەزموونە تازەکانی هونەر و ئاداب توانی گوزارشت لەو جیاکارییە بکات بەو پێیەی شێوازێکن، بە دەم سەردەمی تەکنەلۆجیاوە و توانیان ئەزموونگەرانە بن تیایا، وەکی دی توانی تاقیگەیی نەبێ، چونکە ئەمە ئەو گوزارشتکردنە دڵکارەیە بۆ سەردەمی تەکنەلۆجیا مەگەر ئەمە راست بێت، ئەوە گرێدانی «نوێخوازی» بەشێواز پێناسەیەک بێ بۆ نوێخوازی، کە نووسەران لە میانیدا گوزارشتیان لەو شێوازە تایبەتییەیان کرد بۆ گۆرِینی سەردەم و رواندنی چەمکی تازە و هزرکارییە نوێکان و بەهای ئەوتۆ مرۆڤایەتی هەرگیز پێشتر بەهاوتای نەزانیوە.

دەشێ لە بەدەنگهێنانی فەیلەسووف و نووسەران، گەلەک بەڵگەی راست و دروستی ئەو مەزەبە بدینین. فلۆبێر دەڵێ: «ئەوەی دەمەوێ بیکەم ئەوەیە کتێبێکی جوان دەربارەی هیچ شتێ دەربکەم و تەنیاش بەخۆی گرێدرابێ، نەک جیهانی دەرەکی بە هێزی شێوازەکەی خۆی بەسەردا بسەپێنێ» بە بەدواچوونی ئەو گوتەیە ناوەرِۆک لە ناوەرِۆک و کرۆک لە کرۆکی دادەماڵدرێ و دەلالەت لە مەدلول، دەبا فۆرم باڵاتر و گرنگێتی - مانا گەیاندن - قووت ببێتەوە ئەویش بەمە لە واقیعدا جوێ دەبێتەوە نەک بۆ وەی لێی ونببێ، بەڵکە بۆوەی رووبەرِووی ببێتەوە، لێرەوە (نیچە) دەبینین دەیوت: «دەبێ هونەرمەند واقیع ویست نەبێ».

**٤- نوێخوازی و ئاژاوە:** کەواتە بزووتنەوەی هونەر بەهەموو شێوە دەربرِینەکانیەوە ویستی لە رابردوودا دابماڵدرێ، بەڵام ئەمەی ویست بۆوەی نموونە بێت، رەنگە رامانکەریش وا مەزندە بکات ئەو بۆ نوێکاری کۆششی دەکرد، بەمەبەستی گەشەپێدانی ژیان و بەیەکەوە رێپێکردنی رووە و جیهانگەل نەناسراو، ئەویشی لە واقیعدا هەبوو، بۆیە بەتەواوەتی لە رابردوو دەرچوو و شۆرِشێکی لە مۆسیقا و نیگارکێشان و شیعر و رۆمان بەرپاکرد، بەڵام کە لە رابردوو داماڵاو لێی دەرچوو، خۆی لەوەی نوێیکردەوە بینی وا رووەو «نائاراستە» ملدەنێ، ئەوەیشی وابوو ئاوا بوو، وەلێ نەیویست بۆ خۆی نموونە بێ، چونکە لە بنەرِەتدا دەیویست بێ - نموونە - بێت. جا لەبەرئەوەی ئەمە ئاوا بوو، ئەوە

دەربڕینی تازەی بزووتنەوەی نوێگەرێتی «تێکشکاندنی هەرچی مرۆیی گرتبووەخۆ» بەپێی قسەی دانەری ئەم کتێبە، ئاوهایشی لێهات، چونکە «دووبارە شێوە داناڕێژێتەوە، بەڵکە هونەر دەباتە تاریکستانی ئاشوب و نائومێدی، هەروەک فرانک کیرمود، رای وابوو.

کاتێکیش دابڕانی ئەو بزووتنەوەیە لە رابردوو رەگاژۆ بوو، هونەرمەند خۆی بینییەوە لە راکێشکردندا بەتاڵ بووە، وەکو هیولی – دەکشێ و هەموو شێوەکانی دەرکەوتنیش هەڵدەوەشێنێتەوە، بەمەش لە مێژوو رزگاری بوو، بەڵام لە قەیرانی مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوودا، گلا و دەشبوایە لەو قەیرانە دەربچێت، ئەندێشەی خوڵقێنەرانە زێدەبوو. توانا داهێنەرانەکەی پتربوو و توانی هەموو شتەکان تەنانەت پڕوپووچەکانیش بگۆڕێ بۆ شتی بایەخدار. هەموو شتێکی تێکشکاند و جیهانی جێهێشت رووە و «نائاراستە» سەرچڵییەکەی خۆی لە جڵەوگرتنی نادیار بەرەو نوشوستی، دەبینییەوە.

ماوە لە سەرمان دوو پرسیار بکەین بۆ رووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوەی «نوێخوازی» لە خۆرئاوادا، ئێمە ئەمڕۆ، کە باسی نوێخوازی دەکەین ئێستا و لەو ساتە وەختەدا، ئەوە ئێمە باس لەوەی پێشتر دەکەین داخوا نوێخوازی ئەوەی پاش لە کوێ بێ؟ ئێمەش باس لە «نوێخوازی» دەکەین بەو پێیەی بزووتنەوەیە، ئێمە ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین پۆست مۆدێرنیزم مژدەبەخشی گەڕانەوەی ئەمدیویەتی، داخوا «نوێخوازی» لە ئەودیو – لەوەی پێشی – لە کوێیە؟

وەڵامدانەوەی ئەو دووپرسیارە. لەو تخوبەی «نوێخوازی» بەدەستهێناوە دەمانترازێنێ، بەو پێیەی:

١– ئەدەبی تەکنەلۆجیایە، واتە بەو وەسپەی ئەدەبی رەتکەرەوەی واقیعی تەقلیدیی و دارمانی ئاشتەوایی تاکە لەگەڵ خود و تەواوکارییەتیشی لەگەڵ خواست و هیواکانی.

٢– لە «نوێگەرێتی» دەترازێ بەو پێیەی (هونەری ئاژاوەیە) لە سەر دۆزینەوەی نوشوستی هەڵنراوە.

٣– دووماهی تخوبی ئەندێشەی رێژەیی «نوێگەرێتی» رەتدەکات بۆ تخوبی ئەندێشەی پۆست مۆدێرنیزم –ی رەها.

ئەو ترازانەش بەهەر سێ توخمەکەی وامان لێدەکات دەستبەرداری «نوێگەرێتی»ی بین، هەروەک چۆن «نوێگەرێتی» دەستبەرداری رابردوو بوو، لە نائاراستەییەکەی رووە و ئاراستەیەکی دیکە بچین..



**٥– نوێخوازی مەرگی دوا ئادەمیزاد:** دوماهی ئاوا سەیری «نوێخوازی» بکەین بەو پێیەی (سیفەتێکی دیار و بەرچاوی سیماکانی هونەری هاوچەرخمانما هەروەک دانەری ئەم کتێبە پێی وایە. بەڵام لەگەڵیا جەخت دەکەینەوە کە «بەچاکترین شێوە ئاشووبی شارستانێتی و فیکری باڵکێشاوی ژیانی هاوچەرخمان، دەنوێنێ» ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە دەکرێ بڵێین «مەرگی بەهاکان» کە هاوشانی بزووتنەوەی «نوێخوازی بوو هەر لە فراژیبوون و گەشەسەندنیان بە بەرهەمهێنانی «نوێخوازی» یەک بە کۆتاهات لە هەندێ رووەوە پەیوەست بوو بەفاشیزم و نازیزم، تاڵە بەندێکی نێوان ئەو دووە (فاشیزم و نازیزم) و ئامادەگیی «هێز» بەو پێیەی ئامرازێکی تێکشکێنەری جێگرەوی ئامادەگیی بەهاوما نەوەی بەرهەمهێنا.

هەرکە «نوێخوازی»یش بە هەردوو جەنگی جیهانی خودی خۆی لەسەر تەخت بینی، کە کۆتایی هێزە تێکشکێنەرەکەی بوون و ژانوژووری زانی هێزەکی دیکەی تێکشکێنەر بوو، ئەویش مژدەی بەکۆتاهاتنی «نوێخوازی»یتی تەکنەلۆجیایی گەشەکردوو، دەدا، کە هێزی تیشکێنەری پەنهان لە «سیستەمی جیهانی» جا لە «فەرمانی تازەی جیهانی» ئاراستەی دەکات یا بابڵێین، لەو هێزە تێکشکێنەرەی ئەو سیستەمە خۆ دەنوێنێ، کە جاڕی مەرگی دوا ئادەمیزاد دەدات.

# نووسەرانی بەشداربوو

١- مالكم برادبری:

پسپۆڕی دیراساتی ئەمریکی لە زانکۆی (ئیست ئینکلیا) دوو کتێبی چاپکردووە:

1- The Social Context of Modern English Liter ature (1971).

2- Possibilities: Essays on the state of The Novel (1973).

٢- جیمس ماکفارلن:

پسپۆڕی ئەدەبی ئەوروپی لە زانکۆی (ئیست ئینکلیا) کتێبێکی دەرکردووە بەناوی: بەش (The OXford Ibsen) هەشت بەشە ئێستاش سکرتێری نووسینی گۆڤاری:

Scandinavica: An International Journal of Scandinavian Studies.

هەندێ توێژینەوەی رەخنەیشی بلاوکردۆتەوە وەکو:

Ibsen and the temper of Norweyian Literature.

٣- ئەلن بلوک:

راگری کۆلیجی (سانت کاثرن)ە لە ئۆکسفۆرد هەندێ دانراوی هەیە لەوانە:

1- Hitler A study in tyranny (1952).

2- The Lite and Times of Ernest Bevin (1960).

ئێستاش ئەندامی دەستەی نووسەرانە لە زنجیرەی:

The OXford History of Modem Europe.

نازناوی (سێر)ی لە ساڵی ١٩٧٢ پێبەخشراوە و لە ساڵی ١٩٧٦ بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی لۆردات تاهەتایە.

٤- ئەرک چام:

لە ساڵی ١٩٧٣-وە بەڕێوەبەری فێرگەی زمان و توێژینەوە مەیدانییەکانی سەر بەکۆلیجی (پۆرتسموث پولیتکنیک)ە. تایبەتکارە لە مێژووی شارستانێتی و سیاسی فەرەنسای بەر لە ساڵی (١٩١٤)ە. دوو کتێبی بلاوکردۆتەوە.

1- Peyuyet le Nation a lime Fran cais (1972).

2- Politics and Society in Contemporary France (1789-1971), 1972.

٥- ئەرک همبرگر:

لەو زانکۆیانە کاری کردووە: کالیفۆرنیا (برکلی) شیکاگۆ دکیمبرج، ئێستاکە ئەدەبی ئەمریکی لە زانکۆی (ئیستئینکلیا) دەخوێنێ. ئەو کتێبانەی بلاوکردوونەتەوە:

1- A Chronological check list of the Periodical publication of syiviaplath (1970).

2- The Cambridge Miod (1970).

3- Ezra pound. The Critical Heritage (1972).



٦- ج. م. هاید:

خوێندنی لە هەردوو زانکۆی کامبرج و ئەسکس تەواو کردووە، هەر لە ساڵی ١٩٦٩-وە، بابەتی ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی (ئیستتنکلیا) دەخوێنێ. ئەو کتێبەی مایکۆفسکی وەرگێڕاوە:

How Are Verses Made.

چەندین وتاریشی بلاوکردۆتەوە.

٧- فرانزکون:

مامۆستای زمانی ئەڵمانییە لە قوتابخانەی دیراساتی ئەوروپی سەر بە زانکۆی (ئیستائینکلیا) دوو کتێبی بلاوکردۆتەوە.

1- T. S. Eliot. Die Dramen (1974).

2- Kafka (1974).

٨- یوجین لامبرت:

سەرۆکی بەشی دیراساتی رووسییە لە زانکۆی (کیل) تایبەتمەندە لە مێژووی بیری رووسی لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیست، دانراوەکانی.

1- N. Berdyaev and the New Middle Ayes.

2- Sons Against Fathers.

3- Stadies in Rebellion.

٩- جودی روسن:

سەرۆکی بەشی زمانی ئیتاڵییە لە زانکۆی (ورک) کتێبی (Fontamara History of Fontamera)ی ماکیاڤیللی وەرگێڕاوە و رۆمانی (سیلون)ی بەئەنجام گەیاندووە.

١٠- کلایف سکوت:

مامۆستایە لە فێرگەی دیراساتی ئەوروپی لە زانکۆی (ئیست ئینکلیا).

١١- رۆبەرت شورت:

پسپۆڕی مێژووی ئەوروپییە لە فێرگەی دیراساتی ئەوروپی لە زانکۆی (ئیست ئینکلیا) لەگەڵ روجیر کاردینال Surrealism: Permanent Revolution بیان داناوە.

چەندین توێژینەوەی لە بارەی سوریالیزم بلاوکردۆتەوە توێژینەوەکانی دوو لایەنی گرتۆتە خۆ:

یەکەمیان، کرۆکە سیاسییەکانی بەرهەمی ئەدیبە پێشەنگەکان، دووەمیش، دیراسەکردنی هزرڤانە فەرەنساییەکان، ئەوانەی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی گێتی ژیان.

# بەشی یەکەم

# زاراوەی نوێخوازی و سروشتەکەی

-١-

ئەو هەژینە شارستانیانەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لە مێژووی هونەر و ئەدەب و فیکردا، دەکرێ وەکو هەژینە بلەرزەبییەکان بۆ سەر سێ جۆری سەرەکی دابەشبکرێن: جۆری یەکەم دەکرێ ناوی بنێین بە لەرزینە سادەکان (Tremors) کە پەیوەستە بەو مۆدەیەی زۆرجار نەوە یەک لەدوای یەکەکان دەیهێنن ئەوەش بۆ کەمتر لە دە ساڵ بەردەوام دەبێ، جۆری دووەم لەو لەرزینانە دەکرێ بەلابردنە گەورەکان (Displacements) وەسفبکرێ، کە بەگۆڕانێکی قووڵ و فراوان دەناسرێ، کە لە دوای خۆیدا جێدێڵێ و زۆرجاریش کاریگەرێتی بۆ چەند سەدەیەک بەردەوام دەبێت، جۆری سێیەم جۆری گەورە تێکشکێنەرە (Cataclysm) کە پانتاییەکی فراوانی بونیاتی شارستانی و فیکری لێک هەڵدەگوشێ و بەکەڵەکەیی لە پۆشاک و چڵوچییویان دەکات (کە بە «کەلاوەی خانەدان» ناوزەدی دەکەین بۆ ئاودانی دەروون) هیمەت و ورە دەورووژێنن بۆ بونیاتنانی ئەلتەرناتیڤ.

لێرەدا ڕاستییەک هەیە ناکرێ چاوی لێداخەین ئەویش ئەوەیە، کە سەدەی بیست جۆرێکی تازەی لە هونەر هێنا، ئامانجیش لەو کتێبە ئەوەیە هەوڵدانێک بۆ لادانی پەردە لەسەر هەندێ خەسڵەتگەریی ئەو هونەرە.

ئێمە لەو بڕوایەداین ئەو هونەرە تازەیە دەرەنجامی ئەو گەورە تێکشکێنەرانە بێ، یاخود خۆی خودی گەورە تێکشکێنەرەکان بێ.

ئەو بۆچوونەشمان پەسەند دەکرێ گەر بێو بێتەوە یادمان لەو چەرخەدا زۆر لە ڕووداو گەلە مێژووییە یەکلاکەرەوەکان قەومان و تەنگژەیەکی زۆریشیان بەدوای خۆیان جێهێشت، ئەوەی چاکیش لای لەو بابەتە کردەوە هربەرت رید (Herbert Read ) بوو کە لە ساڵی ١٩٣٣ نووسی «زەمانی زوو زۆرێک لە شۆڕشە هونەریەکانیان بە خۆوە بینیوە، هەر نەوەیەکی نوێ شۆڕشێکی هونەری نوێی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ئینجا سەیر دەکەین هەر سەدەیەک شۆڕشی بە یەک لەدوای یەک هەبووە و ئەوەی هێناوەتە بەرهەم کە بە(ماوەکان) ناوزەدی دەکەین لێرەدا ئەو ماوانە هەیە (تریجینتۆ- Trecento)[١] و



کواتریجینتۆ Quattreocento)[٢] و (بارۆک – Baroque)[٣] (ڕکۆکۆ – Roco-co)[٤] (ڕۆمانسی)و (ئینتیباعی)و بەمجۆرە، بەڵام ئەوەی هەندێ کەس بەشۆڕش هاوچەرخی هونەری ناوی دەبات، لەو بڕوایە دانیم وتەی(شۆڕش) بۆ ئەو چوارچێوەیە گونجاو بێت، ئەوتێکشکاندنە بەڵکە تێکهەڵوەشانەوەیەکی جەرگبڕاوانەیە.

«رید» بانگەشەی ئەوە دەکات لە خستنە ڕووی قسەکانیدا لەبارەی کاریگەریەتی(گۆگان) و(ڤان کۆخ) و(بیکاسۆ) ئێمە ئێستا کە هەست بە دوورکەوتنەوەیەک دەکەین لە گشت جۆرەکانی کلتوور، ناشکرێ بەو دوور کەوتنەوەیە بڵێین گەشەسەندنی لۆجیکیانەی هونەری نیگارکێشان لە ئەوروپا، چونکە ئەوە نییە کە لە ڕووی مێژووییەوە هاوتەریبییەتی. لە هێکرا خۆمان دیەوە کۆششی پێنج سەدە لە داهێنانی هونەریی دەشێرینەوە[٥] (سی،س.لوس) لای لە هەمان بابەت کردەوە لە یەکێ لە وانە بێژییەکانی لە زانکۆ ی کیمبرج لە ساڵی ١٩٥٤ ئەو رەخنە گرە لەو بڕوایە دایە کە گەورەترین هەژینێ لە مێژووی ئەوروپادا تەنیا ئەو هەژینە بوو ڕوویدا، کە چەرخی ئێستامانی لە چەرخی(جێن ئوستن) و(ولترسکوت) جیا کردەوە، ئەوە لەو هەژینانە گەورەتر بوو کە بەرەبەیانی مێژووی لە چەرخەکانی تاریکایی جوێ کردەوە و گەورەترە لەو هەژینانەی، کە چەرخە تاریکەکانی لە چەرخەکانی ناوەڕاست جوێ کردەوە، چوون ئەو هەژینە هاوچەرخە کاروبارە رامیاری و ئایینی و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئەدەب و هونەریشی گرتەخۆ، ئینجا دیسان دەڵێ:

«مەزندە ناکەم لێرەدا سەردەمێکی زوو هەبووبێ کاروکردەوەی سەرسوڕهێنەر و تێکشکێنەری وەکو ئەوەی دادایی سوریالی هێنایان، هێنابێتی، لەو بڕوایەدام بێ سێو دوو ئەمە لەسەر شیعر پیادە دەکرێ... ناتوانم مەزندەی ئادەمیزادێک بکەم گومان بکات لەوەی شیعری هاوچەرخ زێدە تازەکارە لەهەر «شیعرێکی نوێ» هەروەها تازەیە بەرێگایەکی تازە، تارادەیەک بە ڕەهەندێکی تازە[٦].

بەم دواییە چەندین هەوڵدرا بۆ تاوتوێکردنی خەسڵەتەکانی ئەو هەژینە و بەزێدە ورد بینانە دەستنیشان بکرێ، ڕەخنەگری فەرەنسایی(رولان بارت) ئەو هەژینە دیاریدەکات، دەیخاتە پاڵ فرەیی ڕاوبۆچوونەکان لە جیهاندا لەم ڕۆژانە، کە لە ئاکامی سەرهەڵدانی چینە کۆمەڵایەتییەکان و هۆیەکانی تازەی پەیوەندیکردن هاتوون.

لە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٠ مەزەبی کلاسیکی پووکایەوەو هەرچی نووسرا لە ئەدەب.

لە ئەدەبی (فلۆبێر) تا دەگاتە ئەدەبی، رۆژگارمان، دەوەستنە سەر گێروگرفتە زمانەوانییەکان[٧] خەڵکی بیرِوایان هێنا بە رِوودانی «دابەشبوونێکی گەورە» لە نێوان رابردوو و ئێستادا، لە نێوان ئەوەی ئەوکات هونەر تیای بوو لەگەڵ ئەوەی ئێستای برِوایان بەمە هێنا بەرلەوەی هۆیەکانی ئەو دابەشبوونە لەبار چووە و درێژدادرِێتی و کەسایەتێتی بەباشی دیراسە و شیکرابێتەوە، خەڵکیش بەتەواوەتی رێکنەکەوتوون نە لەسەر سروشتی باری نوێ و نە لەسەر کارتێکردنەکانی پاشینەیی لەسەر شێواز و ناوەرِۆکی هونەر. گوتەیەکی (رامبۆ –Rimbaud) «زەروورییە بەشێوەیەکی رەها تازەگەر بین» دەنگدانەوەیەکی چاکی لای ئێمە هەبوو، وێرِای ئەو تەئویلاتە جیایانەی هەڵی گرتبوو.

گەر هاتەوە بیرمان هونەری سەدەی بیست بە فرەیی شێوازەکانی و یا مۆزەیەکە بە ئەفراندنە شێوازگەرییەکان دەناسرێتەوە هەروەکو (ئەندریە مالرۆ) لە کتێبی (دەنگەکانی بێدەنگی) ناوی بردووە، ئەوە دەرک بە قەوارەی ئەو تەئویلانەدا دەکەین کە هاورِێی گوتە پێشووی (رامبۆ) بوون، کە نووسەران و هونەرمەندانمان خۆیان یان رەخنەگران و قسە لێکەران هێنایان، لێرەدا لێشاوێ لە کاروکردەوەکانی مۆدێر نیزەمان هەیە، هەروەها لێشاوێ لەو نڤیسەرە رەخنەگریانەی تایبەت بوون بە راڤەکردنی سروشتی ئەو کارانە و هۆکارەکانیان.

سەرنج دەدرێ ئەو راڤەکردنانە بە حدس خەملَکردن (تخمین) دەناسرێنەوە، لەراستی ئەو راڤەکردنانەش هونەری هاوچەرخمان زۆر لە کلتوری پێشووی مرۆیی دوور نەکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوە هەرگیز بەتایبەتمەندێتی نوێگەرایەتی یا نائاسایی ناناسرێتەوە. ئەو راوبۆچوونانە تەنیا رای تاکەکەسین بەدوای بەشێک لە دیاردەکە دەگەرِێن نەک تێکرِای دیاردە ئاڵۆزەکە، شتێک لە مسداقیەت دەداتە خۆ شتێک لەو تەفاسیلە هەڵدەوێری بۆ تاوتۆکردن و گشت تەفاسیلەکەی تاوتۆ نەکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، گەر هاتوو ئەو رایانە تێهەڵکێشی یەکدی بوون و لەگەڵ یەکدیدا جووت بوون لەئاکامدا چەمکێکی رەخنەگرانە دێتەکایەوە کە دەکرێ ببێ بە پاڵپشت.

لێرەدا نیمچە رێککەوتنێک هەیە لەسەر مانای زاراوەی «نوێگەرایەتی» گەرچی رایەکان ناچوونیەک نین لە بارەی تەفاسیل و سروشتی، رەخنە لە دیاریکردنی هەندێ لایەنی تازەگەرێتی، چەسپاوە. ئێمەش ئێستا دەستەواژەی وەکو: جووڵانەوەی نوێ،



کلتوری نوێ، سەردەمی نوێ، سەدەی نوێ، مگێزی نوێ، دەخوێنینەوە، ئینجا... «نوێگەرێتی» کە ئێستا دەیخەینەرِوو هەروەکو خستنەرِووی «چەرخی رابوون» یا «چەرخی رۆشنگەریی»، ئەوەیشی خەوشە بۆ ئەو ناولێنانەی – نوێگەرێتی – ئەوەیە کە پێشتر ئەوە دیاریدەکات پێویستە وەریبگری لە هەڵوێست و بیرورِا لە ئاستیدا، ئینجا ئەو ناولێنانە زۆر لە سێبەری مانا دەگرتەخۆ، کە رەنگە لە بەکارخستنی بەشێوەیەکی وردبینانە سەرکەوتوو نەبین.

چەمکی نوێگەرێتی بەگەشەکردنی زەمەن گەشە دەکات، ئەوەی ساڵی رابردوو نوێ بوو بۆ ئەم ساڵ نوێ نییە، لەبەر ئەوەی ئەو چەرخەی ئێستا تیایا دەژین چەرخی زاراوەکانە، ئەوە لەسەرمانە چەمکی نوێگەرێتی دیاری بکەین و بەرجەستەی بکەین.

گەریش رەهەندی مێژوویی بخەینە سەر هەروەک (ج. س. فریزەر)[٨] کردی و دانەری کتێبی «کلتوری نوێ» دەتوانین سیفەتی نوێگەرێتی بەسەر کاروکردەوەکانی (کاتولس)و (فیلون)و (دون)و (کلف) دا ببرِین، نەک بەسەر کارەکانی (فرجل)و (روزارد)و (سبنسەر)و (تنسۆن)، گەریش هاتینە چەرخی نوێ دەتوانین (کونراد) بە نوێگەر ناو ببەین نەک (کالسورثی). لێرەدا مانای شڵەژاوی ئەو زاراوەیە روونەبێتەوە، ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین نوێگەرێتی چ پەیوەستییەکی بە ژیان و ئەو هەڵوێستانە هەیە، کە وەریدەگرین، بەڵام پێویستە نکوڵی لەوەش نەکەین، کە ئەو هەڵوێستانە مایەی گۆرِانن. زاراوەی نوێگەرێتی بە چەند قۆناغێکی گۆرِانکاری خێرادا تێپەرِی، کە لەوانەیە خێراتربێ لە (رۆمانسیەت) یا (کلاسیکی نوێ) هەروەک (لیونیک ترلنک)[٩] جەختی لەسەر دەکاتەوە، لەرِووی مێژووییەوە، ئێمە ئەو زاراوەیە بەکاردەخەین بۆ دیاریکردنی ئەو ماوەیەی زۆر لە مێژە کۆتایی هاتووە یا ماوەیەک تازە، هەر ئێستا بە کۆتا هاتووە وەکو بەکارخستنمان بۆ زاراوەی وەکو «نوێگەرێتی هەوەڵێن (Proto - Modernimism)و «نوێگەرێتی سەرەتایی Palaeo - Modernism) و «نوێگەرێتی نوێ – Neo- Mod-ernism» و «پۆست مۆدێرنێتە Post Modernism» هەروەها بەکاری دەخەین بۆ پوختەکاریی چالاکی ئادەمیزاد لە هەڵومەرجێکی دیاریکراوو هەرچی لە بیروبۆچوونی لێ دەکەوێتەوە، ئەوە ئەو شێوازەیە لە هۆشیاریی مرۆڤی هاوچەرخ گرنگێتی پێگەیشتنی بە بزاوتی زەمەن، ئەو هۆشیارییەی زۆرجار بەنائومێدی کۆتایی دێت بۆ خێراترکردنی خێرایی ئەو جووڵانەوەیە[١٠].

لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەو زاراوەیە کـاریگەرێتی دەمـێـنێ لەڕووی پابەندێتی بەهەست و نەستمان، کە وامان لێدەکات مەزندەی ئەوە بکەین ئێمە لە زەمەنێکی تازەدا دەژین زۆر تازە و مـێـژووی هاوچەرخـیش کـانگای بایەخـدانمانە و ئێـمـەش هەروەها بەرهەمی «سیناریۆ»ی ئێستاکێین نەک رابردوو، نوێگەریش حاڵەتێکی «تەڕوپڕە» لە حالاّتی بیری مـرۆیی، حـاڵەتێکە هەسـتی پێـدەکـەی و هونەریش دۆزییـەوە و هەندێ جـاریش لێی دەسڵەمیتەوە.

کەواتە ناوی نوێگەرێتی روون بوویەوە، بەڵام سروشتی و شوێنی نەشونماکردنی و ئەو هۆیانەی سەرهەڵدانی و ماهیەتی، ئەمە کارگەلێکن تارادەیەک ناروون ماونەتەوە، هەمان شت سەبارەت بە خەسڵەتە شێوازگەراییەکەی. هەندێ سەردەمی ئەدەبی بەفرەیی شێوازی هونەری و لێڵیەکانی ناسراوە دەبێتە هۆی ئەوەی دابڕینی یەک سیفەتی گشتگیر بە سەریا کارێکی گران بێت، بەڵکە مەحاڵ بێت، راستە ئەدەبی ئەوروپی لە سەدەی هەژدەهەمدا بە «کلاسیـزمی نوێ» ناسراوە، هەروەها راستـە سەدەی نۆزدەهەم بە «رۆمانسیـەت» وەسف دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا لێرەدا کەلەبەری ئەوتۆ هەن ئەو دوو وەسفە پڕی ناکەنەوە. (ئە. و. لفـجـوی) ئاماژە دەدات ئێـمـە زاراوەی «رۆمـانسـیـەت» ئاوا بەکـار دێنین بۆ مـەبەسـتی کارگەلێکی زۆری جۆراوجۆر تەنانەت کار و شتگەلێکی دژ بە یەکیش[11]، بەڵام لێرەدا چوارچێوەیەکی گشتی هەیە چەمکی رۆمانسیەت دیاریدەکات دیاریدەی دەستنیشانکردنی مۆرکە شێوازگەرێتییەکەی دەدات. لەو کۆمەڵە گیروگرفتانەی رووبەڕوومان دەبنەوە لە کـاتی لێکۆڵینەوە لە سـەردەمی نوێ ئەوەیە یەک تاکە وشـە نییـە مـۆرکی ئەو سـەردەمـە دەستنیشـان بکات، وشەی «نوێگەرێتی» تاو ناتاوێ وەکو هاو واتای رۆمانسیەت بەکار هاتووە، هەروەها بۆ وەسفکردنی کەشە گشتییەکەی ئەدەبی ئەوروپی لە سەدەی بیستەمدا بەکـارهاتووە، لەلایەکی دیکەوە بۆ وەسـفی جـووڵانەوەیەکی رامـاڵێنەری دیاریکراو بەکارهاتووە، کە شارستانێتی ئەوروپای داپۆشیوە. (کرترودشتاین) جەخت دەکاتەوە ئەو وشـەیە چاکـترین وەسفکاریی پێکهـاتەی سەدەی بیسـتەمی رووە گشـتـیـەکـانە، بەڵام رەخنەگـرە مـارکسـیسـتـەکـان وەکـو (لۆکـاش) بە جـۆرێک لە بورجـوازیەتی جـوانناسی پاشکەوتەی هەڵقوڵاو لە ریالیستی، لە قەڵەمدەدەن[12].

ئەو زاراوەیە بۆ داپۆشـینی کـۆمـەڵە جـووڵانەوەیەک بەکـارخـراوە، کـە هاتووە بۆ تێکشکاندنی ریالیزم یا رۆمانسیەت و پاڵنەریشی تەجرید بوو.



جووڵانەوەی وەکو «ئیمپرێشینیزم Impressimism»، «پۆست ئیمپرێشینیزم Post Impressionism»و «گـوزارشت خـوازی تەعـبـیـریی Expressionim» «کـوبێکـیـزم تەکعیبی Cubism»«ئایندەگەرایی Fututism» «سیمبولیزم Symbolism»«تەسویری Lmiyism» «دەوامی Vorticism» «دادایزم Dadism» «سوریالـیـزم Surrealism»، لەگەڵ ئەوەشدا چ شتێ نییـە ئەو جووڵانەوانە یەکبخـات، بەڵکە هەندێکی شۆڕشێکی گـەورە بوو بەسـەر هەندێکی دیکە، نوێگەرێتی لای هەندێ نەتەوە زەرووڕەتێکی گـرنگ بوو بۆ گـەشـەپێـدانی کلتوری ئەدەبی و هونەری، لای هەندێکی دیکە، خەیاڵپـلاوێکی سـەرپێـیـانە بوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا ناکـرێ نکوڵی لە هەبوونی نوێگەرێتی بکەین و لە تواناشماندا نییە تەنیا دانپیانان نەبێ بەوەی بەرهەمگەلی نووسەرانی هاوچەرخی سەر بەو بزووتنەوەیە لە چلەپۆپەی بایەخدانە هونەریەکانمانن، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ پرسـیـار بەدوای وەڵامـدا دەگـەڕێت ئەو پێـوەرانەمـان چین بۆ هەڵسـەنگاندنی ئەو جووڵانەوەیە؟ کەی بەکاری دێنین؟

## -٢-

کاتێ باس لە «شێوازی» سەردەمێکی دیاریکراو دەکەین، دەکرێ بە دوو مانای جیا لێکی بدەینەوە، واتای یەکەم هەروەکو (ئەلفرد نورث وایتهید) گوتی: ئەو «شێوە - فۆرم - گشتییەی بیروڕاکانە» کە لە نووسینەکانی سەردەمێکی دیاریکراو هەستی پێدەکەین، ئەمەش بەجۆرێک روونی و زەلاڵی - شەفافیە - تەنانەت ئێمە ناتوانین جیای بکەینەوە بە کۆششێکی لەرادەبەدەر نەبێ،[13] واتای دووەمیش ئەو دەستکرد گەلە هۆشیارانەیە کە هەندێ نـووسـەر و هونەرمـەند پیـادەی دەکـەن گـوزارشت لە راوبۆچوونی باوی ئەو هونەرمەندانە دەکات دەهەمبەر جیهانی هاوچەرخ، ئەوانەی لەگەڵ ئەزموونی مرۆڤایەتی سەردەمی خۆیان ژیاون سەرکەوتیشن لە گوزارشت لێکردنیان بەشێوەیەک گونجاو لەگەڵ ئەوەی ئەو ئەزمـوونانە لە هەگـبـەیان دابوو لە بیـروباوەڕ و زانست و تەکنەلۆجـیـا[14]. پێناسـەی یەکەمی شێوازەکە بەسەر نوێگەرێتی ناگونجێ، چونکە خولیایەکی تەجریدی هەیە و لێهاتوویەکی هۆشیارانە لە لێکۆڵینەوەی واقیعەکە و لە شۆڕشیش بەسەر نەریتە رووالەتی و زمـانەوانیـەکـاندا، قـسـەکـەرێک رەنگە بڵێ ئەمـە راسـتـە سـەبارەت بە قۆناغەکانی یەکەمی نوێگەرێتی کە بەگەمارۆدان ناسرابوو، بەڵام بۆ نوێگەرێتی گشتی

راست نییە، هەمان کەس رەنگە بلێت نوێگەرێتی کەسێتی پێناسراوی خۆی هەیە لەڕووی جواناسییەوە لە بواری هونەری گرافیک (graphic) و بیناسازی و نەخشەسازی و هۆیەکانی راگەیاندن وەکو فیلمە سینەماییەکان و تەلەفزیۆن، گەر هەڵوێستمان بەرامبەر بە نوێگەرێتی بەو شێوەیە بێ ئەوە ئێمە زیان لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکان دەدەین، کە دەکرێ لەگەمارۆدان و سڵەمینەوە لەهەرچی بەردەوامە، کورت بکرێنەوە.

لێرەدا هەیە لەو بڕوایەدایە کە پێناسەی دووەمی شێواز بەسەر نوێگەرێتی پیادە دەکرێ، لەبەرئەوەی نووسەرانی نوێگەر گوزارشت لە (نڤیشک)ی ئەزموونەکانی سەدەی بیست و بیروڕا هونەرییەکان دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە هونەرمەندانی سەدەی بیستەم دانیان بەوەی ناونراوە «نوێگەرێتی» نەناوە و هەرچی هێناویەتی لە ئەبستراکتی ئیستاتیکی و گەمارۆدان و بەردەوام نەبوون، هەروەها هەیە بڕوای وایە کلتوری سەدەی بیستەم لە دوو رەوتی دژ بەیەک هات گەرچیش تاو ناتاوێ ئەو دوو رەوتە بەیەک دەگەن «رەوتی نوێ»و «رەوتی هاوچەرخ» ، ئەمەش هەمان رای (ستیڤن سبندەر)ە، کە لە کتێبی بەناو «The struggle of modern» خستیەڕوو(١٥).

نوێگەرێتی خۆی بەسەر ئەدەبی هاوچەرخ سەپاند، ئەمەش دەکرێ بە سانایی سەرنجی بدرێتێ، ئەو وشەیە ئێستا چەندین ناوەڕۆکی هەیە هەندێکی لەگەڵ دەرکەوتنی دیاردەی زانستی جواناسی هۆشیارانە هات، کە ئەدەبێکی ناریالیستی و بە دەر لە کرۆکە مرۆییەکانی بەرهەم هێنا، ئەمەش هەڵدەنرێ بەسەر کێشە شێوازگەرییەکان و تەکنیکی و فۆرم بەئامانجی ئەوەی رۆبچێتە نێو قووڵایی ژیان. (نیچە) دەڵێ «پێویستە هونەرمەند لایەنگیریی ژیان نەکات» بەمانای ئەوەی ئەرکی هونەر لە هەرچی تەقلیدی و کۆکی لەسەری دەترازێت، (فلۆبێر) دەڵێ: «هەرچی دەمەوێ بیکەم ئەوەیە کتێبێکی جوان لەبارەی هیچ شتێ و نەبەستراو تەنیا لەگەڵ خۆی و نەک جیهانی دەرەکی بەرهەم بهێنم خۆی بەسەردا بسەپێنێ بە حوکمی هێزی شێوازەکەی».

روانینی (فلۆبێر) بۆ ئەو جۆرە هونەرەی هیچ شتی بە واقیعی ژیانی مرۆیی گرێی نادا هەمان ئەو روانینەیە بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی هاوچەرخ، کە گاڵتەیان پێناکرێت دەکارین بەرهەمگەلی هونەرمەندانی سەدەی بیستەم بەدەنگدانەوەی هەندێ گەشەی ئەو هونەرە هەناسە برکێ تێکەتووەی لە دوای نوێکاری و تەواوکاریی هونەری هۆشیارانەی دروستکەری ژیان و ئەو بونیاتنانەی زەمان و مێژوو واقیعی بە دەست (هەستپێکراو)و



تەکنیکی نوێ رەتدەدات... ئەو کارگەلە شۆڕشێکی ئیستاتیکی گەورە لەسەر گۆڕەپانی ئەدەبی چێ ناکات، شۆڕشێک پێشتر خەونی پێوە نەدیوە؟ لە (فرجینیا وۆلف) لەو بڕوایەدایە شۆڕشی شێوازگەرێتی نوێ لە ئاکامی ئەو گۆڕانانە هاتووە کە بەسەر پەیوەندییە مرۆییەکاندا هاتوون، لەبەرئەوە لە دواوەی هونەری نوێ کۆمەڵە هۆیەک هەن، ئەو خانمە نووسەرە پێی وایە ئەو هونەرە ئازادییەکی زۆرتری داوەتە هونەرمەند لەپێناو ئەوەی لەگەڵ خۆیدا دڵسۆز بێت و وایلێبکات ئەوەی هەنووکەییە و زەروورییە رەتی بدات بۆ گەیشتن بە شانشینی نوور.

ئێستا کە ئیدراکی مرۆیی و نەخاسمە لایەنی هونەری، زێدەنووسی و شاعیری و راستگۆییە، هونەر ئازادی فرە جۆری و هەڵگرتنەوەی کێشە لاوەکییەکانە بۆ ئەوەی سیمفۆنیاییە بەیەکەوە گونجاوی لێ بخولقێنێ لەنێو خودی کارە هونەرییەکە، نەک لە گەردوونی دەرەکی (وەکو ئەو تابلۆیەی «للی برسکۆ» لە کۆتایی رۆمانی -To The light houseی فرجینیا وۆلف تەواوی کردووە). جیهان بە دابەشکراوی دەمێنێتەوە تاوەکو هونەر دێت و زیندوویەتی ئیستاتیکی پێدەدا یا وەک (والاس ستیفنز) دەڵێ: لەسەر شاعیرە واقیع دابماڵێ «بەدانانی لە ئەندێشەی» بۆ پێدانی واتایەکی دیکەی هەستپێکراو و خەیاڵاوی.. رەنگە ئادەمیزاد بەدەست ئازارەوە بناڵێ و رەنگە گەردوون لە دەست هەژاریی بناڵێ، بەڵام هونەرمەند ئامراز و تەکنیکی تایبەتی هەیە، کە یارمەتیدەدات بۆ شتەکان بەجۆرێک «لە چێژی ئیستاتیکی بێدەنگ و ژیرانە» ئەو چێژەی (جویس) هەوڵی بۆ دەدا.

نوێگەرێتی ئاوا پێناسەکراوە، کە جووڵانەوەیەکە مەرامی نوێکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دەروونی مرۆڤایەتییە لە ناوەوە و لەمەش پشت بەستووە بە هۆی تازەی هونەری، لەراستیدا زۆربەی جووڵانەوە هونەرییەکان ئەوەی نوێبوو هێنایان، ئێمە شۆڕشێکمان لەبەردەمە لە نیگارکێشان و مۆسیقا و شیعر (بە تایبەتی شیعری ئازاد)، هەروەها لە رۆماندا رەوتی هۆشیاریمان لەبەردەم دایە.

لەواقیعدا ئەو تەوژمە هونەریانە تێکشکانی هەرچی مرۆییە دەگرنەخۆ، ئەمە (دارمانی پێشکەوتنخوازانەی گشت بەها مرۆییەکانە ئەوانەی لە ئەدەبی رۆمانسی و سروشتی باوبوون)(١٦) بە پێی قسەی (ئورتیکا کاسیت)، ئەوە داڕژتنی فۆرم دووبارە ناکاتەوە، بەڵکە هونەر بەرەو تاریی گێرەشێوێنی و نائومێدی پەلکێش دەکات(١٧) هەروەک (فرانک

کیرمود) دەڵێ: ئەمەش واتە نوێگەرێتی دەستی هونەر ناگرێت بۆ هاونیشتمانیی داهێنان، بەڵکە بەرەو تەنگانە دەبات بەکورتی، خولیای تەجریبی تەنیا ئاماژە نادا بە پێراسپاردەیی و ناڕوونی و نوێکاری لە هونەردا، بەڵکە ئاماژەش دەدا بەتەمومژاوی و غوربەت و هەڵوەشانەوە. نوێگەرێتی لەکاتی بەکۆتا هاتنی جووڵانەوەی رۆمانسی دەستی پێکرد، رۆمانسیی بایەخی دەدا بە نوێکاری بنەڕەتی و تەجریبی لە ناوەڕۆکی ئیستاتیکی و شێوازگەرێتی، کەچی نوێگەرێتی لە دەست قەیرانێکی گەورەی شارستانێتی دەینالاند دوور لەو گرفتە هاتووانە لە حاڵەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەفسانە و بونیات و رێکخستن، ئەو گرفتە باوانەی بەرەو داڕمان و کەوتن دەچێت.

قەیرانی هونەرمەندی هاوچەرخ بریتی نییە لە رزگاربوون لە مێژوو، بەڵکە قەیرانی حاڵەتەکەیە، کە پێویستە بە هۆیەوە مامەڵە لەگەڵ مێژوودا بکات گەر نوێگەرێتی خەیاڵێکی خوڵقێنەری هۆشیاریی هەبێ (دەتوانێ هەرچی سادە و ساویلکەیە بگۆڕێت بۆ شتێکی بەشانوشکۆ) هەروەک (جیمس) دەڵێ: نوێگەرێتی توانای ئەوەی هەیە هەرچی تێکشکێنەرە ئەوە بهێنێ، ئەوە گەشتێکە بۆ جیهانگەلی گومبووی هونەر ناکرێ سەرکەوتنی بۆ بنووسرێ[١٨] ئەوە هەروەها مەزندەی جیهانگەلێکە لێوانلێوە لە مەترسی و مۆتەکە و مەرگ، جیهانگەلێک (تۆماس مان) دۆزیەوە، کەواتە نوێگەری رابردووی بە بارگرانی دانا، واقیع سەبارەت بەو زێدە ئازادانە، ئەو واقیعەی «بێ کەڵکایەتی و گێرەشێوێنی» دەوری داوە (ئیلیۆت) لە (یولیسیس)[١٩] هەستی پێکردووە، و گەریش لە هەندێ لایەنی نوێگەرێتی رەهەندێکی ئیستاتیکی دڵڕفێنمان بەدیکرد ئەوە ئێمە لە هەمانکاتدا ناکرێ لەلایەنی دیکەدا بەدی بکەین (دادایی و سوریالی بۆ نموونە وەربگرە).

هۆی ئەوەی نوێگەرێتییان بە مۆرکێکی دیار و بەرچاو دانا لەو مۆرکە هونەرییە هاوچەرخانەمان لەبەرئەوەی چاکترین نمایندەی گێرەشێوێنی شارستانێتی و فیکرییە، کە ژیانی هاوچەرخمانی گرتۆتەوە، کە جەنگی یەکەمی جیهان هاوردویەتی، جیهانمان زۆر گۆڕاوە و ئەو گۆڕانەش چەندین راڤەکردنی بە خۆوە گرتووە، راڤەکردنەکانی (مارکس)و (فرۆید)و (داروین) ئینجا گەر چاو لە دەوروبەرمان بگێڕین دەبینین سەرمایەداری و چۆنیەتی وەسوودهێنانی پیشەسازی، ئینجا وجودیەت - بوونگەرایی - و بانگەشەی بۆ بێهوودەیی و بێکەڵکایەتی نوێگەرێتی دوای ئەمە ئەدەبی تەکنەلۆجیایە، ئەوە ئەو هونەرەیە لە دانپیانەنان بە شتگەلی واقیعی باو و لە تێکشکانی تەواوبوونی کەسایەتی تاک هاتووە.



ئەو هونەرەیە واقیعی بۆ خەیاڵێکی رێژەیی گۆڕی، کەواتە نوێگەرێتی بریتییە لە هونەری «نوێکردنەوە» هونەری دوورکەوتنەوەی توندانە لە کۆمەڵگە، ئەوە هەروەک هونەرمەندە تەعبیرییەکان لایان وایە، هونەری ناهونەرە، کە چوارچێوە باوەکان تێکدەشکێنێ و ئارەزووەکانی مرۆڤی ئاژاوەچی بەخۆدا دەبڕێ، کە هیچ رادە و تخوبێکی نییە، بەو مانایە نوێگەرێتی هونەری ئازادی نییە، بەڵکە هونەری زەرووڕەتە، نوێگەرێتی ماڵئاواییکرد لەو جیهانگەی ریالیستی و شارستانییەی هونەری سەدەی نۆزدەهەمی لەسەر هەڵنرابوو لە جیاتی ئەوەش پشت بەستبوو بوو بە جیهانگەلی لیریکی رۆچوو لە ئەندێشە و داتەپین، کە لە یەککاتدا خاوەن توانستی داهێنان و داڕمانە.

ئەو هونەرمەندە نوێگەرانە وایان دانا - گریمان - سەردەمی ئێستامان خوازیاری جۆرێکی دیاریکراوە لە هونەر بەهۆی ئەو قەیرانانەی لێکی هەڵدەزرێنێ، لەبەرئەوە نوێگەرێتی هات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە شارستانێتییە. دەڵێین وێڕای زانینمان بەوەی ئەمە رای گشت هونەرمەندە نوێخوازەکان نییە، هێشتان هەندێکیان لەو بڕوایە دان، کە هونەرێ پێویستە گاڵتەجاڕێتی تێکشکێنەر، ریالیستیانەی گشتگیرانە نەبێت.

نوێگەرێتی ئەو دوو هەڵوێستە لە هونەر و راڤەکردن دژ بە یەکە، لەڕووی رواڵەتەوە، دەگرتەخۆ، گەر هەوڵماندا لە جیاوازی نێوان دادایی و سوریالی بکۆڵینەوە، بۆ نموونە، ئەوا ئێمە دوو جۆر نوێگەرێتی دەبینین. لەلایەکی دیکە نوێگەرێتی بە هونەرێکی تایبەت دەوەرەدرا و بە لوغز - مەتەڵ - ناسراوە هەروەک (ئۆرتیگا گاسیت) لە کتێبەکەی (A”Dehumanization of Art) دەڵێ: نوێگەرێتی وەرگران دابەشدەکاتە سەر دوو بەش: بەشی یەکەم درک دەکا و چێژ لەو هونەرە دەکا لە رێگای وەرگرتنی تەکنیک و بیروڕاکەی، دووەمیش وەریناگرێ و بە هونەرێکی نادیار و دوژمنداریانەی دادەنێ، جا وێڕای ئەوەی (ئۆرتیگا) ئەو هونەرە نوێیە بە «گەمەیەکی» منداڵکارانە دادەنێ، کەچی ئەو (هونەر)ە بەچەند خەسڵەتێک دەناسرێتەوە بریتییە لە: تەکینەوە لە شتگەلی باوو ئارەزووی گاڵتەجاڕێتی و بێزاندنی خود، لەبەرئەوە ئەو دوورترە لەوەی هونەری پێشەنگە (avant garde) بەهۆی ئەو تایبەتمەندێتییە تۆڵەسێنەی بەسەر خەڵکی و زەمەن و مێژوو هەیەتی، لەلایەکی دیکەوە دەبینین ئەو تایبەتمەندییە تەجریبییەی ئەو هونەرە لە کرۆکە کۆمەڵایەتییەکانی دانامالێ، چونکە هونەر ئەوکاتە پێشەنگە، کاتێ رابوو بۆ رێخۆشکردن بەرەو ئایندەیەکی باشتر، بەمەش دەکرێ نوێگەرێتی بە جووڵانەوەیەک دابنێین بەرێگای

قوولّكردنەوەی دەرك كردنمان بۆ هونەر و ئادەمیزاد دا دەڕوات، ئەو دەیەوێ هونەرێك بەدی بێنێ كە ئێستاكێ بوونی نییە، لەو بڕوایەدا كە زۆربەی نووسەرانمان لای ئەو لایە دەچن و هەر دەشێ ئەوانی دیكەش بەدوای هەنگاوەكانی زۆرینەدا بچن، بەو مانایە نوێگەرێتی بۆتە جوولانەوەیەك چاكترین گوزارشت لە ئیدراكمان و ئەزموونی هاوچەرخمان دەكات لەڕێی ئەو كار و كردەوە خولّقێنەرانەی هاوردویەتی، رەنگە نوێگەرێتی تاكە رەوت نەبێ، بەلاّم مسۆگەر رەوتی سەرەكییە، ئەو وەكو رۆمانسیەت، سەرەتایەكی رێكپۆشانەی لەسەرەتاكانی ئەو سەدەیە دەستپێكرد، ئەو ماوەیەی گۆڕانكاری كۆمەلاّیەتی و فیكری قوولّی بەخۆوە بینی و دوای ئەوەش زالّبوو بەسەر دركپێكردووە ئیستاتیكیی و هزرییەكانی نووسەرە مەزنەكانمان و خوێنەرە جیدییەكانمان، جارێكی دیكە ئەو وەكو رۆمانسیەتە لەڕووی ئەوەی راپەڕینێكە شەقلّێكی جیهانی هەیە دژ بە پاشەڕۆ هونەرییەكانی رابردوو، راپەڕینێك بەبیر و باوەڕ و فۆرم و بەهای دیار و بەرچاو پەرت و بلاّوبۆوە لە ولاّتێك بۆ یەكێكی دیكە تا هەلّبڕژێتە نێو كلتووری خۆرئاوایی.

هەیە نوێگەرێتی بەچاكترین گوزارشتكار لە زەمانی ئێستادا دادەنێ، هەشە بەخۆ كاریگەرێتییەكی دیاریكراو و پەراوێزكراوی دادەنێ، وێدەچێ واتای راستەقینە نوێگەرێتی لە نێوان ئەو دوو رایەدا بێ.

لە راستیدا نوێگەرێتی گەورەترە لەوەی تەنیا رووداوێكی ئیستاتیكی كتوپڕ بێ لە ئاكامی چەند هۆیەك هاتبێ بەروونی جیایان بكەینەوە، ئەو گرفتێكی ئیستاتیكی و شارستانێتییە لە یەككاتدا، گرفتی بونیاتی زمان و بەكارهێنانی، ئینجا ئەو گرفتی یەكبوونی فۆرمە، دوای ئەمەش گرفتی واتا كۆمەلاّیەتییەكەی خودی هونەرمەندە، ئەدیبی نوێخواز لەڕێی گەشتی دوورودرێژی لە بواری هونەردا كۆشش دەكات بۆوەی بەرهەمەكانی خودان شێوازێكی جیابن بەم رێرەوەش ناكرێ نوێگەرێتی بەشێواز دابنێین، بەلّكە هەولّدانێك بۆ گەیشتن بە شێوازێكی تاكەكەسی جیا (مۆركدار)، لەڕاستیدا شێوازێكی كارێكی دیاریكراو (ئەرڤنك هاو) مەبەستی بوو كاتێ وتی: (نوێگەرێتی شێوازێكی تایبەتی كارتێكەری ئاوای نەهێنا، گەریش هێناویەتی ئەوە بەمە وەكو نوێگەرێتی بەكۆتا هاتووە)،[٢٠] ئەو مۆركانەی لە كارەكانی نیگاركێشان و رۆماننووسان و شاعیران و نووسەران و شانۆكاران دەبینین، خەسلّەتی تاكەكەسین و تەنیاش لەگەلّ ئەو كارانەی بەرهەمیان هێناوە دەسازێن، ئەمەیە لە كارەكانی هەندێ نیگاركێشان دەبینین وەكو



(ماتیس) و (بیكاسۆ) و (پراك)و لە كاری هەندێ مۆسیقاری وەكو (سترافنسكی) و (شونبرك) و لەكاری هەندێ رۆماننووس وەكو (هنری جیمس) و (مان) و (كونراد) و (بروست) و (سڤیڤو) و (جویس) و (كاید) و (كافكا) و (موسل) و (هسە) و (فوكنەر) و لە كاری هەندێ شاعیران وەكو (مالارمیێ) و (ڤالیری) و (ئلیۆت) و (پاوند) و (ریلكە) و (لۆركا) و (ئەبولونیر) و (برتن) و (ستیفنس) و لەكاری هەندێ شانۆنووس وەكو (سترنبرك) و (بیراندلو) و (فیدكایند) جا مادامەكی هەر كارێك جیهانێكی تایبەتی داخراوە و شێواز و ئیقاعی دیاریكراویان هەیە، ئەوە ئێمە ناتوانین یەك سیفەتی گشتگیر پێشنیاز بكەین شێوازی سەردەمی نوێ وەسف بكات. بەم مانایە نوێگەرێتی جوولانەوەیەكە هۆو بنەوان و ئاراستەی جیهانی خۆی هەیە، لەگەلّ ئەوەشدا ئەو جوولانەوەیە نەیتوانی كلتور و شێوازێكی تایبەت بەخۆی بەرهەمبهێنێ، ئەو لەراستیدا بەشێكە لە هونەری هاوچەرخمان، نەك تێكڕای هونەری هاوچەرخمان، ئەو جوولانەوەیە بنەمای روونی خۆی هەیە كە لەسەری هەلّنراوە بریتییە لە سیمبولیزمی ئیستاتیكی و روانینی پێشەنگانە بۆ هونەر جگە لە پەیوەندی قەیراناوی نێوان هونەر و مێژوو، ئەو كۆمەلّە جۆگەلەیە كە یەكتریان گرتووە تا بن بەرەوتێك -تەوژمێك - گالّتەی پێنەكرێ.

## -٣-

رەخنەگران لە دەستنیشانكردنی مێژووی نەشونماكردنی جێگەی نوێگەرێتی و دووچاری چەندین ئاستەنگ هاتن، دووریش نییە ئەو ناروونییە نوێگەرێتی داپۆشیوە بەهۆی ئەو ئاستەنگانەوە بێت، ئێمە دەتوانین هەست بە ئامادەگی نوێگەرێتی و رەگوریشە بەرابییەكانی بكەین بەدرێژایی رێگوزەری مێژوویی ئەدەبی، گەریش گریمان نوێگەرێتی كۆمەلّە بزاوتێكە (نەك یەك بزاڤ) ئەوە مێژووی گونجاوی سەرهەلّدانی سەدەی نۆزدەهەمە سەدەی بزاڤە مەزنەكان، جا ئەو بزاڤانە بۆ هیمی یا پێشەنگ نەبووە لە ناوەڕۆكیاندا ئەوە پاریس لانكەیان بووە، بەتایبەت لە سالّی ١٨٣٠ و دواتر كاتێك ئەو شارە لێوانلێو بوو لە چالاكی بۆ هیمی.

گەریش هونەرمەندی نوێخواز ئیمانی بە ئایندەبوو ئەوە هەرگیز بزاڤی (نوێگەرێتی) دەستپێك لە ماوەی رۆمانسی بووە، گەریش نوێگەرێتی رەهەندی تەجریبی هەیە لە

ئاسۆکانی هونەر ئەوکات دەکارین بەراییەکانی بۆ (ئەمیل زۆلا) بگەڕێنینەوە، کە مانای تەجریبی لە کتێبی (ڕۆمانی تەجریبی) ١٨٨٠ روون کردۆتەوە، وێڕای ئەوەی وشەی تەجریبی بە مانای زانستی تاقیگەیی بەکار دێنا.

بیرۆکەی نوێگەرێتی وەک شتگەلێکی هەبوو بۆ (نیچە) دەگەڕێتەوە، گەریش نوێگەرێتی مانای ژاوەژاوی رووکاری سروشتی بێ لە حاڵەتی فرەیی هۆشیاریی ئەوە چاکترین دیاریکاری (ولتەر پیتەر – Walter Petery)و ئەوانی دیکەیە لە بیریارە ئەوروپییەکان، ئەوانەی لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم ژیاون کاتێ بانگەشەی «هۆشیاریی خێرای فرەلایەن»یان کرد، گەریش نوێگەرێتی واتای مامەڵەکردن بێ لەگەڵ کەشی شار و کۆمەڵگە، مامەڵە کردنێکی خەیاڵاوی دامەزرێنەرەکەی (بۆدلێر)ە، ئەو ئەدیبەی شاری ئەندێشاوی وێناکردووە و جەختی لەسەر پێویستی خەیاڵ بۆ بەرهەمهێنانی «هەست و نەستەکانی رقهەڵگرتن» کردۆتەوە، بەڵام سەبارەت بە لایەنەکانی دیکەی نوێگەرێتی وەکو شۆڕشی بەسەر فۆرم و تەکینەوەی لە نەریتە رەگداکوتاو بەکارخستنی وێنە گاڵتە جاڕییە ژیرەکان و پشت بەستنی بە (هەست و نەست بەیەکگرێدراوەکان) و وێناکردنی ئەو ئازارانەی «شارستانێتی نەیار» دەریدەدات هەروەک (لیونیل ترلنک) دەڵێ، ئەوکات ئێمە دەتوانین بۆ (ستیرن – Sterne)ی بگەڕێنینەوە یا بۆ (دۆن – Donne) یا (ڤیلۆن – Vilion).

نوێگەرێتی بەرهەمە بزووتنەوەیەکی جیهانی بوو زادەی هێزە جیاجیاکان بوو لە چەند وڵاتی جیاجیادا و سەردەمی جیاجیادا گەیشتە چڵەپۆپە.

جێگیربوونی لە هەندێ وڵات بۆ ماوەیەکی زۆر و لە هەندێکی دیکەش کاتی بوو، لە هەندێ وڵات نوێگەرێتی زیانیدا بە کلتوری بەجێهێڵراو – میرات – وەکو کلتوری رۆمانسی و فکتۆری و ریالیستی و ئینتیباعی، لە هەندێ وڵاتیش خۆی بوویە گەشەکردووی ئەو کلتورە.

لە راستیشدا نوێگەرێتی چەندین چەمکی جیاجیای هەیە کە تەنیا لە رێگای جوگرافیای شوێن دیاردەکرێن، ئەوە لە بارەی شوێن دەگوترێ، دەکرێ هەمان شت دەربارەی کاتیش بگوترێ. نوێگەرێتی سەبارەت بەتاکی ئینگلیزی لە حاڵی حازردا هەمان مانا ناگەیەنێ ئەوەی (ماڤیۆ ئارنۆلد – Matthew Arnold) وەسفیکرد، کەواتە لە زەمانێ بۆ زەمانێکی دیکە جیایە و لە وڵاتێ وەسفی بۆ یەکێکی دیکەش، تەنانەت لە زمانێکەوە



بۆ یەکێکی دیکە، جا چونکە کاکڵی نوێگەریتی لە مۆرکە جیهانییەکەیدایە یا ئەو «هاوواتای جیهانییە» هەروەک رەخنەگرێک گوتویەتی[٢١]و گوتەی (مۆدێرن) لە زۆربەی زمانەکان بەبێ وەرگێڕان بەکاردێت ئەوە ئێمە لەو بڕوایەدایەین، کە سوودمەندە بەکورتی ئاراستە جیهانییەکانی بخەینەڕوو، دەبا یەکێ لەو ئاراستە نوێیانە بپشکنین، (سیرل کانولی) لە ساڵی **١٩٦٥** کتێبێکی بەناوی (بزووتنەوەی مۆدرن: پەنجا کتێبی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەمریکی ١٨٨٠-١٩٥٠) بڵاوکردەوە، تێیدا دەڵێ: (فەرەنسا کانگای راستەقینەی نوێگەرێتی ئەنگلۆ ئەمریکییە، جەختیش دەکاتەوە «فەرەنسییەکان بزووتنەوەی مۆدێرنیان خستۆتەوە، کاتێ بە سستی دەبزاوا بۆ ترازانی کەناڵی ئینگلیزی و دەریای ئیرلەندی و لە ئەمریکاش جێگیر ببێت کاتێ بوژایەوەو گەشایەوە)[٢٢]. کونولی) دان بە دژواریی دیاریکردنی مێژووی راستەقینەی دەستپێکی ئەو بزووتنەوەیەدا دەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا مێژوویەکی تاڕادەیەک نزیک پێشنیاز دەکات کە ساڵی ١٨٨٠-یە، ئەو ساڵەی یەکێتی چالاکی رەخنەگرانەی بزووتنەوەی رۆشنگەریی (Enlightmen)، بەخۆوە بینی لەگەڵ شەقڵی دۆزەرەوانە بزووتنەوەی رۆمانسی تاوەکو کارە هونەرییەکانی یەکەمین پێشەنگان بخاتەوە لە نووسەرانی نوێخواز وەکو (جیمس)و (مالارمێی)و (فیلیە دلیل ئادام) و (هوسمان) و (لاتریمۆی ئالۆز) ئەو پێشەنگانەی قەرزداری زۆری (فلۆبێر) و (بۆدلێر)ن، ئینجا پۆل پۆل لە نووسەران و هونەرمەندان و مۆسیقاکاران بەشدارن لە پاڵپشتی کردنی ئەو بزووتنەوەیە وەکو (دیبوسیە) و (ییتش) و (کاید) و (بروست) و (ڤالیری) دوابەدوایانیش (ئلیوت) و (پاوەند)و (لورەنس) و (جویس) و (فرجینیا وۆلف) و (ئادت ستول) و (ماریان مۆر) و (هەمەنگوای) و (کمنکز) و (فۆکنەر) و (مالرو) و (هکسلی) و (کریفس) ئەم بارەش بەم جۆرە تاکو ئێستا بەردەوام بوو. ئەو بزووتنەوەیە لە ماوەی نێوان ١٩١٠-**١٩٢٥** گەیشتە چڵەپۆپە. راکانی (ئەدموند ولسون) کە لە کتێبە مۆرکراوەکەی بەناوی «قەڵای ئەکسل»دا هاتووە و راکانی (موریس بورا) تارادەیەک نزیکن لە راکانی (کونولی) تایبەت بە پەیدابوونی ئەو بزووتنەوەیە، (ئەدموند ولسون) سەرەتاکانی ئەو بزووتنەوەیە بۆ سیمبولیزم دەگەڕێنێتەوە و (مۆریس بورا) مامەڵە لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەدەبی مۆدێرنێتە دەکات چەشنی کلتورێکی رەمزی[٢٣] لە کاتێکا (کرایام هف) مۆرکی سیمبولیزمی پێناسکراو لە ئەدەبی ئینگلیزی رەتدەکاتەوەو لەو بڕوایەدایە ئەوەی لە بواری ئەدەب بەرهەم هاتووە لە ساڵانی جەنگی یەکەمی

گەردوونی بە گشتی «رەمزی بووە بەبێ سیحر» هەروەها جەخت دەکاتە سەر شەقڵی خۆماڵی رەسەنی گەرچی ئەو سیفەتەی دوایی بەدوورخست لە ئەدەبی ئەمریکی لە هەمان ماوەدا و لەگەڵ ئەوەشدا راڤەکردنە بنەڕەتییەکانی بۆ رووداوەکان نزیکە لە راڤەکردنەکانی (کونولی)[٢٤].

لە ساڵی ١٩٦٥، ئەو ساڵەی (کونولی) ئەو کتێبەی پێشتر ئاماژەی پێدرا بڵاوکردەوە، کتێبێک بەناونیشانی «کلتوری هاوچەرخ – The Modem Tradition» لە نووسینی (ریچارد ئەلان) و (چارلس فیدسون)، دەرچوو و ئەو کتێبە چەند بژاردەیەک لە بابەتی ئەدەبی و هونەری و هزری گرتۆتە خۆ، کە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی نەنووسراون، بەڵکە بەزمانی دیکە (ئەمەش بەپێچەوانەی کردەکەی کونولییە).

(هەردوو نووسەر لەو کتێبەدا بۆچوونەکانیان جێگیر کردووە لە بارەی «کلتوری نوژەنکراو بەر لەماوەی رۆمانسی و دوای ئەویش)[٢٥] لەبەرئەوە ئەو بژاردانە پانتاییەکی فراوانی زەمەنی دادەپۆشن، پانتاییەک هەر لە (ڤیکۆ – Vico)وە دەکشێ تاکو (سارتەر) و لە (گۆتە) و (وردسورث) تا (کامۆ) و لە (بلیک) تا (بیکاسۆ) لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوو لێکۆڵەر رارا نین کاتێ دەیانەوێ خولی چالاکی ئەو بزووتنەوەیە گل بدەنەوە لە دیاریکردنیدا لە یەکەم چارەکی سەدەی بیستدا گەرچیش بەشێوەیەکی نزیکەیی بێ، ئەوەشی زانی کارەکانی (ییتس) و (جویس) و (ئلیوت) و (پورنس) و هاوچەرخانی لە ئەدیبە ئەوروپییەکانی دیکە، بینی وەکو (بروست) و (ڤالیری) و (کاید) و (مان) و (ریلکە) و (کافکا).

گەر هاتوو لە کۆمەڵەیەکی دیکەی رەخنەگرانی ئینگلیز یا ئەمریکیمان پرسی لە بارەی ئەو ناوانەی دەیپاڵێون بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئەو بزووتنەوەیە و نەشونما و گەشەکردن و تەقینەوەی، یا بۆچوونی تایبەتیان لە بارەی چەمکی ئەو بزووتنەوەیە پێشکێشبکەن، لەو بڕوایە مەبە رایەکانیان زۆر جیاواز بن لەگەڵ رای ئەو رەخنەگرانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا.

(ئە.ئەلفیر)ی رەخنەگر لەو بڕوایەدایە ئەوەی نیازی وایە لە نوێگەرێتی بکۆڵێتەوە لەسەریەتی بۆ سی ساڵی بەرایی ئەو سەدەیە بگەڕێتەوە، (فرانک کیرمود)ی رەخنەگریش بڕوای وایە دە ساڵەکانی هەوەڵینی ئەو سەدەیە سەرەتا راستەقینەکانی ئەو بزووتنەوەیە دەنوێنن، جا گەر دەڵێ: ئەوەی دەیەوێ بزانی ئێستا نوێگەرێتی مانای چییە پێویستە بۆ



ماوەی نێوان ساڵی ١٩٠٧ و بابڵێین ١٩٢٥ بگەڕێتەوە، ئەمەش نزیکەیی راکانی خودی (ستیفن سبندر)و (کرایام هف)ن، گەرچیش ئەو دوانەی دوایی لەو بڕوایەدان ماوەی چالاکی راستەقینەی ئەو ماوەیەی لە ساڵی ١٩١٠ یە تاکو سەرەتای جەنگی یەکەمی گەردوونی ئەو ماوەیەی هەروەک (کرایام هف) دەیبینێ شۆڕشێ بوو لە ئەدەبی ئینگلیزی مەگەر تەنیا ماوەی رۆمانسی لەڕووی گرنگی شان لەشانی بدات، ئەو رەخنەگرە پێی وایە ئەوەی روویدا لە گەشەکردن لە هەردوو ئەدەبی ئینگلیزی و ئەمریکی بەشێوەیەکی گشتی بەشێک بووە لە گەشەکردنی ئەدەبی ئەوروپی.

لەبەرئەوە لیستی بەناوی نوێنەرانی بزووتنەوەکە بریتین لە (ییتس) و (جۆیس) و (ئلیۆت) و (پاوەند) شانبەشانی (کاید) و (ڤالیری) و (تۆماس مان) و رەنگە (بروست) و (ریلکە)ش بن.[٢٦]

بازنەی لێکۆڵینەوەکان خەریکە بەرەو تەنگی دەچێت لە پێناوی دەستنیشانکردنی مێژووی بزووتنەوەکە، یاخود لە پێناوی تیشک خستنە سەر رووداوێکی یەکلاکەرەوە جاری لە دایکبوونی بزووتنەوەکە دەدات، لەبەرئەوە چەند رایەک باس دەکەین زۆرێک لەسەر کێشی و نابەرپرسیارێتی پۆشیویەتی، ئەوە (فرجینیا وۆلف) مێژوویەکی دوورودرێژی گۆڕانکاریە شارستانێتییەکان دەخاتەڕوو و چەند ساتێکی سەرپێیانەی لێ دەبژێرێت بۆ وەی بیکات بەخاڵی بەرایی بزووتنەوەکە (لەمانگی کانوونی دووەمی ١٩١١ دا گۆڕانکارییەکی گەورە لە سروشتی مرۆیی روویدا.. پەیوەندییە مرۆییەکانی نێوان کۆیلە و خاوەنەکەی، نێوان ژن و مێرد، نێوان کوڕوباوانی، گۆڕان.

کاتێک پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ دەگۆڕێت هەر دەبێ گۆڕانیش لە تێڕوانین بۆ ئایین و ئاکار و سیاسەت و ئەدەب –ی بەدوادابێت).[٢٧]

گومانی تێدا نییە ئەو ساڵەی شا ئەدوارد(*) کۆچی تیاکرد، هەروەها «پیشانگای پۆست ئینتیباعی» نمایش کرا، ساڵێکی یەکلاکەرەوەبوو، گەرچی ئەمە بەدڵی (د.هـ. لسورنس) نەبوو. ئەویان ئاماژە بەساڵێکی دیکە دەدات بۆ راڤەکردنی سەرەتا راڤەکردنێکی ئەوتۆ جیابێ لە راڤەکردنی (فرجینیا وۆلف) جارێکیان نووسیویەتی «جیهانی کۆن ساڵی ١٩١٥ کۆتایی پێهات» ئێمە دەتوانین لەوە بگەین هۆی بڕوابوونی بیریارە ئینگلیز و ئەمریکیەکان بەوەی ئەو ساڵانەی بەر لە جەنگی یەکەمی گەردوونی، ساڵانی پێکهاتنی ئەو بزووتنەوەیە بووە، لەو ماوەیەدا چەندین دیاردە سەریان هەڵدا موژدە

بەخشی نوێ بوون، هەر لە بەرهەمی ئەدەبی تاکو گردبوونەوەی ئەدەبی.. تد، ئەمەش لە وتارەکانی پاشی ئەو کتێبە دەبینین، هەندێک پێیان وایە مێژووی پەیدابوونی بزووتنەوەکە بۆ مێژوویەک دەگەڕێتەوە دوورتر لەو سالانەی کەمتر بەر لە جەنگ (ریچارد ئەلان) دەڵێ بۆ نموونە: گەر هەر دەبێ مێژووی ئەو گۆڕانکارییە دیاریبکرێ، کە بەسەر کەسایەتی مرۆیی داهات، «من سالی ١٩٠٠ پێشنیاز دەکەم، چونکە زێدە گونجاو و وردترە لە سالی ١٩١٠، کە (فرجینا و مۆلف) ئاماژەی پێدا، چونکە بابەتی نوێگەرێتی بەروونی لە ماوەی ئەدواردیدا بەدەرکەوت»[٢٨] هەندێک لە رەخنەگران «سالی مۆدێرنیزم» بۆ سالانی دوای جەنگی یەکەم دەگەڕێننەوە، لەو رەخنەگرانەش (هاری لفین) کە بۆ سالی ١٩٢٢ی دەگەڕێنێتەوە، چون ئەو سالە بۆ ئەو سالی پەرجووەکان بوو، لەو سالەدا رۆمانی «یۆلیسیس»ی (جۆیس) دەرچوو و قەسیدەی «وێنە خاک»ی ئلیۆت «شیوەنی دونو» و «سروودگەلی پێشکەش بەئۆرفیۆس»ی (ریلکە) و شانۆگەری یەکەمی (بریخت) بەناوی «شەو» و رۆمانی «Aarou Rod»ی (لۆرانس) و رۆمانی «Jacob's Room»ی (فرجینیا وۆلف) و Sodom aud Gomorrah»ی (بروست) و «ئانا کریستی»ی (یوجین ئونیل). ئەو رەخنەگرە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی سالی ١٩٢٤ کەمتر نەبووە لە بەرهەمهێنانی چاک، بەم جۆرە ئەو ئاوا سەیری ماوەی بیستەکان دەکات وەکو ماوەیەکی پێگەیشتنی تەواوی بزووتنەوەکە[٢٩] وێڕای ئەوەی هەندێ رەخنەگر ئاوا دەڕواننە ماوەی بیستەکان کە نوێگەرێتی خودی خۆی تێدا بەکاربردووە (ئیستیهلاک بووە)، هەمیشە لەو رەخنەگرانە پێی وایە نوێگەرێتی هەرگیز خۆی ئیستیهلاک نەکردووە نەخاسمە ئەو بەردەوامە تاکو ئێستاش وەکو بزووتنەوەیەک ئامادەگیی جیاکەرەوەی خۆی هەیەو ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی ماوەی گەشەکردنی بووە، لەو رەخنەگرانەش (هارلدروزنبرک) کە لەو ماوەیەدا لە پاریسدا دەوەستێ و دوای ئەوەش «ئەو مەڵبەندە ی هەرچی نوێ بوو تیایا کۆبوونەوە و تێکەڵ بوون بە قوتابخانەکانی دەروونشیکاریی، سەنگتراشی ئەفریقی، چیرۆکە پۆلیسیە ئەمریکییەکان، مۆسیقا روسیاییە تازەکانی کاسۆلیکی، تەکنیکیگەری ئەڵەمانی.. [٣٠] ئەوەی ئەو جۆرە هەڵوێستانە دیاریدەکات سروشتی مەزندەمانە بۆ چەمکی نوێگەرێتی و مۆرکەکانی و گەر بڕوامان بە بەردەوامیی هونەریانەی هەیە لە بزووتنەوەی سوریالی لە سالانی دوای جەنگی یەکەم.

دیمان چۆن گەلە رەخنەگر و بیریارانی زۆر سەرقاڵبوون بە دیاریکردنی مێژووی



سەرهەڵدانی نوێگەرێتی و دەستنیشانکردنی هۆیەکانی و سروشتی، لە هەمانکاتدا ئێستا دەبینین ئەوەی جەخت دەکاتە سەر مەرگی و ئەوەیش جەخت دەکاتە سەر بەردەوامبوونی ئێستا زاراوەی «پۆست مۆدێرنێتە Post Modernism» رووبەڕوومان دەبێتەوە، مەبەستیش لێی ئەو بەرهەمگەلە هونەریانەیە دوای جەنگ هاتن و ئاوێنەیەکە لە هونەری لاسایکەرەوەو لە «هونەری ناهونەر – Ant - Art» و لەژێر ئەو جۆرەش لە زاراوە جۆرێ لە هونەر هەیە پێی دەگوترێ «هونەری رێککەوت – Art of chance» یا ئەدەبی بێدەنگی «Literature of silence» ئەو ئەدەبەی لەسەر ناماقووڵ بێلایەنی و لێکچوونی گاڵتە و گەپ (Parody) هەڵنراوە، هەندێ جاریش بازنەی (ئەدەبی بێدەنگی) بەرفراوان دەبێت و رۆمانی نوێ (Nouveau Roman)ش لە فەرەنسادا بەخۆ دەگرێ.

رۆمانی نارۆمان (nou - fiction) لە ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەروەها ئەو بەرهەمانەی لە مۆتەکەی سێکس و ماددە بێهۆشکەرەکاندا پێچراون.[٣١]

هەندێ لایەنی ئەو بەرهەمانە هاوهەنگاوە لەگەڵ هەندێ لایەنی نوێگەرێتی، نەخاسمە ئەو لایەنانەی جەخت دەکاتە سەر لێکۆڵینەوەی جیهانگەلە ناوەکییە دەروونییەکانی وەکو دادایی و سوریالی یا ئەوەی پشت دەبەستێ بەخولیای خۆیەکی – زاتی – رۆمانسی وەکو کارەکانی (هیرمان هیسە)یا ئەوەی پشت دەبەستێ بە شۆڕشی وشە وەکو کارەکانی (کیرترود شتاین) و کارەکانی ئەم دواییەی (جۆیس).

(فرانک کیرمۆد) لە بابەتی بەردەوامبوونی نوێگەرێتی کۆڵیوەتەوە لە وتارێ ناوی نا «مۆدێرنیزم». (کیرمۆد) پێی وایە هونەری هەرەمەکی هاوچەرخ، کە لە بەرهەمەکانی (کیج)و (بورد)دا خۆی دەنوێنێ، درێژە پێدەری سروشتی نوێگەرێتی پێشوەختەیە، کە گرنگییەکی زۆری لە بەرایی بەفۆرمداوە، بە پێچەوانەوە «نوێگەرێتی تازە Neo - Mod-ernism» فۆرم – ی خستە لاوە بونیاتی هونەری لێکهەڵوەشاوەی کارەکانی (کیج)و (تنکلی)، کە دەکەونە خانەی «هونەری رێککەوت» یا هونەری رۆماننووسی هۆشیارانەی نێوکارەکانی (نابوکوف) و (بورج) و (بارثلم)، گشت ئەو چالاکییە هونەریانە ناکۆک نین لەگەڵ نوێگەرێتی پێشوەختە؛ ئەوە دابەشکارییەکی نوێیە بۆ هێزی کۆن، کەواتە ئەوەی (کیرمود) بە «نوێگەرێتی تازە» ناوی دێنێ ئەوانی دیکە بە «پۆست مۆدێرنێتە» ناوی دەبەن، گرنگ ئەوەیە دوو زاراوەن بۆ یەک چەمک، جەخت دەکاتە سەر گۆڕانکاری لە مامەڵەکردن لەگەڵ «نەریتە تازەکان» بەگوێرەی گوزارشت لێکردنی (هارلد رزونبرک)،

دەکرێ هەست بە و گۆڕانکاریە لە بزووتنەوەی دادایی بکرێ، کە زۆر لە نوێگەرێتی دوور نەکەوتۆتەوە.

لە هەمانکاتدا، گوێبیستی رای جیا دەبین لەوەی بیستمان، ئەوە رای کۆمەڵە رەخنەگرێکی جیاخوازە، پێی وایە داخوا ئەگەر ئەدەبێکی پێشەنگ هەبێ بەسەر ئیستاتیکای نوێ، ئەدەبێک (کیج) و (بورو) و (بکیت) و (بورجز) نووسیویانەتەوە و گەر لێرەدا شیعرێکی هەستپێکراو و رۆمانێکی نوێ هەبێ، گەر هاتوو گشت ئەو بەرهەمانەمان لابوو، کە وەستاوەتە سەر ماددە بێهۆشکەرەکان و برەودان بۆ شارستانێتی دژ (Countis Culture)و کلتووری رەشپێست، کەواتە مەسەلەکە، مەسەلەی شێواز نییە بەقەد ئەوەی مەسەلەیەکی شارستانێتی و سیاسییە[٣٢] ئەدیبانی پێشەنگ هاتنە سەر شەقام و برەویان دەدا بەجۆرێکی تایبەت لە رەفتاری غەریزی لەبەر ئەوەش نوێگەرێتی بەکۆتا هات و گشت کۆششە هاندەرییەکانیشی بەکۆتاهات بۆ بەدیهێنانی چەمکە مرۆڤایەتی و شارستانێتییە تازەکان، ئێستا کێ ئاژاوە و خود شۆڕشگێڕێتی لەگشت شوێنێ بەدی دەکەین، لەبەرئەوە هیچ کام لە هونەرمەندان چیدیکە بایەخ بە فۆرمە هونەرییەکان نادات، بەمجۆرە هونەر بۆتە کردار یا تورەیی یا یاریی. ئیهاب حەسەن وتارێکی ورووژێنەری بەناوی «پۆست مۆدێرنێتە» نووسی تێیدا هەندێ لایەنی بەردەوامیی نوێگەرێتی و بەردەوام نەبوونی بەسەر کردۆتەوە، ئەو رەخنەگرە جەختدەکاتە سەر ئەوەی نوێگەرێتی خەریکە جیهانێکی ئامێرەکی نەک مرۆیی وێنا دەکات، هەروەها جەختدەکاتە سەر ئەوەی، کە ئەو پەرەسەندنانەی هاوشانی بوون بەلای کەمی وامان لێدەکات دووبارە لێی بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی هەرچی هۆکاری بەردەوامبوونی بووە جیای بکەینەوە[٣٣] دەتوانین ئەو جۆرە هەڵوێستە رێژەییانە لای هەندێ رەخنەگر بەدیبکەین ئەوانەی جەختدەکەنە سەر ئامادەگی نوێگەرێتی لە بزووتنەوەی سوریالی و رۆمانسی، پوختەی گفتار. ئەو شێوە گفتوگۆیانەی ئێستاکە ئەمدەم و ئەودەم دەکەن لە بارەی (پۆست مۆدێرنیتە) رەهەندێکی تازەی دا بەنوێگەرێتی.



-٤-

کەچی روونە نزیکەیی لەو هەموو رایانە، رێککە وتنێک هەبێت لەسەر ئەوەی نوێگەرێتی دیاردەیەکی مێژوویی گەشەسەندووە دیاردەیەک تاوێ تەنگژاوی و تاوێ بریسکاوی لە هەگبەیدایە، ئەو بریسکانەوەیەش بەپێی رای گەلە رەخنەگرانی ئینگلیز و ئەمریکی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستدا هاتووە، ئەو رەخنەگرانە وێڕای جیاوازیان لە درێژەدادرێتی کۆ دەکاتەوە لەسەر ئەوەی نوێگەرێتی ئەنگلۆ - ئەمریکی تەنیا ئەنجامێکی بزووتنەوەی سیمبولیزمی فەرەنسییە کە بە تازەگەریی ناسراوبووە دوو کەسی دیاری لە دواوەبوو ئەوانیش (فلۆبێر) و (بۆدلێر) بوون. هەشە جەختدەکاتەوە نوێگەرێتی بەردەوامێتی رۆمانسیەتە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ماوەی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئەو ماوەیەیە، کە نوێگەرێتی گەیشتە بەرزترین پلەکانی گەیین. هەیە پێی وایە ئەو گەیینە لە سالآنی بەر لە جەنگی یەکەمی گەردوونی بەدیهاتووە، هەشە لەو بڕوایەدایە سالآنی دوای جەنگ سالآنی گەیینی راستەقینەی بوون. ئەمەیە چەمکی نوێگەرێتی نیۆیۆرک و لەندەن و پاریس، بەڵام سەبارەت بە بەرلین یا ڤییەنا یا کۆپنهاگن یا پراگ یان سان پترسبۆرگ، ئەوە نوێگەرێتی رێگوزەر و کەسان و بنەما مێژوویی دیکەی خۆی هەیە، ئێمە لەم کتێبەدا تەواو دوورین لە ملکەچپێکردنی نوێگەرێتی بۆ ئەزموونگەریی یا جەختکردنە سەر ئەو هەڵوێستە یەکلاگرانەی مایەی گفتوگۆ نییە، ئامانجمان بریتییە لە راستکردنەوە و روونکردنەوە و تیشک خستنە سەر گشت رەهەندەکانی نوێگەرێتی و لایەنەکانی بۆ ئەوەی بناخەیەکی پتەو و بەرینمان هەبێ یارمەتیمان بدات لەسەر گشتاندنێ، کە ئەو سروشتی هەموو تۆژینەوەکانە و لەوانەش ئەو تۆژینەوەی ئێمە.

دەبا هەوڵبدەین تیشک بخەینە سەر نوێگەرێتی ئەڵمانی، مەبەستمان لە مۆدێرنیزمی ئەڵمانی چییە؟ ئایا مەبەست گشت چالاکییە تێکچڕژاوە ئەدەبییەکانە لەگەڵ یەکدی، کاتێ لە ئەڵمانیا و نەمسا و ئەسکەندەنافیا بەرێوەدەچوو؟ لە بەدبەختی، وەڵام نەرێیە، چونکە مەسەلەکە بەو سادەییە نییە.

بەرلین، بەتایبەتی لەسەرەتای سەدەی بیستەم جێی سەرنج بوو لەوەی پێی دەناسرا لە سەنگی، گرانایی شارستانی و هزری، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەیە بە نمایندەی هەموو

ئەڵمانیای دابنێین، بەتاییەت لەو کاتەی چەند شاری دیکە وەکو میونیخ و دارسـداد و هیدیکە، بایەخ و چالاکی کارای ئەدەبی چ لەو کەمترنەبوو هەروەها لێرەدا، ڕۆڵی ئالۆز و لێڵی ڤییـەنا هەیە لەدوا ساڵانی فـەرمـانڕەوایی (هاپسـپـرگ) ڕۆڵێک بوو فـرە لایەنەی ئەوتۆ تەنیا شایستەی ئەوە بەو پێیەی پایتـەختی کارتێکەرە بە حوکمی پێگە و مێژوویی و تێکەڵکاری ڕەگـەزەکانی تیـایا، تیـایا باکـوور و باشـوور بەیەکگەیشتن، خۆرهەڵات و خۆرئاوا، ئێستا و ڕابردوو. (جۆرج شتاینەر) دەڵێ «ڤییـەنا، هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمـەوە تاکو رووخـانی لەسەر دەسـتی هیـتلەر لە ساڵی ١٩٣٨، زاینگەی سـەرەکی هەست و نەستە، جۆش و خرۆشەکانمان بوو»[٣٤] ئێمە هەرگیز گومان ناکەین لەوەی ئەو شارەی (کارل کراوس) و (فرۆید) و ئەڵقەی ڤییـەنا و (شونبرک)و (فنکنشتـاین)ی خسـتـەوە، لێوانلێـو بوو لە گشت جۆرەکانی مۆدێرنـیزم، هەروەها ئەسکەندەنافـیـا، ئەو پانتاییە جوگرافیەی ناکرێ بەبێ (ئەبسن) ناوی بێنین، کەڵەمێری زەمانی لە ئەوروپا و (سترنبرگ) ئەوەی ناودارێتی هاوجووتی ئاسۆگەکان بوو، دەڵێین ئەو پانتاییە پشکداری خۆی هەبوو لە گـۆڕەپانی نوێگەرێتی، دەتوانین ئێسـتـاکـە مـەودای تێکچڕژانی دیمەنی ئەڵمانی و ئالۆزییەکان بدینین، لەگەڵ ئەوەشدا، گەر توانیمان لە نوێگەرێتییەکەی بڕوانین و جوێی بکەینەوە ئەوە یەکەم شتێ سەرنجت ڕادەکێشێ تیایا ئەوەیە، کە نوێگەرێتی تیایا بەماوەیەکی زۆر پێش هاوکووفانی ئینگلیزی و ئەمریکی کەوت.

ئەمەش بوو لە زهنی (کونولی) و (کیرمـۆد) و (هف)دا نەبوو (ئەوانەی پێشتر ناومان هێنان) سـاڵانی هەشـتـاکـان و نەوەدەکـانی سەدەی نۆزدەهەم، هەروەها سـاڵانی هەوەڵینی سەدەی بیـسـتـەم لە ئەسکەندەنافیا و ئەڵمـانیا و تاڕادەیەکی زۆر لە نەمسا دیالۆگێکی توندوتیژی بێ هاوتای بەخۆوە بینی لە بارەی سروشتی زاراوەی مۆدێرنیزم و واتاکەی ئەو گـفـتـوگـۆیەش لەو شـوێنانە ناسـراوبوو بە پلەیەکی بەرزی هۆشـیـاریی و لێکگرێدانی لۆجیکیانە و پشتیوانیکردن، هیچ ناوچەیەکی دیکەی ئەورووپی بەخۆیەوە نەدیبوو.

گـەر بمانەوێ - بەخـێـرایی - لە نوێگەرێتی و خـسـتنەڕووی مـێـژوو دانراوەکـانیـان و ساڵانیـان بکۆڵینەوە، ئەوە ئەسکەندەنافـیا یەکەم شتە بەخەیاڵ دادێ، ئێمە لەبیرمـانە ئەو زنجـیـرە وتارە ڕەخنەگـرانەییـانەی ڕەخنەگری نەرویجی (جۆرج براندز) نووسـیویەتی و لە سـاڵی ١٨٨٣یش چاپیکرد، ئەو زنجـیـرەیە ئەو ئەدرێسـە گـرنگەی هەیە، پیـاوانی سمینەرانی نوێ «Men of the Modern Break through» ئەو سیفـەتەی «نوێ» بە



خێراییەکی سەرسوڕهێنەر بوو بە دروشمێکی وروژێنەری هێزانێک، کە کـەس ناکارێ بەرەنگاری ببێتەوە، ئەمەش بۆ خەسڵەتی (براندز) دەگەڕێتەوە لەو پایە بەرزەی هەیەتی لە گشت نێوەندەکانی ئەڵمانیا. لەو ساڵانەدا، کە ئەو زاراوەیە زاڵبوو بەسەر گرنگی و بایەخدانەکانی خەڵکی لە ئامادەگیەکانی ئەڵمانیدا لە ئینگلتەرادا کەسێ گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدا، کـەسیـش بەشێـوەیەکی بەرنامـە ڕێژی و وردبینانە بەکـاری نەهێناوە، بەتاییەت لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٦٢ {بەرواری بڵاوبوونەوەی قەسیدەی «خۆشەویستی نوێ»ی (مـردث)} و سـاڵی ١٩٦٣ (ئەو ساڵەی «مـایکل روبرتس» بژاردەکـانی بەناوی «دیوانی شیعری نوێ»ی تێدا بڵاوکردەوە. لە چاپکراوەکانی دەزگای فیبەر) ڕەنگە بڵێ ئینگلیـز بەکـارهێنانی سـیـفـەتی «تازە»یان لە «نوێ» پێ چاکـتـر بێ، ئەو رایە لای (هولبـروک جـاکـسن) یش بەدی دەکـەین، کـە دەڵێ: بەکـارهێنانی سـیـفـەتی «New» بڵاوبوویەوە بۆ دیاریکردنی هەمـوو مـاوەکـانی نەوەدەکـانی سـەدەی نۆزدەهەم لێـرەش ئامـاژەکـان دەبینین لە هەژمـار نایەن بۆ ڕۆحی تازە (New Spirit)و گـەپی نوێ (New Humour) و ئاییینزایی چێـژی نوێ (New Hedonism)و ئەدەبی نوێی دراما و سەندیکا تازەکان و پارتی نوێ و ئافرەتی تازە (New woman)[٣٥].

لە ئەڵمـانیـا کـۆمـەڵە شـاعـیـرێکی نەوەی نوێ سـەریان هەڵدا و ئەوکـات تێکشـکانی هەرچی (کـون و تەقلیـدی - باوبوو) گـرتە ئەسـتـۆ، ئەو کـۆمـەڵەیەش بڕواکـەیان لە بژاردە شیعرییەکان دەربڕی و خستەڕوو، کە ساڵی ١٨٨٥ بڵاویان کردەوە، و ئەو بژاردانەش بەو ئەدرێسە بوون، «کەسایەتییە شیعرییە نوێخوازەکان «Modern Poet characters»[٣٦] (کـوناردی) و (هنکل) پێشـەکی ئەو بژاردانەیان نووسـیـوە، ئەو پێشـەکـیـەش هەروەکـو مـانیفێستێکی شیعری بوو، کە ئامانجەکانی ئەوەی بە «شیعری نوێی لیریکی» ناونرا، دیاریکرد، قـەسیـدەکـانی ئەو بژاردانە ئامـانجە ڕاسـتـەقـینەکـانی ئەو مـانیـفێـسـتـەی بەشێـوەیەکی بەرنامـە داڕێژو ڕێکوپێـک، دەنگ پێـداوە، ئەمـەش بەروونی لە قـەسیـدەی (ئەرنو هولز) بەرچاو دەکەوێ، کە بە یەکێ لە تیۆریارە سەرەکییەکانی چەرخی جەرمانی دادەنرێ.

«دەبا شاعیر نوێخوازبێت،
نوێخوازێ لە تەپڵی سەری تاکو کەڵەمووستی پێی».

هەر لە ساڵی ١٨٨٥ و بەدواوەش، شاعـیرێ نادینیەوە بە گەرموگوڕییەوە گفتۆگۆی

ئامانجەکانی ئەوەی نەکردبێ کە بە (ئەدەبی تازە) و هاوئموونەی ناوزەد کراوە، لێرەدا گۆوارێکی وەرزی کاریگەر هەبوو (کزیلشافت)یان پێدەوت، یەکەم ژمارەی ساڵی ١٨٨٥ دەرچوو، بەرپرسی ئەو گۆوارە ئامانجەکانی دیاریکرد کاتێ وتی، ئەوە «ئاخێوەری زەمانحاڵی بزووتنەوەی نوێی ئەدەبیە» لە ساڵی ١٨٨٦ ئەو زاراوە سەرسوڕهێن و وروژێنەرە پەیدا بوو ئەویش «مۆدرن – The Modern» بوو، (ولف) لە یەکێ لە وانە بێژییەکانی لە ئەڵقەی بەرلینی ئەدەبی ناسراو بە (درج) بەکاری هێنا. (ولف) وشەی (مۆدرن)ی، بە هەمان مانای بەکارهێنراوی (براندس) بەکارهێنا لەو زنجیرە وتارانەی ساڵی ١٨٨٨ نووسی و ناوی نا «تازەترین رەوتە ئەدەبیەکانی ئەڵمانیا و پرەنسیپی نوێگەرێتی»[٣٧] بەم جۆرە وتارەکان لەو ساڵانەدا هەڵدەرژان و لە ئەدرێسدا وشەی (نوێگەرێتی)یان هەڵگرتبوو، وتارەکان وەکو (چارلس داروین و جوانناسی نوێ) (حەقیقەت لە رۆمانی نوێ) (گرنگیی ئەدەب بۆ جیهانی نوێ) و ئە ئاوا.

هەردوو ساڵی ١٨٩٠–١٨٩١ بایەخدانێکی زۆر و تەنانەت سەرسامییەکیان بە چەمکی نوێگەرێتی بەخۆوە بینی، ئەمەش لە ئەڵمانیا و ڤییەنا و ئۆسلۆ بەرچاومان دەکەوێت و لە نەرویج کەمتر، کۆمەڵە گۆوارێکی وەرزی دەردەچوون و وشەی (نوێگەرێتی) بەرایی ناونیشانەکانی گرتبوو، تەنانەت گۆوارێک هەبوو وشەی نوێگەرێتی هەڵگرتبوو بە پێی (Die modern)، ئەدرێسی وتارەکانیش، کە لەو گۆوارانە بڵاودەکرانەوە جیاوازیان نەبوو لەگەڵ ئەدرێسی خودی گۆوارەکان، دەبینین وتاری وەکو (دیموکراسی کۆمەڵایەتی نوێ) ١٨٩١ و (شیعری نوێ و حەقیقەت) ١٨٩١و (تێروانینە تازەکان) ١٨٩٢ و (رۆمانی نوێ) بەمەش زێتر لە وتارێکمان بینی ناونیشانی «نوێ»ی هەڵگرتووە، گەر هاتوو بۆ بەڵگەی سەرچاوەکان (بیبلۆگرافیا)ی ماوەی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بگەڕێینەوە، کە بەزمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە ئەوە قەوارەی ئەو بایەخدانە بە نوێگەرێتی دەزانین، کە پێشاندەرەکەی لەو ناونیشانانەی کتێبە بڵاوکراوەکانی ئەو ماوەیەیەی ئەو ئەدەبیاتەی ناکرێ دەستی لێ هەڵبگرین لە وەرگرتنی رەهەندەکانی ئەو ماوەیە، بۆ نموونە ئەو کتێبانە، وەربگرە «رەخنەی بەرهەمە تازەکان» (هرمان بار) (زوریخ ١٨٩٠) و «گرفتی رەگەزی ناسنامە لە ئەدەبی نوێدا» (لیوبیرک) (بەرلین ١٨٩١)و «پیاوی ناڤیکی لە ئەدەبی نوێدا» (لیوبرک) (لایبزگ ١٨٩٧)و «مەزنێتی ئەدەبی نوێ» (یوجین دوهەنگ)(لایبزگ ١٨٩٣).



بەم جۆرە گڕی ململانێ لەسەر چەمکی نوێگەرێتی بە تین بوو تا پلەیەک وای لە زۆرێک لە بیریار و رەخنەگران کرد زۆر لەکات و کۆششەکانیان بەهەدەر ببەن، ئەو ململانێیەش خامۆش نەبۆوە، کە زیاتر لە بیست ساڵ بەردەوام بوو، تا وەکو (سامۆئیل لبلنسکی) کتێبەکەی خۆی بەناوی (هاوسەنگێتی نوێگەرێتی) (بەرلین ١٩٠٤) بڵاوکردەوە، کە تیایا ئەوەی نوکردەوە نوێگەرێتی چی و چی لەسەرە، بەم جۆرە نوێگەرێتی گوڕوتاوی خۆی ونکرد. دوای رەتبوونی پێنج ساڵ بەکۆتاهاتنی مۆدێرنیزم جاڕدرا لە کتێبێک کە لە دردسن – لە ساڵی ١٩٠٩ دەرچوو، بەناوی (کۆچکردنی نوێگەرێتی) کە جەماوەری ئەدەبی ئەڵمانی لە ئاست ئەو زاراوەیە هێڵنجیان دەهاتێ، زاراوەی نوێگەرێتی و ئەوەی لە سیفەتەکانی گەردانەکرێ، بوو بەناونیشانی هەرچی بۆرجوازی و کۆنەپەرستە، ئاماژەی بە شتگەلی بەکاربەر و داتەپیو دەدا، نەوەی نوێش، نەوەی جەنگی یەکەمی جیهان جەختی لەسەر خۆبواردن لێی، کردەوە.

(ئینتباعیەکان) ئیپریشنیزمی ئەڵمانی بە ڕاشکاوی رایانگەیاند، کە هیچ پەیوەستییەکیان بە (نوێگەرێتی)یەوە نییە. ئەو راگەیاندنەش سنگی رەخنەگرانی تەزاند ئەوانەی هێشتاش سوورن لەسەر ئەوەی، کە رەچەڵەکی نوێگەرێتی لە یەککاتدا ئینگلیزی و فەرەنسایییە، ئەو نەویستنە ئەڵمانییە بۆ نوێگەرێتی خاڵی سەرەتا بوو سەبارەت بەو نوێگەرێتییە ئینگلیزی – ئەمریکییەی ئێستا پێی ئاشناین.

## –٥–

ئێمە نامانەوێ بۆچوونێک بدەین، کە نوێگەرێتی ئەڵمانی ساویلکە بووە و مۆرکێکی جیای نەبوو یا لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم دەستی پێکردووە تاکو گەیشتۆتە پلەی گەیین و دوای ئەوەش لە ساڵانی هەوەڵینی سەدەی بیستەم داڕماوە، دەلالاتی ئەو زاراوەیە لە ئەڵمانیا گەشەی کردو هاوشانی ئەو گەشەیەش گۆڕانکارییەکی کتوپڕ ناڵێین شۆڕش یا کۆدێتا بوو لە رێگوزەری هزریدا، کەسیش جگە لەوانەی سەرقاڵن بەتیۆری (تک Tieck) لە رۆمان درک بە و گۆڕانکارییە ناکەن، وێڕای ئەوەش، کە ئەو گۆڕانە لەناکاو هات، بەڵام هۆکاری لۆجیکی یا هۆکاری زەرووری خۆی هەبوو، رەنگە کەسێ بڵێ ئەو دیاردەی گۆڕانکارییە لە ناکاوەیە، کە مۆرکێکی جیای دا بە نوێگەرێتی لە ئەمریکا و ئینگلتەرا و فەرەنسا، ئەو شتەی مایەی سەرنجە ئەوەیە نوێگەرێتی لە ئەڵمانیا کە

نزیکەی ساڵی ١٨٩٠ دەرپەڕی، دیاردەیەکی بەڵگە کراو و ئەرشیفکراوە، لەبەرئەوە لەبەردەستی هەر کەسێک دایە بیەوێ لێی بتۆژێتەوە و تاوتوێیبکات.

گەر بۆ تەعلیقەکانی (لیونک ترلنک) لەبارەی نوێگەرێتی بگەڕێینەوە، ئەوە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ئەو زاراوەیە، (ترلنک) وتارێکی لە ساڵی ١٩٦١ نووسی بەناونیشانی (توخمی نوێ لە ئەدەبی نوێدا) ئەو ناونیشانە بۆ رووداوێکمان دەباتەوە بەر لەسەدەیەک قەوماوە، دەمانگەڕێنێتەوە ئەو وتەیەی (ماتیۆ ئەرنۆلد) لە ساڵی ١٨٥٦ گوتییەوە و ناونیشانی «توخمی نوێ لە ئەدەب»ی پێدا.

(ئارنۆلد) لەو کۆمەڵە ئەدیبە فکتۆریانە بوو بە هەستکردنیان بە نوێگەرێتی و گۆڕانکاری ناسرابوون، ئەو هەستکردنەش رەنگی دایەوە بەسەر بیرکردنەوە و هونەرەکەی، هێندە هۆشیاربوو پڕ بەپێستی دەلالاتی وشەی (مۆدێرنیزم) ئەگەرچی ئەو دەلالاتانەش تەواو جیانە لەگەڵ دەلالاتی ئێستاماندا، (ئارنۆلد)- لە بناخەوە - کلاسیکیانە لە نوێگەری دەگەیشت، بۆ ئەو واتای هێمنی و متمانەو لێبوردەیی و جڵەوبەردان بۆ چالاکی هزری بوو بۆ ئەوەی بیروڕای نوێ بەدەستبێنێ لەو ژینگەیەی پڕاوپڕ بوو لە خۆشگوزەرانیی ماددی. بۆ ئەو واتای ئارەزوویەک بوو بۆ ئەوەی ئەقڵ بکرێ بە ناوبژیوانی جوداکەر، هەروەها کۆشش بەدوای وەدەستهاتنی یاساکان بۆ رێکخستنی کاروبارەکان، گەر (ئارنولد) هەستی بە هێزی نائەقڵ و شڵەژان و خەمە قووڵە کەسیەکان و ئاژاوە گەورەکان بکردبووایە، ئەوکاتە هەڵوێستی کلاسیکییەکەی دەهەمبەر ناوەڕۆکی نوێگەرێتی دەگۆڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەکو (ترلنک) دەڵێ: ئەو واتا بەخشەی نوێگەرێتی بۆ ئێمە نزیکی جیایە لەوەی بۆ (ئارنۆلد) نوێگەرێتی بەلای ئێمەوە، مانای (نەهلەستیە) عەدەمیەت و (هەڵوێستی ناکۆک بۆ ژیاریی) هەروەها واتای ئەوەیە (رزگاربوون لە هەرچی پەیوەستە بە شارستانێتی)[٣٨] (ترلنک) هەست بە بایەخی (نیچە) و (فرۆید) و (کونراد) و (سیر. جیمس فریزر) دەکات، ئەو پۆلەی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە چەمکی نوێگەرێتی هێنایە کایەوە وای لێکرد مانای تێوەگلان و غوربەت و عەدەمیەت و ناسیستمی و نائومێدی و ئاژاوە بدات. کەواتە، خەڵکی بەردەوام بوون لە بەکارهێنانی خودی وشەکە، بەڵام واتا و ناوەڕۆکی تازە، مەزەندە بکە ئەو هەموو گۆڕانکارییانە لە چەمکی نوێگەرێتی لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا، کە ساڵێ یا دوان رەتناکا هاتە ئاراوە، ئێستا لەو بڕوایەدام خوێنەر هەقی ئەوەمان پێدەدا کاتێ دەڵێین گۆڕانکاری لە چەمکی نوێگەرێتی لەکاتی



ناکاو و لە پڕدا هات.

نوێگەرێتی لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا - مانای ئیمانێکی بنداکوتاوە بەگەشەی کۆمەڵایەتی، هەروەها بڕواهێنان بەوەی تیشک خستنە سەر خراپیەکان واتە لە ناوبردنیان.

هەروەها مانای نەناسکردنی نەریتەکانی رابردوو لە پێناو هێنانەوەی واقیعێکی ئەخلاقی و دروست و نموونەی چاکتر. لەو بڕوایەدایە کاری چالاک و روئیای روون و ئازایەتی و ئامانجە دیاریکراوەکان ئەمانە کلیلی ئایندەن، ئەو ئایندەی شێوازی تازە لە پیاوان و کۆمەڵگا و هونەر دێنێ. (یوجین ولف) ساڵی ١٨٨٨ وتارێکی نووسی تێیدا چەمکی نوێگەرێتی روونکردۆتەوە، کە لەدواییدا ئەدیبانی ئینگلیزی و ئەمریکی قۆستیانەوە (ولف) لەو وتارە گوزاشت لە نوێگەرێتی دەکات گوزارشتێکی هونەری ئەوتۆ و دەیگۆڕێ بۆ وەکو بڵێی پەیکەرێک یا تابلۆیەک. دەڵێ: نوێگەرێتی «بە ئافرەتێک دەچێ لێوانلێوە لە گیانی سەردەم، لە هەمانکاتدا ئافرەتێکی ئایدیالیە (نموونەیە) ئافرەتێک کرێکاری خودان جوانیەکی فەوتێنەر و نموونەگەلی خانەدان، ئەو رووە و خزمەتگەلی بەها چاکەکان و رەواکانە، وەکو بڵێی رووە و بەیەکگەیشتنی کوڕە ئازیزەکەیەتی چیدیکە سەخیف و بێئاگا نییە لە جوانییەکەی ئافرەتێکە خودان رابردوو، بەڵام بێگەردە، ئەو بەئیقاعێکی خێرا رێدەکات وەکو ئیقاعی سەردەم، جلوبەرگی شەکاوەیە و باش پرچەکەی پەرشوبڵاوکردۆتەوە. ئا ئەوەیە تابلۆ پیرۆزە تازەکەمان: ئا ئەوەیە نوێگەرێتی»[٣٩].

ئەو هەڵوێستە بەپیرۆزکردنەی نوێگەرێتی زۆری نەبرد، چون چەند ساڵێکی نەبرد ئیدی نوێگەرێتی کۆمەڵە مانایەکی جیاجیای بەخۆوە گرت، لە ساڵی ١٨٩٢ (م. ج. کونراد) کە رۆژێ لەرۆژان یەکێ بوو لە لایەنگرانی (ولف) چەند دێڕی نووسی لە بارەی گاڵتەجاڕیەکی تاڵاوی بە دەلالەتە نوێیەکانی ئەو زاراوەیە و ئەوانەی بەکاری دەخەن.

لەو دێڕانەشدا ئامێتەیەک لە خواستنەوە گەلی بەکارهێناوە مەبەستی لێی هەجووی سەرکردە تازەکانی نوێگەرێتی بووە.

«شیعری راستەقینە ئێستا هونەرێکی داهێنەرانەیە لە تێکشکاندنی دەمارگەل، ئەو هونەری وروژاندنی دەمارگەل-ە، ئەو گردکردنەوەی گشت تەکنیکە ئەدەبییەکانە لە جیهاندا و پوختەکردنی، ئا ئەمەیە شیعرمان، کە سەروەری پێداین لە نێوەندە ئەدەبییە

ئەوروپاییەکاندا، ئێمەین نەمر بەهۆی (نیچە)وە، ئێمەین تەلیسم گەرانی جیهانی شەهوەتبازی، ئێمەین ئەوانەی نەشیان و دەبەنگی پیرۆزیان کردین ئێستا پیاوە ئاقڵمەندەکانمان لایان گرنگ نییە ئەوەی تایبەتکارانی نوێگەرێتی لە پڕوپووچی پێشکەشیانی دەکەن، گرنگ نییە لایان داخوا ئەو پڕوپووچیانە لە کلێسەکان یا خانەی لەشفرۆشی بەرهەمهاتوون، گرنگ ئەوەیە ئەوان وشەی ئەوتۆ بەدەست دێنن بە «یزم – ism» کۆتایی دێت وەکو سیمبولیزم و ئیبلیسیزم و کلاسیزمی نوێ و هەلوەمیزم.. جا گەر خودا سەبووریمان بدا دوای چەند ساڵێک دەبینین ئەو هەموو زۆر بلێییەی خەڵکانێک پەیڕەوی دەکەن و بەناهەق ناوی ئەدیب یا هونەرمەندانیان بە خۆدابڕیوە رووە و گۆشەی فەرامۆش کردن و پەسەند نەکردن دەچێت». (٤٠)

جا وێڕای ئەو توانجە گاڵتەجاڕییانەی (کۆنراد)، دیمەنەکە زێتر ئاڵۆز بووە، ئەو شۆڕشەش لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەم روویدا چی بوو زێتر لەوەی بەڵگەی ئەو ئاڵۆزییە نەبێ.

رۆحی نوێگەرێتی ئامێتەی رۆحی هەردوو ئەو بزووتنەوە ئەدەبیە بوو، کە لە پاشاندا هاتن ئەوانیش «داکەوتن و ئیستاتیکا Decadene and Aestheticism» بوون، گەریش ویستمان جۆرێتی ئەو گۆڕانکارییە بزانین سودمەندە جارێکی دی هەندێ ناو بخەینەڕوو. (جۆرج براندز) لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٠ نووسی لەسەر ئەوانەی ناوی نان «پیاوانی نوێی گەمارۆدەر» مەبەستیشی ئەو پیاوانە بوو، کە گەمارۆی هەرچی کۆن بوو دایان لە پێناوی گەیشتن بە هەرچی تازەیە داخوا مەبەستی لە پیاوانی هەوەڵیی کێ بێ؟ مەبەستی (ئەبسن)و (بجورنسۆن) و (باکوبسون)و (دراکمان) و (فلۆبێر) و (رێنان) و (جۆن سستیوارت مل)بوو، لەراستیشدا مەبەستی لەو هەموو ناوانە تەنیا (ئەبسن)بوو، کاتێک لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی نۆزدە نووسەرانی ئەڵمانی لەبارەی ئەدەبی نوێ قسەیان دەکرد مەبەستیان کێ بوو؟ مەبەستیان (ئەبسن) و (زۆلا) و (تۆلستۆی) و (برت هارت) و (وتمان) بوو، بەڵام لەوەشدا تاکە مەبەستی راستەقینەیان هەر (ئەبسن) بوو، ئینجا نەوەی رەخنەگران ئەوەی لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا پەیدابوون و بەدوای خەسڵەتە دیاریکراوە تازەکان دەگەڕان، ئەو خەسڵەتانەیان لە کوێ بینیەوە؟ لە (سترنبرگ) و (بخنر) و (گیرکجارد) و (بورجت) و (هامسم) و (مترلنگ)، بەڵکە لە هەمووی زیاتر لە (سترنبرگ) بینییەوە ئەو گۆڕانکارییەش کە بەسەر نوێگەرێتی هات



لەدوو وتاردا روون بوویەوە رەخنەگرێکی ڤییەنا (هرمان بار) لە هەر دوو ساڵی ١٨٩٠ و ١٨٩١ بەدوای یەکدا نووسیبووی.

بار ئەو دوو وتارەی لە زنجیرە وتارێکی رەخنەیی، کە لە دوو بەش پێکهاتبوو بەناوی «لە رەخنەکاریی نوێگەرێتی» (٤١) بڵاوکردەوە، ئەو رەخنەگرە لە وتاری یەکەم مانای ئەدەبی «نوێ»ی روون کردۆتەوە و بە ئاوێتەیەکی داناوە لە نێوان مەزەبی سروشتی و رۆمانسی (ئەبسن)یشی هەڵبژاردووە وەکو باشترین نمایندەی ئەو ئامێتەیە، لە وتاری دووەمیش لای لە سەرهەڵدانی «ئەو پێشکەوتنە خێرا شێتانەیە» کردۆتەوە، کە لە مەزەندەی خەڵکی بەدەربوو لە کۆتایی سەدەی رابردوو. ئەو رەخنەگرە ئاماژە دەدا بەدەسکەوتەکانی (سترنبرگ) و دەسکەوتەکانی ئەوانەی دەوریان دابوو وەکو (ئولاهانسون) و (ئارن کاربوک) ئەو دەسکەوتانەش، بەپێی خەمڵاندنی، زێدە نوێن لە زەمانی ئەودا لە چاو هەر دەسکەوتێکی دیکە، (مۆدە)ی ئەدەبی، کە (ئەبسن)و (سترنبرگ) هێنایان و لە ئەوروپا سەوای داوە دەکرێ بۆ یەک سەرچاوەی سەرەکی بگەڕێنینەوە ئەویش (جۆرج براندز)ە، گەلدۆستی (ئەبسن) دەچێتەوە سەر ئاگەداری خەڵکی بە چەمکی «گەمارۆدانی نوێ» ئەوەی (براندز) روونی کردەوە لەکاتێ گەلدۆستی (سترنبرگ) بەهۆی ئەو موحازەراتانەی (براندز) وتویەتی لە کۆپنهاگن لە ساڵی ١٨٨٨، لە هەمانکاتدا ئەو وانانەی (سترنبرگ) هەموو گەلی ئەڵمانی، تەنانەت ئەوروپا و ویلایەتی یەکگرتووەکانی هاندا بۆ دۆزینەوەی گرنگێتی (نیچە)، ئەو فەیلەسووفەی ئەوکاتە پشت گوێ خرابوو.

ئەو گۆڕانکارییەی لە ئاکامی ئامێتەکردنی نێوان سروشتگەرایی و رۆمانسی هاتە ئاراوە، ئەو دوو قوتابخانەیەی هەر تک نوێگەرن، بەڵام ئەوان بەتەواوەتی نوێگەر نین بەو جۆرەی رەنگە لە شوێنی دیکە بیدینین، لە ساڵی ١٨٩١، رۆژنامەنووسی پاریسی (جل ئۆریە) بروسکەیەکی لە رۆماننووس (پاول ئەلەکسی) بەدەست گەیشت، کە لە قوتابییانی (زۆلا)بوو، بروسکەیەکی ئەدەبی کلاسیکی دەڵێ: «سروشتگەرایی نەمردووە، نامەیەکت بۆ دەنێرم» ئەو برووسکەیە ژاوەژاوێکی زۆری نایەوە لە نوێگەرێتییەوە کەوتبۆوە و ئەوەبوو (ئەلەکسی) ئەو نامەی بەڵێنی ناردنی دابوو، رەوانەی کرد، لەو نامەیەدا داکۆکی لە مەزەبی سروشتی کردبوو بەو پێیەی نوێگەرەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەو مەزەبە قوتابخانەی پێکنەهێناوە بەڵکە هەڵوێستێکی هزری بە مۆرکی زانست و ئەقڵ و

دیموکراسی پێکهێناوه، ئەوە ئەو هەمان خەسڵەت جیایانەی ئەدەبی سەدەی بیستەمە، کە تیایا هەست بەوە دەکەین «ئەو رەوتە سێلاوییەی سەردەممان بەرەو زێدە زانست و هەقیقەتەکان و - بێشک - بەختەوەری دەبات» بەڵام هەڵوێستی (ئەلەکسی) لە سیمبولیزم و دەروونشیکاریی هونەری، ئەمانە گشتیان کارگەلی بەسەرچوون، نا بەڵکە پێکەنیناوین لەگەڵ ئەوەشدا مەزەبی سروشتی چاکەی هەبووە بەسەر نەشونماکردنی نوێگەرێتی، ئەمەش (هـ - ستیوارت هیوز) ئاماژەی پێدا کاتێ وتی «زۆربەی قوتابیانی دوایین ساڵانی سەدەی نۆزدەهەم - بەم شێوەیە یا ئەویدیکە - هەستیان بەگۆڕانکارییەکی قووڵی دەروونی کردووە»[٤٢] نوێگەرێتی کاردانەوە بوو لە ئاست مەزەبی وەزعی - بار - و مەیلی بۆ هێزە ناهۆشیاریی و نائەقڵانییەکان هەبوو، بەڵام کاتێ سەیر دەکەینە هەردوو قۆناخی نوێگەرێتی لە ئەڵمانیا - یەکەم بەر لە ساڵی ١٨٩٠ و دووەمیش دوای ئەو بەرواره - دەبینین هەردوو قۆناخ تەواوکەری یەکدی بووینە، ئەو نوێگەرییە، ئەمەش شتێکی سروشتییە بەرەو (ئەبسن) و (سترنبرگ) لای کردۆتەوە، لە ساڵی ١٨٩٠ چالاکی شانۆیی ئەسکەندەنافی و چالاکی هزری ئەڵمانی لەوپەڕی برەویاندا بەرچاو بکەون. ئەو چالاکییانە لە هەندێ لێهاتوویی نوێگەر چەشنی (شۆ)و (جۆیس) دوورە دەست نەبوو، لە ساڵی ١٨٩١ دوو رووداو قەومان مایەی رامان و هزرکردنن، لەو کاتەی (ئەبسن) ئەڵمانیای جێهێشت کاتێ ساڵانێکی زۆری تیا بەسەر برد، بۆ ئەوەی بۆ نەرویجی نیشتمانی بگەڕێتەوە، (سترنبرگ) گەیشتە بەرلین بۆ وەی خۆی و هاوەڵەکانی جیهانی فیکری ئەڵمانی بهەژێنن، نەخاسمە بەکۆڕ و کۆبوونەوە ناودارەکانیان دوا ساڵەکانی سەدەی رابردوو چالاکی و تیۆری فەلسەفی و ئیستاتیکی گەورەی بەخۆوە بینی، ئەو چالاکییانەش بوونە هۆی لک لێبووردنەوەی نوێگەرێتی نەک پەلهاوێشتنی لە ئەورووپا.



-٦-

لێرەدا پرسیارێک هەیە رەنگە خۆی بسەپێنێ بەسەر ئەوەی ئەو خستنەڕووەی چەمکی نوێگەرێتی خوێند بێتەوە ئەویش چی بەراست دەزانرێ بەزەرووڕەت لەو جیاکارییە؟ رەنگە وەڵامەکەیش بەو شێوازە بێت: ئەوەی بەڕاست دەزانرێ ئەو گومانە گەورەیە لە مسداقیەتی ئەو ناولێنانە، گومان لە توانای ئەو وشەیە بۆ یارمەتیدانمان بۆ تێگەیشتنی ئەوەی دوایە روویدا، روونە زۆرر لەو بزووتنەوە ئەدەبییانەی وەکو سروشتگەرایی، ئینتیباعی، سیمبولیزمی، وێناگەرایی، ئایندەگەرایی... تد، تێهەڵکێش و لێککگرێدراون لەگەڵ یەکدیدا و هەریەک لەو بزووتنەوانە بەرهەمی بزووتنەوەی دیکەن و بزووتنەوەیەک نییە خود هەڵنراو، گەریش نوێگەرێتییمان وەکو بزووتنەوەیەک لەو بزووتنەوانە یا بزووتنەوەیەک کە ئەو هەموو بزووتنەوانە دەگرێتەخۆ، وەرگرت، ئەوە لەوان جیا نییە لەڕووی ئەوەی واتای شڵەژاویی، بەخۆوە گرتووە، لێرەدا گەرەکمانە شتێکی دیکە روونبکەینەوە، ئەویش ئەوەیە ئەو شڵەژانە لەواندا دەبێ بیانوویەک نەبێ بۆ ئێمە لە نەتوانینمان بۆ وەرگرتنی ئەو لەوانەیە بە مەرامی ئاسانکاریی گریمان نوێگەرێتی ئەڵمانی و نوێگەرێتی ئەنگلۆ - ئەمریکی دوو بزووتنەوەی جیان و تەنیا ناوی هاوبەش بەیەکیان گرێدەدات، ئەویش ویستمان هەندێ خاڵی وێکچوو پێککگەیشتووی نێوانیان بپشکنین تەنیا لە بزووتنەوەی تەعبیری بەدی دەکەین، ئەو بزووتنەوەیەی خاڵی هاوبەشە لە نێوان نوێگەرێتی ئەنگلۆ - ئەمریکی لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بزووتنەی هاوچەرخ لە کلتوری ئەڵمانی.

لەراستیدا ئەوەی تەعبیری بەهۆکاری هاوبەش دانا لە نێوان گشت بزووتنەوەکانی نوێگەرێتی (ر. پ. بلاکمەر R.P. Blackmur) بوو، لەگەڵ ئەوەشدا (گراهام هف) (Graham Haugh) هات بۆ دیاریکردنی هەندێ مەترسی وەکو ئەو گشتاندن و بەراوردکردنیە «مستەرد بلاکەر» بەگشتی ئاماژەی بە بزووتنەوەی ئەورووپی داوە، ئینگلیزیش بەشێکە لەئەو و بەتەعبیری لە قەڵەمدا، من - وەکو ئینگلیزییەک - بەو گشتاندنە دڵشاد نیم لەڕووی هونەرییەوە، تەعبیری ناوەڕۆک و رەگوریشاڵی جەرمانی خۆی هەیە، ئەو ئەدەبەیشی ئێمە مەبەستمانە، ئەدەبێکی ئینگلیزی - ئەمریکییە زۆریش

ئەدەبی فەرەنسی کاری تێکرد. ئینجا تەعبیری پرەنسیپێکی رەخنەگرانەیە، پرەنسیپێک شـانی داوە بە گـوزارشـتکردنی کـەسێـتی و زاتی، هەر ئەمـەشـە ئەو شـتـەی دەقـاودەق قوتابخانەکەمان لەسەدەی بیست پابەندی نەبووە». [٤٤]

لەبەرئەوەشە (هف) لە بارەی یەکێ لە لک لێبوونە روونەکانی نوێگەرێتی دەدوێ، ئەویش ئاسایی ئاماژە دەدا بە ئینتیباعی و کلاسیکی، ئەو دووانەی زۆر جیان لە لایەنەکانی هزری ئەنگلۆ – ئەمریکی نوێگەر، نەخاسمە ئەو سیفەتی بەرجەستەبوو و ناوی وێناگەرایی (imagism)ی لێنرا بوو بە کاکلی ئاراستەکەی ئەنگلۆ – ئەمریکی.

ئەمەش ئەو ئاستەنگە گەورانە دەخاتەڕوو لە دیاریکردنی بەراوردکانی رووداوە رێککراوەکان بەپێی ریزبەندی کات و ساتیان لە وڵاتانی جیاجیادا، هەروەها ئەوە روون دەکاتەوە زۆر لەو بیرورا و بابەتگەلە سەرەکییەکانی نوێگەرێتی پەلیان هاوێشت بۆ داپۆشینی سەردەمانێکی زۆر و هەلومەرجی جیاجیا، تەگەرەیەکی دیکەمان لەپێشدا دەمینێ: جیاوازی لە نێوان تەعبیری و وێناگەرایی گرفتەکە چارە ناکات، مەگەر بەخێرایی لە گۆشە نیگای ئەنگلۆ- ئەمریکی سەیری نوێگەریمان کرد، ئەوە لێکگرێدانێکی زۆر دەبینین لە نێوان هەردوو ئەزموونی ئەڵمانی و ئەنگلۆ- ئەمریکی، کارێگەرێتی (ئەبسن) لە ئینگلتەرا و ئەمریکا دیارە، کەچی بەڵگە هەیە لەسەر هاوبەندی نێوان (د. ه. لورانس)و قۆناخەکانی یەکەمی تەعبیری، ئەو هاوبەندییەی بۆ هاوسەرەکەی (فریدا) دەگەڕێتەوە، هەروەها لێرەدا هاوبەندی هەیە لە نێوان (جۆن دوس باسوس)و (یوجین ئونیل)و بەم جۆرە لەو چوارچێوەیشدا دەبینین ئەو گەشەکردنانەی لە بزووتنەوەی ئایندەگەرایی هاتنە ئاراوە بەسەر ئەدەبی ئینگلیزی رەنگی دایەوە هەروەها لە مەزەبی تەعبیریش روویدا و دانی نا بە شار و ئامێری نوێ و هەروەها دانی نا بە مەترسییە هاوچەرخەکان.

ئەمە تەنیا بەسەر لایەنی ئەنگلۆ – ئەمریکی دانەبڕابوو، ئەمەش روون دەبێتەوە گەر سەیری ئەو جیاوازیەمان کرد لە نێوان قەسیدەیەکی وێناگەرایی (لۆرانس) نووسیویەتی و یەکێکی دیکە کە (پاوەند) نووسیویەتی لە «بژاردەکان لە قەسیدەکانی وێناگەرایی» یا گەر سەرنجمان دا چۆن دوو شاعیری وەک (ولیەم کارلۆس William Carlos)و (هارت کرین Hort Crane) لەو بڕوایەدان قەسیدەی وێرانە خاک «شیعری» بۆ بیست ساڵ گەڕاندەوە دواوە بەهۆی خولیای نائومێدی و عەدەمییەتی[٤٥] ئەو دەڵێن وێڕای



شانازیکردنیان بەو قەسیدەیە، بەکورتی، نوێگەرێتی لە زۆربەی وڵاتاندا ئاوێتەیەکی نامۆ بوو لە ئایندەگەرایی و نەهلیستی، لە کۆنپارێزیی و شۆڕشگێڕیی، لە سروشتگەرایی و سیمبولیزم و لە رۆمانسیەت و کلاسیکیەت.

پێشوازی و پەسەند نەکردنی سەردەمی تەکنەلۆجیابوو، ئیمان بوو بەوەی شێوەکانی گوزارشتکردنی نوێ بریتییە لە راکردن لە مێژوو لە ستەمی زەمەن و لە هەمان کاتیشدا بڕوابوو بە راستگۆیی ئەو شێوانە لە گوزارشتکردن لە زەمەن، لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ماوەی نەوەدەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا ماوەی وروژاندن و بەهەوێنبوون (هەڵهاتن) بووە.

کەواتە نوێگەرێتی نەریت و رێگوزەر و چەردە جیاکانی خۆی هەیە و هەوڵدانیش بۆ بەستنەوەی ئەو کارانە بە یەکتری مایەی سوود و کەڵکە. لەو کتێبە هەوڵمانداوە دووبارە نوێگەرێتی هەڵبسەنگێنین و هەندێ لەو بەهەڵەدا چوونەی هەڵیگرتووە، راستبکەینەوە، گەر هەوڵماندا لە تاوتۆکردنی رەگوریشاڵی قوولبینەوە و بەرفراوانی لێی بکۆڵینەوە ئەوە هەندێ گرفتمان دێتە بەردەم سەبارەت بە پەیوەندی بە دوو بزووتنەوەی هونەری و هزری بنەڕەتیانەی سەدەی نۆزدەهەم و رۆمانسیەت و سروشتگەرایی وەزعی (بار) هەندێ رەخنەگر وایان پەسەندکرد ئاوا بڕواننە نوێگەرێتی وەکو بڵێی بووژانەوەی رۆمانسیەت بێت بەشێوەیەکی توندڕۆیانە و نائەقڵانیانە، بەم جۆرە دەبینین (فرانک کیرموود) و (ئە. ئەلفار) هەر لایەنە سەیری نوێگەرێتی دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی توخمە کلاسیکییەکانی و ئەوەش وەدیار بخەن خولیای زاتی چڕوپڕی رۆحی رۆمانسی وەکو بەشێکی دانەبڕاوە لە هونەرمەندێ[٤٦] بەڵام (جیفری هارتمان – Gcoffrey Hartman)و (هارولد بلۆم – Harold Bloom) و (رۆبەرت لانگباوم – Robert Lang Baum) و (موریس بکهام – Morris Becham) و (هلس میلەر – Hillis Miller) بەردەوامیی توخمی رۆمانسی لە نوێگەرێتیدا دەبینن وەکو گرنگیدان بە هۆشیاریی و بە پەیوەندی نێوان خود و بابەت و ئەزموونە چڕەکان[٤٧] کەچی زۆربەشیان توخمێکی شاراوە لە نابەردەوامیی رۆمانسی تیا جیا دەکاتەوە. (هلس میلەر) دەڵێ: (لەسەردەمی ئێمە جۆرێ لە شیعر سەریهەڵدا لە رۆمانسییەوە نەشونمای کرد، بەڵام لەویشی رەتدا)[٤٨]. کاتێ لە ماوەی نێوان ساڵی ١٨٨٠ و سەرەتایی سەدەی بیستەم لە ئەڵمانیا و ئینگلتەرا ئەمریکا دەکۆڵینەوە، هەڵگەڕانەوەیەک بۆ رۆمانسییەت بەدی دەکەین، ئەوەی ئەو دەیان ساڵە جیادەکاتەوە و کەسایەتی مێژوویی و هزری خۆی پێدەدا ئەو گرنگیدانەیە بە هۆشیاریی

پەرەسەندوو، هۆشیاریی ئیستاتیکی و دەروونی و مێژوویی، ئەم گرنگیدانە لە فشاری ئێستا و رابردووە و هەڵدەقوڵێ، کە لە هەگبەیدا هیوا و خولیای پەرەسەندووی هەڵگرتووە، هەروەها هێزگەلی دەروونی و کۆمەڵایەتی گرنگ. درککردنمان هەستی مێژووییمان دەگۆڕێ، هەروەها چەسپاوی خودی هۆشیاریش ئەوە کۆمەکیمان دەکات بە چەمکی سۆزداریی و ئەقڵی نوێ «سترنبرگ» لە شانۆگەریی (خاتوو جولی – Miss ju-lie) (١٨٨٨) دەڵێ: (لەبەرئەوەی کەسایەتی تازەی سەردەمی گوێزانەوەن، لە زێدە هستریاییین لەو سەردەمەی بەر لە خۆیان، لەبەرئەوە کەسایەتییەکی راراو هەلاهەلاکراویان چێکردووە، ئاوێتەیەک لە ئێستا و رابردوویان لێ چێکردووە، تیلمە کاغەزێ لە کتێب و رۆژنامە)[٤٩] ئا ئەمەیە زمانحاڵی هەموو نووسەرانی نوێخواز ئەوانەی لە ماوەی نێوان نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و سییەکانی ئەم سەدەیە ژیاون ئەدەبی نوێگەرییان چییە تەنیا مۆنتاجی توخمە ناگرێدراو و لەتکراوەکان و سەردەمی گوێزانەوە نەبێ.

لەو شتگەلە بەڵگە نەویستانەی مێژووی ژیاری دەیخاتەڕوو، ئەوەیە ئێمە دەتوانین جۆرێ لە ناجێگیریی و لاسەنگی لە شێواز لە ماوە مێژووییەکان جیابکەینەوە، جۆرێکە لە هەڵکشان و داکشان لە نێوان تێڕوانینی ئەقڵانی بۆ جیهان (هەروەک لە کلاسیزمی نوێ و بزووتنەوەی رۆشنگەریی و ریالیستی بەدی دەکرێ)و تێڕوانینی نائەقڵانی یا خودیەتی کرژ بوو بۆ جیهان (هەروەک لە بزووتنەوەی باروک و بزووتنەوەی گەردەلوول و تەکاندان Sturm und Drang و رۆمانسیەت بەدی دەکرێ) هەندێ جار سەروەریی بۆ سۆزدارییە، چەند تاوێکیش ئەقڵ و سۆز بەیەکەوە باڵدەکێشێ، هەندێ کاتی دیکەش هەست و نەستی رەمەکی سەرەتایی یاخود کێشی ئەو ناجێگیرییە لە نێوان (ئەپولو)[*]و (دیونیس)[*] دووریش نییە نوێگەرێتی ئاوێتەیەک بێت. لەو «سەروەرییانە» ئەمەش مەسەلەیەکی کۆتایی نییە و مایەی گفتوگۆیە، هەندێ جار ئەو سەروەرییانە بەیەکەوە دەلکێن و تێکگیراون، هەندێ جاریش بەرێڕەوێکی لەیەک نزیک رێدەکەن. کەواتە با وای دابنێین ئەو ماوەی پێی دەڵێین وتەی «نوێگەرێتی» بەمانای بایەخدان نییە یا رەچاوکردنی نائەقڵانیەت، کە ریالیستی رێکخراو و کلاسیکییەت بوو بەکەڵەگا بە سەریەوە، کاتێ بە ماوەیەکی کەم دوای رۆمانسیەت هات، تەنانەت ئاوێتەیەکە لەو هەموو هێز و بەیەکەوە لکانەیان، ئاوێتەیەکی تەقینەوەیی دڵپڕوێنە، ئاوێتەیەک لە ئەقڵ و ئەنتی ئەقڵ، لە ئەقڵ و سۆز لە خودیەتی و بابەتی، دەبا پێناسەی ئەدیبە ئەمریکی و



ئینگلیزە وێناگەراییەکان وەبیر بێنینەوە بۆ وێنە «image» (عزرا پاوەند) دەڵێ: «وێنە تێکەڵێکە لە سۆز و ئەقڵ لە ساتێ لە ساتەکانی زەمەن»[٥٠] ئەوەی (پاوەند) لێرە مەبەستییەتی بەرامبەر کێ – یە.

لەو بڕوایەداین ئەو تێکەڵ و پێکەڵییە لەنێو ئەو دژیەکانە هەڵتەکاندنی گشت سیستمێکی فیکر و ئاوەژووکردنەوەی رێزمان و رێساکانی زمان و هونەری لاساییکەرەوە، هەروەها پەیوەندی نێوان پەیڤەکان و نێوان وشەکان و شتگەلەکانە و ئاوەڵاکردنی دەرگایە لەپێش گواستنەوەی لە ناکاو نالۆجیکیانە لە بابەتێک بۆ یەکێکی دیکە (ellipsis و لەبەردەم «پاراتێکس»)[*] ئینجا جۆرێک لە تێکڕاکان و بەرامبەرییە Jaxlaposition نوێکانی بەرهەمهێنا، هەروەک (ت. س. ئلیۆت) دەڵێ، یا ئەو «لە ئادەمیزاد و دڕندە و خەون و شتێ» بەپێی گوتەی (هوفمانشال – Hofmanns thal) پەیوەندی تازەی بێ سنوری خولقاند.

گەر بمانەوێ دوابەدوای ئەو رگە مێژوویەی ئەو تێکەڵییە بچین، لەسەرمانە بایەخدانەکانی (سترنبرگ)مان بێتەوە بیر لە ئاوێتەکردنی ئەقڵ بە نائەقڵ و زانست بە سیحر و بۆی دەگەڕێینەوە، هەروەها دەتوانین ئەو لای (ییتس، Yeats)یش بدینین و تیۆرە گەردوونییە گەشەکردنییەکەی، کە یەککردنی زەمان بە نازەمان دەخوازێ، ئەو ئاوێتە «نوێگەرێتی»یە چەندین مەسەلەی وروژاند سەرپێیانە نییە (مایەی هەڵوەستەن) ئەو کێشە و گرفتانەی تایبەتن بە جیهانناسی و بەکارهێنانەکانی زمان و بونیاتنانی، هەروەها تایبەتیی بە رۆڵی کۆمەڵایەتی خودی هونەرمەندەکە. گەر رێبازی سروشتیمان وەرگرت، کە رێبەریکردنی زانستی گەشبینانەی بەخۆوە گرتووە و بەهۆی درککردنی گرنگێتی رزگاربوونی سیاسی دەبێ ئەو وزەیە درکی بەو پاڵەپەستۆ نامۆییانەی هێزی ناهۆشیاریی کردبێ، کە ئەو گۆڕانکارییانە راڤە دەکات هونەر بەتاک و تەنیا بەرهەمی هێناون، کار و کردەوە گەورەکانی نوێگەرێتی لە نێوەندی رێژەییانەی گومان و هیوا بۆ گۆڕانکاریی و دنیایی، دەژێت، کەچی ئەوەی هاوسەنگی بەو کارانە دەبەخشن بریتییە لە هەستکردن بەو گۆڕانکارییە هاتووەی لە هێزەکانی رابردوو و ئەو هێزانەی هەڵقوڵاوی ئێستان، لەو کارانە پشت بە وێنەی پەنهان دەبەستن، وێنەی شارە تازە هەڵوەشاوەکان، وێنەی ئەو ماشێنەی لە یەککاتدا دەخولقێنێ و وێران دەکات، وێنەی ئەو تەقینەوانەی لەهەمانکات دەفەوتێنێ و پاکژیش دەکاتەوە، وێنەگەلێ لە هەقیقەتیدا ئاوێتەیەکە لە ئەزموونی وێناکراوی ئەو

جیهانەی بە ئاژاوەی گلخواردوو ناوزەد کراوە، ئەوە وێنەی ئەو هونەرەیە، کە پێشکەوتن و ئاژاوەیە، خولّقاندن و لەناوبردن، ئەوە وێنەی «دوو رووە» هەروەک یەکێ لە بەشداربووانی ئەو کتێبە وەسفیکردووە.

دژیەکەکان وەدیارکەوتن بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئێمە دەتوانین مەزەندەی (پاوەند) لە بارەی ئەو ئاوێتەییە فراوان بکەین تا ئەزموونی دیکەش بگرێتەخۆ، یا با لەوەی (پاول کلی – Paul Klee) لە بارەی نیگارکێشان گرتی، تێفکرین «جاران ئاوا راهاتبووین ئەو شتگەلانەی کە بەڕاستی لەسەر زەوینەی واقیعدا هەن دەستنیشان بکەین، شتگەلێ حەزمان دەکرد یا ئومێدمان بوو سەیریانبکەین، بەلاّم ئێستاکە... شتگەل مانای فراوانتر و زێدە لە لکێک پەیدا دەکات، ئەو شتگەلەی زۆرجار لەگەلّ ئەزموونە ئەقلّییەکانی پێشتر ناکۆکە، هەموو دەکۆشن بۆ جەختکردنە سەر کەسایەتی گەوهەری لەوەی خستراوەتەڕوو» ئێستا دەتوانین مۆرکی جودای رووداوەکانی ئەو سەردەمە تازەیە و دۆزینەوە و بەرهەمەکانی، جوێبکەینەوە، دەبینین لەو سەردەمەدا خولیای گۆڕینی ئەوەی زاتیە بۆ بابەتی، گۆڕینی ئەوەی نابیستریّ، ببیستریّ، هەروەها دەبینین هەولّی وەستانی ئەوەی سێلاوییە، هەلوەسەی ئەوەی ئەقلاّنییە، نامۆیی کردنی ئەوەی باوو رەچاوکراوە، وەڕسوڕانی هەرچی تاوێزە و لە ئاسا بەدەرە بۆ شتگەلێکی باو (لاسایکەرەوە)، بەئاوەزکردنی هەست و نەست، بە زانستکردنی روحانیەت، گۆڕینی شوێن بۆ زەمان، بارستە جۆرێک بێ لە وزە، ئینجا روانینە لە ناهەقیقەت وەکو هەقیقەتی یەکەم و دوایی.

رەنگە ئەو شتەی نووسەرانی نوێخواز هەلّدەبوێری ئەو خولیایەیان بێت بۆ چەپاندنی هەندێ لایەنی درککردنی نوێ وەکو روانینێکی گەشبینانە بۆ مێژوو زانست و گەشەسەندنی ئەقلّ و بڕوایان لەهەمانکاتدا بەهێزی دیکە.

ئەو رێگوزەر و رەوتەی نوێگەرێتی گرتیەبەر فەوتاندنی هەرچی پەیوەند بوو بە ریالیست و ئەمەش لەو بزووتنەوانە بەدیدەکەین، کە لە ژێر سایەی نوێگەرێتیدان وەکو ئیپرێشنیزم و پۆست ئیپرێشینیزم و کووپیکیزم و – دەوامییە – ئایندەگەرایی و تەعبیریی و دادایی و سوریالی ، ئەو بزووتنەوانە هەندێکیان لە ئەوانیدیکە جیان، هەندێ لەو بزووتنەوانەش کۆکراوەی بزووتنەوەی دیکەن، بەلاّم ئەوەی ئەو بزووتنەوانە بەیەکەوە گرێدەدات تێڕوانینیەتی بۆ مێژوو و ژیانی مرۆیی وەکو کارێکی یەکلە دواییەکی ریزبەند نەکراو، سەبارەت بە ئەو مێژوو شتێ نییە بەشێوەیەکی لۆجیکیانە گەشە بکات،



ئەوەی جێی بایەخیەتی ئێستایە، هەنووکە، زۆرجار کارە تازەکان ئاوا لار دەبنەوە وەکو بلّێی رێکخراوبن، ئەو رێکخراوییەش لەسەر بنچینەیەکی مێژوویی نییە هەروەکو حالّەتی ریالیستی و سروشتی، ئەو کارگەلانە بەپێی فرە چینێک لە درککردن کاردەکەن بۆ بەدیهێنانی فۆرمێک یا خوازە – مەجازییەکی لۆجیکیانە وێنە یاخودی سیمبولەکە جا ئەگەر رۆمانسی بێ یا کلاسیکی روون بێ یا توانای زۆری بویّ بۆ درککردنی، ئەو سیمبولەیە هاوزەمانێتی (Symochronity) دەسەپێنێ، ئەمەش بنەمایەکی شێوازی نوێگەرییە، بەو ئامرازانە ئەو (دلّۆپاندن)ە پەستێنراوە وەبەردێت، کە رێش بەخۆمان بدەین ئاماژەی (ت. ئلیۆت) بۆ هاوزەمانێتی و کلتور بخوازینەوە لە قسەکانیدا لە بارەی «یۆلیسیس» «ژیانی نویّ دەکات بە ماددەیەکی ئاوا رەچاو دەکریّ هونەر وەسوودی بێنێ» لێرەوە، گرفتێکی دیکە رووبەڕوومان دەبێتەوە لەکاتی لێکۆلّینەوە لە نوێگەرێتی و ئەرکەکانی.

کارو ئەرکی هونەر رزگارکردنی واقیعە لە هەرچی پەیوەندی هەیە بە ئاژاوەوە، هەقیقەت کەرستەیەکی ئامادە نییە لە چوارچێوەیەکی رێکوپێکی مێژوویەوە هاتبێ، ئا لێرەدا رۆلّی ئەندێشە دێ بۆ پاکتاوکردنی واقیع لە خلّت و خۆلّدا و لێرەدا نوێگەرێتی لە سەریەتی رۆلّی خۆی بگێڕێ لە دەربازبوون لەو تەنگانەیە.

گەر هاتوو گریمانەکانمان لە بارەی سروشتی ئالّۆزیی نوێگەرێتی، راست بێ، دەتوانین گشت دیاردە گرنگەکانی بدینینەوە لە سالاّنی بەر لە بیستەکانی ئەو سەدەیە، کە هەندێ رەخنەگر بە سالاّنی گەشانەوەیان لە قەلّەمدا.

ئێمە دەتوانین دەست بخەینە سەر زۆرێک لە نیشانەکانی نوێگەرێتی لە ماوەکانی پێش جەنگی یەکەمی گەردوونی. نیشانەکانی وەکو: رۆچوونە قوولاّیی واقیع، بەیەکاچوونی ماوە مێژووییەکان بەگوێرەی روانینی هزری هونەرمەند، تامەزرۆیی بەدوای وێنەی مانابەخش، بڕوا بەهەستکردنێکی ئیستاتیکی، فرە وێنەیی ژیان، واقیع کێشەیەکی ناگەوهەرییە، ئەو هەموو خەسلّەتانە لە سەدەی رابردوو بەدی دەکەین، نەخاسمە لەهەردوو بزووتنەوەی سیمبولیزم و سروشتگەرایی، ماوەی دوای جەنگ ماوەیەکی یەکلاکەرەوە بوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە جەنگ قۆناخێکی گواستنەوەبوو بۆ تازە.

چاکترین کەسیش لە بارەی ئەو بابەتەی نووسیوە (فرانک کیرمود – Frank Ker-

mode)ە لە کـتـێـبـی (هەسـتکردن بە کـۆتاییـەک – The Sense of on Ending) (کیـرمـود) لەم کتـێبـەیدا زۆری خستۆتەڕوو لە روونکردنەوەی نیشـانەکانی تیـۆرەکانی رۆمـاننووسی نوێ و لە دیاریکردنی نیـشـانەکـانی درککردنە تازە مـێـژووییـەکـان[٥١] (کیـرمـود) پێی وایە هەر سەدەیەک خاڵی وەرچەرخانی خۆی هەیە هەڵـوێستی خەڵک لە تەنگژەکـان دیاریدەکـات و وایان لێـدەکـات ئاوا لە مـێـژوو رابمێنن وەکـو زنجـیـرەیەک لە گەشەکردن، هەروەها وایان لێدەکات لە کۆتایی جیهانی نوو و سەرەتاکەی بکۆڵنەوە ئەو درککردنەش، ئاسایی، مێژووییەکی هەیە بۆ قووڵایی رابردوویەکی دوور دەکشێ، ئەوەیش نوێگەرێتی دەیکات وروژاندنی گرنگیدانە بەفۆرم و گرنگێتی زەمەن، ئەمەش هۆیەکە بۆ هەوڵدانی بوێرانە بەمەبەستی جیاکردنەوەی خاڵی وەرچەرخان، کە لەخۆیدا یەکێکە لە نیـشـانەکـانی ئیـدراکی نوێ (خـاڵی وەرچەرخـان سـەبارەت بە «هنری جیـمس» سـاڵی ١٩٠٠–ە سەبارەت بە «فرجینیـا وۆلف» سـاڵی ١٩١٠ بە، بەڵام سـەبارەت بە «د. هـ. لۆرانس» سـاڵی ١٩١٥ –یە) ئەو ئاراستـەیەش یارمـەتیـدەرە بۆ راڤـەکـردنی زۆرێک لە ناوەڕۆکەکانی نوێگەرێتی، کۆششی هێمایی لە رەتدانی رەوتی مێژوویی لە میانی پشت پێ بەستن دیتنێکی هونەری رووندەکـاتەوە کـە زەمـەنێکی دیاریکراو رادە و سنوری بۆ دانانێ، هونەرمـەند هەروەک لە رۆمـانی (گـاتـسبی – Gatsby) (سکۆت فـتـزگـرالد – Scot fitzgerald) بەدی دەکەین، میلی کاتژمێرەکەی سەر رەفەی ئاگردانەکە بەرەو دواوە دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەوەی جـوانی ببـینێ و لە خـەوندا بژیێت. ئەو ئاراسـتـەیە، هەروەها رووندەکـاتەوە، ئارەزووی دووبارە خـسـتنەڕووی پێکەوەنانی ئەقڵ و کـارەکـەی، (د. هـ.لۆرانس) دەڵـێ: «گەر بمانەوێ لەرێگەی بیرکـردنەوەی بتـپـەرسـتێ بگەین، پێـویسـتـە بەتەواوی ئەو رێگەیە لەبیر بکەین کە بەهۆیەوە بیردەکەینەوە و وا لە ئەقڵـمان بکەین لە بازنەدا بجووڵێ یا لە وێنەیەک بۆ یەکێکی دیکە بازبدا.

کـاتێ بڕوا دێنین زەمـەن لە هێـڵـێکی راست و رێکی ئەزەلی دەڕوات، بەمـە لەگـەڵ دەرککردنمان و دڵڕەق و ستەمدار بووین و دووچاری ئیفلیجیمان کرد».[٥٢]

هەروەها ئەو هەڵوێسـتـە هەڵکوتانی نوێگەرێتی بۆ سـەر روونکردنەوەی جـیـهـان و تیـشک خـسـتنە سەر دەردە سـەریەکانی رووندەکـاتەوە، کـە تەنیـا بەدووبـارە وێناکـردنی جیهان و پێزانینی توانا خودییەکانی، چاکدەسڕێتەوە، ناشکرێ ئەمە بێتە دەست تەنیا لای ئەوەی خودان توانابوو بەسەر ئەندێشەدا.



ئەو هەڵوێسـتـە یەکلاکـەرەوەیە تا دوای جەنگ بەردەوام بوو، راست تا ساڵی ١٩٣٠ دوای ئەوەش پێـویست بوو دووبارە توخـمـەکـانی نوێگەرێتی دابەشبکرێنەوە، بەتایبـەتی کـاتێ رۆشنفکران لە گـرنگی مـێـژوو گەیشتن و کـاتێ (هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی باڵی کێشـا بەهۆی بڵاوبوونەوەی گیروگرفتە رامیاری و ئابوورییەکان و هەڵوەسوڕانی تەکنەلۆجی هاتەئاراوە). بەم جـۆرە نوێـگەرێتی نیـشـانەکـانی روونبـوویەوە و زۆرانیش مـرخـیـان لێخۆشکرد بۆ ئەوەی راوبۆچوونیـان لە بارەیەوە بخەنەڕوو، لەبەرئەوە لەو کـتـێبە چاومان خستە سەر ئەو ماوەیەی بەر لەساڵی ١٩٣٠، ئەمەمان کرد و بێ ئەوەی بڕوامان بە دانانی رادە و سنووری زەمـان هەبێ، ئەو نمایشـە مـێـژووییـە گـشـتگیـرەی نوێگەرێتی، کـە لەو کـتـێبـەدا پێشـکەشمـان کـردووە، دەبێ یاریدەربێ بۆ تێگەیشتنی هونەری نوێ، کە درێژە پێـدەری رابردووە، هۆیەکی دیکەی ئەو لێـوردبوونەوەیەمان ئەمەیە ئێـمـە حەشاماتێکی زۆرمـان لەو بەهرەدارە لە ئاسـا بەدەرانەمـان بینی، کـە لە مـاوەی سـاڵانی نێـوان ١٨٩٠و ١٩٣٠دا ژیاون، بەدەگـمـەن مـاوەیەکی مـێـژوویی دەبینیـەوە ئەو ژمـارە بێـشـوومـارەی بەهرەدارانی لە ئامـێـز گـرتبێ وەکـو ئەو مـاوەیەی ناومـان هێنا، جـا چ لە ئەورووپا یا ئینگلتەرا یا ئەمریکا، لەو بەهرەدارانەی، بەپرسیـارگەلێتی ئیسـتـاتیکی ئاڵۆز و شێـوازی رەسەن و ژیریی لەرادەبەدەر، ناسرابوون، وایلێکردن شایانی لێکۆڵـینەوەیەکی دووردرێژ بن، لەوانەیە نوێگەرێتی مەسەلەی روونکردنەوەیەکی شێواز ئامێزبێ دیاری نەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆری نووسەران لە سایەیدا بوون، ئەوانەی هەقیان بە هونەردا.

کـەچی ئەمـە هەروەکـو پێـشـتـر وتمان گـشت نووسـەرە دیارەکـانی سـەدەی بیـسـتـەمی بەسەریەکا کەڵەکە نەکردووە، بەڵام پێمان وایە ئێمە لەیەک دانراودا گرنگترین لایەنەکانی نوێگەرێتیمان کۆکردۆتەوە، کە ئەوان، گرنگترین داهێنانە وەدەستکەوتووەکانی ئەو سەدە ئاڵۆزەن.

# بەشی دووەم

# کەشی هزری و شارستانێتی

گیروگرفتی بناوانی هزری و شارستانێتی و کۆمەڵایەتی نوێگەرێتی گفتوگۆیەکی زۆری وروژاند، ئەمەش تاڕادەیەک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، نوێگەرێتی وەکو ئاراستەیەکی ئیستاتیکی ئاڵۆز، رووە و گوزارشتکردنێکی ریالیستانەی راستەوخۆ لای نەکردۆتەوە لە بارەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی پێکیانهێناوە، روونە نوێگەرێتی لە جیهانێکە بەردەوام بەخێرایی لە نوێ بوونەوە دایە، جیهانی بەشارستانی بوون و پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆجی، جیهانی دینیایی، جیهانێک چالاکی کۆمەڵایەتی تیایە فرەیی بووە، هەروەها ئاشکرایشە ئەو هونەرە هونەری جیهانێکە گەلەک لە شتگەلە بەڵگە نەویستە تەقلیدییەکانی لێ دوور بوو و بەپێشکەوتنی مرۆگەل و بەو واقیعە بەرچاوە پتەوە، ئیمانی فکتۆری لێبوو بە هەڵم، نوێگەرێتی لە دوو توێیدا ئاراستەیەکی هەڵگرتبوو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم روون بۆوە، ئاراستەیەک رووەو زانیاری فرەیی تەماوی– پلورالیزم – (Pluralism)(*) ئاراستەیەک بۆ رەپێشخستن و بە باشتر زانینی تاقیکردنەوە بەسەر ئەقڵی رێکخەر، دوو وتارمان لەبەردەمدایە – لە وتاری یەکەم(ئەلن بلۆک) لە دژیەکە رواڵەتییەکانی نێوان خوێندنەوە کارییەکی – ئیستقراء – شارستانی و بازرگانی و شۆڕشە هزری و هونەرییەکانی سەرەتای ئەم سەدەیە دەکۆڵێتەوە.

لە وتاری دووەمیش (جیمس ماکفارلن) هەندێ گۆڕانکاری هزری، کە بناخەی نوێگەرێتی دارڕژت، تاوتۆ دەکات.



## ئەلیف: وێنەی دوو سەرە (دوانە)
## (ئەلن بلۆک)

-١-

جەنگی یەکەمی جیهان (١٩١٤-١٩١٨)، کە ئەوروپای پارچە پارچە کرد کارێگەرێتییەکی قووڵی بەسەر ئاکامەکانیدا هەبوو، ئاسان نییە مەزندەی ئەو هەلومەرجە بکرێ، کە پێشی جەنگەکە هاتەئاراوە، هەروەها ئاسان نییە لە زیادەڕۆیی خۆ بەدوور بگرین لە وێناکردنی ئەو ململانێیەی لەو ساڵانەی پێشی جەنگ هەبوون، ئەو ململانێیە و ئەو هەلومەرجەی تەنگژەیەکی بەرفراوانی لە کۆمەڵگەی ئەوروپا خوڵقاند، ئەوساکە ئەو هەستە باوبوو، کە دەبێ بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان هەر پشت بەهێز ببەسترێت، لەگەڵ ئەوەشدا و وێڕای هۆیەکانی ئەو شڵەژاوییە هۆکارەکانی ئارامیی و سەقامگیریی وەک روونیی هۆکارەکانی دابەشبوونەکان، روون بوو، ئینجا ئێمە گەر سەیری ئەو ساڵانەمان کرد، هەروەکو چۆن ئەوانەی تیا ژیاون سەیریان کردووە، ئەوە ئێمە دوو وێنەی دژ بەیەک دەبینین، لە وێنەی یەکەمدا شەقامێک بەدیدەکەین لە شاری لەندەن لە هاوینی ساڵی (١٩٠٤)، لەو وێنەیەدا قەڵەباڵغییەکی زۆر لە بەردەم بۆرسەی لەندەندا دەبینین، ئێمە – بزنسمانەکان – بە شەپقەکانیانەوە دەبینین، دەیانبینین لەسەر شۆستە و لەژێر چرا نەوتییەکاندا، سەرگەرمی قسەو باسن لەگەڵ کارمەندانی بۆرسە، لەوێدا تۆلازێک پۆشاک پەرپوت رۆژنامە دەفرۆشێ، هەر لەوێدا دوو ئافرەت دوو تەنوورەی درێژیان لەبەردایە و دوو شەپقەی بەرینیان لەسەر سەر داناوە و دوو چەتری هەتاوییان هەڵگرتووە شەقام قەرەباڵغە بەجۆرەها گالیسکەی جیاجیای ئەسپ راکێش، ئا ئەوەیە دیمەنی باو، کە ئەوکات دەکرا هەموو رۆژانی هەفتە لە دەوڵەمەندترین و گەورەترین شار لە جیهاندا بیبینین.

بەڵام لە وێنەی دووەم تابلۆی «خاتوونانی شاری ئەڤینیۆن Les Demoiselles d’Avignon»ی، بیکاسۆی هونەرمەند دەبینین کە لە ساڵی ١٩٠٧ کێشاویەتی لەو تابلۆیە کارتێکردنی روونی ئیسپانی و ئەفریقی بەدی دەکەین ئەو تابلۆیەش بەشێوەیەکی راستگۆیانە بەیەکەم تابلۆ دانرا لە نواندنی سەدەی بیستەم.

لەو تابلۆیەدا پێنج ئافرەتی رووت دەبینین (بیکاسۆ) وێنەی کردوون بەهێڵی

(موعین)ی، سێگۆشەیی بەبێ ئەوەی لالە لۆجیکی هاوسازیی بکاتەوە بەمانایەکی دیکە بەرێگەی (تەکعیبی) وێنەی کردوون، ئەو دوو وێنەیە بارودۆخی گشتی بەرجەستە دەکات، کە لە ماوەی نێوان سەرەتای سەدەی بیست و ساڵی ١٩١٤دا، باوبوو.

-٢-

ئەو وێنەیەی شەقامی لەندەن شارستانی بۆرجوازی پوختە دەکاتەوە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم گەیشتە چڵەپۆپە، لەو ماوەیەدا پایتەختە ئەوروپییەکان لەندەن و پاریس و بەرلین، مەڵبەندی پیشەسازی و بازرگانی و دارایی بوون بەپێی تێگەی سەرمایەداری، کە لەسەر قازانجی تایبەت و پرۆژەی ئازاد دادەمەزرێ.

ئەو پەنجا ساڵەی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی ماوەیەکی مێژوویی دیاربوو لە نەشونمای ئابووری، گەشانەوەکەی کەمتر نەبوو لە گەشانەوەی سەردەمی ئێستامان، لە ساڵانی ١٨٧٠و تاکو ١٩١٣ رێچکەکانی چالاکی و بەرهەمی پیشەسازی جیهانی لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر خێراتر، بەخۆ کەوتن، بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا کۆنترۆڵی لە ٦٠٪ی کالا دروستکراوەکانی بازاڕی جیهانیان کرد و لە ماوەی نێوان ١٩٠٠-١٩١٠ ئەڵمانیا تین و وزەی لە بەرهەمهێنانی پۆڵا و ئاسن و خەڵووز دوو هێندە لێکرد و شۆڕشی تەکنەلۆجیاش هاوشانی ئەو گەشانەوە پیشەسازییە بوو و ئەو شۆڕشەش، کە لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو و سەرەتای سەدەی بیست روویدا، داهێنانی گەورەی ئەوتۆی لێکەوتەوە بناخەی گەشەسەندنی تەکنەلۆجی لە سەدەی بیستەم، چەسپاند، لەو داهێنانانەش: ماشێنی سووتانی ناوەکی، ماشێنی دیزل، ماشێنی تۆربین، کارەبا و نەوت وەک دوو سەرچاوەی تازەی وزە، ئۆتۆمۆبیل، پاس - یەکەم پاس لە لەندەن ساڵی ١٩٠٥ پەیدابوو، تراکتۆر، فڕۆکە، تەلەفۆن، ئامێری چاپ تەلەگراف ( بەردی بناخەی نووسینگە تازەکان) پیشەسازییە کیمیاییەکان، کوتاڵی پیشەسازی، بۆیە، پلاستیک، نەشونمای دانیشتوانیش هاوشانی ئەو پێشکەوتنە پیشەسازییە بوو، لە ساڵی ١٩٠٠دا دەبینین یازدە پایتەخت لە جیهان ژمارەی دانیشتوانی لە یەک ملیۆن کەس رەتدەدات، ژمارەی دانیشتوانی لەندەن زیاتر لە پێنج ملیۆنە (هەروەها نیویۆرک)و پاریس سێ، بەڵام بەرلینیش ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە دوو ملیۆن بوو.

شێوەی گشتی کۆمەڵگەی ئەوروپی و ئەمریکی لە سەرەتای سەدەی بیستدا بەم جۆرە



بوو کۆمەڵگەیەکی میکانیکی پیشەسازی ژیان تێیدا بەپێی رێوشوونی رۆتینی نووسینگە و کارگەکان، بەڕێوە دەچێت، دوو نموونەی بزنسمانمان لەبەردەمدایە، ئەوانەی بەنهێنی سەرکەوتنیان لەو جۆرە کۆمەڵگەیانە، زانی بەر لە ساڵی ١٩١٤ (فۆرد) لە ئەمەریکا و (ولیەم لیڤەر) لە ئینگلتەرا، ئەو دوو پیاوە لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زۆر لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستی ئەو بازێرانەی زۆر بەکاردەبەن، بەلەد و لێزان بوون، لە هەمانکاتدا پیشەسازییەکی دیکە سەریهەڵدا پیشەسازکاریی خۆش رابوێریی (guter tainmentindastry) کە هێشتا لە چاوەڕوانی ئەو کەسە دایە مێژووەکەی تۆماربکات.

لە ساڵی ١٨٩٦ (ئەلفرد هارمسویلث) رۆژنامەی (دیلی میل)ی چاپکرد، کە یەکێ بوو لە رۆژنامە میللییەکان و لە ساڵی ١٨٩٥ (برایانی لۆمێر) دەزگای سینەمایان دۆزییەوە، ئینجا (مارکۆنی) هات و دەزگای بێتەلی تەلەگرافی دۆزییەوە، لەو ماوەدا یەکەم خانەی نمایشی سینەمایی لە جیهان بەرچاو دەکەوێ (نکلدیۆن - Nickel deon)، کە لە ساڵی ١٩٠٥ لە (پترسبۆرگ) کرایەوە، بەمجۆرە هۆیەکانی پێوەندی پێکردن بە جەماوەر، لەدایک بوو - هاتە ئاراوە.

ئەوروپا لەیەککاتدا لەڕووی رامیاری و ئابووری بەسەر جیهاندا زاڵبوو، لەو ماوەیەدا تەنیا دووگەل هەبوون لەدەرەوەی ئەوروپا خاوەن سەربەخۆییەکی راستەقینەبوون ژاپۆنی و ئەمریکی، بەڵام گەلانی دیکەی جیهان لە نێوان ئیمپراتۆرییەتە ململانێکارەکانی ئەوروپا دابەشبوون یا لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتانێ بوون وەکو چین و ئێران و ئیمپراتۆریای عوسمانی و وڵاتانی ئەمریکای باشوور، ئەو وڵاتانەی دواییش لەوپەڕی لاوازی و گەندەڵی دابوون تەنانەت نەیاندەتوانی لەبەردەم فشارە رامیاری و ئابوورییەکان خۆرابگرن.

ئەو سەردەمە، سەردەمی کۆلۆنیالیزم بوو، کە تەنها هەر لەسەر کۆڵەکەی سەروەریی ماددیی هەڵنەنرابوو، بگرە - ئەمەش مایەی گومانە - لەسەر سەردەستەیی رەچەڵەکی رەگەزی سپی خاوەن رەگوریشاڵی ئەوروپییش هەڵزابوو.

لە ساڵی ١٩٠٠ بەریتانیا دەستی بەسەر چارەکێکی گۆی زەوی داگرت و ژمارەی دانیشتوانیشی چوارسەد ملیۆن کەس بوو، لەندەن پایتەختی ئیمپریالیزم بوو بەبێ رکابەر، ئیمپریالیزم رژێمێکی رامیاریی ئەوتۆ نەبوو تەنیا پشت بەهێز ببەستێ، بەڵکە سیستەمێکی هزریش بوو حەز و خولیای بیریاران و نووسەران و بزنسمان و سەربازو مژدە

دەر و سیاسەتمەدارانیشی وەک یەک، بۆ خۆ راکێشا.

پیشەسازی و مەرام و نیازە فراوانخوازەکان لە ئەوروپا لە دوایین بەشی سەدەی نۆزدەهەم گۆڕانکارییەکی رامیاری و کۆمەڵایەتی دوورمەودای نایەوە و سەر تۆپی ئەو گۆڕانکارییانەش دەستەبژێری تەقلیدی ئەوروپی بوون، کاتێ بەرەچەڵەک و خاوەندارێتی زەوی و زار دەگەشانەوە وایلێهات خۆی بسازێنێ بۆ پێگەوە ژیانی لەگەڵ پیشەسازکاران و پیاوانی بانکەکان و پیشەگەران، ئەو موڵک وماڵانەیشی ئۆرستۆکراتە ئەوروپییەکان، کە هەر لە ئوسکوتلەنداوە دەکشان تاکو مەجەر و لە ئیسپانیا بۆ رووسیا، لێیان دڵنیابوون و جێگای مەترسی نەبوون. خانەوادە رەسەنەکان لەگەڵ یەکدیدا بەشێوەیەکی غەریب چڕ دەبوونەوە، ئەو چڕ بوونەوەیەش جیهانێکی هێناکایەوە بناخەکەی سامان و کبریای بەتاڵ بوو – ئەوە جیهانی (رتز)و (مونت کارلو)و (دوڤیل)و (بیارتس)ە.

شا ئەدواردی حەوتەم، کوڕی شاژن فیکتۆریا، پارێزەر و چاودێری ئەو جیهانەبوو ئەمە بوو لە لوتکەدا بەڕێوە دەچوو، بەڵام گەر خەڵکی ئاساییمان وەرگرت ئەوە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەیانبینین جیاوازی چینایەتی بەڕێوەی دەبات و جیاوازییەکی گاڵتە ئامێز لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند، باڵی بەسەر داکێشاوە جیاوازییەکانی نێوان چینە خۆشگوزەران و چینەی کرێکار روون بوو نەک تەنیا لە جلوبەرگ و خۆراک و نشینگە و فێرکردن، بەڵکە تەنانەت لە دیمەن و رواڵەتی جەستەیی و ئەقڵیش.

چینی هەژار لە گەڕەکە ناگزوورە قەرەباڵغەکانی شارە گەورەکان ژیاون و لەسەر ئەو بناخەیە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە گوایە ئەو رۆنەن کارکردنی ماشینی کۆمەڵایەتی و ئابووری ساناتر دەکات.

لە ساڵی ١٩٠٠ کرێکاران زانیان چۆن خۆیان رێکبخەن و بەچۆنیەتی نارەزایی دەربڕین بزانن، بەڕاستیش بارگرژی چەند بارە روویدا لە چواردە ساڵی داهاتوودا، پارتە سۆسیالیستەکان سەرکەوتن لە بەدەستهاتنی زێدە ئەندام و دەنگ، بەمجۆرە گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان خۆی دەسەپاند بەسەر لیستی کاروبارەکانی سیاسەتمەداران، بەڵام دەبێت وانەکەین، نەیەڵین زانیارییەکانمان لە بارەی ئەو ماوەیە لە خشتەمان بەرن بەوێناکردنی دیمەنێکی زێدەڕۆییانە لە بارەی بارودۆخی ئەوکات، تاکو ساڵی ١٩١٤ شۆڕشێکی ئاوا شایەن بەسەر بارودۆخ کە روینەدا، جگە لەوەی لە رووسیا رویدا، لە ساڵی ١٩٠٥ راپەڕینێک لە ئاکامی ئەو بێئومێدییەی دووچاری رووسی ژاپۆنی بوو، روویدا،



تەنانەت رووسیاش توانی، کە ئەوسا رژێمەکەی لە بێهێزترین رژێمەکانی ئەوروپابوو لە ساڵی ١٩١٤ هێزی بەبەرخۆیدا بێنێتەوە و ئەمەش مایەی گفتوگۆیە، گەر جەنگی یەکەمی جیهانی نەبوایە کەس نەیدەتوانی شۆڕشێکی بەزەبر لە ئەوروپا هەڵگیرسێنێ، بێ ئەو (لینین) لە تالاّوگە و لە سویسرا هەر هەڵدەتروشکا، لە راستیدا هیچ حکومەتێکی ئەوروپی راڕا نەبوو لە بەشداریکردن لە شەڕی ساڵی ١٩١٤، ئەوروپا بەر لە ساڵی ١٩١٤ بۆ دوو ئۆردووی رکابەر دابەشببوو: فەرەنسا و رووسیا لەلایەک و هێزەکانی ناوەندیش لەلایەکی دیکەوە، هەر ئۆردوویەک لە کێبڕکێ دابوو بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین چەک لە پێناو بەزاندنی ئۆردووی دیکە، ئینگلتەرا و ئەڵمانیا کێبڕکێیانە لەسەر سەروەرێتی دەریایی، تەنیا کەمێک ئاگەداری ئەو مەترسیانە بوون، کە لەو شەڕەدا کەوتەوە بە شێوەیەکی روونیش لە سییەکانی ئەم سەدەیە سەریهەڵدا، کاتێک وێنەی ئەوروپا بەر لە ساڵی ١٩١٤ بێ بریسکە دەردەچێت، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە لە هەوڵی چڕکردنی ئەدگارە سەرەکییەکان و خستنەڕوویانین لە چەند پەرەگرافێکی کەمماندا.

زۆر لەسەر ئەو «ماوە جوانەی نووسراوە و لە بارەی سەقامگیریی لەسەردەمی ئەدواردی، بەشێوەیەک نووسراوە ئاماژەیە بەتاسە و پەرۆشییەکی زیادەڕۆیی بۆ ئەو ماوەیە.

ئەو تامەزرۆیەش پاساوی خۆی هەیە، وێڕای ئەو ترسە پچڕپچڕانەی جەنگ و مانگرتنانەی داوای مافی ئافرەت لە هەڵبژاردن دەکەن و مەترسیەکانی ململانەی کۆمەڵایەتی، کەچی چینەکانی مامناوەند و سەروو بەجۆرێک لە ئازادی و دڵنیایی شادببوون تاڕادەیەک بۆمان ناکرێ ئێستاکە مەزندەی بکەین. زۆرێک بەبەرەوبوومی ئەو بارودۆخە شادبوون زیاتر لە هەر کاتێکی دیکەی رابرد، چۆن زۆر لەو خانەوادە ئاساییانەی سەر بە چینی مامناوەند ژینێکی دڵئاوا و خوا پێداوانە ژیاون بەهۆی کەمیی باج و نەبوونی هەڵاوسان و بەهۆی خۆراکی هەرزان و کرێی کەمی کارکردن و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان. مایەی سەر سوڕمان نییە بۆمان کاتێ دەبینین زۆر کەس لەو خێزانانەی دوای جەنگ ژیاون بەتاسە و پەرۆشی ئەو رابردووەن، کە خۆشگوزەرانی و دڵنیایی بۆ پاشەکەوت کردوون. ئەمەش لەگەڵ ئەو هۆکارانەی دیکە، کە پێشتر ناومان بردن ناکۆک نییە، هۆکارەکانی سامان و سوڵتان و نادادوەریی و کبریای رەچەڵەکی و چینایەتی، لەراستیدا کاتێ یەکێ چاو لەو ماوەیە دەکا و دەکۆڵێتەوە بۆچوونێکی لا

دروستدەبێ بریتییە لەوەی ئەوانەی لەو ماوەیەدا ژیان خەڵکانێک بوون متمانەیان بەخۆبوو، خەڵکانێک نیگەرانی و مەترسی و وەهم و خەیاڵیان نەدەناسی، لەراستیدا هەندێ نووسین هەبوون ئەو مەترسیانەیان گرتبووە خۆ، کە لەدوایی بەجۆرێک بەرجەستەبوو تێکڕای ئەوروپا بگرێتەوە، دوور نییە ئەو مەترسی و وەهم و نیگەرانییەش هۆکار گەلێ بن ئێستا لە جیهانمان دووربکەنەوە.

-٣-

ئێستا با بۆ تابلۆکەی (بیکاسۆ) «خاتوونەکانی شاری ئەڤینیۆن» بگەڕێینەوە وێنەیەکی جیامان لە بارەی ئەو ماوەیە پێدەدات.

ئەو تابلۆیە بنەما تەقلیدییەکانی وێنەکێشانی شێوە مرۆییەکانی، وەلانا. ئەمە ئەو هێدمە شارستانێتییە دەنوێنێ کە ساڵی ١٩١٤ کلتوورێکی تازەی هێنایە بەرهەم ساڵانی هەوەڵی ئەو سەدەیە لە ساڵانی مێژوویی هونەر زێدە رەسەن و زیندوویەتی لەرادەبەدەر بوو، ئەمەش بە روونی لە پاریسدا وەدیار دەکەوێ، لەو شارەدا جگە لە (سیزان) کە ساڵی ١٩٠٦ مردووە (ماتیسن)و (مارکیتی) و (رویە)و (ئەتریۆ)و (دیران)و (ڤاملنک) و (براک) و (لیکار) و (ئارب) و (بیکاسۆ) و (دیشۆ) دەبینین. دەتوانین ناوی کۆمەڵێک وێنەکێشی دیکە بخەینە سەر ئەو لیستە، ئەوانەی لەو ماوەیەدا سەردانی پاریسیان کرد وەکو (نولی) و (فرانزمار) و (فرانکوسی) و (ئەرکیبیکۆ) و (مارچاکال)و (بول کلی) و (جان کیلی) و (مۆدلیانی) و (سوتین) و (بییت مۆندریۆ) و (شیریکۆ) ئەو ناوانە ئاماژە بە گەشانەوەی بلیمەتێکی هونەریی لەو ماوەیە دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا پاریس تاکە مەڵبەندی ئەو چالاکییانە نەبوو، لە در - مسدن، لە ماوەی نێوان ١٩٠٥-١٩١٣ وێنەکێشە ئەڵمانییەکانی سەر بەو نەوەیە، نەوەی (بیکاسۆ) و (براک) جڤاتێکیان (کۆمەڵە) پێکەوەنا بەناوی (دی برۆک) کە کانگایەکی بزووتنەوەی تەعبیریی بوو، کۆمەڵێکی دیکە دەبینین ناویان لەخۆ نابوو (بلاورویتر) ئەمەش لەوەی پێشی کەم بایەختر نەبوو، ئەو کۆمەڵانە ئەندامی ئەوتۆیان تێدابوو وەکو (بول کلی) و (کاندنسکی) و (جولنسکی)رووسیایی و (ناوم کابو) ئینجا (کاندنسکی) و (کلی) کە چالاکییە هونەرییەکانیان لە مانگی شوباتی ١٩١١ دەستپێکرد هەروەک بەڵگەی کارەکانیان پێمان دەڵێن، بوون بەدوو ئەندامی کۆمەڵەی (باوهس فی ریساو) کە



ناودارییەکی زۆری ئەڵمانی دوای جەنگ بەدەستهێنا، (کاندنسکی) یەکێ بوو لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی «ئەبستراکتی هونەری» لە میونیخ کتێبێکی بەناوی (دەربارەی توخمی رۆحی لە هونەردا) چاپ کرد و دەزگای (پایپر)یش بڵاوی کردەوە. هەمان دەزگا دوو کتێبی دیکەی بڵاوکردەوە، کە بەدوو بەڵگەنامەی گرنگ و دوو سەرچاوەی گرنگ لە مێژووی هونەری هاوچەرخ دادەنرێن، ئەوانیش «ئەبستراکت و خۆگۆڕیی سۆزییاریی «Abstraction and Empathy»ی «فلهلم فورنکر Witheim Worringe (١٩٠٨) و «فۆرم لە هونەری قوتی From in Gothic » (١٩١٢)ی خودی (کاندنسکی). ئەو نیگارکێشە رووسیاییانەی لە میونیخ نیشتەجێ بوون پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەکۆمەڵەیەکی دیکەی نیگارکێشانی رووسی کە لە مۆسکۆ هەبوو وەکو (کاسمیر میلیفیج)و (رووجینکو)و (تاتلین) و (لە نێوان بفیسنر)و (ناوم کابو) ئەو لیستەی بەناوی وێنەگرانی دیاروکارای بەر لە ساڵی ١٩١٤ کەموکوڕی تێدایە گەر بێ و هەندێ ناوی دیکەی وەکو (جیمس ئینسو) نەخەینە سەر ئەو نیگار کێشە بەلجیکییەی رێگای خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سوریالی و (ئۆسکار کوکوشکا)، کە پیشانگەیەکی تایبەتی لە بەرلین لە ساڵی ١٩١٠ کردەوە و (ئدفارد منج) هونەرمەندی تەعبیری نەرویجی، هەروەها هونەرمەندە ئایندەخوازە ئیتاڵییەکان ئەوانەی لە مانیفیێست و پێشانگەکانیان لە نێوان ساڵانی ١٩٠٩-١٩١٤ گرنگی و بایەخی ئەو هێز و شێوە گەلانەی لە جیهاندا وەرگیراون، خستەڕوو کە مەحکوومن بەئامێر و تەکنەلۆجیاوە.

ئەو کەشە هونەرییە نوێیەی وێنەکێشان کاریکردە سەر نەخشەساز و ئەندازیارانی بیناسازی، لە راستیدا ئەو کەشانە بناخەی بزووتنەوەی نوێیان لە هونەری بیناسازی و نەخشەسازی بەر لە ساڵی ١٩١٤ داڕژت، لە فەرەنسادا (تۆنی کارنییە)ی ناودار بەدیدەکەین بەنەخشەسازییەکانی شارەکان خودان هێڵی راستەوانە، کە بۆ ماوەی نێوان ١٩٠١ تا ١٩٠٤ دەگەڕێتەوە، لێرەدا ئەندازیاری سیویسری (رۆبەرت میلارت) هەیە، کە بە نەخشەسازی پردی (تافانسا) ناسرابوو، کە بە کۆنکرێتی شیشڕێژ لە ساڵی ١٩٠٥ چێکرابوو، هەروەها ئەو ناوانەی دیکەش: (ئەدۆلف لویس) کە دیکۆری بە تاوان لە قەڵەمدا و بە نەخشەسازیی ئەپارتمانە ناودارەکان، ناوبانگی دەرکردبوو وەکو (ماڵی شتاینەر) (بیتەر بیهرنز) ئەندازیاری بیناسازی ئەڵمانی بوو بە راوێژکار لە کۆمپانیای کارەبای ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٠٧و کۆمەڵە ئەندازیارێک بە قوتابی بوون وەکو (ولتەر

کرویس)ی لە دایکبووی ساڵی ١٨٨٣و (میس فان دیررو) لە دایکبووی ساڵی ١٨٨٦ (سەرنج بدە ئەوانە سەر بە نەوەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوون). کۆمەڵەی (ئەلبوهاوس) دامەزرا، کە دەرفەتی ناوداریی دا بە (کرویس) لە بیستەکانی ئەو سەدەیە، گەرچی بناخەی ئەو کۆمەڵەیە بەر لە جەنگ لەلایەن (فیربند) و (هرمان موثیسیاس) دانرا، کە سەرپەرشتیاری قوتابخانە بروسییەکانی بوو بۆ هونەر و پیشە بەربەستەکانی نێوان هونەرمەند و پیشەسازی تێکشکاند لە پێناو دۆزینەوەی نەخشەسازییە چاکەکان بۆ ئەو ماشێنانەی یارمەتیدەری بەرزبوونەوەی شێوازی بەرهەمهێنانن.

لەودیوی باسەکەوە. ساڵانی یەکەمی سەدەی بیستەم واپێدەچێ و دەڵێین ساڵانی نزیکن لە ئێمە، بەتایبەتی کاتێ لەو بەرهەمانە دەکۆڵینەوە کە لەو سەردەمەدا بەرهەمهاتوون لە تابلۆ و نەخشەسازی و هونەری و بیناسازی، بەڵام لایەنە سیاسی و ئابوورییەکانی و بەڕێوەچوونی ژیان تێیدا، وادیاردەکەوێ هەندێ لە ئێمە دوور بێت، ماوەیەکە تێگەیشتنی گرانە، بەپێچەوانەی ماوەی نێوەڕاستی سەردەمی فیکتۆریی، کە بە بەشێکی بنەڕەتی سەدەی بیستەم دادەنرێ بەڵام، ئایا بەسەر هونەرە دیتەنییەکان بەڕاست دەشکێتەوە؟ ئەی چی لە بارەی مۆسیقا؟ (سترافنسکی) لە یەکێ لە دانیشتنەکانی لەگەڵ (رۆبەرت کرفت) ئاماژەیدا بەوەی ئەوساڵانەی پێش جەنگی یەکەم، لە بەپیتترین ساڵانی مۆسیقایی بوون لەم سەدەیەدا ساڵانی دۆزینەوەی کاریی راستەقینەبوون، بەڵام ئەو ساماندارییە مۆسیقییە تاکو ئاستی پێراسپاردن دابەزی لەکۆتاییەکانی بیستەکان و سییەکان، تۆماری پیشەیی ئەو هونەرمەندە پاڵپشتی ئەو ئالایە دەکات کە ئاماژەی پێدرا، چون لەو ماوەیەدا (ساڵانی بەر لە جەنگ) هەرە باشترین کارە مۆسیقییەکانی بەرهەمهانی.

«باڵندەی ئاگرین» ١٩١٠، (پترۆشکا) ١٩١٢و «تاڵ - دەزووی - بەهار» ١٩١٣، رەنگە لەگەڵ ئەو رایەی (سترافنسکی) کۆک نەبین، بەڵام ئێمە گومان ناکەین لەوەی زمانی مۆسیقا لە سەدەی بیستەم لەو ماوەیەدا هاتە ئاراوە، زمانێک (سترافنسکی) و (دیبوسیت) و (رافل) لە پاریس، و (شونبرگ) و هەردوو قوتابییەکەی (فیبرن) و (ئان بیرک) لە ڤییەنا هەروەها (بارتۆک)، کە لە ساڵی ١٩٠٧ کورسی پسپۆڕێتی لە پەیمانگای مۆسیقا لە بۆدابست وەرگرت دایانهێنا، بەڵام لە مەیدانی ئەدەبدا کێشەکە زۆر ئاڵۆزە و ئەوکتێبەش زۆری تاوتویکردووە، بەڵام من مەزندە دەکەم بزووتنەوەی ئەدەبی



نوێ هەرزوو، پێشوەختە بەرهەڵڵابوو و سەرنج دەدرێ گەر لێرەدا دوو کۆمەڵە هەبێ سەر بەدوو زەمەنی جیاواز، کۆمەڵەی یەکەم ئەو نووسەرانەی کە سەر بە سەدەی نۆزدەهەمن بەگوێرەی زاینگە، بەڵام ئەوان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم کارگەلی ئەوتۆیان بەرهەم هێناوە دەچنە ژێر سایەی ئەدەبی نوێ، بۆ نموونە (سترنبرگ) و (چیخۆف) وەربگرە. (سترنبرگ) لە ساڵی ١٩١٢دا کۆچی کردووە، بەڵام هەندێ کارە مەزنە شانۆییەکانی بۆ ساڵانی نێوان ١٨٩٩-١٩٠٧ دەگەڕێتەوە کاری وەک «تاوانەکان هەمەجۆرن» «جەژنی قیامەت» «سەمای مەرگ» «مۆسیقای خێو» بەڵام (چیخۆف) لە ساڵی ١٩٠٤ کۆچی دوایی کردووە، کەچی تێکڕای کارە شانۆییەکانی لەو هەشت ساڵەی بەر لە کۆتایی ژیانی نووسی «نەورەس» ١٨٩٦ «خاڵە ڤانیا» ١٨٧٩ «سێ خوشکەکە» ١٩٠٧و «بێستانی گێلاس» ١٩٠٤، دەکرێ ناوێکی دیکە بخەینە سەر ئەو کۆمەڵەیە ئەویش (هنری جیمس)ە ئەو نووسەرە ژیانی ئەدەبی بە بڵاوکردنەوەی «دەسکەوتەکانی بوینتۆن» دەستپێکردووە و «ئەوەی میسی زانیویەتی» لە ساڵی ١٨٩٧، ئینجا «تۆپی زێڕین» لە ساڵی ١٩٠٤ هەروەها دەکرێ ناوی (کۆنراد) بۆ سەر ئەو کۆمەڵەیە زیاد بکەین، (کۆنراد) رۆمانەکەی «لە ژێر چاوە خۆرئاواییەکان» لەساڵی ١٩١١ بڵاوکردەوە، کە بیرۆکەیەک لە بارەی سروشتی سیاسەتی شۆڕشگێڕی لەسەدەی بیستەمدا دەخاتەڕوو، بەڵام کۆمەڵەی دووەم نەوەی لاوانە، کە بەر لە جەنگی یەکەم دەستی بە نووسین کرد، لە دواییشدا بوو بە خودان مەیدانی ئەدەبی لە بیستەکان.

لە فەرەنسادا (جید) و (پروست) هەن، (پروست) رەشنووسی کتێبە گەورەکەی لە ساڵانی نێوان ١٩٠٥-١٩١١ دەست پێکردووە، بەشی یەکەمی لە رۆمانی «رێگای سوان» لە سای ١٩١٣ بڵاوکردۆتەوە، (ئەلن فۆرنییێ) کە رۆمانە کورتەکەی «مولکایەتی ون» لە ساڵی ١٩١٣ چاپکرد. ئەمەش شاعیرانی وەکو (بول کلۆدیل) و (بول ڤالێری) و (ئەبولونیر) دەگرێتەوە،لە ئەڵمانیاش (تۆماس مان) ئەو کۆمەڵەیە دەنوێنێ، کە لەو ساڵانەی دیاریکراون ئەو بەرهەمانەی بڵاوکردۆتەوە، «Buddenbrooks» ١٩٠٠، «Tonio kroger» ١٩٠٣ «مردن لە ڤینس» ١٩١٣ هەروەها ئەمە (کافکا)و (هرمان هسە)و (ستیفان جۆرج) و (ریلکە)ش دەگرێتەوە لە ئینگلتەرا و ئەمریکاش «بەرپرسێتییەکان»ی (ییتس) ١٩١٤ دەبینین.

«رۆڵەکان و ئەویندارا ن» ١٩١٣ و «کوڵکە زێڕینە» ١٩١٥-ی (د. ه. لۆرانس)

(ئەزرا پاوەند) و (جیمس جوێس)یش دەبینین، کە «خەڵکانی دبلن» لە ساڵی ١٩١٤و «وێنەی هونەرمەند لەلاوێتیدا» کە بە ئەڵقە بڵاوی کردەوە و ڕۆمانی «یۆلیسیس»، کە حەوت ساڵان خەریکی بوو، هەروەها (وتدام) و (کرتا و ودستاین) دەبینین چالاکییەکانیان هەردوو بواری هونەر و ئەدەبی گرتبۆوە. (لویس) گۆواری (بلاست)ی لە ساڵی ١٩١٤ دەردەکرد و (ستاین) لە ساڵی ١٩٠٣ لە پاریس جێنشین بوو، ئەو ناوانەی خستمانەڕوو وامان لێدەکات یەقین بین لەوەی بزووتنەوە نوێکانی سەدەی بیستەم لە هونەر و ئەدەب و ئەندازەی تەلار دوای ساڵی ١٩١٤ لە دایک نەبووە، بەڵکە پێشی ئەو سەردەم کەوتووە، ئەوە لەسەر شانۆش گونجاوە، (ماکس رانیهاردت) لە بەرلین، و (کورکن کریک) و (ئەبایا) لە ئەوروپای خۆرئاوا، جگە لەمانە (ئازادورا دنکان) و (فۆکین)و (بافلۆفا)و (ینجنسکی)و (دیاغلیف) ئەوانەی هونەری بالێی نوێیان بەر لە جەنگ داهێنا.

بارودۆخەکە ئا ئاوا بوو لە بوارە هونەرییەکان، لێرەدا پرسیارێک قووت دەبێتەوە؟ ئایا لەو سەردەمەدا چالاکی زانستی هەبوون چەشنی هاوشانیان لە هونەردا؟ گەر هاتوو کەرتی زانستە بایۆلۆجیەکان و بۆ ماوەزانی -مان واز لێهێنا، کە لە ساڵانی یەکەمی سەدەی بیستەم بەرجەستە بوو، ئەوەی مایەی لا لێکردنەوەیە ئەو چالاکییە دەچۆڕێتە کەرتی زانستی فیزیک، چونکە شۆڕشی جیهانی فیزیا لە مەزنترین دەسکەوتە هزرییەکانی ئەو سەدەیە، ئەو شۆڕشە لە دۆزینەوە و گریمانە تازەکان هاتە ئاراوە، گشت ئەمانەش بەر لە جەنگ روویاندا، جا ئەگەر پێویست بوو ساڵێکی دیاریکراو بۆ سەرەتای ئەو شۆڕشە دەستنیشان بکەین، ئەوە سەرەتاکەی ساڵی ١٨٩٥ -ە ئەو ساڵەی (رونتکن) تیشکی ئێکسی دۆزییەوە، ئەو ساڵەی (باکیرل) خەسڵەتەکانی رادیۆمی تیشکاوەری دۆزییەوە، بەڵام (ج. تۆمسون) نزیکەی سێ ساڵی (١٨٩٧ - ١٨٩٩) بەشەکەتی لە تاقیگەکەی لە زانکۆی (کیمبرج) بەسەر برد بۆ گەیشتن بە دۆزینەوەی ماکەکانی - توخم - ناو گەردیلە دەکرێ کەرتبکرێ، چون ئەوسا پێیان وابوو «گەردیلە» کەرت ناکرێ بۆ توخمەکان ئەو توخمانەش ناونران (ئەلکترۆن) لە ساڵی ١٩٠٢ (روثر فرد)و (سودی) تۆژینەوەیەکی مێژوویی گرنگیان بڵاوکردەوە پەیوەست بە هۆیەکانی چالاکی تیشکاوەری و سروشتەکەی، (سودی) لە تۆژینەوەکانی بەردەوام بوو چتێ بدۆزتەوە ناوی نا (هاوتاکان isotopes) لە ساڵی ١٩١٢، بەڵام (روثرفرد) لە ساڵی ١٩١١ هەروەکو (ئیدنکتون)



دەڵێ: «گەورەترین گۆڕانکاری لە هەڵوێستمان لە مادده» ئەنجامدا، ئەویش لێکۆڵینەوەیەتی لەسەر گەردیلە و دۆزینەوەی ئەلکترۆنەکان، کە لە خولگەیەک دەخولێتەوە بە خوولانەوەی هەسارە ئاسمانییەکان دەچێت لە دەوری خۆردا، ئەو دۆزیینەوانە وایان کرد چاو بە تیۆرە فیزیاییە کلاسیکیەکان بگێڕدرێتەوە، ئەوە (ماکس بلانک) تۆژینەوەیەک پێشکەشی کۆمەڵەی فیزیایی ئەڵمانی دەکات لە بارەی «تیۆری چەند» لە هەفتەی چەژنەکانی لەدایکبوون ساڵی ١٩٠٠، (نلس بوهر) ئەو تۆژینەوەیەی بژارە کرد، کە لەگەڵ (روثرفرد) ئیشیدەکرد لە ساڵی ١٩١٣، لە ماوەی نێوان بڵاوکردنەوەی ئەو تۆژینەوەیە و بژارەکردنی (ئاینشتاین) کە پسپۆڕ بوو لە پشکنینی دەستهاوێژی داهێنان لە نووسینگەی بێرن کتێبەکەی بەناوی (تیۆری تایبەتی رێژەیی) Special theory of Relativity لە ساڵی ١٩٠٥ بڵاوکردەوە، دواتر کتێبی (پرەنسیپە گشتییەکانی رێژەیی) ١٩١٥بە دوا داهات، کە دە ساڵ بەردەوام ئیشی لەسەر کرد.

(ئاینشتاین) لەو کتێبەی دوایی پێشی لە تیۆری (ئقلیدس) گرت بەم جۆرە، لە میانی بیست ساڵدا (١٨٩٥ - ١٩١٥) باڵی گومان بەسەر دیمەنی گشتی جیهانی ماتریالیستی کشا، کە ماوەیەکی زۆر جێگیر و چەسپاوبوو لەڕووی زانستییەوە، ئاکامی ئەو گومان و لێکۆڵینەوانەش ئەوەبوو جیهانێکی تازە هاتە جێگەی جیهانی کۆن.

گیانی دۆزینەوە بنەڕەتییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەم تەنیا جیهانگەلی نیگار و فیزیای نەدەگرتەوە، بەڵکە لێکۆڵینەوەی لە ئادەمیزاد و کۆمەڵگەش گرتەوە، دیارترین ناویش لەو بوارەدا ناوی (فرۆید)ە.

فرۆید لە ساڵی ١٨٥٦ لە دایکبووە، ژیانی زانستی بە پزیشکاتی نەخۆشییەکانی دەمارگەل - ئەعساب - دەستپێکردووە، ئینجا لە دوایی بایەخی داوە بە دەروونناسی لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، بەهاریکاریی لەگەڵ (برویر) کتێبێکی دانا بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوە لە هیستریا - Studies in Hysteria) بڵاوکردەوە و بە یەکەم کتێب دادەنرێ کە لە «شیکردنەوەی دەروونی» دەکۆڵێتەوە، لە ساڵی ١٨٩٨ یەکەم تۆژینەوەی لە بارەی چالاکی سێکسی لای شیرەخۆران بڵاوکردەوە، لە ساڵی (١٨٩٩) شاکارە ناوازە جیهانییەکەی «راڤەکردنی خەونەکان - The in terpretations of Derans) بڵاوکردەوە، دوای ئەویش چەندین کتێبی دیکە هەن لەوانە «نەخۆشییە دەروونییە باوەکان -the psy chopathe logy Ereryday) و سێ وتار لەسەر چالاکی سێکسی

Totem and Ta-؛ ۱۹۰۵ (Three Essays of Sexuality، و (تەوتەم و تابو boo)(۱۹۱۳)، هیچ کەسێک نییە وەکو فرۆید کاری کردبێتە سەر بیروڕاکانی سەدەی بیستەم و ئاداب و هونەرەکەی، لەبەرئەوە بەهۆی رەسەنایەتی بیروڕاکانی و گفتوگۆ و وتووێژی، کە دانراوەکانی ورووژاندوویانە، یەکەم کۆنفرانسی زانستی بۆ تۆژینەوەی شیکردنەوەی دەروونی لە ساڵی ۱۹۰۸، گرێدرا، دوای سێ ساڵ لەو بەرواره، درزێ کەوتە پەیوەندی نێوان (فرۆید)و (ئەدلەر) لە ساڵی ۱۹۱۳ درزێکی دی کەوتە نێوان ئەو و (ینک) و لەوەی یەکەم زۆر ترسناکتربوو، لەو کاتەی فرۆید بەگژ راوبۆچوونە باوەکانی دەروونناسیدا دەچۆوە (ماکس ڤیبەر Max Weber)و (ئەمیل دورکهایم Emile Durk heim) بناخەی زانستی کۆمەڵناسی نوێ دادەنێن، (دورکهایم لە ساڵی ۱۸۵۸ لە دایکبووە و لە ساڵی ۱۹۱۷ مردووە، لە ساڵانی ۱۸۹۵، ۱۸۹۷، ۱۹۱۲ دورکهایم ناودارترین کتێبەکانی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام (ماکس ڤیبەر) لە ساڵی ۱۸٦٤ لە دایکبووە و ساڵی ۱۹۲۰ مردووە، زۆربەی کارەکانی، کە زۆری تەواو نەکراوە لە ماوەی نێوان ساڵانی ۱۹۰۳-۱۹۱٤ ئەنجامداوە، لێرەدا هەندێ ناوی دیکە هەن، کە بەشداری جیدیان هەبووە لە دانانی بناخەی زانستە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان هەندێکیان دەخرێنەڕوو گەرچیش لە پێکهاتەی هزری ناگەن بە ئاستی «ڤیبەر» و «دورکهایم» لە ویلایەتە یەکگرتووەکان (ثورستاین فیبلن) ۱۸۵۷-۱۹۱۹ دەبینین، کە کتێبی «تیۆری چینی خۆشگوزەران» ۱۸۹۹ی دانا، دەستەواژەی «بەکاربردنی روون -Consumption Con- spicuous»ی داهێنا لە لەندەن (ج. ئە. هوبسون) هەیە کتێبی (ئیمپریالیزم)ی ۱۹۰۲، دانا، (لینین) لە داڕژتنی تیۆرەکەی لەلایەنی ئابووری ئیمپریالیزم، سوودی لێ بینی، (کریم والس) بەدیدەکەین، دانەری کتێبی (سروشتی مرۆیی لە زانستە رامیارییەکان) ۱۹۰۸، لە ئیتاڵیا (باریتو)و (مۆسکا) تیۆری «دەستەبژێر - elite» یان داهێنا، لە فەرەنسا (غۆستاف لۆبۆن) دانەری کتێبی (سایکۆلۆجیای جەماوەر) ۱۸۹۵و (سورێل) دانەری کتێبی (رامانگەلێ لە زەبروزەنگ) ۱۹۰۸، کە بە شیکردنەوەیەکی شاکار ئامێز دادەنرێ بۆ فرمانی ئەفسانە - ئوستوورە - لە کۆمەڵگەی نوێدا، کاتێ ئەو لیستەی ناوانەم نووسی بە بەروارەوە دەمزانی، کەوا من ئاسانکارییەکی زۆرم کردووە لە بابەتی- زەبت- و سنوورەکان و من شتەکانم زۆر ئاسان دەکرد لەسەر حسابی وردەکاریی. مسۆگەریشە ئەو «سەرکێشییە» پاساوی خۆی هەیە، بینیم هەموو تایبەتکاران -



پسپۆڕان - بەو دەزانن لە کەرتی پسپۆڕییان چی ئەنجامدراوە، بەر لە ساڵی ۱۹۱٤، بەڵام گرنگی ئەوەیان نەدەزانی لە دەرەوەی کەرتی پسپۆڕییان چی دەخوولایەوە. لە چالاکییە هزری و شارستانێتییەکان -٤- ئەو لیستەی ناو و بەروارەکان چی دەگەیەنێ؟ بەرایی، دەبا هەندێ شت روون بکەمەوە، کە پێشتر هەقی روونکردنەوەم پێنەداون، یەکەم ئەو چالاکییانەی پیاو و ئافرەتان، کە خستمەڕوو تەنیا چالاکییەکانی کەمینەیەک بوو، کە بایەخی تایبەتی بە هونەر و بیروڕاکاندا، تەنانەت چالاکی کەمێک لەو کەمینەیە بوو، لە سەرەتای سەدەی بیستەم چێژ و سەلیقەی ئەدەبی و مۆسیقی و هونەری، جگە لە سەلیقەی زانستی، هەڵقووڵاوی ئەو نموونانە بوو، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەبوون، نەوەک سەدەی بیست، ئەمەش خاڵێکە دژی هەر سەدەیەک تۆمار دەکرێ، کە بەدوای نوێبوونەوەی شارستانێتی دا دەگەڕێت، دووەم: داهێنانەکانی ئەو ناوانەش لەسەر بنەماگەلێ هەڵنرا، کە باو و باپیرانیان دایان رژت. ساڵی ۱۹۰۰ مێژوویەکی دەستکردی جیاکەرەوەیە، گەریش یەکێکمان ویستی هەقی خۆی بەو بابەتە بدات لەسەریەتی بۆ ماوەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بگەڕێتەوە، بەو بۆنەش (رۆجەر شتوک) لە کتێبی (سالانی داواتەکان) کە لە ئەدەبی بێشەنگی فەرەنسی دەکۆڵێتەوە، ئەو ماوەیە بە ساڵانی نێوان ۱۸۸۵-۱۹۱۸، دیاریدەکات، ئەمەش بەسەر ئەو ئەدەبە پیادە دەبێ کە رەگوریشاڵی بۆ(بۆدلێر)و (دستویفسکی) و (نیچە)و (ئەبسن)و (کیرکغور) دەکشێ، سێیەم نامەوێ ئاماژە بدەم بەوەی بزووتنەوەی نوێکاریی گۆڕین بە هەڵگیرسانی شەڕ بەکۆتاهات، ئەو ناوانەی لە بیستەکان و سییەکانی ئەو سەدەیە بە باشترین وێنەی بەخشین هێناومنەتەوە تا داهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لە بەخشش بەردەوامبوون.

لەگەڵ ئەوەشدا، دوای ئەوەی هەرچی لام بوو گوتم، مسۆگەرە کاری تاکەکەس و کۆمەڵەکان، کە لێیان دووام تەنیا وایان نەکرد ماوەی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان، لە مەزنترین ماوەی داهێنان و رەسەنایەتی بێت، بەڵکە گۆڕانکارییەکی گشتگیری ئیدراک - درککردن - و هەستەکانی هێنا، هەروەکو چۆن سەبارەت بە بزووتنەوەی رۆمانسی و شۆڕشی زانستی لە سەدەی حەڤدەهەم و سەردەمی رابوون - رێنیسانس - زۆرێک بڕوایان هێنا لەوانەی پەیوەندیان بەو بزووتنەوانە کرد، بەوەی ئەوان بەهەق لە سەرەتای سەردەمێکی نوێدا دەژیێن، بڕوایشیان بەوە هێنا، کە ئەوان ئەو ئامرازانە گەشە پێدەدەن

له روانین بۆ جیهانی ماتریالی لەڕووی هونەری و زانستی، ئامرازی تازەیان هێنا یارمەتیدەری تێگەیشتنی ئادەمیزاد و کۆمەڵگە و لەو بڕوایەدابوو، کە ئەوان شێوەی تازەیان هێناوە بۆ گوزارشت کردن لەوەی بینیان و هەستیان پێکرد ئەو بیروباوەڕ و هەڵوێستیان تەواو جیابوو لەوەی لە نیوەی دوایی سەدەی رابردوو باوبوو، هەڵەیش نەبوون لەوەی بۆی چووبوون، زەمەن ناوبژیوانی جیاکەرەوەیە لە نوێکاریدا، ژمارەی ئەو «شەپۆڵە نوێیانە»ی لەو سەد یا سەدو پەنجاساڵەی رابردوو چەندە کە تاکو ئێستا لە بیرمانن؟ لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی ساڵانی هەوەڵی لە سەدەی بیستەم هەنگاوەکەی لە تەک زەمەن پێگەیشت، چۆن کارەکانی ئەو ماوەیەیە گوڕ و تەوژمی رووبەڕووبوونەوە و وروژانی رەسەنی لەلا پارێزراوبوو، ئەوەی ویستی لە بناوانی هونەری سەدەی بیستەم و هزر و کاری تێبگات پێویستە لەسەری بۆ ئەو ساڵانە بگەڕێتەوە، چالاکییەکانی ئەو ماوەیە بەرێڕەوێکی رێکوپێک بەڕێوە نەدەچوو، بەڵکە چەشنی کەڵەمبازی بوێرانە روویدەدا، ئەوەیشی ئەو داهێنانانە زێتر شایانتر دەکات ئەوەیە، کە نەوەکانی داهاتوو دوای بژارکاریی و گەشەپێدانیان سوودیان لێبینی. مایەی وردەکارییەکی ئەوتۆ نییە هەوڵبدەین ئەو گۆڕانکارییە چڕ بکەینەوە لەو ماوەیەدا لە چەند پەیڤێکی دیاریکراودا، ماوەیەک بوو رەوت و میزاج تیایا تێکچڕژاوبوون و پڕاوپڕبوو لە دژیەکەکان هەروەکو هەر ماوەیەک لە گۆڕانکارییەکی شارستانێتی بژیێت، بەو ماوە ئاڵۆزانە دەچێت دەیخەنە ژێر پاڵەپەستۆ و لەڕووی ئاسانکاریش ناوی دێنین بە «سەردەمی رابوون» و «ماوەی رۆشنگەریی» و «ماوەی رۆمانسی» لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو زانایانەی هەڵوێستە باوەکانیان تێکشکاند لە جیهانی ماتریالی و هونەرمەندان ئەوانەی هەڵوێستە باوەکانیان لە جیهانی دەرەکی ناسراو بە هونەر تێکشکاند. لە هەردوو باردا ئەو تێکشکاندنە ئەلتەرناتیڤێکی خوڵقێنەری نەهێنا. مسۆگەریشە کە شیکاری باو ئەوکات مۆرکێکی نوێکەرەوە و ئەبستراکتی رەسەن بوو، ئەمەش بەردەوام بوو ئاوا بەبێ ئەوەی بڕوابوونی جێگیر یا نموونەی ئەوتۆ بێنێ پەیڕەو بکرێ لە بواری فۆرمە هونەرییەکان یا زمانی گوزارشتکردن، نموونەگەلە کۆنەکان تێکشکان، بەڵام... کوا ئەلتەرناتیڤ؟

بەڵام مسۆگەرە تێکشکانی ئەو نموونانە لە کەرتە جیاجیاکاندا، کە نزیکەی لە یەک ماوەی زەمەنیدا بوو، لابەلا نەبوو، بەڵکە هۆ و هۆکاری خۆی هەبوو، دەبا بۆ ئەو وێنە دوو سەرەبییە بگەڕێینەوە، کە قسەکانم لێیانەوە دەستپێکرد، لایەنی یەکەم لەو وێنەیە



کۆمەڵگەی ساڵانی یەکەمی ئەم سەدەیە بەدیاردەخات، ئەو کۆمەڵگەیەی بەخێرایی دەگۆڕێت بەهۆی ئەفراندنە زانستیەکان و نەشونمای ئابووری و بارگرژی رامیاریی، بەڵام لایەنەکەی دیکەی وێنەکە ئەوە بەدیاردەخات چۆن ئەندێشەی هونەرمەند شێوەی شۆڕشگێڕیی نوێ لە گوزارشتکردن، دەخوڵقێنێ، ناکرێ ئەندێشەی هونەرمەند یا نووسەر یا بیریاری داهێنەر لە بۆشایی و هەرەمەکی کاربکات، لەوانەیە هونەرمەندانی ساڵانی هەوەڵی سەدەی بیست و نووسەران و بیریارانی تێگەیشتنێکی بەرز و گەشەسەندوویان هەبووبێ ئەمەش وایلێکردن بتوانن بۆوەی بە دەنگەوەی ئاراستە و ململانە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و هزری و رۆحیەکاندا بچن، کە لە ئاسۆدا ئاماژەیان دەدا، لەبەرئەوە دەستیان کرد بەپشکنین لە زمان و فۆرمی نوێ بۆوەی بەهۆیانەوە گوزارشت بکەن لەو ململانە و ئاراستانە و بۆ وەی پێش سەردەمەکەیان بکەونەوە، (فلادیمیر تاتلین) لە قسەکانیدا لە بارەی هۆگری رووسیای شۆڕش بە هونەری «ئەبستراکتەکان»و بیروباوەڕیان «ئێمە بەر لەوەی کۆمەڵگا بخوڵقێنین، هونەرمان خوڵقاند». لەمەش راست بوو، چاکترین نموونەش لەسەر ئەوە هۆگری ئەندازیار و نەخشەسازان بەتوانستی ئامێر بۆ بەرهەمهێنان و هەوڵەکانیان بۆ خوڵقاندنی هونەری تەلارسازی و نەخشازی گونجاو لەگەڵ سەردەمی تەکنەلۆجیاوە، کە ئەوکات لە سەروبەری هاتنەکایەدا بوو، لە هەمانکاتدا لەوێ کاردانەوەی وێنەکێشانی تەعبیری توند هەبوو و دژ بە شارستانێتی، کە بووە هۆی هێنانی هەرچی ئادەمیزاد لە سیفاتە مرۆییەکانی رووتدەکاتەوە، هێنای هەروەها هەرچی دەبێتە هۆی هەستکردن بە گۆشەگیری و نادڵنیایی، کەواتە، لێرەدا دوو کاردانەوەی ئاراستە دژ لە ئاست ئەو رێبازانە هەبوو، کە مەبەستیان خوڵقاندنی کۆمەڵگەیەکی تەکنەلۆجی شارستانیبوو، لەڕووی رواڵەتەوە بوو، کۆمەڵگەی «ئەورووپای بایدکر – Baedeker's Europe[*] ئەوەی ئەو بزووتنەوە بنەڕەتییە نوێیانە لە هونەر و ئەدەب و زانست بەیەکەوە گرێدەدا بریتییە لە هۆشیاریی بە ئاینده.

ئەوەی ئەو بزووتنەوانە وتیان، ئەوکات تەنیا کەمێک نەبێ لێی تێگەیشتن یا گوێیان بۆ رادێرا. دوای ئەمەش، واتە دوای ئەوەی جەنگی یەکەمی گەردوونی سیستەمی کۆنی کۆمەڵگەی ئەورووپی رامالی و بەهاکانی تێکشکاند، خەڵکی دانی نا بە توانای خەیاڵی وێنەکێشان و شاعیر و زانا و بیریاران لەسەرەوکاری جیهانی تازە و پێشوەختە خوڵقاندنی، ئەو جیهانە شێواو و هەڵوەشاوەی تاکو ئێستاش تێیدا دەژین.

**ب- ئەقڵی نوێگەرێتی**
**جیمس ماكفارلن**

**-١-**

لە ساڵی ١٨٩٣ (هیوكو فون هوفمانشال) لە بارەی مۆدێرنیزم دواو بە هەموو متمانەیەكەوە وتی: واتای دوو شتی جیا و جیاوازە، ئەمە هەڵوێستی روون و متمانەبەخشی كارەكان نییە، گەرچی یەک لەو بنەمایانەیە مۆدێرنیزمی لەسەر هەڵنرا، (هوفمانشال) مانای مۆدێرنیزمی راڤەكرد و وتی یا مانای شیكردنەوە و رمان یا هەڵهاتن و خەیاڵ و جلە و شلكردن بۆ خەون، دەگەیەنێ، «ئەمڕۆ، دوو شت وێدەچێ نوێگەر بن: شیكردنەوەی ژیان لەلایەک و هەڵاتن لێی لەلایەكی دیكە... شیكردنەوەی ژیان، ئەركێكی هزری شەكەتانەی گەرەكە، لەكاتێ راكردن، خەونی گەرەكە، كەلوپەلی كۆن، نوێیە، هەروەها شێواویی دەمارگەل، (پولەر بۆرجێی) و (بودا) نوێگەرن، هەروەها لەتبوونی گەردیلە و یاریی تۆپێن، شیكردنەوەی مگێزو ناڵێن و گومان، هەروەها ملكەچبوون بۆ سوڵتانی جوانی و رەنگەكان و رەوانبێژی و خوازە - مەجاز - ئەمانە گشتیان كارگەلی نوێن»[1]

ئەو دەستەواژانە، بەكورتی دەیانەوێ چەمكی مۆدێرنیزم روون بكەنەوە، كە هاتە بوون، بەڵام لە دەلالەت هەر بە نارِوونی مایەوە، هەروەها ئەو دەستەواژانە مانای مەبەست لە جیهان راڤە دەكەن بەدوو شلۆڤەكردنی گشتگیر یەكەمیان راڤەكردنێكی میكانیكیانە و دووەمیشیان حدسی[2] ئەو راڤەكردنانەش لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە یەكدی دووربوون و زۆربینەی ئەو دەسكەوتە هزریانەی سەدەی نۆزدەهەم بەهۆی ركابەرییەكی خوڵقێنەر هات لە نێوان ئەو دوو هەڵوێستە هزریە دژ بەیەكە، بەڵام هەڵوێستی نوێ بریتییە لە سازاندنی نێوانیان.

دوای رەتبوونی چل ساڵ بەسەر ئەمە، واتە دوای ئەوەی نوێگەرێتی گەیشتە چڵەپۆپە، (فرجینیا وۆلف) دەبینین لە رۆمانی «شەپۆڵەكان» (١٩٣١) ئاماژە دەدات بەو رێگا سەیرەی (برنارد) هەواڵی مەرگی (پرسڤال)ی پێدەگات، ئەو هەواڵە خەمگینەی لەو رۆژە



پێگەیی، كە كورەكەی تیا لە دایک بوو «ئا ئەمەیە حاڵەتی تێكەڵیی نارِوون، ئا ئەمەیە حاڵەتی كارگەلە ئاڵۆزەكان» (برنارد) هۆش و هزری دەدركێنێ «كاتێ لە پلیكانەكە دابەزیم خەم و خۆشیم لە یەک جیانەدەكردەوە» ئەو دەستەواژەیە ئەوەی (هۆفمانستال) وتی تایبەت بە نەوەدەكان سەدەی رابردوو، بۆ هزر و هۆش دەگێرِێتەوە، ئەو تێكەڵی و جووتبوونە قورسەی توانای تێگەیشتنی نێوان دوو چەمک یاریدەدەری پێكەوەنانی زمانی رۆژانە بەسەر كردنەوەو جیاوازەكردن لە نێوانیاندا، بۆ هزر و هۆش دەگەرِێنێتەوە.

شپرزەیی (برنارد) لە توانای تێگەیشتنی مانای ئەو ئامێتە ئاڵۆزە (لە نێوان خەم و خۆشی) دانپیانانێكی راشكاوانەیە بە نەتوانینی ئەقڵ لە دركردنی هەندێ كارگەل و ئەو دركردنەش بەدینایەت هەروەک (ریلكە) بەتوندی جەختی لەسەر دەكاتەوە، تەنیا بە پراكتیک نەبێ، ئەقڵ پێویستی بە مەشقە بۆ ئەوەی ئامرازەكانی دركردنی بۆ مەیسەر بێ «هێزت ئاوەدان بكەوە تاكو تواناداربیت بۆ گەیشتن بە دركپێكردنی هەردوو دژیەک»[3] یەكێ لە خەسڵەتە دیارەكانی نوێگەرێتی، جەختكردنە لەسەر ملكەچپێكردنی ئەقڵ بۆ ئەو جۆرە مەشقە، شیعر بۆتە «ململانەكی بێ بەزییانە لەگەڵ وشە و واتاكاندا» هەروەک بۆتە ئەرككاری و ئەشكەنجەیەک بۆ هێزە ئەقڵییەكان لە پێناو گەیشتن بەقۆناخی دركپێكردن و پێناسە كۆن و باوەكانی - تەقلیدی - مانای شیعری وەلانا، شیعر چیدیكە «تۆفێكی هەرەمەكی هەست و نەستی هەرەمەكی نییە» یا «نایابترین وشە لە نایابترین سەمت» بەڵكە «ئەوەی ناوترێ» دەیڵێ، واتە خەسڵەتی نەرمێتی ئەقڵی-، پێدرا. وێدەچێ مەرامیان گشت هونەرو ئادابەكانی ئەو ماوەیە مەرامیان ماندووكردنی ئەقڵ بێ بۆ ئاست و پلەیەک باوەڕی پێ نەكرێ.

**-٢-**

ئەو دوو هەڵوێستە دژ بەیەكەی لە ئاست جیهان، كە (هۆفمانستال) لە ساڵی ١٨٩٣ دەستنیشانی كردن تاكو سەرەتای سەدەی بیست هەر دوورە دەست بوون لە لێكۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، رەشەبا زۆر لە پرەنسیپەكانی سەدەی نۆزدەهەم و سیستەمە فەلسەفییە تا كە كەسیەكەی تەفروتوناكرد، دوای ئەوەی بە چەند بارێكی گوماناریی و پشكنیندا رەت بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زانستە سروشتییەكان مایەوە و رێگەكانی تۆژینەوەی زانستیش

پایەکی بەرزی بە باڵا دابڕاو رۆشنبیرانیش بە چاوێکی رێز و شکۆوە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم و سوودمەندی و بزووتنەوەی سروشتی لە ئەدەب - یان روانی، لەگەڵ ئەوەشدا تای تەرازوو بەلای گریمانە ئەقڵی و بیریی پەتی داشکایەوە، کە بناخەی بنیاتنانی گشت فەلسەفەکانە، لێرەشدا هەر هێندمان لە توانادایە بەڵگە و سەلماندن بەو دەسکەوتە زانستیانەی سەدەی بیستەم پێشکەشبکەین، نەک دەسکەوتەکانی ئەو توێژەی بینینی نوێی تەنیا لە بارەی سروشتی جیهانی ماتریالی، هێنا، بەڵکە دەسکەوتەکانی توێژەکانی دیکەش، کە رێخۆشکەری خۆشگوزەرانی بوون بۆ تاکەکەس و کۆمەڵگە و خەرمانەیەک لە رێزگرتنی هەمیشەیی بۆ سەر نەریتە زانستییە پتەوەکان.

بەو دەسکەوتانە زاناکان بەدەستیان هێنا وەکو (جارلس لایل) لە کەرتی زانستەکانی زەویناسی (بنسن)و (کرجوف) لە کەرتی زانستی شیکردنەوەی شەبەنگی (مندل) لە بۆماوەزانی (جول)و (لورد لکفن)و (هولملتز) لە دینامیکییەتی گەرمیی (ئورستید) و (فارادای) و (کلارک ماکسویل)و (هرتز) لە کەرتی موگناتیسیی سروشتی، کار و بیروباوەڕی (داروین)یش رۆڵێکی ئەکتیڤیان هەبوو لە پاڵنانی رەوڕەوەی پێشکەوتنی زانستی بەرەو پێشەوە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، (داروین) راوبۆچوونی زۆری زانستی راگرو بەڵگەدارە لە هەڵبژاردنی سروشتی (Natural Selection) خستەڕوو و لە کاریگەرێتی هۆکارە ژینگەییەکان بۆ سەر بوونەوەران.

زانایان سوودیان لەو رایانە وەرگرت و پراکتیزەیان کرد نەک تەنیا بەسەر دیاردە سروشتییەکان، بەڵکە بەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش.

تیۆرەکەیشی بەناوی (هەڵبژاردنی سروشتی) کە لە هەردوو کتێبی «رەچەڵەکی جۆرەکان» و «بنەوەچەی ئادەمیزاد» پوختی کردوونەتەوە. پایەیەکی یەکسانی گرتووە دەهەمبەر پایەی تیۆری کێشکردنی-ی (نیوتن) و تیۆری «وێک گونجاویی» «Uniformitarian» لە زانستی زەویناسی.

ئەو سەرکەوتنە یەک لەدواییەکەی رێگەکانی تۆژینەوەی زانستی وەستاو لەسەر گردکردنەوەی تەفاسیل و زانیاری ورد و پشکنینی لەڕووی زانستییەوە، ئینجا گشتاندنی وەکو دیاردە، ئەو سەرکەوتنە هانی زانایانیدا بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشتی رەفتاری تاکەکەسی و کۆ لەلایەک و لێکۆڵینەوەی بنەماکانی بوونی هونەری و ژیاری لەلایەکی دیکەوە. زانایانی کۆمەڵناسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بڕوایەکی رەگدا کوتاویان هەبوو



بەشیانی پیادەکردنی یاسا زانستییە گشتییەکانی خودی جیهانی ماتریالی بەسەر دیاردە رەفتارگەرییەکانی خەڵکی بە بەکارخستنی خودی بەڵگە و نیشانەکان، هەر ئەمەشە بۆ نموونە لای (ئۆگست کۆنت) بەدی دەکەین، کە لە ئەزموونە مرۆییە راستەقینەکانی کۆڵییەوە دوای ئەوەی خۆی لادا لە هەموو دیاردە میتافیزیکی و سۆفیگەرییە لە ئاسا بەدەرەکان، ئەو بڕوای بە هەبوونی جیهانی پۆزەتیڤ هەمە لایەن هەبوو کە لە سیستەمێکی رێکخەر پێکدێ، نەک کۆمەڵە کەسانێک خودان ویستی بەهێز، هەروەها بڕوای وایە ئەو جیهانە یاسای گشتی دیاریکراو بەڕێوەی دەبات بنەماکەی ئەقڵە، بەهۆی (کۆنت) و ئەوەی پێی کاریگەربوو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان هەمان رەوتی زانستیان گرتەبەر.

هەروەها هەمان دڵسۆزیی بۆ کارگەلە ئەبستراکتە گشتییەکان و پۆلێنکراو لە میتۆدی هزریی (تین) دەبینین، دژمنداری خۆی بۆ رۆمانسییەت درکاند و بە بزووتنەوەیەکی هەڵنراو لەسەر پێڕاسپاردنێکی بەتاڵی ناهۆشیارانەی لە قەڵەمدا. بەلای ئەو، ئەدەب ناکرێ هۆکارێکی کۆمەڵایەتی ئەکتیڤ بێ یاریدەی داڕژتنی چارەنووسی ئادەمیزاد بدات، بەڵکە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە پەیوەندی نییە بە بەهرە یا تەنانەت ویستی تاکەکەسی؛ نووسەری مەزن بەرهەمی کۆمەڵە فاکتۆرێکی دەرەکی فرەیە، لێهاتوویی و جوانیش، لای ئەو تەنیا بە سەرفرازیی ئەقڵ بەدیار دەکەوێت.

وەکو باوبوو، هەر کاتێک شتێکی جوان سەرنج و دڵی رادەکێشا دووبارەی دەکردەوە، «جوانە جوانیی پێوانەییەکی لۆجیکییانە» هەڵوێستی (بکل) هەمان هەڵوێستی (تین)بوو، دژ بەلێکۆڵینەوەی هەست و نەستی تاکەکەسەکان و پاڵنەرەکانیانی، زۆر بە دوور دانا، لە راستی، بڕوای وابوو، هەروەک چۆن زۆر لە بیریارانی سەدەی نۆزدەهەم بڕوایان وابوو، تاکەکەس هیچ رۆڵێکی ئەوتۆی نەبینی بۆ پاڵنانی رەوڕەوەی پێشکەوتنی مرۆیی بۆ پێشەوە، بەبەراورد بەو رۆڵە گەورەیەی کۆمەڵ - دەستە - گێڕای. ئارەزووی لە دامەزراندنی ئەوەبوو، کە دەکرێ بەزانستی مێژوو ناوببرێ، و ئەو ئارەزووەش تەکانی پێدا بۆ پشت بەستن بەو بەڵگانەی لە ژمارە و کۆ ئەنجامی سەر ژمێریی -یەوە دێت و هەستی کرد ئەوە زامنترین رێگەیە بۆ وەدەستهاتنی یاسا گشتییەکان، کە رەوتی پێشکەوتنی مرۆیی، دیاریدەکات، هەروەها بڕوای وابوو ئەو یاسا گشتیانە دەبێ کەمتر بە زەبرتر نەبن لەو یاسا زانستیانەی جیهانی ماتریالی بەڕێوە دەبەن.

کۆششی دروستکەرانی سیستەمی فەلسەفی لەو دەیان ساڵەدا بە پەسەندکردنی

بیرۆکەی پێکەوە لکانی زانیارییە ئەزموونییەکان لەگەڵ یەکدا بوو، ئەممەش لە بیروڕاکانی (هربەرت سبنسەر)دا دەبینینەوە (سبنسەر) «زانستی کپیی کۆمەڵایەتی» (١٨٥٠)و «پرەنسیپەکانی دەروونناسی» ١٨٥٥ بڵاوکردەوە، ئینجا دوابەدوای ئەوان کتێبی سێیەمی هات بەناوی «فەلسەفێتی پێکەوە لکانی» لە «١٠» بەش پێکدێ و لە ساڵی ١٨٩٦ تەواویکرد، گەر بێت و ئەو کتێبانەمان خوێندنەوە ئەوە ئێمە دەستدەخەینە سەر باوەڕی قوولی نووسەر بەو پێشکەوتنەی لەسەر بناخەی ئەقڵ و زانست، هەڵنراوە، دوا کتێبی بە پابەندنەبوون بە میتۆدی زانستی ئەکادیمی تۆمەتبار کرا، لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە وتراوی زانستی ڕەسەنی تیایە، ئەو کتێبە ڕێخۆشکەربوو بۆ پیادەکردنی گریمانەکانی تیۆری پەرەسەندنی بایۆلۆجی بەسەر کێشەکانی دیکەی ژیان، نووسەر لەو کتێبەیدا گوزارشت لەبیرو بڕوای دەکات بەوەی کۆمەڵە درێژداریەک هەرگیز لە سروشتی گەوهەری هەبوون – وجود– دوورت دەخەنەوە. و شت – الشيء– گرنگێتییەکەی لە خودی خۆیدا وەردەگرێ و لەو بڕوایەدایە ئەرکی نووسەر پێویستە بخرێتە سەر دیارخستنی گرنگی پەنهان و شاراوەی ئەو شتە لە ڕێگای دەوردانی بەکارگەلی بیری و ژیاری.

بارودۆخی کلتوری ئەو ماوە فەلسەفیە بەم جۆرە بوو، کلتورێک چەند ئاراستەیەکی وەزعی – هەبوو، شیکەرەوانە، بابەتیانە، قوولگەریانە، لۆجیکیانە، ڕەها، ناخودیەتی، تەوزیمێتی – جەبریە –، بیری و ئامێرەکی، ئەو کلتووری هیوا و ئاواتی بزووتنەوەی سروشتگەرایی ئەدەبی، کە لە ساڵی ١٨٩٣دا بەهۆی ئەو تۆمەتە زۆرانەی خرایە پاڵی مرد، بووژاندەوە.

ئەو بزووتنەوەیە کەوتە خۆ بۆ ئەنجامدانی ئەو داهێنانە ژیارییە ئاڵۆزانەی لە ئەقڵ و بیر سەرچاوەیان گرتبوو.

وێڕای ئەو دەسکەوتە زانستییە بەرچاوا و سەرسڕمێنان، کەچی دوا چارەکی سەدەی نۆزدەهەم بایەخدانێکی بە «ئەو دیاردانەی مایەی وتوویژن» (debatable phenomona) هەروەک «کۆمەڵەی تۆژینەوە دەروونییەکان» ناوی نا، کە لە ساڵی ١٨٨٢ دامەزرا، بەخۆوە بینی، کاتێ «کۆمەڵەی ثیۆ سۆفیگەری لە ئەمەریکا» لە ساڵی ١٨٥٧ دامەزرا، ئیدی لە جیاتی دەستە، بایەخ بە تاکەکەسەکان درا، ئەو کۆمەڵە بایەخدانی ئاراستەی سروشتی کەسێتی تاکەکەس و گەشەکردنی کرد و تۆژینەوە توندوتۆڵەکانی لە «هێزە پەنهانەکانی هاندا، کە دەکرێ بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی هزری (Coaultism)» و لە هەرچی



تەماوی و نائەقلانی و ناوەزعییە، ئەو کارانەی بیریار و نووسەرانی زۆر سەرقاڵ کرد «ثیۆ سۆفیگەری» لە زۆربەی بڕواکەیدا پشتی بەستبوو بە سەرچاوە ڕۆژهەڵاتییەکان، نەخاسمە سەرچاوەکانی بودایی و ڤیدایی (Vedic)و گریکی، مەبەستیشی گۆڕینی تاکەکەس بوو، نەک کۆمەڵ – دەستە –و ئەو گۆڕانکارییەش بە کلیلی پێشکەوتنی مرۆیی دانرا.

ئەو فەلسەفەیە ویستی دووبارە چاو بخاتە سەر ئامانجەکانی تاکەکەس و هاندەرەکانی گۆڕینی ڕەفتاری ڕۆژانەی و بیروباوەڕی و تەنانەت شێوەی گوتاری، ئاخاوتنی. کتێبی (ماکس سترانیەر) بەناوی «تاکەکەس و سیفاتە جیاکەرەوەکەی» (١٨٥٤) جەختیکردە سەر ئەو ئاراستەیە بۆ «تاکەکەسێتی» کە «هنری ماکای» بۆی بەپەرۆش بوو و بەهۆی ڕوونکردنەوەیشی برەوی پێدرا. ئەو کتێبە جەختی کردۆتە سەر پرەنسیپی نافەرمانداربییەتی – ئەنارشیزم (anarchism) کە خۆی لە چاودانە سەر ئازادی تاکەکەسی دەنوێنێ لە جیاتی کۆتبەندێتی کۆمەڵایەتی و جەختیکردە سەر جڵەوبەردانی توانا خودییەکانی ئادەمیزاد، کە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ خودی خۆی، بەڕێوەیدەبات، هەروەها جەختیکردە سەر دووبارە بایەخدان بە تاکەکەس و سەروەرێتی بیرکردنەوەی خودیەتی، لە هەمانکاتدا بایەخێکی زێدەتر دەدرایە لێکۆڵینەوەی گرفتەکانی ناهۆشیاریی و ئەقڵی ناوەوەی دەروونی (بالا) نەخاسمە کۆڵینەوەی سروشتی کاریگەرێتی ئەقڵی ئادەمیزادێکی دیاریکرا و لە ئەقڵی ئادەمیزادێکی دیکە و مەودای سەرکەوتنی، لە دیارترین «ئەو دیاردانەی مایەی وتوویژن» کە «کۆمەڵەی تۆژینەوە دەروونییەکان» بانگەشەی بۆ کرد، لێکۆڵینەوەی – ڕۆیین لەکاتی خەوتندا Somnambulism– ڕۆحانییەت animism– [*] و خۆکارێتی هونەری automatism[٤] هاویەک کاتی بەبیرداهاتن (توارد الخواطر telepathy)و هەلوەسە.

بەڵام ئەوەی ئەو لێشاوە تۆژینەوەیەی جیا دەکردەوە، کە جەختی کردۆتە سەر پتەوایەتی دیاردە نازانستی و ناوەزعی و نائەقلانیەکان، بریتییە لە پشت بەستنی بەرێچکە زانستییە باوەکان لە سەلماندنی گریمانە و تیزەکانیدا.

(ئەدوارد فون هارتمان) دانەری کتێبی (فەلسەفەی ناهۆشیاریی) کە لە ماوەی بیست و یەک ساڵدا نزیکەی «١٠» جار چاپکرایەوە، دەڵێ گوایە ئامرازی زانستی ئیستقرائی (Inductive scence) لە تۆژینەوەکانی بەکار هێناوە.

زۆربەی تۆژینەوەکانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر بنەماگەلی

زانستی باو لاساییکەرەوە، راستەوە بوو، ئەمە لە تۆژینەوەکانی (جارکوت) بەدیدەکەین لە هیستریا و خەواندنی موگناتیسی و لە تۆژینەوەکانی (لیبو) هەروەها تۆژینەوەکانی (بیرهایم) کە لە بابەتی ئیحای ١٨٨٤ کۆڵییەوە و سووربوو لەسەر ئەوەی بەکێشەیەکی دەروونی نەک فسیۆلۆجی لەقەڵەمبدرێ، دوماهی لە تۆژینەوەکانی (لومبورسو)کە لە حاڵەتەکانی تاوانکاریی ئەقڵ و ناوازەیی - شذوذ - ئەقڵی و وێڕای بانگەشەکردن بۆ کەڵکی نازانست و نا ئەقڵ، بەڵام سەرفرازیی هەر بۆ زانست و ئەقڵ مایەوە کاتێک بیریارە ئەوروپییەکان بە گژ بەرەنگاریی نەوەدەکاندا دەچوونەوە و کەوتنە گومان لەسەروەرێتی ڕێگەکانی تۆژینەوەی زانستی و پێشبڕیان دەکرد. چاکترین نمایندەی ئەو کۆمەڵەیەش (بونیتیر)بوو، ئەو پیاوە کاتێ ژیانی زانستی دەستپێکرد، کە بڕوای بەپێویستی پراکتیزەکردنێکی روونی پرەنسیپەکانی پەرەسەندن هەبوو لە زیندەوەرزانی و ئەدەب وەکو یەک، بەڵام ئەو لەمە هەڵگەڕایەوە تا دژمنداری خۆی بۆ هەموو هاوسەنگییە زانستییەکان جاڕبدا و دروشمی «مایە پووچی زانست» بەرز بکاتەوە هەمان دروشمی (برنیتیر) برەوی پێدا، بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکا حدسی پەتی - صرف - جێگای زانستی وەزعی- پەتی بگرێتەوە.

-٣-

ویسترا ئەو گۆڕانکارییەی سەدەی رابردوو بە دوو ڕێگادا ئەنجام بدرێ یەکەم وەزعی بە زەبر و دووەمیش نەرم و(مایەی وتووێژە) لە ڕێگەی یەکەمدا جێ پەنجەی فەلسەفەی(تین) بەدیدەکەین، کە جەختدەکاتە سەر گرنگێتی (ژینگە) و (سات ) لە وەدەستهاتنی فشارە شارستانێتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ڕێگەی دووەم ئەو ڕێگەیە بوو (نیچە) بۆ یەکەمجار کردیەوە.

ناشێردرێتەوە، کە رەهەندەکانی کات و شوێن دەستی بە گۆڕان کردووە، بەهۆی ئەو گەشەکردنەی لە مەیدانی گواستنەوە روویدا مەوداکان کورت بوونەوە و رووداوەکانیش بەخێرایی روودەدەن هاوساز لەگەڵ ریتمی بەپەلەی ژیان، دەرفەتی لێکنزیکبوونەوەی نێوان گەلان زیاتر بوو بەهۆی ئاڵوویری بیروباوەڕ و راکان بەخێرایی لە نێوانیاندا، دیدار و پێکگەیشتنە کانی هونەرمەندان و نووسەر و بیریاران لەگەڵ یەکتریدا (بەتایبەتی لە پاریس و لەندەن و بەرلین) کەشێکی نێونەتەوەیی خوڵقاند، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا



یەکێکە لە ئەدگارەکانی نوێگەرێتی و چاکەکانی، لێرەدا بزووتنەوەیەکی کۆڵنەدەر هەبوو لە مەیدانی وەرگێڕاندا، هەر هێندە کتێبێک دەردەچوو ئیدی وەرگێڕانێکی چاکی لە ماوەیەکی کەمدا بەدوادا دەهات، خەڵکی ئارەزوویان لەلایەنگیری رای (گۆتە) بوو، کە بانگەشەی وەدیهاتنی «ئەدەبێکی جیهانی Weltliteratere» دەکرد، لێرەدا زێدە چالاکی روون هەبوو لە «بزووتنەوەی رەتبوون»ی هزری و لە «بازرگانی»ی ئایدیۆلۆجی، هەروەها لە «ئاڵوویری» شارستانێتی.

رووداوەکانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو فشارێکی دیاریکراوی دەروونی بەرهەمهانی بوو بەهۆی خوڵقاندنی کەشێکی زێدە وەڕسی، بێزاری و داهێزران و ئەو کەشە دەروونییە خراپەش بووە هۆی لەرێ لادانی کۆن و جێگرتنەوەی نوێ. لەبەرئەوە شۆڕش، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا، مۆرکی جیا و دیاری کەشی شارستانی بوو ئەدەبی باوی کۆن پەلاماردراو ئەدەبی نوێ هاتە جێگەی، ئەو نوێیەش بە دەوری خۆی بووە باو - تەقلیدی - بەشێوەیەکی هێندە خێرا، کە مایەی سەرسوڕمانە. ئەو شۆڕشە، شۆڕشێکی روواڵەتیانە نەبوو، بەڵکە شۆڕشێک بوو مەبەستی گۆڕانکاری بنچینەیی بوو، لەبەرئەوە لەوکاتدا هەڵوێست و ئامرازی نوێی دۆزینەوە دەبینین، هەروا بەهای نوێش دێتە بەرچاو، هەرچی نالێوەشاوە و بەزەبر و پشتگوێ خرا، هونەرمەندان و بیریاران سەرکردەی ئەو شۆڕشە بوون هەروەک (سامۆئیل لبلنسکی، لە کتێبەکەیدا بە ناوی «تەرازووی نوێگەرێتی» دەڵێ:

هەندێ بیریاران بوون بە مارکسی و جەختیاندەکردە سەر خەسڵەتی گۆڕانکاریی مێژوویی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراوی واقیعی، هەندێکی دیکەیان مەزەبی ثیۆسۆفیگەریان گرتەخۆ یا رووەکایەتییان پراکتیزە دەکرد، وەکو باویشە نووسەران بەو ئاڕاستە رامیاری و فەلسەفیانە کارتێکراوبوون، کە وایلێکردن بۆچوونە نێو ریزی کۆبوونەوە و پارتە سیاسییەکان و بەیاننامەیان دەردەکرد و لێدوانیان بڵاودەکردەوە و تێیدا جەختیان دەکردە سەر هاوکارییان لەگەڵ یەکدیدا و پرۆتستۆکردنی «لایەنی دیکە» لەلایەکی ترەوە، خوازیاری چاکسازی ژیان بوون لە شارەکانداو چارەکردنی گیروگرفتە پیشەسازییەکان، کە تەنیا لە ڕێگەی گۆڕانکاری سیاسی دێتەدی و بانگەشەیان بۆ ئەمە دەکرد.

ئەو بارودۆخە رەخساوبوو بۆ پێشوازی و کەوتنە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی (نیچە) ئەو کارتێکراوییەی دەکرێ بەوردی لەڕووی مێژووییەوە دیاریبکەین.

«نیچە» لە حەفتاکان و هەشتاکاندا زۆری نووسی، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەیی ونبوو تاکو

مانگی ئایاری ساڵی ١٨٨٨ ، ئەو مانگەی تێیدا زنجیرەیەک وانەی رەخنەگری دانیمارکی (جۆرج براندز) لە (کۆپنهاگن) وتراوە و هەموویشی لە یەک تەوەر - نیچە -بوو دەخولایەوە. براندز) لەو وانانەیدا سەرزەنشتی ئەڵمانییەکانی کرد لەبەرئەوەی نکۆڵییان لەو بەهرە گەورەیەی ئەڵمانی کرد و فەرامۆشیانکرد. بەهۆی (براندز)ەوە، ناوبانگی (نیچە) بڵاوبۆوە، تێکڕای ئەسکەندەنافیا و ئەڵمانیا و ئەوروپای گرتەوە بۆ وەی کار بکاتە سەر (سترنبرگ)و ئەدیبانی پێشەنگی ئەڵمانیایی، وێڕای چریکەی هەستکردن بەمەزنی، کە لەنامەکانی (نیچە)و (سترنبرگ)و (براندز) لە ساڵی ١٨٨٨دا هاتبوون. کەچی چەند پێشبینییەکی هەڵگرتبوو دوایی بەدیهات. لە یەکێ لەو نامانەی لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵە (نیچە) نووسی، رایگەیاند پرەنسیپەکەی، کە بانگەشەی (دووبارە هەڵسەنگاندنی بەهاکان)و (من سوێند دەخۆم بارگرژییەکی توند بەهۆی منەوە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو جیهان دەگرێتەوە) لە سەروبەری بڵاوبوونەوەدایە، لە مانگی دواتر بۆ (سترنبرگ)ی نووسی، کە هەستدەکات ئەو توانایەی هەیە «جیهان بۆ دوو لەت کەرت بکات» ، ئەو دیتن و بڕوا بەتینەی بەوەی مێژووی مرۆیی گەیشتە دوا وێستگەی لە بارگرژی ژیاری و هەر دەبێ دووبارە چاو بخشێنرێتەوە بە هەموو بەها مرۆییەکان، ئەو داوایانەی مایەی رەزامەندی بوون لەلایەن خواستەکانی پیاوی خۆرئاوایی لەو ساڵانەدا و هەڵوێستی دژ بە بەها رۆحیەکان بانگەشەی بۆوەی (براندز) بە «توندڕۆیی ئۆرستوکراتی» (ئەو زاراوەیەی نیچەی دڵخۆشکرد) ناوزەدکرد و گومانی ستەمدارانە و نادادوەرانەی بەبیروباوەڕی سەدەی نۆزدەهەم و نکۆڵیکردنی ئاکاری باوی تەقلیدی، ئەو هەموو رایانە دەنگدانەوەی خۆیان هەبوو لای نەوەی سەدەی رابردوو و نەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی، کە دانیاننابە و رۆڵە کاریگەرەی (نیچە) لەو کاتە تازەیە هەیبوو.

-٤-

لەو دیارترین شتە باوە بەڵگە نەویستانەی سەدەی نۆزدەهەم بڕوابوو بەوەی بەها مرۆییەکان تەنیا کۆمەڵگە بەمانا فراوانەکەی دەیپارێزێ، هەروەها بڕوا بەوەی هەقیقەت کاتێک کە سەلمێندرا رەهایە دەکرێ بڵێین (نیچە بە تەنیا نەبوو، لە نکۆڵی کردن لەو بڕوایە) بەڵکو بەر لەو (ئەبسن)هەبوو بەتایبەتی کەسایەتی دکتۆر (ستۆکمان). پاڵەوانی شانۆگەری «دوژمنی گەل» (١٨٨٢) ئەو پزیشکە بەشێتگیرییەوە جەختدەکاتە سەر ئەوەی «نابێ زۆرینە راست بن،



من و چەندانێکی کەم راستین» ئینجا ئەو شانۆگەرییە بەردەوام دەبێ بۆ پەردە داماڵین لەسەر رووی لەناوچووی هەقیقەت «بەگشتی، تەمەنی هەقیقەت لە حەڤدە یا هەژدە ساڵی، بەلای زۆری لە بیست ساڵی رەتنادا، بەدەگمەن تەمەنی لەمە زیاتر بێ» بەڵام (جۆرج سانتانیا)ی فەیلەسووف لە سۆنگەی سەدەی بیستەم روانییە دواوە بەرایەکانی پزیشک (ستوکمان)ی تەبەنیکرد و رەنگی پێدایەوە. ئەو فەیلەسووفە دەڵێ: کاتێ لە هەرەتی لاویدا بوو ئاوا سەیری زانستی دەکرد وەکو شتێکی رەهای خودان یاسای بێ گۆڕانکاری، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت تیۆرە زانستییەکان بەچەند بارودۆخێکدا لە گۆڕانکاری خێرا، رەتبوون، هاوارە تووڕەییەکانی پزیشک (ستوکمان) وێنەی سەرەتای گۆڕانکاری دوور و درێژ و ئاڵۆزی ئەقلیەتی ئەوروپی کێشا.

ئینجا حاڵەتێکی ناسەقامگیر بەدوای ئەو گۆڕانکارییە داهات، کە توانی ئەو ئەقڵیەتە جیابکاتەوە.

لەبەراییدا، بیریاران چاویان خستە سەر ورد و خاشکردنی ((سیستەمەکان))و ((شێوازەکان)) و ((رەهاکان))، کە دروستکراوی وردبینانەی سەر بە سەدەی نۆزدەهەم بوون، هەروەها نەمانی باوەڕ یا مقاندنی ئیمان بەو یاسا گشتیانەی ژیان و رەفتار بەڕێوە دەبەن. دوای ئەو قۆناخەی تێکشکاندنەش قۆناغێکی دیکە هات ئامانجی دووبارە رێکخستنەوە پارچە بچووکەکانی چەمکە تێکشکاوەکان (لەوانەیش قەوارە زمانەوانییەکان) بوو، بۆ ئەوەی کەنارگیربن لەوەی بە سیستەمی تازەی واقیع ناوەزەدیان کرد.

هەروەکو (فیلیپ راف) دەڵێ، تەنانەت ئایینزا یا (رێباز) سروشتیش نەیتوانی بەشداریبکات لە گەڕاندنەوەی ئەو سیستەمە، چونکە ئەرکی کێشا لە لێکۆڵینەوەی جیهانێک مۆرکەکەی سەقامگیرییەکی رێژەییە، بەڵام لە قۆناغی سێیەم و دوایی، کێشە هزرییەکان بەهەمان رێچکەی گۆڕانکاری دادەڕۆن؛ لەگەڵ یەکدا ئاوێتە دەبن و دەتوێنەوە بۆ بەرهەمهاتنی شتێکی تازە، بیریاران بڕوایان بەوە هێنا شتگەلی پێچەوانەیی لە ژیاندا هەن بەشێوەیەکی نالۆجیکیانە رێدەکەن (هەروەک لە خەونەکاندا) ئەو شتانەش بەتەنیا (لە توانایان دایە تێگەیشتنی دیاردە ئاڵۆز و سەرسوڕهێنەرەکانی ژیانی هاوچەرخ بشیێنێ و وایلێ بکات رێی تێبچێ.

زۆرترین کارە درامییەکانی (سترنبرگ) لەسەر بنەمای پرەنسیپی هەبوونی ئەو شتە پەرت و پێچەوانەییانە لە ژیان، هەڵنراون، لەو پێشەکیەی بۆ شانۆگەریی «خاتوو جۆلی» نووسیوە

(سترنبرگ) بەراشکاوی چەمکەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەبێزێنێ بەتایبەتی کەسایەتییە درامییە «نەگۆڕەکان» ئەوانەی شوناسیان لە چەمکەکانی شەڕ - خراپەکاری - و ئێرەیی - حەسادەت - و بەدبەختیی، رووت و پەتی بەرجەستەیە، هەروەها نابڕوایی بە هەبوونی کەسایەتی شێوازگەرێتی رادەگەیەنێ، کە بەگوێرەی پرەنسیپی هۆو ئەنجام، دەجوولێن، ئەو کەسایەتییانەی دەکرێ دیاریبکرێن یا پێشبینی ئەوەیان لێبکرێ کە دەیکەن، چونکە هەروەک لە بارەی ئەو کەسایەتییانەی ئەو بەکردەنی وێنەی کێشان دەڵێ: «کەسایەتی نوێخوازن لە ماوەی گواستنەوەی زێدە هیستریایی دەژیێن لەچاو ماوەی پێشتردا» لەبەرئەوە بە ئەنقەست کەسایەتییەکانی وا دانان «ناروون و تێکشکاو». «کەسایەتییەکانم ئاوێتەیەکن لە قۆناخە شارستانێتییەکانی رابردوو و ئێستا، چەند پەڕەیەکی کتێب و رۆژنامەکان، تیلمە کاغەزگەلی کتێبی مرۆڤایەتی، سیپاڵی پۆشاکێکن رۆژێ لە رۆژان بریسکەداربوو، ئەوان وەکو رۆحی مرۆڤایەتی بوونەوەری پیناوین».

رای باوی تەقلیدی سالانی زووی نوێگەرێتی ئەوەیە ناکرێ سروشتی مرۆیی رێکبخرێ و پۆلێن بکرێ لەژێر ناونیشانی دیاریکراو و گفتوگۆ هەڵنەگرێ، چونکە ئەمە سروشتێکی بەپێچ و پەنایە، شپرزە، فرەلایەن تا پلەیەک باوەڕ ناکرێ.

(سترانبرگ) ئەو پرەنسیپەی گرتەخۆ، کە لەسەر ئەوە هەڵنرابوو شتگەل «لێکهەڵوەشاوە»ن، بەمەش بەناوی نەوەیەک دووا، ئەو پرەنسیپە هەموو تخوبە شێوازییەکانی ئەو سالانەی رەتدا و هەوڵیدا رووداوە باوەکانی رۆژ بۆ پارچەی چکۆلەی یەک لە دوایەک، هەڵوەشێنێ لە پێناو تۆمارکردنێکی دەستپاکانەی واقیع، بەهەمان شێوەش سەبارەت بە ئایینزا یا (رێباز) سروشتی، هەروەها هەوڵیدا کارەکانی ئەقڵ سات بەسات تۆمار بکات، هەروەک چۆن بزووتنەوەی ئیپرێشنیزم ئەنجامیدەدا (کنت هامسن) لە سالی ١٨٩٠ لە روونکردنەوەیەکی ئەو خاڵە نووسیویەتی و دەڵێ[5].

(ئەوە «ساتەکان»ن بەردەوام دەبن چرکە، خولەک، بەخێرایی دێت و دەڕوات تەبای تروسکە، بەڵام کۆمەڵە هەست و نەستێک جێدێڵێ.. حەشاماتێک لە ئاکاری شاراوە لە دەماغدا جێدێڵێ نە لە هەژماردێت و نە دێتە سەرنجدانیش. ئەو ئاکارانەن تەنیا ئەندێشە دەیبینێ بەهۆی چاویلکەی گەورەکار. ئەوە کەژاوەی ئەو هەست و نەستانەیە بەشێوەیەکی هەرەمەکی لە رێگای نارێدا، نەگونجاو، رێدەکات، ئەوە کردەکانی دەمارگەلە، چرپەی خوێن، نزاکانی ئێسقان، گشت ژیانی ئەقڵی ناهۆشیارە)).



هەردوو هەڵوێستی (سروشتی و - ئینتباعی) هەوڵدەدەن (زەڕەبینانە) بڕواننە ژیان و رۆبچنە نێوکرۆکی گەیشتن بە ئاستێک لە درککردنی ئەدەبی ورد و قووڵ، ئەو ئاستەی ناکرێ هەرەمەکی و کوێرانە بیگەیەنێ، هەردوو هەڵوێستیش زایەڵەی بیروباوەری (برکسون) چێدەکەن، دانەری کتێبی (زەمەن و ویستی ئازاد) (١٨٨٩) ئەو بیروڕایانەی جاڕی ئەوە دەدا پشتبەستن بە جۆرێ لە لۆجیکی خودی شاراوە لە قوولایی ئەقڵ و جیاوازیش لە لۆجیکی لاسایکەرەوە. لەمەوە رووندەبێتەوە هێشتا بیریاران رێزی زۆریان بۆ زانست و رێگەکانی تۆژینەوەی زانستی و درێژدادڕی، هەیە، هەروەها هێشتا خولیای رانەگەیەندراو هەیە بۆ حەتمیەت (جەبریە)و هۆیەتی (عللیە) لێرەدا ناکۆکییەکی بەرچاو هەبوو دەهەمبەر تەجرید و گشتاندن، لێرەدا کارگەلی زۆر هەبوون هەڵوێستە نوێکەی جوێ کردەوە، لەوانە: مەیلێ بۆ دیاریکردنی دیاردە هەڵبژاردەکان، بایەخدانی زۆر بە ناوەڕۆکی کەسایەتی تاکەکەسێتی، ئینجا پەیوەندییە ناجێگیرەکانی نێوان تاکەکەس و (کۆمەڵ، دەستە) چیدیکە ونبوو و تەنیا و ئاوارە و دوورخراوەکان خەڵکانێک نین شایستەی رێزگرتنی کۆمەڵایەتی نەبن، بەڵکە، بەپێچەوانەوە بەحوکمی غوربەتی و نامۆبیان، پێگەیەکی شایستە وەردەگرن و ئەمەش لەبەرئەوەی ئەوان بەهۆی دیتنی خودییان بە هەقیقەتەوە لکابوون لە کۆتایی سەدەی رابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیە پێڕاسپاردەیی لەسەر یەکێتی ژیان و ساخێتیی لە کۆمەڵگەوە بۆ تاکەکەس دەگوێزرێتەوە، ئەو تاکەکەسە توانادارەی بە زەروورەت دەکارێ رەوایەتی بدات بە جیهان بەهۆی ناوەڕۆکە نێژراوەکەی و چاوکراوەیی ئەودیو بین، لە ئەنجامی ئەو رەوشە لێکترازاوە (ئەفسانە - ئەستوورە) هات وەکو ئامرازێکی ئەکتیڤ خۆی پێشکەش کرد لە سەپاندنی رژێم - سیستەم - بەسەر رووداوە بێزراوەکانی رۆژانە لە رێگەی خولقاندنی جۆرێک لە کەشی شاعیرێتی و سیمبولیەتی، هەروەک (سورل، دەڵێ: لەلایەکی دیکەوە ئەفسانە دەرفەتی «پەکخستنی ئەقڵ و رزگارکردنی خەیاڵی، کە خولیای جیهانی تازەی زانستی کوشتی»[6] دەستەبەر کرد، هەروەک (کیرمۆد) دەڵێ: لە بنچینەوە ئەفسانە لەسەر بنەمای خودیەتی نازانستی، دەوەستێ، لەسەر ئەقڵی ناوەوە و ئیحاکانی - ئاماژە - لەبەرئەوە ویستویەتی روئیایەکی تازە بخاتەڕوو واقیعی دیاردە کۆمەڵایەتییە خەوزرڕاو، کونبەدەر بکات (ت. س. ئلیۆت) لە لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی ئەفسانە لای (جۆیس) دەڵێ: ئەوە «رێگایەکی زاڵبوون و رێکخستن و پێدانی شێوە و بایەخی بە مێژووی هاوچەرخە، کە بە ئاژاوە و شێواوییەکی رواڵەتیانە دەناسرێتەوە»[8] هەروەکو (هیوز) دەڵێ.

بڕوایەکی باو هەبوو، کە گەردوون کۆمەڵە شتێکە و بەتوند تۆڵی بەیەکەوە بەستراونتەوە، بەڵێ، ئەمەبوو بڕوای خودی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم - الوضعیة - (Positivism)[*]، بەڵام هاوبەندییەکان جیاوازبوون، چون فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم بڕوای بە هاوبەندیی لابەلا و لەناکاو هەیە، ئەو بڕوایە بیریارانی بۆ ڕۆچوونە نێو قووڵایی ئەو پەیوەندییە سۆفیگەرییانە، ئاژۆشت، بەڵام هەستی شاعیر لە ئاست ئەو شتانە هەڵوێستی «برای بێدەنگی ئەو هەموو شتانە»بوو. چەشنی کۆمەڵەیەک لە پۆلێنکراو و چەمکی رووتکراوەو یاسا گشتییەکان لە جیهانی نەدەڕوانی، بەڵکە بە کۆمەڵەیەک لە پەیوەندی تێکچرژاو، کە تەنیا خۆی پێی بایەخدارە، دانا و ئەقڵیشی بە مەڵبەندی ئەو پەیوەندییانە و کار رێکخەری، دانا، لەمەش ئەو ئامرازەی گرتییەوە یاریدەدەری بوو، ئەمیش خواستنەوە کە «پەیوەندی نێوان شتەکان دیاریدەکات، کە پێشتر درکیان پێنەکراوە، ئینجا بەردەوامی دەدا بەو درککردنە هەروەک شلی پێشتر وتویەتی» لە ئاکامدا شاعیر توانی ئەو ماکە لە یەکنەچووانە بسازێنێ، بگونجێنێ و پۆلینیان بکات بۆ ئەو شێوازانەی بۆ بیرکردنەوەی نوێ لە بارن، گەر هاتوو ئەو ماک جیاوازانەی جیهان بەو شێوە پەرتەی جێبهێڵدرێ ئەوە دەبێ پەشێوی یا (دەبێ بە ئاژاوە). (هۆفمانستال) دەیەوێ شاعیر «جیهانێک لەو پەیوەندییانەی لە رابردوو و هەنووکە سەرچاوەیان گرتووە، لە ئاژەڵی کێویی و ئادەمیزاد و خەون و لە شتەکان بخولقێنێ»[٩] دوای چارەکە سەدەیەک یا زیاتر (ت. س. ئلیۆت) دێت و شتێکی چەشنی گوتەی گۆڕینی (هوفمانستال) دەڵێ «ئەقڵی شاعیر پرۆسیسی ئاوێتەکردنی هەمیشەیی ئەزموونە جیاوازەکان، ئەنجامدەدات، نیشانەی ئەزموونی ئادەمیزادی ئاسایی ئاژاوە و رێکنەخستن و هەڵوەشانەوەیە، ئەو (ئادەمیزادی ئاسایی)یە ئەویندارە و (سپینۆزا) دەخوێنێتەوە و گوێ لە دەنگی تیپنووس دەگرێ و بۆنی چێشتی لێنراو، لە یەککات دا دەکات، ئەوە ئەزموونگەلێکە پێوەندی بەیەکەوەیان پەیوەستدەکات، بەڵام شاعیر دەتوانێ بەدەنگ ئەو هەموو ئەزموونانە دابچێ لە یەککاتدا بۆ ئەوەی تەڤ رێکی تازەی لێ بخولقێنێ»[١٠].

ئەو ئاراستە تازەیەی دەیەوێت پەیوەندییە نەسازاوەکانی نێوان کارگەلان بسازێنێت و یەکیان بخات.. ئەو ئاراستەیە لە بوارەکانی هونەر و زانستی رووت و پەتی پیادە دەکرێ، چونکە پشت دەبەستێ بەو چالاکییە ئازادانەی دیسپلینی کۆمەڵایەتی کۆتبەندی ناکات، هەروەک (ئۆرتیگا کاست)[١١] دەڵێ: لەو بوارەش شیعر رچەشکێن بوو، لەبەرئەوەی هەوڵیدا شتەکان بەیەکدی گرێبدات بەمەش بەربەرەکانی چەمکە لاسایکەرەوە و داڕێژگە



زمانەوانییەکان، بکات، لەمەشدا فەلسەفە و زانستەکان چاویان لێکرد.

بەربەستەکان پلەبەپلە لە نێوان بکەر و بەرکار نامێنن، لە نێوان ئەو سنوورانەی (دیکارت) بۆ شتەکانی کێشا، لە نێوان ئادەمیزادی (چاودێر) و سروشتی (چاودێریکراو) زانایان جەختیان کردە سەر بێسوودی جیاکاری بەدەستوبردانەی نێوان کات و شوێن لەلایەک، و ئەو ئەقڵەی هەردوو بڕگەی (کات و شوێن)ی بەسەردا رەنگدەداتەوە لەلایەکی دیکەوە، ئەو جۆرە جیاوازکارییە یاریدەی روونکردنەوەی واقیعی هاوچەرخ نادات. (ئەرنست ماخ)ی فەیلەسووف جەختدەکاتە سەر هەبوونی تێکچرژانێکی کرۆک ئامێز لە نێوان شتگەلە دەرەکی و ناوەکییەکان (لێرەدا ناوبڕێک نییە لە نێوان کێشە دەروونی و کێشە ماتریالییەکان، چونکە شتێک نییە ناوی «ناوەکی» و یەکێکی تریش «دەرەکی» بێت، هەموو شتەکان لەیەک چەشنن و ئەو ساتەی، کە تیایدا چاودێری شتەکان دەکەین ئەو ساتە بۆمان دیاریدەکات کە شتەکە «دەرەکییە» یا «ناوەکی» ئینجا (هایزنبرگ) دێت و دان بەوە دەنێ کە چیدیکە زانست هەڵوێستی چاودێر نییە بەسەر سروشت، بەڵکە لایەنێکە لەو کارلێککردنەی لە نێوان سروشت و ئادەمیزاد روودەدات).

زانست لە کارێگەرێتی شیعر بەدەر نەبووە، چەندین چەمکی زۆری زانستی مۆرکێکی شیعریان بەخۆوە گرتووە و پێشکەوتنێکی زۆریش لە بوارەکانی زانستدا هاتۆتە ئاراوە (مەبەستمان تەنیا ئەو پێشکەوتنە نییە، کە لە بواری دەروونناسی هاتە ئارا، بەڵکە تەنانەت ئەوەی لە بواری زانستە فیزیاییە تەقلیدییەکانیش هاتە ئاراوە) لە ئاکامی ئەو رەوتە شاعیرییەی لەسەر حدس و خەیاڵ وەستابوو، ئەو پێشکەوتنە روویدا، کە زانست گرتیەبەر کە هەر دانانی قەسیدەیەک دەچێت، دەبوایە فیزیاکار دانبنێ بە هەبوونی یاسای نوێی وەڕسکەر کە زۆر دوور بوو لە بازنەی لۆجێک و خۆڕسکێتی پتەو.

زاناکان ئیدی لە رێگەی مایکرۆسکۆپ و تەلەسکۆپ لە شتەکانیان دەڕوانی، روانینێک لەسەر رامانێکی ئەندێشەیی شاعیری هەڵنرابوو، تەبای نموونەی (هوفما نسثال)ی شاعیر کە ((گەردیلەکان لەتدەکات و تۆپێن لەگەڵ جیهان دەکات)) کەواتە، شیعر شاڵاوی بردە سەر گۆڕەپانی زانستەکان بەرێگەیەک پێشتر باو نەبوو، کاری بایۆلۆجی و ماتماتیکیمان زۆر نزیک بوو لە کاری رۆماننووسی، چەمکانێکی زۆری ((نازانستی)) باڵیان کێشا بەسەر گۆڕەپانەکانی زانست، ئەو چەمکانەی زۆر دوور بوون لە رەسەنایەتی و وردێتی تەقلیدی زانستی، بۆ نموونە چەمکی ((هاهکوفیی دوو دژەکان ambivalence))ی (فرۆید) وەربگرە

چۆن هەست و نەستی خۆشەویستی و رقهەڵگرتنی لەیەک بۆتەدا تواندەوە، هەروەها بیروباوەڕی (یۆنگ) لە ((گۆڕینی هەموو شتێک بۆ دژەکەی)) لە دەروونناسیدا هەروەها ئەو فیزیازانەی چیدیکە داننانێ بە سنووری جیاکەرەوەی نێوان بارستە و وزە، بەڵکە ئیدی بڕوا دێنێ بە هەبوونی قەوارەیەک بارستە و وزە لە یەککاتدا بەخۆوە دەگرێ، لەسەرمانە تیۆری رێژەیی لە بیر نەکەین، کە دەڵێ: دووری یا رەهەندی هەرتک لە ماوە (مەسافە) و زەمەن یەک رەهەندە نەک دوو رەهەندی دژ بەیەک هەروەک جاران ئاوا لە قەڵەمدەدرا.

هەروەها بیروباوەڕی (مینکۆفسکی) وەربگرن لە زانستی جەبر، کە جەختدەکاتە سەر بەردەوامێتی نێوان مەودا و زەمەن، شێوەی جیهان هەمووی بەهۆی ئەو زانینە تازەیە گۆڕا.

جا لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لە تێڕوانینی خەڵکی بۆ جیهان روویدا، ئیدی خەونیش پێگەیەکی تازە و گونجاوی گرت. لە کۆتایی سەدەی رابردوو کاتێک (فرۆید) کتێبی (راڤەکردنی خەونەکانی) (١٨٩٩)ی بڵاوکردەوە، تیۆرەکانی (فرۆید) بەڵگە زانستی و تەختگەییەکان (سریریە) جەختیاندەکردە سەر ئەوەی زۆرێک لە راڤەکردنە میللییەکان بۆ هێمای خەونەکان راست دەرچوون، ئەو جیهانە سەلماندی، کە رەنگە ماکەکانی خەونە بەیەکگرێنەدراوە و پەرتەکان ((لۆجیک))ێکی نوێ بەرهەم بێنن، ئێمە ناتوانین بەهۆی لێک هەڵوەشاوەیی، بەروونی خەونەکانمان وەبیر بێنینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شت لە ئێمە و ناوەڕۆکمان بە شێوەیەکی (نەزانراو) دەدۆزینەوە، ماکەکانی خەونە بەیەکگرێنەدراوەکان لەڕووی لۆجیکییەوە دەرگای زانینی ئاڵۆزترین کارگەل و وردترینیانمان لەبەردەم ئاوەڵا دەکات بە رێگەیەکی ورد و کورتکراو، گەر خەون نەبوایە هێندە زۆرمان لە بارەی کاری ئەقڵ نەدەزانی.

لەو کاتەی (فرۆید) سەرقاڵی ئەزموونە تەختەگەیی بوو لە بارەی سروشتی خەونەکان، نووسەرێکی شانۆیی هەبوو هەوڵیدەدا لۆجیکی خەونەکان بەسەر شانۆگەرییەکانی پیادە بکات. ئەو نووسەرەش (سترنبرگ)ە. ئەو لۆجیکی خەونە لە شانۆگەریی ((بۆ دیمەشق)) ١٨٩٨ دەبینین بە هەردوو بەشی یەکەم و دووەمی، ((شانۆگەریی خەون)) (١٩٠٢) هەروەها لە بەشی سێیەم ((بۆ دیمەشق)) کە بەشی زۆری لە ساڵی ١٩٠٠ نووسی، بەڵام لە ساڵی ١٩٠٤ بڵاوکرایەوە، لە پێشەکییەکەی (شانۆگەریی خەون) (سترنبرگ) ئاماژە درامیەکانی روونده‌کاتەوە، دەڵێ:

(لەو شانۆگەرییە خەون ئامێزەدا، هەروەها لە شانۆگەرییە پێشترەکەی ((بۆ دیمەشق))



نووسەر هەوڵیداوە شێوە بەیەکگرێنەدراوەکانی خەونەکان بخاتەڕوو و نمایش بکات، کە لە هەمانکاتدا لۆجیکیانەیشە، هەموو شتێ دەگونجێ رووبدات، هەموو شتێک دەلوێ، دەشێ، لێرەدا شتێک نییە پێی بگوترێ ماوە یا زەمەن، دەکرێ ئەندێشە شێوازگەلی نوێی پاشخانی واقیعی ((بچنێ)) دەکاتێ ئاوێتەیەک لە بیرەوەری و ئەزموون و بیروڕای سەربەست و فڕوفیشاڵ و کارگەلە دیکەی سەرپێچی، بچنێ، کەسایەتییەکان لەت دەبن و چەند بارە ژمارەیان چەند هێندەی لێدێت، دەهەڵمێن و بەرجەستە دەبن و بڵاودەبنەوە، ئینجا نزیکدەبنەوە.. لێرەشدا جگە لە خەون هیچ پێوەندێک لە نێوان ئەو شتانە نییە).

زۆر لە هونەرمەندانی هەوەڵین بیست ساڵەی سەدەی بیستەم و نووسەرانیان خەون، بە نموونەیەکی ئەوتۆ دادەنێ، کە تیایدا واقیع و ناواقیع و لۆجیک و هەڵوەسە، و پڕوپووچی و شکۆیی یەکدەگرن.

سوریالیزم هات بۆ ئەوەی پێگەیەک بدات بە خەون، کە لە دوای ئەوەدا هیچ پێگەیەکی تر نییە: خەون دوو لایەنی هەیە و یەکەم لە بایەخدانێکی زۆر بە درێژدارێتی خۆ دەنوێنێ دووەمیش: لە ئاوێتەکردنی ئەو پەیوەندییانەی نێوان درێژدادرێتییەکان خۆدەنوێنێ. سوریالیزمیش هات بۆ کۆیی کردنی ئەو دوو سیفەتەی خەون و وامان لێبکات هەست بەوە بکەین، کە ئێمە لەسەر دوو ئاستی جیاواز و دوو جیهانی جیاواز دەژیێن و ئەو دوو ئاست و جیهانەش تێهەڵکێش و تێکچڕژاون لەگەڵ یەکدیدا تێکچڕژاوێکی تەواو، تەنانەت ئێمە ناتوانین ئەوە جوێ بکەینەوە کامیان پاشکۆی ئەویدیکە یا کامیان لەویدیکە خۆی بەدوور دەگرێ.

مسۆگەرە دوانەی هەبوون یا بیرۆکەی بوونی دژیەکەکان لەو بیروباوەڕە ناباوانە نییە بەلای ئێمەوە، گەرچی واتاکە دوو سەرەیەو دووسەربەتی بوون و تەلەکە بازی و فریودان، کە دیاردە سروشتییەکان لە بەردەم درکپێکردنی مرۆیی دادەنێ- گشت ئەو کارانە بەو قووڵاییە تاقینەکراوەنەتەوە، کە ئێستا سوریالیزم تاقیکردۆتەوە[١٢]

-٥-

(کۆتفریدبن) لای لە هەمان بابەتی ناوبراو بەشێوازێکی پوخت و پتەو کردۆتەوە هەردوو سەدەی دوازدەهەم و سێزدەهەم بەنەمرکردنی خۆشەویستی داوێنپاکی (العذری) ناسرابوو، سەدەی حەڤدەهەمیش بەوە ناسرابوو مۆرکی رۆحی خستە سەر هەرچی شکۆ و خانەدان بوو،

سەدەی هەژدەهەمیش بە زانستکردنی مەعریفە، بەڵام سەدەی ئێستا بەوە دەناسرێتەوە بەهێنانی ئەوەی دەبێتە هۆی هاوکوفی نێوان دوو دژ لە ڕێگەی بەیەکەوە لکانی شتێک و دژییەکەی بێشومار شایەت هەن لە ژمارنایەت، بۆ نموونە، لە ڕۆمانی ((دمیان))ی (هسە) ١٩١٩ دەبینین خوداوەندی ((ئەبراکس))، لە یەککاتدا ژن و پیاو ئیبلیس و خوداوەندە، کاتێک وەدیار دەکەوێ بۆمان هەست و نەستی بەختەوەری و تیرۆریزم لە یەککاتدا بەسەرمان دەسەپێنێ، هەروەها ڕۆمانی ((یۆلیسیس))ی جۆیس کاتێک (بیلا) سەیری (بلوم) دەکات و بە زمانێکی سەرسوڕمێن لێی دەپرسێ داخوا وەبیری دێتەوە یا نا، بە ((بەڵێ، نەخێر)) وەڵامی دەداتەوە، دوای ئەوە هەمان ئەو ئافرەتە پیاوانییە دەبینین بە سمێڵێکی بەرچاو دەگۆڕێ بۆ پیاوێکی ژنانی قژکورت، هەروەها ڕاڤەکردنی واتای پەنهانی کارەکانی (ریلکە)، (شیوەنی دیونو)و (ئەو سروودانەی پێشکەشن بە ئۆرفیۆس)) ئەو دەڵێ: ئەو هەڵبەستانە گوزارشت دەکەن لە ((یەکێتی تۆقین و بەختەوەری)) هەروەها لە ((یەکێتی نێوان ژیان و مردن))[١٣].

گەر سیفەتی هەرەزێدەی نوێگەرێتی بریتی بێ لە ئاوێتەکردن و جیاوازی نەکردن لە نێوان پەسەندکردن و پەسەند نەکردن و ژیان و مردن، ئافرەت و پیاو تیرۆریزم و بەختیاری، تاوان و خواپەرستی، خوداوەند، ئیبلیس، ئەوکات نوێگەرێتی بەتەنیا شتێکی کەممان لە نوێگەری بۆ دێنێ، بیرۆکەی سازان لە نێوان دژەکان بەقەد (هیرۆ قلیدس) کۆنە، (هوسر) باسی ئەوە دەکات بیرۆکەی سازانی نێوان دژەکان لە فەلسەفەی (نیکۆلای قۆسی)و (جیوردانو برونۆ)وە هاتووە، ئەو چەمکەش بە ڕێگەی جیاجیا باسکراوە، لە سەدەی نۆزدەهەمدا (شلنگ) جێگەیەکی دۆزییەوە ئادەمیزاد نایگاتێ، جێگەیەک تاریکایی دەورەی داوە و تێیدا سەختە، قورسە جیاکاری لە نێوان ئەوەی بابەتییە و ئەوەی خودیەتییە، (گۆتە) لە سروشتدا هێزێکی ((ئیبلیسی))ی لە ئاسا بەدەر، لە دژیەکە بەزۆرە ملێکان و پێویستەکان پێکدێت.

(هیگل) لە (ڕەها)ی کۆڵیەوە، چون نەک تەنیا شتە پێچەوانەییەکان بگرە تەنانەت دژیەکانیشی تیایدا دەگوزەران، بەڵام (کیرگجارد) داوای لە مرۆڤ کرد بوو بازبدا بەسەر هەڵدێری دژیەکە ڕووالەتییەکان.

گەر ئەو دیاردەیەی نوێگەرێتیمان بە (هاوکوفی دوودژ) ناونا هەروەک (بین) ناوینا، ئەوە ئێمە بەوە لە وردەکاری دووردەکەوینەوە. لەراستیدا ناتوانین لە فەرهەنگەکانمان دەست بخەینە سەر یەک وشە ئەو هەموو مانایەی دژ بەیەک و پێچەوانە و دژبەر و دوو سەرە و لێکنەچووانە



بگرێتەخۆ، هەروەها بیرۆکەی (ئەرستۆ) بگرێتەخۆ، کە دەڵێ: ((دەکرێ شتە دژبەیەکەکان بەرزترین پلەی گونجان و هاوسازی بەرهەمبێنن)) هەروەها بیروڕای (فرۆید) و (نیک)یش لە ((هاوکوفیی دوو دژ» لە دەروونناسی دەگرێتەخۆ، ئەوەی نوێگەرێتی جیادەکاتەوە و ئاڵۆزی دەکات ئەوەیە وەکو بڵێی داوای سازان، گونجان بکات لە نێوان دوو ڕەوتی جیای ڕکابەر، لەلایەک نوێگەرێتی داندەنێ بە ڕەوایی ناسروشتی (Synthesis) هیگلی ئەقڵیی ئامێرەکی، کە یەکێتییەکی شکۆمەند وەبەرهەم دێنێ ناوەڕۆکی هەردوو ماکی ڕکابەر دەپارێزێت، هەمان شت سەبارەت بە کەسێتییەکی شانۆگەریی ((بۆ دیمەشق))ی ((سترنبرگ))، کە ناکرێ تێی بگەین بێئەوەی پێکهاتەی (هیگڵ)ی پێکهاتوو لە ((بەڵێ))و ((نەخێر))ی لە یەککاتدا پیادە بکەین[١٤].

بەرچاوخراو (الطريحە)، سەلماندن، دژەکە، پەسەند نەکردنی ئاوێتەکردن. وەرگرتن، تۆ ژیانت بە پەسەندکردنی هەموو شتەکان دەستپێدەکەیت، ئینجا بەردەوام دەبی لە ژیان بۆ بەدواوەدانی (رفض) هەموو شتەکان، ئەوە ئێستا ژیانتە لە ڕێگەی وەرگرتنی هەموو شتەکان، یەکلایەن بە نە زیاتر و نە کەمتر مەڵێ ((یان.. یان)) بەڵکە لە بری ئەوە بڵێ ((هەردووک... و))!

لە هەمانکاتدا، پێدەچێ ئەقڵی نوێگەرێتی پێویستی بە بڕیاردانێ بێ لەسەر پرەنسیپی (کیرگجارد) کە داوای بەدواوەدانی حدسی ئەم دەکات، چونکە تەنیا و تەنیا بە تەماویکردنی هەموو شتێکە، کە ڕێگری درکپێکردنی هەر شتێکە، لەبەرئەوە نوێگەرێتی خۆشحاڵە بە چەمکی (کیرگجارد) کە بریتییە لەو ((یان.. یان)) لە جیاتی بیرۆکەی (هیگل) کە بریتییە لە (هەردووک... و) (کیرگجارد) بانگەشە دەکات، کە ((یان.. یان)) پێویستە بەدوو وێستەی (فاصل) دوور (لە یەک) دانەنرێت، بەڵکە یەکەیەکن پارچە ناکرێن، لەبەر ئەوە پێویستی بەوە کرد بە یەک وشە بنووسرێتەوە، فەرمانێکی جیای هەیە و بریتییە لە خولقاندنی پەیوەندی توندوتۆڵ لە نێوان دژیەکەکانی ژیان و لە هەمانکاتدا یاریدەی پاراستنی ئەو دژیەکانە دەدات بەکەسایەتییە ڕەوا سەربەخۆکانیان، لەبەرئەوە واپێدەچێ ئامانجی نوێگەرێتی سازان بێت لە نێوان (هیگڵ)و (کیرگجارد) ئەو هەمەکی نە پەیوەستدەبێ بەبیرۆکەی (هەردووک.. و) نە بە بیرۆکەی ((یان.. یان)) بەڵکە ئەو پەیوەستە و ناپەیوەستە پێیان لە یەککاتدا، کەواتە، شێوازی نوێگەرێتی بریتییە لە (هەردوو- و) (و- یان) (یان- یان).

ئێمە دەتوانین ئەو هەڵوێستە تەماویە لە زۆر لە کارە ئەدەبییە تازەخوازەکان بخەینە بەرچاو،

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرسام نابین کاتێ زۆریک لە نووسەرانی نوێخواز دەبینین   ناکارن -ئەمەشە شتێکی سروشتیە- ئامانجەکانیان «لە چەند پەیڤێکی سادە» روونبکەنەوە، بیروباوەڕیان لە خۆیدا سەرسڕمانییە لەبەر ئەوە ناتوانن روونی بکەنەوە تەنانەت بەزمانی شیعریی و هێمایی وردیش، تەنانەت بە زمانی شانۆیی یا رۆمان، (هیرمان هسە) لەو ژمارە کەمە بوو، کە هەوڵیدا ئەو بیروباوەڕانە روونبکاتەوە، وتارێکی نووسی تیایا هەوڵیدا بە دەستەواژەی روون و راشکاوانە هەڵوێستی خۆی لە وشەکان، دیاریبکات، دەڵێ: ئەو گەرهاتوو مۆسیقازان بوایە دەیتوانی بەئاسانی پارچە مۆسیقایەک چێبکات لە دوو جوولە، گەر دوو رستەی مۆسیقییەت لێوەرگرت، ئەوە تۆ دەبینی یەکدی تەواودەکەن و ململانە دەکەن و بە دەنگ یەکدیەوەش دێن ئنجا بە شێوەیەکی زیندوو پتەو لەگەڵ یەکدیدا پەیوەست دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە خوێندنەوەی نۆتەی مۆسیقابزانێ و بەڵەدبێ دەتوانێ هەر ئاوازێک بەتەنیا و هەر ئاوازێک تەواوکەر و دژ بەیەکێکی دیکە هەر ئاوازێک دەستە خوشکی ئاوازەیەکی دیکەیە، ببینێ و ببیستێ، لە هەمانکاتیشا دژیەکەکانی و رکابەرێتی، (هیرمان هسە) دەیویست بەم وشانە گوزارشت لەو رەوتە دوو سەرەیەی ئەو دژیەکانە بکات.[١٥]

((هەمیشە حەزدەکەم بەگوشاریەوە ئاماژە بەو ئاوێتە لەیەکنەچووەی جیهان بکەم، هەروەها حەزیشدەکەم بەبیری خەڵکی بهێنمەوە، کە لە قووڵایی ئەو ئاوێتەیە یەکێتییەک هەیە کەرت ناکرێ و جوانی و ناشیرینی، رووناکی و تاریکی، خەتاو بێگەردی ئەمانە تەنیا کارگەلێکی پەرتی رواڵەتیانن، کەچی لە هەقیقەتدا، تێهەڵکێشی یەکدین سەبارەت بەمن، هەرە چاکترین وتراوەی بەشەرییەت ئەو دەستەواژەو وێنە شیعریانەیە، کە دژبەیەکەکانی جیهان رەنگپێدەداتەوە، ئەو دژبەیەکە سەرسوڕمێن و زەرووریانە لەیەککاتدا)) بەم جۆرە ((هێما تەلیسماوییەکانی))ی (هسە) جۆرێکن لە زمانی میتافیزیکی، کە هەرچی زمانی باو (تەقلیدی) بێزاندی ئەو دەیگێڕێتەوە و یەکیدەخات و جیهانێکی نوێی لێ دەخولقێنێ شتە لێکنەچوو و لێکچووەکانی لە یەککاتدا تیابێت ئەو هەوڵوێستەی (هسە) لە زماندا بۆوە هات تاک و پشتیوانی بۆچوونی (رونالدبار) بکات، کە وتویەتی: خەم و خەفەتی ئەدیبانی هاوچەرخ - هەر لە (فلوبێر)ەوە تاکو ئێستا، تەنیا لە گیروگرفتە زمانەوانییەکان سەرچاوەی گرتووە[١٦].



-٦-

هەڵبەستی «وێرانە خاک» (١٩٢٢) ئاماژە بەوە دەدات، کە رەنگە ئەو جۆرە دیتنە نوێخوازە بە «Tiresias» ناوزەد بکرێ (ت.س. ئالیۆت) لەو هەڵبەستەدا دەڵێ:

من (Tiresias)م دوو ژین دەگوزەرێنم، وێڕای ئەوەی کوێرم، من پیاوێکی پیرم بەدوو مەمکی چرچی مێینەوە ئاوساوە، بەڵام من دەتوانم لە ساتەوەختی یەکلا کەرەوەدا بدینم.

(ت.س. ئلیۆت) خۆی جەختی لەسەر گرنگێتی ئەو دێڕانەی قەسیدەکە کردۆتەوە، (ئلیۆت) لە لێدوان و شرۆڤەکانیدا، کە پاشبەندی ئەو قەسیدەن و زۆریش شایەتیان پێدەدات، دەڵێ:

((وێڕای ئەوەی (Tiresias) تەنیا تەماشاکەر و کەسایەتییەکی راستەقینە نەبوو، بەڵام گرنگترین کەسایەتی قەسیدەکەبوو، ئەو هەموو کەسایەتییەکانی یەکخست، کاتێک بازرگانی تاکچاوی مێوژفرۆش لە کەسایەتی دەریاوانی فینیقی دەتوێتەوە و ئەوەی دواییش بەدەوری خۆی هیچی جیانییە لە (فردیناند) میری ناپۆلی، لەبەر ئەوە هەموو ئافرەتان یەک ئافرەت و هەموو پیاو و ئافرەتێک لە کەسایەتی (Tiresias) بەیەک دەگەن، لەراستیدا، ئەوەی (Tiresias) دەیبینی ئەوە ناوەڕۆکی قەسیدەکەیە بەم جۆرە هەموو ئەو پیاوانەی دەکرێ دەستنیشان بکرێن وەکو تاکەکەس هەموویان یەک پیاون و هەموو ئافرەتانیش، یەک ئافرەتن و هەموو پیاو و ئافرەتێک لە (Tiresias) بەیەکدەگەن، ئەو فالگرەوە کوێرەی تەماشاکەرە و «گرنگترین کەسایەتییە» (کەواتە ئەو تەوەر و چەقی راگیری هەموو کەسایەتییەکانە). وێڕای کوێریشی (Tiresias) لە ساتەوەختی یەکلاکەرەوە دەتوانێ بدینێ لەو کاتانەی شەووڕۆژ شوناسیان ون دەکەن و تێکەڵی یەکدی دەبن، قەسیدەکە ئاماژە دەدات بەوەی بەخششی بینین لەگەڵ دیتن ناکۆکە، گەر چاومان خستە سەر دیاردە دابڕاوەکانی ژیان ئەوە یانی وەرمانسوڕاند بۆ زنجیرەیەک شتی لە یەکدوور و بەیەکەوە گرێنەدراو، هەروەک (خاتوو سوسوترس)ی چاوتیژ، کە ناوبانگییەکی قەڵپی بۆ خۆ پەیدا کردبوو بەوەی ((هەرە ژیرترین ئافرەتە لە ئەوروپا))، ئەنجامیدا.

کاتێک چاودەخەینە سەر شتێکی دیاریکراو ئەوە ئێمە سەرنج نادەینە ئەوەی دەورەی داوە، بەڵکە وەکو کۆمەڵە شتێکی لێکگرێنەدراو لە جیهان تێدگەین ئا ئەمەشە خاڵی لاوازی تێکڕای خەڵکی، هەروەک (ریلکە) بۆی چووە، ئەو دەڵێ ((گەشت زیندووان هەڵەی

هاوێرکردنی ورد دەکەن)).[17]

دیتنی (Tiresias) لە جۆرێکی دیکەیە، کاتێک ساتەوەختی یەکلاکردنەوە دێت (Tiresias) بەگوێنەدان بە وردبینی، دەستپێدەکات لەو کاتەدا لای ئەو خانەدانی و چەپەڵی یەکسانن و هەموو نوێنەکانیش یەک نوێنن و مەرگیش دەبێ بەبرای ژیان، ئەو لەسەر پردی لەندەنەوە دەڕوانێتە ئاپۆرەی خەڵک وەکو کەژاوەیەک لە مردووان و ئەو جیاوازی ناکات لە نێوان رابردوو و ئێستادا، ئەو پێشوازی لە یەکێ دەکات، کە سەر بەو نەوەیەیە وەکو بڵێی ئەو کەسە یەکێکە لەوانەی بەسەرپەرشتی کەشتییەک بەر لە قڵپبوونەوەی لەگەڵیا سەفەری کردووە.

(خاتوو سوسوترس)ی چاوتیژ یەک یەک خەڵکی هاوێر دەکرد، ئا ئەمەیە دراوسێی فینیقی و ئەوەشیان بازرگانی تاکچاو و بەم شێوەیە ئاوا بەڵام ئەو ئاوها سەیری هەموو پیاوەکانی دەکرد وەکو بڵێی یەک پیاو بن و هەموو ئافرەتانیش، یەک ئافرەت بن، نەتوانینی هاوێرکردن لە نێوان ئافرەت و پیاو لە پێکهاتەی خودیەتی، ئەو لەوەی لە یەککاتدا ئافرەت و پیاوە، سەرچاوەی گرتبوو.

ئەوەی قەسیدەی ((وێرانە خاک)) دەیەوێ بیڵێت ئەوەیە لەسەرمان پێویستە کوێری (Tiresias) بەخراپە لێکنەدەینەوە، ئەو کوێری بینایە لەگەڵ لۆجیکی نوێگەرێتی رێدەکات، کە بینای قەسیدەکە بەتەواوی دەیگرێتە خۆ، دەشتوانین خودی لۆجیک لە یەکێ لەو رۆمانانەی (ئەلیاس کانیتی) لە ساڵی ١٩٣٥ نووسیویەتی، بدۆزینەوە بەناونیشانی «Die Blondung» و وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەیشی ناونیشانی رۆمانەکە «کردەی بڕوا»یە، بەڵام ئێمە لەو بڕوایەداین ئەو وەرگێڕانە ورد نییە و ناوەڕۆکی رۆمانەکە لەناو نیشانەکەدا رەنگناداتەوە بەڕای ئێمە وەرگێڕانی راستی ناونیشانەکە ((کوێرەوەبوو The blinding)) یاخود ((شپرزەی بینایی Daxxling The) یا تەنانەت ((خەیاڵ Delusion) پاڵەوانی ئەو رۆمانە پسپۆڕێکی تایبەتمەندە لە لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتییەکان ئەو پسپۆڕە لە هێکرا ئەوە دەدۆزێتەوە

کوێری هێزی چاوتیژی – چاوکراوەیی دەبەخشێتە ئادەمیزاد. کەلوپەلی کتێبخانە رازاوە و جوانەکەی، کە جێپەنجەی هاوسەرەکەی لە رێکخستنی پێوە دیاربوو، بیری لە بارەی کتێب و تۆژینەوەکانی پەرش و بڵاودەکردەوە، لەبەرئەوە خۆی رادێنا لەسەر رێ بە چاوی نوقاوەوە لە نێوان رەفەکانی کتێبخانەکەی، ئینجا دەستیکرد بەهەڵبژاردنی کتێبەکانی ((وەکو کوێرێک)) و دەرەنجامی ئەو رەفتارە حەتمیەش هەمان ئەو هەڵانەی دەکرد کە نابینایەک دەیکات.



لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاکامەکە دڵخۆش بوو، درکی بە بەهای رێکەوت و بەخت لە دۆزینەوەی شتەکان دەکرد، ئەمەش پرەنسیپی (بارت)مان وەبیر دێنێتەوە کاتێ وتی: بیرۆکە زادەی رێکەوتە و ((بەخت (چانس) یارمەتیت دەدات ئەو رنینی بەروبوومی واتا» لە ئاماژەدانمان بەو رۆمانە، ئامانجمان ئەوە نییە بڵێین (ئلیۆت) کاتێ قەسیدەی (وێرانە خاک)ی دەنووسی هەمان شێوازی گرتەبەر، کە پاڵەوانی ئەو رۆمانە گرتیەبەر، ئێمە نامانەوێ ئاماژە بەوە بدەین کە (ئلیۆت) دەستی دایە رەفەکانی کتێبخانەکەی وەکو کوێرێک بۆ پشکنین بەدوای دانراوەکانی (شکسپیر)و (ملتن) و (دانتی) و کتێبی ((ئەو باڵندانەی لە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی ئەمریکا دەژین))ی (چابمان)ی دۆزییەوە یا هەر کتێبێکی دیکە یاریدەی دا بۆ نووسینەوەی قەسیدەی (وێرانە خاک)، ئەوەی دەمانەوێ بیڵێین ئەوەیە پاڵەوانی رۆمانی (کاینتی) لە رێگەی شاڵاوی هەرەمەکی لە نێو کتێبخانەکەیدا، گەیشتە رێپیشاندەری کارێکی ئەکتیڤ، بەهۆی کوێرییە بیناییەکەی رێگەیەکی دۆزییەوە یاریدەی دەدات بۆ لێککگرێدانی شتەکان بەیەکتر و گەر واش نەبوایە ئەو شتانە لێکدوور و لێککگرێنەدراو دەمانەوە، کوێری بووە بە ئامرازێک لەو ئامرازانەی ئادەمیزاد لە رێگەیەوە دەتوانێ بگات بەلێکتێگەیشتن لە ژیاندا، ئەو لێکتێنەگەیشتنەش تەنیا لە رێگەی فەلسەفەی رێکەوتەوە چێدەبێ.

پاڵەوانی (کاینتی) لەو بڕوایە دابوو «کوێری چەکێکە دژی کات و شوێن ئەو دوو ماکەی بوونمان پێکدێنن، کەبەکوێرەوەبوونە کوشندەکان ئابڵۆقەدراوە، کوێری لێکنزیکبوونەوەی شتەکان لە یەکدی ئاسان دەکات، ئینجا دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان، ئەو پەیوەندییانەی بە بێ ئەو بەدینایەت» لە کوێرییە چاوتیژییەکەی بەو کوێرییە دەچێ، کە دووچاری چاوانی پڕ فرمێسک دەبێ یا چاوەهەڵایساوەکان یا ئەو چاوانەی خەڵکی دایژەخەن لە پێناو خەونێک یا خۆشەویستی یا مەرگ ئەوە ئەو کوێرییە یە کە«بەرەو قووڵایی رۆشنایی رووەدەچێ» ئەو کوێرییە، هەروەک بانگەشە دەکات، مانایە کی هەقیقی بەژیان دەبەخشێت، قووڵتر لەو مانایەی چاوە ساغ و دروستەکان هەڵیدەقۆزنەوە. زۆرێک بڕوایان وایە ئەو هەڵوێستە لە شتەکان تەنیا حالەتێک لە تێکەڵبوون و شڵەژاوییەکی تەواو بەرهەم ناهێنێ، کەنیشانەی سەدەی بیستەمە، هەروەها بڕوایان وایە ئەمە هەرەشەیە بۆ سەر بنەماباوەکان، سیستەمی گەردوونی لەسەر هەڵنراوە. وشەی (سیستەم) سیستەمی هەسارە گەرۆکەکانمان وەبیردەخاتەوە چۆن شتەکان رێخراوە و پێکەوە نووساون لەگەڵ یەکتریدا بە هۆی هێزی لێککگیربوون و هەر

خەوشێکیش لەو سیستەمە مانای ئاژاوەیە.

«گەر شتەکان کەوتن و ناوەندیش نەیتوانی رایبکێشت «ئاژاوە باڵ دەکێشێ» وشەگەلی وەک ئاژاوە و هەڵوەشانەوە و پەرتەوەبوون، واتە دوورکەوتنەوە و جودابوونەوە، بەڵام ئەوەی لە نوێگەرێتی روودەدات بەپێچەوانەی ئەوەیە کە شتەکان دەکەون نەک بۆ ئەوەی دووربکەونەوە، بەڵکە بۆ نزیکبوونەوە و یەکگرتنە (ئەمەش مانای خودی پیتی وشەی «سیمبول – Symbol» بۆ هزر و هۆش دەگەڕێنێتەوە، کە لە وشەی لاتینی «Symballein» وەرگیراوە و مانای «کۆدەکاتەوە» دەگەیەنێ).

نوێگەرێتی (ناوەند) هێزێکی راکێشەرە نەک هێزێکی راوەدوونەر یا تورهەڵدەر، لەو سۆنگەیەوە ئەنجام یەکخستنی ناوییە نەک هەڵوەشانەوە و پەرتەوەبوون، هەرەشەکاریی لە سیستەم لە رێگەی تێکشکانی سیستەمی هەسارە گەڕۆکەکان نایەت، بەڵکە لە دانپیانەنان بە سیستەمی ئەرشیفکردن، ئەرشیفکردن واتە کۆکردنەوەی پوختەکراوەکان و فایلەکان و دانانیان لەیەک شوێن، واتە گردکردنەوەی کاری زۆری جیاواز و وەکییەک لەیەککاتدا، گەر بینیمان چەمکەکان خێراتر لە زمان دەگۆڕێن، ئەوە تەنیا بارگرژییەکی هەنووکەیی بەدوادادێت و گەر بینیمان بیرۆکەکە خۆی بەسەر ئەزموون دەسەپێنێ و گەر بینیمان سیستەمی زمانەوانی، کە ئەرکییەتی رەوشی تازە بەرجەستە بکات، بەدەست مەزەندەکارێتی خودیەتی، دەناڵێنێ، ئەوە مسۆگەرە تەنگژەی شارستانیی بەدوادادێت، ئینجا «سەردەمی شارستانی»تازەی بەدوادادێت». (١٨)

# بەشی سێیەم

# جوگرافیای نوێگەرێتی

لەو کۆمەڵە سیمایانەی نوێگەرێتی، ئەوەیە پانتاییە جوگرافیاییەکەی فراوانتر کرد و ڕەگەزەکانیشی فرەتر.

گەر سەروبەری شێوازی گەشەکردنی نوێگەرێتیمان لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا لە ڕووسیاوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، کرد سەرنجدەدەین پەیدابوونی دیاردە هونەرییەکان، تەقینەوەی هۆشیاریی، ململانەی نێوان نەوەکان، ئەو سێ لایەنەی جڵەوگری نوێگەرێتی وەکو یەک لە هەموو وڵاتانی ئەو پانتاییە فراوانە جوگرافیە ڕوویدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە (هەرسێ لایەن) لە یەککاتدا هاتنەئارا، هەر وڵاتێکی پشتگیریکاریی ڕەوتی نوێگەرێتی، کلتوورێکی شارستانی ، بارگرژییەکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی تایبەت بە خۆی هەبووە، واتە هەر وڵاتێک تایبەتمەندێتی نیشتمانیی خۆی هەبووە، کە خستویەتییە سەر نوێگەرێتی یەک لە هۆیەکانی ئەو تایبەتمەندێتییە هەروەک (مالکم برادبری) نووسەری یەکەمین وتارێ لە «جوگرافیای نوێگەرێتی ئەوەیە شارەکان شوێنی سروشتی نوێگەرێتین، ئەو شارە خۆماڵییانە دوای پەرەیان سەند بۆ ناوەندێکی جیهانی، بەڵام وتارەکانی دیکە هەندێ شاری گرنگی نوێگەرێتی» بژاردە دەکەن کە لەو ماوانەدا بەگوڕ و تینی گەورەی شارستانی ناسرابوون، شارانێک لە بەرایییەوە نمایندەی ناوەندەکانی نوێگەرێتی ئەڵمانی بوون وەکو بەرلین و ڤییەناو پراگ، ئینجا مۆسکۆ و پترۆسبۆرگ ئەو دوو شارەی بەر لە شۆڕشی (ڕووس) بەسیمبولیزم تەنرابوو، شاری پاریسیش توندترین شەڕوشۆڕشی بەخۆوە بینی لە پێناوی جێگیربوونی نوێگەرێتی، جگە لە شارەکانی لەندەن و نیویۆرک و شیکاگۆ، هەڵبەت لێرەدا کەلەبەری ئەوتۆ هەن ئەو بەشە نەیگرتۆتەوە، بەڵکە بەشەکانی دیکەی ئەو کتێبە پڕیاندەکاتەوە وەکو بۆ هیمییەتی ئەسکەندەنافی، یاخیبوونی ئایندەگەرایی ئیتاڵیایی، بەرلین لە زەمەنی تەعبیرییەت و پاریس دوای جەنگی یەکەم، ئێمە سیفەتی گشتگیری بەسەر ئەم بەشە دانابرین، ئەم بەشە دەیەوێت هەندێ لایەنی نوێگەرێتی لە چەند ناوەندی شارستانی، وەدیار بخات.



## أ- شارەکانی نوێگەرێتی - مۆدێرنێتە

**مالکم برادبری**

زۆرێک لە لایەنەکانی ئەدەبی نوێگەرێتی ئەزموونگەرێتی، کە لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم پەیدابوون و بۆ ئەو شێوازەی ئێستا دەیناسین پەرەی سەند، هونەری شارەکان بوو نەخاسمە ئەو شارانەی دانیشتوانی بەچەندین زمان دەدوان. ئەو شارانە، لەبەر چەند هۆیەکی مێژوویی بەکار و چالاکی تەنرابوون تەبای ناوەندگەلی ئاڵوێری شارستانی و هزری، هەندێ جار کەشێکی پەرەسەندوو لە هونەر و بیروباوەڕە تازەکان لەو پایتەختە ڕۆشنبیرییانە، دەبینین، ئەو کەشەش تەنیا نووسەرە گەنجە خۆماڵییەکان و ڕاستەقینە و بەناو ڕاستەقینەی گڵنەداوەتەوە، بەڵکە تەنانەت هونەرمەندان و گەشتکارانی ئەدەب و ئاوارەی وڵاتانی دیکەش لەخۆگرد کردۆتەوە، ئەو شارگەلە بەقاوەخانە و یانەی شەوان و گۆڤار و بەڵاڤکەر و پیشانگەکانی، ناسرابوو، ئەو کەشەی چالاکیی ئیستاتیکا تازەکانی، هاندا.

ئێمە لەو کەشانەدا نەوەکان بەدیدەکەین لەکێبڕکێدان و بزووتنەوە هونەرییەکان ململانێ دەکەن و ململانەی نێوان ئەو توێژانە ئاوها توندبوو تاڕادەیەک کار گەیشتە هەڵمەتی ڕاگەیاندن.

کاتێک نوێگەرێتی دێتە بەرباس، ئەوە ئێمە تەنیا کەشی ئەو شارانەو بیروباوەڕ و شاڵاوگەل و فەلسەفە و کێشە ڕامیارییەکان، کە باڵیان کێشابوو، دەخەینە بەرچاو، کەشی شارەکانی وەکو بەرلین و ڤییەنا و مۆسکۆ و سان پترسبۆرگ لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو تا ساڵانی هەوەڵینی جەنگی یەکەم. هەروەها ئەو کەشانە لە شاری لەندەنیش بەدیدەکەین لە ساڵانی بەر لە جەنگ و شارەکانی زیوریخ و نیویۆرک و شیکاگۆ لە ساڵانی جەنگ و لە شاری پاریس لە هەموو کاتێکدا.

سروشتییە ئەو شارانە لەشوێنی پێکگەیشتنی سەرپێیانە زێتر بن، نێوەندێک بوون بەرهەمهێنەری هەرچی لە هونەر و هزردا تازەبوو لە ئەنجامی گرژباریی و ململانە

هزرییەکان، کە ئەوکات باوبوو، وەک زانراوە زۆرینەی ئەو شارە دێرینانە ڕۆڵێکی مرۆیی ڕەگداکوتاویان دەگێڕا و نێوەندەگەلێکی هونەری و شارستانی تەقلیدی بوون، شوێنگەیەک بۆ هونەر و مەعریفە و بیروباوەڕ، لە هەمانکاتیشدا لەو شارانە ژینگەی ئەوتۆ دەبینین هەرچی نوێیە لەڕووی ئاڵۆزی و گرژێتی تایبەت بەژیانی شارەکان، لەهەمێز دەگرێ و نووسراوە نوێیەکان چاویان دەخستە سەری. هاوبەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان ئەدەب و شار، لەو شارانەدا دەزگا بنەڕەتییە ئەدەبییە دەبینین:

بڵاوکەرەوان، پارێزەرانی ئەدەب و هونەر و کتێبخانە گشتییەکان و مۆزە و دوکانی کتێبفرۆش و شانۆ و گۆوارەکان، هەروەها لەو شارانەدا تێکەڵی نێوان شارستانێتی و ئەزموونەکان لەوپەڕیدا بەدی دەکەین، نوێبوونەوە و وتووێژ کاتی پشوو و پارەوپوول و گۆڕانکارییە خێراکانی کارگێڕیی و لێشاوی میوانان و ژاوە ژاوی زمانە جیاجیاکان و بازرگانێتی لە بیروباوەڕ و شێواز و دەرفەتی پسپۆڕێتی هونەری، هەر لەوێ بەدی دەکەین.

نووسەران و بیریاران ماوەیەکی زۆر ناحەزی و دژاتییان بۆ شارەکان دەشێردەوە و خەونیان بە راکردن دەبینی لە خەراپەکاری و کەش و نیشتەجێکانی، ئەمەش لە ئەدەبی شوانکاری پاستۆرال Pastoral دەبینینەوە، کە لە خۆیدا رەخنەیە لە شارو رووکردنە پەلهاوێژییەکانی، ئەو کۆمەڵە نووسەرە ویستیان رایبگەیەنن، کە شارستانێتی بە هەموو شێوە چەسپاوەکانی دەکەوێتە دەرەوەی سنووری شارەکان[1] لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر و بیریاران زۆرجار روودەکەنە شار بەمەبەست سەرسۆڕاخکردنی هونەر و ئەزموون و کێشە هاوچەرخە مێژووییەکان بۆ تێگەیشتنی ڕەهەندەکانی توانستە هونەرییەکانیان. شار لە یەککاتدا دوو هێزی هەبوو وەدەرنەر و راکێشەر، ئەو دوو هێزەش بابەتگەل و هەڵوێستی ئەوتۆیان وەبەر نووسەراندا، کە لە داهێنانە ئەدەبییەکانیان رەنگی پێدراوەتەوە. شار لای نووسەران وەکو شتێکی نزیک لە سیمبولێک کەوتەوە وەک لەوەی شوێنێکی ماتریالی بێ، بەڵکە لای هەندێکیان خودی سیمبولە، ئەمەشە لای (جونسون) و (بۆدلێر)و (دستویفسکی) و (دیکنز) و (جۆیس) و (ئلیۆت) و (پاوەند) دەبینینەوە، وێڕای ئەوەی هەر نووسەرێک لەو گرووپە بەرێچکەیەکی تایبەت بەخۆی مامەڵەی لەگەڵ شاردا کردووە، گەریش نوێگەرێتی دەقاودەق. هونەری شار بێت، ئەوە ئەمە تاڕادەیەک بۆ هونەرمەندی نوێخواز دەگەڕێتەوە، وەکو مرۆڤەکانی دیکە، بۆ رۆحییەتی تازەی شار راکێشکرا، کە



بەدەوری خۆی ئەمە رۆحییەتی کۆمەڵگەی تەکنەلۆجی نوێیە، شاری تازە دەستی داگرت بەسەر زۆرێک لە ئامرازەکانی پێوەندیکردنی کۆمەڵایەتی و زۆرێک لە دانیشتووان، هەروەها زۆر لە تاقیکردنەوە تەکنەلۆجی و بازرگانی و پیشەسازی و هزرییەکان، شار ئیدی واتە شارستانێتی یا دوور نییە ئەو ئاژاوەیە بێ کە شارستانییەت دروستی دەکا.

هەروەها شاربوو بەراستەوانیی بەردەوامیی سیستەمی کۆمەڵایەتیی و کلیلی گۆڕین و نەشونماکردنی.

بەم جۆرە هونەری تازە پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ شاری هاوچەرخ هەبوو، ئەو لەلایەک ڕۆڵی پارێزەر و کۆکەرەوەی شارستانێتییە کە دەگێڕێ، لەلایەکی تریش ڕۆڵی هاندەر بۆ ئەفراندنی نوێ، ئەو خەسڵەتەی نوێگەرێتی لە قووڵایی شارگەلە رۆشنبیرییەکانی ئەوروپا رەگوریشەی کشاوی خۆی هەبوو کۆمەڵناسان شارگەلی شارستانی ئاوا وەسپدەکەن، ئەو شارانەن کە هەندێ فەرمانی تایبەت بەخۆی ژێر دەست خستووە وایلێدەکات ببێتە نێوەندێک بۆ ئاڵووێری شارستانی و شوێنگەیەکی پاراستنی کلتوور، ئەو شوێنانەی هەواڵی گرنگی تێدا گل دەبێتەوە، تایبەتکاران راکێش دەکات و هاندەرە بۆ هەرچی تازەیە، بەڵام زۆربەری پایتەختە ئەوروپییەکان شارگەلێکی نوێی دەگمەن بوون لەڕووی چۆنیەتییەوە. ئەو دەکۆشێ بۆ گۆڕانکاری و پارێزگەیی لە یەک کاتدا، نێوەندگەلێک بوون بۆ چالاکییە هزرییەکان لە کاتێکدا ژمارەی پیاوانی خاوەن بیر زێدەتر بوون و وایان هەست دەکرد ئەوان چینێکی جیاواز لە چینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە پێکدێنن.

خەمی ئەو چینە لەسەر گۆڕین و خۆزیاری بۆ ئایندە هەڵنرابوو، ئەو شارانە نێوەندگەلێ بوون بۆ کۆچبەرانی دێهات، نەشونمای دانیشتوان پتر بوو و ئینجا فشارە دەروونییەکان، لەو شارانەدا تەکنەلۆجیاو شێوازە تازەکان و خولیای رزگاربوون، دەبینین. ئەو شارانە قۆناخی دووەمی شۆڕشی پیشەسازییان بەخۆوە دەبینی، کە بە خراپییەکانی جیادەکرایەوە یا (کە بە لایەنی نەرێنی جیادەکرایەوە). لەگەڵ ئەوەشدا رێبازی روەو دیموکراسی میللی تیابوو، ئەو شارانە نێوەندی چالاکییە رامیارییەکان بوون، بۆ خەڵکانێکی زۆر روون بوویەوە شارەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەشێک بوون لە پووکانەوەی پەیوەندی و پابەندییە چینایەتی و دەرەبەگایەتییەکان، ئەو رەوشەش کاریکردە سەر هونەرمەندان و هانیدان بۆ پشکنینی بەها ئیستاتیکییە تازەکان، کە لەواقیعی شارە تازەکان

سەرچاوەیان گرتبوو، هەروەک (فردیناند تونیز)[٢] دەڵێ: ڕێکەوت نییە سەدەی نۆزدەهەم یەکێک بێ لە سەدە شایان و لە بیر نەکراوەکان لە خۆرئاوادا سەدەیەک بوو نووسەر و هونەرمەندان تیایا لە پشت بەستن بەچاودێرانی شارستانێتی دەربازبوون و هەستیان بەوەی ئێستا ئێمە ناومان ناوە نامۆبوون (alienation) دەکرد، هەروەها ڕێکەوت نییە نەشونمای شارەکان و نەشونمای دانیشتوانی و هەرچی بەدواداهات لە تێکدانی و گۆڕان و درککردنی نوێ، بدینین، ئەو نەشونماکردنە لەگەڵ ئارەزوویەکی سەرکێش پترتر دەبوو لە هێنانە ئارای نوێبوونەوەی شارستانی و لە هەستکردن بە قەیراناوی بەهاکان و بەگوزارشتکردنی هونەری. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەتوانین هەست بەو دیاردە بکەین لە شارستانیبوون بە وێنە توندڕەوییەکەی (جوسیا سترونگ Josia Strong) شارە تازەکانی بە «نێوەندگەلی پڕ زەبری شارستانێتی یا وەسپکرد، ئەمەش بە هۆی زێدەگیری گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی و توانەوەی چین و ڕەگەزەکان تیایا و بەهۆی دژیەکە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەگرتنی نامەعقووڵی، لەڕاستیشدا هەروا بوو، ئەمەش بەکردەنی بەسەر هونەری نوێ ڕەنگی دایەوە ئاژاوەی شارستانێتی لە شارە سیخناخەکان، بەدانیشتوان و فرە زمانی دەقە ئەدەبی و تابلۆ تازە خوازەکان، ڕەنگی دایەوە.

ئەوەش بە تەنیا نوێگەرێتی نەدەگرتەوە، ئێمە لەهەردوو ڕێبازی سروشتی و ریالیستی بەرچاومان دەکەوێ بەتایبەتی لە بواری ڕۆمانی پەرچدەرەوەی ئەو دوو ڕێبازەی، ڕۆمان ئیدی بوو بە هەڵوەشاوە و کردەنی و ریالیستی. مسۆگەریش زۆر لە بابەتەکانی ڕۆمان پشت بە ستوو بوو بە بابەتەکانی شاری گەورەی هاوچەرخ بابەتگەلێک درێژکراوەی جەختی ژینگەی دەرەوە و ریالیزمی بوو بۆ بزاوتی خەڵک و لەوێشەوە بۆ دەرکەوتنی هێزگەلی جیاواز، تا وایلێهات ڕۆماننووس بە شێوازێکی ڕۆژنامەنووسی یا زانای کۆمەڵناسی، بابەتەکانی چارەسەرکرد، ئەمەش لە ڕۆمانەکانی (ستندال) و (بلزاک)و(دیکنز) و (دستویفسکی) و(ستیڤ گرین) دەبیننەوە. (جۆرج کسنک George Gissing) جارێکیان نووسیی: من ناچارم لە لەندەن نیشتەجێ ببم، لەبەر ئەوەی لەسەرم پێویستە بە باشی کار بکەم لە پێناو کۆکردنەوەی ماددەی تازە» شار بەتەواوی مانای وشە بۆتە مادی و هەندێ نووسەریش هەوڵیاندا مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ ئەو خەسڵەتە ماددیەی بکەن (زۆلا)دەڵێ: یەکەم شت بیری لێدەکەمەوە هاوسا زیبە (لە نێوان بەشەکانی ڕۆمانەکە) گەریش ئەوە تەواو بوو ئەوە چیرۆکەکە لە دایکدەبێ



لەو سەرنجە کۆکراوانەی کە بەهۆی کەسایەتییەکانەوە هەندێکیان جلەو گریی هەندێکی دین، بەڵام کۆتایی لەوە زیاتر نییە دەرەنجامێکی سروشتی سەددەرسەدی پێدەچێ نوێگرێتی ئەو «دەرەنجام سروشتییە سەددەرسەد»ەی لە حساباتی خۆی دەرکردبێ، کە لە «شارە راستەقینەکان»دا هەن و نوێگەرێتیش لە بڕی ئەو شارە راستەقینانەی خودان کارگەی بچووک و میوانخانەو فرۆشگا و ئاوات و ئارەزووە مرۆییەکان، کە (زۆلا) و (درایزەر) وێنایان کردوون، شارە «ناراستەقینە»کانی هێناوە، کە مانای شاری ئازادی و خەیاڵ و خۆپەرستی دەدەن و (بۆدلێر) و (کۆنراد) و (ئلیۆت) و (بیلی) وێنایان کردوون، (ریمود ولیامز) دەڵێ: ڕۆمانی شارە هاوچەرخەکان پەردە لەسەر هۆشیاریی «خودی چڕ»ی باڵەخانە و ژاوە ژاو و دیتەنییەکان و بۆنگەلێ، کە شارەکە دەیگرێتە خۆ[٣] لادەدەن ڕێبازی ریالیستی مرۆییانە دەڕوانێتە شتەکان و ڕێبازی سروشتیش ڕوانینێکی زانستیتی، بەڵام نوێگەرێتی ڕوانینێکی دەستەیی سوریالیزمی هەیە، شار سەبارەت بەهونەری ریالیستی بنکەی رزگاربوون و گوێزانەوەیە بۆ ئەوەی باشترە، بەلای مەزەبی سروشتیش بنکەیەکی پان و بەرینی ڕێکخراوە لە یەککاتدا دڵی بە ویستی مرۆیی و ڕەتبوون لێی، لێدەدات، ئەوە جەنگەڵە یا نهاڵێکی تاریکی بەمەترسی تەنراو، بەڵام سەبارەت بەنوێگەرێتی ژینگەیەک بۆ هۆشیاریی و بۆچوونە پچڕاوەکانی کەسایەتی، شارەکانی «بۆدلێر» و «دستویفسکی» و «ئلیۆت»ە «کە هەموو شێوەکانی ئاکار خراپی تیا ئاوێتە دەبێ»[٤].

نووسینە شیعری و پەخشانە نوێخوازەکان، بابەتگەل و ئەزموونی ئەوتۆیان بەئەنجامگەیاندووە، کە لە شارەوە[٥] سەرچاوەیان گرتووە، لە «برسیەتی» هامسن و «کاساما سیمای قەراڵیچە»ی جیمس و «ماجی» ستیڤن کرین و «بریکاری نهێنی» کۆنراد و «هیدسیلۆن موبلری» پاوەند و لە هەڵبەستەکانی «مایکۆفسکی» و ڕۆمانەکانی «سفیفوترست) و لە هەڵبەستی «وێرانە خاک»ی ئلیۆت و «پرد» و ڕۆمانەکانی هارت کرین و «خاتوو دالاوی» فرجینیا وۆلف و «کوێرەوەبوون»ی کانیتی و «بیتەرسن»ی ولیەم کارلۆس ولیەم و «هێڵنج»ی سارتەر بەرچاو دەکەوێ، گرنگ لە بابەتەکە ئەوەیە ئەو نووسەرانە بەرەو شار ڕاکێشران و دیمەنەکانی شاریان بەدڵ بوو و بە «سیستەمێکی زیندەگێتی هەڵنراو لەسەر بناغەی نوێ و تەواوکار» یان دانا. لەبەرئەوە ماددەو بۆچوونەکانیان لێوە هەڵدەهێنجا، بەجۆرێک سەیری ئەو شارەیان دەکرد، کە لە دوورەوە لە

ناویان دەژیان وەکو بلێی ئینتیمایان بۆی نەبێ، بە شێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد دوور لە رەچەڵەکی چینایەتی و ئینتیمایان و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان، وەکو بلێی هیچ رۆڵێکی شارستانیان تێدا نەبووبێ. هونەرمەند، وێڕای تێوەگلانی لە شاردا، تەبای بیریارێکی پابەند نەبوو بەکێشەکانی کۆمەڵگەکەی وابوو، ئەو لە رەچەڵەکەی دابڕاوە و سەر بەهیچ توێژێک نییە و هەموو خەمیشی خوازیاریی ئایندەیە کە لە رێگەی نوێبوونەوەدا، هەروەک (ستیڤن «دیدلس» کە هەموو هاوبەندێتییەکی لەگەڵ خێزان و رەچەڵەک و ئایین بڕی، هونەرمەند بەهەناسە بڕکێوە تەنیا بەدوای فۆرمەلیستاتیکییەکاندایە و ئەمەش یەکێکە لە لایەنەکانی نوێگەرێتی، لایەنەکەی دیکەی ئەوەیە هەندێ هونەرمەند لە کێشە شارستانییە تازەکانی خۆ نقووم دەکەن، ئالێرەدا سەیر دەکەین نوێگەرێتی دوو لایەنی هەیە: لایەنی ونبوون و پابەندنەبوون و لایەنی رزگاربوون و گەڕان بەدوای خود، «دیدلس» لە رۆمانی «وێنەی هونەرمەند لە لاوێتیدا» لایەنی یەکەم دەنوێنێ، بەڵام (بۆل مۆرل) لە رۆمانی «رۆڵەکان و ئەوینداران»و «جۆرج و لارد» لە رۆمانی «واینزبرگ ئوهایو» و زۆر لە پاڵەوانانی رۆمانەکانی دیکە، لایەنەکەی دیکە دەنوێنن، چون لە کۆتایی رۆمانەکان دەیانبینین هەوڵدەدەن دووبارە خۆیان دابڕێژنەوە و وەکو بلێی ئەو دووبارە داڕژتنەوەیە تەنیا لە کەشی شارەکان بەئەنجام بگات. کە «ئادەمیزاد بەشێوەیەکی توندوتیژ لە دایک دەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ژیانێکی توندوتیژ» هەروەک (جۆلیۆس هارت) لە هەڵبەستەکەیدا «گەشتێک بۆ بەرلین»[٦] دەڵێ:

ئا بەم جۆرە شارەکان بۆ هونەر و هونەریش بۆ شار، گەڕایەوە نوێگەرێتی خۆی لە خۆیدا هونەرێکی شارییە، ئەو هونەری هزری تایبەتکارە، ئەو هونەری چێژ وەرگرانی جوانییە، ئەو دەسەڵاتی شارستانیمان بیردەخاتەوە بەهەرچی پێیەتی لە جیاوازییەکان، لەوەش زێترە، ئەو بەڕاستی هونەرێکی جیهانییە، نوێگەرێتی واتە هەرچی لە هەگبەی ئەو شارانەدایە لە شوێنەوار و فۆرمە هونەرییەکان. رەنگە نووسەر چاو بخاتە سەر ئەو کێشە هەرێمایەتی و خۆماڵییانەی خودی خۆی تیایە دەگوزەرێت.. هەروەک (جۆیس)و (هەمەنگوای) کردیان سەبارەت بەدبلن و دارستانەکانی مشیگان، بەڵام ئەو هەرێمایەتییە بەگوێرەی توانا و لێهاتوویی نووسەرەکە بەرەو گلۆبالیزم جیهانێتی دەگۆڕێت، هونەرمەند هەوڵدەدات لەڕووی جیهانییەوە خۆی جوێبکاتەوە بەهۆی توانای جێگیرنەبوونی لەیەک شوێندا و پابەندنەبوون بەئاخاوتن بەیەک زمان، هەروەک (جۆرج



شتاینەر) لە کتێبەکەیدا بەناوی «لە دیدی هەرێمایەتییەوە» **١٩٧٢** (ئۆسکار وایلدا) (سالۆمی) بەزمانی فەرەنسایی نووسی و (پاوەند) بەچەند زمانێک نووسیویەتی، ئێستاش (بکیت) و (نوبوکون)مان هەن، کە بەزیاتر لە زمانێک دەنووسن[٧]، بەم جۆرە نوێگەرێتی تەریبە بە کۆچکردن و دوورخستنەوە، کە نووسەرانی وەکو «جۆیس» و «لۆرەنس» و «مان» و «بریخت» و «ئودن» و «نوبوکوف» پەیڕەوییان کرد.

ئەو جۆرە نوێگەرێتییە لە شاری زیورخ لەسەروبەری یەکەمین جەنگی جیهانی و لە نیۆیۆرک لەسەروبەری دووەمین جەنگی جیهانی، دەبینین.

خودی نووسەر بووە بەئەندامێک لەو گرووپەی ئیشقی رەوکردن و دۆزینەوە شارستانێتییەکانە. لەو نووسەرانەش ئەوەی رەوکردنی ئارەزوومەندانە کاری تێکرد و ئەوەیشی ناچارکرا، هەروەک سەبارەت بە «نوبوکوف» دوای شۆڕشی رووسیایی، هونەرمەند سروشی کارەکانی لە شارە دوورە نموونەییەکان هەڵدەهێنجێ، هەروەک حاڵەتی (جۆرج مۆر) کاتێ گوزارشتی لەو بابەتە کرد بەچەند وشەیەک هاوسەردەمانی پێی سەرسام بوون لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم[٨]: (فەرەنسا؛ ئەو پەیڤە لەگوێمدا دەزرنگێتەوە و لەبەر دیدەشما دەدرەوشێتەوە، فەرەنسا، گشت هەست و نەستم لە خەوتنا بێدار دەکاتەوە، ئەو تەبای هاوارێکی ئەو پیاوە راسپێردراوەیە دەریاوانان ئاگادار بکاتەوە کاتێک کەشتییەکە خەریکە لە وشکایی نزیک دەبێتەوە «زەوی لەبەردەممانە» زانیم من هەر دەبێ بچم بۆ فەرەنسا و تیای بژیم و ببمە فەرەنسایی، نەمدەزانی کەی و چۆن، ئەوەی من دەمزانی ئەوەبوو من هەر دەبێ بچم بۆ فەرەنسا).

(کیرترودستاین) پتر ئەو بیرۆکەیەی روون کردۆتەوە کاتێک وتی: «هەر دەبێ نووسەران دوو وڵاتیان هەبێت، ئەو وڵاتەی لێی لە دایکبوونە دەچنە پاڵی و ئەو وڵاتەی بەکردەنی تیایا دەژین» زێتر ئینتیمای خۆی روونکردۆتەوە وتویەتی: «ئەمریکا وڵاتمەو فەرەنساش ماڵمە»[٩] وڵاتی دووەم بۆ وڵاتی یەکەم وەکو گیانە بۆ جەستە، پایتەختی شارستانێتی توانای هونەرمەند پتەوتر دەکات بۆ داهێنان. هەندێ جاریش نووسەران پەناگە و نیازیان لە پایتەختە نیشتمانییەکانیان دەبینیەوە، کە بۆیان لە بری پشکنین بوو لە پایتەختە لاچەپەکانی دیکە، لە هەندێ جاری دیکەش نیازیان پایتەختەکانی دیکەبوو، هەروەکو حاڵەتی نووسەرانی رووس و ئەسکەندەنافیاکان، کە بەرلین و پاریسیان هەڵبژارد.

بەڵام نووسەرە ئەمریکییەکان لە بیستەکانی ئەم سەدەیە پاریسیان هەڵبژارد، ئێمە

دەتوانین نەخشە بکێشین و نێوەندو پارچە هونەرییەکانی لەسەر روونبکەینەوە، نەک سیاسی یا ئابووری هەرچەندە پەیوستییەکی توندوتۆڵ و مسۆگەریش لە نێوان ئەو لایەنانەدا هەیە، بەگۆڕانی بەها ئستاتیکییەکان ئەو نەخشانەش دەگۆڕێن، مسۆگەرە پاریس سەبارەت بەنوێگەرێتی زێدی دایکە، ئەو کانیاوێکە تینوویەتی بۆ هیمی و کۆچبەر و خوازیارانی لێبوردەیی و سینگفراوانی، دەشکێنێ، لەسەر ئەو نەخشانە سەرنج دەدەینە ئاوابوونی ئەستێرەی هەردوو شار: فلۆرەنسا و رۆما و هەڵهاتنی ئەستێرەی شاری لەندەن، کە بە خێرایی ئاوادەبێ و ئەستێرەکانی شاری؛ بەرلین و میونخ و ڤییەنا جێی دەگرنەوە، ئا ئەمەیە رەوتی جوگرافیایی سەرەکی و گۆڕاو، کە نوێگەرێتی وەریگرت و رەوتی هونەرمەندان و نووسەران هەرچی هێنایان لە شەپۆلە هزری و شۆڕشە هونەرییە گرنگەکان دەستنیشانیان کرد.

لە چوارچێوەی سنووری ئەو پایتەختانە، گوندە هونەرییە جیهانییەکان دەبینین کە نووسەران و هونەرمەندان دڵنیایان دەکەنەوە، گوندی وەکو مونتبارناس و سوهوو گوندی کرینج، ئەو گوندانەی کەشێکی «هەرێمایەتی جیهانی» باڵی بەسەر داکێشا هەروەک (رۆجەر شاتوک) لە قسەکانی دەربارەی ئەدەبی پێشەنگی فەرەنسی[١٠] وتویەتی. ئەو گوندانە مۆرکێکی «جیهانیان» بەخۆوە گرت، چونکە مەڵبەندی پێوەندیکردن بوون بەجیهانی دەرەوە و کارتێکردن لێی، ئەو پێوەندیکردنەی وای لە نوێگەرێتی کرد ببێ بە بزووتنەوەیەکی جیهانی، نوێگەرێتی بەتەنیا زۆری پشت نەدەبەست بەوەی نووسەران و هونەرمەندان لەو شارانە بەرهەمیان دێنا، بەڵکە پشتی دەبەست بە ئامادەباشیان بۆ گوێزانەوە لە شارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و چالاکی نواندن لەوێندەرێ، بەم جۆرە (کیرتورود ستاین) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرێکەوت تا لە پاریس لە ساڵی ١٩٠٣ جێگیر بێت، دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر ئەو بەرواره کاریگەرییەکی زۆری دەکردە سەر نەوەی پاشی بەگرێدانی رۆمانی ئەمریکایی بەبزووتنەوەی کوبیکیزم - تەکعیبی - حاڵی (سترنبرگ)یش بەهەمان شێوە بوو، کە بەرەو خوارووی ئەوروپا رۆیشت بۆ گرێدانی شانۆگەریی ئەسکەندەنافی بەبزووتنەوەی تەعبیری ئەوروپی نێوەڕاست، بەڵام بزووتنەوەی وێنەگەرایی نووسەرە ئاوارە ئەمریکییەکان هێنایان ئەوانەی دوای شەڕ یەکسەر لە لەندەن جێگیربوون، هەروەها هەمان شت سەبارەت بە بزووتنەوەی دادایی، کە دوورخراوەکانی لە ئەڵمانیا و وڵاتانی یکە دایانهێنا، ئەوانەی لەکاتی شەڕدا لە زیورخ



جێگیربوون، لە بیستەکانی ئەم سەدەیە پاریس نزیکەیی، بوو بەدایکە شاری نوێگەرێتی، چون کۆچبەرە رووسیاییەکان و نووسەرانی دادایی لە زیورخی لە دەوری خۆ گلدانەوە، هەروەها نەوەیەکی تەواوی لە نووسەرە لاوەکانی ئەمریکی خولیا ئەزموونگەرێتی گلدایەوە و پاریسش پارێزگاری لە دامودەزگا شارستانییە نیمچە هەمیشەییەکانی دەکرد، کە نووسەرە لاوەکان لە رادەبەدەر پێویستیان پێ هەبوو، وێڕای دارمانی ئابووری و ئەخلاقی دوابەدوای یەکەمین جەنگ، پاریس بوو بەشارێکی جیهانی جیاواز، جیا بەئاژاوەی و بەردەوامبوونی لە بەخشین، شارێکی شارستانی بوو، لێبوردە، نیگەران، کارا، توندڕۆ، لەمەش گرنگتر شارێک بوو بەردەوام بوو لە بەخشین. کاتێ دووەمین جەنگی جیهانی هەڵگیرسا، نیویۆرک تاڕادەیەک بوو بەمیراتگری پاریس، بەڵام نوێگەرێتی تەنیا بەشارێک پەیوەست نەبوو، بەڵکە هەروەک لە وتارەکانی پاشی روونیدەکەینەوە، پوختەیێ بوو لەوەی پایتەختەکان و گەلان و بزووتنەوە هزری و ئیستاتیکییە جیاجیاکان، پێشکەشیان کرد.

## ب- بەرلین و سەرهەڵدانی نوێگەرێتی (١٨٨٦-١٨٩٦)

### جێمس ماکفارلن

لە هاوینی ١٨٩٣دا (ئەرنوهولز) پلانەکەی بۆ (بۆل ئەرنست)ی هاوەڵی ئاشکرا کرد سەبارەت بەزنجیرە شانۆگەرییەک بەناونیشانێکی گشتگیر «بەرلین لە شانۆگەرییەکاندا» مەبەستیشی لەوە وێناکردنی بەرلین بوو بە هەمان شێوازی وێناکردنی کۆمەڵگەی فەرەنسی لەلایەن (زۆلا)وە لەسەردەمی ئیمپراتۆریایی دووەم لە رۆمانی «روجون ماکار» ئەوکات دەنگۆی ئەوە هەبوو کە (هولز) نیازی نووسینەوەی دە شانۆگەری هەیە، هەروەها دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ئەو نەخشەی نووسینەوەی بیست و پێنج شانۆگەری لەبەر دەستە. هەردوو شانۆگەری یەکەم و دواییینیان لەو زنجیرەیەدا بەناونیشانی «ئۆرستۆکراتییە کۆمەڵایەتییەکان» لە ساڵی ١٨٩٦ بەدیارکەوتن، دوای دیارکەوتنی ئەو شانۆگەرییە نووسەرەکە ناونیشانی زنجیرەکەی گۆڕی، بەڵکە لەڕووی ناوەڕۆکەوە پلانەکەی هەموو گۆڕی بەو ناویشانە نوێیەی زنجیرەکە «بەرلین، کۆتایی سەردەم لە چالاکی شانۆیی» بوو. ئەو ناونیشانە تازەیە ئاماژە بەوە دەدات، کە لێرەدا هەست و نەستێکی بەهێز بە

(کۆتایی) شتەکان لای ئەوانە هەیە، کە لە ساڵی ١٨٩٦ لە بەرلین ژیاون، هەر ساڵی ١٨٨٦-ەوە ئەو ساڵەی کۆمەڵەی (دەرەج) (پلیکانە رێگا)ی ئەدەبی تیا دامەزرا تاکو ساڵی ١٨٩٦ بەرلین دووچاری ورووژانگەلێک و بارگرژییەک هات لە چالاکییە ئەدەبی و هزرییەکاندا. لە جیاتی ئەو دە ساڵەدا نووسەران مانیفێستی ئەدەبیان دەردەکرد و بزووتنەوە و گەلە کۆمەکیی و تیپی شانۆییان، دادەمەزراند و بڵاوکراوەی ناوبەناویان چاپدەکرد و هاوار هاوار و جوێندانە کۆمەڵایەتییەکانیان بڵند بۆوە و یەکیان دەگرت و ناکۆک دەبوون تا جارێکی دیکە یەکبگرنەوە، بەجۆش و خرۆشەوە لە کێشە و مانۆرە رامیاری و هزرییەکان تێوەگلان و پێدەچێ بەرلین لە ساڵی ١٨٩٦ خودی خۆی بەکاربردبێ - و بێدەنگییەک باڵی کێشابوو بەسەریا پێشتر باو نەبوو.

یەکێک لەوانەی ئەو سەردەمە (فرانز سیرفانیس) بە خەفەتبارییەوە دەڵێ: لە ساڵی ١٨٩٦ هیچ شتێک لە بەرلین نەبوو مایەی سەرنجی نووسەرانی لاو بێت بۆوەی بیچنێ و ئەزموونی رەسەنی ئەدەبی بگرنەخۆ. پێدەچێ قۆناغی یەکەم لە نوێگەرێتی لە بەرلین لەو ساڵەدا بەکۆتا هاتبێت و دوای ئەویش دە ساڵێک لە هەڵچوون و خرۆشانی «تەعبیری» بەدواداهات.

لە سای ١٨٩٦ بەکردەنی بەرلین چۆڵ و هۆڵ بوو سەبارەت بەوانەی پێشان لەسەر ژیانێکی بەژاوەژاوی کۆمەڵایەتی راهاتبوون، ئیدی بەکەمی نەبێ کەس (کیر هارت هاوبتمان)ی نەدەدیت، گەرچیش شانۆگەرییەکەی (فلۆریان کایر) لە مانگی شوباتی ئەو ساڵە نمایشکرا، بە شێوەیەکیش نمایشکرا زۆر دووربوو لە شێوە نواندنە باوەکان. پیشاندانی ئەو شانۆگەرییە بۆچوونێکی ئاوای نایەوە، کە گوایە نووسەرانی دنیادیتە دەگەڕێنەوە گۆڕەپانەکە، بەڵام ئەمە هەرگیز روونەدا. بەدەگمەن خەڵکی (ئارن و هونز)یان دەبینی، چونکە وازی هێنابوو و گۆشەگیریی هەڵبژاردبوو «ریچارد بهمیل» دوورەپەرێز لە شاری بانکۆ دەژیا وەکو بڵێی هەرەشەی ئەوە لە خەڵکی بکات گەر وازی لێنەهێنن و ئێخەی بەرنەدەن ئەوە ئەو گۆشەگیرانە لە شارێکی دوورتر ژیان بەسەر دەبات، بەڵام ئەو بلیمەتە پۆلۆنیەی لە بەراییەکانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لە بەرلین ژیا مەبەستی (ستانسلو برزیبزفسکی)یە، دوابەدوای نائومێدیە یەک لە دواییەکەکان بەبێدەنگی و کرِی پاشەکشەی کرد، هەروەها (ئولاهانسن)ی نووسەری سوێدی و (لۆرا مارهولم)ی هاوسەری، کە بەبیروباوەڕە وروژێنەرو کارتێکەرەکانیان ناسرابوون، ئەوان بەرلینیان



جێهێشت و لە باڤاریا ژیان. (ماکس هالب) و (ئەرنستاڤون ڤولزوکن)یش بەرلینیان جێهێشت و لە میونیخ نیشتەجێ بوون، (ئوتوجولیوس بیرباوم)یش لە تیرۆل ژیا (جۆلیۆس میرکراف) لە پاریس جێگیربوو، تاکو ئێستاش ئەو شوێنانەی (ماکس دوثندی) لێی ژیا، ونن، هەر لەو ماوەیەدا زۆرێک لەو پرۆژە ئەدەبی و هزرییانەی، کە ئامانجە خۆزیەدارەکانی بەدی نەهێنا دەبینین، ئەوانەی خەفەتبار کرد، کە هیوایان بەبووژانەوەی رۆڵی شاری بەرلینی شارستانی هەبوو. بۆ نموونە گۆڤاری ناوبەناوی (فری بوهن) کە لە ساڵی ١٨٩٤ دووبارە بەناونیشانێکی تازە (نیودویج رندشاو) دەرچۆوە، نەیتوانی لەو ماوەیەدا، سەرنج بخاتە سەر شیکردنەوەی نووسەرانی لاو هەروەها ئەمە لەسەر گۆڤاری (پان)یش پیادە دەکرێ، کاتێ یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (پان) لە ساڵی ١٨٩٥ دەرچوو زۆر لە ئەدیبان ئومێدیان پێی هەبوو، بەڵام ئەو هەموو ئومێدە بە توونی بابا چوون، ئەمەش بەهۆی دابەزینی ئاستی ژمارەکانی پاشی. (سیرفانیس) پێی وایە ئەو هەموو هۆکارانە یاریدەربوون بۆ دەستەبەرکردنی هەستکردن بە نائومێدی لای نووسەرە لاوەکان ئەوانەی «گیانی هاوکارییان لاپەرت بوو هێزیان پەرش و دوژمنکاری لە نێوانیاندا، کە ماوەیەکی زۆر پەسەند کرابوو، باڵی کێشایەوە، شتەکان هەڵوەشانەوە و بەهەر لایەکدا داڕما و بەمەش پایتەخت شانوشکۆییەکەی لە دەستدا»[1].

ئەو بۆشاییە روڵەتیانەی لە ساڵی ١٨٩٦ بەرلینی گرتەوە بۆشاییەکی جۆرەکی بوو نەک چەندییەتی، ژمارە و سەرژمێرییەکان بەرچاو روونیمان دەکەن بەوەی پانتایی شاری بەرلین بە شێوەیەکی بێزارکەر بەرفراوان دەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی بوو بە پایتەختی ئەڵمانیای یەکگرتوو، ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی١٨٧١ (٨٢٦,٠٠٠) کەس بوو، لە ساڵی ١٨٨٠ بوو بە (١,١٠٠,٠٠٠) کەس لە ساڵی ١٨٩٠یش گەیشتە (١,٦٠٠,٠٠٠)و لە ساڵی ١٩٠٥یش لە دوو ملیۆن رەتیدا، بەڵام ریزبەندی لەڕووی قەوارەکەی سێیەم بوو دوای لەندەن و پاریس، بەرلین مەڵبەندی پەرلەمانی ئیمپراتۆریی و مەڵبەندی ئەنجوومەنی یاسادانانی بروسیش بوو و ئیمپراتۆریی ئەڵمانیش بە فەرمی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوێ بوو. لێشاوی بێشوماری دانیشتووان و هەڵپرژانە نێوی بووە هۆی بەرزبوونەوەی زۆری نرخی کرێ و دەسەڵاترۆیی ئەو شارە سەربازی و فەرمیەش زێدەتربوو، بەم جۆرە بەرلین بوو بەرکابەرێکی بەهێزی شاری پاریس لەڕووی خۆشگوزەرانی مایەکی و مەعنەوی. کارڕاییە ئەکتیڤەکان ئەنجامدران بۆ چاککردنی

بارودۆخی تەندروستی و هەلومەرجی نیشتەجێ بوون باشتربوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەلومەرجە چاکە چەندین جۆری بێشووماری ڕێگەکانی وەسوود هێنانی هێنا ئاراوە.

پیشەسازی و فراوانبوون لە بەرلین بە شێوەیەک بوو، کە هیچ شارێکی دیکەی ئەڵمانی گەشانەوەی وای بەخۆیەوە نەبینیوە. لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو میونیخ بۆ ماوەیەکی کەم لە پێشەوایەتی شارستانی لە ئەڵمانیا رکابەرێتی بەرلینی کرد، بەڵام لە هەشتاکاندا لەبەردەم بەرلین پووکایەوە، ژمارەی بوو بەچارەکە ملیۆنێک و لەو چارەکە ملیۆنەش کەمیان لەو خەڵک و دانیشتوانە بوون، کە سەر بەچینی کرێکاربوون وتراوە گەر هەفتا کەسمان لە دانیشتوانەکەی وەرگرت ئەوە دەبێ لەو ژمارەیە شاعیرێک ونیگارکێشێک و سەنگتراشێک و مۆسیقارێک بەدی بکەین، لەکاتێک شارەکانی دیکەی ئەڵمانی بەلای هونەرمەند و بیریاران چ مانایەکی ئاوای نەدەگەیاند، چونکە تەنیا کەمێ لە هاندەرەکانی داهێنانیان تیا بەدیدەکرد.

(ماکس دوثندی) لە ساڵی ١٨٩١ راستییەکی دۆزییەوە سەر و دڵی تێکدا، ئەوەی دۆزییەوە، کە هیچ کام لە کاربەدەستانی خانەی کتێبی سەر بەزانکۆی فیزربیرگ ناوی (نیچە)ی بەرگوێ نەکەوتووە، ناشمانەوێ بڵێین لەو خانەیەدا هیچ کتێبێک لەکتێبەکانی ئەو نەبوون!! (دوثندی) دوای ئەو، پەلارێکی خەماوی لەمە گرت[٢].

شارە بچووکەکانی ئەڵمانیا، تەنانەت ئەو شارانەی زانکۆشیان لێبوو، لەگەڵ نووسەرانی کلاسیک دەژیان، نیشتەجێبووانی ئەو شارانەش لە (بول هس) بترازێ لە بارەی ئەدەبی نوێ چ شتێکی ئاوایان لەلا نەبوو، لە نێوەندە ئەکادیمییەکاندا هیچ کۆمەڵەی ئەدەبی نەبوو، لەبەرئەوە هونەرمەندە لاوەکان لە شارە گەورەکانی پاریس و میونخ و بەرلین گرد دەبوونەوە لە پێناو بەرەنگاری بیری بورجوازی لا گر.

بەرلین هێدیانە خۆی رادەتەکاند بۆ نەهێشتنی تەپوتۆزی نەزۆکی شارستانیی، کە لە حەفتاکان داپپۆشیبوو، ئینجا بزنسمان و پیشەسازیکاران و پیشەگەران و کرێکار و نووسەرو هونەرمەندانی گل دەدایەوە، گەر ئەو ناوانەمان خستەڕوو، کە دوایی بەشدارییان لە پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی ئەدەبی کرد، ئەوە دەبینین زۆربەیان بۆ خوێندنی فرانکۆیی هاتبوونە بەرلین، بەڵام ئەوان - هەروەک چۆن سەبارەت بە (هنریک هارت) - دوایی بۆیان روونبۆوە شاری بەرلین - نەک زانکۆکەی - مەڵبەندی راستەقینەی رۆشنبیرییە، بەم جۆرە تێیدا ژیاون کاریان کردووە «دەرفەتی ئەوتۆمان بۆ درا، دەستەبەرکرا و رەخسا



هەرگیز پێشتر خەونمان پێوە نەدەبینی و ئەو دەرفەتانەش لە هۆڵەکانی خوێندن لە زانکۆ زۆر دەگمەن بوو، کە بەکەمی سەرەدانمان دەکرد. هۆڵە راستەقینەکانی دراما لە شەقام و فرۆشگا و قاوەخانەکان و هەندێ جاریش .... لە پەرلەمان خۆی دەنواند»[٣].

(هنریک هارت) و (جۆلیۆس)ی برای ئەو بەها نوێیانەی (ئەبسن)و (جورنسون)و (تورگنیف) هێنایان، سەرنجیانی راکێشاو بەتایبەتی لەو کتێبەی بەیەکەوە دایاننا لە ساڵی ١٨٧٨، بەناونیشانی «مانگنامە ئەڵمانییەکان» ئەو دوو نووسەرە رۆڵی خۆیان گێڕا لە پەرەپێدانی مەزەبی سروشتی لە بەرلین و هەردووکیشیان لەو نووسەرە بەراییانە بوون بەدەنگ شاری لەندەنەوە چوون، ئەو شارە وایلێکردن شاری مونستەر لە سەرەتای هەشتاکان بەجێبێڵن، زۆرێکیش لەو نووسەرانەی دوای هەندێ رۆڵی ئەکتیڤیان لە شۆڕشی ئەدەبی گێڕا، شوێنی ئەوان کەوتن وەکو (ئەرنوهولز) لە شاری راستبرگ (جونزشا لف) لە شاری کیوفر (برونوفیل) لە شاری ماکدبرک (فلهلم بوش) لە شاری کۆڵۆن (بول ئەرنست) لە شاری هارز (کیرهارت هوبتمان) لە شاری سالزبرد و ماکس هالب) لە شاری دانزک (ماکس دوثندی) لە شاری فیرزبیرگ و ئەوانیدیکە، هەروەها ئەو شارە بەتایبەتی دوای ساڵی ١٨٩٠ چەندین نووسەری لە دەرەوەی ئەڵمانیا گلدایەوە نەخاسمە لە ئەسکەندەنافیاو پۆڵەندا.

پێدەچێ ئەو ساڵانە ساڵانی بەهەرمێن و گەشانەوە بێ بۆ نووسەرە لاوە نیازمەندەکانی ئەوکات، ئەمەش لە یادداشتەکانیان لەو ماوەیەی دوای بڵاویان کردەوە روونەبێتەوە، «سەرەڕۆییەکانی لاوێتیم»ی (هاوبتمان) «یادداشتی ئەدەبی» (هنریک هارت) «خاک و چارەنووس»ی (هالب) «ساڵانی گەنجی»ی (ئەرنست) «گەشتەکانم»ی «دوثندی» «بیرەوەرییەکانم لە بارەی بەرلینی ئەدەبی»ی (برزیبزنسکی) پوختەی قسە: کۆمەڵە نووسەرێکی خاوەن ئەزموون و ئینتیماو چالاکی رامیاری و هزری و ئەدەبی هاوبەش بوون، لە گەشەپێدانی توانا خودییەکانیاندا پشتیان بەخۆیان بەستبوو (هاوبتمان) سەرنجەکانی خۆی لەسەر شار نووسیەوە، لە بارەی چۆنیەتی توانەوەی تاکەکەس لە گرووپدا دەڵێ: «زۆرجار هەبوو شەوانە لە ژێر چرا رۆنییەکانی شەقامەکان دادەنیشتم و رێم بەخۆم نەدەدا بەنێو شەپۆڵە بەیەکدا داوەکانی مرۆگەل رێبکەم، هیچ یەک لە ئێمە هەرگیز هەستی بەتاکەکەسێتی نەدەکرد، بەڵکە بۆ گەل و بۆ رۆحی گەل راکێشکرا بوو»[٤].

لێرەدا هۆشیارییەکانی گەورەی سیاسی هەبوو و هەمووش حەزیان دەکرد گوزارشت بکەن لە چوونە ریزی ئەو بزووتنەوە دیموکراسیە رامیارییە قەدەغەکراوە و بڕوایی زۆریان پێی هەبوو، بخەڕوو ئەو بزووتنەوەیەی ویستی رووە و ئایندەییەکی باشتربوو، ئەوانەی لایەنگری ئەو بزووتنەوەیە بوون وایان مەزەندە دەکرد، کە ئەو بزووتنەوەیە بەواتایەکی بەرفراوان برایەکان دەگرێتە خۆ و ئیدی بەجۆشوخرۆشێکی لە رادەبەدەر لە چاوەڕوانی شۆڕشێکی چاوەڕوانکراوبوون[٥].

سروشتییە ئەو کەشە هزری و کۆمەڵایەتییە یاریدەر بێ بۆ چاپکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی پەلەپەلی و توند لە سۆنگەی ئارەزووی پەلاماردانی هەرچی بەباو دادەنرا و هەڵوەشانەوەی. هەموو نووسەران شێتگیرانە لە ئەدەبیان دەڕوانی وەکو هێزێکی لێدەری ئاگراوی. ئەی برایان (هنریک) و (جۆلیۆس) ئەو رۆژنامەیەی لە ساڵی ١٨٨٢ دەریانچواند ناویان لێنەنا «ململانەی چەکدارانەی رەخنەگرانە؟؟» وشەی چاپکراو بوو بە چەکێک لە خزمەت پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و رامیاری.

ئامانجی گەوهەری نووسەر تێکشکانی هەستکردن بەخەمساردی بوو لای جەماوەر، دەبا بڕوخێ خەمساردی لای جەماوەر و بڕوخێ گشت شێوەکانی پشت بەستن بەکۆن.

دەبا گوڕوتینی گەنجیمان لە بەندێتی رزگار بکەین و هەوای بێگەرد و ئازایەتی پێببەخشین، مجێوراتی ئەدەبی تەقلیدی وەکو (هسە) و (کیبل) و (سبیلهاکن) و (لنداو) و (فریناک) پەلاماردران، و هاوپەیمانێتی ئەدەبی لەگەڵ نووسەرانی ئۆرۆپی گرێدرا وەکو (زۆلا) و(ئەبسن) و (بیورنسن) و (تۆلستۆی) و (دستویفسکی) و (تۆرگینیف) پیشەی ئەدەب ببوو بەپیشەیەکی کۆیی پسپۆرییە جیاجیاکانی دەگرتە خۆ، لە ساڵی ١٨٨٦ کونراد کستر (پزیشک) و لیوبرگ (نووسەر) و (یوجین وۆلف) (مێژوونووسی ئەدەبی) کۆمەڵەیەکیان دانا بەناوی (دەرەچ) و مەبەستیشی گۆڕینی ئەو کۆمەڵەیەبوو بۆ یانەیەک لە بنەڕەتدا «شاعیران و نووسەرە لاوە نوێخوازەکان» کۆبکاتەوە، دوای کەمێ لە دامەزراندیشی کاراترین نووسەرە لاوەکانی نیشتەجێی بەرلینی لە خۆگرت وەکو (هاوبتمان) و (هولمز) و (شالف) و برایان (هارت) و (برونوفیل) و (فلهلم بولش) و (جون هنری) و (هنری ماکای) و (کارل کنکل) و (هرفان کونرادی) و (پول ئەرنست) هەروەها تۆژەر و هونەرمەند و لێهاتووەکانی دیکەی نزیک لەیەکدی لەڕووی هزرییەوە دەگرتەخۆ.



بایەخدانی ئەندامەکان لە گفتوگۆی پەیوەندی نێوان ئەدەب و زانست سەرچاوەی گرتبوو، پێناسکردن و روونکردنەوەی چەمکەکانی ئایدیالیستی، ریالیستی، سروشتی، چەند مانیفێست و تێزیان بڵاوکردەوە، بەڕاستی کۆمەڵەکە زرنگ بوو، تەنانەت لە تۆمارکردنی کۆنووسی دانیشتنەکانیان. ئەدەب سەبارەت بە ئەندامانی کۆمەڵەکە هۆ و مەبەست بوو، مەبەست کۆمەڵایەتی و هۆش یاریی زانستی، کارەکانیان بە «ئەزموونێکی ئەندێشە فراوان» لە قەڵەمدا.

نموونەی باڵاشیان راستگۆیی هزری بوو، پەیمانیاندا بۆ گوزارشت کردن لە هەرچی راستگۆ و بابەتییە و ویستیان راستی وەکو خۆی بخەنەڕوو بەبێ چەواشەکاری، دروشمەکانیان بریتی بوو لە راستگۆیی بەر لە دانایی و لێهاتوویی، ئازایەتی بەر لە هەستیاریی، دیقەت بەر لە دیتن، راستبێژایەتی بەر لە ئەفراندن.

ئەندامانی کۆمەڵە دە تێزیان نووسی و زاراوەی «نوێگەرێتی»یش لە تێزی پێنجەم ئەوەی (یوجین وۆلف) لە ساڵی ١٨٨٧ نووسی خرابووەڕوو، چۆن بەم شێوەیە پێناسەی کردبوو «لەسەر ئەدەبی نوێ پێویستە پشت ئەستوور بێ بە هەقیقەتی تەواو لە وێناکردنی خەڵکی و هەست و نەستیان بەبێ ترازانی تخوبە هونەرییەکان، و جەختبکاتە سەر ئەو بەها ئیستاتیکیانەی لە هەڵکەوت واقیع-دا هەڵنراون»[٦].

-٣-

رکابەری نێوان بەرلین و میونیخ لەسەر پێشەوایەتی رۆشنبیریی بەدرێژایی هەشتاکان و چەردەیەک لە نەوەدەکان، بەردەوام بوو لە میونیخ گۆڤارێکی ناوبەناو هەبوو بەناوی «دی کیز یلشافت» (لە ساڵی ١٨٨٥ دەردەچوو)و (م.چ. کونراد) سەرپەرشتیاری بوو رەنگە ئەو گۆڤارە لە گۆڤارە هەرە بەکارەکان بووبێ لەو ماوەیەدا. بە تەنیا بەرهەمی نووسەرانی «ئەڵمانیا» خواروی ئەڵمانیای بڵاو نەدەکردەوە، بەڵکە تەنانەت بەرهەمی نووسەرانی بەرلینیش، بەڵام بەرەتبوونی کات ئیدی بەرلین جڵەوی چالاکییە رۆشنبیرییەکانی گرتەدەست، بەتایبەت شانۆیی. لەو ماوەیەدا بایەخدان بەبواری رۆمان وەرسوڕا بۆ شانۆ لە (زۆلا) بۆ (ئەبسن) کە ئەوەی دوایی بەڕاستی لۆزەندەری ئەو ماوەیەبوو. سامانێک لە ژیانی شانۆیی لە بەرلین کەڵەکەبوو، ناوبانگی (ئەبسن) لە بەرلین بڵاوبۆوە، ئینجا تێکڕای ئەوروپای گرتەوە، ناوی (ئەبسن) بۆ بەرلین نامۆ نەبوو

(ئوتوبرام) پێمـان دەڵێ، کە لە سـاڵی ١٨٨٩ بوو بە یەکـەم بەڕێوەبەری شـانۆی (فـری بوهن)و (بول شلیندر) کە پاشان بوو بەڕێوەبەری شانۆی (بۆکێشتر) ئاگادارمان دەکەنەوە لەو ساتانەی یەکلاییکردنەوە هاوکاتی نمایشی شانۆگەریی «کۆڵەکەکانی کۆمەڵگە»ی ئەبسن لە ساڵی ١٨٧٨ برام دەڵێ: تەنانەت لەو مێژووە دوورەشدا نمایشی ئەو شانۆگەرییە بۆنەیەکی زۆر بەبایەخ بوو[٧].

ڕۆژێک وا ڕێکەوت خۆمان لە شانۆی (شتا دتیێر)ی بچووک لە (لندنشتراسە) بینیەوە و سەیری شانۆگەریی «کۆڵەکەکانی کۆمەڵگە» دەکەین، یەکسەر هەستمان بەو جیهانە تازە شیعرییە دەکرد، وەکو بڵێی هەستماندەکرد لەبەردەم خەڵکێکی دەمامکدراوین سەر بەسەردەمی ئێمەن، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گشتگیر لە شانۆدا وامان لێدەکات بڕوا بهێنین بەگرنگی ئازادی و ڕاستی، کە دوو دینگەی ئەوتۆن کۆمەڵگەی لەسەر وەستاوە، لەو ساتەوە چووینە ریزی ئەو هونەرە ریالیستییە و ژیانی ئیستاتیکاییمان واتاداربوو.

بەڵام هێدمەی ڕاستەقینە تەنیا دوای دە ساڵ لەو بەروارە هات، کاتێ هات بەپەیدابوونی «شێوەکان» لە ساڵی ١٨٨٧ شانۆی (ریسیدز) پلانێکی دانا بۆ بەرهەمهێنانی شانۆگەریی (خێوەکان)، بەڵام پۆلیس نمایشەکەی قەدەغە کرد وێڕای ناوبژوانێتی (برام) و (شلیندر) لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شانۆگەرییە لە نۆی حوزەیرانی ١٨٨٧ لەبەردەم جەماوەرێکی دیاریکرا و نمایشکرا و ئەو شانۆگەرییەش گفتوگۆیەکی هەنووکەیی توندوتیژی نایەوە کە ڕۆژنامە و بلاوکراوە ناوبەناوەکان لەسەریان نووس و تیراژێکی زۆریش لە وەرگێڕانە ئەڵمانییەکەی شانۆگەرییەکە فرۆشراو دوای دوو ڕۆژیش لەوە بەدواوە داوەتێکی گەورە سازدرا بەئامادەبوونی نووسەرەکە خۆی و تێیدا چەند پەیڤێکی وت جاڕدانی هەڵهاتنی بەرەبەیانی سەردەمێکی نوێیدا. شانۆگەرییەکانی (ئەبسن) لە بەرلین نمایشدەکران، لە مانگی ئادار شانۆی (ئوستند) شانۆگەریی «دوژمنی گەل»و لە نیسان شانۆی (ریسدنز) شانۆگەریی «روز رشولم» نمایشکرد، هەروەها ئەو شانۆیەی دوایی هەر خۆی شانۆگەریی «مراوی کێوی» لە بیستی ئاداری ١٨٨٨ نمایش کرد چەژنی لە دایکبوونی (ئەبسن) بوو لە تەمەنی شەست ساڵی، ئەمەش بۆنەیەک بوو ڕۆژنامەگەریی ئەڵمانیایی لە بەرلین قۆستیەوە بۆ پیاهەڵدانی مەزن بەئەبسن، مانگی ئاداری ئەو ساڵە سێ نمایشی شانۆیی ئەبسن ـی بەخۆوە بینی «خاتوونێ لە دەریاوە» لە



(شانۆی شایانە) «مراوی کێوی» لە شانۆی (ریسدنز) «ماڵی بووکە پەڕۆ» لەسەر شانۆی (لیسنک) لە بیست و نۆی ئەیلولی ١٨٨٩ هێدمەکی گەورە روویدا کاتێ شانۆی (فری بوهن) شانۆگەریی (خێوەکان)ی نمایشکرد و کاریگەریشی مەزن بوو هەروەک (فرانز سیرڤس)[٨] دەڵێ:

هەندێ کەس، خەڵکانێک هێشتا شێتگیربوون وەکو بڵێی دووچاری شەکەتی هزری بووبن و دوای چەند ڕۆژێک ئینجا هاوسەنگیان گەڕایەوە، لە دەوری شار تەکانیان دەدا، لە دەوری (تیرکارتن)، چارەنووسی خۆی نیشاندان، چ حەتمیەتێکی خەماوییە، چارەنووس وەکو مار بەسەرمانا پەپکەی خواردووە و تەبای لە باوەشگرتنی دیل لەلایەن دیلگر ئاواش لە هەمێزی کردووین پاوشانیش دەستی لە بینا قاقامان توند دەکات، مایەی سەرسوڕمان نەبوو جەماوەر لە ترس و ڕق و قینەوە هاوار بکات.

ئەو هێدمەیەش «هێدمەی ئەبسن» دوو ساڵی دیکەش بەر لە خامۆش بوون و ڕەوینەوەی بەردەوام بوو. (کالفادن کوهت)[٩] کە سەربردەی ژیانی (ئەبسن)ی نووسیوەتەوە، پێمان ڕادەگەیەنێ لە مانگی مایسی ١٨٩١ گۆڤاری (دیرزا یتکایست) هەڵبەستێکی لە پێنج کۆپلە بلاوکردۆتەوە، لەو هەڵبەستەدا کاریگەری (ئەبسن) بەسەر ژیانی ئەو شارە بەدیار دەکەوێ، ئەمەش کۆپلەیەکە:

ئەبسن، ئەبسن لەهەر شوێنێک وێنەی نییە، لەسەرتاسەری جیهان تای ئەبسن تەشەنە دەکات، هەموو جیهان شێتی ئەبسنە، لەهەر کەشێک میکرۆبی ئەبسن تەشەنە دەکات، گشت ریکلام و ململانەکان بەناوی ئەبسن بانگ دەکەن.

سەری ڕێزی بۆ دانوێنن.

لەسەر جگەرە و خشڵ و شیرنەمەنی و جلوبەرگی ئافرەتان و بۆینباغ، ناوی ئەبسن دەبینی بەپیتی لە زێڕ نووسراوە، ئەبسن، بژی ئەبسن!!

شانۆی (فری بوهن) تیپێکی هەمیشەیی و جێگەیەکی هەمیشەیی نەبوو؛ واتە شانۆیەک نەبوو بە مانا باوەکەی شانۆ. چالاکییەکانی ئەوسا لە شانۆ ڕەخساوەکان پێشکەش دەکرد، بارودۆخی هەڵوەشاوەی ئەو شانۆیە هەمان ئەو بارودۆخە بوو نووسەرانی نوێخواز لە ساڵی ١٨٩٠ بەدەستیەوەیان دەناڵاند، یەکەم بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە (ئوتوبرام) بوو، کە چەند ئەندامی دامەزرێنەر لێی بەگومان بوون، لەبەرئەوە تیپێکی دیکەی ڕکابەر بەناوی (فری فولکسبوهن) دروست بوو و (برنوفلی)یش بەڕێوەی دەبردو

مەبەستیشی سەروکاریکردنی چینی کرێکاربوو، ناکۆکییەک لە نێوان ئەندامانی ئەو تیپە لەسەر بەرێوەبردنی چێبوو؛ ئایا ئەوانەی سیاسەتکارن بەرێوەی ببات یاخود سەربەخۆیی لەرووی هزرییەوە؟ ئەم ناکۆکییە دوو ساڵی خایاند و لە دەرەنجامیش تیپی سێیەم بەناوی تیپی (نوی فری فولکسبوهن) دامەزرا.

باری ناجێگری ئەو تیپە شانۆییانەو هەرچی بەدوایان داهات لە کەرتکاریی و گۆڕانکاریی، بەسەر ئەو گۆڤار و بڵاوکراوە ناوبەناوانەدا شکایەوە، کە ئەو تیپانە دەریاندەکرد. ئەو بارە ناجێگیرەی گۆڕینیش نیشانەیەک بوو لە نیشانەکانی ململانەی رۆحی شاراوە، کە لە شێردنەوەی لێدوانی هونەرمەندانی ئەو ماوەیە، کە خاوەن دەنگ بەرزییەکی ئەوتۆی متمانە بەخۆبوون، سەرکەوتوو نەبوون، ئامانجی هونەرمەندانی نوێخواز نیشانە و ئەدگارەکانی روون نەبوو، لێرەدا هاوپەیمانێتییەکی رارا هەبوو لە نێوان شۆفینیزمی رایخی نوێ و نێونەتەوەیی رۆشنبیریی کە ماوەیەکی زۆربوو لە خۆدا پەپکەی خورادبوو. ئەو سەرکەوتنانەی دوابەدوای جەنگی فەرەنسایی – برووسیایی و یەکگرتنی ئەڵمانیا هاتن کاریگەرێتیان هەبوو بەسەر سەرهەڵدانی کبریای نیشتمانی، زۆرێکیش لە خەڵکی ئەو سەرکەوتنە سەربازی و سیاسیانەیان بەشتێکی دڵتەزێن دانا، لەبەرئەوەی سەرکەوتنی رۆشنبیرییان بەدواداهات، لەگەڵ ئەوەشدا، هەستێکی دیکە بەگرنگی لە بواری ئەدەبی هاورێییەتی هەستکردنی بەرتەسکی نیشتمانی دەکرد، بەلای کەمی، ئەڵمانیا پێشتر پێی نەزانیبوو، خەڵکی گوزارشتیان لەسەراسیمەیی و بایەخدانیان بۆ نووسەرانی ناوچە ئەوروپەییەکان و دیکەی جیهان، دەکرد نەخاسمە نووسەرانی رووس و فەرەنسی و ئەسکەندەنافی و ئینگلیزی و ئەمریکی، ئارەزوویەکی دیکەش هەبوو بەتوندی رووبەرووی نێو نەتەوەیی بوویەوە، ئارەزوویەک بۆ سەربەخۆیی و خود ئیکتیفای رۆشنبیریی، لێرەشدا چەند بانگەشەیەکی رەگەزپەرستانەی دارێژرا و هەبوون ئامانجیان چارەسەری ئەو نارێکی و گرفتانەبوو لە ئینتیمای ئەدەبی ئەسکەندەنافی و هۆڵەندی سەرچاوەیان گرتبوو، (لیوبیرج) هەوڵیدەدا (ئەبسن) بە «کلتووری جیهانی» ببەستێتەوە لە وتارێکدا لە ساڵی ١٨٨٧ نووسی بەناوی «هنریک ئەبسن و خولیای ئەڵمانیایی لە ئەدەبی نوێدا» (جۆلیس لانکیبهان)یش هەوڵیدا زۆرێک لەو نووسەرانەی ناوچەگەلێکی فراوان لە ئەوروپای باکوور بخاتە سەر ئەدەبی ئەڵمانیایی بەتایبەتی لە کتێبی: «ریمبراندت وەک پەروەردەکار» کە ساڵی ١٨٩٠ بڵاویکردەوە و لە چەند مانگێکی



دیاریکراویشدا پتر لە (١٠٠,٠٠٠) دانەی لێفرۆشرا.

لێرەوە دژ یەکەکی دیکەش بێچارە مایەوە – دژیەکەکەی نێوان سۆز و ئەقڵ لە هونەردا لێرەدا هەستێکی یاخی بەرق و قینەی کۆمەڵایەتی هەبوو بۆ سەر رژێمی بەسەرچوو و بەپەسەند نەکردنی پێوەر و بەها بورجوازییە باوەکان، هەروەها لێرەدا دژایەتییەکی توند هەبوو بۆ نووسەرانی نەوەی کۆن.

(جولیوس هارت) دەڵێ: لەلایەک وەرەسی لە «هۆڵە بریقەدارەکان و نوێنە عەتراوییەکان و جیهانگەلی سەماو مێزە رازاوە و نایابەکانی خواردەمەنی، کە رژێمی بەسەرچوو تەنیبوویانەوە»[١٠] لەلایەکی دیکەوە ئارەزوو حەزی ئەوە هەبوو ئەدەب مۆرکێکی زانستی بابەتیانە وەربگرێ بۆ بەدیهێنانی جۆرێ لەو شکۆییەی زانست هەیەتی، گرنگی پتەوکردنی ژیان بەبەڵگە و سەلماندن و یاساکان کەوتە ئەستۆی نووسەران، کە رەوتی بوونی مرۆیی رێکدەخا و دیاریدەکات، ئەو بڕوایە هەبوو سەرنجدانی قووڵ و تۆماری بابەتیانەی پەلەنەکەر، بێ سێودوو، هەروەکو سەبارەت بەزانست دەبنە هۆی سەرپەرشتیکاریکردنی هەبوون و سروشت، چونکە ئادەمیزاد لە بنەڕەتەوە بەشێکە لە جیهان و لە سروشت، ئینجا ملکەچی خودی ئەو یاسایانەیە جڵەوگری جیهانی سروشتین، گەر ساڵەهای ساڵ لەو وتووێژ و مشتومڕانەمان کۆڵییەوە، کە لەو ماوەیەدا بەرێوەدەچوو ،ئەوە دەبینین لە چارەکردنی یەک گرفت سەرچاوەیان گرتبوو؛ لەسەر ئەدیب پێویستە پابەند بێ بەوێناکردنی هەڵکەوت واقیع. وێناکردنێکی پێتگەریانە یاخود یاخیبوون بەگوێرەی مگێزی؟ کاتێ (ئارنو هولز) تیۆرەکەی بەناوی «سروشتی جێگیر»دارێژت لە کتێبی «هونەر سروشت و یاساکانی» (١٨٩١) کە تیایدا جەختی کردۆتە سەر بێسوودی «مگێز» لە ئەفراندنی ئەدەبیدا، ئەو تیۆرە زەنگی بەکۆتاهاتنی بزووتنەوەی سروشتی بوو، روونیش بۆوە (یەکێتی) ئەوەی ئەدیب و هونەرمەندانی نوێگەر بەیەکەوە گرێدەدات لەسەر بنەمایەکی پتەو نەبوو، بەڵکە لەسەر بناخەی دژایەتی سیاسی و ئەدەبی بوو، لەسەر بنەمای نائومێدی گەلەکۆیی هەڵنرابوو، «دوژمنی» ئەدەبی ئەو نەوەیەی پێشوو بوو لە نووسەرانی ئەوتۆی بێتوانا لە رکابەرێتیکردنیان بەهۆی بێهێزیی، کاتێکیش هەلومەرجی سەرکوتکاریی سیاسی مایەکی وەرسوڕا بەهەڵوەشانەوەی «یاسای سۆسیالیستی «Sociolit low» لە ساڵی ١٨٩٠دا، ئیدی ناکۆکی و کەرتخوازییە ناوەکییەکانی نێوان نوێخوازان بەرچاو کەوت.

## -٤-

هەڵوێستی نووسەر و هونەرمەندانی نوێخواز و خرۆشا و بۆ شار بەحەشاماتەکەیشەوە، دەگۆڕا ئەوەیان دۆزییەوە گوزەران لە نێو دوو تویێی شاردا خەریکە شوناسی گەلەکۆییان وندەکات و هەستیان بەپێداویستی جۆرێک لە پەناگەو گۆشەگیریی و دڵنیایی، دەکرد کە یارمەتیان بدات بۆ بیرکردنەوەیەکی هێمنانە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامبوونیان لەگەڵ ژاوەژاوی شار لا گرنگ بوو، چونکە دوورکەوتنەوەی هەمەکیانە مانای ناپابەندی بە پابەندییەکانی پێشووتریان دەگەیێنێ.

لەناوچەی (فریدر شاکن)ی نزیک مەڵبەندی شار، ناسراو بە دەریاچە و گردۆڵکە و دارستانی کاژ و کرۆکپییە دێهاتییەکەی، گەیشتنە ورامی خۆیان، (برون و فیل)و (فلهلم بوش) هەوەڵینی کەسان بوون ساڵی ١٨٨٨ چوونە ئەو ناوچەیە. دوای کەمێ لەو بەروارە برایانی (هارت)یش چوونە ئەوێ، جا وێڕای گۆزانەوەی سەنگی ئەدەبی بەرلینی بۆ ئەو ناوچەیە، کەچی بەرلین دوای لەوەش ئامادەگیی ئەدەبی (بەلای کەمی سیمبولیزم) خۆی هەبوو.

ئەو گویزانەوەیە هیچ هۆیەکی ئابووری لە دواوە نەبوو، راستە توێژی کۆچبەر بۆ ئەو ناوچەیە لەکاتێ لە بەرلین بوون، بەدەست سەرسەختی ژین و گوزەرانی ئەوتۆ دەیناڵاند وێنەی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هۆی دیکە هەبوون بۆ کۆچکردنیان، ئەو توێژە هەستیان بەهاننەدانی بەرلینییەکان دەکرد، ئەو هیوایەی وەکو کۆمەڵەیەک لە نووسەرانی پێشکەوتنخواز لە باڵای یەکگرتن لەگەڵ چینی کرێکاریاندا دابڕیبوویان، بە شێوەیەکی دڵتەزێن بەفیڕۆ چوو، بەهەستکردن بەچەوساندنەوە و بێزاندن ناچارکران «نە دەوڵەت و نە نیشتمان و نەجەماوەریش بەمانا باوەکەی وشەکە بایەخیان بەئەدەب نەدەدا - تاکە توێژی بایەخدەر پۆلیس بوو» هەروەک چۆن یەکێ لە نووسەرانی ئەو سەردەمە گوزارشتی لێکردووە.

هەندێک هونەرمەند بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە ناوچەی (فریدر شاکن) نیشتەجێ بوون، هەندێکیشیان بەڕێکوپێکی سەرەدانیان دەکرد وەکو (هولمز) و (شالف) و (هیکل) و (کونرادی) و (ماکای)، لە کاتێکا ئەوانیدیکە ناوەناوە و بۆ ماوەیەکی کەم لێی



دەمانەوە لەوانەش (فیدیکانید) و (بول ئەرنست) و (دیهیمل) و (هالب) و چەند دەستەیەکی دیکەی نیگارکێش و هونەرمەند و مۆسیقازان.

بیانییەکانیش سەرەدانی ئەو ناوچەیەیان دەکرد، بەتایبەتی ئەسکەندەنافییەکان سەرەدانیشیان بۆ ئەو ناوچەیەیە بەو مەبەستە نەبوو، کە گوایە، دوای ئەو شتانەیان دەگەڕێن، کە لە وڵاتی خۆیان ونیانکردووە لە لێکتێگەیشتن و ڕێزگرتنی بیروباوەڕە نوێیەکانیان، ئەوکات ئەسکەندەنافیا لەم لایەنەوە ناوبانگی باشی خۆی هەبوو هەر ئەوەش بوو ئەوەی ئەڵمانییەکان هەستیان پێدەکرد کاتێک (ئەبسن) و (بیورنسن)یان وەبیر دەخستنەوە گەرچی ئەوەی دوایی بەپلەیەکی کەمتر بوو لەوەی چ ئاسەوارێکی قووڵیان لە شانۆی ئەڵمانی و ئەورووپی جێهێڵا.

سەرەدانیان بۆ ئەو ناوچەیە واتە ئەوان هەست بەپێوەندداریی ڕەچەڵەکی نێوان هەردوو وڵات دەکەن، لەو ماوەیەدا کتێبێک بەناونیشانی «رامراندت وەک مامۆستا» دەرچوو تیراژێکی زۆریشی لێ فرۆشراو ئەو کتێبەش هەبوونی پەیوەندی ڕەچەڵەک و سۆزداریی نێوان هەردوو وڵات نیشان دەدا هەنکە هەنکی نووسەر و هونەرمەندە ئەسکەندەنافییە لاوەکان لەو ماوەیەدا بەدوای ئاسۆگە ئەدەبییە بەرفراوانەکان وایلێکردن بێ چەند و چوون ئاوڕ لە بەرلین بدەنەوە، (ئۆلا هانسون) لەو نووسەرە بەرایییانەبوو رۆڵێکیان لە (فریدر شاکن) چێکرد و یەکێ بوو لەو نووسەرە بەرایییانەی کاریگەرێتی زۆریان لەسەر گۆڕەپانی خۆماڵی ئەڵمانیایی جێهێشت، بەڵام لیستی ئەو نووسەرە ئەسکەندەنافییانەی ناوبەناو یا ماوەماوە لە بەرلین دەمانەوە لە نەوەدەکاندا رۆماننووسی نەرویجی (ئەرن کاربورک)و هاوسەرەکەیشی لەگەڵ ئەو لیستە بوون، هەروەها شاعیری گەورەی نەرویجی (هولکەر دراجمان) و شانۆ نووس (کونار هایبرگ) و (سکبیورن یا بستفیلدەر)، شاعیر - کە «ریلکە» کارێگەرێتییەکی زۆری بەسەرەوە بوو بەتایبەتی کتێبی بەناوی (مالت لودرس برج) و (کوستان و نیبجملاند)ی سەنگتراش و (ئەکسل کالن)و (جان سبیلیاس)، کەنماینەدەیی بزووتنەوەی ئەدەبی نوێی فنلەندی بوون و (سترنبرگ) گەرچی زۆری تیا نەماوەتەوە، بەڵام ئاسەوارێکی زۆری تیا بەجێهێشت.

لەڕووی مێژووییەوە (هانسن) یەکەمین کەس بوو کۆمەکیی بیروباوەڕە رادیکاڵە تازەکانی کرد بەکۆمەڵی (فریدر شاکن)، کە لەو وتارانەی بەدیدەکران لە گۆڤاری (فری بوهن) بڵاوی کردبوونەوە و لەکاتێکا هات نووسەرە نوێخوازەکان لەو ناوچەیە لەوپەڕی

ئامادەباشی دابوون بۆ پەسەندکردنی بیروباوەڕە تازەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی گومان بیروباوەڕی توندڕۆیی (هولز)ی لە ئاست ڕێبازی سروشتی، داپۆشی و (هانسن) پێڕەوی ئەو وانانەی (جۆرج براندز)ی دەکرد، کە لە کۆپنهاگن لە ساڵی ١٨٨٨ وتبەوە و وای لە ئەورووپا کرد نرخی (نیچە) بدۆزێتەوە، (هانسن) کاتێ بینی ئەڵمانیا زیاتر بایەخ بە زۆلا و ئەبسن و دستۆیفسکی دەدات و بیروڕا گرنگ و وروژێنەرەکانی نیچە لە بیر دەکات، پەژارە و پەستی دایگرت و بەدەنگەوە سەرنجی ئەڵمانەکانی بۆ کۆمەڵێکی تازەی هونەرمەند و نووسەرانی بیانی ڕادەکێشا لەوانە (هایسمانز)و (ریشیبین)و (بورجت) کە بەڕای ئەو پتر چێژدار و بەسوودە لەو مجێورانەی ڕێبازی سروشتی ئەورووپی، کە تۆزی زەمانەیان لەسەر نیشتووە، ئینجا سەرنج بۆ پیاهەڵدانی (باربی دورفیلی) (سترانیەر) و (بوکلن) و (ئەدگار ئەلن پۆ)دا و بەئەڵمانیش چەند وتارێکی ڕەخنەگرانانەی لە بارەی نووسەرە ئەسکەندەنافییا هاوچەرخەکان بڵاوکردەوە وەکو (سترنبرگ) و (هامسن) و (کابورج) و (یاکوبسن) ئەو وتارانەش ڕاوبۆچوون و هەڵسەنگاندنی ناکۆکییان بەخۆوە گرتبوو لەگەڵ بیروڕاکانی (ئەبسن) و (بیورنسون)، کە لە هەشتاکاندا خرابوونەڕوو.

بایەخدانەکانی ئەو کۆمەڵە نووسەر و هونەرمەندانە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ کێشە دەروونییەکان وەرسوڕا و «ڕاستگۆیی»ش لە نووسەر داواکرابوو، بەڵام «ڕاستگۆیی» واتایەکی تازەی وەرگرت، کە ئەویش ئامادەیی بۆ تۆمارکردنی چینەکانی ژێریی لە ئەقڵ و وێناکردنی و نەک بەتەنیا وێناکردنی چینەکانی ژێریی لە کۆمەڵگەدا، سەبارەت بە ئەدیبانی پێشەنگ ئادەمیزاد لەسەر نان و کار دەژیا، بەڵام بە گوێرەی ئەو نووسەرانە ئیدی لەسەر دەمارگەلیان دەژیێن، نووسەر زێدە بووژاوەتربوو بەکێشە دەروونییەکان لە(کێشە)و خەمە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو دروشمەی نووسەران بەرزیان کردەوە بریتی بوو لە «هونەری دەمارگەل Nervenk unst».

لە دەرەنجامی دەستپێشخەرییەکی (هانسن): (ستانسلوبر زیبایزفسکی) بەتەواوەتی چووە ریز ئەڵقەی (فریدەر شاکت) دوای بەجێهێشتنی وڵاتی ڕەسەنی پۆڵەندا و ئەو نووسەرەش توانی بەهۆی بیر و ڕایە درکاو و کەسایەتییە نامۆییەکەی، کەسایەتییەکی کاریگەر چێبکا، بەڵام بەرەتبوونی کات بوو بەکەسایەتییەتی ئەدەبی بەدناو لە بەرلیندا (بریزیبایزفسکی) دوو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەی نووسیوە، یەکەمیان بەناونیشانی «شۆپان و نیچە» دووەمیشیان بەناونیشانی «ئولا هانسن» و هەردوو لێکۆڵینەوەیشی



لەیەک کتێبدا کۆکردەوە و لە ساڵی ١٨٩٢ بەناونیشانی «دەروونناسی تاکەکەس» بڵاویکردەوە.

لەو کتێبەدا ڕاوبۆچوونەکانی لە پەیوەندی نێوان «کەسایەتی تاکەکەس» و «خودیەتی جیا» و لە نێوان «ڕۆح» و «ئەقڵ» چەسپی و هەروەها جەختیکردە سەر هۆکاری سێکسی وەکو هێزێکی ئەکتیڤ - کارا - لە دیاریکردنی ڕەفتاری مرۆیی.

وای لە قەڵەمدا گوایە لە مۆسیقای (شۆپان) زۆر لە بیروباوەڕی (نیچە)ی بەدیکردووە، بەکردەنیش هەندێ برگەی (شۆپان)ی بە شێوەی هاژە هاژ بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی ژەنی، ئەو ژەنینە ژاوەژاوییە توندەیشی تاڕادەیەک بوو وێنەی نەبوو.

(جۆلیۆس باب) دەگێڕێتەوە، ئەو خەڵکەی گوێیان لەو برگە مۆسیقیانەی (شۆپان) گرت، ئەوەی کە (بریزیبایزفسکی) دەیژەنی، ئەو ژەنینەیان بەمەزنترین ئەزموونی هونەری دانا، کە لە ژیانیاندا ڕەت بووە و پێدەچێ ئەو ژەنینە سیمبولێ بووبێ بۆ گیانی ئاژاوەگێڕیی، کە باڵی بەسەر بۆ هیمیە ئەورووپییەکان کێشابوو. (ماکس دوثندی) لە وەسپی ئەو ژەنینەدا نووسیوبەتی «بەپەنجەکانی پیانۆی نەدەژەنی، بەڵکە دەرگاکانی دۆزەخی پێدەکردنەوە» زیاتر دەڵێ: «دەنگە هەڵچووەکانی نێو پیانۆکە هەموو بیروباوەڕی گوێگران و یاسا و سیستەمەکانیانی هەڵلووشی و دەنگەکان و خەڵک و زەمەنەکان بوون بەئاژاوە لە ناو ئاژاوەدا... ژیان لە هەرچی پەیوەستە بەهەستەکان و شێوەکان، خاڵییە [11] لێرەدا زاراوەی «شۆپانی» هات، کە نیشانەی هەر پەلامارێکی سەمەرە و، ژاوەژاوە بۆ سەر ژیان و هونەر «شۆپانیزم» بانگەشەیێ بوو. بۆ وەی ئەدەب گرنگی بدا بە «ڕۆحی ڕووتکراو - مجرد) بەجیهانگەلی ئەقڵی ناوەوە و پشت بەستن لەکاتی پێویست بەهەمان تەکنیکێ، کە سروشتگەراییەکان لە تۆمارکردنی درێژدارییە وردەکان، پێڕەویان کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا (سترنبرگ) چەند مانگێک لە پایزی ساڵی ١٨٩٢ تا زستانی ساڵی ١٨٩٣ ئەو کەسایەتییە تەوەر ئاسایە بوو گرنگێتی و بایەخدانی ئەدیبانی لە بەرلین بەبێ ڕکابەر، ڕاکێشکردبوو.

(سترنبرگ) چەند هەفتەیەک لە (فریدر شاکن) بەسەر برد لە ماڵی (ئال هانسن) و دۆست و ناسیاوانی واقیان وڕما کاتێ لە ماوەی مانەوەی لەو ناوچەیەدا بینیان سەرقاڵی کیمیا و وێنەگرتن و نیگارکێشانە زێدەتر لەسەر قاڵبوون بەنووسین. (بریزیبا یزفسکی) دەوری هەبوو لەو بایەخدانە بەکیمیا، چونکە لە سەرەتای ژیانی نوژداریی خوێند و گرنگی

دەدا بەو تیۆرە باوە زانستیانەی ئەوکات، (سترنبرگ) و (بریزیبایزفسکی) بەجووتە شەوانە بێدار وتوویژیان لە بارەی ژیانناسی و کیمیازانی کۆن و نوێ و سیحر، دەکرد و دوای چەند هەفتەیەکی کەم، هەروەک چاوەڕوانکراوبوو، (ئال هانسن) تەنگی بە (سترنبرگ) هەڵچنی و ناچار جارێکی دیکە بارگەی تێکنا بۆ بەرلین تا زۆربەی کاتی لە یەکێ لە چێشتخانەکانی بەسەر بەرێ و توانیشی خاوەنی چێشتخانەکە رازی بکات بەگۆڕینی ناوی چێشتخانەکە لە «دێر Coiste» بۆ «بەرازی رەش The Black Boar» ناوبانگی ئەو چێشتخانەیە بەخێرایی بڵاوبوویەوە بەو پێیەی مەڵبەندی چالاکییە ئەدەبییە تازەکانە، یەک لەو میوانە هەمیشەییانەی چێشتخانەکە وەسپی چێشتخانەکەی کردووە، دەڵێ: ئەو شوێنە بوو بە ناودارترین مەیخانە، یاخود بەتایبەت ناودارترییە مەیخانەی ئابرووبەری بۆ هیمییەکان» پێشەنگانی ئەو چێشتخانەیە، بەجۆش و خرۆشەوە گفتوگۆیان لەسەر «هونەری دەمارگەل»ی نوێ دەکرد و بانگەشەی جێگرتنی «رێبازی سروشتی دەروونی» لە بری «رێبازی سروشتی جێگیر»یان دەکرد، لە هەمانکاتدا جەختیان دەکردە سەر پێگەی سێکس لە ژیان و ئەدەب و داوای راستگۆییەکی تەواویان دەکرد لە بەدواداگەڕانی پاڵنەرەکانی رەفتار لای ئادەمیزاد بەچەندین هاوبەندییان دۆزییەوە لە نێوانی شیعر و نیگار و مۆسیقا، لەگەڵ ئەوەشدا وایان هەستدەکرد لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بینراون و بەگژاچوونەوە و رقهەڵگرتنیان بۆ کۆمەڵگەی بورجوازی خستەڕوو بەهەڵسوکەوتی چەقاوەسووانە و رۆچوونیان لە کاروکردەوەی شەڕفرۆشانە و ئاژاوەچییانە و ملدانە مەیخواردنەوە، ئەو کۆمەڵە جگە لە (سترنبرگ)و (بریزیبایزفسکی)، (دیهل) و (شیربارت) و (دراجمان) و (کروک) و (منج) و (لە فۆرس)یش گرتبووە خۆ.

کاتێ (سترنبرگ) لە بەهاری ساڵی **١٨٩٣** ئەو ناوچەیەی بەجێهێشت، ئەو دەستەیە، وێڕایی کۆششی (بریزیبایزفسکی) بۆ گلدانەوەیان، بەڵام پەرش و بڵاوبوونەوە.

پەرتبوونی ئەو کۆمەڵەیە و شانبەشانی ئەویش دارمانی بزووتنەوەی سروشتی گەلەکۆیی، هەروەک پێدەچێ، وای لە هۆلز کرد ناونیشانی زنجیرە شانۆگەرییەکانی بگۆڕێ بۆ «بەرلین کۆتایی سەردەمی دراما» تاکەکاری تەواوی شانۆیی ئەو زنجیرەیە و ناونیشانی «ئورستوکراتییە کۆمەڵایەتییەکان»ی بۆ دانا، بە شێوەیەکی سەخت و دژوار گاڵتە بەرەفتاری گەلەکۆیی خەڵک لە نەوەدەکاندا، دەکات شانۆگەرییەکە باسی لە دامەزراندنی



گۆڤارێکی تازەی رامیاریی دەکات، پاڵەوانی شانۆگەرییەکە (سمیهرک) کە پاڵەوانەکانی (بوندوایل)مان بیر دەخاتەوە هەردوو بیرۆکەی «گەشەسەندنی پلەبەپلە و شۆڕش» وەلا دەنێ و لە بری ئەوە جۆرێ لە هەست و نەستی نیشتمانیی دەگرتەخۆ، کە رێخۆشکەری بەدیهێنانی ویست و ئارەزووەکانییەتی. چەند کەسایەتییەک مامەڵە لەگەڵ ئەو پاڵەوانە دەکەن گەر بەوردی لێمان کۆڵییەوە ئەوە دەکارین هاوشانی لە ژیان بدینین (ستینزکی) بەرامبەر بە (بریزیبایزفسکی) و (بلیرمان) بەرامبەری (جۆن هنری مەکانی)و (هارت هاهن) بەرامبەری (هولز) خۆی. شانۆگەرییەکەش بەئۆرکێسترای شانۆیی کۆتایی دێ هاوار دەکات «ئەڵمانیا، ئەڵمانیا، بەر لە هەر شتێک» هیچ کام لە (سروشتگەراییە جێگیرەکان» و «بۆهیمییەکان» نەیانتوانی کۆتاییەک مەزندە بکات مەزنتر لەوەی شانۆگەرییەکە پێشکەشی کرد.

## ج: ڤییەنا و پراگ ١٨٨٨-١٨٩٦:

### فرانز کونا

-١-

هەردوو شاری ڤییەناو پراگ دەکەونە سەر کەناری خۆرهەڵاتی نەخشەی نوێگەرێتی ئەوروپی، هەردوو شار رووالەتێکی پەپکەخواردووی بەرتەنگی خۆماڵیان هەبوو، وێڕای ئەوەی هەردوو شار بەچەندین زمان (Polyglotc ities) تەنرابوون و دوو مەڵبەندی رۆشنبیری ئەوتۆ بوون فرە بیروباوەڕ لێیانەوە تیشکی دەدا، کەچی لە هەندێ لایەن هەر بەتەقلیدی و کۆنە پارێز و شانازی کردن بەسیستەمە نیشتمانییەکەیان، هەروەک خۆی مایەوە، کە بووە هۆی جارسکردنی هەندێ هاووڵاتیان ئەوانەی حەز و خواستیان رووە و ئایندە بوو، ئەو دووشارە مەزنترین کاریان بەرهەمهێناو هەندێ بیروباوەڕی پاراو و بەپێی پەیوەست بە نوێگەرێتییان خرۆشاند و کۆمەڵەیێ لە هەرە دیارترین نووسەرانی

هاوچەرخیان هێنایە ئارا وەکو (هوفمستال) و (سنتزلر) و (ریلکە) و (کافکا) و (مۆزیل)، ئێمە ئەو لە هەمیزگرتنەی ڤییەنا بۆ (قوتابخانەی ڤییەنا بۆ مۆزیک)و (بزووتنەوەی جوداخوازیی لە هونەر) دەنرخێنین، هەر هێندەیش بەسە و مایەی شانازییە (سیگمۆند فرۆید)ی لێکەوتۆتەوە، ئەو کەسایەتییە زانستییەی رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دەستەبەرکردنی چەمکی نوێگەرێتی و بەرجەستەکردنی یارسکاندنیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە نووسەران لەو کەشە دڵیان تەنگ بوو وایان بەباشترزانی لە تاڵاوگەدا بژیین. گەر ویستمان ئەو دوو شارە لەو ماوەیەدا بە «نوێگەرێتی»وەسپ بکەین ئەوە تاڕادەیەک لە دیقەت دوور دەکەوینەوە، جەنگ لە پێناوی نوێگەرێتی جەنگێکی راستەقینەنە بوو، جەنگێکی هاوشێوەی ئەو جەنگە نەبوو کە لە «لەندەن تاکو میونیخ» و «لە پاریس تاکو سان پترسبۆرگ» کشابوو بەگوێرەی گوزارشتلێکردنی رۆژنامەی «فیرساکرم» زمانحاڵی نیگارکێش و هونەرمەندانی «جوداخواز»[1] چەمکی نوێگەرێتی بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا رەتبوو، لەساڵی ١٨٩٠ و شەیەکی بە بریق و باقی واتا دیارینەکراوبوو، لە ساڵی ١٩٠٠ بە جۆرێ لە جۆرەکانی واتاکەی دیاری دەکرا.

بەڵام لە ساڵی ١٩١٠ بەتەواوی واتاکەی دیاریکرا و بەمانای «بزووتنەوە»یەکی داهێنەرانە شانبەشانی هەر بزووتنەوەیەکی داهێنەرانە لەسەدەی بیستدا، بەڵام بانگەشەکارانی نوێگەرێتی گەلە زۆربوون، بەزۆریش حەز و خولیای جیاوازیان هەبوو، هەر کەسێک هەستی بە «جیاوازێتییەک»کرد لەگەڵ ئەوانیدیکە و هەر کەسێک خۆی بە «هەستەوەر» داناو هەر کەسێک هەستی بە «داچڵەکین» کرد و هەرچی لەگەڵ بەها باوەکان کۆک نەبوو گشت ئەوانە خۆیان بە نوێگەرێتی لە قەڵەمدا، بۆ نموونە (تیۆدۆر بلرون) ناودارترین نەشتەرگەربوو) لە ڤییەنا، هەروەها یەکێک بوو لەو دەستە بژێرە کۆمەڵایەتییە بیرکەرەوە کۆنە پارێزە، ئەو نامەیەکی بۆ (برامس) لە ساڵی ١٨٩٣ نووسی تێیدا نوێگەرێتی بۆ خۆی لە قەڵەمدا[2].

بەر لە هەر شتێک، تۆدانی پیادەنێی ئێمەی هاودەمانی نوێخوازان دەتوانین بەئاسانی چێژ لە پارچە میوزیکێکی لە پایەی «ئەلسمینۆر»، وەرگرین، وامەزندە دەکەم رەنگە ئەمە تەریب بێت لەگەڵ بەباشترین لە قەڵەمدانی رەنگە هێمن و تەنکەکان لەو نێوەندانەی تیایا دەژین بەسەر رەنگە گەشەکان، خەڵکانی نوێخواز تیشکی بریسکەداریان لە ژوورەکان پێ باش نییە، لەمەوە حەزیان چووە بۆیەکردنی پەنجەرەی ماڵەکانیان!!.



بەڵام لێرەدا ململانە هەبوو لە نێوان «نوێخوازان» و «کۆنەخوازان» ئەو ململانێیەش وێڕای سەخت و دژوارییە جاروبارەکەی ئامانجی خراپی نەبوو، پیاوانی ئایینی و پزیشک و پیاوانی یاسا و هونەرمەندان بەشدارییان لەو ململانەیە کرد ژمارەیەکیش لەو پیاوانە بەهۆی «نوێگەرێتییان» لەسەر کار لابران، بۆ نموونە، (لدفک فاهرمند) وەکو پسپۆڕ لە یاساکانی کلێسە لە زانکۆی (ئنسبرۆک) لەکار لابرا، بەهۆی ئەو نامیلکە بچووکەی بەناوی «هەڵوێستی کاسۆلیکی لە زانینگەلی ئازاد» نووسی، کاتێکیش قوتابییەکانی هەڵڕژانە سەر شەقام بۆ داکۆکیکردنی لێی سەرۆک شارەوانی شارەکە دەستی بەجوێندان کرد، زانکۆی ناوبراو بەوە وەسپکرد کە «کانگای بیروباوەڕی تێکدەر و کانگای شۆڕش و کردەوە خراپەکارییە نانیشتمانییەکانە»[3].

بەڵام ئەوەی کۆن ئەوەی گەنجانی بە «داهێزران» و «شێتی» و «دەرد» ناوزەد کرد، کەچی نەوەی لاو بەدەگمەن هەمان زمانی پیریی لە رەتدانەوەیان بەکارهێناوە (جگە لە کارل کراوس) کارکردنی بێدەنگیانەی هەڵبژارد و بەردەوام بوو لە نووسینی رۆمان و شانۆگەرییەکان «داهێزروان» و «شێتەکان» و «دەردەدارانی» تیایا کردن بەپاڵەوان، کاتێکیش باوکی کافکا کوڕەکەی بە «جانەوەر»وەسپکرد (کافکا) بەهەمان شێوەزمان رەتی باوکی نەداوە، بەڵکە وێنەیەکی لە پاڵەوانی کارەکانی (گریگۆر سامسا) کێشا، گرفتی ئەو پاڵەوانە ئەوەبوو چۆنیەتی سازانی نێوان ژیانی و وەرگۆڕانی بۆ «جانەوەر»، زۆر لە «نوێخوازان» بەدەست گرفتە ئەخلاقی و دەروونییەکان ناڵاندوویانە، وەکو هەستکردنیان بەگۆشەگیری و نەتوانینیان بۆ راهاتن لەگەڵ سەردەم. ئیدی خۆیان بەچینی بۆرجوازی بەراورد دەکرد، کە بەگونجاندنێکی تەواو لەگەڵ جیهان دەژیان، کەچی خۆیان، خەڵکێکی نالەبار، نەربێ، زۆر تووڕە، هەڵوەشاوە، کرێت و بەبێ شیاوێتی دەناساند.

(تۆماس مان) ئاماژە بەو دژیەکیەی نێوان هەردوو توێژداوە لەو رۆمانەی بەناوی «ئەوینداری هونەرەکان Dille ttamte» (١٩٠٣) و بەوەی ناوی ناوە بە «ژەنتلمانی گەنج» ناسراوە، چ شێوەیە:[4]

ڕووندەبێتەوە (ژەنتلمانی گەنج) بە رێگایەکی راستدا دەڕۆیشت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی بەکەڵک، کەسیش پاڵنەری نەبوو بۆ ئەوە، پشتگوێ خستنی جیهان بە شێوەیەکی گشتی، کەچی ئەوەی بە چارەنووسی دەزانی دەستخۆشانەی لێکرد.

بە هەمان رێگە (موسل) شێوازی هەمان کەسایەتی کێشاوە، بە شێوازێکی

گالتـەجاڕیی هێمنانە لە ڕۆمانەکەی بەناوی «پیاوی بێ ئابڕو» دەبا سەیری ئەو ڕێگەیە بکەین کە (موسل) کەسایەتی باوکی (ئەلرج)ی پێ پێشکەشکردووە ئەو پیاوەی خاوەنی بێڕەوشتییە.[٥]

بەهەمان شێوەش بەلای ئەو پیاوانەی بڕێک ناوداریان بەدیهێناوە، هەست و نەستی لە مرۆڤایەتی بەدووربوو، لە ئەوینێکی قووڵەوە هەڵقوڵاو بوو دەکرێ بەبەرژەوەندی گشتی ناوزەد بکرێ، کە لە سنووری خود دەترازێ. بەدەستەواژەیەکی دیکە، هەست و نەستی لەو ڕێزگرتنە دڵسۆزەی هەرچیەکی بەرژەوەندی خود تاکییەتی پەرەپێبدا، هەڵقوڵابوو. تەنیا بەمەبەستی گەشەکردن، خەمی گەشەی ئەو بەرژەوەندییانەی نەبوو بەڵکە بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی خەڵکی بڕوای پێیەتی.

لێرەدا چەند جۆری جیاوازی نوێخواز هەبوون، هەبوو لەو نوێخوازانەی مەبەستی نوێکردنەوەی بیروباوەڕ، شێوەکان، بوو، هەشبوو لەوان لە نوێگەرێتییەکەی قایل بوو، دەستەیەکی دیکەش هەبوو دەیویست بنەجێی خۆی لەسەر نوێ و تەقلیدی لە یەککاتدا بکاتەوە، ئیدی زاراوەی نوێگەرێتی لەلای نووسەر و هونەرمەندانی سەر بە نەوەی نوێ بەکارهات بێ ئەوەی چ ئاماژە یا هاوبەندییەکی پێبدەن. (هیرمان بار) لە کتێبەکەی بەناوی «لێکۆڵینەوە ڕەخنەگرانەکەی نوێگەرێتی» (١٨٩٤) چوار واتای نیمچە شیاو و ڕێتێچووی نوێگەرێتی سەلماندووە و هەموویشی نزیکە لە بیرۆکەی «داکەوتن» کە لە نەوەدەکان باوبوو. نوێگەرێتی بەلای ئەو یەک لە مانەیە: ئەویا «هونەری دەمارگەل»ە، یا کۆشش بەدوای هەرچی دەستکرد و پوختەکراوە و هیچ پەیوەندییەکیشی بەسروشتەوە نەبێ، یا تاسە و پەرۆشیەکی بێشوومار بۆ سۆفیگەریی و ناروونی، یاخود ئەو لەسەر قسەی فاکنەر - سۆزگەلی پێوەند نەکراوە. (بار)یش هەمان ڕێگەی گرتەبەر ئەوەی (ئەرنست ماخ) گرتیەبەر، چون ئەوەی دوایی ویستی دووپاتی سیفەتە خەیاڵی و هەڕەمەکی و لابەلاییەکانی دەروون بکاتەوە، کە بریتییە لە «یەکەیەکی خەیاڵی گریمانەیی نەک ریالیستی)[٦].

بەڵام (بار) جەختی لەسەر پێداویستی پیاوی «نوێخواز» کردۆتەوە، بەڵام نەک تەنها بۆ گەڕان بەدوای هەقیقەتی خودیەتی، بەڵکە بە شێوەیەکی زێدە دیاریکراو بۆ هەقیقەتی هەست و نەستەکان «هەقیقەت تەنیا لە هەست و نەستەکانڕا نایێت، بەڵکو دەروون ئەو پۆشاکەیە ئەو هەست و نەستانە دەپێچتەوە».



«هۆفمانستال) لەمە دوورتر ڕۆیی و (ماخ) و (شوبنهاوەر) و (نیچە)ی لێکگرێدا. «نوێگەرێتی» بەوە پێناسەکراوە، ئارەزوویە بۆ ڕفاندنی ویستی تاکەکەسی و وای لێبکرێ یەکگرتووانە بێت لەگەڵ «ریتمی گەردوون» گۆڤاری (دیر ساکرم) شەڕێکی کوێرانەی هەڵگیرساند دژ بەوەی بە هونەری «دواکەوتن و تەوەزەلی و کارەسات» ناوزەدی کرد و جەختی کردەوە سەر «سیفەتی ڕۆشنبیری جوامێرانە» بۆ هونەرەکان.

(ئۆتۆ فاکنەر) دانەری کتێبی «هونەری نوێی تەلارسازیی»(١٨٩٥) و (ئەدۆلف لۆس) و کۆمەڵە هونەرمەندێکی ڤییەنا، ئەمانە پاساویان هێنایەوە بۆ «هونەری نوێ بەهۆی توانای گوزارشتکردن لە نموونەی ئادەمیزاد و کۆمەڵگە»و لەو جۆرە کەشەشدا دەسکەوتە تایبەتەکان، هەروەها داکەوتن - ەکان -ی «نوێگەرێتی ناوەڕاستی ئەورووپا» بەرهەمهاتن.

-٢-

ڤییەنا، لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیە، شارێکی فرە ڕووبوو، لەڕووی ڕامیارییەوە، کۆمەڵێ مەبەست و نیاز و بزووتنەوەی جیاواز لە شاردا هەبوون، ئاوێتەیەکی شێواوی ئایدیۆلۆجیاکان و پرۆگرامەکان، هەر لە هێلکاریی خۆماڵی - نیشتمانی دژ بەسەرمایەداری بۆ هەستکردنێکی توندوتیژ دژ بەسۆسیالیزمی لە بەرگی سیستەمی کۆن بۆ خولیای کاسۆلیکی ڕامیاریی. هەروەها لە ڕادەبەدەر بەبەرزاگرتنێک دەبینین بەهۆی گۆشەگیری ڤییەنا لە جیهان و هەرچی لە ڕادەبەدەر شارەکەدایە لە کۆنی[٧] لەڕووی کۆمەڵایەتیش تێکەڵەیەک لە چینە کۆمەڵایەتی و ڕەگەزەکانی تیا دەژیا، هەر لە کرێکارە توند و تۆڵەکان، کە لە گەڕەکی (ئوتا کرنک) دەژیان، ناوچەی شازدەهەم، تاکو چینی ئۆرستوکراتی دوورە پەرێزی نیشتەجێی «ناوشار» بۆ کۆلۆنییە کۆچبەرە چیکۆسلۆفاکییەکان.. تد، لەڕووی ڕۆشنبیریشەوە - کۆمەڵە هونەرمەندێکی پیشەگەریی تەقلیدی تیا دەژیان، ئەوانەی خەمیان خزمەتکردنی بۆرجوازی بچووک بوو، هەروەها کۆمەڵەیەک لەو نووسەر و هونەرمەندانەی شەپۆڵی نوێگەرێتییان لە ڤییەنا دەنواند، تیایاندابوو نووسەرانی «ڤییەنای لاو» و ئەو هونەرمەندانەی سیفەتی «جوداخوازیی»یان بەخۆدا بڕیبوو، ژیانی کۆمەڵایەتی و هزری تیایدا بەلای چاودێری دەرەکی ئاماژەی بە یەکێتی و بەیەکەوە لکانی ئیستاتیکایی نموونەیی، دەدا کەچی لە هەڵکەوتدا وانەبوو، لە

ژێرەوەی ئەو ڕواڵەتە درۆزنانەیە ناکۆکییەکی زۆر توند هەبوو، خەڵکی ڤییەنا بەوە بەچێژ لێوەرگرتن لە «ژیانێکی فرە لایەن» ناسرابوون هەروەک (کانت) دەڵێ، بەمەرجێک ئەوە لە بارودۆخی ئەوساکە کەم ناکەتەوە هەروەکو خۆی بێ. واهات لە یەکی ئایاری (١٨٩٠) شار یەکەم خۆ نیشاندانی ئاشتیانەی سۆسیالیزمی ڕێکخراوی بەخۆوە دیت بەدەوری (بریتر) دەسوڕایەوە ئەو خۆنیشاندانە ترس و لەرزی لە شارەکە نایەوەو هەموو هێزەکانی سوپا و پۆلیسیش لە ئاگەداریدا بوون، چینی مامناوەندی لیبراڵ تۆقیبوون و بەشێکیان لە ماڵەکانیان مۆڵیان خواردبوو بەشەکەی دیکەش شاری جێهێشت تا ڕۆژەکە لە دێ بەسەربیات.

(ستیفان زفایج) لەوەسپی ئەو ڕۆژەدا نووسیویەتی: «بازرگانەکان دوکانەکانیان داخست. لە بیرمە باوکانی ئێمەی منداڵ، نەیانهێشت لەو ڕۆژە تۆقێنەرە بچینە سەر شەقامەکان، کە تیایدا ڤییەننا دەسووتا»(٨) ئەو کەشە گوماناوییەش کاریگەری خۆی بەسەر هونەر و ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکانی دەرەوە بەجێهێشت.

سەیرە، ئیمرۆ باس لە «گەشانەوەی هونەرەکان» بکەین نەخاسمە مۆسیقایی لە ڤییەنا لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو، ئەو خواستەیە (خوازراوە) گەشانەوە - ورد نییە لەبەرئەوەی خاکو ئاخێکی شیاو و کەش و هەوایەکی خاکی گەرەکە، ئەمەش تەواو هاوجووت نییە لەگەڵ چالاکییەکانی «پێشەنگایەتی» (شونبرگ)یان چالاکییەکانی هەردوو قوتابییەکەی (ئەنتۆن ویبرن) و (ئەلن برک) کۆنسێرتە مۆسیقییەکانی ئەو دووانە هەڵبەستە و هەست و نەستێکی ناحەزانەی بەردەوامی زۆریان لای جەماوەر، ورووژاند، بەڵام ئەو هەست و نەستانە نەگەیەنە ئاستی شۆڕشێکی توندوتیژ هەروەک لە بالێی (سترافنسکی) ناسراو بە «تاڵی - دەزوولە - بەهار Rite of spring» کە لە پاریس نیشاندرا، ڕوویدا هەروەها لێرەدا چالاکی کۆمەڵە هونەرمەندێکی دیکە هەبوون وەکو (کوستاف کلمت) کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی «جوداخوازیی» دەکرد و (ئیکۆن شیل) و (ئوسکار کوکوشکا) ئەوانەی بە «کوڕانی» سەر بەگێچەڵ «enfants terribles» دانران.

بەڵام ئەدەبی نوێگەرێتی لە ڤییەنا، لەو سەیر و سەمەرەیەی، هەروەکو خۆی لەڕووی فۆرم و شێوازی تەقلیدی مایەوە و بزووتنەوەی سروشتی باو لە هەندێک شوێنی دیکە، کارینەکردە سەر، لەبەرئەوە ئەو ئەدەبە تەنیا لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن نەبێ دەماری پیاوی نەدەگرت (ئیستفزازی نەبوو)، هەروەکو لە هەندێ کاری (ئارثەر شنتزلەر) ڕوویداو



بەتایبەتیش ڕۆمانەکەی بەناوی (کسل -ی ئەفسەر)(١٩٠١) کە تیایدا گاڵتەی بەهەندێ نەریتی سەربازی لەوکاتدا، دەکرد، هەروەها شانۆگەرییەکەی بەناوی «سەمای بازنەیی» کە لای لە هەندێ کاری سێکسی کردۆتەوە و ئەو شانۆگەرییەش کراوە بە فیلمی سینەمایی بەناونیشانی «بازنەیی» و ئەو فیلمەش گەلدۆستییەکی گەورەی بۆ خۆ پەیدا کرد.

کاتێ باسی ئەو سەردەمە دەکەین ناکرێ ئەو مێژووە پێکەنیناوییە فەرامۆش بکەین لە لێکحاڵێنەبوونی (گۆستاف مهالەر) و کۆمەڵەی مۆسیقی لە ڤییەنا (مالەر) هەوڵیدا گاڵتەجاڕیانە دا بەرەگاژۆکان تێکبشکێنێ و پێشەشکردنی کارە کلاسیکییەکان، بپارێزێ، دواییش (ماهلەر) دەستی لە کار کێشایەوە و ئۆرکێستراش گەڕایەوە سەر ڕۆتینە باوەکەی دوای ئەوەی بەتەواوەتی ئەو کارگەلانەی مۆسیقییەکانی سەر بەقوتابخانەی ڤییەنای مۆسیقی، کە نوێ دامەزرا و وتوویژێکی زۆریشی وروژاند، پشتگوێ خست.

کەواتە «ئاوازە زێڕینە هەڵقوولاوەکانی نێو ژێیەکانی کۆمەڵەی مۆسیقی»[٩] ساغ و دروست دەرچوو، دابەکانی ڤییەنا و چێژ و بڕوا و خەیاڵە تەقلیدییەکانی لە شێواندن ساغ و سەلامەت دەرچوون.

ڤییەنا لەو ساڵانەدا لە جۆرێک لە دژیەکی ڕوواڵەتیانە و جیاوازکاریی دەژیا، لە یەککاتدا دوو ڕێباز لە ململانەدابوون: ڕێبازی پێشکەوتنخوازیی و ڕێبازی کۆنەپەرستی یا بڵێ «پێشکەوتنخوازیی کۆنەپەرستی» لەوکاتەی ئەو شارە یەکێ لە گرنگترین بزووتنەوەکانی لە هونەری هاوچەرخ و مۆسیقا و ئەدەب بەرهەمهێنا، کەچی، کارێکی شاکار ئامێزی گەورەی هونەری بەرهەم نەهێنا. شاکارە گەورەکانی وەکو «یۆلیسیس»و «چیای سیحری» و «وێرانە خاک» لە ڤییەنا نەنووسراون، نووسەرانی نەمسای کۆن، کە بەهەق هاوچەرخانەبوون، لە شاری پراگەوە هاتبوون، ئەو شارەی کەمتر بەهەڵڵا و گرنگیدەربوو بەنوێگەرێتی لە نەمسا!! خولیای ڤییەنا بۆ کلتور و خولیایەکی سیاسی بوو (نۆرمان بروج) گوتەنی بەژیریی و هۆشیاریی و «پێشبینی گەیوو» ناسرابوو، ئەو خولیایەش، لەڕاستیدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە کارتێکردنە سەر بزووتنەوەی نوێگەرێتی وای لە نوێگەرێتی کرد دروشمە بریقەدارەکانی ئایدیۆلۆجیا کۆنەکان بەخۆی دابڕێ و هانیدەدا بۆ گرێدانی نێوان هەڵکەوت - واقیع - و ڕابردوو، لەبەرئەوە نووسەرە

نەمسـاوییـەکـان هاندران بۆ بەدەسـتکەوتنی ئەو پەیوەندییـەی لەسەر خـۆشـەویسـتی و رقـهـەڵگرتن لە ئاست پایـتەختـەکەیان، هەڵنراوە، لەوکـاتەی بوو بەسێنـتەری راکێـشانی هەندێ نووسـەر، لە هەمـانکاتدا ئەوانیـدیکەی پاڵدەنا بۆ تالاوگـە وەکـو (فـرۆید)و (ریلکە)و (کـافکا) ئەوانەی رقـیان لە ڤیـیەنا هەڵگرت تەنیا لەبەرئەوەی بەسەرخـۆیدا داخراوە و پەپکەی کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڤییەنا خودان مەڵبەندەکانی نوێگەرێتییە، مەڵبەندی وەکو قاوەخانەی (کرنیـر تیـدل) کـە کۆمەڵە نووسـەرێکی لاو و بۆهیـمییـەکان لە نێـوان ساڵانی ١٨٩٠- ١٨٩٧ سەردانیان دەکرد، ئینجا ئەو دەستەیە دوایی گوێزایانەوە بۆ قاوەخانەی (سنترال) و قاوەخانەی (هیرنهۆف) و ئیدی بەگرووپی «ڤییەنای لاو Wien yung» دەناسران، لە ناودارترین ئەندامانی ئەو گرووپەش (هیرمان بار) بوو دامەزرێنەری ئەو گرووپە و پێشەوا رۆحییـەکەی بۆ چەند سـاڵێک و (هیوکوفون هوفـمنسـتال) و هاوەڵەکـەی (لیـوپولدفـون ئەندریان - فـیـربرک) نووسـەری ناوداری پارچە پەخـشـانی ئینتـیـبـاعی و (ئارثەر شنتزلەر)وی شاعیر، هەروەها هەندێ نووسەر و رۆژنامەنووس وەکو (ستیفان زفایج) و (ریچـارد بیـر- هۆفـمـان) و (روال ئورنهایمەر) و (بیـتـەر ئەلتـبـرگ) و (زیگوید تریبچ) وەرگێڕی کارەکانی (شۆ) بۆ سەر زمانی ئەڵمانی، پوختەی خەسڵەتەکانی ماوەی کۆتایی سـەدەی نۆزدەهەم لە کـەسـایەتی (بار)دا کـۆببـوونەوە، ئەو هەواڵدەرێکی رەونەقـدار و شیکەرەوەیەکی کارامەی سەردەمێکی گۆڕراوبوو، کارە شانۆگەریی و رۆمانەکانی کارێکی تەقلیدی بوون، کەسایەتی ئەو کارانەش، کەسایەتگەلی کۆنەپارێزی بەچالاکی و داهێنان بوون، بەڵام وتارەکـانی پاڵـپـشـتی بلیـمـەتەکـانی ئەو مـاوەیە و رەنگدانەوەی «گـیـانی سـەردەم» بوو، هێـشـتـاش شـایسـتـەی لێکۆڵـینەوەیە. وێڕای سنووردارییی لێـهـاتوویی و بەهرەی (بار)، بەڵام ئەو دۆزەرەوەیەکی گەورەی بەهرەی نوێخـوازانی سەردەمـەکەی بوو، ئەو بوو (هوفـمـانسـتـال)ی دۆزییـەوە، کە لەو کـەسانەی بەرایی بوو گـرنگی (نیـچـە) و (مـاخ) و (فـرۆید) و بزووتنەوەی سروشتگەرایی و بزووتنەوەی ئینتیباعی و بزووتنەوەی تەعبیریی، بۆ رۆڵەکانی نەوەکەی راڤەکرد، (بار) ئاوا وەسپکرا «جۆبیـتەر لە پانتۆلێکی چەرمـینی کورتدا» بڕواشـمـان وایە تاڕادەیەک ئەو شایانی ئەو وەسپەیە، چەندانێک لەو بەهرە بیروباوەڕ و پەرتەکانی شاری لە ئامێز گرت و ئاسانکاریی بۆ کردن بەرهەمەکانیان لە گـۆڤـارە لیـبراڵە هەفـتـانەییـەکـەی بەناوی (دی زایت) بڵاو بکاتەوە. بەم جۆرە نەریـتە



رۆژنامـەوانییـەکـان بەهـۆی (بار) و (کـارل کـراوس) دامـەزرێنەری بڵاوکـراوەی ناوبەناوی ناسراو بە (دی فاکل) رەگاژۆ بوون.

ئەو بڵاوکراوە ناوبەناوە رێچکەی بڵاوکردنەوەی بۆ ئەوانیدیکە خۆشکرد و شاڵاوێکی بەربڵاوی ژیرانەی دژ بەخـراپەکـارییـە کـۆمەڵایـەتییـە و رۆشنبـیـرییـە باوەکـانی ئەوسا لە نەمسا، ئەنجامدا. دووڕوویی کـۆمەڵایەتی تایبەت بەکێشە سێکسییەکان بیروباوەڕ و رەفـتاری کۆنەپارێزی پەلامـاردران، هەروەها بەکـارخستنی دەبەنگانەو بەتاڵ لەراستگۆیی یان، پەلامـاردا، کە نووسەرانی فەرمی فرە بەرهەم پیادەیان دەکرد.

(ئارثەر شنتـزلەر) (١٨٦٢-١٩٣١) لەوان کـەسـان بوو کـە بەچاودێری و پاراستن بوون. جگە لە (هوفـمـانسـتـال)یش، ئەو تاکە نووسەرە لەو مـاوەیەدا، کە بەرهەمەکـانی گرنگێتییەکی بەردەوامیـان پێیەوەدرا، پزیشکی پسپۆڕبوو، لە نەخۆشییەکانی دەمارگەل، توانیـویەتی بەحوکـمی پیشـەکەی کۆمەڵگەی ڤییـەنا لەڕووی دەروونییـەوە زۆر بەقـووڵی شیبکاتەوە، ئەو بابەتگەلەی بەئەنجامی دەگەیاند مۆرکێکی خۆماڵێتی بەرتەسکیـان پێوە دیاربوو، کەی بەلێزانی و لێـهاتوویی لە شیکردنەوەو نیگارکردندا بڵندبۆوە ریزی شاکارە گـەورە دیارەکان «ئەو مێـژوونووسی مگێـزگەل و پیـلان و خیـانەت و کـاروبار و رووداوە کۆمەڵایەتییەکانە، کە هەردوو چینی مامناوەند و ئۆرستۆکراتی لە کۆمەڵگەی ڤییـەنا لە دەیەی یەکـەمی ئەم سـەدەیە، تیـایا ژیاون و پیـادەیان کـردووە»، لەسـەر قسـەی (ج.ب. سترن)[١٠] ناوداریی ئەدەبی ئەو نووسەرە بۆ زنجیرە شانۆگەرییەک دەگەڕێتەوە، کە بەناوی «ئەناتۆل» (١٨٩٣) بڵاوکـردۆتەوە و تێـیـدا پەیوەندییـەکـانی یەکێ لەلاوەکـانی شـاری وێناکردووە نەخاسمە پەیوەندییە سێکسییەکانی، کە دووچاری کفتی دەمار (نوراستینیا) (Neurasthenia) بووە و ئەو نووسـەرە رۆمـانێکی دیکەی بەناوی «گـەمـەی خۆشەویستی» بڵاوکـردۆتەوە، ئەو رۆمانە ڤالایی رۆحی ئەفسەرێکی گەنج کە خەریکی سیـحرە دەخاتەڕوو، هەروەها دەردەسەرییەکـانی خۆشەویستەکـەی وەسپدەکات، کە لە دەوروبەری شـاردا دەژیا، بەهۆی راست و دروستی پاکییـەکەی گـەر رۆمانی «کسل -ی ئەفسەر»مان (١٩٥١) وەرگرت دەبینین تەکنیکەکی زۆر ئاڵۆزە، یەکەم رۆمانە لە ئەدەبی ئەڵمـانی «مـۆنۆلۆجی ناوەوە» بەکـاردێنێ. ئەو رۆمـانە «تەداعـیـاتی بیـروباوەڕ»ی ئەفسـەرێکی گەنج لە یەکێ لە نمایشەکانی ئۆپێرا، تۆمار دەکات، کاتێکیش ئەو گەنجە لە ژووری سپاردنی (Cloakroom) قەڵەباڵغ دابوو پیاوێکی مەدەنی هات و دەستی دایە

شمشێری ئەفسەرەکە جا لێرەدا بیروباوەڕی ئەفسەرەکە هاتە بەدواوەچوون و (تەداعی)، بایەخی ئەو رۆمانە لەو رەخنە راشکاوە کۆمەڵایەتییەی تێیدا بە تەنیا قەتیس نییە، بەقەد ئەوەی رێگەی دەروونشیکاری تێدا گلدراوەتەوە، کە (فرۆید) لەهەردوو کتێبی (لێکۆڵینەوەکان لە هیستریا)(١٨٩٥)و «راڤەکردنی خەونەکان»(١٨٩٩) پوختەی کردووە، ئەو رێگایانەی نووسەری رۆمان لەڕووی ئەدەبییەوە تەوزیفی کردوون کاتێ تیشکی خستە سەر نەخۆشی و ئەو بیروباوەڕە کرێتانەی لە ئەقڵی کۆنەپارێز جێگیرن، (ستێرن) دەڵێ: «مۆنۆلۆجی ناوەوە دەهەمبەری ئەدەبی رێگەی دەروونشیکارییە و چاکترین نموونەش لە ئەدەبی ئەڵمانی رۆمانی (کسل-ی ئەفسەر)ە.

تەنیا کەمێک لە نووسەرانی ئەڵمانی و نەمساوی توانیان پەرە بەم تەکنیکە بدەن، بۆ نموونە ناوی (کافکا) و (موسل) و (بروخ) دەهێنین (شنتزلەر)یش خۆی لەسەر بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە لە کارەکانی لەمەودوای رانەهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا، وازی لە فەرمانەکەی وەکو رەخنەگرێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی، نەهێناوە هەر ئەوەش لە رۆمانەکەی «رێگایەک بۆ ڤالایی»(١٩٠٨) رووندەبێتەوە و لە شاکار سروش ئاساکەی «بیرنهاردی پسپۆڕ»(١٩١٢) کە ململانەی نێوان دوو نەوە لە پزیشکان وێنادەکات، بەڵام هاوسۆزی لەگەڵ خەڵکی سیڤیل هەرگیز بۆ ساتێکیش چییە لێی دەستبەردار نەبووە، تاکو ساتەوەختی مردنی لە هەرە دیارترین نووسەرانی ڤییەنابوو، کە توانی پەردە لادات لەسەر پەچەی خەیاڵ – وەهم – کە ژیانی لە ڤییەنا بەتایبەتی پێچابوویەوە.

ئەدیبێکی دیکەی دیار هاوەڵەکەی بوو (هوکوفون هۆفمنستال)(١٨٤٧-١٩٢٨) ئەو ئەدیبە پێشەکییەکی شیعری بۆ شانۆگەری (شنتزلەر) بەناوی (ئەناتۆل) نووسی و لە دێڕێکی ئەو پێشەکییەدا خۆی دەناسێنێ و دەڵێ: «من هەر لە منداڵییەوە، پێگەییو و خەمۆک و ناسک، بووم» (هۆفمنستال) یەکەم هەڵبەستی خۆی لە تەمەنی شازدە ساڵی بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ باوکیدا سەردانی قاوەخانەی (کۆفیتیی کرینستیدل) دەکرد، ئینجا پێگەیشن وەکو نووسەر و رەخنەگر و ئەدیب بەپەنجەی دەست لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو ئاماژەی بۆ دەکرا.

لە تەمەنی بیست و شەش ساڵی راستگۆترین هەڵبەستەکانی نووسی و کاریگەرێتی هەردوو نووسەر (ئەبسن) و (رسکن)یش بەسەر ئەو وتارانەی دیاربوو، کە لەماوەی نێوان ١٨٩١-١٩٠٠- نووسیانی، ئەمەش پاڵنەر و هەست و نەستەکانی خەڵکی بەرجەستە



دەکات لە کۆتایی سەدەی رابردوو و ئەو ململانە تاڵە روون دەکاتەوە لە نێوان درکپێکردنی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لەلایەک و ئیستاتیکا پەرستی لەلایەکی دیکەوە، ئەو ململانەیە یەکێک بوو لە بابەتگەلە هەرە دیارەکان لە هەڵبەستە لیریکییەکانی وەکو «گێلە و مەرگ»(١٨٩٣) و «کەمێنی فۆلن»(١٨٩٩)، و «ئیمپراتۆر و سیحرباز»(١٩٠٠) هەروەها ئەو بابەتە لە هەندێ چیرۆکە ناودارەکانیشی دەردەکەوێ وەکو چیرۆکی «شەوی شەشسەد و حەفتاودوو» و لەو چیرۆکانەی شەقڵی درامیان پێوەیە بە «چیرۆکەکانی ئەسپ»(١٨٩٩) ناوزەد کراون، بەڵام شیعری «شەوقدارترین»یان بوو لەوەی مێژووی شیعری ئەڵمانی، بەرهەمی هێناون، لە شیعرەکانیدا جەخت دەکاتە سەر ئەوەی «سێ شت ناکرێ پارچە بکرێن: ئادەمیزاد و شت و خەون» هەروەها جەخت دەکاتەوە دەڵێ: «رۆڵم گەورەترە لە مەشخەڵی داگیرساوی ژیان و لە گیتاری بەرتەنگ»[11] دوای ساڵی ١٩٠٠ کاری زۆری هەبووە و نووسیوە لەوانە: پەیڤەکان بۆ هەندێ ئۆپێراکانی (شتراوس)و شانۆگەرییە ئەخلاقییەکانی بەمۆریکی رەمزی و – بەزمەسامی – ی (رازیکردنی ئادەمیزاد سەختە» هەروەها (١٩٢١) شانۆگەرییەکی سیاسی زۆر بەبەخت نەبوو بەناونیشانی «تاوەر» لەو هەموو کار و کردەوانەدا بڕوای نووسەر بەدیاردەکەوێ لە زەروورەتی پاراستنی بەها ئەوروپییە رەهاکان لە بوارەکانی ئایین و رۆشنبیری و جوانی و پارێزگاری لێکردنی لە ئاست ئەو هێزە تێکدەرانەی لە هەموو لایەکەوە دەورەیان داوە، خاوەنی بیرۆکەی سازدانی «فیستیڤالی سالزبرگ»بوو، چون شانۆگەرییەکی ئەخلاقی بۆ نووسی و ناوی نا «هەموو خەڵک» (١٩٩٢) بەڕاستیش شاکاربوو، بەڵام پاڵنەری ئەوەی ئەو شانۆگەرییە بنووسێتەوە پتر لەوەی کاراترکردنی دراما بێ، جەختکردنە سەر بەها رۆحییەکان بوو.

لە ساڵی ١٩٢٤دا (هۆفمانستال) خواست و ویستە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی لە یەکێ لەو موحازەرانەی لە زانکۆی میونیخ دای بەناونیشانی «نووسین وەکو بوارێکی رۆحی نەتەوە»، بەدیهێنا. ئەو موحازەرەیە جۆرێک بوو لە «مانیفێستی بەیاننامە»ی رۆمانسی بۆ راگەیاندنی جۆرێکی تایبەت لە کۆنە پارێزی توندگر شایستە بە سەدەی بیستەم، (هوفمانستال) کەوتە ژێر کاریگەرێتی (دستویفسکی)و (مۆلەرڤان دین برۆک)و بە شێوەیەکی تایبەتیش بە رێگەیان لە پێشبینیکردندا کاریگەربوو، لەبەرئەوە لە کۆششێکی ماندوونەناسانەدابوو بۆ کێشانی وێنەی پاڵەوانی ئاکار ئامێز لەنێو چڵوچێو و

خاشاکی لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەهەم، وەدیار دەکەوێ (دەیەویست) «بلیمەتێ.. خەسڵەتی زەوتکەری هەبێت» «پێغەمبەرێ» «شاعیرێ» «مامۆستاییێ» «هەواداریێ»و «خەونبینی سێکسیانە» و لەسەر ئەو پێشەوا رۆحیەش پێویستە توانای ئەوەی هەبێ بۆ خودگۆڕین، ئینجا گۆڕینی هەموو جیهان و تواندنەوەی گشت دیاردە پەرتەکان لە پێناوی یەکگرتنیان و گۆڕینی شێوەکان بۆ «شێوە بۆ ئەڵمانیای نوێ» (فرانک کیرمۆد) لە بارەی (ییتس)ەوە دەڵێ: «گرێدراویەک لێرەدا هەیە لە نێوان سەرەتاکانی ئەدەب «نوێگەر» و سیاسەت ستەمکارانە)[١٢] ئەو گوتەیەش (هۆفمانستال) دەگرێتەوە، زۆرێکیش لە «نوێگەرە» ئەورووپییەکان. (ستیوارت هیوز) دەڵێ: ماوەی نێوان ١٨٩٠-١٩٣٠ هەست و نەستی خەفەتباری و بەزەیی دەوروژێنێ و ئەو هەست و نەستانەش بۆ «ئاوێتەبوونی ئەو ماوەیە لە نێوان داهێنانی هزری و ئەوەی ئەڵمانەکان بە «داکەوتن epigonentum» ناوزەد دەکەن) دەگەڕێتەوە.

هەندێ کەس کاری ئەوتۆیان بەرهەم هێنا بۆ پەنجا ساڵ ڕێنیشاندەری نەوەکانی داهاتوون، هەستی باو لای ئەو کەسانە ئەوەبوو، ئەوان لەسەردەمێکدا دەژیان ستەم و جەوری فەلسەفە و ڕێگەکانی تۆژینەوە نارەسەن[١٣] بوو.

راست نییە هەڵسەنگاندنی نوێگەرێتی لە ڤیینا تەنیا بە دیارخستنی لایەنە خراپەکانی -نەرێ- کۆتایی پێبهێنین، بەرهەمی نوێگەرێتی لە برەودابوو بەجۆرێک گرانە بتوانرێ لەهەر شوێنێکی دیکە هاوشانی بۆ ببینینەوە، نوێگەرێتی لەدایکبوو، من هەستێکم لا دروستبوو بە متمانە نەکردن بەفەلسەفەی رووت و رەها، ئیدی بۆچوونە خولقێنەرەکان و «سیستەمە کراوە»ی زانستەکان، رەچاو دەکران، ئینجا دانی نەنا بەسنووری جیاکەرەوەی نێوان ئەدەب و فەلسەفە و زانست، کتێبی «راڤەکردنی خەونەکان»ی (فرۆید) چاکترین رەنگپێدەری فرە رەنگی مەعریفی و نا سنووری چارەکردنی کارەکانە، هێشتاش زانا و فەیلەسووف و ئەدیب و خەڵکانی ئاسایی وەکو یەک چێژ لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە وەردەگرن و سوودی لێدەبینن. (فرۆید) لەو کەسە هەرە لە پێشانەبوو ئەو ئاراستەیەی لە لێکدانەوەی هەڵنراو لەسەر زانستەکان و زانینە جیاوازەکان، ناسکرد، لەو نامەیەی ئاراستەی (شنتزلەر)ی کردووە لە هەشتی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٦ (فرۆید) دانیپیاناوە بەدرکپێکردنی پێشوەختە بە ڕێگەی هاوبەشی نێوان ئەو و (شتنزلەر) لەراڤەکردنی کارگەلێ راڤەکردنێکی دەروونیانە، بەڵام جەسارەتی



نەکردووە دانی پیا بنێ بەو ڕێگەیەی (شنتزلەر) لە پاشاندا، بەدرەنگە وەخت پیادەی کرد[١٤].

زۆرجار لە خۆم دەپرسی داخوا لە توانام دایە پشت ببەستم بەو مەعریفە نهێنییە و پیادەی بکەم، ئەو مەعریفەیەی دەبوایە لە ڕێگەی کارکردن و تۆژینەوەی شەکەتیانە پێی بگەم دوماهی ئێرەبییم بەو شاعیرە برد (ئەوەی پێش من پیادەی کرد)و لە پێشتر من بەدڵمبوو.

نوێگەرێتی سەلماندی، کە هێزێکی کاریگەر و ئەکتیڤە، دەتوانین کارتێکردنی لە چەندین ئاستەوە بەسەر بکەینەوە، ئەوەی لە بارەی (فرۆید) دەگوترێ رەنگە لە بارەی هاوچەرخەکانی بەهەمان شێوە بگوترێ (ئارنست ماخ) (١٨٣٨-١٩١٦) فیزیایی بوو دەروونناس بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە دوا قۆناغەکانی ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ فەلسەفە و ئاکارناسی و کتێبەکەی «شیکردنەوەی هەست و نەستەکان»(١٨٦٦) کاریگەرییەکی زۆری بەسەر نووسەرانی داهێنەر بەجێهێشت.

هەروەها (موسل) دکتۆراکەی لەسەر (ماخ) بوو، کەچی ژیانی زانستی بە تەکنەلۆجیاوە دەستپێکرد، ئینجا وەرچەرخا بۆ خوێندنی فەلسەفە و تا بەکۆتاهاتنی وەکو ئەم رۆماننووسەی ئێستا دەیناسین.

هەروەها (هیرمان بروخ، ١٨٨٦-١٩٥١) کە لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەم یان بۆ ئەویان دەگۆزێتەوە لە کەرتەکانی ئەندازە و کارگێڕی و ماتماتیک و فەلسفە و ئەدەب، کاتێ بەو نووسەرانە دەگەین ئەوە گەیشتووینەتە دوا قۆناغی نوێگەرێتی لە ڤییەنا - ئەوانەی بە نەوەی دووەمی «قوتابخانەکانی ڤییەنا» ناوبران، نەوەی ئابووریناس و دانەرە مۆسیقییەکان و فەیلەسووف و نووسەران، ئەوانەی لە ڤییەنا لە دایکبوون و پێگەیشتن، بەڵام ئەوان لەبەر چەند هۆیەکی زۆر و ئاڵۆز، بەجێیان هێشت و لە شوێنی دیکە ژیان بۆوەی ببوژێنەوە و گەشە بکەن و کاریگەریان هەبێ، ئەوان وەکو ئەو بۆمبایە بوون کە تەقیییەوە پارچەکانی بەسەر بەرلین و پاریس و لەندەن و هارفارد و برنستون و کیمبرج، بەشبکات.

## -٣-

بەگشتی ئەو ئەدەبە ئەڵمانییەی لە پراگ نووسرایەوە شەپۆلێکی هەرە زووی نوێگەریتی نەبوو کە شایەنی بایەخ پێدان بێ، نەوەدەکانی ئەو شارەی خودان تاوەری دێرینی زێرین، ماوەیەکی نەزۆک بوو، بەلای کەمی لەسەر ئاستی هزری، نووسەران یا ئەوەتا تەقلیدی بوون یاخود کەسی کارتێکراوبوون بەرۆحیەتی ناسراوی نوێگەریتی لە ئەوروپای ئەوکات، نووسەرانی وەکو (هیوکو سالس، ١٨٦٦-١٩٢٩) و فریدریک ئەدلەر (١٨٧٨-١٩٤٤) و کامیل هوفمان (١٨٧٨-١٩٤٤) و تەنانەت بولەلین (١٨٧٨-١٩٤٤)یش و کاتێ خەڵکی دەنگی یەکەم پۆلی ئەو نووسەرە نوێخوازانەی بیست هەستیانکرد ئەو دەنگانە چ شتێکی رەسەنایەتیان تیا نییە.

کەشی کۆمەڵایەتی ئەو شارە یاریدەری هاندانی نووسەرانی تازە پێگەیشتوو نەبوو، بەتایبەتیش ئەڵمانییەکان (جۆهانز ئەرزدل) هەوڵیدا بابەتیانە وەسپی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە پراگ بکات کاتێ وتی ئەو نووسەرە پراگیانەی بەزمانی ئەڵمانی قسەیان دەکرد کۆمەڵە سەرچاوەیەکی کلتووریان لەبەر دەست دابوو: کلتووری ئەڵمانی، کە لەڕووی شارستانی و زمانەوانی ئینتیمایان بۆی هەبوو، کلتووری چیکی کە لە گشت لایەک دەورەی دابوون، کلتووری نەمساوی، کە تیایا لە دایکببوون و هەراش بوون.. تد. [١٥] وێرای ئەو وەسپە «بابەتیانە» کەچی نووسەر ناکۆکی و دابەشکارییەکانی فەرامۆش کردووە، کە لە نێوەندە هزری و ئەفراندنەکانی ئەو شارە بچکۆڵەیە، باوبوو و وێرای هەندێ هەوڵدانی ناریالیستانە، کە مەبەستی هاریکاریی کردنی ئەو نێوەندە هزرییە بوو لەگەڵ یەکتریدا، کەچی بارودۆخی پراگ مۆرکی دابەشکاریتی پێوە دیاربوو، پراگ کانگایەکی خراپی ململانە توندەکان بوو لە نێوان جۆرەها باوەڕی جیاواز وەکو سۆسیالیزمی و زایۆنیزمی و خولیای نیشتمانی ئەڵمانی و بۆهیمی و ئایینزای مرۆیی (ڕێبازی مرۆیی – هیومەنیزم)و خولیای جیهانی رووالەتیانە وێرای داکۆکیکردنی (ماکس برود) لەو ماوەدا، بەڵام دە ساڵی هەوەڵی ئەو سەدەیە بەکەشە کلاسیکییەکەی ناسرابوو، کە بەر بەرەڵڵایی و هەستکردن بە (کلۆسترفۆبیا، Clustrophobiu)(*)

دەستەبەرکردبوو، بەلای کەمی، دە پۆل لەو نووسەرانە پراگیان جێهێشت و بیانووشیان ئەو ژیانە خەمۆکییە بوو شارەکەیانی گرتۆتەوە (ریلکە) لەو کۆچبەرە بەراییانە



بوو، کە لە ساڵی ١٨٩٦ شارەکەی جێهێشت، لە ساڵی١٩٠٦ (فکتۆر هادفایگەر) و (گوستاف میرنک)و (کامیل هوفمان)و (لیوهیلەر) شاریان بەجێهێشت و لە ساڵی ١٩١٢ (فرانز فیرفل) بەجێی هێشت، دوای هەشت ساڵ (ئیکۆن ئەرفن کش) «رۆژنامەنووسی گەڕۆک» و (فلی هاس) نووسەرێکی رۆژنامەی «هیر دربلاتەر»و «بۆل کورنفێلد» و هیدیکەی بەدواداهات، لە ساڵی ١٩١٥ (کافکا) لە دەفتەری یادداشتەکانی نووسیویەتی «لێرەدا یەک شت هەیە زۆرم ئازار دەدات و خەوم دەزڕێنێ: چیم لێ بەسەر دەهات گەر لە ساڵی ١٩١٢ سەفەرم کرد با کاتێ لەوپەڕی هێزی جەستەیی و هزری و دابووم لێرە نەمابامەوە تا خەم و خەفەتی سەرکوتێتی دەوراندەورم کەوڵم بکەن؟»[١٦] بەهاتنی ساڵی ١٩١٢ ئیدی نوێگەریتی لە پراگ، لەلایەک، ئەو هەبوونە ئەکتیڤ و کاریگەرەی نەما، مەگەر تەنیا ئەو دەستە بچووکە نەبێ لە نووسەران، کە تێڕوانینیان زۆر جیاواز بوو لەگەڵ تێڕوانینی نوێگەران (ماکس برود)یش پێشەوای رۆحی بوو ئەرکوکۆششی بۆ برەودان بە جۆرێک لە خولیای مرۆیی تەماوی تەرخانکردبوو، کە (هردر) سیمبولی زیندووی بوو، لەلایەکی دیکەش ئادەمیزادێ هەبوو چارەنووسی وایهێنا ببێ بە یەکێک لە مەزنترین نووسەرانی لەوانەی زمانی ئەڵمانیان بەکاردێنا – (فرانز کافکا).

(کافکا ١٨٨٣-١٩٢٤) هیچ متمانەیەکی بەو چالاکییە سیاسیبە: ژاوەژاوە نەبوو، کە هاوسەردەمانی پیادەیان کرد، بەگشتی، هەستی بەوە دەکرد هەڕەشە لێکراوە لەلایەن هێزە سیاسییەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا و ئەفسانەگەلی دەوراندەوری (ئال هایسبرگ) لە شوێنێکدا دەژیا بە «ناوچەی سنووریی نێوان تەنیایی و هاوڕێیەتی» ناوی بردبوو لەبەرئەوە شیاوبوو بۆ بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە ئەدەبەی دانانێ بەنەریت و عورفەکان و ئامرازی تایبەت بەخۆی بەکاردێنێ (کافکا) زۆر بڕوای بەوە بوو، کە ئەدەب لە توانای نییە خۆی بگۆڕێت بۆ دامەزراوە، هەروەها بڕوای بەوەبوو هەر جێگەیەک کتێبی لێنەبوو ئەوە بەهەشتە، لەگەڵ ئەوەشدا تامەزرۆی خوێندنەوەی ژیاننامەبوو (وەکو ژیاننامەی گۆتە و دستویفسکی و سترنبرگ و کرلبارزر و کلیست و کیرکگارد) هەروەها تامەزرۆی خوێندنەوەی ئەو کارانەبوو، کە مۆرکی شیکەرەوانەیان هەبوو (وەکو لێکدانەوەی ئینجیل و کارگەلی بەمۆرکی فەلسەفی یا دەروونی یا زانستی) حەز و ئارەزوویشی لە بیرۆکەیێ بوو، کە زمان پڕاوپڕە لە تەلیسم و مەتەڵ.

گەر هاتوو ئەدەبی نەمساویمان خستەڕوو، لە داکشان بەرەو (بیتەر هاندایک) ئەوە ئێمە ڕەنگە کەشێک بەرهەستبکەین لە لوغز و مەتەڵ و گەریش کارەکانی (شنتزلر) وەربگرین، هەروەها (موسل)و (بروخ)و زۆر لە کارەکانی نووسەرانی هاوچەرخی ڤییەنا دادگاییکردنێکی تێکەڵکردن و شپرزەیی ڕۆحی تیا بەدیدەکەین بۆیە هەمیشە بەو «نەخۆشی ئەقڵییەتی نەمساوی» ئاماژەی پێدەدرێ و زۆرجاریش ئەو دادگاییکردنە پاڵەوانەکە بە - بێدەنگی - حوکم دەدات، چاکترین نمایندەی ئەو تەقلیدەش (کافکا)یە، جیاوازی نێوان (کافکا) و نووسەرانی دیکە ئەوەیە، کە نووسەرانی دیکە چاو دەخەنە سەر نەخۆشییە ئیستاتیکییەکان، کەچی (کافکا) چاو دەخاتە سەر تاکەکەس، هەروەک لە ڕۆمانەکەی بەناوی «دادگاییکردن» (١٩١٤-١٩٢٥) بەدیدەکەین.

(کافکا) سێ چیرۆکی یەکەمی «حوکم» (١٩١٢-١٩١٦) «بەد گۆڕان» (١٩١٢-١٩١٦)و (سەقامگیری سزای بەدوادادێت» لەیەک بەرگدا بڵاوکردەوە بە ناونیشانی «سزاکان» دەستپێک کەس نەیدەزانی هۆی بڵاوکردنەوەی ئەو چیرۆکانە لەیەک بەرگدا چییە، بەڵام دوایی مەبەستی نووسەر ڕوونبۆوە، ئەویش ئەوەبوو نووسەر نێوان بۆچوونەکانی و کۆمەڵگەو (نێوان کۆمەڵگە و ڕابردوو) بە گشتی لێکگرێدەدا.

لەوانەیە (کافکا) گرنگترین نووسەر بێت لە ماوەی «دوای نیچە»، (موسل) و ئەوانیدیکە «گفتوگۆ»یان لەسەر (بیروباوەڕ)ی نیچە کردووە و زۆریشیان لێی بۆ خزمەتکردنی مەرامە تایبەتییەکانیان، سازاندووە، بەڵام هونەری (کافکا) لە بنەڕەتەوە لەسەر خولیای بناخەیی بەدبینی سەدەی نۆزدەهەم وەستاوە و دەوەستێ، کە لە (شۆبنهاوەر)ەوە بۆمان هاتووە، لەلایەکی دیکەوە ئەو هونەرە لەسەر دیتنی (نیچە) بۆ ژیانی و هونەری هەڵقوڵاوی پابەندێتی و بەدبینی، هەڵنراوە.

کارەکانی (کافکا)ی لێوانلێو لە مۆتەکە لە جیاوازکاریی پێکەنیناوی بەدەر نییە، ئەو کاتێک دڕندەیی بوون وێنا دەکات ئەوە ئەو نایەوێت ئەوە بسەلمێنێ، کە بوون حاڵەتێکی کولەمەرگییە بەقەد ئەوەی دەیەوێت ئارەزووی هێنانە ئارای جێگرەوەیەکی چاکتر و تامەزرۆیی بۆ ئەوە، بخولقێنێ گەر هاتوو لە کارەکانیمان کۆڵییەوە - بەتایبەتی ڕۆمانەکانی وەکو «ئەمریکا» (١٩١٢) و «قەڵا» (١٩٢٢-١٩٢٦) کە بڵندترین پلەکانی خواست و ویست لای دەنوێنێ بۆ دۆزینەوەی گرفتی وجودی مرۆیی، هەروەها کورتە چیرۆکەکانی وەکو «بەدگۆڕان»و «هونەرمەند و برسییەتی» (١٩٢٤) ئەوە دەبینین گشت



ئەو کارانە بێوێنە ژیان شکۆدار دەکەن، دوای مردنی (کافکا) بە ماوەیەکی زۆر و لە دەرەوەی سنووری شاری پراگ، جۆرێک لە ئەدەب سەریهەڵدا، کە بەزۆری بە «کلتووری کافکا» وەسپدەکرێت، ئەمە مانای ئەوە نییە داهێنەرانی ئەو «کلتوور»ە بە شێوەیەکی حەرفی لاسایی «کافکا»یان لە هەموو شتێ دەکردەوە، بەڵکە هیدیکەی تایبەت بە خۆیان هەبوو خستیانە سەر، گەرهاتوو، بۆ نموونە، (کامۆ)مان بە (کافکا) بەراورد کرد جیاوازی لە نێوان کارەکانیان دەبینین، ئەو جیاوازییەش لەوەدایە (کامۆ) ڕێدەدا بەکەسایەتییەکانی بە دوای پشوودان و سەبووریی و ئاسوودەیی بگەڕێن، لە هەڵوێستە ڕۆحییەکان (وێڕای بێهودەیی ئەو هەڵوێستانە)، لە کاتێکا (کافکا) داننانێ، بەڵکە گومانیش دەکات لە سوودبەخشی ئەو چالاکییە ڕۆحیانە؛ (پاڵەوانی ئاییینی) کە دڵنەوایی دەدا بە سەپاندنی سیستەمێکی نامۆ بەسەر واقیع، هەروەها ئەو هونەرمەندەی بە جەخت کردنە سەر هەردوو سیفەتی تەجرید و نازەمەن لە هونەردا هەوڵی فریودان دەدا، ئەوانە یەکەم کەسن دەبێ دادگایی بکرێن.

## د- نوێگەرێتی لە ڕووسیا (١٨٩٣-١٩١٧)

### یوجین لامبرت

-١-

دەستەواژەیەک لە ڕۆمانی (دکتۆر ژیفاکۆ)ی باسترناکدا هەیە بریتییە لە وەبیرهێنانەوەی ڕووداوە بەسەرچووەکان، ئەو دەستەواژەیەش چەشنی توانجێکی ڕوونکەرەوەی نوێگەرێتییە لە ڕووسیادا[١] «زەمەن مەزەندەکردنی شتگەلی نوێی لەخۆگرتووە، ئەو پێشبینی و بەڵێنانەی تیابوو بەر لە جەنگ لە ژیان و هونەر و بیری ڕووسی سەریان هەڵدا و چارەنووسی ڕووسیای بەگشتی و چارەنووسی ژیفاکۆ خۆی، دیاریکرد» ئێمە دەزانین «ژیفاکۆ» بەتاسەی گەڕانەوەیە «بۆ ئەو کەشەی، کاتێک جەنگ کۆڵەکەی دادەنێ، بۆ بینینی نوێبوونەوە و بەردەوامبوونی، هەروەک ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ماڵ بکات» جا لە چوارچێوە گشتییەکەی و لە ئاماژە پێشوەختەکانی ڕۆمانەکە، بەدیاردەکەوێ ئەو زەمەنەی «ژیفاکۆ» پەرۆشییەتی ئەو ماوەی نێوان بەر لە شۆڕشی ١٩٠٥و پاشیتی بەکەمێک، ئەو پەرۆشییەش ئاماژە بەئاوەزی

شێوای ژیفاکۆ دەدا بە شێوەیەکی خەفەتبارانە، کاتێ ئەو زەمەنەی دێتەوە بیر بەبێ زەمەنەکانی دیکە سەر لە ئێوارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەمە نزیکەیی هەمان ماوەیە «بەپێشینییەکانی و بەڵێنەکانی لە ژیان و هونەر و بیری رووسی» کە رۆحییەتی نوێگەرێتی رووسی دەگرێتەوە.

ناکرێ بە شێوەیەکی ورد کاتی دەستپێکی ئەو ماوەیە دیاریبکەین - لە ساڵی **١٨٩٣** دەستی پێکرد، یا لە ١٩٠٠یا لە **١٩٠٥**؟ ئەو شتەی چاک دەیزانین لە ساڵی **١٩١٧** بەکۆتا هات.

دەکرێ لەنێو ئەو کەشە گشتییەی ئەو ماوەیە، چەند لایەنێکی گۆڕانکارییە هونەرییەکانی ببینینەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە دیمەنی ئەورووپی باوبوو، گەر هاتوو ئەو ماوەیە بەپێوەرە ئابووری و رامیارییەکان پێورا ئەوە شەقڵی بەدیارکەوتنی کۆمەڵگەی پیشەسازی لە رووسیاو ئەو هەوڵدانانەی بەسەردەم کردنی بینای سیاسی یا بەلای کەمی لابردنی هەندێ کۆڵەکە، کە رژێم لەسەر خۆدانە پاڵی راهاتبوو، پێوەیە، هەروەها بەنەشوغای خێرای چینی مامناوەند دەناسرێتەوە، کە دوای ساڵ **١٩٠٥** بێزاریی چەپێنراو و بە دوای دەربازبوونی سیاسییە لە سیستەمی تزاری سەربەست بوو، بەڵام ئەو پرۆسەیە شکستی خوارد بەهۆی دواکەوتوویی نەویستراوی سیستەمی دەرەبەگایەتی و بەهۆی هەڵوێستی سەیری بۆرجوازی رووسی، کە گەر بەهاوشانی خۆرئاوایی بەراوردکراو ئەوە بە شێوەیەکی تایبەتی بایەخدارە بە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی دەوڵەت و بەهۆی زەبری ستەمکارانەی سیستەمی ئۆتۆکراتی تاکڕەوی، هەروەها بەهۆی پشت بەستنی ئابووری روسیا بەخۆرئاوا، بەڵام ئاراستەی بۆرجوازییەتی دەرەبەگی شانبەشانی ئاراستەی بۆرجوازی بۆ دەرەبەگ، رێی دەکرد، دانیشتووانی گوندەکانیش، کە ژمارەیان زۆربوو بەو پرۆسێسە کارتێکراوبوون، مەبەستیش هەڵبەت لەمەڕ جووتیارە هەژارەکان نییە، بەڵکە خاوەن موڵکەکان ئەوانەی لە چاکسازییە کشتوکاڵییەکانی (ستولیبین)(*) سوودمەندبوون، کە دەوڵەمەندەکانی، دەوڵەمەندتر کرد.

بەرفراوانکاریی ئابووریی و جیاکاریی سیاسی بەیەکەوە کاردەکەن، وێڕای هەبوونی هەستێکی قووڵی رانەگەیەنراو لە ترس لە گۆڕین، کە هاوواتای دارمانە و وێڕای سنووردارێی کاریگەرێتی هێزەکانی ناو رژێمی کۆن، کە ئارەزووی سەپاندنی گۆڕینی هەبوو، کەچی ئەو هێزانە ناچاربوون رایبگەیەنن.



گۆڕانکاریی هاوچەشن لە بوارەکانی هونەری و رۆشنبیریی روویدا، هۆی ئەو گۆڕانەش بۆ ئەو یەدەگە زۆرەی پارە و پوول و بۆشایی دەگەڕێتەوە، کە چینی مامناوەند هەیبوو. بۆ یەکەم جار لە مێژووی رووسیا، هونەر بەهەموو شێوەکانیەوە بەدەسکەوتی دارایی دەستپێکرد و هونەرمەند و نووسەرانیش بوون، بەبەرهەمهێنی ئەو کاڵایانەی لە بازێری کراوە دەکڕان و دەفرۆشران و تەنانەت وەرزێرە رووسەکانیش، کە پێشتر دەوڵەمەند بوون و ئەو بازرگانانەی تاکە خەمیان پارە کۆکردنەوە بوو بە شێوەیەکی چلێسانە، خواپەرستێکی رووالەتیانەبوون، تەنانەت لەوانەش هۆشیارییەکی رۆشنبیرییانە هەبوو و خانەوادە دەوڵەمەندە رووسییەکان وەرچەرخان بۆ سەرەوکارێتی هونەر و ئەدەب.

پارێزەرانی هونەر تێیدا دیارکەوتن وەکو (تریشیاکوف) و (مامونتۆف) و (موروزوف) و (ریابو شنسکی) و هیدیکە، ئەو توێژەش هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نەدەدا بە پاکێتی یا ئاکار (لە هونەردا)، بەڵکە هونەری بەجۆرێک لەوەبەرهێنانی بازرگانی و رازاندنەوەی ژیانی تایبەتی دانا، تەنانەت بەدەستەبەرکردنی پێداویستییە ئیستاتیکییەکانی لە قەڵەمدا، چالاکی هونەریش بوو بەکارسازییەک رۆمانسی و بازرگان و شکستخواردوو و سەر شۆڕەکان ملهوڕانە دابەشیاندەکرد بۆ رازیکردنی بەکاربەرە تێکەڵ و پێکەڵەکان. دیاردەی بەرکابەری رۆشنبیری لە خۆرئاوا پەنجا ساڵ پێش پەیدابوونی لە رووسیا کەوت، واتە دوای ساڵی ١٨٤٨، بەڵام لە شارە رووسییەکان بەکاربردنی رۆشنبیری دیاردەیەکی تازەیە، وێڕای ئەوەی لەوێدا نیشانەی کزوست هەبوون دەکرێ بۆ شەستەکانی سەدەی رابردوویان بگێڕینەوە، ئەو دیاردەیەش لێکۆڵینەوەی شایستە بەخۆی بۆ ئەنجام نەدرا، بەکاربەرە رۆشنبیرییەکان کۆمەڵە رۆشنبیرێک بوون لە بازرگان و کوڕەکانیان و کرێکارانی تەلەگراف و کارمەندی بانکەکان پێکهاتبوون، کە لە هەردوو پایتەختی مۆسکۆ و سان پترسبۆرگ و گەورە شارە سەرەکییەکانی دیکە، دادەنیشتن، ئەوان داوایان بەرهەمە رۆشنبیرییە سووک و چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکان بوو (چیرۆکەکانی کافسکی و ناکر و دسکایا و رۆمانەکانی ئەرتیسیا شیف -ی زێدە پەرە گرتوو) هەروەها گۆڤارە ئەدەبییە ناوبەناوەکانیشیان دەخوێندنەوە، کە تیراژی زۆریان لێ چاپدەکرا، وەکو «فیستنک زنانیا)و (دامسکی زورنال)، بەڵام ئەوەی باری دارایی چاکتر بوایە ئەوە ژیانێکی بۆهیمی تایبەتیان هەبوو، تاوێ گاڵتەبایی و کاتێکیش نەگریس، راستە ئەوان پشکداری ژیانی قەرەجەکانیان نەکردبوو، بەڵام لە یانە ئەدەبییەکانی شەوانە رایاندەبوارد و شەمپانیای شیرین کراو بەدۆشاوی شەکر، تێکەڵ

بەشیلەی شیعری نوێیان، دەخواردەوە بەهاوڕێیەتی خولیادارانی جوانی و هونەر و ئەوانەی ئاڵودەی ڕۆمانەکانی (ئەرتیسیاشیف) بوون و حەزیان چووبووە خرۆشاندنی بۆرجوازییەکان، چالاکییەکانیان رابواردن بوو، بۆ چێژوەرگرتن و کەیف و سەیفسازیی دەکۆشان نەک لە پێناوی گۆڕین، بەڵکە لە پێناوی ئەوەی کارگەل ساغ و دروست هەروەکو خۆیان بمێننەوەو بەزۆریش سەرلێشێواو و لەدەست دەرچوو و ون و بێزراوبوون و ئەو خەسڵەتە نەرێیانەش بە تەنیا ئەو نێوەندەی نەدەگرتەوە، بگرە لە نێو ئەو هونەرمەندانەش هەبوو، ئەوانەی لەو باندانە پاشەکەشیان کرد، ئیدی گرنگییەکی زۆریان دەدا بە هەست و نەستەکان، کە ئەویش بەدەوری خۆی قەڵپ و ناگونجاوبوو.

نە ئەو نووسەرانە و نەلایەنگرانیشی بزووتنەوەیەکی ڕێکخراویان نەدەنواند، بەڵکە بزووتنەوەیەکیان دەنواند کە لەسەر ئەزموونی هزری و ئاکاری و شاعیری هەڵنرابوو و چەند توخمێکی ململانەکەیشی گرتبووە خۆ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بزووتنەوەیە مۆرکی زەمانی خۆی رەنگپێداوەتەوە، چالاکییەکانی ئەو توێژە بەلاگیریەک رازییکردنی گران و خۆدزینەوەو حەزو تام و تێڕوانینی دڵڕەقانە بۆ کێشە مرۆییەکان، ناسرابوو. ئەو توێژە ئامادەبوو قوربانی بە، راستی بدات لە پێناو تێرکردنی خۆزگە و خواستە ئیستاتیکایی و میتافیزیقیایی و دڵنیابوون لێی. ئەو خۆزگە و خواستەش بە «نەخۆشی چێژی باڵا» ناسرابوو، کە دووچاری (جیمس) و (جیمسەکان) بوویەوە. کێ ئەو کارەی ئەوی کردووە، لە کارتێکردنیان؟ لەراستیدا، ئەو کایگەرێتییە چەند لکێکی هەیە، یۆنانییەکان و ئیتاڵییەکان و فەیلەسووفە ئایدیالییە ئەڵمانییەکان و بۆدلێر و فیرلین و دستویفسکی و ئەبسن، ئەمەش مشتێکە لە خەروارێک، زیاتر لەوە شێوازی جیهانی هونەری نوێ، کە ئەوکات باوبوو، هەروەها کەشی گشتی رۆشنبیریی باو لە کۆتایی سەدەی رابردوو لە ئەوروپا و بەردەوام بوونی تا دوای جەنگی جیهانی یەکەم.

بەڵام لێکۆڵینەوەمان لە بارەی کارتێکەرەکان، وێڕای سەرنجڕاکێشانیان، هیچ یارمەتییەکمان نادەن، بەهەرحاڵ، لەوێدا کارتێکەری دەرەکی نەبوون تەنیا ئەوانە نەبێ، کە بارودۆخە ناوخۆییەکەیان بۆ رەخسابوو.



-٢-

ساڵی (١٨٩٣)م وەکو یەکێک لەو مێژووانە خستەڕوو کە لەوانەیە بە دەستپێکی ماوەی نوێگەریەتی دابندرێ. لەو ساڵەدا کتێبێک بەناونیشانێکی جاڕسانە بڵاوبوویەوە «هۆیەکانی ئاوابوونی ئەدەبی رووسی و ڕێبازە تازەکانی» ئەو کتێبە بۆ ئەوە دەستدەدا ببێ بەبەیاننامەیەک (مانیفێست) بۆ خولیای تازە و بۆ ئەوەی ببێتە ڕێخۆشکەری بزووتنەوەی سیمبولیزمی رووسی، ئەو کتێبە رۆماننووس و شاعیر (دیمیتەر میرزکوفسکی) دایناوە، ئەو نووسەرە و (زیایدا کیبیس)ی هاوسەری و (منسکی) نووسەری سەر بەئاراستەی نیچەی نوێ، ناڕەزاییان دەربڕی بەرانبەر بە ئینتلجنسیای خودان پابەندێتی بنەڕەتی رامیاریی، کە بۆ نزیکەی نیو سەدە بەسەر گۆڕەپانی ئەدەبی لە رووسیا، زاڵبوو پەڵپیان گرت لەو جەختکردنەوانەی ئەو چینە تەکاندەرە و هەڵسەنگاندنە لۆجیکییەکانی بۆ کێشە ماتریالە بەرهەست و دەستەکان، هەروەها لەو کۆششانەیان بۆ بەیەکەوە لکانی - هونەرو ئەدەب - و کۆمەڵگە و سیاسەت. لەراستیدا (میرز کوفسکی) بەربەرەکانی کێشە ئایدیۆلۆجییەکانی لە هونەرو سیاسەت (کە خودی خۆی بایەخی پێدەدا) نەکرد، تەنیا کەمێ لەو نووسەرە رووسە نیمچە (مامناوەند) باشەکان و «رەنگە» پشتبەستوان بەخودی خۆیان، ئەمەیان ئەنجامدەدا، ئەمەش لەبەرئەوەی ستەمە کۆمەڵایەتییەکان لە رووسیا زۆر روون بوو.

(میرز کوفسکی) تەنیا ئەوەندە کۆشا ئەفسانە و تەماوییەتی بخاتە شوێن لێدوانی راستەوخۆ. هێشتا کە کاتێکی زۆر رەت نەببوو ئیدی خۆی دەستیکرد بە بەئەقڵکردنی ئەفسانە و تەماوییەتی. خاوەن بەهرەیەکی شیعری لە ئاسا بەدەربوو، بەهرەیەک بە خەمۆکیی و ئێسک گرانی ئاوێتەکراو بەلادانێکی نالۆجیکیانە و ناهاوسازێتی، ئەو چەندانێک لە هاوسەردەمی ئەو پێناسەی (ستندال) بۆ شاعیری رەمزی دەیانگرێتەوە «مرۆڤێکە لە پێناوی سۆزدا قوربانی بەخۆی دەدات، بەڵام سۆزگەلێک هی ئەو نین» لێوانلێو بوو لەسەر مەستی ئەقڵی ماتریالی و رۆحی وەکو یەک.

گرنگییەکی زۆری دەدا بەپروپووچی کارگەل و سوور بوو لەسەر بوونی گەنجینەیەکی شاراوەی ماناکان تیایا و ئەو دەوڵەمەندییە ترسناکەی تیایەتی وەکو بلێیی خانووبەرەیەک

بۆ فرۆشتن دەخاتەڕوو. گەر هاتوو لە کارە شیعرییەکانیمان کۆڵیەوە نەخاسمە ڕۆمانەکانی (کە زۆربەی کراونەتە ئینگلیزی) ئەوەی خۆی لێدەبینینەوە، خۆی تەرخان کردووە بۆ خولّقاندنی جیهانگەلی میتافیزیقیایی بەژاوە ژاوە نزیک لە جیهانگەلی کۆمیدیای هزری یا کۆمیدیای مەرگەسات «frayi -Comedies» نامەکەی (میرز کوفسکی) دەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی هەبوو و لەو مانایەیدا جیهانێکی تازە لە ئەدەب خۆی سەپاندویاڵی کێشا بەسەر پێشەنگانی ڕابوونی ڕۆشنبیریی رووسیایی. هاندەربوو بۆ ڕاکردن لە یەکڕەوتی ژیان و ئەو کێشە ڕۆژانەییانەی سوورن لەسەری، ڕێکەوتیش نەبوو و ترۆپکی چالاکی (میرز کوفسکی) و دەستەکەی هاوکات بێت لەگەڵ ترۆپکی چالاکی سیحر و ناخبینی و (خوارق) لەرادەبەدەر و جادووگەرێتی، کە لە کۆشک و سەرای ئیمپراتۆریی ژێر کاریگەریی (ڕاسپۆتین)، ئەنجامدەدرا، هەروەها لەگەڵ ئامادەباشییەکی زۆر بۆ وەرچەرخاندنی ڕاستییە بێزارکەرەکان بۆ ئەفسانەگەلێ لە پێناوی ئەو پیلانانەی گەلەک زۆری بۆ بوونە قوربانی.

(زنایدا کیبیس) هاوسەری (میرز کوفسکی) شاعیرورۆماننووسیش بوو، گەرچی لە مێردەکەی کەمتر بەرچاو و کارتێکەرتربوو، بەڵام بەهرەمەندتر بوو لەو (میسالینا) خانمێکی رووسیایی بوو دەیویست ئەو غەریزانە بوروژێنێ، کە خودی خۆی تێری نەکردوون، ئەو عەبەسی و میتافیزیقی بوو ئامانجی ئیغراکردنی ئەهریمەنی بوو، زیرەک بوو، بەشێوەیەکی بێوێنە زمان شڕبوو، بەو جلوبەرگە سەوزە سەیرەی بەدیاردەکەوت و خاچێکیشی هەڵدەواسی و تاسەر سکی شۆڕدەبۆوە و لێی دەخشا ئەوکاتەی لە مەلەوانگەکەی مەلەی دەکرد..

هەوڵی دەدا وای لێ تێبگەن، کە ئەو هەڵگری بەیداخی ڕۆشنبیرییە.

کارە پەخشان ئامێزەکانی چڕو بەهێزبوون، وەکو مێردەکەی، بەشێوازێک مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی دەکرد وەکو حاڵەت و بیروباوەڕی ڕەها نزیک لە شێوازی (دستویفسکی) (بۆ نموونە هەردوو ڕۆمانی «گەمەی ئەهریمەن»و «تزاری ڕۆمانی» وەربگرە). بەڵام لە شیعرەکانیدا زیاتر گرنگی بە شێوە دەدات، هەروەها شیعرەکانی زیاتر پابەندێتی و ئامادەییان دەنواند لە شیعری مێردەکەی. مێردەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا شیعری لە بوارێکی بەرتەسک دەخوولایەوە لەلایەک لەکارگەلی سێکسی ڕەتی نەدەکرد و لەلایەکی دیکەوە پەسەند نەکردنی ئەو کارگەلانە بوو بە گشتی[٢].



ئال (میرز کوفسکی) لە میانەی جموجووڵە ئەدەبییەکانیان، چەندین بەهرەمەندیان لە هەمێز گرتووە کە متازۆر، تێیدایە شاعیرە، ڕەخنەگر، ڕۆماننووس، بیریارانی ئایینی سۆفیگەران، یەکێ لەو نووسەرانەش (فاسیلی ڕۆزانۆف)بوو، ئەو کەسایەتییە بەرچاوەی، کە چاکترین نمایندەی ئەو ماوەیەبوو، گەرچیش بەهۆی بێبارییەوە بووبێ ئەوە بەدەست ناپاکی توێژەکەی دیکە، سەردەم و گۆشەگیرییەکەی دەنواند، دەینالاند. ناکرێ (ڕۆزانۆف) بەنووسەرێکی نێو پۆلینکردنێکی دیاریکرا و دابنێین، ڕەوانترین وتە و سەیرترینیان لە پەراوێزی ئەو نامانەی بۆ هاتوون چەسپیوە، ئەو نامانەی بەبێ ڕەزامەندی نێرەرەکەی بڵاویکردوونەتەوە.

شێوازەکەی شەقڵێکی تایبەتمەندییە سەیری هەبوو «شێوازەکەی» ئەو پڕە لە کارگەلی چاپگەری بەپێی مگێزی دەینووسێ ڕستە پێشبڕییەکان و کەوانە ئاماژەکانی لێوەرگرتن و نیشانەکانی پرسیار، زمانەکەیشی تخوبی ڕێزمانی باوی ترازاندبوو و وەرچەرخا بۆ جۆرێک لە چرپەی پەنهانی گرێنەدراو، ئەو لە دوانی دیکە لە (د. ه. لۆرەنس) نزیکتربوو، ئەو (د. ه لۆرەنس)ە سەرباری ڕۆحی شادی و لەویشەوە هاوسۆزیی کۆمەڵایەتی کەوتۆتەوە. لە مرۆگەلی ویستووە لە کێشەکانی خێر و شەڕ بترازێن.. و دەرباز بوونیشی دابین کردووە لە ڕێگای پێوەندیپێکردنی سێکسی و خەونی بە بەهەشتێک دەبینی پڕاوپڕ لە چێژ.

نووسەرێکی بەو ڕەوشتنەبوو، ئارەزوویشی لەوە نەبوو هەوەس و ئارەزووەکانی بورووژێنێ، لە هەموو لایەک بەدوای پاراستن دەگەڕا مرۆڤێک بوو نەرێ و ناسک و میهرەبان هەندێ خەسڵەتی بەرچاوی مێینەیشی هەبوو، مرۆڤێکی دڵئاواو چاک بوو.

لەراستیدا شەقڵی مێینە لەو دەوروبەرە ڕۆشنبیرییە باوبوو، دەوروبەرێک بوو، هەمان ئەو سیفەتی وروژێنەری غروری (فریودان) بەسەر بەژن و باڵای پیاودا بەتەواوکاری دابڕیبوو، کە سیفەتی باون و دراونەتە پاڵ ئافرەت.

ئەو نێوەندە بەرپەچدارە دژی زەبرێ هات، کە چینی ڕۆشنگەر ئەنجامی دەداو دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆبوو بۆنەشیان لەڕوو بەرووبوونەوەی ڕاستییە ریالیستییەکانی ژیان، ڕەنگە بکرێ ئەوکات ئەو خەسڵەتە بەتایبەت تەنانەت لە بیروباوەڕە ئایینی و میتافیزیکییە باوەکانیش بەدیبکرێ. بۆ نموونە ئەمە لە ڕەمزییەتی ئایینی لە بیروباوەڕی (سۆلوفیف)و (فلورنسکی) (بلکاکوف)و هاووێنەیان لە

هەوادارانی فەلسەفە، دەبینییەوە، ئەوانە مەبەستیان بەدەستهێنانی ئەفسانەیەکی بێگەرد و نەگلاوبوو، لەبەرئەوە بەدەست لێکهەلڕزانێ دەیانناڵاند بەهۆی ئەو هێزە نائەقلانیانەی بەهیچ گرێدراو نییە، جا بەم پێیە ئیدی بەدوای یەک خوازراوەی گشتگیر دەگەڕان. بەدوای تاسی پیرۆز (Holy Groil) لە وێنە مێنییەکەی (سۆفیا)ی پاکیزە بەدییان کرد، کە حیکمەتی پیرۆز دەنوێنێ و (کانگای سروشبەخشی شیعری ڕەمزی ئەوکات بوو، ئەڤیندارانی حیکمەت ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا دوورترن لە بەرزراگرتنی ئەو غەریزە سەرەتاییانەی ڕۆزانۆف) ناوی هێنان، و ئەو شاعیرە ڕەمزییە ڕۆشنبیرانە، بەڵام لێکگرێدانی نێوان کێشە سێکسی و میتافیزیکییەکان شتێک بوو هەردووک لەسەری کۆکن، ئەوان بەو هێزە دابەشکارەی جیهانیان دەزانی، لەبەرئەوە بڕوایان وابوو خانمی سۆفیگەر، سۆفیای پاکیزە، خواپەرست، لە یەکگرتنی جیهان سەرکەوت لەڕێگای بڵندبوون بەسەر ئەو هێزانەی لە ئامێز گرتنیان لە یەککاتدا لەگەڵیا و لەگەڵ جیهان یەکیان گرت، دانیاننا بەهەبوونی واقیع وەک بەشێک لە سیستەمێکی لە ئاسا بەدەر، لێرەوە پرۆگرامی ئایینی (سولوفیف)و (سیرجی ترۆبتسکوی) قوتابی، هات، هەروەها لێرەوە بیرۆکەی زێدەکردنی سیفەتی پیرۆزی بەسەر دیاردە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکان هات، کە بڕوایان وابوو ڕزگاربوونیان بۆ دەستەبەر دەکات، پێویستە ئەوە وەبیر بخەینەوە، کە بیریارە ئایینییە رووسەکان ئەوکات گومانیان لە دامەزراوە ئایینییەکان هەبوو، وێڕای راکێشانیان بۆ کلێسەی کاسۆلیکی.

بڕوایان وابوو بابەتگەلی ئەو دامەزراوە کاکڵی کرستیانی خۆی لە دەست داوە و ڕارابوون لە پەسەندکردنی موژدەداریی بەپرەنسیپی دووبارە هەڵسەنگاندنی کێشە ونبوو و بێخاوەنەکان وەکو دەستەبەریی سیستەمێکی نەمر، چاویان بڕیبووە ئەو خوداوەندەی دەتوانێ کەلەبەران پڕ بکاتەوە و یەقینیشی بوون، کە بەردەوامێتی کۆمەڵگە و شارستانی بۆ وەلائی پیرۆز، دەگەڕێتەوە، شایەت و بەڵگەیان بە (دیستوفسکی) دێنایەوە، وێڕای ئەوەی بە تەواوی لە بیروباوەڕی نەگەیشتبوون، ستەمدارانی میتافیزیکیایی بوون، سیفەتی پێغەمبەرانیان بە خۆدادەبڕی، گەرچیش ئەوان دژ بەویستیان، شیکردنەوەی لە هەموو شتەکان لە ڕێگای راڤەکردنیان، تێوەگلان هەموو هەمان ئەو هەڵوێستانەیان نەبوو (بیردایف) کە هەندێ کات پەیوەست بوو بە ئەڵقەی ئەدەبی (مرزکوفسکی) بەتەواوەتی جیاوازبوو، بیریارێکی ئایینی بە هەڵلا و شانازی بەخۆ دەکرد کە نمایندەی نەریتە باوەکان



نییە و بێبارە لە نووسین و بیروباوەڕەکانی، کە زۆریان شەکەت کرد.

لەو بڕوایەدایە ئەقڵ دەبێ و هەرواش بووە کۆیلەی سۆزبێ، بیرۆکەی ئایین و فەلسەفە و دوو بینای هزری میتافیزیکی گشتگیر بن، ئەو بیرۆکەیەی (سۆلوفیف)و (بلگاکوف) گرتبوویانە خۆی، لای ئەو بێزراوبوو، بەڵام سەختی و دژواری ماددەکەی و شێوازە فەلسەفییەکەی چەندین بابەتیان شێردبۆوە لەوانیش بیرۆکەی «خولقاندن» بەبێ «هاویەکی بابەتی» گەر هاتوو گوزارشتی ت. س. ئلیۆت - مان بەکارهێنا یا بیرۆکەی بەرجەستەکردن، چونکە ئەوەی دوایی مانای جێ بابەتی شتەکان (Objectification) و دابەزین و بەکاربردنیان، ئینجا بەبەردبوونیانە، ئەو بیروڕایانەی، بیروڕای خەواڵوون و تخوبی واقعیان ترازاندووە، لەڕاستیدا دەبوایە (بیردایف) هیچ کتێبێکی نەنووسیایە، چونکە نووسینی هەر کتێبێک بریتییە لە وەرچەرخانی بیروباوەڕ بۆ بابەتگەل واتە وەرچەرخانی بۆ شتگەلی هەستپێکراوی دیار و بەو پێیەی خۆی دژی هەستپێکراوەکانە بەمە دژ بەخۆی کەوتەوە، دەبوایە پابەندی لای بێدەنگی بوایە، بەڵام ئەو ئەمەی نەکرد، سی و پێنج کتێب و سەد و سی و پێنج تۆژینەوەیشی نووسی تێیدا گریمانەیدا، ژیان وەکو بەردەکەی سیزیفە هەمیشە بەردەبێتەوەو نوشوستییەکی هاڕەڕی لێدەزێ و ئادەمیزاد ناشێ شتێکی ئەوتۆ بێنێتە ئاراو هەر دەسکەوتێکیش بەکۆیلەکردنە، بەکورتی، ئادەمیزادەکەی ململانەی لەگەڵ هێزە بابەتیانەکەی جیهان دەکرد، کە لەلایەک تکای هیچی لێناکات و لەلایەکی دیکەش نرخی خودیەتی بێگوناهە.

(بیردایف) لەگەڵ شەش کەسی دیکە بەشداریان لە ئەڵقەیەکی ڤەکۆڵین یان کرد بەناوی «نیشانە دیارەکان Land marks» ئەو ئەڵقەیە نامیلکەیەکی بەناوو دەنگی فراوانی لێکەوتەوە و تیراژێکی چاکیی لەو ماوەیەی بەر لە شۆڕشی رووسیا لێفرۆشرا.

ئەو نامیلکەیە بە بەشێکی گرنگی مێژوویی هزری لە رووسیا دادەنرێت و یەکێکە لەماکە گرنگەکانی بزووتنەوەی نوێگەرێتی لە رووسیا، لە زۆر لایەنیدا بەڵگەنامەیەکە دەستەیەک لە هەرە دیارترین و داهێنەرترین ئەندامانی چینی ڕۆشنگەران نووسیویانە، ئەو لە بنەڕەتەوە کێشەی ناپاکیی چینی ڕۆشنگەری دەوروژێنێ، بەشدارانی ئەو نامیلکەیەی ئێستا بە «فیکوفستیون» ئاماژەیان پێدەدرێ بەربەرەکانی بیروباوەڕی چینی ڕۆشنگەریی رووسی و داب و گریمانە و ئاماژەکانیان -سەرنج-ی کرد یا گومانیان لێیکرد، ئەو چینەی لە زۆربەی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم، پەلاماری ڕژێمی داو لەناوی بردن و ڕێی خۆشکرد

بۆ ئەوانەی بەدوایدا هاتن، (فیکوفستییەکان) هەستیان بەگوناهباریێتی کرد، هەمان ئەو هەستەی چینی رۆشنگەر بەچەندین نەوە لە دەستییەوەی نالآند، بەلآم ئەو هەستە ئەوکات رێچکە و ئاراستەیەکی پێچەوانەی گرت ئەوان شەرمیان لە رۆڵی چینی رۆشنگەر لە شۆڕشی ١٩٠٥ دەکرد، کە نوشوستی هێنا، ویستیان تۆبە بکەن و پەشیمانی خۆیان لە ئاست ئەو گوناه و لەوەی ئەوان و باووباپیرانیان و لەو گەوجێتییە و هەرزەکارییەی کردیان لەڕووی ئایدیۆلۆجییەوە بایەخیان دەدا بەپەلاماردانی ئەو بڕوایەی دەڵێ: ئادەمیزاد لە توانایدایە کۆنترۆڵی دەوروبەری بکات و بیگۆڕێت، ئەو بڕوایەی چارەی بنەڕەتی دەخاتەڕوو بۆ گیروگرفتە ئاستێ و دژوارەکان و بەگژ تابۆکان دەچێتەوە یا تخوبی دەبەزێنێ، ئەو بڕوایە بوێرانەی وای لە خەڵک کرد نەتوانن کارگەلە نائەقلآنییەکان بدینێ و بەدوای ئایندەدا بوو نەک رابردوو یا لەبڕی جیهانی سەروو، ئەو بڕوایەی کاری خۆبەختکارانەی یەکلاکەرەوە بەباشترزانی لە کۆششی سستی هێورانەی قووڵ و چاپووکانە، هەروەکو (بلکاکوف دەڵێ: کە ئەویش بەشداری کرد لەو ئەڵقەی لێکۆڵینەوەیە.

رازی نەبوون بەوەی لە مێژوودا تێکدەرەکانی بە پاڵەوان دابندرێن و شایستەی سۆز و بەزەیی بن، ئەرکیان لە پەلاماردانی ئابڕووی ئەو خەڵکانە سەرچاوەی گرتبوو بۆوەی ئەوە بەدیاربخەن هاوار و قیژە یا پێشبینییە رکدارەکانیان تەنیا ئارەزووی سەپاندنی بیروباوەڕە هەرزەکارە نالەبارەکانیان، ئەو جیهانەی لێوەی هەلآتن دەشێرنەوە، هەروەها ئەوە بێتواناییان دەشێرتەوە لەوەی تێبگەن رەفتارە تەکاندەرەکەیان تەنیا دەمارگرتنی دەسەلآتدارانی بەدیهێنا، کە کارڕاییە سەرکوتکارییەکانی پێڕەو کردووە و زنجیرەیەک لە بارگرژی نایەوە.

لێرەدا هیچ گفتوگۆ و رووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوتۆی گرنگ لە ئارادا نەبوو ئەوەی بیری لیبرالی چاکسازی ئەوروپی هێنای هەر لە سەردەمی (تۆکفیل)ەوە، ئەو دەستەیەی نووسەران بەلێهاتوویی و وەستایی نەیانقۆستبێتەوە، هەندێکیان لەوەوپێش مارکسی بوون، بەلآم هەوەڵین هەڵگەڕاوەکان بوون لە مارکس و لەڕووی ئەکادیمییەوە بە راشکاوانە پەلاماریاندا، شۆڕشە بەسوێکەی ساڵی ١٩٠٥ هات تا پەڕوباڵی ئەو نووسەرە (فیکوفستییانە) بکات و بیانخاتە گۆشەی تاریکاییەوە.

لەبەرئەوە پرسەی بیروباوەڕیان هەلومەرجەکە لە خەڵکی دەکرد، لەبڕی ئەوەی درک بەوە



بکەن، کە کێشەکە هەمووی، کێشەی گۆڕینە لە سۆز و بیروباوەڕ و داوایان لە خوێنەرانیان کرد بەهەشتی بەخشندەی بەرین بەجێ بهێڵن، کە چینی رۆشنگەر خەونی پێوە دەدیت و بەڵێنی لە بارە پێدرابوو و هەروەها خەونی شۆڕشگێڕیی جێ بهێڵن، وەکو بلێی بەئاسایی و سادەیی دەتوانن رووسیا لە شۆڕش و لە چینی پرۆلیتاریا و لە نەوەد ملیۆن جووتیار، دوور بخەنەوە. وەلێ چینی پرۆلیتاریا و جووتیارەکان لەو بانگەوازەی بووژانەوەی رۆحیی فیکۆفیستییەکان تەنیا هەڕەشەیەکی ترسناکیان بەدیکرد پێشبینی بەدحاڵی لێ رەچاو دەکرێ، یەکێ لە بەشداربووانی ئەڵقەی ڤەکۆڵین نووسیویەتی:

«بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی تیا دەژین، لەسەرمانە نەک هەر لەخەو بینین بەهاریکاریی لەگەڵ گەل، نەوەستین، بەڵکە (هەروەها) لەسەرمان پێویستە زێتر لێی بترسێین لەوەی لە سێدارەکانی ئەو دەسەلآتە دەترسێین، کە بەنێزە و زیندانەکان لە تووڕەیی و رقی گەل، دەمانپارێزێ»[٣].

ئەرکی مێژوونووس ئەوە نییە جەنگێک لە جەنگەکانی پێشوو بەرپا بکات، بەڵکە ئەرکی راڤەکردنە، مەحاڵ نییە، کە بتوانین هۆی ترسی فیکۆفیستییەکان لێبکبدەینەوە، لێ جیاوازکارییەکە ببینین لەوکاتەی فیکۆفیستییەکان هەڕەشە دەکەن، هێزە شۆڕشگێڕەکان نوێنەرایەی چینی رۆشنگەران نەبوون بە تەنیا، مەگەر تەنیا باڵی بچووکی بەلشەفی تیا هەلآوێرین، بەڵکە بەنوێنەرایەتی «گەل» لە قەڵەمدەدران بە چینی کرێکار و جووتیاران، ئەوانەی خاوەن زەوی نەبوون، بەڵکە نیازی بەدەستهێنانیان هەبوو، ئا ئەمەیە ئەو هەڕەشەیەی، گەر هاتوو لە چوارچێوەی هەلومەرجەکەی وەرمانگرت، ئەوە یەک بژارەیان، بەسەردا دەسەپێنێ، یا ئەوەتا بەدوای بەلشەفێک بکەون یا بەنهێنی هاریکاریی بارودۆخەکە بن... «فیکۆفستییەکان» هەرگیز بۆ گۆڕانکاریی بەرهەڵستکار نەبوون، بەدارمانی رژێمیان دەزانی یا بەلای کەمی دەیانزانی رژێم دزیوە، بەتەواوەتی درکیان بەدە بەنگی واقیعێ دەکرد، کە دەیانگوزەراند. لەو قەیرانە چاکدەبوونەوە، کە لیبراڵە رووسەکان بەفرەیی ئاراستە و بڕواکانیان، بەدەسیەوەیان دەنالآند، مەزندەی گۆڕانکارییەکی راستەقینەیان نەکرد، مادام بەو رژێمەی رازیبوون و پەسەندیان کرد، دەیانزانی هەر کاتێک پەلاماری رژێمیان دا ئەوە سیفەتی لیبراڵیان پێوەنامێنێ، بەمەش بوون بەشۆڕشگێڕ.

ئەوەی بەراستی روویدا زۆربەی فیکۆفیستەکان یا ئەو توێژانەی بەئاشکرا گەمەی

سیاسیان وازی نەدەکرد، بڕوایان وابوو دەریچەیەکیان بۆ تەنگاڤییەکە دۆزیوەتەوە لە ڕێگای گرتنەبەری ئایدیالیستی ئۆرستۆکراتی کە وایلێکردن هەست بەوە بکەن ئەوان لە گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان بەدوورن و ئەوان دەربازبوونیان بۆ کەمینەی بەهرەدار دابین کرد: (بیردیف) کاتێک دوای شۆڕش دوورخرابۆوە ڕەخنەی لە ڕاکانی (فیکۆفیستەکان) دەگرت، لە یادداشتنامەکەیدا نووسیویەتی:

(کارەساتمان ئەوەیە ئێمە گۆشەگیربووین.. لە بزووتنەوەی ئەو زەمەنە بەرینە کۆمەڵایەتییە و زەمەنیش سەلماندی ئەمە ڕاستییەکی فەوتێنەرە بەپێی ئەو گەشەسەندنانەی لە کاتی شۆڕش ڕوویاندا، لەسەردەمێکی جیادا ژیاین و ئێمەیش زۆر دووربووین لە خەبات و تێکۆشانی مێژوویی، لێرە، وشە نەبووە گۆشت، بەڵکە گۆشت بووە وشە و کارگەلە فشۆلەکان وەرسوڕان بۆ ڕاستیە نەگۆڕەکان، ناکارم تەنیا ئێستا درک بەوە بکەم ئێمە لە قووڵلەی قافا دەژیاین و قسە و باسی سۆفیگەریانەمان دە ئاخڤی دوور لە هەرچی پەیوەستە بە دەردەسەرییەکانی ڕووسیا)[٤].

**-٣-**

هونەر و ئەدەب، بەتایبەتی شیعر تایبەتتریش شیعری ڕەمزی ڕۆڵێکی گەوهەری لە ڕێخۆشکردن بۆ ئەو ئاراستە ڕۆشنبیرییە و گەشەپێکردنی زیدەتری لە ڕۆڵی هەڤپەیڤینە میتافیزیقیایی و فەلسەفییەکان هەبوو، ڕۆڵی لە فراوانکردن و قووڵکردنی ئیدراک و خەیاڵ هەبوو، گەرچیش بووە هۆی، دووبارە هەڵسەنگاندنی تێکڕای ئاراستەکە، تەبای حاڵەتی شیعری (ئەلکساندەر بلۆک)، لەم ڕوانگەیەوە، بزووتنەوەی ڕەمزی تەنیا کێشە هونەرییەکانی لە شیعر بەخۆوە نەدەگرت، لەڕووی دانانی وێنە لە جێگەی لێدوانەکان و وەسپی ڕاستییەکان و کۆمۆنەی ڕاستەوخۆ، بەڵکە گشتگیریی و تامەزرۆیی بۆ گۆڕینی ژیان بەرەو باشتریش بەخۆوە گرتبوو. بزووتنەوەکە ئاوێتەیەک بوو لە بوێری و ترس، بوێری بەمانای ئارەزووی دۆزینەوەی ئەوەی لەدوو تویی ژیاندایە کارگەلی تازە و ترسیش بەمانای نەتوانین، بێتوانایی لە بەگژاچوونەوەی (ژیان)، گەر هاتوو شیعر و نووسینەکانی سولوفیفی پڕاوپڕ لە پێشبینی و حیکمەت بەسەر بکەینەوە، کە گوێن شێوازی خەواڵووی (دیکارت) و (ڕۆسۆ) نووسیویەتی، ئەوە ئێمە دەبینین مامەڵەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ زەمەنەکان و شوێنە دوورە دەست و نامۆیەکان دەکات بە شێوەیەک شاعیر تەنیا کەمێکی



لە بارەوە دەزانی، لەو جیهانگەلە نامۆییانەی ئەو دەستەواژە ژیرانەییە دەخوێنینەوە، تاریکاییمان بۆ ڕۆشن بکەرەوە، ئەی خانمە قەشەنگەکە».

بزووتنەوەی سیمبۆلیزم، تاڕادەیەک، چڕکردنەوە و پوختەکردنی ئەزموونی ڕۆمانسییە، کە گریمانەیی زانینی پێشوەختەی دوورە پەرێزە بەخود و بەجیهانێکی بەیەکگرێنەدراو و ڕەنگە دژمنداریشیانە، لەگەڵ ئەوەشدا، گەر ئێمە شیعرەکانی (بایرۆن)، (هانیێ)و (لیرمەنتۆف)مان بەسەر کردەوە دوورترن لەوەی فەلەجی و دژایەتییان تێدابێ، چونکە ئەو شاعیرانە لەڕێی جیهانگەلە گۆشە گیرەکانیان هەوڵی هەزمکردنی جیهانی دیتەنی و نواندنیاندا، ئینجا سەرلەنوێ پڕ مانا پێشکەشیبکەنەوە، ئەمەش گەر سەبارەت بە (سولوفیف) ڕاست نەبێ، ئەوە بۆ (ئەلکساندەر بلوک) ڕاستە، کە لە شاعیرە ڕەمزییە هەرە دیارەکانی ڕووسە، چاکترین کارەکانی بۆ ماوەی بەر لە شۆڕش و دوای شۆڕش دەگەڕێتەوە، کاتێ زمانی سیمبۆلی زایەڵەداری باوی ئەفسانە گۆڕا بە زمانێکی سادە، ئەو بەشیعرەکانی دەسیحرێنێ، چونکە وەکو پۆشکین (ئەدیبێکی دیکە نابینمەوە و جگە لە پۆشکین بەراوردی پێبکەم)، دەتوانێ لەسەر هەر شتێک شیعر بنووسێ و ئەوەیشی وایلێکرد لە سیمبۆلیزمیەکان تێبپەڕێ یا بەجۆرێ لێیان دوور بکەوێتەوە، لێکبەستنی ناباوی نێوانی واقیعی هەستپێکراو و خەون بوو، شێت گیربوو بەدەنگی ڕووداوەکان، بەبابەت و بیروباوەڕەکان و بەتایبەتی ئەو بیروباوەڕانەی، کە نەدەشیا بیانخاتە ڕوو، هەروەها سەرقاڵ بوو بەهەرچی مانا دەدات بەنەخۆشییەکانی جیهانی کۆن و بەهۆی بیرکردنەوەی زۆری بە سیستەمی نوێ ئاماژەی پێدەدات. دواین هەڵبەست و گرنگترینیان بەناونیشانی «دوانزە» بوو، هاوچەشنی ئامۆژگارییەکانی «دوانزە پاسەوانەکەی سوپای سوور» ئەوانەی هەنگاوی قورسیان دەنا لەو شەقامە بەبەفر داپۆشراو و شەقامە برسییەکانی بترسبۆرگ و ڕووبەڕووی زریان و شڵێوە.

سەخت دەبوونەوە لە یەکەمین زستانی ڕووسیای بەلشەفی کەژاوەیان بەلای ئەو واتای پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەرەو سەدەی بیستەم بوو[٥].

بەپێچەوانەی ئەمەوە زۆربەی ڕەمزییەکانی ڕووسیایی گوزارشتیان کرد لەو پاشەکشە گەورەیەی خەباتی ڕووسی، لە ڕزگاربوونی لە ژیان و مێژوو، جا ئەمە چ لە ڕێگای هونەر یا کەشی ئایینی سیحری ئەنجامدرابێ، یاخود لە ڕێگەی نۆرە نەخۆشی مەستکەر (ئەمە گەر ئەو گرووپە) شاعیرانەمان هەڵاوێردن، کە دوای سیمبۆلیزم هاتن و ئەوانەی ئامانجی

جاڕدراویان بەکەم نەگرتنی ئەندێشە بوو بەهۆی هەر شتێکی هەستپێکراو، وەکو (کروجینیخ) رایانگەیاند هونەرمەندان کۆشش دەکەن، بەر لەهەر شتێک، لەسەرووی ئاستی مرۆدابن و رۆمانسییەتەکەشیان رەنگدانەوەی بارودۆخە دەروونییە شەکەت و پەککەوتەکەیان بوو، وێڕای ئەوەی تاو ناتاوێ شایەتیان بە (نیچە) دەهێنایەوە، لێرەدا گونجانێک هەبوو لە نێوان ئەوەی سەرزارەکی دەیانوت و ئەوەی دەیاننووسی لە شیعری میکانیکی کە شەقڵی بەدبینی و داخراوەیی و ورووژانی سێکسی[٦] پێوەدیاربوو و دوماهیش ئەوان وەبیردێنەوە نەک بەهۆی ئەوەی لە شیعردا وتویانە و تەنانەت بەهۆی چۆنیەتی ئەو وتنە، بەڵکە بەهۆی ئەوەی ئەوان حاڵەتێکی مرۆڤایەتی و زەمەنێک ماناکەیان درکپێنەکرد، دەنوێنن.

لەوێدا بوارێکی دیکەی رۆشنبیری هەبوو ئەویش بواری نیگارکێشان و رەخنەی هونەری بوو، چوون تێیدا لێکدوورکەوتنەوە لە نێوانی ئیدراک و راکردن و هونەر و سۆز لە دیاریکراوەکان، روون بۆتەوە، لەواقیعدا ئەو ماوەی ئێمە مەبەستمانە نزیکەی زۆرترین بزووتنەوەی هونەری و (ئێستا ناسراون) بەخۆوە گرتووە، هەروەها هەندێ حاڵەتی ئەوتۆ، کە چەندین بزووتنەوەی هونەری پێشتر نەناسراوی تێدا هاتە ئاراوە. لەو ماوەیەدا چەندین بزووتنەوە دەبینین وەکو کۆبیکیزم (تەکعیبی) و ئایندەگەرایی کۆبیکیزم و ئەبستراکت لە نیگارکێشیدا، هەندێ هونەرمەندی ئەو ماوەیە وەکو (تاتلین)و (مالیفج)و (لسیتسکی) بەرۆحی گەورەی شۆڕشگێڕی ناسرابوون، کە وایلێکردن هەندێ بەرپرسێتی بوێرانەی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ بگرن و ئەوان دەیانویست هونەر کێشە کردە نییە هەستپێکراوەکان چارە بکات، لەبەرئەوە ئەو سنووورە ناوبڕەی نێوان ژیان و هونەریان ترازاند و جۆرێک لە چالاکی جیاجیای هونەریان لە یەککاتدا ئەنجامدەدا، چالاکییەکانی ئەو دەستەیە هەروەکو هاوچوونییەکی بینراوی شیعری شۆڕشگێڕی (مایکوفسکی) بوو.. بەر لەمە خۆ داتەکاندن لە شێوە (هونەرییە) ناسراوەکانی بۆرجوازی بەر لە شۆڕش، کەشی هونەری هەموو نیشانەکانی هەڵوەشانەوەی ئەندێشەی هەڵگرتبوو، رەخنەگرانی هونەریش بەرپرسیارن لە بووژانەوەی ئەو هەڵوەشانەوەیە، ئەو رۆڵەی ئەو رەخنەگرانە گێڕایان، کە لەلایەن بازرگانە دەوڵەمەندەکانی هونەر لەڕووی مایەکی پشتیوانی دەکران، یەکلاکەرەوە بوو نەک لە گەشەپێدانی هونەری هاوچەرخی رووسی، بەڵکە لە دووبارە دۆزینەوەی هونەری کۆنی رووسیش.



هەروەها ئەو رۆڵە یاریدەریش بوو بۆ بڵاوبوونەوەی مەعریفەیەکی فراوان بەهونەری خۆرئاوایی، گۆڤارە (هونەرییەکان) وەکو گۆڤاری «جیهانی هونەر» «پەشمی زێڕین» چەندین کەناڵی سەرەکیان بۆ ئەو چالاکییە، چێکرد و ئەو گۆڤارانەش پشتیوانیکاری دیاریان هەبوو وەکو (بینوا) و (دیاغلیف) و (کرابار) و (مۆراتۆف) ئەو توێژەی هاندەرانیش بەرۆشنبیرییەکی بەرز تێراوکرابوون و زانینیشیان دەهەمبەر هونەر لەسەردەمی رابوون لە فلۆرەنسا و ڤینیسیا - بندقیە - کەمتر نەبوو لە زانینیان بە هونەری کۆنی رووسیایی، ئەوان ئاڵوودەی دۆزینەوەی ئەو بەهرانە بوون، جا لەهەر شوێنێک بن و لە هەمێزگرتنیان و گەشەپێدانیان.

(ئەلکساندەر بینوا) لە یادداشتی رۆژانەیدا ئەو کەشە وەسپدەکات، کە لەو نێوەندانە باوبوو، (بینوا) بەرلەوەی ئەو دەستە نیگارکێشانە بناسێت، خۆی نیگارکێش بووە، هەروەها رەخنەگری هونەری و دیکۆرسازیش بووە. چەندین دیکۆری بۆ بالییێکان، کە لە دەرهێنانی (دیاغلیف) بوون، ساز کردووە. دوای پاکتاوکردنی رژێمی کۆن چەندین هونەرمەندی دیکە یارمەتی (دیاغلیف)یان دا بۆ دەرهێنانی کارە سیحرییە شۆخەکانی، هونەرمەندانی وەکو (لاریونوف) و (کونجاروفا) و (دربزهنسکی)، لە کاتێکدا (کاندنسکی) نەخشەسازییەکانی قوتابخانەی ناسراوی ئەڵمانی (باوهاوس)ی دەستنیشاندەکرد، بەڵام (جاکال) و (بیغسنر) و (کابۆ) هونەر بۆ هونەریان پیادە دەکرد، کە ئەوکات لە پاریس لە برەودا بوو ئەو یادداشتانە ژیانی تەلیسماوی لەو نێوەندە رۆشنبیرییانەی ناوچەی (بالمیرای باکوور) وەسپدەکات، کە نووسەر زۆری خۆشدەویست، هەروەها سەرگوزشتەی روخساری رووخۆشانە و نیانی نووسەر و چێژ وەرگرتنی لە هونەر و سەرکەوتنەکانی ئاشکرا دەکات، کە وایکرد ئیمپراتۆر دەستی چاودێریی بەسەردابێنێ. ئەویش چێژی لە بەروبوومی ئەو چاودێرییە وەرگرت، کە بووە هۆی تێکدانی کەسایەتییەکەی و وایلێکرد سەیر و ناوێزە بێت.

بەهۆی خۆشگوزەرانی ژیانی، گوێی نەدەدا بەو دەردە سەریانەی رووسیا لەگەڵیا دەگوزەرا، بەو ۆشنبیریی و سەلیقەیەی کە دروست نەناسرابوو، حەزی چووە گۆزەی چینی دروستکراو لە شاری (سیغریس)ی فەرەنسی و مێلاقە و شتە جوانەکانی دیکە، هەروەها هۆگرییەکی تایبەتی بۆ یاریی هەبوو.

تاکە خەمی زێدەکردنی ژمارەی هاوەڵ و ناسیارانی بوو، بوونی لەو گوندەدا نەشازبوو،

وەلێ هونەرمەندە بەهرەدارەکانی دیکە و دیاریکراوەکان بەهەمان شێوەی (بینوا) بەدیار نەکەوتن و هەڵسوکەوتیان نەکرد.

ئا ئەوەیە ئەو نیشانانەی وایان لە خەڵکی کرد مەزەندە بکەن بیرۆکەی نوێگەرێتی لە رووسیا هاوشێوەی رابوونی شارستانێتی ئیتاڵیاییە. ئەوانەی ئەو بەراوردکارییەیان نووسیوە (بیردیف) و (فیاجسلاف ئیفانۆف) و هیدیکە بوون بەراوردکردنیان سنووری جیهانی چالاکی هونەری رەتدا، تەنانەت ئەو بەراوردەش لەو کارە بەڵگە نەویستانە دادەنرێت سەبارەت بەکۆچبەرانی دوای شۆڕش.

ئاسان نییە وێکچوونێک لە نێوان هەردوو کاتدا ببینییەوە، ئەم قورسییەش بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە لەوانە: چەمکی رابوون چەمکێکی تەماوییە، ناروونە لەڕووی مێژوویی و شارستانی. گەر بێ و رێنسانسی ئەوروپی بەمانای «نوێکردنەوە»ی شارستانێتی کلاسیکی بێت، ئەوە لەسەر نوێگەرانی رووس (ئەوکات) پێویستە دەگەڵ ئەو ئەزموونانە بژیێن بەبێ رەگەزی رۆشنگەری مرۆییەکان، ئەزموونگەلێ بەچەند لایەنی تاریک و هەڵوەشاوە، ئەزموونگەلی ئیرهابی کۆن، (نوێکاران) لەژێر رەحمەتی ئەو هێزە بەدخووانەی کەوتوونەتە نێو تەڵەی گێژەنگەلی گیروگرفتێکی گەلەک زۆر بوون، ئەمەش نەشیانی زۆرێک لەو شێوازانەی ئەو ماوەیە و بەیەکەوە گرێنەدانی و شلوشۆقی راڤە دەکات، هەروەها ناروونی گشتی راڤە دەکات، کە هۆیەکەی قووڵی نەبوو بەقەد ئەوەی بەهۆی دژیەکەیی تەواو بوو لە نێوان جیهانی شێواو و شپرزەیی دەرەکی و جیهانی تایبەتی ناوخۆیی، سەددەرسەد ئەو شێوازە لە ئەڵقەی (بینوا)نەبوو، لەوکاتەیدا تاکەکەسانی ئەو ئەڵقەیە لەگەڵ ئەوانیدیکە بەسەر نەچوونی پیاوە تایبەتەکە، شکۆدار دەکەن، لە هەمانکاتدا «ناسەرەکی» هێمن بەسەر «سەرەک»ی توند و نەخشاویش بەسەر سروشتی، بەباشتر لە قەڵەمدەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا رێگەیەکی دیکەیان کردەوە دەچێتەوە سەر هاوشێوەی ئەو رێگایە، کە نوێنەرانی رێبازی تازە لە رووسیا داوایانکرد.

دەکرێ بڵێین لێرەدا شتێ لە پێکچوون هەیە لە نێوان هەندێ لایەنی دیمەنی شارستانی رووسیایی و سەردەمی رێنسانسی ئەوروپی، هەروەکو ئەو پێکچوونەی نێوان (دانتی)و (مایکل ئەنجلو) هەبوو لە سەدەی پازدەهەمدا، کاتێک بزووتنەوەی رەمزی قوتی لەبەردەم فشاری بزووتنەوەی (بارۆک) لاواز بوو، ئەو زمانەیە بە رواڵەتی بە بریق و باق و نەخشونیگار - زەخرەفە-و کە شوخمش، ناوی دەرکردبوو، چەکی رابوون ئە ئاوابوو،



لێرەدا مافی تایبەتی کۆمەڵایەتی و گەورەیی بۆ ئەو خەڵکانە هەبوو، کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایە لەسەردەمی رابووندا دەژیێن. سامان و ئایینیان وایلێکردن ئاخافتنیان ستایش بێ بۆ ئەو ژیانەی دەیانگوزەراند، وەلێ ئەوان نەیاندەزانی لەکاتێکا سامانداریی دەوڵەمەندان و دەستڕۆیشتووان و دڵنیاییان رۆژ لە دوای رۆژ پترتر دەبوو، مایەپووچی و نابووتی هەژاران و برسیەتی و خورێنیتیان رۆژ لە دوای رۆژ ئەویش زیاد دەکات، وایان مەزەندە دەکرد ئەو کێشانە بەلای خەڵکەوە گرنگ نییە، تاکە چاککارێ خەڵکی گوێی لێدەگرت پیاوێک بوو سەر بەسیستەمێکی کۆمەڵایەتی و یەکێکی دیکەی رۆحی بوو.

رێم بدەن بۆ دواجار لە باسەکە لا بدەم و بڵێم: رەنگە یەکێ بپرسێ: چاککاری ئەدەبی لە رووسیا کێ بوو؟ مسۆگەرە (چیخۆف) نییە، وێڕای قووڵی تێڕوانینی هەر چۆنێکی کلاسیکییەتەکەی، ئینجا بۆ ئەو ئەزموونەی شارستانی دارماو تێیدا ژیاوە، یا بەلای کەمی تێڕوانینی بۆچینەکان و ئەو ژینگە رۆشنبیرییە، کە ئاڵۆزییەکانی (یا کەسێک لەو ئاڵۆزکاوییانەی، بەر لە مردنی بینی) سەبارەت بەو ئاماژە و نیشانەی دەوڵەمەندی نین، بەڵکە ئاماژەگەلن بۆ شڵەژانی و شێواوی و تەنیاش بوونە مایەی گاڵتەجاڕیەتی ئەوە رەنگە تۆڵستۆی بێ؟

تۆڵستۆی تەنیا رق و قینەبوو بۆ دەستەبژێری رۆشنبیر و هەرچی شتێکی نوێنەرایەتیان دەکرد، وەلێ ئەوە تەنیا شتێکی لاوەکی بوو لە ئاست راستییەکان و درۆ و دەلەسە مرۆییەکان، کە قوربانی پێدا یا هەوڵیدا بیکا بە قوربانی دوماهیش لە ئاست قوربانیدان بەکار و کردەوە و ژیانی[*].

ئەوەی رۆڵی چاککاری ئەدەبی لەو ماوەیەی مەبەستمانە، بینی (مەکسیم گۆرکی) بوو ئەو «باڵندە دەریاییە، بەگوڕوتینە»ی لە قووڵایی و نەرم و نیانترین شوێنی دەستەبژێری رۆشنبیر کە بە «نامەردی گەورە Greetcod» وەسپیکردن، هەڵتۆقی. (گۆرکی) چیدیکە نەیدەتوانی بڕوا بەو ئەگەرە بێنێ تەنانەت لە راکردنێکی نموونەییش لە هەڵوێستە راستەقینەکان.

وێنەی ئادەمیزادی ئاوا خوڵقاندی هەموو سیفەتەکانی ئایندەی تێدابێ، کە ئەو خودی خۆی خەونی پێوە دەدی، ئادەمیزادی راستەقینە بەلای ئەو ئەو ئادەمیزادەیە لە توانایدا هەیە ببێ بە شتێک.

ئێمە پێویستمان بە لێرامانێکی زۆر هەیە بۆ جیاکردنەوەی نێوان گیانەڵای مەرگی جیهانی کۆن و ژان و ژووری زانی جیهانی تازە، پێدەچێ (گۆرکی) تەبای (ئەلکساندەر بلۆک) کە زۆر رەخنەی لێگیرا، تا پلەیەک زۆر ئەو لێرامانەی هەبوو، کە وایلێکرد. بڕوانێتە رێباز و ئاراستەکانی نوێگەرێتی لە رووسیا، بەر لە شۆڕش و هەروەکو بڵێی لە حاڵەتی ئاوابووندایە، نەک بووژانەوە و نوێبوونەوەی، بەگشتی و بەهۆی ئەو هۆیانەی هەوڵمدا بیانخەمەڕوو، وادیارە من هەر دەبێ بگەم بەکۆتایی، سەرسوڕمانی (یوری ژیفاکۆ) بەو دیمەنە شاکار ئامێزەی (لە بەرایی لێکۆڵینەوەکە باسکراوە) هەر دەبێ بەلای ئێمەوە بەکۆتا بێت گەرچی بەلای (ژیفاکۆ) بەکۆتا نەهاتووە، مادامەکی ئەو بینایانەی دەوراندەوری و پاڵپشتیکاریی هەر لە بناخەیەوە گەندەڵ بوون یارو خەریکی گڕگرتن بوو.

## ه- شیکاگۆ و نیۆیۆرک: دوو ڕووی نوێگەرێتی لە ئەمریکا

**ئیریک همبرجر:**

-١-

لە ساڵی ١٨٨٨دا رۆمانووس (ولیەم دین هاوێلز William Dean Howelis) لە بۆسنەوە بەرەو نیۆیۆرک چوو، ئەوکات لە تەمەنی پەنجاو یەک ساڵیدابوو و گوڕوتینی داهێنەرانیشی لە لوتکەدابوو، (هاوێلز) نامەیەکی بۆ (هینری جیمس Henry Games) نارد و تیایا دەڵێ «ئێمە هەموومان نیۆریۆکمان خۆشدەوێت، هیوایشم وایە لە رۆمانەکانم شتێک لە ژیانە بەر بەرینە شاد و شێواوەکەی، وێنا بکەم » چوونی (هاوێلز) بۆ نیۆیۆرک ئاماژەیەک بۆ ئەو وەرچەرخانە گرنگەی لەژیانی رۆشنبیری ئەمریکی روویدا، ئاوابوونی بۆستن و بەدیارکەوتنی نیۆیۆرک و شیکاگۆ و ئەو دوو مەڵبەندی بازرگانی گەورە نیشانەی سەرەتای رۆشنبیریی ئەمریکی «نوێ»یە، گەنجەکانی هارفرد زێدە هەستیار بن وەکو (دالاس ستیفنس Wallacestevenns) نیۆیۆرکیان بینی «تەلیسماوی، بەڵام ناهەقیقی بەشێوەیەکی تۆقێنەر» ئەو توێژەی لاوان لە یەککاتدا و لەسەر ئاستێکی فراوان ئەو دیمەنەی ئاژاوە و چالاکی، خۆشویست و رقی لێهەڵگرت، لەمانگی حوزەیرانی ساڵی



١٩١٩ (هارت گرین Hart Grane)ی شاعیر بۆ پەیامنێرێک ئاوا دوا «نیۆیۆرک زنجیرەیەکە لەو دیمەنە چڕو کێوییانەی بەجۆرێک، کە لە کلیفلند... تد.. بەرچاو ناکەون، نیۆیۆرک دڵڕەقانە ئادەمیزاد دەئامڵێنێ، وەلێ پاشگەز دەبێتەوە تاکە چارەیەک لە کەیفسازیی زیاتر لەهەر شوێنێکی دیکە کە پێی دەزانم، پێشکەش دەکات»، هەردوو شاری نیۆیۆرک و شیکاگۆ هەرچی نوێیە لە کۆمەڵگەی ئەمریکی، ئەوە دەنوێنن، هەر لەسەر لەهەورگریی گەردن کەشەوە (دەستەواژەی «سەر لە هەورگر» تازەیە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو) تاکو قەوارەی جۆراوجۆری دانیشتوان تاکو کلۆڵیی هەژارەکان، تاکو توندوتیژی شەڕی نێوان کرێکارەکان و سەرمایەداران، تا لافوگەزافی مێزیی دەوڵەمەندان ئینجا تا گەندەڵیی رۆژنامەوانی و چاو نوقاوییەکەی، تاکو ستەمی پاوانکاران مۆنۆپۆل (کارتل و تروست) تاوەکو فەرامۆشی تێکشکێنەر، کە کۆمەڵگەی شارستانی لە بەرامبەر تاکەکەس پیادەی دەکرد (درایزەر Dreiser) گوزارشتی لەو بارودۆخە کردووە لە رۆمانەکەی «خوشکەکاری» لە ساڵی ١٩٠٠ دەڵێ: «لەراستیدا ئێمە پێویستمان بەهیچ شتێک نییە» بەردەوام دەبێ (قسە دەکات) بەناروونی و سەیری دەکات «دەڵێی سندوقە».

نیۆیۆرک وەک موگناتیس جووتیارانی لە سقلیە و ئۆکرانیا، پەلکێشدەکرد، هەروەها دەرچووانی رۆشنبیری هەردوو زانکۆی بیل و هارفرد، ئەوانەی رۆشنبیرییەکی باڵای زانستیان هەبوو و چەندین کوڕە لاوی ئیواو گوندەکانی ئەندیانا و ئوهایو، ئەو شوێنانەی جۆرێکی تازەی نووسین تیا فراژی بوو، رووەو شیکاگۆ ملیان نا، ئەو جیاوازییە جوگرافی و مێژووییە کتوپڕانەی نێوان نیۆیۆرک و شیکاگۆ نیشانە و ئاماژەدەری جیاوازییەکی گرنگە لە نێوان شارستانێتی هەردوو شار، لەو کاتەی هەردوو شاری نیۆیۆرک وشیکاگۆ ئاکارو ئادابی (چەرخی زێڕین)ی هەڵنراو لەسەر (لێگەڕێ کارگەل بەخۆوە ورێیکەن Lais- faire sez)ی بەرجەستە دەکرد، لەوکاتەی بیرۆکەی «رۆشنبیریی» یان بەهەند نەدەگرت، کە بەشێوەیەکی کارەساتانەی سووک و ریسواو زەلیل دەکرێ (بەم بۆنەیە دروشمی پیشانگایەکی ئەمریکی لە شیکاگۆ لە ساڵی ١٨٩٣ بریتی بوو لە «رۆشنبیری چالاکە»[1].

لە هەمانکاتدا هەردوو شار چەند جۆری جیاوازی «نوێبوونەوە»یان دەنواند، و دەکرێ ئەو جیاوازییە لە نێوەندی هەر شارێکی ئەدەبی هەر (ئەدەبێکی سەرەکی گرێدراو و توندوتۆڵ بەو نێوەندە بەرچاو بکەوێ.

تاکە خەمی شیکاگۆ ئەو «چەندایەتییە»بوو، کە دەکرێ بپێورێ یا هەژمار بکرێ، یا بکێشرێ، ئەمەشە لەو هەزاران بارەی دانەوێڵە دەبینرێ، کە بەسەر پشتی کەشتییەکان بەرەو خۆرهەڵات، هەڵگیران، یا لە میلۆنەها سەرە مەڕومالآت، کە دەهێنران و لە (یونیان ستوکیاردز) سەر دەبڕان و لە قووتوو دەنران یا لەو تەنگەلی پۆڵا، کە بەهۆی هارەک لە (کاری) دەردەهێنران، (کارل ساندبرگ) لە ساڵی ١٩١٩ نووسیویەتی: هەر لە یەکەم چرکەدا رەنگە بڵێی ئەو جێگەیە چەشنی دۆزەخ وایە بەلای شاعیرەوە، بەڵام هەقیقەت ئەوەیە بەلای ئەو (جێگە)یەکی باشە، چونکە ئەوەی بەئاگای دێنێ تێیدا دەبینێتەوە کاتێک پێویستی ئەو ئاگاییەیە، لەراستیدا ئەو جێگەیە بۆ ئادەمیزادی ساغ گونجاوە، ئەوەی دەیەوێ چاودێری ئاڵۆزترین و دڕەندەترین و گەورەترین گەمە بکات لە جیهاندا، گەمەی ئابووری و دەستبلاوی. گەر لەو گۆشەیەوە لێمان ڕوانی ئەوە باشە، منیش مەزەندە دەکەم تۆ خۆشت دەوێ.

ئابووری شار لە ژێر کۆنترۆڵی چەند کۆمپانییەکی زەبەلاحی پیشەسازی دیاریکراودا بوو، کە هەرە دیارترین هاووڵاتیانی شیکاگۆ خاوەنی بوون، ئەوانەی هێشتاش ناوەکانیان مانای زۆر لە ئەمریکا دەگەیەنن، ناوی وەکو (ماکورمک)و (ئەرمر)و (مارشاڵ فیلد) و (سیرزروبک)و (مۆنتگمەری ورد).

شیکاگۆ شانازی بەدەستکەوتە زەبەلاحەکانی دەکرد: چەکی بە بڕە پارەی (٢,٦٠٠,٠٠٠) کە (جۆن د. روکفلر) داینا بۆ دامەزراندنی زانکۆی شیکاگۆ لە ساڵی ١٨٩٣ مانگرتنەکانی (های مارکت سکویر) لە ساڵی ١٨٨٨و، مانگرتنە توندەکەی (بلمان) لە ساڵی ١٨٩٤ .

رەنگە ئەو گەشتیارانەی لە ئەوروپاوە سەردانی شیکاگۆیان دەکرد بەدڵیان نەبووبێ ئەمەش بەهۆی ئەو دڕی و راز و نیازە بۆگەنە مایەکیەکەی، کە تێر ناکرێ (کبلنک لە بارەی شیکاگۆ نووسیویەتی دەڵێ: «دوای ئەوەی بینیم زۆر حەز دەکەم جارێکی دیکە نەیبینمەوە، شارێکە دڕندەی تیادا نیشتەجێن) بەڵام سەبارەت بە دەیان هەزار لەو لاوانەی دڵیان بەکەسایەتی کاری میبەر (پاڵەوانی رۆمانی «خوشکەکاری» داریزر) چووبوو، بەخواست و ئاواتی و ئەو سەرکەوتنەی بەدیهێنا، شیکاگۆ بڵندگۆیەک بوو بۆ رۆشنبیریی گەشەکردوو و خۆشگوزەرانی و (والاس ستیفنز) لە یادداشتنامە رۆژانەیەکەیدا لە (یەکی ئابی ١٨١٩) نووسیویەتی: «نوێگەرێتی بزووتنەوەیەکی پەتی



شیکاگۆییە، بێنرخە و هەرگیز مایەی رامان نییە»، فراوانبوونی نێوەندی ئەدەبی نیمچە بۆهیمی، کە بۆ (لای خواروو) گوێزرایەوە بەهۆی دەستەبەربوونی خانوبەرەی هەرزان، کە بەخێرایی چێکرا لە پێناو (پیشانگەی ئەمریکی) ئەوەبووە هۆی بەرچاوگرتن لە نێوەندەی ئەدەبی بچووک لە نەوەدەکان، کە بەیانەکانی و رەفتاری بەرز و ئیشقی بۆ بزووتنەوەی ئیستاتیکی ئینگلیزی، ناسرابوو (بڵاوکردنەوەی کتێبی «چیرۆکە میللییەکان Chap Book» لە شیکاگۆ لە ساڵی ١٨٩٤و هەروەها کتێبی «توحفەیەکی بچووکی لێوانلێوی هونەری» تۆماس موشر وایان لە پسپۆرانی هونەر و بنەوانەکانی کرد، کە ژمارەیان دیاریکراو بوو لە ئەمریکا ئەوەی خامەی نووسەرانی سیاسی پێیانی باش و پەسەندە، ئەوە دەخوێننەوە، بەڵام لە (کۆنەشار)و (لای خواروو)ی نزیک لە زانکۆ، رۆماننووسە لاوەکانی ئەوانەی دەستبەجێ لە گوندەکان هەڵاتن، هەروەها شاعیرە میللی و رۆشنبیرە بەهەستیارییە بەرزەکان، کە ژینگەکەیان دژایەتیان دەکردن، لەو ژینگەیە هەرچی دڵیان دەیویست و هزرو هۆشیانی ئاسوودە دەکرد، دۆزیانەوە.

(ئەو ژینگەیە) هەروەکو جیهانێکی بچووک سازاو لەڕووی کۆمەڵایەتی بوو، هەندێ بەڵاڤۆکی ناو بەناوی کەمیشی لێدەردەچوو، کە هاندەری هەوڵ و کۆششیان بوو (سەردەمی رێنیسانس)، کە نزیکەی لە ساڵی ١٩١٢ روویدا، راستییەکی نەگۆڕ نەبوو، بەڵکە دەستپێشخەرییەکی ناتەواوبوو، نووسەران بابەتی نووسینیان بەراستی لە بەرچاو نەگرتبوو زۆر لەوان پیشەی دیکەیان هەبوو بەرلەوەی دەست بەکاری ئەدەبی بکات. (درایزر)و (ساندبرگ) لە بنەڕەتەوە رۆژنامەنووس بوون (شیرۆود) بێزنسمان بوو (ئەدکارلی ماسترز) پارێزەر بوو، تاکە هەڵاویردن لەو دەستەیە (ئدون ئرلنکتن رۆبنسون)بوو، کە بەچاودێری هەندێ هاوەڵانی لە نیویۆرک خووی بەئەدەبەوە گرتبوو و (رۆبنسۆن) لە پیشەیەکی دی پازی نەدایە شیعر، چونکە لە بنەڕەتەوە شاعیربوو و چ نیاز و خواستێکیشی نەبوو لەوە زیاتر بێ، بزووتنەوەی نوێ لە شیکاگۆ ئاراستەیەکی تازەی لە ئازادی و رەفتار و ئاکار و بیر، دەنواند، ئەمەش (شیر مۆد ئەندرسۆن) لە بیرەوەرییەکانی روونیکردۆتەوە:

ئینجا هەفتەکە بەکۆتا دێت و ئێمەش لە شارێکی بچووکی سەر لێواری دەریاچەکەین، رەنگە شەش یا هەشتمان خەوتبن یا هەوڵی خەوتنماندا ژن و پیاو، لە ژێر یەک پێخەفداو ئێمەش نزیکین لەو ئاگرەی هەر لەو گۆڕاییە لەسەر لێواری دەریاچەکە کردمانەوە، تەنانەت

ئێمە لە تاریکاییا دزەمان دەکرد بۆ جێگەیەکی دوورە دەست تاکو هەر هەموومان بەرووت و قووتی خۆمان بشۆین، هەموو کار و کردەوەکانمان پاک و بێ خەتابوون. هەستمان بەشادمانی دەکرد، چونکە ئێمە ژیانێکی تازە و ئازاد و بوێرمان بەسەر دەبرد، یەکگرتوو، یەکدیگیر بەوەی ئەو ژیانەی مەزەندەمان دەکرد هەراسان و ترسناک -ەو هەمویشمان لێی هەڵاتین. بەڵام شۆڕش بەسەر وریایی، ژیربی گۆڤارە وەرزییەکان (Quarterlies) و ئەو گۆڤارە رەسەنانەی رەخنە (Reviews) گربوون، هەر زوو خامۆش بوو تاکو رێگا بۆ سەرهەڵدانی جۆری تازە لەو وریایی – ژیری نوێکار، خۆشبکات و چاکترین گۆڤارە بچووکەکان (وەکو گۆڤاری «دایل» و «گۆڤای «لتل ریفیدو» کە (مارگریت ئەندرسۆن) بەڕێوەی دەبرد، لەگەڵ هەندێ نووسەر گواستیانەوە بۆ نیویۆرک لە شیکاگۆ تەنیا هەرە ناودارترین گۆڤار «بویتری» کە (هاریێت مۆنرۆ) دەریدەکرد، مایەوە، کۆمەکی دارایی گرووپێکی بچووک، بەڵام کاریگەر، لە بۆرجوازییە رۆشنبیرەکان – لە شیکاگۆ، پێیدەدا، ئەو گۆڤارەش ماوەیەکی کەم پێشەنگی بزووتنەوەی نوێگەرێتی بوو لە ئەمریکا، ئەمەش بۆ کۆششی خاتوو مۆنرۆ نەدەگەڕایەوە بەقەد ئەوەی بۆ چالاکی جیا و چەشەی دروستی سەرنووسەری نیشتەجێی دەرەوە دەگەڕێتەوە مەبەستیشمان (ئەزرا پاوەند)ە. (پاوەند) لە لەندەن لە ساڵی ١٩٠٨ جێگیربوو دوای ئەوەی ئەدەب و زمانە رۆمانسییەکانی لە کۆلیجی هاملتۆن خوێند، ئینجا لە زانکۆی بنسلفانیا، لە ساڵی ١٩١٢ بە بڕشترین و گرنگترین شاعیری لاو دانرا، شیکاگۆ تەنیا لە رێگای ئەو، کارەکانی (ییتس) و (تاگور) و (فۆرد مادوکس فۆرد)ی ناسیوە، کەسیش نەبوو جگە لەو خاتوو مۆنرۆ ناچار بکات هەڵبەستی «بروفروک»ی (ت. س. ئلیۆت) لە ساڵی ١٩١٥ چاپبکات، پەیوەندی (پاوەند) بەگۆڤاری «بویتری» لەراستیدا چیرۆکی ململانێتی لەگەڵ کەلتووری ئۆرستوکراتی، هەر نیشانەیەک لە نیشانەکانی رارایی و نیگەرانی و سەرلێشێواوی لەلای (هاریێت مۆنرۆ) واتە زێدە تەکاندنی (پاوەند) رووەو هونەر و ئەدەبی توندڕۆ و پەیوەندییە گرژەکەیشی بە (هاریێت مۆنرۆ) لە ساڵی ١٩١٦ دوایی هات، گۆڤاری «بویتری» باشترین کارەکانی بڵاوکردۆتەوە، «وەلا بۆ سیکستس بروپیرتیس» شێواو و ناتەواوبوو، بۆیە دووبارە لە گۆڤارێکی دیکە بڵاوی کردەوە. گۆڤاری «بویتری» چەند ساڵێک بەردەوام لەبەرچاوان بوو، بەراگرتنی ناو و ناتۆرەی خۆی کاری دیاری شاعیران بڵاو دەکاتەوە، گۆڤاری «بویتری» گەواهیدەری نەرێنی و ئەرێنی (سلبیات و



ئیجابیات)ی. «سەردەمی رێنیسانس»ە لە شیکاگۆدا، خەمی رۆماننوس و شاعیرانی شیکاگۆ لە بنەماوە لەسەر ناوەڕۆک نەک شێواز، هەڵنرابوو، رۆمانەکانی (شیرۆود ئەندرسۆن)و (سنکلیر لویس) ئاسۆی تازە و گرنگ لە ئەزموونەکان لە بواری رۆشنبیری ئەدەبی پێشکەش دەکات، هەروەها ئەمە ئەو رۆمانانەش دەگرێتەوە، کە لەو ماوەیە لە شیکاگۆ نووسران وەکو رۆمانی «چاڵ» (١٩٠٣)ی فرانک نۆریس و رۆمانی «دارستان» (١٩٠٦)ی ئەپتن سنکلیر، بەڵام ئەو رۆمانانە تخوبی رێساکانی مەزەبی ریالیستیان نەترازاندووە و لە خولگەی روونی خۆماڵێتی دەخولێنەوە، لەبەرئەوە ناتوانین بەکارگەلە جیاوازە نوێکارەکان وەسپیبکەین، هەرچۆنێک بێت (ئەندرسۆن) کارەکانی (کیرترود ستاین) و (فرۆید)ی خوێندووەتەوە و هەرسی کردوون، وەلێ کارەکانی بەگشتی هەر بەخاکی و بێلاف مانەوە، بێلاف بە مانا نەرێیەکەی ئەو سیفەتە، بەڵام دروشمی (ساندنبرگ) و (ماستەر) (لنزی) بریتییە لە گاڵتە پێکردنێکی ساویلکانە بە «کەلتوور»، دەیانویست ئەدەبەکەیان کراوە بێت بەسەر ئازادی و ئەزموونە تازەکان، لەبەرئەوە گشت شێوازە رەسەنە باوەکانی بەرێوەبردنی ئەزموونەکان و رامانیان لێی، خستە ژێر پێ و کارەکانیشیان پابەندی هەستی پێشینەی مێژوویی بوون. کەسێک ناتوانێ لە ژینگەی شیکاگۆ شتگەل ببینێتەوە وەکو پرۆگرام و بەیاننامە و زێدە بایەخدان بەو تەکنیکەی لە نیویۆرک و شارەکانی دیکەی ئەوروپی هەبوو. لێرەدا گەلەک سەرەڕۆیی و دەمارگرتن هەیە لە قەسیدەکانی دیوانی (لنزی) بەناوی (ئەو قەسیدانەی دەکرێ سەوداکاریان بەنان پێبکرێ)(١٩١٢) هەروەها لە قەسیدە درەنگ وەختەکانی، کە پێکهاتەیەک لە هەمەرەنگ (vaudeville) پێشکەشدەکات. سەبارەت بەپێوەرەکانی (مالاس ستیفینز) و (ولیەم کارلۆس ولیامز) هەروەها (پاوەند) و (ئلیۆت) لەلەندەن، (لنزی)هونەرمەندێکی (رژد – جاد –) نەبوو، چونکە روونیکردەوە ئەو شیعری نووسیوە «نەک لەرێی گوێگرتن لە دەنگی ناوەوە – ناخ – و بەدواداچوونی درەوشانەوە، بەڵکە لەرێی لێدانی مێز بەراستە و رامانی پزیسکی پەرشوبڵاوی کارەبایی».

-٢-

نرخی زەوی لە شیکاگۆ تارادەیەک هەرزان بوو بەهۆی بەرفراوانی پانتایی شارەکە، لەوکاتەی شیکاگۆ ئەو پرۆژە فراوانە پیشەسازییانەی هاندەدا، کە – رە سامیل – جۆرێ

لەباج -ی گەورە کۆمەکی دارایی دەکردن پیشەسازی لە نیویۆرک، بەتایبەتیش لە مانهاتن، زۆر سنووردار بوو، ژمارەی دانیشتوان بەدوایی یەکدا لە زیادبووندابوون، کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی پتری نرخی زەوی و لە سۆنگەی ئەو پیشەسازییانەیش نیویۆرک بەدیارکەوت (پیشەسازی کوتاڵ و چاپگەر) لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا هەنگاویان دەنا، خێزانەکان زۆربەی خانە بازرگانییەکان و کارخانە - مانیفاکتۆرە - پیشەسازییەکانیان بەرێوە دەبرد و زۆربەشیان ئەرکێکی، کۆششێکی کارامە و کەمتەرخەمیان، دەویست، سروشتی ئەو ئابوورییە جۆرێکی تایبەتن لە هەستکرن بەتاکیەتی بەرهەمهێنان، کە شەپۆڵەکانی کۆچبەران بۆی لە رێگای (کاسل کاردن) قایم و پتەوی کرد. لە ماوەی نێوان ١٨٩٠-١٩١٩ نزیکەی سێزدە ملیۆن کۆچبەر گەیشتنە ئەوێ، کە زۆربەیان لە ئەوروپای خۆرهەلات و خواروی ئیتالیا بوون، کۆچبەرکان هەندێ شتیان لەگەڵ خۆیان لە ئەڵمانیاوە بۆ شانۆی - ئەلیدش - هێنا کە بەقوولی پێکهاتەی شارستانێتی نیویۆرکی گۆڕی، کۆچبەرانیش هەستیان بەوە کرد لەناخەوە پێویستیان بەراهاتن هەیە، بەخێراییش ببن بە ئەمریکایی «راستەقینە»، وەلێ ژمارەیەکی دیاریکراویان نەبێ، سەر بە نەوەی یەکەم و دووەمی کۆچبەران، توانیان رۆڵی پێناو لە نێوان ئەوروپا و ئەمریکا ببینن و بنکەیەکی جیهانی دابمەزرێنن بۆ ئەو گەشەکردنە تازانەی، کە رۆحێکی خۆماڵی و جیهانی لە یەککاتدا بەخولیای ئەزموونیی ئەمریکی بەخشی.

ئەو گیانی ئەزموونە روون و بەرچاوبوو بەتایبەتی لە «گوندی کرینج» ئەو کۆمەڵە شەقامە نارێکوپێکانەی کەوتبوونە خواروی «شەقامی چواردەهەمی خۆرئاوا» کە خاوەنەکەی دادوەرێکی بەریتانی بوو لەسەدەی هەژدەهەم و کاتەکانی پشوودانی لێ بەسەر دەبرد، لە چلەکانی سەدەی رابردوو، دەوڵەمەندەکان بەجێیان هێشت، وەسپی ئەو کۆچکردنەش لە رۆمانی «گۆرەپانی واشنتۆن»(١٨٨١)ی (هینری جێمس) باسکراوە، ئینجا لە دواییدا کۆچبەران روویان تێکردووە و لێی نیشتەجێ بووینە و مۆرکێکی ئەوروپییان پێ بەخشیوە، مێژوونووسی بزووتنەوەی بۆ هیمی ئەمریکی (ئەلبەرت پاری Albart parry) باسیدەکات و دەڵێ: (لە سەرەتای سەدەی بیستەم، کەشەکە لەباربوو بۆ ئەمریکا تاکو «مۆنمارت»(*)ێکی تایبەت بەخۆی هەبێ)[٢]. ئینجا دەڵێ: لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩١٠-١٩١٧ واتە دوای بەدیارکەوتنی گۆڤاری «ذی ماسیس»



کارەکان مۆرکێکی تازەی سیاسی رادیکالیان بەخۆوە گرت، ئەو ژینگە کراوە و هەمەجۆرە حەز و نیازی زۆرانی راکێشکرد لەوانەی تەرخانکراو بوون بۆ ئەزموونگەرێتی لە سیاسەت و ئاکار و هونەرەکان.

گەلەری ئەدەبی «مابل دۆج» تاکو کەمێ بەر لە ساڵی ١٩١٤، جێگەیەک بوو بیروباوەڕە سیاسییە رادیکالییەکانی تێدا ئاوێتە بوون لە رێگای (جۆن رید)و (بک بل هیوود) کرێکارە پیشەسازکارە جیهانییەکانیش یەکیان گرت هەڵوێستە پێشکەوتنخوازە رۆشنبیرییەکان و کەسایەتییە دیارەکان وەکو (ماکس ئیستمان) نیویۆرک بەتایبەتی «گوندەکە» جێگەیەکی بێوێنەبوو بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن بەلای نووسەرە لاوەکان هەروەک (هارت کرین) دەڵێ، (هارت) خودی خۆی چووە نیویۆرک و لەو ژمارە زۆرانەی گۆڤارە بچووکەکان خودان خولیای دیاریکراو، دەینووسی یا دەربدەکرد، کە لە «گوندەکە» وەکو «لبریتر» و «سمارت سیت» و «ئەثرز»و «کلیب» و سڤن ئەرتس» و «نیشن»و «ماسز» دەردەچوون، ئەو گۆڤارانە سەرەڕای هەردوو گۆڤاری «لتل رفیو» و «دایل» کە لە بنەماوە لە شیکاگۆ دەستیانپێکرد، دوای ئەوەش گواستیانەوە نیویۆرک، بنکە رابوونی ئەدەبییان پێکدێنا لە ساڵەکانی هەوەڵینی سەدەی بیست و ماوەی بیستەکانی هەمان سەدە[٣] هەروەها تیپە شانۆییەکان هەبوون وەکو «برنستون بلیرز» کە دواتر ناوی گۆڕا بۆ «نوێنەرانی گوندی کرینج» ئەو تیپە چەندین کاری نمایشی کردووە لەوانە (ئونیل)و (فلویددل)و (درایزر)و (ئەدناملی) لە ساڵی ١٩١٦ وەرزێکی شانۆکاریی زستانەی سازداوە، هەروەها تیپێکی دیکەی شانۆیی هەبوو بەناوی «واشتنۆن سکویر بلیرز» لەو کۆمەڵە ئەندامانەی (رۆبەرت ئەدمۆند جۆنز)و (فیلیپ مۆیەر) و هیدیکە بوون، ئەو تیپەش کاریگەرێتی زۆری شانۆیی ئەڵمانی لەسەر بوو، سیستەمی ئابووری باو لە «گوندەکە» کە لەسەر زێدە قازانج هەڵنراوە، جۆرێک لە تاکیەتی توندی دەرداوە لە نێوان دانیشتوانی گوندەکە لە بواری فەلسەفی و شێوازی ژیان، کاتێک جەنگاوەرە دێرینەکان لە ساڵی ١٩١٩ گەڕانەوە، ژیانی بەختەوەری کۆن، بەجلوبەرگ و گەلەریی و پەیوەندییە بۆهیمییە پتەوەکانی نێوان تاکەکەسەکانی، پرپووچ و عەبەسی بوو، لە ئاکامی ئەو شالاوانەی (بالمەر) ئەنجامیدا چەپڕەوەکانی پلیشاندەوە و بووە هۆی راگواستنی زۆریان، بەڵام ئەدیبە پێشەنگاکان لە ئەمریکا نائومێد بوون، ئینجا ناچارکران لە تالاوگە نیشتەجێ بن.

بەر لەوە توێژێک هەبوون لەو کۆچبەرانەی روویان لە ئەمریکا کرد یا لەو دەربەدەر کراوانەی ئەوێ، دەرکیان بە پێداویستی ئەمریکا کرد بۆ ئەوەی رۆڵێکی جیهانی لە هونەردا بگێڕێ، ئەو توێژەش بەشداربوونی خۆی هەبوو لە گەشەپێدانی - کەلتوور - ی نوێکراوی ئەمریکی، لەو کۆمەڵەیەش (ئەزرا پاوەند) لە لەندەن و (ستاین) لە پاریس و (ئەلفرد شتایکلز) لە نیویۆرک تێدابوو، ئەو پیشانگەیەی وێنەی فۆتۆگرافی، کە (شتایکلز) لە ساڵی ١٩٠٥ سازیدا، پەیوەندییەکانی نێوان هونەرمەندانی جوداخوازی نەمساوی و ئەڵمانی پتەوترکرد، یەکەمینیان بوو لە نمایشی کارەکانی (ماتیس) و (لوتری) و (رۆسۆ)(*) و (بیکاسۆ) (بیکابیا) و (برانکوسی) و (سیفرینی)، ئەو پیشانگەیە یەکێ بوو لەو نیشاندەرانەی، کە نوێگەرێتی ئەمریکی جێپێیەکانی بەر لە ماوەی ناسراو بە ماوەی (پێگەیشتن Coming - of- age) بەماوەیەکی زۆری نێوان هەردوو ساڵی ١٩١٢-١٩١٣ داکوتاوە.

سەرنجەدرێ پیشانگەی (ئەرمری) ساڵی ١٩١٣ قۆناغێکی گەورەی گوێزەرەوەی چێکرد، لە برەودان بەهونەری نوێی نیگارکێشان و سەنگتراشی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، وەلێ بێبەش بوو لەو چێژەی پیشانگەی (شتایکلزی) پێ جیادەکرایەوە. لەو پیشانگەیە سێ کاری (پارک)و هەشتی (بیکاسۆ) و چل کاری (دیون) نمایشکران، بەرلەو مێژووەش (مارسدن هارتلی) یەکێ لە برادەرانی (شتایکلز) پەیوەندی (کاندنسکی) و گرووپی (بلا رایتەر) لە ساڵی ١٩١٢ بەست گەلەریی (شتایکلز) هەرە دیارترین رەخنەگرانی لاوی لە نیویۆرک بۆ خۆی راکێشا بۆ نموونە (فان وک برۆکس) و (فالدو فرانک) و (راندولف بۆرن) و (لویس ممفرد)[٤] ئەو هەوڵانەی (شتایکلز)یان لەبەرجەستەکردنی ژیانی هونەری لە ئەمریکا بەدڵ بوو (شتایکلز کۆششە هونەرییەکەی ئاوا شرۆڤەکرد «هەوڵمدەدا ئەمریکایەک بۆ خۆم بینا بکەم بتوانم تیایا بەئازادی هەناسە بدەم) هەروەها مافدانەوە بەهونەرمەندی ئەمریکی، ئەو وێنانەی (شتایکلز) لەسەر ژیان لە نیویۆرک گرتوونی، کە بەوێنە هەرە زێدە قایلکەرەکان، دادەنرێن. سروشبەخشی هەستکردنێکی مەزن و پەیوەندییەکی بەبەری باشن لە نێوان چینی پێشەنگی رۆشنبیریی و شوێن، مێژووی نوێگەرێتی ئەمریکی هاتووە مێژووی ئەو هەڵوەشانەوەیە کە لە نێوان هونەرمەند و شوێن هاتەکایەوە. ئەو هەڵوەشانەوەیەی هەرگیز لە کارەکانی (شتایکلز) روویننەداوە، چون هونەرمەند و شوێن بەهاوبەندییەکی پتەوی جەدەلی لێکگرێدراوەن.



## -٣-

کارە پێشوەختەکانی (وک برۆکس، ١٨٨٦-١٩٦٣) پێکهێنەری خاڵی تازەی وەرچەرخان بوو لە ئەدەبی ئەمریکیدا، لە (ه. ل. هنکن) زیاتر کارامە بوو چون ئەوەی دوایی خۆی کرد بە قەشمەرجاڕ کاتێ پەلاماری ئایینزا پیرۆز و دینییەکانیدا.

هەردوو کتێبی بەناوی (مەی پاکژ کاران) (١٩٠٩) و (هاتنی سەردەمێ لە ئەمریکا)(١٩١٥) دوو شتی زێدە گرنگی دیکە بوون بۆ سەر شیکردنەوەی نوێی رۆشنبیریی لە ئەمریکا، وای دەبینی ماتریالیستی کۆمەڵگە و فەلسەفە و ئایدیالیستە پەنهانەکەی لە ئاکامی ئاوابوونی مەزەبی - بیوریتانیزم - پاکژگەرایی (Puritanism) هاتووە و ئەو خولیا مایەکییەش بووە هۆی دابەشکاریی بووە، هۆی گەیشتن بەرێگای داخراو، بە بەرهەمهێنانی جۆرێک لە کلتووری (ئۆرستۆکراتی)، کە کاریکردە سەر ئەقڵیەتی ئەمریکی. هەمان بیرۆکە لەو موحازەرە ناودارەی (جۆرج سانتایان) لە زانکۆی بارکلی لە ساڵی ١٩١١ گوتیەوە: ناونیشانی «کلتوری ئۆرستۆکراتی لە فەلسەفەی ئەمریکی» بەدی دەکەین (برۆکس) کۆڵەگەکانی بناخە رەسەنەکەی داڕشت، کە بەهۆیەوە دەکرێ لە رێگای (سلبیات)ی نووسەرانی ئەمریکی دەستنیشان بکرێ، ئەوانەی بەو قڵیشانە رۆشنبیرییە زیانبەخش بوون. بەتایبەتی لە کێتبەکەی بەناوی (مەینەتی مارک توین) (١٩٢٠) گرنگی ئەو کتێبە لەوەدایە (برۆکس) بیروباوەڕی بەهۆیەوە روونکردۆتەوە، کە زۆر سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا لە پیادەکردنی بەسەر (مارک توین).

(برۆکس) وای دەبینی نووسەرە ئەمریکییەکان پێویستیان بەهەستێکی رەخنەگرانەی کلتوورەکەیان هەیە، بەدەستەواژەیەکی تر «رابردوویەک دەشێ بەکاربهێنرێت Usuble past» ئەدیب و رۆشنبیران سەر بەرێبازە نیشتمانییەکان رەتکەرەوانی کلتوری ئەورووپی بوون. راڤەکردنەکانیان بەوەی لە ئەمریکا هەبوو، گەشبینانەبوو، گرنگیان نەدەدا بەئەدەبی تێکدەرانە بەم پێیەش کۆنەپارێزبوون بەڕای نەوەی لاوان لە نووسەرانی نێوەڕاستی بیستەکان.

لە ساڵە زووەکان شتێک لە دژایەتیکردنی رانەگەیەنراو لە نێوان ئەو ئەدیبانەی خولیاگەری نیشتمانی و ئەدیبە نوێخوازە پێشەنگەکان، هاتەکایەوە، کە بووە هۆی یەکدیگیریی هەر بەرەیەک لەلای خۆیەوە، وەلێ ئەو یەکدیگیرییە یا پێکەوە لکانە لەسەر

زەوینەیەکی قایم و پتەو هەڵنەنرابوو، کاتێک (پاوەند) لە پێشەکی ئەو کتێبەی بەناوی «رۆحی رۆمانسی» (١٩١٠) ئاخاوت، وتی «کلتوور» هیچ مانایەکی نەدەدا لە ئاست تێکڕای ئەدەبی ئەورووپی کاتێکیش (ئلیۆت) کە دوای ساڵی ١٩١٤ لەلەندەن نیشتەجێ بوو شتێکی هاوشێوەی گوت لە «کلتوور و بەهرەی تاکیەتی» ١٩١٩ روونبوّوە ئەو کلتوورە خۆماڵییە نیشتمانییەی (برۆکس) بە «رابردوویێ دەشێ بەکاربهێنرێت» ناوزەد کرد، رەتکراوەتەوە.

کرۆکی ئەو رەخنەیەی (ئلیۆت) و (پاوەند) نووسیان و بۆ ماوەی پێش بڵاوبوونەوەی قەسیدەی «وێرانە خاک» لەباربوو، ئەوەیە کە هونەرمەندی زرنگ دەبێ بەهەمە وەکو پیاوی زانست بێ لە زانایییەکەیدا و فرە زمانێ کە دەیزانی و پیشەکەی و سەرەڕای ئەو مکومییەی، کە پێویستە بەخۆی دابڕێ لە پیشەکەیدا، شاعیرانی نوێخواز لە نیۆیۆرک، وێنەی (والس ستیفنس)و (ی.ی. کمنکس) بەزەبر و مکوڕن لە ئینتیمایان بۆ شیعر، هەرچی جموجۆڵی باوی شیعری هەبوو وەلایاننا، ئەوەی کە نەوەی کۆنی خوێنەران تێی دەگەیشتن، بۆ خوێنەرانی تازەی هاوەڵانیان لە هونەرمەندان و توێژەکانی دیکەیان دەنووسی، کە هاوسۆزبوون لەگەڵ خولیای ئەزموونگەریی لە ئەدەبدا.

وەسپی (دەبلیو، سی. ولیامز) ئەو رێگایەی (ماریان مور) زمانی بەهۆیەوە بەکاردێنێ روونیدەکاتەوە ئەوەی دەیڵێت «وشەکە، (وشە نییە بەلای خاتوو (مور) تەنیا گەر زانستیانە بەکاری هێنا، ئەو ترشی بۆ زیاد دەکات بۆ لابردنی هەرچی پێوەی لکاوە لە خلتوخۆڵ و دەیشواتەوە و وشکی دەکاتەوە، ئینجا لەسەر روویەکی خاوێن دایدەنێ)[٥] ئەوپەڕی پیاهەڵدانێ، کە دەکرێ شاعیرێکی نوێخواز پێشکەش بەشاعیرێکی دیکەی نوێخوازی بکات ئەوەیە قەسیدەی ئەویدیکە «چڵەپۆپەی لە ناروونییەکی روون» شاعیرەکان گومانیاندەکرد لەهەر قەسیدەیەکی روون و پڕاوپڕ لە هەست و نەستی لیریکی خودیەتی (دنس دون پوک ئەو جۆرە قەسیدە روونانە رەتدەکاتەوە گوایە «جیهانێکی ئاسایی» دەخەنەروو).[٦]

لێرەوە وشەگەلی دیکە چوونە نێو فەرهەنگی رەخنەگرانی نوێخواز وەکو: جیاکارێتی (lrony) ئاڵۆزکاریی (ompleity) کرژی (Tension) بنیات - ستراکتۆر (structure) لێڵایی (Ambiguity) پتەویەتی (Toughness). هەردوو قەسیدەی (پاوەند) «وەلا بۆ سیکستس بروبیرتس» (١٩١٧) و «هیوسیلون موبولی» (١٩٢٠) و



قەسیدەی «پرد» (١٩٣٠)ی (کرین)و هەردوو قەسیدەی «هونەرمەندی کۆمیدی» و «بەرەیانی رۆژی یەکشەممە» (١٩٢٣)ی (ستیفنس)، کە گۆڤاری «هارمونیام» بڵاوی کردنەوە و شاکاری ناوداری «وێرانە خاک» (١٩٢٢)ی (ئلیۆت). هەموو ئەو قەسیدانە بناخەی گەوهەری نوێگەرێتی لە ئەدەبی ئەمریکی پێکدێنن. تەنیا قەسیدەی (کرین) بابەتگەل و شوێنی ئەمریکی لەخۆ گرتووە، رۆمان رەگەزێکی ئەدەبی بوو بەتایبەت بەبارتەقای هونەری ئەمریکییە. سروشتی کۆمەڵگەی ئەمریکی، کە دەکرێ لە رۆمانی «واینسبرگ، ئوهایۆ» (١٩١٩)ی «شیرۆد ئەندرسۆن» بەدیبکەین. لە «شەقامی سەرەکی» (١٩٢٠)ی (سنکلیر لویس)و لە رۆمانی «کاتسبی گەورە» (١٩٢٥)ی (فتزجیرالد) ئاماژە دەدرێ بەوەی کە موکورییەک لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا هەیە، بایەخدان و گرنگێتیدانی (ئەندرسۆن)و (لویس)و (فتزجیرالد) تەکانیان بەکۆمەڵگەی ئەمریکی نەدا تاکو تێکڕای تەکنیکی ئەزموونگەریی بهاوردن (جۆن دوس باسوس) بەرەو کۆبیکزم «تەکعیبی» و تەعبیری لە رۆمانەکەی «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا» ملی نا، هەروەها ئەمە رۆمانی «ژورە گەورەکە» (١٩٢٢)ی (ی.ی. کهنز) دەگرێتەوە، وەلی ئەو هەرێمایەتییە توندەی لە رۆمانی «دەنگ و توڕەیی»ی (ولیەم فۆکنەر) ئەو هەرێمایەتییەمان وەبیر دەهێنێتەوە کە لە رۆمانەکانی (برۆست) و (جۆیس) و (لۆرانس) هەبوون.

لێرەدا جیاکارێتی هەن شایەنی باسن، هەرگیز، هەمەنگوای، نووسەری هەرە نزیک لەرۆحیەتی ئەورووپی، هەمان چێژی لە بەهرەکەی وەرنەدەگرت لە چاو ئەوەی نووسەرە ئەورووپییەکان لێیان وەردەگرت.

کارامەیی بێگەردی نووسەرانی نوێخوازی و سروشتی بڕواکانیان لە روانینیان بۆ هونەر رەنگی پێدەدرێتەوە بوونە هۆی دۆزینەوەی جۆرێکی تایبەت لە کلتوور (هارلد رۆزنبرگ) بە «کلتوورێک لە جۆری تازە» کە خۆی بەسەر نووسەرە ئەمریکییەکان سەپاندووە، وەسپیکردووە، وەلێ ئەو کلتووورە هەروەک ئەو کلتوورە روون نەبوو کە لە پاش (ئەرکبالد ماکلیش) جێما و مانایەکی تایبەتیشی بەدەسکەوتەکانی نوێگەرێتی بەخشی (لە ئەمریکادا)، پەیوەندی جەدەلی نێوان فشارە هەنووکەییە خۆماڵییەکان بەسەر نووسەر و پێداویستییە بەهەند وەرگیراوەکان بۆ تەکنیک، نووسەرێکی بەتوانای لە (ولیام کارلۆس ولیامز) خولقاند بۆ هەڵگرتنی ئەو کژییە خولقێنەرە، هەوڵیدا لە

کتێبەکەیدا بەناوی «بەپێی مگێزی ئەمریکی» ئەو جۆرە کلتووره بناسێنێ، ئەمەش لەڕێی لێکۆڵینەوەی رەوتاری نووسەرە ناودارەکانی ئەمریکی و شێوازەکانیان و چەندین قەسیدەی درێژیشی نووسیوە تێیدا هەردوو باکگراوەندی جوگرافی و مێژوویی تێکەڵ دەکات لە پێناوی گەیشتن بەبنکەیەکی رەسەنی هەرێمایەتی رۆشنبیری. هێزی قەسیدە درەنگوەختەکەی «بیتەر سۆن» (١٩٤٦) پشتی بەستووە بە ئاوێتەکردنی تەکنیکی نوێکراو، شیعری و خۆماڵیی، ئاژاوە باڵی بەسەر قەسیدەکەدا کێشاوە، هەندێ جاریش خوێندنەوەی گرانە، لەبەرئەوە لە دووڕیانی دژ - پێچەوانە-ی شیعری راست و بەجێ، کە قوتابیانی (ییتس) و (ستیفنز) لە ماوەی دوای شەڕ، ئەنجامیاندەدا وەستاوە.

میراتگری سەرەکی ولیامز لە جیاتی شیعری ئەمریکی (جارلس ئولسن)ە کە هەوڵیدا لەو کۆمەڵە شیعرەی «هەڵبەستە ئامۆژگارێتییەکان) جۆرەها نەریتی جیاواز بەیەکەوە جووتبکات، هاوشێوەی (ولیامز) لە مەیا، ئەو لە (ولیامز) کەمتر پابەندی کێشە ئەخلاقییەکان نییە، وەلێ ئەو پابەندێتییەی ئاماژە دەدەن بەتوندڕۆیی و ملهوڕیی و خۆ بەزلزانی، هەردوو کۆمەڵە شیعری «باترسۆن» و «هەڵبەستە ئامۆژگارێتییەکان» مانای هۆشیارییەکی بەرز بەهەستی مێژوویی دەداتە دەست، کە جەختدەکاتە سەر ئەوەی ناکرێ شارستانێتی ئێستا لە رابردوو جیابکرێتەوە، ئەو شتەی سەری لە نووسەرانی نوێکار شێواندووە ئەوەیە: چۆن دەبێ نووسەرانی نوێخواز جەختبکەنە سەر هەستی مێژوویی لە شارستانێتییەک رێزی رابردووی نەگرێ؟ ئەو نیگەرانییە ماددیەی نووسەرانی نیۆیۆرک و شیکاگۆ گوزەراندنیان و پووکانەوەی زۆر لەو بەهایانەی، کە دەبوایە لە ئینگلتەرا پارێزگاری لێبکرایە، ئەمە درکەیە بۆ لاچوونی زنجیرەیەک دووردرێژی لە (شارستانێتییەکانی رابردوو و نوێگەرێتیش دەمینێ وەکو بزووتنەوەیەکی رادیکاڵی، چونکە هاندەر و پاڵنەری دامەزراندنی جیهانێکە نزیکتر لە شاری بەخشندەیی.



## و: شۆڕش، خولیای کۆنەپارێزی و کۆنەپەرستی لە پاریس (١٩٠٥-١٩٢٥):

### ئەرک کام

-١-

لە بیست و نۆی مایسی ١٩١٣دا، (داکلیف) بالێیەکی دەرهێنا بە مۆسیقا شۆرشگێڕییەکەی ناسرا هەورە برووسکەیی بەگوێی ئەوانەی لەسەر گوێبیستی مۆسیقای باو راهاتبوون، چریکاندی، ئەو بالێیە بەناونیشانی «دەزوولەی بەهار - Rite of spring» بوو لە دانانی (ئیگۆر ستراڤنسکی) مۆسیقای ئەو بالێیە بە سیفەتی لێکدوورکەوتنەوەی ئاشکرای ئاوازەکان و ریتمی سەرەتایی سەرنجڕاکێش، ناسرابوو و هەرچی شەوی دەستپێک ئامادەبوو ئەو سیفەتانەی بەدڵ و پەسەند نەبوو. ناکۆکی و کێشە لە هۆڵەکە روویدا و بەهۆی هەراوهۆریا لەسەر دەنگی مۆسیقایەک کە ئیدی نەدەبیسترا. نوێکارییە پوختەکانی (دیبۆسی ببێ) شتێکە و ئەو کەشە سەرەتاییانەی خێڵەکی رووسیایی شتێکی دیکەیە، یەکێ لە رۆژنامەکان رۆژی دوایی دەرچوو، پرسی بووی «ئەو چرووکانە لە کوێ پەروەردەکراون»؟ بەڵام (دیاکلیف) ئەو بەرهەمەی بەخاڵی وەرچەرخان لە مێژووی مۆسیقا دانا، وێڕای ئەو هەراوهۆریای شەوی دەستپێک ئەو بالێیە وررووژاندی، وەلێ دوای چەند رۆژێکی دیاریکراو خۆی سەپاند و خەڵکیش هوتافی دەستخۆشی و ستایشی چاکەیان ئاراستەکرد، نوێگەرێتی لە پاریس شەڕێکی یەکلاکەرەوەی بەرپاکرد و تێیدا سەرکەوتوو بوو، وایلێهات کارێگەرێتیی لە دەرەوەی سنوری فەرەنساش بڵاوبۆوە.

ئەمە تەنیا هەرە دیارترین و ناودارترین ململانەکان بوون، ئەو ململانەی لە نێوان شۆڕشگێڕانی نوێخواز و دامەزراوە رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییە باوەکان لە پاریس لە سالانی هەوەڵی ئەم سەدەیە بەرپابوو لە دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیە پاریس مەڵبەندی گەلەک گەشەکردنی گرنگ بوو لە بواری نوێگەرێتی بەشێوەیەک ناوبانگێتی رەگاژۆی وەکو چاوگەی رۆشنبیری ئەوروپی و ئەو بزووتنەوە پێشوەختانە و رێبازە بۆهیمییەکانی ئەوێ، ئەوانە کارێگەرێتی گەورەیان هەبوو لە گلدانەوەی تازەکارانی وەکو (داکلیف) و (ستراڤنسکی)و هونەرمەندانی تەکعیبی و (ئەبولینیر) و (کیدرترود ستاین)، کە

گـردبوونەوەیان لەوێ پەسـەند کـرد و هۆیەکـەش هەرچییـەک بێت، ئەوەی هاوشـانی نوێگەرێتی بوو لە فرە جۆری و گرنگێتی و تەرکیز بەتایبەتی لە ماوەی نێوان ١٩٠٨و ١٩١٤، بەڕاستی سەرسوڕهێنەربوو.

بزووتنەوەی کوبیکیزم لە پاریس بەخێرایی لە ماوەی بەر لەجەنگ پێگەیی و بوو بە بزووتنەوەیەکی جیـهـانی دانپیـانراو، ئەو پێگەییینە دوای ئەوە هات (بیکاسۆ) تابلۆی «خاتوونەکانی ئاڤینون» (١٩٠٦-١٩٠٧)ی کێشا کە راشکاوانە بەربەرەکانی یاساکانی بنیاتنان و پەرسپەکتیڤ - بینین لە نیگارکێشان کرد، کە لە رابردوودا ئاشنای ببوون، هەروەها هەر لە پایتەختی فەرەنسا (ئەبولونیر) شیعری نووسی، کە تخوبی نەریتە رەمزییەکانی ترازاند. شیعرەکەی، تەبای حاڵەتی (بیکاسۆ) هەمموو یاساکانی رابردووی رەتکردەوە و بەربەرەکانی کرد (ئەبولونیر) دانی نەنا بەهێماکانی خاڵبەندی و شێوازەکانی چاپکردن و شێوە شیعرییە دانپیانراوەکان، بۆ نموونە لە هەڵبەستی «کۆت» کە لە ساڵی ١٩١٣ بڵاوی کردەوە، بابەتگەلێ دەبینین وەکو ئەو دیمەنانەی لە شار (Town-scapes) وەرگیراون و دوو فرۆکەوان و تایپێستەکانی لێدابڕین، کورتکردنەوە و هیدیکە بەکاردێنن لە ئەفراندنەکانی جیهانی نوێ، دوای چوار ساڵ لە نمایش بالێی «تاڵە دەزووی بەهار» گۆڤاری «نورسود»ی رەخنەیی دێت و ستایشی (ئەبولونیر)ی، پێشەوای بزووتنەوەی نوێگەرێتی لە شیعر دەکات. ئەوەی لە بارەی نیگارکێشان و شیعر دەوترێ لەوانەیە لە بارەی رۆمان و ئەو کێشە سیاسیانەش بوترێ، کە هەندێ رێبازی ئەوتۆی بەخۆوەگرتووە، کە بەها کۆنەکان رەتدەکەنەوە و لەو زەمانەشدا بڵاوبوون.

لە «گـومـەزەکـانی فـاتیکان» (١٩١٤)ی (ئەندرییـە جیـد) (لفکادیو) دەبینین «تاوانێکی پێ پاساو» ئەنجامدەدا، ئەو رۆمانە بووە مایەی سروشبەخشی نەوەی گەنجی دوای جەنگ، داکۆکی لە تاوانی (لفکادیو) دەکات،کە نەشیاوە بۆی، بەڵام بزووتنەوە جڤاتییە کرێکارییەکان کۆمەڵە ئاژاوەچییەکیان لەوانەی بڕوایان بەتوندوتیژی هەبوو، لێ پەیدابوون و هانی کـرێکارانیـان دەدا بۆ شـۆڕش لە رێگای مـانگرتنەکـان، لەوکـاتەی رێبـازێکی نانیشـتـمـانی لە هەمـان بزووتنەوەی سۆسیـالیـستی دوای ساڵ ١٩٠٥ بەدرکەوتن، کاتێک (هیرڤ) هەڵمەتی لە پێناو مانگرتنێکی گشتی سەربازە یەدەگەکان لەکاتی جاڕدانی شەڕ لەلایەن فەرەنساوە بەرپاکرد. ژمارەیەک لە کرێکاران بەئاشکرایی دانپیـانانیـان بە دەسەلاتی دەوڵەت و دەسـەڵاتی سـەرمـایەداریی رەتکردەوە، کە لەسـەر



ستەمی سەربازی هەڵنرابوو و خۆیان بەنامۆ لە دەوڵەت دانا بەتێکڕای گەلی فەرەنسی و رابردوویەکەی، ئەوان تەنیا سەر بەچینەکەیان بوون، بەم جۆرە شڵەژاویی زیاتر دەبوو، لە بوارە رامیارییەکان هەروەک لە بوارە رۆشنبیرییەکان، پاریس بەر لە جەنگ مەڵبەندێکی بەتەوژمی شۆڕش بوو بەسەر ئەو هەمموو بەهایانەی بۆ فەرەنسا و ئەوروپا لە پێناوی بنجدا کوتانی تێکۆشان.

ئینجا دوایی یەکەمین جەنگی جیهانی هات تا شارستانێتییەک بە مەترسی داپۆشراو، بۆ فـەرەنسـا بێنێ چونکە فـەرەنسـا لە بنەڕەتەوە، نوێکارە خـاوەن هەست و نەسـتـە نانیشتمانییەکان لەناخەوە هەژاندیان، هەروەک (ڤالێری) لە ساڵی ١٩١٩ گوتوویەتی، «ئێستا دەزانین، ئێمەی شارستانێتییەکان، ئێمە ئەشێ بمرین» ئەو خاپوورکردنە ماددی و مەعنەوییەی جەنگ هێنای بووە هۆی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی چینیی نیشتمانی رابردوو، هەروەها بووە هۆی سەرهەڵدانی نەهلستـێتی تەواوی رۆشنبیـریی دادایی و وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و رامیارییەکان، کە شۆڕشی ١٩١٧ لە رووسیا، وێناو مەزندەی کرد. پاریس بەر لەجەنگ مەڵبەندێکی شۆڕش بوو، لەکاتی شەڕیشدا نایندەی بانگی ئازادی بوو.. سویسرا بوو بەپەناگەی شۆڕشگێڕان، لەو شوێنەشدا (رۆمان رۆلان) هەڵمەتە جیهانییە مرۆییەکەی دژی شەڕ، بەرپاکرد، لە سویسرا (لینین) سیاسەتی دژ بەشەڕی جێبەجێکرد و هەل و دەرفەتی هەڵوێستی جەنگی قۆستەوە تا رێگە بۆ شۆڕش خۆشبکات. دومـاهی دادایی لە زیورخ لە سـاڵی ١٩١٨ لە دایک بوو، تاکـو سـاڵی ١٩٢٠ پەیامی شـۆڕشی دادایی نەگەیشتبووە پاریس، لەو ساڵەدا هەردوو نوێنەری پارتی سۆسیالیستی لە مۆسکۆ گەڕانەوە پاریس و وتاریان بۆ حەشاماتی خرۆشا و دەخوێند و بارودۆخ و رەوشی رووسیای تازەیان بۆ شرۆڤە دەکردن، کە ئەمەش بووە هۆی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی لە هەمـانکاتدا (ترسـتـان تزارا)ی دادایی لەسـەر شـانۆی ئەدەبی پاریسی برەو پێـدەریی ئاژاوەگـێڕیی و کـۆمـەڵایەتی، بەدەرکـەوت، (تزارا) شـیعـری نەهلیـسـتی دەخـوێندنەوە.. وتارێکی بڵاوکراوی لە رۆژنامـەیەک کـێشـایەوە گـوایە قـەسیدەیە، ئیدی لەگـەڵ زەنگ و خشەخشی دەم یاریی منداڵان دەیخوێندەوە، شارستانێتی باوی فەرەنسای خۆی بینییەوە، دوای ئەوەی توندترین جەنگ و وێرانییەکەی هەژاندی بۆ جاری دووەم پرەنسیپگەلی زێدە توندڕۆتر لەوەی بەر لە ساڵی ١٩٩٤ ئاشنای بوو، رووبەڕووی بۆوە، کۆمۆنیزم و دادایی و دادایش لە مانیفێستی سوریالی ساڵی ١٩٢٤ گەیشتە ترۆپک.

-٢-

لەگەڵ ئەوەشدا تاکە رووی پاریس رووە شۆڕشگێڕی و ئەزموونییەکەی نەبوو لە ماوەی نێوان ١٩٠٠-١٩٢٥ هەر لە سەرەتاوە خولیاکانی نوێگەریتی بەرهەڵستێکی توندی لەلایەن «داکۆکیکاران لە کلتوور» رووبەڕوو بۆوە، واپێدەچێ لەگەڵ ئەوەشدا، لەوێ شێوازێک هەبووبێ لە نوێگەریتی شۆڕشگێڕی کە کلتوورناسان لە پاریس و لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەدەنگییەوە چووبن، ئەو بەدەنگەوە چوونەی تارادەیەک یارمەتییمان دەدات بۆ تێگەیشتنی دینامیکییەتی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی لە ئەوروپا لە سەرەتای سەدەی بیستدا، نوێگەریتی و خولیا ئەزموونگەریتی بواری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کە دوا بەدوای هات بوونە هۆی پرۆتستۆی لایەنە کۆنەپارێزە میانڕۆکان و پەرچەکردارێکی توندوتیژ لای نێوەندە کۆنەپەرستەکان. لەوێدا ململانەیەک لە نێوان شۆڕشگێڕان و کۆنە پارێز و کۆنەپەرستان، بەرێوەدەچوو، چەندین هۆکاریش لە دواوەی ئەو ململانەیە بوون، بەگشتی، پاریس یەکبینە بەسەر ژیانی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی زاڵ بوو و گرنگترین گەورە گەشەکردن تیایدا روویدا، چاوگەی جموجۆڵی پێشەنگی ئەوروپی بوو لە بواری هونەر و مۆسیقا، لە هەمانکاتدا، یاساکانی رابردوو باڵی کێشابوو بەسەر چێژ و سەلیقەی فەرمی لە شارەکەدا، بەڵکە تەنانەت بەسەر زەوق و سەلیقەی جەماوەری پاریسی بەگشتی. لە مۆسیقادا (دیبۆسیێ) نەیدەتوانی سوڵتانی قوتابخانەی (ڤاگنەر) لە قبکات، لە نیگارکێشان و شیعردا ئینتیباعی و رەمزی زاڵبوون. لە پەخشاندا دواین پەیڤ لە بابەتگەلی چێژدا هەر بۆ (ئەناتۆل فرانس) و (مۆریسابار) مایەوە، لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بزووتنەوەی کۆماری رادیکالی و سۆسیالیستی پەرلەمانی، بەکردەنی، بوون بەبەشێک لە رژێم.

لەبەر ئەو کەشە (سترافنسکی) هەڵچوو نەک تەنیا دژی (دیبۆسیێ)، کە لە شەوی دەستپێکی باڵێی «تاڵە دەزووی بەهار» خۆی کەرکردبوو، بەڵکە دژی بنەما رەسەنەکانی قوتابخانەی (ڤاگنەریش) بوو، کۆبیکیزم-یییەکانی نەیانتوانی گەلەرییە فەرجییەکانی نمایش بتەننەوە لە پاریس هەروەکو لە گەلەرییە پایتەختەکانی دیکە ئەنجامیاندا ئەمەش ئەبولونید لە ساڵی ١٩١٣ ئاماژەی پێدا، کاتێ وتی ئەوان نەیانتوانی جێگەیەک بۆ خۆیان لەگەلەرییە سەرەکییەکانی نمایش لە پاریس خۆشبکەن، لەکاتێکا تابلۆکانی



(بیکاسۆ) و (رامبرانت) لەتەک یەکدا لە (ئەمستردام) هەڵواسرابوون. (کاید) و (ئەبولونیر) و (مارسیل بروت) کەسانێکی بەپەراوێزکراو مانەوە، بەڵکە نەک هەر ئەوەندە لەو ماوەی بەر لە ساڵی ١٩١٤ لەبەر چاوانیش ونبوون، دوماهی شۆڕشگێڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان رووبەڕووی بەرهەڵستکارییەکی سیاسی بوون نەک بەتەنیا لەلایەن سەرکردایەتی کۆماری سیاسی، بەڵکە تەنانەت لەلایەنی رێبازی نیشتمانی راستڕۆی هەڵچووشەوە، کە دووچاری گرێی ترس ببوون لە بێگانەکان، ئەو رێبازەی لە پاریس زێدەروون و ئاشکرا بوو بەتایبەتی لە رۆژنامەوانی فەرەنسایی، لەوەی لە بەشکانی دیکەی وڵاتەکە. هەروەک دوایی لەو سەرکەوتنەی باڵی چەپڕەو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩١٤، روونبۆوە.

هۆیە سەرەکییەکانی ململانەی نێوان شۆڕشگێڕان و رژێم و کۆنەپەرستان چیبوو؟ چیبوو ئەوەی رێی خۆشکرد بۆ خولقاندنی کەشی ریسوایی و نەنگی رۆشنبیریی و ململانەی کۆمەڵایەتی، کە لە ئاهەنگی دەستپێکی باڵیی «تاڵە دەزووی بەهار) و لە مانگرتنەکانی هەر دوو ساڵی ١٩٠٦ و ١٩٠٩ بەروونی بەدیارکەوت؟ لەراستیدا ئەو یاسا کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریانەی حوکمی گشت پاریسییەکانی کرد ئەوە خودی خۆی بەکاربرد - ئیستهلاک - و چیدیکەش بەپاڵنەرێک لە قەڵەمنەدەدرا بۆ داهێنان، گومان باڵی کێشا بەسەر هونەرمەند و شاعیر و نووسەر و هزرڤانە سیاسیەکان، چون پێوەرەکانی سەدەی نۆزدەهەم ئیدی واتاکانی لەدەستنەدا و بەلای ئەوان بەبەردبووبوو و رۆحی تیانەبوو، (بیکی) دەڵێ: کارگەلە رۆحییە بەڵگە نەویستەکان سیاسییانە تاوتو دەکران دوای ئەوەی ئازادی لەدەستچوو داهێنانیش لەبەرچاو بزربوو لە ئاکامی پیادە کردنێکی ئامێرەکییانەی پلانە بەسەرچووەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە. داخوازی مەرکەزی شۆڕشگێڕان بریتیبوو لە رزگاربوون لەجەور و ستەمی رابردوو (سترافنسکی) داوای دەکرد دەربازبن لە ستەمداریی شێوازە باوەکانی هارمۆنیەتی مۆسیقا، کۆبیزمییەکان ویستیان لە پەرسپەکتیڤ - بینین - و دابەشکردنی باوی تیشک و سێبەر (Chioroscuro) لە هونەر، دەرباز بن، (ئەبولونیر) دژ بەجەوری هێماکانی هژمارکردن و چاپکردنی قەسیدە بەشێوە باوەکەی هەڵشاخا، لەراستیدا هەڵوێستی شۆڕشگێڕان لەپاریس بەر لە ساڵی ١٩١٤، دەهەمبەر هەرچی بەهێز سەپێنرابوو، دووچاری رق و تووڕەیی کۆنەپارێز و کەسایەتییەکانی رژێمی کرد، هەروەها ئەو گومانەی هەیانبوو لە ئاست کارگەلە سیاسی و

کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیرییەکان، سەرەڕای خولیا شۆڕشگێرییە ئەزموونگەرێتییەکانیان، دوچاری رقوکینەی خوێنگەرمانەی کۆنەپەرستی کردنەوە ئەوانەی لە دواوە دەڕوانن بەمەبەستی گەڕان بەدوای بەها کلاسیکییەکان، کە تۆزی زەمانەیان لەسەر نیشتووە، هەروەها هەر نوێبوونەوەیەکیان بەئاژاوەگێڕیی ناودەبرد.

ئەو وتارەی (بار) لە رۆژنامەی (ئەلفیگارۆ) لە ساڵی ١٨٩٢ بڵاوی کردەوە کارێگەرییەکی گەورەی هەبوو بەسەر چووستترکردنی بەرپەرچدانەوە پێچەوانەییەکەی رۆشنبیریی، (بار) لەو وتارەیدا گوزارشتی لە داخ و کەسەری کردووە لە ئاست ئەو زاڵبوونەی رۆمانسییەت و بیروباوەڕە هاوردە بەربەرییە بیانییانەی لە دانراوەکانی (ئەبسن) و (تۆلستۆی) و (بیتەر لنگ) خۆدەنوێنن، هەروەها جەختی کردۆتە سەر گەڕانەوەی ئەدەبی فەرەنسایی بۆ بەها کلاسیکییە نیشتمانییەکان، (شارل مورا) دەستیکرد بەپەسندکردنی «کلاسیکییەت»ی (مۆریس)ی شاعیر، کە بەبەرجەستەکەریی کلتووری باوی شیعری فەرەنسایی داناو ئەو بەرپەرچدانەوەیەش بەخێرایی بڵاوبووەوە تا ئەوەبوو سیاسەتی داپۆشی و ئەو خولیا بەزەبرە نیشتمانییەی راستڕۆی توندڕۆی بەدوورخستەوە، کە بەسۆزگەلی پەیوەست بەکێشەی (دریفس) گڕوکڵپەی سەند. ئەوەی لە ساڵی ١٨٩٨ دەستیپێکرد شەپۆلێک بوو لە رقهەڵگرتن لە بیانییەکان گەشەیکرد بۆ خولیایەکی کۆنەپەرستانەی نیشتمانی ئەوتۆ بەرەو شانشینی -مەلەکیەت- تەکانیپێدا، نیشتمانپەروەران هیوا خوازبوون فەرەنسا دەستبەرداری جوولەکە بێت جا گەر ناپاک بن یا نەء، هەروەها لە گەڕانەوەی توانای هێزی سەربازی فەرەنسایی بۆ سەردەمی زوو.

رژێمی کۆماری ئەو هێزەی تێکشکاند و بەپێی گوتەی (مۆرا)، وەکو گونکە هەویرێکی لێکرد بەدەستی ئیمپراتۆریای ئەڵمانی، هەر دەبێ ئیمپراتۆریای ئەڵمانی و لایەنگرانی لە ئاژاوەچیان تێکبشکێنن، ئەوانەی بەرگی کۆمارییەکانییان پۆشی و لەو سۆسیالیستانەی وەکو (جور)و (هیرف)، ئەوانەی جگە لە بەکرێگیراوی ئیمپراتۆریای ئەڵمانی هیچیدیکە نەبوون.

کەشی ترسان لە بیانییەکان، کە کتێبی (مۆرا) بەناوی (Actionn Fracause) ورووژاندی و دوای «تەنگژەی ئەگادیر» ساڵی ١٩١١ بڵاوبوویییەوە، لەکاتێک کە جەنگ لای زۆر لە فەرەنسییەکان بوو بەراستییەکی مسۆگەر، ئەو کەشە وامان لێدەکات بەئاسانی دەرک بەدژایەتی پاریسی بۆ ئەزموونگەریی پێشەنگەکان بکەین و چۆن گشت بانگەشەکان بۆ ئازادی



بە «ئاژاوەچییەتی» ناوزەدکران و کەسایەتی نێونەتەوەیی بزووتنەوەکە (بزووتنەوەی ئازادی و ئەزموون) چ کەڵکێکی نەما، کۆنەپەرستان و پێڕەوکارە تەقلیدییەکانیان، ئەزموونگەریان بەهەموو جۆرەکانییەوە بە «بەربەریەتی» غەوارە ناوزەدکرد، هەروەک سەبارەت بە «تاڵە دەزووی بەهار» هەست و نەستی ترس لە بیانی بووە هۆی پەلاماردانی کۆبیزمییەکان گوایە ئەوان «بیانی نەفرەتلێکراون» بۆ نموونە - بیکاسۆ ئیسپانی بوو. رەخنەگری فەرەنسایی (لوی فوکسل) لە ساڵی ١٩١٢ نووسیویەتی.

بیانییەکانی زۆر سەرزەنشت دەکرێن، هۆڵەکانی (دوتم)و (ئەندبینداتز) تەژییە لە - ولاشبین - و رۆڵەکانی میونیخ و سلافی گواتیمالاییەکان، ئەو بیانییە نەگریسانە، هەروەک (بینیێ فالمر) ئاوا ناوی بردوون، لە مون روج و فاکیدارد نیشتەجێن، پۆل پۆل هاتوونە ئێرە دوای ئەوەی لە ژیانی سواوی وڵاتەکەیان بێزاربوون و لە (ستۆدیۆی ماتیس) گردبوونەوە، خەڵکانێک بوون ناشارستانی نا بەهرەدار و ناراست، لە چوار مانگدا بەسیفەتەکانی (هونەر)یان زانی، کاتێک هونەریان بەشێوازێکی توندڕۆ ئەنجامدەدا، ئای لەو ترازانکارییە ئاژاوەگێڕییە بەرگری بەربەرییەتی تەکعیبی و نەخۆشی ئایندەگەرایی ئاژاوەگێڕیمان، گرت. ئەوان هەرگیز بەئامانجەکانی هونەر نازانن.. بیکاسۆ، کە بەر لە دەساڵ، بەهرەوەر بوو، ئەو ئێستا سەرکردەی تەکعیبییەکانە، تەبای باوکە (ئەبو -کب).

ئەو پەلامارانەی کرانە سەر تەکعیبییەکان لە ساڵی ١٩١٢ لەدوای خۆی چەندین پرسیارگەلی لە پەرلەمان خستەوە لە بارەی جموجوولێیان «دژ بە هونەر»و «دژ بە فەرەنسا» (ئەبولونیر) کە بەرەچەڵەک فەرەنسایی نەبوو لەو کولەمەرگییە بەدەرنەبوو؛ لە زیندان ئاخنرا، بەبێ بەڵگە بەتۆمەتی بەرپرسێیەتی لە دزینی مۆنالیزا!

پێویستە سەرنجبدەین ئامێتەکردنی وڵاتپارێزی رۆشنبیریی بە وڵاتپارێزی سیاسی لای (مۆرا)و دوای مەسەلەی (دریفس)و سووربوونی لەسەر بەها کلاسیکییەکان لەو جەختکردنە زێتر نەبوون لەسەر کلتووری سەدەی حەڤدەهەم. بیرۆکەی ئادەمیزادی جیهانی (Universal Man) کە تەوەری کلاسیکییەتی فەرەنسی بوو لە سەدەی حەڤدەهەمدا وای لە فەرەنسییەکان کرد شارستانێتییە تایبەتەکەیان و شارستانێتی بەمانا فراوانەکەی تێکەڵ بکەن، وای بۆ چوون زمان و بەهاکان و بایەخدان و گرنگێتییەکانی فەرەنسایی، کێشەگەلی تێکڕای خەڵکی شارستانن.

دووسەدە لە زاڵیەتی سەربازی و دیپلۆماسی و رۆشنبیریی فەرەنسایی پشتیوانی لە و

ئاراستەیە کرد لە ئەوروپادا، فەرەنساییەکان ماوەیەکی زۆر بەتەواوی بێتوانابوون لە جیاکردنەوەی نێوان هێرشبردنە سەر «شارستانێتی» بەرجەستەکراو لە کلاسیکیەتی فەرەنسایی و هێرشکردنە سەر خودی فەرەنسا، هەمیشە مەزەندەیان وابوو «بەربەریەت» بەردەوام لەبەر دەرگاکانەوە چاوەڕێی هەلێکی رەخساو دەکات بۆ تێکشکاندنی فەرەنسا، ئینجا خودی شارستانێتی، لەبەر ئەوە (مۆرا) ئەو زەوینە بەبڕشتەی دیتەوە بۆ چاندنی بیروڕاکانی، کە کلاسیکییەت، ولاتپارێزی فەرەنسایی لێکگرێدەدات.

جەماوەری پاریسی، تارادەیەکی زۆریش، پشکداری (مۆرا) دەکات لەو بیروباوەڕانەی لەسەر گرێی ترس لە بیانییەکان، هەڵنراوە، ئەمەش وایکرد (ئەبولونیر) توانجێ لەو بگرێ، کە وتی: «خەڵکی لێرە گەلەک بەگومانن لە چێژی بیانی» کەواتە سەیر نییە (ئەرنست روبەر کورتیوس) ببینین لە کتێبەکەی «شارستانێتی فەرەنسا» باس لەمە دەکات، ئەوان ترسیان لێنیشتبوو بەتایبەتی «کاتێک لایەنە بیانییەکان لەرادەبەدەر پیایان هەڵدەڵێن»، ئەو نووسەرە سەرنجیدا کە پارێزەرانی کلتووری فەرەنسایی.

ئادەتی رادەپەڕن و رێبازی تازەی هونەریش بە «نافەرەنسایی» لە قەڵەمدەدەن، ئەمەش واتە ئەو گفتوگۆیەی لە ئارادایە لە کێشە ئیستاتیکییەکان خەریکە شەقڵێکی سیاسی بەخۆوە دەگرێ. مادام چێژ و سەلیقەی هونەری فەرەنسایی بەسامانێکی نیشتمانی دادەنرێت، ئەوە پێویستە بپارێزرێ لەوەی لە شێوەکەیدا بێ بەساختە و بیانی، سروشتییە کاتێک کلتووری فەرەنسایی لەسەر بناغەیەکی کلاسیکی هەڵنرابێ، هەموو شتێکی ناکلاسیکی ببێ بەشتێکی هاوردە، غەوارە، ژاراوی و ئازار بەخش.

## -٣-

لەژێر رۆشنایی ئەو رەوتە لە شۆڕش و کۆنەپارێزی و پەرچەکردار پرسیارێکی پێویست قوت دەبێتەوە لە بارەی شۆڕشگێڕە پاریسییەکانی ماوەی بەر لە ساڵی ١٩١٤، راستڕۆیەک دواکەوتووەکان پەنجەی تۆمەتیان ئاراستەکردن بەوەی ئاژاوەگێڕیی رۆشنبیریی و سیاسین، بەڵام تا چ مەودایەک شۆڕشگێڕبوون؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە بەکورتی لە بەها بنەڕەتییەکانی شارستانی فەرەنسا بکۆڵینەوە، ئەوکات رووندەبێتەوە داخوا شۆڕشگێڕانی بەر لە ساڵی ١٩١٤ بەتەواوی ئەو شارستانێتییەیان بێزاندووە، لێرەدا سێ بنەڕەت هەن بۆ سیستەمی بەهاکان



لەکلاسیکیەتی فەرەنسایی یەکەمین بەها بریتییە لە چەمکی سیستەمی هاوساز لەکاروباری سیاسی و رۆشنبیرییەکان، ئەو سیستەمە هاتووەی، ئارەزوومەندانە یا زۆرەملێیانە، لە پابەندی تاکەکەسەکان و پرەنسیپانەی لەسەرەوەڕا سەپێنراون، با بڵێین لە ئەکادیمیای فەرەنسایی و دەسەڵاتی شاهانەیدا هەر جەختکردنە سەر تاکیەتییەک بەکارێکی زیانبەخش و ئاژاوەگێڕی دادەنرێت، ئەو چەمکەی سیستەمی سازاو تاکو سەردەمی رۆمانسی و سەردەمی لیبراڵی دیموکراسی بەردەوامبوو، چونکە چەمکی لیبرالی لە چارەکردنی ململانەکان لەنێو بونیاتی دەوڵەتدا بەگشتی پەسەندکراو هیچ بەربەرەکانییەکی توند و دژایەتیکردنی یەکلاکەرەوەی بۆ دەوڵەت رووبەڕوو نەبۆوە، تەنانەت تاکو هاتنی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕانە و ئاژاوەگێڕیی جارێکی دیکە رۆمانسیەت، وێڕای کەشی تاکیەتی دەوراندەوری و پەیوەستبوونی بە ساڵی ١٨٤٨ جارێکی دیکە لە بنەرەتدا خۆی نەدایە دەست پرەنسیپە ئاژاوەگێڕییەکانی رۆشنبیریی، لایەنی دیکەی کلتووری کلاسیکی بریتییە لە پابەندێتی نەگۆڕ بەئاوەز و لۆجیک بەو پێیەی دوو بەڵگەی هەر بەناون بۆ تێگەیشتنی کرۆکی گەردوون و هاندەر و پاڵنەرەکانی کردەی مرۆیی، بۆ جاری دووەمیش، رۆحیەتی زانستی، کە لە ئینگلتەراوە بۆ فەرەنسا هات لەسەدەی هەژدەهەمەوە سەرنەکەوت لە وەلانانی سوڵتانی ئەقڵ، گەر بێ و ئەقڵ لای دیکارت لەخواوە بێت. ئەوە لەسەردەمی رۆشنگەریی لە ئادەمیزادەوە هات، کەواتە کێشەکە هەنووکە بۆتە مرۆیی نەک رۆحی. بەڵام لایەنی سێیەمی کلتووری کلاسیکی فەرەنسایی پێشتریش ئاماژەمان پێدا بریتییە لە دیتنی ئادەمیزاد بەگۆشەنیگایەکی جیهانی نەک تاکیەتی یا گۆشە نیگایەکی دیاریکراوی کات و شوێن، ئەو دیتنە جیهانیەش سازاوە لەگەڵ هەست و نەستەکانی سەر بە فەرەنسا بەهۆی تێکەڵکردنی لە نێوان ئادەمیزادی جیهانی و ئادەمیزادی فەرەنسایی، لەم سۆنگەیەوە فەرەنساییەکان سەیری کلتوورەکەیان دەکرد، وەکو سامانێکی نیشتمانی تایبەت و بەیەکەوە گرێدانی جیهانێتی کلاسیکی بە خولیای نیشتمانی، کە تاکو پەیدابوونی چەپی سۆسیالیستی و ئەوەی بەدوای داهات تا ساڵی ١٩٤١ بەردەوام بوو، کاتێک (لیۆن بلم) لەکتێبەکەیدا «هاوگونجانی مرۆیی» گوتی سۆسیالیستانی فەرەنسایی دەکرێ هەروەکو گشت فەرەنساییە باشەکان ولاتپارێزی و جیهانێتی هەڵقوڵاو لە جیهانێتی سەدەی هەژدەهەم لە فەرەنسا بەیەکەوە بسازێنن، کە ئەمە لە خۆیدا سەدای جیهانێتی سەدەی حەڤدەهەمە.

لەژێر تیشکی ئەو سێ پێوەرە دەکارین مەودای رەگاژۆیی نوێخوازانی بەر لە ساڵی ١٩١٤ کلتووری رابردوویان، بزانین، بزووتنەوەی پێشەنگان لە پاریس بەر لە ساڵی ١٩١٤ شۆڕشێکی تەواو نەبوو بەهەمان شێوە بەدادایی وسوریالییەکان لە ماوەی دوای جەنگ.

رۆشنبیرییەکی گوێزراوەبوو، (سترافسکی) راستی کرد کاتێ سیفەتی شۆڕشگێڕێتی لە خۆی دابڕی و بەهەمان رێگەش ئەزموونەکانی ئیستاتیکای تەکعیبی هیچ دوورکەوتنەوەیەکی لە سیستەم و ئەقڵ، نەگرتبووە خۆ. مسۆگەرە ئەوان مەبەستیان رزگارکردنی تابلۆکانیان بوو لە یاساکانی بینین- (Laws of perspe ctive) وەلێ ئەوان مەرامیان بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بوو بەهۆی دووبارە رێکسازیکردنی توخمە ئەزموونە بینراوەکان لەسەر ئاستێکی دیکە، واتە بەهۆی داهێنانی سیستەمێکی تازە، دەکرێ وێنەی شتێکی دیاریکراو بکێشی لە رێگای کۆکردنەوەی ئاستە جیاجیاکانی بەشێوەیەکی نارێک تاوەکو بتوانرێ لە یەککاتدا ئەو هەموو ئاستانە ببینرێن، ئەمەش مەحاڵە ئەنجامبدرێ. گەر هاتوو ئەو شتە کتومت بەپێی، رێسا کۆنەکان وێنەی کێشرا، کە رێگا دەدات تەنیا لەیەک گۆشەوە شتەکان دەبینی. ئەو سیستەمە تازەیەش سەر بەلۆجیکی رەخنەی زانستی بینین نەبوو، بەڵکە سەر بەلۆجیکی شیعری کەسایەتی سەرچاوە گرتوو لە دیتنی تاکیەتی هونەرمەند روونراو بەشێوەیەکی هونەری بوو. دەتوانین زۆر لەو شیکردنەوەیە بەسەر (سترافسکی)و (ئەبولونیر) پیادە بکەین، بۆ نموونە (مورس بۆرا) ئاماژەی دا بەوەی قەسیدەیەکی غەریبی وەکو (ئاوپژێن - فوارە)ی ئەبولونیر دەکرێ دووبارە هێماکانی خاڵبەندی تێدا بنووسرێتەوە و رێکخستنی نووسینەوەی دێڕەکانی شتە غەریبەکانی لە شێوەی شیعرەکەدا لەوە رەتناکا سەر پۆشێکی شیعری کلاسیکییە، ئەوەش دوورترە لەوەی ئاژاوەگێڕیی بێت.

هەروەها دەکرێ ئاماژە بدەین بەبۆچوونی پێشەوای سیاسی چەپڕەو (جۆرسن)ی نیمچە کلاسیکی لە ماوەی بەر لە ساڵی ١٩١٤، پەسەندکردنی بۆ رژێم و دەسەڵاتی دەوڵەت و خۆبەستنەوەی بەئەقڵ و هەست و نەستە بەجۆش و خرۆشە نیشتمانییەکانی، ئەو هەموو شتانە لەلایەن چەپڕەوی توندڕۆی ئاژاوەگێڕ، کە خۆی لە (سوریل) و (هیرف) دەبینێتەوە، بەربەرەکانی کران، ئەوانەی رژدبوون لەسەر برەودانی رەتکردنەوەی رژێم و سازان و دەوڵەت و نیشتمانپەروەریی، بەئاشکرا جاڕی مانگرتنی سەرتانسەری شۆڕشگێڕانەیان دەدا بۆ



لابردنی رژێمی سەرمایەداری و دەوڵەت و هێنانەجێی رژێمێکی کۆمەڵایەتی هەڵنراو لەسەر رێکخراوە سەربەخۆیە کرێکارییەکان لە شوێنی ئەو. ئەو موحازەرەیەی (ئەبولونیر) لە ساڵی ١٩١٨دای و ناونیشانی «رۆحی تازە و شاعیران»ی پێدا، بەروونی گوزارشتدەکات لە رەوشی بزووتنەوەی پێشەنگی رۆشنبیریی گوێزەرەوە لە پاریس لە ماوەی بەر لە ساڵی ١٩١٤ وێڕای قسەوباسی لە بارەی ئازادی لە شیعر لە هەردوو بواری خستنەڕوو و بابەت، دەڵێ: رۆحی تازە بەر لەهەر شتێک داکۆکی لە سیستەم و ئەرک دەکات، ئەو سیفەتە گەورەی ئەقڵی فەرنسایی بەشکۆدارترین شێوە بەدیاری خستن.. لەم وڵاتەدا هیچ یەک لەو «پەیڤە رزگاربووانە» بەدی ناکەی، کە بەسادەیی لە بەفیڕۆدان لەرۆحی تازەوە دێت.

لایەنگیری بۆ کلتوور و بێزاندنی ئایندەگەرایی (کە بزووتنەوەی ئاژاوەگێڕیی دادایی کەمێ دوای ئەوە لە پاریس جەختی لەسەر کردۆتەوە) لێرەدا ئاشکراو روونن، ئینجا بەردەوام دەبێ و دەڵێ: «فەرەنسا رقی لە ئاژاوەیە» دوای ئەوە وتەکەی کۆتایی پێدێنێ، دەڵێ: «لەو بڕوایەدانیم کە کۆمەڵگەکەمان بگاتە قۆناغێک، کە رێی پێنەدرێ قسە و باس لە بارەی ئەدەبی نیشتمانی بکات، رۆحی تازە کە دەیەوێ ئەقڵی جیهانی رەنگپێبداتەوە مەبەستیشی دیاریکردنی چالاکییەکانی نییە لەهەر بوارێکی دیاریکراو بەهەمان رێگە پابەند دەبێ بەمە: گوزارشتکردنی لیریکی لەگەلی فەرەنسایی، گوزارشتکردنی شکۆدارانە لە گەلی فەرەنسایی».

(ئەبولونیر) کۆکردنەوەیەکی بابەتگەلە کلتوورییەکانی کلاسیکی فەرەنسی ئەنجامداوە بریتییە لە: سیستەم، ئەقڵ و سازان لە نێوان جیهانێتی و نیشتمانپەروەرێتی، ئەو کۆکردنەوەیە گشت گومانەکان لەسەر رەوشی بزووتنەوەی گوێزەرەوەی روناکبیریی تاکو ساڵی ١٩٢٠ لادەدات.

بزووتنەوەی پێشەنگان، کە لە پاریس بەر لە ساڵی ١٩١٤ دامەزرا. هەر لە ساڵی ١٩١٨-ەوە هەوڵدەداو رۆشنبیرییەکی تازە لەسەر وێرانەی رابردوو دابڕێژێ و لەو کاتەی پرەنسیپە شۆڕشگێڕییەکانی جیهانی دوای جەنگ لە پاریس تەقییەوە ئێستاش بەڕاستی بۆتە بەشێک لە رژێم ئێستا (پروست) و (جید) و (ڤالیری) و تەکعیبییەکان و (ئەبولونیر)بوونەتە کەسایەتی سەرکردە هەروەک ئەمڕۆ دەیانناسین. بزووتنەوەی دادایی و دوای ئەویش بزووتنەوەی سوریالی. هەروەها سەرەتاکانی هەوڵی شۆڕشی رووسیایی و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی فەرەنسایی.. پێشهاتنی پرەنسیپی تواندنەوەی تاک لە

بەرژەوەندی دەوڵەت، کە لە مۆسکۆ ئەنجامدرا و بەسەر پارتی کۆمۆنیستی فەرەنساییش ئەوکات تازە دامەزراوە سەپێنرا، ئەو هەموو پیرۆزیی و سەرەتاییانە رۆڵی خۆیان هەبوو لەوەی پاریس رووبەرووی رۆشنبیرییەکی بەتەواوەتی غەوارە لە کلاسیکی و تێکڕای رابردووی وڵاتپارێزی فەرەنسایی، ببێتەوە. مگێزی شۆڕشگێڕیەتی لە دادایی و کۆمۆنیزم پەیدابوون، کە پێشتر لە بزووتنەوە ئاژاوەگێڕییە سەندیکاییەکان بینیمان لە ماوەی بەر لە جەنگ، ئاژاوەی سیاسی و ململانەیەکی تەواو و توندوتیژی، کە لینین بۆ شۆڕشی بەپێویست دادەنێ، جێگەی رژێم و دەسەڵات و سازانی گرتەوە، ئەقڵ لابراو نائەقڵانییەتی تەواو جێی گرتەوە، کە خۆی لە زێدەڕۆیی بێژەکی لە شیعری دادایی و هەرەمەکیانە نووسینی لای سوریالییەکان دەبینییەوە و هەست و نەستە نیشتمانیپەروەرییەکان رەتکرانەوە و هەستی بەژاوەژاوی نانیشتمانی جێی گرتەوە، کە سوریالییەکان باوەشیان بۆ گرتەوە؛ ئەو داوەتەی بۆ (سان پۆل رۆ) سازدرابوو بەئاژاوە و هوتافلێدان دژ بەفەرەنسا، بەکۆتاهات جا لەبەرئەوە ئێمە ناکرێ خولیای نوێخوازان لە پاریس بەر لە ساڵی ١٩١٤ وەکو (سترافنسکی) و تەکعیبییەکان و (بولونیر)و (جید) بەخولیایەکی بەتەواوی شۆڕشگێڕیی دابنێین، بەتایبەتی کاتێک بەشۆڕشی داداییەکان و کۆمۆنیستە بەراییەکان و سوریالییەکانیان بەراورد دەکەین.

پاریس تەنیا دوای ساڵی ١٩٢٠، سەرهەڵدانی بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بەخۆوەبینی، کە جیابوونەوەیەکی تەواو لەرابردوو دەنوێنن، ئەو بەهایانەی، کە لە شوێنی دیکە پوخت و رەخت و فراوانکران، لەژێر تیشکی دوا شیکردنەوەش، ناکارین پاریس بەلانکەی راستەقینەی رووناکبیری تازەی شۆڕشگێڕیی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم، دابنێین.

**ز: لەندەن (١٨٩٠-١٩٢٠):**

**مالکم برادبری**

«دەوڵەمەندترین شار لە جیهاندا، گەورەترین بەندەر، گەورەترین شاری پیشەسازی، شاری ئیمپراتۆرییای – مەڵبەندی شارستانی، دڵی جیهان... شوێنێکی شەنگە».

ه. ج. ویلز، تونوبنکی ١٩٠٩

«لەو شەقامەدا



بازرگانیکردن؛ گۆڕەوی پەڕپووت
جێگەی بایەخدان
بەگوڵە کێوییەکانی گرتەوە»
ئەزراپاوەند، هیوسلوین موبرلی (١٩١٩-١٩٢٠)

-١-

لە مێژووی نوێگەرێتیدا لەندەن هەمیشە ناوبانگییەکی وای هەبوو شتێ لە ناڕوونی تێدایە، ئەو مەڵبەندی چالاکییە روونە نوێباوەکانە، کە بەزمانی ئینگلیزی نووسراون.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٩٠ و ١٩٢٠ لەندەن زنجیرەیەکی زیندووی لە قۆناغ و بزووتنەوە ئەزموونگەرییەکان، بەرهەمهێناوە وەلێ تۆمارەکەی ئەوە دەگەیەنێ، کە لەو پایتەختە هەرە بێگیان و گەوجانەیە، شارێکی خاڵییە لەلانەی هونەری و مەڵبەندەی راستەقینە و ئەلقە و قاوەخانەکان. شارێکە بۆ بازرگانی تەرخانکراوە، ئەمیش یا ئەوەتا گرنگی نادات بە نییە لە هونەرە نوێیەکان یاخود رقی لێیەتی و ئەو وێنەیەش لە خودی نووسینە نوێکارەکاندا، دەبینرێت و هەستونەستی شێتگیریی و بێزلێکردن (کە دەیانوروژێنێ) و بارودۆخەکەی وەکو مەڵبەندێکی راوبۆچوونە فرە زیندووەکان و تەبای شارێکی پێچراوی تاریکایی ئەنگوستەچاو، هەموو ئەمانە بەشێوەی – تەداعیات – As-sociations) رۆچوونە نێو ناخی شیعر و رۆمان بەجۆرێک لە بیر ناچنەوە. شاری «فرەیی تۆقێنەر»ە، هەروەکو (جیمس) لە رۆمانەکەیدا بەناوی «شاژن کاساماسیما» گوتوویەتی، چاوگەیەکە تێیدا کۆمەڵەیەکی گەورە لە بۆچوون و وێنە زیندووە خەواڵووەکان سەبارەت بەشاعیرانی رەمزی شارەکە، چڕبوونەتەوە، شارێکە هەروەک (کۆنراد) لە «بریکاری نهێنی» دەڵێ: «تاریکاییەکی لێوانلێوە توانادار بۆ ناشتنی پێنج ملیۆن لەمرۆ»، زێدی «واتا شەنگە پەنهانەکان»ە، هەروەک (ویلز) لە «تونو – نبکای» دەڵێ: هەروەها هەروەکو (پاوەند) لە «هیوسلوین موبرلی» دەڵێ: شوێنی ئەو شارستانێتییەیە، کە بازرگانی هاوردوویەتی، بەڵام سەبارەت بەقەسیدەی «وێرانە خاک»ی ئێلیۆت دەبێتە شاری تازەی شاران، شارێکی ناڕاستەقینە، چونکی مەڵبەندێکی ئیمپراتۆری بەریتانیایی بوو گەلەک نەتەوەی گلداوەتەوە، ئەمەش بەدەوری خۆی بووە هۆی ئەوەی رۆڵێکی رۆشنبیری هەبێ بەجۆرێک شیاندی تا ببێ بەپایتەختێکی گەورەی هونەرە جیهانییەکان، لەگەڵ

ئەوەشدا ئەوانیدیکە دەڵێن: بەشارێکی خودان شارستانیەتێکی باوی بەر ئاسۆ تەنگی ناجیهانییە. لەواقیعدا، کەس ناتوانێ لەمیانی ئەو هەموو ساڵەدا، گومان لەو دەسکەوتە گەورانەی بکات لە بواری هونەر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەسکەوتانە بەشێوەیەکی سەیر باسکراون، لەلایەک دەبینین ئەوەی دەڵێ دەسکەوتەکانی پوختەی هەرچییەک هەیە لەوەی وەرسکەرە لە کلتووری ئینگلیزییدا، لەلایەکی دیکەوە ئەوانیدیکە وا سەیری ئەو دەسکەوتانەیان کردووە، کە دەسکەوتی شارستانێتێن بەرێکەوت هاتوون، ئەو بیانییانە هێناویانن، ئەوانەی بەزۆری لە وڵاتانیان لە ئیرلەندا و ئەمریکا دوورخرابوونەوە و بەدوای شوێنێکی دیکە دەگەڕان بۆ پێشکەشکردنی مەزنترین شتێ لەوەی لایان هەبوو و لەمەش زیاتر ئەوانە تەنیا پشتیوانی کلتووری ئینگلیزیان نەکرد، ئەو کلتوورەی هەرگیز نوێگەرێتی بۆ هەرس نەکرا، بەڵکە پشتیوانی بزووتنەوەی جیهانێتیشی کرد کە بەزمانی ئینگلیزی نووسراوەتەوە، بەرۆونیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان سەریهەڵدا[1].

ئەو هەڵسەنگاندنە دژبەیەکانە بەشێوەیەکی پاژەکی لە راپۆرتە دژ بەیەکەکاندا هاتوون، کە خودی ئەو نووسەرانەی لەندەن نیشتەجێ بوون پێشکەشیان کردوون، بۆ نموونە (هنری جێمس) وەربگرە، ئەو نووسەرە نیشتەجێبوونی لەلەندەن بەچاکتر زانی لە پاریس و ئەو هەڵبژاردنەیش مەدلوولاتی رەمزی خۆی هەبوو، لە لەندەن بۆیە دەستنیشانکرد، بەهۆی چڕیی دانیشتوانی و چالاکی و بەربەرینی ژیان تێیدا، لەگەڵ ئەوەشدا، لەدوا رۆژەکانی لێی بێزاربوو، کە دیمەنی شارستانێتی ئینگلیزی تیا بینی، کە بنکەکەی لەندەن بوو، خنکێنەر و داخراو بەسەرخۆیا، لەمەش زیاتر گوێی بەرەخنە نەدەدا، هەروەها (جۆزیف کۆنراد) کە بوو بەزێدگریی رەگەزنامەی بریتانی دوای ئەوەی شارستانی ئینگلیزی و ژیانی سەقامگیریی ئەوی بەدڵاچو و، دەرکی بەو تاریکاییە دەکرد کە لە قووڵایی تیشک و رۆشنایی بەبریقەو باق و پرشنگداری شاردرابوو، ئەمەش لە رۆمانەکەی بەناوی «جەرگەی تاریکایی» دەبینین، هەروەها (ئەزرا پاوەند) کە زۆر بایەخی بەبابەتی نوێگەرێتی لەندەنی دەدا، لە ساڵی ١٩٠٨ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لە رێگای ڤینیسیا، بۆی هات لە پێناوی تاکە ئامانجێکی سەرەکی ئەویش بینینی (و. ب. ییتس) بوو، ئینجا لەلەندەن ژنی هێناو جێگیربوو تیایا، دوایی (ت. س. ئلیۆت)یشی رازی کرد هەمان شت بکات، لەگەڵ ئەوەشدا دوای ماوەیەکی کەم دەستیکرد بەنەفرەت کردن لەلەندەن بەهۆی ئەو خەمۆکی و نائومێدییەی دەورەی دابوو و بەراشکاویش رایگەیاند، کە دەسکەوتە



شەنگەکانی ئینگلیزی دوای ساڵی ١٩١٠ هەرگیز شاعیرانی ئینگلیز بەدییاننەهێناوە، بەڵکە شاعیرانی ئەمریکایی بەدیهێناوە و (ئەرنولد بینت) ئیدی جەماوەری چینی ناوەڕاستی لە فەرەنسا بە هاوتاکەی لە ئینگلتەرا بەراورد کرد بەتەواوەتیش گومانی لەوەی دوایی دەکرد کاتی وتی (بەتەنیا وەرەسیەکی تەواو پاڵنەری «چینی ناوەڕاست»ە لە پشکنینی بەدوای چێژ وەرگرتن لە کارە هونەرییەکان بەردەوام و هەمیشە پێی دادەگرت لەسەر ئاسەواری سلبی شارستانی لە نووسینە خۆزییەدارەکان[2] گەر ئینگلتەرا ناوبانگییەکی تازەی لە ئامێزگرتنی نووسەران هەبووبێ. ئەوە ناوبانگی ئەوەیشی هەبوو لە فەرامۆشکردن و رەتکردنەوەی کارەکانیان، بەتایبەت کارە ئەزموونگەراییەکانیان، گەریش دادگاییکردنی (فتزلی) ئالۆویریی کارەکانی (زۆلای) قەدەغە کرد ئەوە دادگاییکردنی (وایلد - کونیز بری) لە ١٨٩٥و بڕیاری (تۆماس هاردی) لە دوورکەوتنەوە لە نووسینی رۆمانی دیکە دوای رۆمانی (جودی شێلو)، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ خولیای کۆنەپارێزی فیکتۆریایی رەگداکوتا و لە ناخی جەماوەری ئینگلیزی، کەچی هونەر بەکارایی و بەهەند نەدەگیرا، هەروەها بەپێی گوتەی (فۆرد مادکس هفنر) ئاماژەیەکی دی ئەوەیە، کە لەوێدا جێگەیەک نەبوو بۆ «هەڵوێستی رەخنەگرانە[3] Cri-ticd attitude» (هفنر)و چاودێرانی دیکە گۆڕانکارییەکیان لە باری گشتی دوای ساڵی ١٩١٠ بینی، چون «هونەرمەندی (دڵکار - جاد) بەمانا باوەکەی، ئیدی باڵی کێشا، وەلێ هیوا براویی هەروەک لیاوەند و لۆراس-ی وەلانا، جارێکی دیکە بەسەر هونەرمەند زاڵبوو، هەر کە جەنگیش کۆتایی هات بنەو بارگەی پێچایەوە بۆ پاریس لەوێ وەکو هونەرمەندێکی ئاوارەی نوێخواز ژیا و لەوێش پێداویستییەکانی پیشە و کامڵی دەستەبەربوو.

لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە جۆوخ باوەڕێک باو بوو، کە پاریس پایتەختی راستەقینەی نوێگەرێتی بوو و لەندەنیش پایتەختی رکابەرایەتی، لەو ماوەیەدا پاریس تارادەیەک شارێکی رزگاربوو بوو و هەندێ جاریش وای پێدەچوو لەگەرەکە ئەدەبییەکان لەلەندەن کۆمەڵەیێ لەپارییەکان نیشتەجێ بن، ئەوانەی کرێی سەفەری گەڕانەوەیان نەبوو بۆ پاریس، لەراستیشدا لەوێدا پەیوەندییەکی جەدەلی پەرەگرتوو لە نێوان هەردوو پایتەخت هەر لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا هەبوو و یەکێ لە هۆیەکانی ئەو پەیوەندییەش هەڵوەشانەوەی پلەبەپلەی ئاراستەی باوی رۆشنبیریی ئەورووپی بوو بەو

پێگە کۆمەڵایەتییەی هەستکردنی بەپێشکەوتن و فەلسەفی پۆزەتیڤیزمە کەی، ئەو هەڵوەشانەوەیەی هونەرمەندی یاخود لە وردیی و دیتنی تایبەتی لە هونەر و ئینتیمای دوورخستەوە یانیش لەراوبۆچوونە تازەکەی لە پەیوەندی بەکۆمەڵگەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، ئێستا گەشەکردنەکان لە هونەری ئەوروپییەکان گرنگییەکی تازە بەخۆوە دەگرێ و ئەسکەندەنافیا و ئەڵمانیا و رووسیا رۆڵی خۆیان دەگێڕن لەکارتێکردنە سەر رووناکبیریی ئینگلیزی، بەڵام کاتێ نووسەران بەئاراستەی - ناتورالیزم (المذهب الطبیعی) و مەزەبی ئیستاتیکایی لایان کردووە، ئیدی متمانەیان بەتوانایان بۆ کارکردن یا ئارەزوویان بۆوەی لە چەقی ژیانی رۆشنبیریی ئینگلیزیی بن، لەدەستدا، لێرەدا بەتایبەت مامەڵەکردن لە نێوان لەندەن و پاریس زیادیکرد، واباوبوو بۆ نووسەران و نیگارکێشانی ئینگلیز ماوەی مەشقکردنیان لە پاریس بەسەربەرن، ئەو شارەی (جۆرج مور) لە «دانپیانانەکانی لاوێک» وێنای دەکات. هەروەها (جۆرج دومۆریێ) لە «تریلبی»و (وندام لویس) لە «تار» و (سۆمەرست مۆم) لە «لێکبەستەی مرۆیی) ئەو شارەی بۆهیمییەتی و هونەری نوێ (art nouveau) و سیمبولیزم) و قوتابخانە و بزووتنەوە جیاوازەکانی بەخۆوەگرت، پاریس کارگەیەکی هەمیشەیی نیگارکێشە ئینگلیزەکان بوو، ئەوانەی بوونە نوختەکانی پێوەندیپێکردن و هەناردن، لە ئەنجامی ئەمەشدا مەزەبە هونەرییەکان وەکو ناپورالیزم و سیمبولیزم، ئیستاتیکا و ئیمپرێشنیزم و پۆست ئیمپرێشنیزم (Post impressionism) و فوڤیزم (Fauvism)[*] و کوبیکیزم، چەندین لایەنگیریی لە ئینگلیزەوەوە دەستهێنا، ئەوانەی بەخێرایی هەرسیانکرد دوای ئەوەی هەندێ گۆڕانکاریی سەیریان بەسەردا کرد کاتێک بەمەبەستی جێگیربوون چوونە لەندەن، لەراستیدا، ئەوەی بەکردەنی روویدا لاساییکردنەوەیەکی راستەوخۆ نەبوو، بەڵکە موتربەکردنی کلتووری ئینگلیزیی بوو بەئاراستە ئەوروپییەکان. کارە خوازییەکانی (جۆرج مۆر) رەگێکی فەرەنسیان هەبوو، لەو رەگانەش هەندێ بنەمای ریالیستی و رۆحییەتەکەی هەبوو هی کارەکانی (جێمس) یا (بینت) لە هەمانکاتدا کاریگەرێتی (ئەبسن) دەبینین کە لە هەشتاکان و نەوەدەکان ئەوروپای تەنی، ئەو کاریگەرێتییە بە روونەو، ئاشکرایەی لە کارەکانی (شۆ) و (کالسورثی) و (جویس) دەبینین ئەو جۆرە هەرسکردنەی ئاراستە هونەرییەکان لە نەوەدەکان گەیشتە لوتکە، چون پێوەندیکردن لە نێوان ئەوروپا و ئینگلتەرا پتەوبوو، ئەو دەیە بەکارەکانی وەکو (راوبۆچوونەکان)ی مۆر و «وێنەی دوریان



گرای» وایلد و «بزووتنەوەی سیمبولیزم لە ئەدەبدا» ئارثەر سایمنز، دەستی پێکرد، هەر لەو دەیەیشدا سامانێک گەنجینەیەک لە بڕواو باوەڕگەلی پاریس دەبینین لە کێشەکانی ئیستاتیکاو سیمبولیزم و ئیمپرێشنیزم، کە لە جلوبەرگ و دیکۆر جموجوولە مۆسیکییەکان رەنگیدایەوە. گومانیشی تیا نییە، کە ئەو سەردەمە لە رق و قینە نەتەوەیی و خۆماڵییەکان[٦] دەرباز ببوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گەشەسەندنانە دەستبەرداری رەگوریشە مێژوویی و خۆماڵییەکەیان نەبوو، ئەو گەشەسەندنانە کارتێکراوبوون بەوەی، کە لەدەرەوە روویدەدا، وەلێ ئەو کارتێکراوییە بەشێوازی موتربەکردنی کەلتووری ئینگلیزیی بوو، کە هەردەم پارێزەری شوناس و ریتمە گەشەسەندوو جیاکەی خۆی بوو.

لەراستیدا ئەو هاوکوفییە (Symbiosis) بەبەرەی نێوان جیهانێتی و خۆماڵییەتی بوو بەلایەنێکی زۆر گرنگی جوانناسی بۆ تێکڕای ئەو ماوەیە، کە لە هەشتاکانەوە تاکو یەکەمین جەنگی جیهانی، کشا، ئەو هاوکوفییەش، بەتایبەتی شێوەی ئاڵۆزکاوی وەرگرتووە لە کارەکانی (هنری جێمس) لە بواری رۆمان و کارە شیعرییەکانی (ییتس)و (ئلیۆت)، ئێمە ناتوانین دەرک بەو کەشە ئیستاتیکییە هی دەیەی هەشتاکان بکەین بەبێ ئاماژەدان بە (هیسماس) و (مالارمیێ) و (ڤالێری) هەروەها بەبێ ئاماژەدان بە (بیتەر) و (بلیک) و کلتووری گەلی ئێرلەندی، ئەو ئاوێتەیەی جیهانیەتی و هەرێمایەتی بەردەوام بوو رێباز و بزووتنەوەکانی پاشیشی گرتەوە، بۆ نموونە (ت. ی. هلم) کە رۆڵێکی گرنگی لە بزووتنەوەی پێشوەختەی - تەسویریی - هەبوو، چاوی لەسەرچاوە فەرەنسایی و ئەڵمانییەکانە (نەخاسمە کارەکانی ڤۆکنەر)، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو پابەندبوو بە کلتووری کلاسیکی ئینگلیزی[٦] سەرنجدەدەین چۆن (د. هـ. لۆرانس) خۆماڵیی بوو بەقووڵی و ژیریی و جیهانییەکی دەسبژێرکردنانەش (انتقاء) (electic) بوو لە یەککاتدا، وێڕای ئەوەی بەجۆرێک سەرچاوەکانیشی نامۆبوون، لە رێگەی (فریدا لۆرانس) پێوەندیدەکرد بە قۆناغەکانی هەرەزووی ئینتیباعی ئەڵمانی لە میونیخ لە ماوەی بەر لە جەنگ کاتێ بەدوای ئەو بیروڕایانەبوو کە دژایەتی فەلسەفەی (نەهلستی-عەدەمیەتیان، دەکرد، (بلومسبری) بەخۆشەویستییەکەی بۆ فەرەنسا ناوی دەرکردبوو، ئەو ئاوێتەکردنەی (نێوان جیهانێتی و خۆماڵێتی)یش سەرچاوەی (پێشانگەی پۆست ئیمپرێشنیزم)، بوو کە لە ساڵی ١٩١٠ سازدرا و بەسەرپەرشتی (رۆجەر فرای) بوو، سەرچاوەیەک بوو بۆ هەرچی (هونەرمەندان) پێویستیان پێی هەبوو لە جوانکارێتییە

هاوچەرخەکانی شێوە، کە هونەرمەندان لەسەرچاوە ئەڵمانی و فەرەنسابییەکان بەدییان کرد، هەروەها لە کارەکانی (رسکن) و (بیتەر) و فەیلەسووفەکانی زانکۆی کیمبرج وەکو (ج.ی. مۆر) [٧] بەڵام قۆناغەکانی درەنگ وەختی بزووتنەوەی تەسویری لە نێوان ١٩١٢-١٩١٥ کارێگەرێتی ئەمریکی بەسەردا روون و ئاشکرا بوو (پاوەند، ئلیۆت، ه.د [*] جۆن فلیجەر) هەروەها شارێک بوو بۆ سەرچاوەگەلی زۆری فەرەنسایی، راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی (ف.س. فلنت) لە بارەی بزووتنەوەی هاوچەرخەکانی فەرەنسایی ئەو هەستکردنەی بەهەبوونی بزووتنەوەکە، خستەوە ئەو بزووتنەوەیەش لە خۆیدا ئاوێتەیەک بوو لە کلتووری رەمزی فەرەنسایی و ئینگلیزی بەڵام نووسەرە فەرەنساییەکان، ئەوانەی کاریان لەو بزووتنەوەیە کرد (سایمونز)و (لافۆرک)و (کوربیێ) و (مالارمیێ) و (ڤالێری) و (برکسۆن) و (ریمی دی کورمو) و (ئەبولونیر)، بوو لەگەڵ ئەوەشدا و وێڕای ئەو کلتووره دەستبژێرکردنە جیهانییەی (پاوەند) داینا و ئەو لێکۆڵینەوە بەراوردکارە ئەدەبییانەی لە خزمەت ئەو بزووتنەوەیە، ئەوە ئێمە باش دەزانین ئەو بزووتنەوەیە چەند قەرزباری (دۆن)و شاعیرانی دیکەی میتافیزیکی و مۆنۆلۆجی ناوەوەی (براونتک)ە کە هەرگیز ناکرێ چاوی لێبپۆشرێ[٨].

(وندام لویس) لە پاریس ژیا و نیاز و مەیلی ئاوێتەکردنی کوبیکیزمی فەرەنسایی و ئایندەگەرایی ئیتاڵیایی بوو، کە (مارینیتی) پەرەی پێدا، لەگەڵ کلتووری ئەنگلۆساکسۆنی[٩] ماوەی نێوان ١٨٩٠-١٩٢٠ بەئاوێتەکردنی بایەخدانە باوە. خۆماڵییەکان بەرێبازە بیانییەکان ناسرابوو، بەشێوەیەک مێژووی نووسین و بیری ئینگلیزی پێشتر بەخۆیەوەی نەدیبوو، ئەمەش واتە نوێگەرێتی ئینگلیزی بایەخدان و کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە و رێباز و بزووتنەوەکانیشی بەتەواوی هاوشێوەی رێباز و بزووتنەوەکانی دەرەوە، نەبوون هەروەها مانای ئەوەیە لەندەن لەو ماوەیەدا لێوانلێوبوو لە خودی ئەو ئاوێتەکردنەی بیروباوەڕو شێوەکان، کە لەسەرچاوەگەلی خۆماڵی و جیهانی تێراودەکرێ و ئەمەش کاکڵی جیای نوێگەرێتییە.

ئەوەی لە بارەی بزووتنەوەکان دەوترێ، دەکرێ لە بارەی نووسەرانیش بوترێ، ئەو ماوەیە بەوە جیابوو ئاوێتەیەک لە نووسەرانی بیانی هاتن و لەلەندن نیشتەجێ بوون (هینری جێمس) لەلەندەن جێگیربوو لە کانونی یەکەمی ١٨٧٨ نووسی:

«گەر هەڵوێستی ئەوانیدیکە لە بەرابەر لەندەن وەکو هەڵوێستی من بێ، ئەوە بەگشتی



لەندەن ژیان تێیدا ئاسان دەبێ. من وەکو هونەرمەند و وەکو کەسێکی سەلت پەسەندیدەکەم، پەسەندی دەکەم وەکو ئادەمیزادێک خودان جۆش و خرۆش بۆ سووسەکردن و تەنیا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی ژیانی مرۆییە، ئەوە گەورەترین گردبوونەوەی ژیانی مرۆییە، ئەوە پوختەی جیهانێکی چارەسازی تەواوە»[١٠] (جێمس) ئەو قەرەباڵغی و چالاکییە بەژاوەژاوانەی لەندەن قووڵیی دابووە ئاکارەکانی نێوی بەدڵاچوو، دەکرێ بڵێین وەکو ئامیزادێک جوانی ریالیستی دڵی رابکێشێ ئاوا لەندەنی خۆشویست، لەو چل ساڵەی پاشی کۆمەڵەیەک لەو نووسەرانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەنویلث و ئیرلەندا بۆی هاتبوون لەو خۆشەویستییە بەدوای (جێمس)دا چوون.

ئەو نووسەرانە لەندەنیان بەمەڵبەندێکی راکێشەری شارستانی، لەبەر چەندین هۆی هەمەلایەنە، بینییەوە، لەنەوەدەکانی (جۆزیف کۆنراد) و (هینری هارلند) و (شیڤن کرین) و (مۆر) و (وایلد) و (ییێست) و (شوم) لەلەندەن نیشتەجێ بوون ئەو کۆمەڵە ئەدیبانە لەلەندەن جێگیربوون، کە پڕاوپڕ بوو لە بزووتنەوەکانی ئینتیباعی و سروشتگەرایی و سیمبولیزم. لە ساڵانی کەمێ بەر لەشەڕیش نەوەیەکی دیکە روویان تێکرد بریتیبوون لە (ئەزراپاوەند) و (هلدادولتک) و (رۆبەرت فروست) و (ت. س. ئلیۆت)، (کاثرین مانسفیلد)و (وندام لویس).

ئەو نەوەیە بەدوای پشکنینی کارە هونەرییەکانی سەدەی بیستەم بوو، لەوێدا جیاوازی گرنگ هەبوو لە نێوان ئەو نەوانە، بۆ نموونە (هێنری جیمس)، بایەخی دەدا بەلایەنە شارستانێتییە میراتییەکانی کۆمەڵگەی ئینگلیزی، کەچی (پاوەند) وێڕای خۆ تەرخانکردنی بۆ کێشەی سیستەمی شارستانی (Cultural polity)، ئەو داڵی پشکنینە بەدوای شێوە تازەکان و نەریتە هەمەلایەنەکان، کە (لە ئینگلتەرا)[١١] هەرسکران لە ساڵی ١٩٢٠ چیدیکە لەندەن مەڵبەندی راکێشانی ئەو خەڵکانە نەبوو، چون پاریس هاتە جێی نەخاسمە بەلای نەوەی نوێی ئەمریکاییە دوورە وڵاتەکان، (پاوەند) دادوبێدادی ئەوەبوو (ئێستاکە ژیانێکی هزری لە ئینگلتەرادا نییە، تەنیا لە ژوورە بچووکە پێنج لایەکەی نەبێ، ئێستا «ریمی دی کورمو»و «هینری جێمس» رۆیشتن، ئەستێرەی (ییتس)یش ئاوابوو و ئێستا هیچ چاپکراوێکی ئەدەبی لە لەندەن نییە) ئەو هاواری ماڵئاوایەی لە «هیوسلوین مورلی» چەسپیوە و دوای ئەوەش بارگەی بۆ پاریس تێکنا، هەروەکو چۆن (فۆرد مادوکس) و (هیفر) و (فۆرد)یش بەهەمان شێوە[١٢]و «سەبارەت بەساڵانی دوای جەنگ تاکو ساڵی ١٩٢٤ یا

١٩٢٥ جموجۆڵی ئەدەبی ئینگلیزی و ئەمریکی بەڕوونی لە پاریس بەدەرکەوت زیاتر لەهەر شارێکی دیکە» هەروەک (پاوەند) ئاگادارمان دەکات[١٣] (جۆیس)و (لۆرانس) لەو ماوەیەدا ئاوارەبوون و تەوەری نوێگەرێتی زمانی ئینگلیزی نووسراو بەروونی گۆڕا، وەڵێ لەندەن هەر ئەو شوێنە بوو، کە کەلتووری نووسراو بەزمانی ئینگلیزی و کلتووری بەریتانی و ئیرلەندی و ئەمریکا تێیدا یەکتربڕو بەیەکەوە لکاون.

لێرەدا یەک شتی روون هەیە: لەسەرمانە ئەو بەیەکەوە لکانە بە رێکەوت دانەنێین، لێرەدا کێشەی خودی کلتووری فەرەنسایی هەیە، لە حەفتاکانەوە پەڕوباڵی دەسکەوتە ئەدەبییەکانی فیکتۆریایی دەستیان بەهەڵوەرین کرد (دیکنز) لە ساڵی ١٨٧٠ مرد و دوای حەوت ساڵیش (ثاکاری)مرد، لە ساڵی ١٨٨٠ (جۆرج ئلیۆت)مرد، لە هەشتاکاندا (ئەرنلد) و (براوننک)مردن و خۆزگەو هیواخوازی، دەسکەوتە ئەدەبییەکانی فیکتۆریایی و بڕوایی بەمەرکەزیەتی ئەندێشەی هونەری بەیەکەوە، رەوینەوە کتێبی «رەچەڵەکی جۆرەکان» لە ساڵی ١٨٥٤ بڵاوکرایەوە بیروباوەڕی تەواو تازەی هێنا کە کاریکردە سەر سەردەمی درەنگکاتی فیکتۆریایی، وەڵێ لەوێدا شتێک هەبوو کەم بایەختر نییە لەکتێبی «رەچەڵەکی جۆرەکان» ئەویش زێدەبوونی جەماوەرە، کە رێساکانی داهێنانی هونەری گۆڕی. ئەو بەربڵاوییە فراوانەی فێرکردن کاریگەری زۆری هەبوو لەوەی بگەنە پێگەیەکی بڵند و هەر ئەو بەربڵاوییە، کاریگەری هەبوو لەوەی خەڵکی والیێبکات سەروسۆراخی زمان و شێوە رەسەنە هونەرییەکان بکەن، لە دەیان ساڵ پاشی بزووتنەوەی رۆشنبیریی ئەدەبی ئینگلیزی رەوتێکی دیکەی گرتەبەر[١٤] ئەو پێشوازییە گەرمەی نووسەرانی ئینگلیز لە رێبازە بیانییەکان دەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییە بوو، کە دارمانی بەرفراوانی بڕوا میراتییەکان و نەریتە جوانناسییەکان و ئەخلاقییەکان لەگەڵ خۆیان هێنایان، لەوکاتەی نووسەرانی بیانی کاریگەرێتییەکی گەورەیان (بەسەر نووسەرانی ئینگلیز) جێهێشت، ئەو ئامادەبییەیان هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی دوونەوە، یا رەنگە سێ نەوە لە ئەدیبە دیارەکانی ئینگلیز هەر لەسەردەمی رۆمانسی و سەردەمی زووی فیکتۆریایی، پەیدابوونیشیان بۆ بەدەنگەوەچوونی پێداویستی هەڵسەنگاندنە، لە کۆی ئەو ناوانەش، تۆماس هاردی و ساموێل بتلەر و جۆرج کسنک و ئەرنست داوسن و ئارثەر سایمۆن و د. ه. لۆرانس و ی. م. فورستەر و فۆرد مادۆکس فۆرد و ئارنلد بینت و ج. ویلز و ت. ی. هلم ولێن ستاریجی و فرجینیا وۆلف و دوروثی ریچاردسن. ئەوان نووسەرانێ بوون جیاواز لە مگێنز و مەرامیان،



وەڵێ ئەوەی یاریدەری یەکگرتنیان بوو، ئەو هەستە قووڵەیان بوو بەدابڕانیان لەرابردوو و بڕوابوونیان بە زەرورەتی دووبارە داڕژتنەوەی هونەر، لەراستیدا لەوێ خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی نوێگەرێتی ئینگلیزی هەبوو و ئەو خەسڵەتەش لەژێر کاریگەرێتی ئەو نووسەرانە دابوو، کە بڕوایان بەکۆتاهاتنی سەردەمی فیکتۆریایی و هاتنەئارای سەردەمێکی نوێ لە کۆمەڵگە و هونەر و بیردا، هەبوو، جا لە ئاکامی ئەو بڕوایانە لەندەن چەندین بارگرژی لەرادەبەدەری هونەری، بەخۆوە دیت لە ماوەی ساڵانی یەکلاکەرەوەی لەنێوان ١٨٨٠و ١٩٢٠، ئەوانەی ئەو بارکرژیەیان نایەوە هەر ئەوانە نەبوون، کە بەوە قایلبوون بە «نوێخوازان» ناویان بەرن، بەڵکە ئەوانەیش بڕوایان بەئەزموون و گەشەسەندن و رزگاربوون بوو سازیاندا، لەراستیدا لەوێدا ئاراستەیەک هەبوو بۆ دووبارە داڕژتنەوەی ئەزموون و شێوەکان لە کۆتایی سەدەی رابردوو لە ئینگلتەرا، هەروەها لەوێدا هەستکردن بە (گرنگیەتی) ئەزموون هەبوو، کە لەڕووی تەقلیدییەوە بەنوێگەرێتی وەسپی دەکەین، کەچی نوێگەرێتی بەتەنیا ئەو لەتە بنەڕەتییەی نێوی پێکدێنێ.

-٢-

ئایا لێرەدا هۆی دیاریکراو هەن وای لەلەندەن کردبێ بەدرێژایی ئەو ماوەیە نەک هەر نووسەرانی دوورە وڵات لە دەرەوە گلبداتەوە، بەڵکە تەنانەت ئەو نووسەرە ئینگلیزانەش ئەوانەی گرووپکارانە لە کۆمەڵە و ئەڵقە خۆیان دەنواند: ئەو کات لەندەن، هەروەک (جێمس) دەڵێ: جیهانێکی بچووککراو بوو فۆلکلۆری تایبەت بەخۆیشی هەبوو، هەروەها وەکو بەشێک لە راکێشکردنە بنەڕەتییەکەی، گەورەترین شاری جیهان بوو بەجۆرێک بەرفراوان دەبوو لە ئاسا بەدەر و دیمەنگەلی دیاری شارستێنی و تەکنەلۆجیای شەنگی، بەرهەمهێنا لە ماوەی نێوان شەستەکانی سەدەی رابردوو و کۆتاییەکانی دانیشتوانی لەندەن نزیکەی لە سێ ملیۆن و نیو زیادی کرد بۆ شەش ملیۆن و نیو، ئەمەش یەکێک بوو لە هۆیەکانی شۆڕشی پیشەسازی و بازرگانی لەوێدا، بەروبوومی ئەو شۆڕشە شەقامەکانی پڕکرد، لەبەرئەوە رووکاری تەکنەلۆجی شارەکە هەستکردن بە گەشانەوە و هاندان دەخولقێنێ، لەندەن بوویە مەڵبەندێکی رۆشنبیریی نیشتمانی ئینگلیزی و وەکو یەکەمین گەورە شارێ لە ئینگلتەرا، خۆی دەسەپاند، سەروەریی تەواوی هەبوو لە گەیاندن و بازرگانی و دراوکاریی و لەزۆرترین شێوازەکانی چالاکی رۆشنبیریی هەر ئاوایی، لەوەوە یا لەڕێی ئەوەوە رۆژنامە و

کتێب و بیروباوەڕی سەدە بەگشتی هاتنە ئاراوە، شارێکی گەورەبوو دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی خۆجێیی (Buryher City) هەبوو، وێنە باوەکەی ئەوەبوو شارێکی رەسەن بوو، بەڵکە هەست دەگەوجێنێ، شارێکە چینی ناوەڕاستی تیا نیشتەجێیە، شارێکە بەمتمانەیەکی بەرز و بازرگانێتی فراوان و سەقامگیرییەکی کۆمەڵایەتی ناسراوە کە هیچ سەقامگیرییەکی دیکەی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی پایتەختەکانی دیکەی ئەوروپی شان لە شانی نادات.

گومانی تێدا نییە، لەندەن لە هەمان شڵەژاویی سیاسی و کۆمەڵایەتی نە ژیاوە، کە شارەکانی دیکەی تیا ژیان، لەگەڵ ئەوەشدا، لەو زەمانە، بە زەمانی دووبارە رۆنانی کێشە کۆمەڵایەتی و هزرییەکان، دانرا. (رۆبەرت برۆک) دەڵێ: لە کۆتایی ماوەی ئەدواردییەکان، واتە لە ساڵی ١٩١٠ «ماشێنی ژیان و ئەقڵیەتەکانی هەموو چینەکان و پیاوان، نەوە یەک لەدوا یەکەکانی بەناسانایی دەرکپێکردنی رەهەندەکانی، گۆڕی، من نازانم داخوا پێشکەوتن مسۆگەرە، هەرچی دەیزانم ئەوەیە گۆڕانکاریی هەیە» ئەوەی هاندەری ئەو متمانەیە و ئەو هەستکردنە بەگۆڕانکاریی ئەوەیە لەندەن شارێکی نیشتمانی تەنیا بۆ ئینگلیز نییە، بەڵکە شارێکی جیهانیشە. پایتەختی ئیمپراتۆریایەک و مەڵبەندێکی بازرگانی جیهانی بووە، (بیدکر) سەرنجی داوە، کە ژمارەی ئوسکوتلەندییەکان لەوێ زۆرترە لە ژمارەی ئەوانەی لە (ئەبردین) دەژیان و ژمارەی ئیرلەندییەکانی ئەوێ لەسەرووی ژمارەیانە لە (دبلن) و ژمارەی کاسۆلیکەکانی ئەوێ لە ژمارەیان لە رۆما زیاترە «شاری جیهان» بوو، هەروەک (ئاسە برۆک) دەڵێ، شارێک بوو هەرچی شارەکانی دیکە پێویستیان پێهەبوو کۆمەکی دەکردن و مەڵبەندی رووناکبیریی و بڵاوکردنەوە و سەرمایە و پیشەسازکاریی کەشتی بوو، مەڵبەندی گلدانەوەی کۆچبەران بوو لە ناوەوەی ئینگلتەرا و ناوچەکانی دیکەی جیهان[١٥].

لەندەن شاری ناکۆکییە بنەڕەتییەکان و تێکەڵییەکی ئاڵۆزیی لەخەڵک بوو ناکۆکییە بەرچاو کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجیکانی، (هـ. ج. ویلز) لە رۆمانەکەی «تونو بنکای» کە دیقەتی دایە تایبەتمەندێتی دیاری شارە کە لە نەشونما و زێدەبوونی لەرادەبەدەر هەر بەکەرتبوونی خانە دەچێت دەڵێ: «ئەو شوێنەیە هیچ ئاستێک سنوورداری ناکات بەتەواوەتی و بەو ئیحائانەی هاندان چ رادەیەکیان نییە، شوێنێکە مانا شەنگە پەنهانەکانی تێدا زێدەتر دەبێ» سەقامگیریی شارەکە، سەقامگیرییەکی رواڵەتیانەبوو، لە ناخیدا بزاڤێکی نەرمونیان و سەرسوڕمێنی شاردبۆوە، گەر شێوازی مامناوەندی ژیانی تێدا جێگەی ئێرەیی بێت بەلای جیهانەوە (رۆبەرت هوفر وای وەسپکردووە) تاکو ساڵی ١٩١٤ (قەشەنگترین



شوێنی ژیانە لە جیهاندا) و گەر ناوهێنانی بەدەسکەوتە چڕە رۆشنبیرییەکان گرێدراوبێت، ئەوە بەرفراوانێتی و جەماوەرەکەیشی ناوداربووە.

هزرڤانە کۆمەڵایەتییەکان و نووسەران رووبەڕووی گرفتەکانی گوزەران لە دەوروبەری شاردا بوونەوە، ئەو دەوروبەرەی (کسنک) بە «دۆزەخ» وەسپیکردووە، لەلایەک نزیکتربوو لەوەی دارستان بێت یا هەڵدێرێکی نووتەک، لەلایەکی دیکەش مەڵبەندێکی شارستانی بوو، هەروەک ژەنەراڵ، (ولیەم بووت) دەڵێ: سەرکردەی سوپای رزگاریی لە کتێبەکەیدا، ناوی «تاریکایی لەندەن و چۆنیەتی دەرچوون لێی» (١٨٩٠)، کە وەسپی گەڕەکی (ئیست ئەند) لە کۆتایی سەدەی رابردوو، دەکات، کاتێ جەماوەر بووە کێشەی سەرەکی نووسەران و کاتێک پرسی چاکسازیی کۆمەڵایەتی باڵی کشا بە سەریانا، هەرهەموویان لە بارەی ناکۆکییە تیژەکانی ناو شارستانی، دەئاخاوتن.

زانایانی کۆمەڵناسی لەناوچە هەژارەکانیان کۆڵیەوە و گەڕەکی (ویست ئەند) بەگەڕەکی (ئیست لەند) کە بەهەژاری و پشێویی و فرە زمانی بیستراو لێی (Polyglot) ناسراوە، بەراورد دەکەن.

(جاک لندن)ی ئەمریکی سەردانی ئەو گەڕەکەی کرد، بەخۆگۆڕیی لێی خولایەوە.

ئینجا دوای سەردانەکانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (نیشتەجێبووانی دۆزەخ)(١٩٠٣) وەسپکرد هەروەها (شۆ)ش لە کۆمەڵە شانۆگەرییەکانی بەناونیشانی «شانۆگەرییە ناخۆشەکان» (١٨٩٨) لەو گەڕەکەی کۆڵیوەتەوە، لەوکاتەدا وێنەکانی بڵاوبوونەوە و فراژیبوونی هەرەمەکی بناخەی رۆشنبیریی بوون، ئەو وێنانەی بەدەوری خۆیان یاریدەرن بۆ راڤەکردنی چالاکی هزری ئەوکات و مسۆگەریشە گەلەک کرۆکی هاوچەرخی نووسینەکان، دێنێتە ئاراوە.

بەم جۆرە دیمەنی شاری لەندەنی تەژی لە ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان بوو بەبابەتێکی گرنگی ئەدەبی و سەرچاوەیەک بۆ شێوە تازەکان، هۆی ئەمەش ئەوەیە نووسەرانیش وەکو خەڵکی دیکە، کەوتنە ژێر کاریگەریی شار و لەگەڵ تەوژمی کۆچکردن رێیان بۆی دەبڕی. ئەو کۆمەڵە نووسەرانە هەستیان بەتەنیایی و گۆشەگیریی و نائومێدی و هیوا کرد، کە ژیانی شار جوێ دەکاتەوە. ناتوانی چێژ لە جوانی بکەی گەر هاتوو زۆر شۆخو دەلال نەبووی و ناشتوانی زۆر شوخۆدەلال بی و باشترین ئەوەی لاتە بەدیاری بخەی، گەر هاتوو کەسایەتییەکی شارییت نەبوو، بەم جۆرە سروشتگەرایی و ئینتیباعی و رۆمانی رەمزی هاتن

و ئەو هەمـوو قـوتابخـانە و ڕەگـەزە ئەدەبییـانەش بەدەوری ئەو بابەتگەل و ئەزمـوونانە خـول دەخۆن، کە لە شارەوە سەرچاوەی گرتووە.

(جێمس) لە پێشـەکی ڕۆمـانەکـەی «شاژنە کـاسـامـاسـیـمـا» (١٨٨٠) لەوکـارەی دەدوێ هەروەکـو لە لەندەنەوە سـەرچاوەی گـرتبێ «دۆزینەوەی هێـورانەی لەندەن و لەو هێـرشـە ڕاستەوخۆیەی شارەکە دەیکاتە سەر ئەندێشەیەکی خێرا وەڵامدەرەوە بەتەواوەتی بەشی زۆری لێی ڕاڤە دەکەن» لە هەمان ساڵدا ١٨٨٦ (کسنک)، کە خودان باکگراوەندێکی کۆمەڵایەتی و ڕوانینی بۆ ژیان، جیاوازبوو، «دیمۆس»ی نووسی، کە یەکێ بوو لەو ڕۆمانە سروشتیانەی پشتی بەستبوو بە کەشی لەندەن، هەروەک چۆن ڕۆمانەکانی (زۆلا) پشتی بەستبوو بەپاریس و شارەکانی دیکەی فەرەنسایی.

لەندەن ئەو دەودەوانێ و ناکۆکییە سەیر و ناڕاستەقینانەی ناسکردبوو، کە لە ڕۆماندا هەر لە (دیکنز)ەوە، ڕەنگی دایەوە، ڕۆمان لە نێوان دووتای سروشتگەرایی و ئینتیباعی، ڕیالیستی و سوریالی، جەبریە (Deterxeminism). حەتمییەت – ئەو ڕێبازانەی لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو ناسکران، دابوو.

(کسنک) مامەڵەیەکی سروشتی لەگەڵ لەندەن کردووە هەروەک چۆن (ئارثەر موریسن) لە ڕۆمانەکەی بەناوی «چیرۆکی شەقامە بەدەکان» (١٨٩٥)و (سۆمەرست مۆم) لە ڕۆمانی «لیزا من لامبث» (١٨٩٧)و ئەوانیدیکە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە لەوێدا سێبەری ڕێبازی جوانناسی بەسەر هەندێ کاری شیعریدا شکاوەتەوە، کە بەهاو شێوەی شێوازی (وسلەر) هاتوون و ماوەی نەوەدەکانی جوێ کردەوە و چاکترین نموونەش لە قەسیدەی (ڕیچاردلی کالین) بەرچاوە، کە دەڵێ:

**لەندەن، لەندەن، ئەی شادیمان**
**تۆ گەورە گوڵێکی تەنیا شەوانە دەپشکوویی**

شاعیر لێرەدا ئاوا مامەڵە لەگەڵ شاری لەندەن دەکات هەروەکو پارچەیەک لە گوند، لە هەمانکاتدا ستایشی هونەری تازەی شار دەکات، ناپورالیزم و ڕێبازی جوانیناسی لە ڕۆمانی تۆباوی، ئەندێشـەگەرایی. بەیەکدا دەچن لەوەی (ولیەم مۆرس) نووسی بەناونیشانی «هەواڵی بێ جێگا» (١٨٩١) ئەو گەلەک لە کەشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەخاتە سەر شاری شپرزەی لەندەن، (هۆلبرۆک جاکس) باسدەکات گەلەک لەو نووسەرانەی نەوەی



نەوەدەکان جەختیان لەسەر (ڕۆمانتیکیی) لەندەن کردۆتەوە ئەو خۆشەویستییەیان بەنوێیەتی دۆزیبیانەوە بۆ هەرچ دەستکردە تیایدا[١٦].

هونەرمەندی پەپکە خواردووی داخراو لە شار هەوڵیدەدا ئەوەی هاتۆتە ئارا لە تەکنیکی هونەری، واقیعی شەکەت و ناواقیعی نامۆو شێوەکان و جەماوەر و لێکدوورکەوتنەوەی خەڵکی لە یەکدی و کارگەل گەندەڵ و سراوەکان، وێنا بکات، یایەخدانیشی بەمە زۆرتربوو لە بایەخدانی بەدەستنیشانکردنی لایەنە مرۆییە باشەکانی.

بەهۆی ئەو بایەخدانە. شاری لەندەن هەروەکو سەبارەت بەنیویۆرک شارێکی گەورەی نوێگەرێتی دەنواند، شارەکە کارابوو لە بڵاوکردنەوەی هونەر و چارەی سەروبەرکردنی بڵاونەبوونەوەی[١٧] ئەو کێشانە بوونە بەشێک لە کارە درەنگوەختەکانی نوێخوازیی، کە شاری وەکو سەرگەیەکی شارستانی بەکارهێنا و ئیتر شارستانێتی کۆنی بەشارستانێتی هاوچەرخ بەراورد دەکرد و هەرچییەکی لە دوو توێدایە لە ئیحاکان.

یەکێک لە سیفەتە دیارەکانی نوێگەرێتی لەلەندەن، بە بەراورد لەگەڵ هاوتاکەی لەنیویۆرک، بریتییە لە مەیلی بۆ هیوا براوی شارستانێتی بەهۆی ئەو ناکۆکییانەی تیایەتی، (کۆنراد) لە دوو بەرهەمی خۆی بەگاڵتەوە ڕوونیکردۆتەوە، یەکەمیان «جەرگەی تاریکایی» (١٩٠٢) کە تاریکایی دەوراندەوری لەندەن وێنادەکات و دووەمیش «بریکاری نهێنی» (١٩٠٧) کە تیایدا لەندەن وەک «شارێکی کێوییانە مرۆگەلێکی زۆرتر لەوەی لە هەموو کیشوەرەکاندا هەن تێیدایە.. چڵێسانە ڕووناکی جیهان هەڵدەلووشێ» ئینجا دوو وێنەی دژبەیەک دەخاتەڕوو، وێنەی ڕژێم و دیسپلینی توند دەهەمبەر وێنەی ئاژاوە، لەگەڕەکی (ئیستدئەند) خۆی دەنوێنێ، ئەو وێنەیەش دوای شەڕ زێدەتر خەمۆکیانەبوو، هەوڵدانی (پاوەند) بۆ هێرشبردنە سەر لەندەن لە «هیوسلوین موبرلی» لەو مۆرکە بازرگانییەی شار و بەفیڕۆدانی ڕۆشنبیریی تیایدا سەرچاوەی گرتووە، لە «وێرانە خاک» (ئلیۆت) ئەو وێنەیە فراوانتر دەکات و وا لە لەندەن دەکات گەورەترین شاری ئیمپراتۆریای چاپووکە لە بوارەکانی بازرگانی و سیاسەتدا، ئەمەش شکۆمەندی ئیمپراتۆریای بێزەنتیمان وەبیر دەخاتەوە، لەبەرامبەر ئەمەشدا دیوەکەی تری لەندەن دەبینین.

شارێک جگە لە وێرانە و کاولگە و تاوەری کەوتوو، ئەویش تەنراو بەهۆزە شالاو بەرەکان(١٨) شارێکی چۆل و هۆڵ بوو، هەستکردن بەکۆششکاری و فشاری شارستانی لەخۆیدا پێداویستی بۆ هونەرمەندێ ڕاڤە دەکات، هونەری وێنە و پریشکەکان، هونەری ئەو

زمانەی ئاژاوە و خراپ بەکارهێنانی پیسی ناکات، ئەوەی شاری نوێ ئابلۆقە بدات و بەزولاڵیەتێکی نوێ لێیەوە هەڵبقوڵێ..

-٣-

بایەخدان بەشار و بایەخدان بەشێوە و شێوازە تازەکان، بێگومان دووکاری بەیەکەوە بەستراون، بەشێوەیەکی پتەو، هەروەک (هوبرۆک جاکسن) پێی وایە نوێگەرێتی بەسروشتی خۆی دیاردەیەکی شارێتییە و «بەرهەمی ئینگلتەرا نییە، بەڵکو بەرهەمی شاری لەندەنی جیهانییە» بەپێی گوزارشتی (جاکسن) نوێگەرێتی لەسەر چالاکی ئەو دەستە و گرووپە هونەرییە فراوانە هەستایە سەر پێ، کە لەشاردا ژیان و دەستیان گرت بەسەر دیمەنی رۆشنبیریی ئەو ماوەیەی ئێمە مەبەستمانە سەرنجدەدەین لەو ماوەیەی بەر لە جەنگ، دوو قۆناغی نوێگەرێتی ئەو دەستە و گرووپانە بەرهەمیان هێناون، قۆناغی یەکەم پەیوەستە بەماوەی نەوەدەکان کە زادەی ئەو بزووتنەوانەیە وەکو ئیمپرێشنیزم و سیمبولیزم، بەڵام قۆناغی دووەم پەیوەستە بەماوەی نێوان ١٩٠٨-١٩١٤ چون بزووتنەوەکانی وەکو پۆست ئیمپرێشنیزم و فوڤیزم و ئایندەگەرایی و دەوامییە، کەوتە بەر دیدە، دەستە هونەرییەکان، لەهەردوو قۆناغدا دەستیان کرد، بە گەلەکۆمەیی و رکابەری یەکتری و بابەتگەلە هێمنەکانی نوێگەرێتی وەرچەرخان بۆ کێشەی گەورە و کۆوار و رۆژنامەی نوێ پەیدابوون و گوزارشتیان لە راو شێوە تازەکانی هونەری دەکرد و دیاردەکانی توڕەیی و بەیەکهەڵشاخان، کە بەچالاکییەکانی بزووتنەوەی پێشەنگان بەتەنیا پەیوەست بوو بوون؛ دیمەنگەلی باوی دیمەنی لەندەنی، ئەو دوو قۆناغە کلتووریێکی گەورەی میللیان لە دوای خۆدا جێهێشت، هەروەها بەڵگەنامەی ئەوتۆ، کە ئەو پیاهەڵشاخانەی ئەوکاتی تۆمارکردبوو، جێهێلا، (هولبرۆک جاکسن) ماوەی نەوەدەکان وەسپدەکات و دەڵێ:

ژیانی ئەزموونگەریی لە نێو گێژەنێکی بیروباوەڕە تێکچڕژاوەکان رێی دەکرد، کە ئاسۆی پڕاوپڕ کردبوو، شتەکان ناراستەقینە دیاربوون و لەوێدا گەلەک دیدگا هەبوون، دەیەی نەوەدەکان بەهەزاران، بزووتنەوەی بەخۆوە دی، خەڵکی وتیان ئەوە «ماوەی گوێزانەوە»بوو و بڕواداریش بوون بووە ئەوان لە (سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بۆ یەکێکی دیکە رەتنابن، بەڵکە لە سیستەمێکی ئەخلاقی بۆ یەکێکی دیکە، لە



شارستانێتییەکەوە بۆ شارستانێتییەکی دیکە...[19]

ساڵانی یەکسەر بەر لەجەنگ، کلتووریێکی خرۆشێنەری میللییان هێنایە ئاراوە، کۆمەڵە بزووتنەوەیەکی نوێکردنەوە، هەروەک (مادوکس هیفر) باسیدەکات و زیاتر دەڵێ: بەهەق رەوشەکە بە «جیهانێکی کراوە» دەچوو، گەر هاتوو چارەکە سەدەیەک سەرقاڵی رامان بوون لە کلتووری (ئەنگلۆساکسۆنی)، هیچ ئاسەوارێکی هونەری هۆشیاریی تیا بەدیناکەی، تۆش سەرت سڕ دەمێنێ کاتێ ئەو مەخلوقاتە لاوانە تەنیا گەشە نادەن بەتیۆرەکانی نووسین و هونەری شێوەکاریی، بەڵکە برێکی زۆریش لەوەی، کە دەکرێ ناوی بنێین «پشتیوانیکردنی جەماوەری»[20] بەدیبکەی.

لەوێدا ماوەیەکی دیکەی گرنگ هەیە لە بیستەکان روویدا، کاتێ پەیوەستدارێتی بەماوەی بەر لە جەنگ، پووکانەوە و نووسەرانێکی زۆریش لەندەنیان جێهێشت و، لەمەش گرنگتر ئەوەبوو کاتێک مەزنترین کاری نوێکارە کلاسیکییەکان، کە بەزمانی ئینگلیزی نووسراون، وەکو «وێرانە» و «یۆلیسیۆس» بەدیار کەوتن، روونبۆوە زۆرێک لە رەگەزەکان بەردەوامیەتی لەدوو توێی ئەو بزووتنەوە چالاکانە هەبوو، وێڕای ئەوەی ئەو چالاکییە یەکسان بوو بەچالاکی ماوەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، کە زۆر لە رۆحی رۆمانسیی دوورکەوتەوە هەروا یەکسانیشە بەچالاکی ماوەی بووژانەوەی کلاسیکیی نێوان ١٩١٢و ١٩١٤ سەرەڕای ئەوەی ئەو چالاکییە یەکسان بوو بەچالاکی خولیای عەدەمی گاڵتەجاریی، کە ماوەیەکی زۆر دوای شەڕ باڵی کێشابوو.

لێرەدا چەندین مەحەک هەن لە رێگایانەوە دەتوانین زیندوویەتی ئەو ماوانە (ئێمە چاو لە بیرەوەرییەکان Memoirs دادەپۆشین، چونکە بەڵگەی باش نین) هەڵبسەنگێنین لەو رشتەی، ئەو مەحەکانەش تاقیکردنەوەمان بۆ ئامادەگیی گردبوونەوە و ئاراستە و گۆوارەکانە، کە بواری رەخساند بۆ وەدەرکەوتنی ئەو چالاکییانەو پشتیوانیکردنیان. ماوەی نەوەدەکان ئەو ماوەیەبوو گردبوونەوە و کۆڕ و کۆمەڵە تازەکان لەڕووی پەیوەندییەکانی نێوان نووسەر و جەماوەر، زێدەتربوون، لە کۆی ئەو کۆمەڵانەش، کە لە قاوەخانە و مەیخانەکان دەبەستران و لە یاد ناچنەوە کۆبوونەوەی یانەی شاعیران (Rhymers'cliab) بوو، کە (ییتس) و (ئەرنست رایس) دایانمەزراندو چەندین ناوی بەخۆوە گرتبوو، لەوانە (لونیل) جۆنسن) و (ئەرنست داوسن) و. (جۆن دیفدسۆن) و (ریچاردلی کالین) و (سلن ئیمج) و (ئارثەر سایمونز) دانەری کتێبی «بزووتنەوەی

سیمبولیزم لە ئەدەبدا» و پێشکەشی (ییتس)ی کرد، ئەو کتێبە دوایی زێدە بایەخ پێدرا، لە رێگەی ئەوەوە (ئلیۆت) (لافورک) و (رامبۆ) و (فیرلین)ی[21] ناسی، (پاوەند) ئەو کۆمەڵەیە لە «موبرڵی» وێنادەکات کاتێ لە برگەیەکی هەڵنراو لەسەر دژیەکی رووالەتیانە دەڵێ: «وێنەیەکی تێراو بە تەجەرود بەسەر مەستییەکی هاتوو لە باخۆس و خوداوەندی سەماو کڵێسە» (رەنگە ئەو «وێنە»یە وێنەی «سلوین» بێت) برگەکە لێلاوییە، کە هەردەبێ پاوەند خۆشی ویستبێ (لێلایی)، (ییتس) باس لەو دەستەیە دەکات لە بیرەوەرییەکانی بەناونیشانی «هەڵتەکاندنی دەسماڵ» (١٩٢٢) لەو بیرەوەرییانە دێنێتەوە یاد، «لە رووی سەرەوەی زەوینە لماوی ژوورێکی چێشتخانەی «جیشایر جیز» لەناوچەی «ستراند» (ییتس) لەو بیرەوەرییانەدا ئەوە وێنا دەکات، چۆن لە شاری لەندەن رێی دەکرد، کە چەند دەستەیەکی دیکەی لە سۆفیگەران و رۆمانییەکان و سۆسیالیستەکانی لێ بەدیدەکرد و هەر ئەمەش بوو بە هەق ئەو ماوەیەی جوێ دەکردەوە، وەلێ زانیاریمان لە بارەی ئەو ماوەیە زێدە بەدیقەتترە گەربێ و سەیری ئەو رۆژنامە نوێیانەمان کرد، کە لەو ماوەیەدا دەردەچوون وەکو رۆژنامەی (بودلی هید) هەوەڵجار (جۆن لین) و (ئلکن ماثیۆ) بەرێوەیان دەبرد بەرلەوەی جیابینەوە دوایش بێ بەگرنگترین بڵاوکەرەوەی هەرچی نوێ بوو لەو ماوەیەدا.. لە هەمان ماوەدا رۆژنامەیەکی دیکە بەناوی «یلوبوک» بەدەرکەوت لە ساڵی ١٨٩٤ تاکو ١٨٩٧ بەردەوام دەردەچوو، سەرنووسەرەکەی (هینری هارلند) بوو یەکێ بوو لەو غەوارە ئەمریکییانەی کاریگەری ئەدەبی فەرەنسی لەسەربوو، دەرهێنەری هونەریشی (بیردسلی)بوو، کە ماوەیەکی کەم کاری تیاکرد و ئەو رۆژنامەیەش کاری گەلەک نووسەری بڵاوکردەوە هەر لە (هینری جێمس)ەوە تاکو دەگاتە (بیربوم)[22] (بیر دسلی) چووە گۆڤارێکی دیکە بەناوی «سافوی» بڵاوکارێک بەناوی (لیونارد سمندرز)دایمەزراند، ئەو گۆڤارەش هەرچی (فیرلین) و (بیردسلی) و (شۆ) و (کۆنراد) بەپەسەندیان دەزانی بڵاویدەکردەوە، لەو گۆڤارەدا هەروەکو لە گۆڤارە رکابەرەکانی دیکە «دوم»، ئەوەی لە سیمبولیزم زێدەترە دەیبینین، هەندێ کارو بەرهەمی کە رۆژنامەی وەکو «نیواج» و «نیورفیۆ» بڵاویان دەکردەوە، لە دایکبوون زانی بزووتنەوەی تازە و مردنیشیان بوو.

ماوەی نەوەدەکان بەسیمبولیزم و سروشتگەرایی تەنرابوو، بەمەزەبی جوانیناسی و بەهۆشیاریی کۆمەڵایەتی، بەنائومێدی و ئەو هیوای لە کارەکانی (نیچە) و (ئەبسن)



دابوو، جا گەر هەندێ کەسایەتی هەڵاتن یا مردن یا لە نووسین دابڕان لە کۆتایی سەدەکە، ئەوە مانای ئەوە نییە نوێگەرێتی وەستاوە، بگرە بەپێچەوانەوە دووبارە دەبینینەوە لە کارەکانی نووسەرانی وەکو (جێمس) و (ییتس) و (کۆنراد) دەژیێن، ئەوانەی جەختیانکردە سەر رۆحی سیمبۆلیزم و ئینتیباعی لە نەوەدەکان و بەردەوامیش بوون بە کۆمەکیکردنی سەدەی بیست بەئەزموونە تازەکان، بەهەقیش، ئەو گەشەکردنە روون بوو لە کارەکانی زۆرێک لەو نووسەرانەی جێگەیەکیان لە «جیهانی کراوەی» هیفرز جیهانی ماوەی نێوان ١٩٠٨و ١٩١٤، بۆ بینیەوە.

وێرای ئەو سەرەتاییە متەوازیعەی ساڵانی بەرایی سەدەی بیستەم، وەلێ مسۆگەرە، کە زۆرێکی لەو مگێرانە گۆڕی، پلەی هەڵگەڕانەوە یا پاشگەزبوونەوە زیادەڕۆیەکی زۆری تیاکرابوو، هەروەک (ریچارد ئەلمان)[23] دەڵێ، لە سەرەتای ئەو سەدە هەویری زۆر لەو بیروباوەڕ و رایانە لەهەردوو جیهانی فەلسەفە و سیاسیەت و لە چالاکییە تازەکانی هونەری – بەتایبەتی لە بواری رۆماندا، هەڵچوون، لە ماوەی نێوان ١٩٠٠–١٩٠٥ بۆ نموونە، کارە زێدە نوێکارەکانی (جێمس) بڵاوبوونەوە، کە بریتی بوون لە «باڵەکانی گەوجێتی» و «کاسەی زێرین» هەروەها کارەکانی دیکە وەکو «لۆرد جم» و «نوستر ومو»ی کۆنراد و «ئەو شوێنەی فریشتەکانی لێدەترسن»ی، (ی.م. فورستر) لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی نێوان ١٩٠٨و ١٩٠٩ بووژانەوەیەکی دیار و بەرچاو هەبوو لە چالاکی پێشەنگانەی ئاراستەکراو دژ بەمەزەبی ریالیستی لێرەوە ماوەیەکی نوێ هات و هونەرە جیاو فرە رەنگەکان تیا هاوڕازبوون و مەبەست و نەریتیشیان نوێبوونەوەی – ئەدەب و مۆسیقا و نیگارکێشان – بوو، هەرچی گونجاوبوو بۆی لە شتە هاوچەرخەکان دەیبژارد، ساڵی ١٩٠٨، کە (ماتیس) بە ساڵی کۆبیکیزمی ناوبرد «سەرکردەی پێشوەختە»ی (ت. ی. هلم) و (پاوەند)ی بەخۆوە بینی، هەروەها سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری «ئنکلش رفیو»، کە (فورد مادوکس هێفرز) دەریدەکرد تێیدا بەهرەی دنیا دیتەکانی وەکو هاری – و – د. هـ. لۆرانس – و – وندام لویس – و – پاوەند ئاوێتە بوون، کە لەو ساڵەدا گەیشتە لەندەن.

«ئنکلش رفیو» یەکەم گۆڤاربوو چاوی خستبووە سەر ئەدەبی نوێکار، دوای ئەویش گۆڤاری دیکە بەهەمان رەوت هەنگاویان نا، ساڵی ١٩٠٩ش «قوتابخانە»ی (ت.ی. هلم) لە (چێشتخانەی تاوەری ئیڤل) لە دایکبوو و، ئەندامەکانی گفتوگۆیان لەسەر وێنە

هونەری و کلاسیکییەکان دەکرد، ئەو قوتابخانەیە چاکەی زۆری بەسەر پەرەگرتنە هونەرییەکانی پاشی هەبوو، ئێستاش مگێزەکان وەرچەرخان بەرەو نوێبوونەوەی هزری و ئەزموونگەلی فرە بەرز و نمایشی هونەری کەرنەڤاڵی جوانیی، هەروەک (ر. ئە. سکوت. جێمس) کە لەو ماوەیەدا ژیا، دەڵێ:

بارودۆخەکە بەجۆرێک بەو ڤیستیڤاڵانە دەچوو، کە دەنگ و زرمەی دەهۆڵ و فیکە تێیدا دەزرنگێنەوە و جلوبەرگی درەوشاوەشی تیا نمایشدەکرێ. نمایشێک بوو بۆ ئەو کارە هونەرییانەی سەر بەماوەی پۆست ئیمپرێشنیزمە، کە هەمان ئەو مۆرک و ئامانجانەی هەبوو هی ڕێپێوانی ئافرەتان، ئەوانەی داوای بەخشینی مافی دەنگدانیان دەکرد بۆ ئافرەت و لەبەردەم مەڵبەندی حکوومەتی بەریتانیایی دەڕۆیشتن(٢٤).

پیشانگەی ئەو کارانەی سەر بەماوەی پۆست ئیمپرێشنیزم بوون لەساڵی ١٩١٠ سازدرا، ئەو ساڵەی ئەدوارد شا کۆچی دوایی کرد، گۆڤاری «نیوایج»، کە لە نەوەدەکان دەردەچوو و دوایی وەستاو (ئە. ر. ئورنج) هات و دووبارە دەریچواندەوە، ئەو گۆڤارە دەرەنجامێکی خستەڕوو، کە دەڵێ، سەردەمی فیکتۆریای دوماهی تا هەتایە بەکۆتا هات سەردەمێکی نوێ هاتە ئاراوە(٢٥) ئەو هەستە لە نێو خەڵکیدا بێشومار بڵاوبووەوە، (ڕۆبەرت روس) ئەو ساڵانە بە «ساڵانی شۆڕشی جۆرجیایی»(٢٦) ناو دەهات، ئەو شۆڕشە تەنها شیعری جیۆرجیایی نەگرتەخۆ، کە لەلایەن (ئەدوارد مارش) کۆکرایەوە، بەڵکە ئەو بزووتنەوە و هەڵمەتە هەڵچوونەیش وەکو تەسویریی، کە هەنووکە لەڕووی مێژووییەوە پێدەچێ گرینگترین بزووتنەوە بێ، لەکاتێکدا لەواقیعدا تەنیا یەکێکە لە بزووتنەوە گرنگەکان.

زۆر لەسەر ئەو چالاکییە هەڵچووە تازانە نووسراون (فورد و مادوکس هیفرز) ویستی «پیرە شێرەکان» وەکو (جێمس) و (هاردی) و (شۆ) بەو نووسەرە لاوانە گرێبدات، ئەوانەی سەرنجی خوێنەرەکان رادەکێشن.

ئەو ئەدیبانەی وەکو ئەدیبە لاوەکان خۆ پێشکەش دەکەن بریتین لە بەڕێز (پاوەند) مستەر (د. ه. لۆرانس) و مستەر (نۆرمان دوکلاس) و مستەر (فلنت)و مستەر (ریچارد ئەلدنکتون) و مستەر (ت. س. ئلیۆت)..

ئەوان دێنە ئەو نووسینگانەی دەرکردنی - سەر بەئێمەن و بەبارتەقای کورسییە درێژ و لا تەختەکان رادەکشێن و گفتوگۆیان لە بارەی چارەنووسی ئەوروپا دەکرد، سێ چوار ساڵ



زۆر بلێیان کرد، تاکو ساڵی ١٩١٤، ژاوەژاویی دیکە دەخەنە سەر ژاوەژاویی شار و داکۆکیان لەو هونەرە هەڵبەستراوانە دەکرد وەکو شیعری ئازاد و بەکارهێنانی هێما لە پەخشان و جەخت دەکرنە سەر مەرگی بزووتنەوەی ئینتیباعی(٢٧).

وەلێ چالاکییەکانی نووسینگەلی (هیفر)ی رۆژنامەوانی تەنیا یەکێ بوو لە چالاکییەکانی گۆڤارە بچووکەکان، لە ساڵی ١٩١٧ (جون کولتون مری)و (مایکل سادلیر) گۆڤارێکیان بەناوی «رثم» دەرکرد ئینجا دوایی ناوی گۆڕا بۆ «بلورفیو» ئەو گۆڤارە بایەخی دەدا بەو چالاکییە ئەدەبییانەی لە تەوەری پاریس، لەندەن دەخولانەوە، (مری) هەروەکو (هلم) گرنگیدەدا بەلێکۆڵینەوەی (برکسن) وەلێ (سادلیر) جەختی دەکردە سەر گرنگێتی بزووتنەوەی (فۆنیزم) وەکو بزووتنەوەیەکی تازە هونەرەکەی بەچەلەنگی و دوورکەوتنەوەیەکی تەواو لە ئامێرەکی، ناسراوە، ئەوەش وێنا دەکات، کە بزووتنەوەی فۆڤیزم - توانای چاکسازیی بزووتنەوەی ئینتیباعی بێ فۆرم هەیە، دوماهی لەو نێوەندەدا - د. ه. لۆرانس و کاترین مانسفیلد پەیدابوون، کە ستایشی کتێبی (شیعری جیۆرجیای) (١٩١١-١٩١٢)ی (مارش) یان کرد بەو وتارانەی لە گۆڤاری (بلورفیو) بڵاوی کردنەوە ئەمەش بەو پێیەی لە شیعری بەرەبەیانی نوێ و کونبە دەرکردنی نەهلیستیزم (Nihilism) گرتبوویە خۆی. «نەهلیستییەکان وەکو (ئەبسن)و (فلوبیر) و (هاردی) خەڵکانێکی رۆشنبیر و بێئومێدن خەونێکیان بۆ وێناکردین هەنووکە بەبەرمان تەنگە»(٢٨) لە ساڵی ١٩١٢ (هارلد مونرو) گۆڤاری «بوتیری رفیو» دەرکرد، کتێبخانەیەکی هەبوو بەناوی کتێبخانەی شیعر، مەڵبەندی گردبوونەوەی ئەدیبان بوو، دوای ساڵێک بەسەر دەرچوونی دایخست و گۆڤارێکی وەرزی دیکەی بەناوی «بویتری ئەند دراما»ی دەرکرد، کە کارە تەسویری و فۆڤیزم و ئینتیباعی... تد، بڵاودەکردەوە.

لە ساڵی ١٩١٣ (پاوەند) بەرپرسێتی سەرپەرشتیکردنی لاپەڕە ئەدەبییەکانی گۆڤاری «نیوفر یومان»ی گرتە ئەستۆی کە دوایی ناوی گۆڕا بۆ «خۆپەرست - Egoist» ئەو گۆڤارەهانی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی تەسویری دەدا. (ئلیۆت) و (جویس) و گەلەک نووسەری ئەمریکی لەوانە (ولیام کارلۆس ولیامز) بابەتیان تیا بڵاوی کردۆتەوە، لە ساڵی ١٩١٤ دوو ژمارەی گۆڤاری «بلاست Blast» دەرچوون، کە بایەخی بە ئەدەبی درامی گەورەی ئینگلیزی دەدا و خاوەنەکەیشی (وندام لویس) بوو - دەوامیە - بزووتنەوەیەک بوو (لویس)و (پاوەند)و (کۆدیر بریزسکا) و هیدیکەی گرتبووە خۆ..

دەوامییەکان - خۆیان تەرخانکرد بۆ گۆڕینی شێوەکانی هونەر و ئەدەب و مۆسیقا و هونەری تەلارسازی و ناومالّ راخستن. (لویس) وایدەبینێ خواستی بنەڕەتی - دەوامییە - داهێنانی هونەرییە «پێویستە لێرەدا هیچ دەنگدانەوەیەک بۆ سەردەمی پێشوو یا شێوازی پێشوو نەبێت» ئەو چالاکییەش بووە هۆی خستنەوەی بڕوایەکی هۆشیار بەوەی هونەرەکانی ئەمڕۆ لە دەستی پێشەنگەکان دایە، ئەوانەی رابردوویان تورهەلّداوە و سەرقالّی دووبارە دارِژتنەوەی هونەرن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێستا و ئایندە، ئیدی دیمەنە ئیستاتیکییەکان ئەوکات روویان لە زیادبوون کرد، ئینجا گەلەک راوکارەکانی (پاوەند) و (ئلیۆت) و (جۆیس) و (لۆرانس) و (لویس) بەدەرکەوتن، چونکە کەشە کە یارمەتیدەربوو بۆ ئەمە. باری دەروونی نووسەران لەو دووساڵەی بەر لەشەڕ چاکتر بوو و لەناخەوە بەجۆش و خرۆش بوون ئەوانەی (وندام لویس) بە «پیاوانی ساڵی ١٩١٤» ناوی بردن، (دوکلاس کولدرنک) دەلّێ: «وێڕای ئەوەی پیاوێکمان لە نێونەبوو وەکو (ئۆفنباک)(*) بەتوانا لە هاوەلّیکردنی بزاوتە هارە لە ناکاوەکانی خەلّکی بەهۆی مۆسیقایەکی یەکشێوەیی تەپلّ تا هەموو ئەمانە بگۆڕێ بە سەماکانی مەرگ، لەگەلّ ئەوەشدا وێکچوونێکی زۆر هەبوو لە نێوان دوارۆژەکانی ئیمپراتۆریای سێیەم لە پاریس و لەندەن، کە وەئاگاهات بۆ رووبەڕووبوونەوەی تۆفانێکی بێشوماری خوێن لە ساڵی ١٩١٤دا»[٢٩].

(کودرنک) ئەو تاکە ئادەمیزادە نەبوو هەستی بەوە کردبێ، کە تەواوی باری دەروونی هێزگەلێک بەرێوەی دەبات دەتوانێ هەڕەشەی لێبکات یا چاکی بکات یا رەنگە تێکی بشکێنێ. هێزگەلێبوون گرد دەبوونەوە و بەئاراستەی جەنگ ملیان دەنا. ئەو بەرەبەیانەی (لۆرانس) هێنای هەرزوو گۆڕا بۆ تاریکاییەکی ئەنگوستە چاو و جیهانی کۆن بەکۆتاهات و جیهانێکی نوێشی نەهاتە جێ. رەنگبێ (وندام لویس) چاکترینیان بێ لە حوکمدانە سەر ئەو وەرچەرخانەی جەنگ هێنای، ئەو وەرچەرخانەی هاوچەرخێتی (moderntiy) هێنا و نوێگەرێتی - مۆدێرنیزم، (Modernism)ی لە هونەری پاشی ئینگلیزی، نەهێنا. (وندام لویس) سەرنجیدا تێکڕای ئەو رووداوانە، رۆحییەتێکی تازە دەنوێنن و «گەلەک لەو کارە هونەرییە ژیرانە ئیتر جێگەیەکی بۆ خۆی لە خۆرئاوای ئەورووپا چێکرد» و گوزارشتکردنیشی گوزارشتکردنێکی «تەواو لە بارەی باری تورەیی و پێداویستی». بەدیارکەوت لەوێدا قوتابخانەیەکی تازە مێژوویی هەیە لە رێدایە رووە و پێکهاتن و



لەسەر هەموو ئاستەکاندا «خەلّکی دووبارە چاو دەخشێنەوە بەبنەما فەلسەفییەکانی ژیان» هەروەها لەسەر هەموو ئاستەکانیشدا «لێرەدا گەڕانەوەیەکی روون هەیە بۆ بنەما هەوەلّییەکان» ئەو قوتابخانەیە زێدە بایەخدار و گەییوو چاکترە لەڕووی تەکنیکەوە لە بزووتنەوەی رۆمانسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا.

ئێمە هەلّەیەکی گەورە ناکەین کاتێک هونەرانە بەهونەرە «نوێ»یەکان ناودەبەین، لەو هونەرانە ویستراوە چێژ ببەخشێتە خودی ئەو جیهانە، لەراستیدا، ئەو هونەرانە زەنگی روودانی گۆڕانکاریی گەورەی کۆمەلّایەتی لێدەدەن دوای ئەوە پەردە بەسەر هونەرەکان لە (سیراجیفو)دا درایەوە.

گەر ئێستا سەیری دواوەمان کرد، داخوا ئەو ماوەیە بۆ ئێمە چۆن بێ؟، گوزارشتی لە رای خۆی کرد لەو ماوەیەو، وتی ئەو ماوەیە چالاکییە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی پێشەنگانی، بەخۆوە بینی و ماوەی پێشکەوتنی کۆمەلّایەتی بوو، ئەو ماوەیە وادیار دەدا وەکو بلّێی: دورگەیەکە و بەخۆشی و شادییەکی بێشومار تەنراوە، کە بێهاوتایە و دەموچاوی سەیریش لەودورگەیە نیشتەجێن پێیان دەلّێت (پاوەند) و (جویس) و (ویفەر) و (هلم)[٣٠].

کاتێک رەخنەگران ئاوڕێ لە دواوە دەدەنەوە و سەیریان دەکەن چاویان هەلّدەگلّۆفن، هەمان شتیش بۆ ئەو خەلّکانە روودەدات، ئەوانەی لە کۆمەلّگەیەکی سواودا دەژین، کۆمەلّگەیەکی وریا و رزگاربوو لە خەیالّ - وەهم -.

(ئەدیبانی ئەو ماوەیە) بەلای ئەوانەوە ئەدیبی پێشەنگن، خەلّکی بەسەر سرِمانەوە هاوار دەکەن، ئای لەو ئازایەتییە و ئای لەو چالاکییە بێشومارە.. ئێمە هەوەلّین پیاوین، ئەوانەی ئومێدمان بەئایندەیەک بوو تاکو ئێستا نەهاتۆتە دی!

گەر ئەو بەلّگەنامەمان پەڕپەڕ هەلّدایەوە ناکارین بلّێین لە ئینگلتەرادا هونەری نوێ نەبوو، بەگشتی، حوکمدانی (لویس) بەسەر ئەو ماوەیەدا، حوکمدانێکی هەقیقی و راستە.

# بەشی چوارەم

# بزووتنەوە ئەدەبییەکان

هەر وەسپێکی نوێگەرێتی هەر دەبێ چاو بخاتە سەر ناوە دیار و کارە گەورەکانی، ئینجا دوایی بزووتنەوەکان بخاتەڕوو، بەگشتی خەڵک دەرکیان بەوە کرد نوێگەرێتی بزووتنەوەی بزووتنەکان بوو، دەکرێ ئەو بزووتنەوەیە بکەینە چەند قۆناغێک و تیۆر و گەلەکۆیی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ کە لە کات و شوێنی جیاوازدا روویاندا، ئەوەیشی ئەو بەشانەی بەیەک گرێدەدا بایەخدانێکی هاوبەش بوو بەلایەنی ئیستاتیکایی. بەشێک لەو بزووتنەوانە دەستە و گرووپی کۆمەڵایەتی دەنواند، بەشەکەی تریش تیۆری بیری و ئیستاتیکای خۆی هەبوو لەوڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوێزرایەوە، لەکاتێکا، بەشی سێیەم دەستە و کۆمەڵەکەی بچووک بوون لە تاکەکەسە کارا و چەلەنگەکان. زۆرجارانیش ئەو بزووتنەوانە رەهەندی رەفتاریی نوێگەرێتی پێکدێنێ و یاریدەدەری مانەوەی وێنەی نوێگەرێتییە وەکو هێزێکی سیاسی تازە و هەقیقی پێشەنگ. ئەو وتارانەی پاشی ئەو بەشەی ئەم کتێبە بەڵگەنامەیین و گرنگی دەدەن، بەو بزووتنەوانەی فرە بەرهەم و زێدەبایەخدارن لەڕووی تیۆرییەوە، هەروەها گرنگی دەدا بەشوێنەکانی سەرهەڵدانی و کات و ساتی ئەو سەرهەڵدانە و کاکڵەکەی، ئەو وتارانە ئەو بزووتنەوانە» دەگرێتەوە، کە خۆماڵیین و کەم بایەخ نین وەک دەوامییە- لەسەرمانە بیرمان بێ زۆر لەو نووسەرە دیارانەی نوێگەرێتی بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ ئەو بزووتنەوانە لایان نەکردەوە، ئەوان بەپێی ئەوەی دەوروبەرەکانیان و بیروڕا هەڵقووڵاوەکانیان لەو دەوروبەرە پێی نووسینەوە، کاریاندەکرد، لە کاتێکدا ئیشوکاری نووسەرانی پلە نزم کارکردن بوو بۆ خولقاندنی ئەو بزووتنەوانە، دوماهی بزووتنەوە و بەیاننامە و پیشانگەکانیان هێنایەدی.



**أ- بزووتنەوە و گۆڤار و مانیفێستەکان: «نوێگەرێتی» میراتگری ناتورالیزم**
**مالکم برادبری و جیمس ماکفارلن**

«هەر بزووتنەوەیەک لە هونەر - هەر بزووتنەوەیەک - لەوانەیە تەواوی نەتەوەیەک بەخێراییەکی سەرسوڕهێن بەئاگا بێنێ.

بیروباوەڕەکانی رۆ دەچنە نێو رۆژنامە رۆژانەیی و هەفتانەیی و گۆڤارە مانگانەییەکان، بەخێراییەکی ئەوتۆ مەزەندە ناکرێ تاکو لە دوماهیدا دەگاتە گۆڤارە وەرزییەکان و ئیتر ئەکادیمستە پەپکە خواردووەکانی نێو نووسینگەکانیان جاڕس و هەراسان دەکەن».

**فورد مادوکس فورد، گەڕانەوە بۆ دوێنێ(١٩٢٣)**

-١-

(لەواقیعدا، من وەکو تۆ بایەخنادەم بەو پەیڤەی بە «سروشت» ناوبراوە، ئەمە بوو (ئەمیل زۆلا) بە (فلۆبێر)ی گوت، کە پەڵپی لەزۆلا گرت لەبەر بەکارهێنانی ئەو زاراوە بەبەرنامەکراوە، ئینجا (زۆلا) بەردەوام دەبێ «لەگەڵ ئەوەشدا من دووپاتی ئەو زاراوەیە دەکەمەوە، چونکە بەمەبەستکردنی شتەکان شتێکی پێویستە بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی نوێ بێتە بەرچاو» لێرەدا جیاوازی هەیە ئەمەشە لای لێدەکەینەوە، لەوەی سروشتی بە مەبەست کراو بەیەکێ لە بزووتنەوەکانی نوێگەرێتی دابنرێ، ئەوەی گومانی تیا نییە (زۆلا) بەگیانێکی نەرمونیان کاری دەکرد، بەتایبەتیش کاتێ گوزارشتی کرد لە بڕوابوونی بەزەرورەتی ناولێنانی ئەو ئاراستەیەی پلانی بۆ داناو برەوی پێداو بەدیاریکردنی بەبەرنامە و مانیفێست و بەلای نوێگەرێتییەوە پابەندبوون بەبنەمایەکی دیاریکراو شتێکی گەوهەری بوو، نەک ئەوە بەڵکە لایەنێکی بنەڕەتیش لە لایەنەکانی یەکدیگیریی و گەشەکردنی کاتێ (پاوەند) ئەو پیاوە لێزانەی بە تەکتیکەکانی سیاسەتی ئەدەبی، لای لە خستنەڕووی شاری لەندەن لە ساڵی ١٩١٢ کردەوە، هەستی بەو پێداویستییە

هەنووکەییە دەکرد بۆ هەبوونی بزووتنەوە. ئەو و هاوەڵەکانی، ئەوانەی سەردانی یەکێک لە قاوەخانەکانی (کنز کتن)یان دەکرد، بزووتنەوەیەکیان بەناوی «تەسویریی». ڕێکخست و سازدا، یەکێ لە برادەرەکانی هلدا دوتل بوو، ئەو دەستەواژەیەی لەژێر هەر قەسیدەیەک لە قەسیدەکانی دەنووسی «ه. د. تەسویری» (پاوەند)یش مانیفێستەکانی نووسییەوە و بووە بەرپرسی هەندێ لاپەڕەکانی گۆڤارەکان لە پێناو پاڵپشت کردنی ئەو بزووتنەوەیە و پتەوکردنی، هەروەها نووسەرانی دیکەی دێناو بنەماکانی بزووتنەوەی تەسویری پێ. دەناساندن، هەروەکو (وندام لویس) دەڵێ، بەهەمان ڕێگەی (بادن پاول)[*] هەڵسوکەوتی دەکرد لە پێناوی ئەوەی گشتیان لەژێر دەوارەکەی گلبداتەوە، ئاکامیش بنەماکانی بزووتنەوەکە راگیر بوو بەسەر ئەو دەرەنجامە دوورە مەودایانەی لێی کەوتنەوە. (پاوەند) لە سەرەتا وا بە (زۆلا) دەچوو پاشان بە (تزار)و (بریتۆن) دەچوو، دەرکی بەوەکرد بزووتنەوەی پێشەنگایەتی ناتوانێ بەوێنەیەکی نموونەیی کاربکات و ناتوانێ ئامانجەکانی بەدیبێنێ گەر بێ و وەرنەچەرخێ بۆ هەڵمەتێک و گەر ئەندامەکانیشی وەکو کادیری کارێکی یەکگرتە، کارنەکەن.

گەر هاتوو ئەو کتێبە سەرنجڕاکێشەی (ریناتوبوکیولی) مان پەرپەڕ هەڵدایەوە بەناوی «تیۆری پێشەنگایەتی» (١٩٦٨) هەندێ تەعلیقاتی بەسوود دەبینین لە ڕۆڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، کە کەم بایەختر نییە لەرۆڵە جوانیناسییەکەی، (بوکیولی) وای دەبینێ یەکێک لە خەسڵەتە تایبەتمەندییە جیاکانی هونەرە نوێیەکان، دەکرێ لەو ژینگەیە و شێوازی ئەو ژیانەی، هونەرەکەی لێهەڵقولاوە، بەدیبکەین، ئەمە شێوازی پێشڕۆییانەی ژیانە، کە هونەرمەند دەیگوزەرێنێ و تێدا بۆ جۆرێ لە گیانفیدایی ئیستاتیکی (جارو باریش بۆ سیاسیی) وەردەچەرخێ. ئەو ژیانی لەسەر یەک جۆر رەفتاری جیا تەرخانە و بەشداریش دەکات لە خۆپیشاندان بەژاوە ژاوەکانی کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها ئەو لە هەموو نەریتە بۆرجوازییەکان وهەموو رووەتەکانی یەکدیگیریی و هاوکاریی کۆمەڵایەتیی، دووردەکەوێتەوە[١].

سروشتیشە گەلەک نووسەری نوێخواز و بەتایبەتیش بەرچاو و دیارەکانیان، ڕێیان بەخۆنەدا تا بخزێنە نێو مومارەسەی چالاکییە پێشڕۆییەکان و. ئەو کردە گەلە کۆییە، گەرچیش بنەمایان ئامانجی گۆڕینی شتەکانە بۆ کارگەل و ئامانجی رەها، کە هەندێ پارت بەبالای خۆیان دابڕی. وێڕای ئەوەی ئەوان نەچوونە ریز ئەو بزووتنەوانەی توانیان سوود



لەو چالاکییانەی وەربگرن. لەلایەکی دیکەوە، لێرەدا، هەر ئاواهی، گەلەک لەو کارکردووانەی ئەو بزووتنەوانە ڕێیان بەخۆ نەدا رابکێشرێن بۆ گۆڕینی نووسین بۆ کێشەیەکی ئەبستراکت -ی رەها یا رابکێشرێت بەرەو تاکیەتێکی ترسناک، هەندێ گرنگایەتی (تزارا) و (ماریانیتی)و (بریتۆن) لەوەدایە ئەوان دیاردەگەلن زێتر لەوەی نووسەر بن، واتە هونەرە نوێیەکان دانەهێنراون، بەڵکە کردی و دەستپێکرد و خستییە بەر دەم جەماوەریش، ئەوەش هەمیشە رەهەندێکی هاندانەکان بوو بۆ بزووتنەوەکە، وەلێ بابەتی کردەی بنەڕەتی لەخۆیدا لە هەندێ لایەنی جوانیاسی بوو بەتیۆرێکی دژ بەهونەر، ئەمە پرۆسیسی خۆگۆڕییە بۆ گرنگێتی گوزارشتکردن.

ئەو بیرۆکەیەش لە ئایندەگەرایی و دادایی و سو ریالی گەیشتە ترۆپک و بەردەوامیش بوو تا شانۆیشی گرتەوە و بەم جۆرە ڕووداوەکان جێگەی دەستە هونەرییەکانی گرتەوە. رەفتاری هەندێ بەشداربووانی ئەو شێوازەی هونەر لە خۆیدا بریتییە لە «هونەر وەکو کارێکی دژمنکاریی» هەروەک (مارینیتی) ناوی لێنا، رەگەزە باوە (هونەر)ییەکان وەرچەرخان بۆ ڕووداو، بۆ ڕۆژنامەگەلی هەنووکەیی ڕۆشنبیریی ئامانجی زێدەکردنی هۆشیارییە یا بۆ چالاکییە هەمەکییەکان، کە ناوی ئەنجامدەرانیان ناوترێ. بەم جۆرە بەیاننامە و مەیخانە و ڕووداو و پیشانگەکان بوون بەو ژینگە نوێیانەی سروشتی نوێی هونەر گەرەکیەتی، فاکتۆری هاوبەش لە نێوان چالاکییەکانی بزووتنەوەکە بریتییە لە داماڵین لەو گریمانە و چەمکانەی لە کرۆکی کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکیی هونەر و هونەرمەند، هەڵنراون.

بەڵام بزووتنەوەکە، چەند شێوەی هەبوو رەهەندەکانیشی تەنیا نوێگەرێتی نەدەگرتەوە، بەو پێیەی قوتابخانە یا چەند دەستەیەکی لە تیۆرە ئیستاتیکییەکان، بوون ئەو بزووتنەوانە بۆ هونەرەکان بەتایبەت هونەرە دیتراوەکان پێویست بوون، رەگوریشەی ئەو بزووتنەوانە تاکو ڕۆمانسیی دەکشا سەبارەت بەدەستی پێشەنگەکان خودان مەیلی ئایندەگەرایی، لێرەدا زۆر لە ڕۆحیەتی بزووتنەوەی پێشەنگایەتی لە «داکۆکی لە شیعر»ی شیلیشدا هەیە (١٩٢١). (شلی) لەو لێکۆڵینەوەیەدا باس دەکات شاعیران ئەوان «راڤەکاری سروشتی یاخییەن لە دەرککردندا، ئەوان ئەو ئاوێنەن، کە سێبەرەکانی داهاتوو بەسەر هەنووکەییەکان رەنگپێدەدەنەوە» ئەو دەستە و گرووپە کۆمەڵایەتییە تایبەتکارانەش، کە بەگژ هەرچی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند بوون داچوونەوە، بەو پێیەی گوایە ئەو هەڵوێستەی یاریدەیدەدات بۆ داهێنان، کارتێکراو بەکلتووری بۆهیمی،

بۆ هیمیەت لە سییەکانی سەدەی رابردوو لە پاریس سەریهەڵدا، ئەو بزووتنەوەیە لە گەڕەکە هەژارەکانی پاریس سەریهەڵداو لایەنگرانی ئەو کارە هونەرییانەیان بەرهەمدێنا کە پەسەند نەکراو بوون نەشیاو. لەبەر ئەوە، هونەرەکەیان ناونرا هونەری نەویستراوەکان – پەسەند نەکراوان (refuses) هەروەک (هینری مۆرجیێ) خەبەر دارمان دەکاتەوە. ناونیشانی کتێبی (کازار کرانا) بەناونیشانی (بۆهیمیەت دەهەمبەر بۆرجوازییەت) (١٩٦٤) بەشێکی لایەنە ئەخلاقییەکانی خودان ئەو بزووتنەوەیە[٢]و نەریت و باری خەوشداری ماددیان، پوختدەکاتەوە، هونەرمەندی بۆهیمی بەدەست هەژارییە کوشندەکەی و دانپیانەنانەکانی خەڵک بەبلیمەتییەکەی، دەیناڵاند، لەبەرئەوە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەو بۆ هەنووکە نییە، بەڵکە بۆ ئایندەیە و هەر دەبێ کارەکانی لە ئایندەدا تێی بگەن و ئەرکیشی ئەوەبوو شێوە تازەکان لە زماندا بدۆزێتەوە، کە رێخۆشکەرن بۆ تێگەیشتنی کارەکانی، لە ئاکامی ئەوەدا بۆهیمیەت هیچ پشتیوانییەکی دەرەکی نەکرا، پشتیوانییەکە لە ناو خۆوە بوو، خۆی رێکدەخست و خۆی حوکمی لەسەر خۆی دەدا و کۆششی دەکرد بۆ چەسپاندنی ناوبانگێتی تاوەکو نەوەکانی داهاتوو دانی پیا بنێن لە هەمان کاتدا دامەزراوە تایبەتەکانی لە دەرەوەی بازنەی رۆشنبیرییە باوەکەی ساز و بینا دەکرد، نوێگەرێتی دێت و، گەلەکیش لەو تایبەتمەندییانەی بۆهیمی دەگرێتەخۆ.

بەڵام کەی ئارەزووی بزووتنەوەکان لەوەی نوێکاربن دەگۆڕێت بۆ «نوێگەرێتی»؟ پێشتر گرانی دیاریکردنی ئەو مێژووەمان بەرچاوکەوت، بەسروشت خۆی. مایەی ململانەی نێوان خودی بزووتنەوەکە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێک لە وەڵامەکە لە تاودانی خودی بزووتنەوەکەدایە، لەبەرزبوونەوەی کاروانی بزووتنەوەکان و هەرچی بەجێی دێڵێ لە کلتوور، دایە هەروەها لە فراژیبوونی ئەو شێوازەی دایە، کە «لەسەر رەتدانی تەکنیک هەڵنراوە»[٣] هەروەک (ولی سایفر) دەڵێ، هەروەها وەڵامەکە لە فرەیی شێوازەکانی بزووتنەوەکەدایە، لەبەرئەوە ئێمە گەلەک ئاراستە دەبینین، کە پشت بەفەلسەفە دەبەستێ وەک بنەمایەک. تێکچڕژاوە لەگەڵ ئاراستەکانی دیکەی خودان بنەمای ئیستاتیکایی، یا لەگەڵ هیدیکەی خودان بنەمای رەفتارێتی (ئەو ئاوێتەکردنە لەو پەیوەندییەی نێوان سروشتگەرایی و سیمبولیزم و بزووتنەوەی – ئینحیتاتیش، هەیە لەمەش زیاتر، وەڵامەکە لە نێو تیۆرەکانی هەندێ تیۆرە نوێیەکانی هۆشیاریی دایە، لە جیهانی ناوەوەو ئاڵۆزکاریی تەکنیکی و لە روونکردنەوەی شتە دەرکپێکراوە دەستییەکان، وەلێ



شیکردنەوەی رۆشنبیریی کاتێ سەدەی نۆزدەهەم دەخاتەڕوو بەنیازی گەڕان بەدوای شوێنێک لەنێو ئەو ئاراستانە تاکو لێیانەوە هەنگاو باوێ، ئامۆژگاریی دەدات بەرامان لە بزووتنەوەی سروشتگەرایی و ئەو بزووتنەوانە لێیانەوە گەشەیان کردووە و یارمەتیان داوە، ئەو رۆڵەی سروشتگەرایی گێڕای نزیکترە یا هەر بەرۆڵی «شالاوبەر» دەچێ، بەزۆری سروشتگەرایی ئاوا لە قەڵەمدەدەن گوایە لە هەشتاکانەوە دەستیپێکردووە و تاکو نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەردەوام بووە و گەلێک دەرەنجامی لێکەوتۆتەوە لەو بەرنامە تازانەی، کە دەستیانکرد بەگەشەسەندن.

-٢-

رەنگە بتوانین شیبوونەوەی ناتۆرالیزم هەرس بکەین، گەرهات و لەسەر شێوەی وێکچوون خستمانەڕوو. لە رۆمانی (مترلنک)، بەناوی «ناوەوە» (١٨٩٤)، دەبینین پیاوی بەساڵاچوو بەپەستییەوە لە خۆ خنکاندنی کچێک لە ئاودا رادەمینێ «بەواق ورماوییەوە ئەو پرسیارە دەکات. لەبەرچی؟ کەس نازانێ هەر ئادەمیزادێک چی دەتوانی بزانێت؟ تۆ ناتوانی رۆح بپشکنی هەروەک چۆن ژوورێک دەپشکنی» لێرەدا و لە خودی ئەو دەستەواژەیەدا سروشتی تازەی بەربەرەکانیی و دیاریکراوەکان دەبینین، کە ئەو نووسەرانە هەستیانپێکرد، ئەوانەی ویستیان لەو بزووتنەوانە بکۆڵنەوە، کە لە سروشتگەریی کەوتنەوە وەکو ئیمپریشنیزم و سیمبولیزم و سایکۆلۆلۆجیای (Psychologism)[*] لێرەدایە بەردەوام بوون و لێکهەڵرزان، سروشتگەراییان کێشە دەروونییەکانیان بەدڵاچوو، لابردنیان بۆ «دیواری چوارەم» (دەبا ئەو زاراوەیەی سروشتگەراییان بەکاریان هێنا، بەکاریبهێنین)کار یگەری هەبوو لەسەر والاکردنی ئاسۆی نوێ لە جیهانگەلە خودییە ناوەکییەکان و لە بارکرژی کۆمەڵایەتی، کە بووە هۆی ئەو ململانە تۆقێنەرانەی سەدەی نۆزدەهەمیان سەرقاڵ کردبوو، ململانە لە نێوان خواستە تاکەکەس و پابەندبوونە کۆمەڵایەتییەکان، مەیلی کەسیی بۆ یاخیبوون لەسەر پابەندبوونەکان لە ئاست خزمەکان، پیاهەڵشاخان لە نێوان نەریتەکان و کەڵکە تاکەکەسییەکان، گەلەک نووسەر لەوانەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ژیاون گومڕایی خۆیان لەو کەشە، دۆخەی ناوەوەی ئادەمیزاد دۆزییەوە، لێرەدا ئەو هێزە لە ئاسابەدەرە بەرجەستەبوو، کە فشاری خستە سەر تاکەکەس لە سەدەی نۆزدەهەمدا، هێزەکانی ژینگە،

بۆ ماوه، هەقیقەتە ئەخلاقییە زەبردار و هەنووکەییەکان و ستەمی، نابەدڵی - ئایینی و سیاسی، وەلێ ئەو بایەخدانە نوێیانەی (مترلنک) گەواهی لەسەردا، بایەخدانێکن لە جۆرێکی دیکە لە جیهانگەلە ناوەکییەکان سەرچاوەیان گرتووە، لەسەر ژیانی ناوخۆ، لەسەر رۆح، سەرچاوەیان گرتووە، (بۆل بۆرجیێ) دانەری کتێبی «وتارگەلێ لە دەروونناسی هاوچەرخ» (١٨٨٣-١٨٨٥)، گەلەک رای وروژاند لەوانەی (ولیەم جیمس) لەو وڵاتانەی، ئینگلیزی دەئاخڤن، وروژاندی. (بورجیێ) جەختدەکاتە سەر ئەوەی «روحمان کۆشکی ئەفسانەکانە» هەروەها (سترنبرگ)، کە بایەخیدەدا بەدیاردەی «کوشتنی دەروون»یا «کوشتنی رۆح» لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ئەو دیاردەیەش بەرەو دۆزینەوەی ئەوەی برد، کە بە «تیشکدانەوەی رۆح و بەرفراوانی» ناوبراوە، (برزیبزفسکل) لەو بڕوایەدایە، کە قسەکەری زمانپاراوی لایەنگرانی بزووتنەوەی پۆست سروشتگەرایی بوو لە بەرلین ئەرکی شاعیر دەرخستنی «رۆحی موجەرەد»ە، لە ساڵی ١٨٩٠ (کنوت هامسن) هاوسەردەمانی هاندەدا بۆ گرنگیدان بە «هەستونەستە پاژییەکان» کە «ژیانی رۆح، کە درکپێنەکراوە، نەک ئەوە بەڵکە تاکو ئەمڕۆش راڤە نەکراوە» جویێ دەکاتەوە.

پەیڤی «رۆح» بەزمانی ئینگلیزی هەمان ئاماژە نادات ئەوەی هەمان وشە لە زمانە ئەوروپییەکانی دیکەی وەکو فەرەنسایی و ئەڵمانی دەیدەن، واتای ئەو لە ئەڵمانی فراوان دەبێتەوە تاکو کێشە ئاوەزی و سۆزداریی و دەمارییەکانیش، دەگرێتەخۆ، ئەو خاڵ بەخەیاڵی (هینری جیێمس)یش داهات کاتێک شانۆگەریی «هیداکابلر»ی (ئەبسن) لە ساڵی ١٨٩٢ بەوە پۆلین کرد کە {لە بناخەوە شتێکە، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێ نا درامی بێت، ئەمە وێنەی رووداوێکە، نەک ئەوە بەڵکە حاڵەتێک، ئەوە وێنەی سروشتە، چیرۆکی رۆح، هەروەک (بۆل بورجیێ) ناوی دەبا، ئەوە وێنەی حاڵەتێکی توڕەیی و روحییە، وێنەی مگێزێک، تەندروستییەک، خەمێک، نائومێدییەک}[٤] لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە ناتوانین لە رێگەی هەر پێنج هەستە باوەکاندا رەهەندە ئەقڵی و روحی و عەسەبی و خودییەکانی ئەو وشەیە (رۆح) بدینین یا ببیستین یا بزانین. لەلایەکی دیکەوە، ئەو وشەیە گەلەک واتا دەبەخشێ، کە ئەقڵ دەرکی پێناکات، لێرەدا لێشاوێک و گۆڕانێکی بێ پەڕی ئەو گواستنەوە شاراوانە هەیە، کە لە دەستی چاودێرەکە دەردەچێ کە بەکارگەلە حدسی و بەڵگە نەویستەکان دەزانێت، هەروا لێرەدا واقیع هەیە کە



بابەتییانە وێنا ناکرێ، بەڵکە خودیانە، ئەمە بزووتنەوەیەکی چوست و چالاکی دەماخە (هینری جیێمس) لە کتێبی «بنەماکانی دەروونناسی» (١٨٩٠) خستویەتییەڕوو و بە «رووبار یا تەوژم شەپۆڵ»ی چواندووە، لە ئایندەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو بابەتە و دەبا ناویشی بنێین تەوژمی بیروباوەڕ یا تەوژمی هەست یا تەوژمی خودیەتی ژیان[٥] تەوژمێکە تەنیا لەڕێی تۆفێک لە تەداعی بیروباوەڕ، هەڵدەگێرێتەوە، واقیعێکە بەناومالێ دەچێ، پەروەردەکردنی رووەکی نێو شووشە، هەروەکو لە «خانە شووشەییەکانی» (Hot. Houses) مترنیک، دا... (هۆ فمنسثال) لە ساڵی ١٨٩٣ نووسیویەتی، دووشت هەن ستەمکارانە نوێکراونەتەوە: شیکردنەوەی دەروونییانەی خود لەلایەک و راکردن لەلایەکی دیکەوە.

ئەو جۆرە (حدس)انە، ئامادەگیی خۆیان لە هونەرەکانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، دووپات دەکەنەوە، کێشەگەلی مەرکەزی بوون لە رۆحیەتی ئەو ماوەیە بەزۆریش گرفتەکە لە چۆنیەتی ناولێنان و ناساندنی بوو. هەندێ هەستیانکرد ئەو سروشتگەرایی گۆڕیوە بۆ هێزێکی بەکاربردە، بۆ کێشەیەکی ئامێرەکی بەبێ خەیاڵ (ئەندێشە) بەپلەیەکی سەرەکی. پشتی بەستووە بە وێکچوونێکی هێمنانە زێتر لە پشت بەستنی بە ئەندێشەیەکی داهێنەرانە و دەرەنجامی سروشتیش بۆ ئەمە ئەوەبوو ئەدیبان لاگیرییان بۆ سیمبولیزم یا ئیمپرێشنیزم یا رۆمانسیزمی نوێ یا بزووتنەوەی داکەوتن - ئینحیتاتی - راگەیاند. بە پێچەوانەی ئەمەوە نووسەرانی دیکە دەبینین بەفراوانی دەرک بەوە دەکەن، کە شێوازی نوێ چەندە قەرزباری شێوازی کۆنە، هەروەها ئازایەتی و بوێری ئەدیب و هونەرمەندە پێشەنگەکان و دڵسۆزییان، شکۆدار دەکرد و ئەو سیفاتانەش پێشتر بەهۆی ترسەنۆکی باوو باپیران بەشاراوەیی و خۆگۆڕاو مابوونەوە.

لەو بڕوایە دابوون مەردایەتی نییە کاریگەرێتی بزووتنەوە سروشتگەرایی پشت گوێ بخەین، هەروەها ئەوەی نوێیە بەهۆی گۆڕانکاری لە هێکڕانی سروشتییەوە هاتبێتە ئاراوە نەک لە شیبوونەوەی، فەرامۆش بکەین. زۆرانێکیش بەکارهێنانی زاراوەی «سروشتایەتی دەروونی» (Fsychic Naturalism) بەچاکتر دەزانن، زۆرێک هەن لەو نموونانەی کە واتای ئەوە دەبەخشن شتە نوێیەکان، کێشەگەلی پاشبەندیی سروشتایەتین. ئەمەش لای (فریدریک مایکل فیلس) بەدیدەکەین، کە وتی: «سروشتگەرایی» زاراوەیەکی دڵئارام و هەمەگیرە تارادەیەک کەس لە تەبەنی کردنی رارانەبوو.

دوماهی هەر کەسێک سروشتییە ئەو ئادەمیزادەی بەهەموو ورەییەوە هەوڵدەدا لاسایی جیهانی دەرەکی بکاتەوە بەهەموو درێژدادرێتییەوە هەوڵ دەدا بە دیقەت بێ لە پاراستنی هەموو لایەنە پشێوی و لابەلایە و نا گرنگی شتەکان، کە سوودبەخش نین، ئەو کەسە سروشتییە ئەو ئادەمیزادەی لە ناخی رۆحی بنئاو لێدەداو رۆ دەچێ ئەو سروشتییە.. هەر هۆزانڤانێکی چاک وێڕای رۆمانسییەت یا میناکایەتێتی (مثالیة) یا سیمبۆلێتێ، ئەوە ئەو سروشتییە[٦].

-٣-

بەڵام، گەر بێ و ئەمە بنەماکانی نوێگەرێتی بێت، ئەوە دەتوانین زێتر فەلسەفەی بژاردنی پێشکەوتنی واتای وشەکان (Sem antio eclecetticism)ی (فیلس) بخەینەڕوو، کە لە هەمان رەوت رێیدەکرد – کە بزووتنەوە نوێخوازەکان پێیدا هەنگاویان دەنا، لە ماوەی نێوان پووکانەوەی ناچوراڵیزم لە ئەوروپا و تاکو بەدیارکەوتنی بزووتنەوەیی تەعبیریی، هاتە کایەوە، لەو ماوەیەدا، هەروەکو ماوەکانی دیکە، جاروبار ئەوەی پێشی خۆی نوێدەکاتەوە و جاروباریش نکۆڵی لەهەرچی کۆنە دەکات، لێرەدا کەڵەمبازی ئەوتۆ هەن بەبێ هاندەر یا پاڵنەر نەهاتوون، لێرەشدا وەرچەرخانی لە ناکاویی نەدیتراویش هەن، زۆرجار وادێتە بەرچاو تەنانەت یاساکانی گۆڕینیش دەگۆڕێن – دەگۆڕدرێن..

مەدلولاتی زاراوەکان لە جێگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازن. ئەوەی بەرلین بە (رۆمانسیەتی نوێ New - Romonticism) ناویدەبات. ڤییەنا بە (ئیمپرێشنیزم) ناوی دەبات، لە هەندێ شوێنیش لەو زاراوانە یەک مانا دەدەن: سیمبولیزم، رۆمانسیەتی نوێ، ئیمپرێشنیزم و بزووتنەوەی داکەوتن. ئینحیتاتی (الانحطاط)، لە شوێنی دیکەش جیاوازی کردن لە نێوان ئەو زاراوانە بەدیقەت ترە، چۆن جیاوازی دەکرێ لە نێوان سیمبولیزم و رۆمانسیەتی نوێ. هەندێ کەس لەو بڕوایەدان، زاراوەی بزووتنەوەی داکەوتن زاراوەیەکە شایەنی بێزراوی و رقلێهەڵگرتنە، لەکاتێ سیمبولیزم بەبزووتنەوەی ئیستاتیکا گرێدراوە، لێرەدا بزووتنەوەی ئیستاتیکا بزووتنەوەیەکی دانپیانەنراوە، بەکورتییەکەی، ناوەکان دەلالەتێکی کتومت و یەکلاکەرەوەی شێوازەکە، نابەخشن.

گەریش ویستمان لە بزووتنەوەکانی نوێگەرێتی بگەین (هەروەها ئەو بزووتنەوانەی لە



بزووتنەوە سروشتگەراییەکان کەوتوونەتەوە، کە ئەو بەشەی پاشی بەدرێژی لەو کتێبە لێی دەکۆڵێتەوە) لەسەرمانە دان بەوە بنێین، کە هەر یەکێک لەوانە لەڕووی شێوازی پێکهاتنی لە ئەویدیکە جیایە، هەندێکیان (وەکو بزووتنەوەی ئینحیتات بۆ نموونە) پوختەی ئەزموونی چەندین نەوەیە، هەندێکی دیکە (وەکو تەسویری) ئەوە سەر بەهەندێ بەرنامەی ئیستاتیکایی دیاریکراوە یا هەندێ تیۆر، چالاکی هەندێ بزووتنەوەش بەکردە هەبوون و لەکاتێکی درەنگوەختە، بەناوکران (وەکو ئینتیباعی ئەڵمانی).

بەڵام بزووتنەوەکانی دیکە یەکەم جار ناویان لێنرا، ئینجا دوایی بەرنامەیان هاتەکایەوە، هەندێ بزووتنەوە پەیوەندییەکی گشتییان لە نێواندا هەیە، ئەو بزووتنەوانەش لە زۆر شوێندا دەبووژێنەوەو (وەکو سیمبولیزم) لە گەڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوێزرێنەوە، جاروباریش هەمان ناو دەپارێزن و جاری واش هەیە ناوی جیاجیان هەیە، هەندێ بزووتنەوەی دیکە (وەکو دەوامییە) بزووتنەوەی بچووک و سنوورداربووە لەڕووی کارتێکردنەوە، لە هەندێ باردا، یەک بزووتنەوەی دیاریکراو بەربەرەکانی داهێنانەکانی نەوەیەک یا وڵاتێکی دیاریکراو دەکات (وەکو ئایندگەرایی رووسیایی و تەعبیریی ئەڵمانی)، لەکاتێکدا خودی ئەو بزووتنەوەیە لە شوێنێکی دیکە بەشێکی تەواوکاریی داهێنانەکانی ئەو شوێنانەن. گەر هاتوو سەیری ئەو بزووتنەوانەمان لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە. کرد، تەنیا سیستەمێکی تێکچڕژاوی تیا بەدی ناکەین، بەڵکە ئاوێتەیەکی شێتگیریش لە شێوە و چالاکییە هونەرییەکان، کە بەچەندەهاو جۆرەها شێواز گوزارشتیان لێکراوە، بەدی دەکەین ئێمە چەند کەناڵێکی سەیری کارتێکەر دەبینین و لە گۆڕینی واتاش هەروا ئێمە سەرنجی هێماو نەریتی جیاواز دەدەین وەکو ئەو ئەتڵەسە مۆرکراوانە بەپێی پێوەری جیاوازی نەخشەکێشانەکە، بەڵام سوودمەندیشە گەر هەوڵبدەین لایەنە جیاوازەکانی ئەو کەڵەکە بێشوومارەی بزووتنەوەکان رێکبخەین و جوێیان بکەینەوە، یەکەم ئەو زاراوە موجەرەدانەی بەستراونەتەوە بەو وەرچەرخانە مێژووییە گەورانەی دەرکپێکراوەکان، کە لەڕێی گوێرانەوە لە کلاسیکییەوە بۆ رۆمانسیەتەوە هاتوون و لەسەر ئەو ئاستەش کلاسیزمی نوێی ساڵانی بەرایی سەدەی بیستەم سەر بەرۆمانسیزمی نوێیە، رۆمانسیی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو زاراوەی ئایدیالیستی نوێ (New-idealism) چانسی لای ئەوانە هەبوو، کە هۆشیان بۆ بایەخی کرۆکە فەلسەفییەکان دەچوو، زاراوەی سروشتایەتی نوێ (New- Naturalism) ماوەیەکی زۆر

بەدڵی گەلەک ئەدیب بوو لەوانەش (سترنبرک)هەندێ ئەدیب زاراوەی روکوکوی تازە (New - Rococo) یان لەبڕی بۆهیمیەت بەکارهێنا، وەلێ بەزۆری هەوڵدانە هاوچەرخەکان لە جیاکاری، زۆر وردبینانە نین، چون هەمووی لە چوارچێوەی نوێگەریتی دا دەسووڕێنەوە.

گەریش ئاوڕێک لە دواوە بدەینەوە، دەبینین ئەدیبان بەکارهێنانی زاراوەی دیکەیان بەچاکتر زانی، وەلێ (ولی سایفر) بەکارهێنانی (کوبیکیزم)ی بەچاکتر زانی پشت بەستوو بەوەی چاکترین زاراوەی تاکو تەرایە لە داپۆشینی ئەو لێشاوەی بزووتنەوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا وتەی نوێگەریتی لەخۆیدا و ئەو ئاستەش چاکترین زاراوەیە، دوای خستنەڕووی گشت ئەو زاراوانە، گەرچیش لەسەر ئاستێکی بەرتەسک، ئەو چەمکانە دێن، کە لە بنەڕەتدا لەو گەشەکردنە شێوازییانە داتاشراون، کە لە بوارەکانی نیگارکێشان و هونەرەکانی دیکەی دیتراو، روودەدەن و پشکدەرەوەی ئەو ئیحاییە، بەدیقەتە هونەرییانەن، بەو مەبەستەی: ئیمپرێشنیزم، تەعبیریی، سوریالی و فوڤیە و ئایندەگەرایی و کوبیکیزم و هونەری نوێ (Art Noveau)و پۆست ئیمپرێشنیزمە، گەرچیش ئەو دوو زاراوەی دوایی هەمەگیری لە دیقەت دووریان دەخاتەوە، ئینجا ئێمە چەندی لەو شێواز و بزووتنەوە ئەدەبییانە دوورکەوتینەوە و لەکارگەلە سیاسی و هەڵوێست و «قوتابخانە» و گەلەکۆییەکان نزیک ببینەوە، پۆلینکردنەمان بۆ کارگەل بەرتەنگتر و زێدە سنووردارە. پەیڤی (Yudendstil)ی ئەڵمانی (بەزۆری بەکاردێت، گەرچیش بەکارهێنانەکەی زۆر وورد نییە، دەهەمبەر زاراوەی فەرەنسایی «Art No-veau» ، کەمانای هونەری نوێ-ە) ، جاربەجار چەشنی زاراوەیەکی بە کە شوفش و گشتگیر بەکاردێت قۆناغێکی تەواو لە چالاکی ئەدەبی و هونەری دەگرێتەوە، بەڵام وێڕای ئەو وێکچوونەی نێوان ناوەکان، وەلێ ئەو ناوانەی وەکو – Janges Osterreich – «نەمسای گەنج» و – Jan yestudeuch laud Unga Soerige) «ئەڵمانیای گەنج» ئەو ناوانەی مانای جیاواز دەدەن، جگە لە هاوبەندییەکیش کە هاوبەندێتی لاوێتی وگەنجێتی – خوێنگەرمی و جارسی، نییە بەیەکەوەیان ببەستێتەوە لێرەدا هەوڵدانێک هەبوو خوێنگەرمی پاڵپشتی دەکرد ئەندامانی گرووپێک (Jaga Sverige) ویستمان لەرێگەیەوە بزووتنەوەیەک دابمەزرێنن بەناوی «فەرەنسای لاو» (Young France) وەلێ ئەو هەوڵدانە خراپ شکستی هێنا بەهۆی هەبوونی بزووتنەوەیەکی زۆر (بەهەمان ناو)



بەڵام ناوەڕۆکی دەستەواژە وەکوو کۆتایی سەدە (Findesiecle) یا «تەگەرەی سەدەی نوێ» «Juhrunder twence» ئەوە هەر ناوەڕۆکێک لەویدیکە جیایە، سەرەڕای ئەو بەروارانەی دەینوێنێ، هەمان شت لە بەیەکبەستنەکانی نێوان نووسینە ئینگلیزەکان لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و نووسینەکانی سوید لە هەمان ماوەدا، یەکبەستنێکی شلوخاوبوو، بەڵام وێکچوون لە ناوەکان مانای وێکچوون نییە لە ناوەڕۆک، هەر ناوێک تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. کەشو دۆخی تایبەتی هەیە.

ناتوانین لە ناوەڕۆکی هیچ زاراوەیەک بگەین گەر لەو ناوەڕۆکە نیشتمانی و هەرێمایەتییانەی نەگەین، کە دیاریدەکات، زاراوەگەلی وەکو «ماوە جوانەکە» (La belle epoque)و «کاتی بنەڕەتی» (dei Greumderziet) یا «زەردەپەڕی کلتی «Ceitic Twilight» و «جۆرجییەکان – Georgians» زاراوگەلی خۆماڵین و ناگشتێنرێن، کاتێک «یانەی شاعیران. Rhymers» یا «قاوەخانەی کریند ستیدل -Cafe Grin steidl» یا «بۆ شێرەکان Zom Schworzen» کۆمەڵ و دەستەی جوێ وە بیر دێنینەوە لەو خەڵکانەی ئامانجیان دیاریکراوە و بابەتگەلی هاوبەشی نوێیان هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا ناونیشانی پانوپۆڕی هەر بزووتنەوەیەک شتگەلی زۆر بەخۆوە دەگرن هەر لە شێوازە هونەرییە فراوانەکانەوە تا دەگاتە دەستە و گرووپە بچووکەکان.

لەبەرئەوە بەسوود و زەروورییە هەوڵبدەین ئەو هەموو قۆناغ و بزووتنەوە و ناونیشان و کردانە ئامێتەی یەکدی بکەین و بیخەینە سەر نەخشەی کاری هەمەگیری ئەورووپی و پێویستە زۆر وریاش بین، لێرەدا سیفەتێکی روونی سەردەمی نوێگەرێتی هەیە ئەویش بەرزبوونەوەی تێکچڕژانی هزری نێوان نەتەوەکانە، کە پێشتر نموونەی نەبووە، وەلێ زاراوەکان جاروبار بەر لە فەلسەفە و تەکنیکی خودی، ئەو زاراوانە دەچنە نێو هەندێ وڵات، چاکترین نموونەش بۆ ئەوە ئەو خاڵەیە کە تۆژینەوەکانمانە پێدەست پێکرد و ئەویش خودی «دارمانی ناچوورالیزم»ە ئەو گۆڕانکارییە بەهەمان شێوە رووینەداوە، تەنانەت لەو وڵاتانەی سروشتایەتی تێیدا بوو بەبزووتنەوەیەکی دیار و هاندەری گۆڕین، بەهەق دەتوانین تەنانەت لەنێو یەک وڵاتی دیاریکراویش، یا لە نێوەندێک کە بەیەک زمان قسە دەکات سەرنج بدەین سروشتایەتی بەشێوەی جیاجیا کاریکردە سەر توخمە ئەدەبییە جیاوازەکانی وەکو رۆمان و شانۆگەریی و شیعریی گۆرانی. گەرهاتوو ئەڵمانیامان بەفەرەنسا و ئەسکەندەنافیا و روسیا بەراورد کرد دەبینین لە کاروانی کارتێکراویی

بەبزووتنەوەی سروشتایەتی دواکەوتووە، ئەمەش لەسەر ئەمریکا پیادە دەبێ (جۆرج براندز) رەخنەگری دانیمارکی نامەیەکی ئاراستەی (ئەرنوهولز)و (بوهانز شلاف) کە دوو هزرڤانی دیاری سروشتایەتی ئەڵمانیبوون کرد، کە تێیدا دەڵێ «من وەکو چاودێرێکی دەرەکی سەرسامم بەوەی سروشتایەتی ئامادەیی خۆی ئێستا بەتوندی لە ئەڵمانیادا دەسەپێنێ لەو کاتەی لە فەرەنسا و ئەسکەندەنافیا بەبزووتنەوەی دیکە گۆڕدران» لە هەمانکاتدا ئەوەی مایەی سەرنجڕاکێشانە، ئەوەیە شپرزەییەی لە دەرەنجامی ماوەی گوێزانەوە دەهات، شپرزەییەکی جیانییە و کاریگەرێتی گەورەیشی هەیە، رەنگە ئەو کاریگەرێتییەش گەورەتر بێ لەو ئاسەوارەی بزووتنەوەی سروشتایەتی، جێی هێشت، لە هەمانکاتدا هێزەکانی دیکە شیدەبوونەوە: رۆمانسیی و ریالیستی و پۆزەتیفیزم و هێزە رۆشنبیرییەکانی دیکە، ئەدیبەکانیش لەو ماوەیەی گوێزانەوە، چوستانە بەدوای هونەرە نوێیەکان دەگەڕان، لەو سونگەیە کەشێکی ئاڵووێری رۆشنبیریی لە نێوان نەتەوەکاندا بووژایەوەو هەر گەلێک لەگەلێکی دیکە نەدەپرینگایەوە لەوەی پێویستی پێی هەبوو، بزاڤی وەرگێڕان بەگوڕتربوو لەرووی چەندایەتی و لەڕووی چۆنیەتیش باشتربوو، چاکترین نموونەش کارەکانی (ئەبسن)ە، کە بەچەندین زمانی جیاجیا لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو چاپکراو خرایەڕوو، جەماوەری شانۆش، لەزۆر لە پایتەختەکانی ئەوروپی، دوا کارەکانی نووسەرانی شانۆیان دەناساند و خاوەن خانە و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە کاری نووسەرانی بیانییان بڵاودەکردەوە، جا لێرەدا ناوبانگێتی نووسەرانی ئەوروپی زۆر بەرچاوو دیاربوون.

ئەقڵە داهێنەرەکان ئومێدیان بەو کۆچە رۆشنبیرییە «cuttural Emigration» بوو جێنشین بوونیش لە دەرەوەی وڵاتی رەسەن بوو بەکارگەلێکی باو بۆ ئەو ئەقڵانە، ئەومانەوە و جێنیشینەش هەمیشە بەمانای ئاوارەکردن یا نامۆبوون نەبووە، پاریس بەلای هونەرمەند و ئەدیبان خاڵی بەکێشکردن بوو، ئەو دیاردەیەش چەندین دەرەنجامی لێکەوتەوە لەوانە ئەو جووتبوونەی نێوان بیروڕایەکانی گەلانی ئەوروپی و بیروڕاکانی گەلانی ئەمریکی، سەرەڕای ئەو جووتبوونەی نێوان ئادابی ئەو نەتەوانە مۆسیقا و نیگار و سەنگتراشیان، کە پێشتر بەو هەمەگیرییە رووینەدابوو.

بەگشتی، ئەو بزووتنە تازانە ئیدی لەلایەنە رۆمانسییەکانی بزووتنەوەی سیمبولیزم دووردەکەوتنەوە و رووە و ئەو وێنە و شێوە کلاسیکییانە ملیاننا، کە بە بابەتیانە و ئامێرەکیینە و بەزەبر ناسراوە هەروەها دوور دەکەوتەوە لە کێشەکانی ئێستاتیکاو بەرەو



وێناگرتنێکی هونەری ئەو رەوشە قەیراناوییە هەنگاویاننا‌و دوور دەکەوتەوە لە تەواوکاریی هونەری و بەواقیعی داتەپیو وێنا کردنەکەی دەگەشێتە.

پاساوەکانی ئەو بزووتنەوانە بەیەکدەچن؛ ونکردنی بڕوا بەواقیعی هەستپێکراو، لە «وشە» و لە زمانی باو، گەشانەوە بە ناهۆشیاریی، بایەخدان بەفشاری ژینگەی پیشەسازی و زێدەبوونی رێچکەکانی گۆڕانکاری، ئارەزوو کردنە سەر دۆزینەوەی رۆنانێکی هونەری گرنگ لە ئاژاوەی ژیان، هەروەها لێرەدا جیاوازی گەوهەری هەن لە نێوان ئەو بزووتنەوانە، کە بەرەو کێشە جیاجیاکانی سیاسی بردن هەروەکو سوریالی و ئایندەگەرایی) و بۆ کارڕایی هونەری جیاواز و بۆ بۆچوونی جیاجیا لە گرنگێتی هونەر و رێتێچوونی بەردەوام بوونی. لەگەڵ ئەوەشدا، وێکچوونی نێوان ئەو بزووتنەوانە هەر مایەی سەرنجە، بەتایبەتی گەرهاتوو بەتەنیا سەیری، پاساوەکانمان نەکرد، بەڵکە خودی هونەرەکە: بایەخدانی زێدەتر بەتەجرید، بەتێکشکاندنی چوارچێوە گشتییەباوەکان، بەفۆرمە ریالیستییەکان، بەکوشتنی زمان، بەشێوەکانی تەسویری و سیمبولیزمی نوێ و بایەخدانی بەهەندێ بابەتی پەیوەست وەکو ماشێن و شاری تازە، ئەو نوختەی دواییش دابەشکاری شێوازە هاوبەشەکانی هونەریی ئەو بزووتنەوانەیە لە هەمان کاتیشدا، کاتێ دەبینین ئەو بزووتنەوانە مامەڵە لەگەڵ یەک کێشە دەکەن وەکو بایەخدان بەکەلێن (لە وێنەکێشان)و بنەمای رووتکردنەوەی زمان و تەوژمی هۆش (لە رۆمان)دا یا بەشیعری ئازاد و بەهونەری کۆلاج (چەسپکردن) (Collage)، ئەمە مانای ئەوە نییە بزووتنەوەکان بەیەکدی دەچن و وێڕای ئەو وێکچوونەش بزووتنەوەکان هەر جیاوازن، ئەو بزووتنەوانە دیالکتیکی نەشونمایان نەکردووە تاکو یەکبگرن، گەرچی هەندێکیان چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە لە هەندێکی یا ئەواندیکەشدا هەن، هەروەکو چۆن تەعبیری جاروبار لەگەڵ دادایی و سوریالی بەیەکدەگەن، جا بەم پێیە تێگەیشتنمان بۆ یەک بزووتنەوە هەمیشە یارمەتیمان نادات بۆ ئەوەی لە بزووتنەوەکانی دیکەش بگەین.

**-٤-**

نوێگەرێتی هەروەکو بزووتنەوەکانی دیکە، ئاراستە سیاسی و رۆشنبیریی و ئێستاتیکای خۆی هەبوو، کەشو دۆخی دەروونی و رۆشنبیریی و شێوەیی هەبوو، بزووتنەوەکانیش تەبای ئەو تایەفە ئایینی و سیاسییانە، مەیلی دابەشکاریی و فرە

ناولێنانیان هەبوو، بەم جۆرە بزووتنەوەکان لایەنگرانیان گرد دەکردنەوە و پیشانگەیان بۆ جەماوەر سازدەکرد، کاتێکیش لە مێژووی نوێگەریتی دەتۆژینەوە لەسەرمانە ئەو مانیفێستانەی دەریان چواندووە و ئەو گۆڤارانەی سەرپەرشتیان کردووە یا بڵاویان کردۆتەوە، وەبیربهێنینەوە.

بزووتنەوەگەلی زۆر جەختیان لەسەر ئامادەباشیان لە ڕێگەی ئەو جۆرە بەڵگەنامانە، کردۆتەوە بۆ نموونە مانیفێستەکانی (مارینیتی)، لەخۆیدا بەڵگەنامەی شەنگن، هەمان شت سەبارەت بەگۆڤاری (بلاست)ی بەرگ سووری تاریکی، کە (وندام لویس) دەریدەچواند و زمانحاڵی بزووتنەوەی (دەوامییە)بوو، ئەو گۆڤارەش لە خۆیدا بەیاننامە (مانیفێست)بوو بەڵام (تزارا) و (بریتون) و ئەوانیدیکە ئامانجیان جاڕدانی «شۆڕشی وشە» «The Revolution of the words» بوو، مانیفێستەکەیان ئەو هونەرەبوو کە دایانهێناو نمایشیان کرد، لەبەرئەوە گۆڤارەکان ببوون بە درێژەپێدەری مانیفێستەکانی بوون یاخود رووەکەی دیکەیان. نوێگەریتی بەفراوانی بڵاوبووەوە لە ڕێگەی ئەو گۆڤارانە و لایەنگیرییەکی چاکیشی بۆ خۆ پەیداکرد، هەروەک رۆمانی (یۆلیسیس) کە یەکەمجار خەڵکی، بەهۆی گۆڤاری لتل رفیوی پێی ئاشنابوو، ئینجا پلەبەپلە رۆژنامەکان جێگەی گۆڤارەکانیان گرت لە بڵاوکردنەوەی کێشە گەورەکانی رۆشنبیریی کرد. ئەو رۆژنامانە وێڕای ژمارەی دیاریکراوی خوێنەرانیان، بەڵام خوێنەری بەرچاوو دیاربوون، ئەو رۆژنامانە بوون بە بەشێکی دانەبڕاو لە دیمەنی ئەدەبی. ئەو ئامرازانەی راگەیاندن، هەروەک لە وتارە بەرایییەکانی ئەم کتێبە بینیمان، نیشاندەری ئاستی چالاکی ئەزموونیی رۆشنبیریی نەتەوەیەکە لە نەتەوەکان.

هەروەک چۆن دەتوانین گەر بە تریکەییش بزووتنەوەکان پۆلین بکەین بۆ نموونەگەل و جۆرەکان، هەروەها دەتوانین هەمان شتیش بکەین لە گۆڤارەکان.

هەندێ گۆڤار ناوبانگێتی تایبەتیان پەیدا کرد بەخولقاندنی ژینگەیەکی هەمەگیریی ئیستاتیکایی، کە تێیدا نووسین و هونەرە بینراوەکان تێکچڕژان بەمەبەستی خولقاندنی هەڵوێستێکی جیا و دیاری هونەریی. لە هۆڵەندا گۆڤاری «فان نواین ستراکس» (١٨٩٢) هەیە، لە ئینگلتەرا «یلویوک» (١٨٩٤) و لە ئەڵمانیا «پان» (١٨٩٥) و لە نەمسا «دیرساکرم» (١٨٩٨) ئەو هەموو گۆڤارانەش ئەو فەرمانە گرنگە شێوازگەرییەیان ئەنجامدەدا، بەڵام گۆڤارەکانی دیکە، ئەو گۆڤارانەبوون برەویان بەرێبازەکان یا بزووتنەوە



هونەرییەکان، دەدا وەکو گۆڤاری «دادا»کە (تزارا) دەریدەکرد و (لویس ئەراگۆن)و (ڤیلیپ سوبو) (ئەندریە بریتۆن) پشکدارانی دەرکردنی بوون. گەلەک نموونە هەن لەو گۆڤارانە لە تێکڕای وڵاتە ئەوروپییەکان بەتایبەتی فەرەنساو ویلایەتە یەکگرتووەکان. ئەو گۆڤارانەش بەهۆی برەودانیان بەبیرۆکەی نووسینی ئەزموونگەرایی، برەویان سەند، ناوی هەندێ گۆڤار ئاماژەبوو بۆ ئازایەتی وەکو گۆڤاری «ترانس ئەتلانتک رفیو»[*] هەندێ ناوی دیکە ئاماژەیان بەبەربەرەکانی و توندوتیژی دەدا وەکو گۆڤاری «دی ئەکشن»[**] یا «دیرشتورم»[***] ئەو گۆڤارانە هەر هەمووی بەیەک بزووتنەوە نەبەسترابوونەوە، هەندێکیان لە یەککاتدا بەچەند بزووتنەوەیەک پەیوەست بوون یا سەر بە ئەدەبی ئەزموونگەریی گشتی بوون، هەردوو گۆڤاری «ئیکۆست» و «بویتری» بەیداخی بزووتنەوەی تەسویریان هەڵگرتبوو بەهۆی ئامادەیی (پاوەند) و بەشداریکردنی تیایدا، وەلێ هەردوو گۆڤار ساردنەبوون، لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی سەر بە بزووتنەوەکانی دیکەی نوێگەریتی بوون و ئەمەش جیانەبوو لە باری ئەو گۆڤارانەی بەزمانی ئینگلیزی لە پاریس لە بیستەکانی ئەم سەدەیە دەردەچوون، ئەو گۆڤارانەش بەپلەی جیاجیا مەڵبەندی ئاڵوویری و پاکتاویی ئەو بیروڕایانە بوون، کە پەیوەستداربوون بەبزووتنەوەی جوانیناسی، لەراستیدا ئەو گۆڤارە بچووکانە بوون بە مەڵبەندی سەرەکی داڕشتنی ڕێساکانی چەشەی تازە و رۆڵی خۆیشیان هەبوو لە پتەوکردنی ناوبانگی نووسەرە نوێیەکان، ئەو گۆڤارانە نزیکەی لە ٨٠٪ی «بەرهەمی هەرە گرنگترین هۆزانڤان و رۆماننووس و رەخنەگرانی، کە دوای ساڵی ١٩١٢ بڵاوکرانەوە[٧] بڵاوکردۆتەوە، هەروەک (فریدریک هۆفمان) و (چارلس ئەلن) و (کارولین ئەلرج) لە کتێبە هاوبەشەکەیان «گۆڤاری بچووک» دەڵێت، کە سەرکێشییەکانی رۆژنامەی ئینگلیزی و ئەمریکییەکان دەخاتەڕوو، رۆژ لە دوای رۆژیش ژمارەی ئەو گۆڤارانە زیاتر دەبوو، کە گرنگی بەنوێگەریتی دەدا وەکو «کرایترین» و «ذی دایل» و «دی نوی رندشاو» و «لانوفیل رفیو فرانسیس» ئەو گۆڤارانەی مایەی ڕێزێکی زۆربوون و نەوەیەکییان لە نووسەرە ئەزموونگەرییەکان خولقاندن، گرنگە سەرنج بدەینە ئەو گەشەسەندنەی، کە ئاماژە دەدا بەوەی نوێگەریتی ئیتر پشکێکی زۆری لە پەسەندکردنی خوێنەران پێبڕاوە و ئیدی بازاڕە دراوییە ئەدەبی و بازرگانییەکەی لە برەودابوو.

ئا لێرەدا دەکرێ بزووتنەوەکان سەرکەوتووبن یا نوشوستی بێنن، ئەو شتە تازەیەی ئەو

بزووتنەوانە هێنایان رەسەن نەبوو، بەڵکە لە دەرەوە هاوردرابوو، ئینجا داهێنانەکانی لەژێر رکێفی خەڵکانێک دابوون لێوەشاوە نەبوون نە لە پاراستنی نە لە گەشەپێدانی، دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی ئەزموونگەریی بەگشتی لە کەشێکی گوێنەدانی رووالەتیانە دەستی پێکرد، ئینجا دوایی بەسەختی رێی بڕی بۆ پتەوکردنی جموجوڵ و نەریتەکانی و گرنگێتییە بەرچاو و دیارەکەی لەو سەردەمانەدا. لە بیستەکانی ئەو سەدەیە ئەزموونگەریی لە گەلەک ئەو شەڕانەی هەڵیگیرساندن سەرکەوت و خەڵکانێکی زۆریش دانیان پیانا، گەریش سوریالیزمی هەلاوێر کەین، دەبینین گەلەک لەو گەشانەوەیەی هاوڕێتی ئەو بزووتنەوە ئەزموونگەرییان کرد، ئیدی بەسەرچوون، ئەمە دەڵێین و گەرچی ئێمە دەزانین زۆرێک لەو کوڕ و کۆمەڵانەی خودانئارەزوو و رێباز سەریانهەڵدا، ئێستا دەبینین کارە گەورەکان بەدیهاتن، کە خەرمانەی ئەو هەموو کۆششە بوو، دەبینین کاری ئەوتۆن کە م بایەخ نین، هەروا سەرنج دەدەین زۆر لەو کارە نوێیانە پەیدابوون لە دەسکەوت و گفتوگۆیەکان بە هۆی ئەمارتەکراوی بزووتنەوەی پێشرۆیی و یەدەگی.

لێرە دەتوانین سەرنج بدەین نوێگەرێتی ئەوئاراستانەی ترازاندووە، کە مەبەستیش بەدەستهێنانی شێوە و گریمانەی نوێ بوو، کارەکانی وەکو (یولیسیس)و (وێرانە)و (شیوەنی دنیو) ئەو کارانەی بەرهەمی ئەندێشەی هاوچەرخن، کارگەلێکن ناکارین لە بازنەی هیچ بزووتنەوەیەک لە بزووتنەوەکانی دابنێین، لەسەرمانە سەیری پێککەوتن و ئامێتەکردنی نێوان بزووتنەوەکان بکەین بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی لە دایکبوونی ئەو کارانەی بگەین، دوماهی پێویستە لەسەرمان بزانین، کە نوێگەرێتی کێشەیەک بوو گەورەتر لەو بزووتنەوانەی لێی بوونەوە و لەو گۆڤار و مانیفێستانە و ئەو لەوە نزیکترە شێوازێکی هەمەگیریی نوێ بێت.

## ب- سیمبولیزم و داکەوتن - (الانحطاطیه)و ئیمپرێشنیزم

### کلایف سکۆت

ماوەی دوماهی سەدەی نۆزدەهەم بەخشندەبوو لە ناولێنانەکانی بزووتنەوە ئەدەبییەکان و ئەمەش یاریدەدەربوو بۆ جەختکردنە سەر جیاوازییەکانی نێوان ئەو بزووتنەوانە، ئێمە ئێستا سەرنجدەدەین ئەوەی زێدەروون و زیاتر وێکچوونە لە نێوان ئەو بزووتنەوانە،



هەروەها سەرنجدەدەین جیاوازییەکانی نێوانیان ئەو کێشانەن لە بنەڕەتەوە لە پێناوی روونکردنەوە هاتوون، لە هەمانکاتدا، سەرنجدەدەین مەیلی بزووتنەوەکان بۆ بەیەکدا چڕژان و ترازاندنی تخوبەکانی هونەر و هەستەکان هاوشانە لەگەڵ هەوڵە هونەرییەکان، گەشەپێدانی سیفەتە تایبەت و بەرچاوەکانی خۆی، بەلای هەندێکیان شیعر زێدە بێگەردبوو، نیگارکێشانیش نزیکتر لەوەی رۆمانێکی دوو رەهەندیی بێ؛ هێڵەکان و رەنگەکان، لەو ناوانەش سێ لەبەردەمان قووت دەبنەوە، سیمبولیزم و ئیمپرێشنیزم و داکەوتن، کەس ناتوانێ بایەخی ئەو بزووتنەوانە بۆ ئەو سەدەیەمان بەهەند وەرنەگرێ و نکوڵیان لێبکات، ئەو بزووتنەوانە وتووێژێکی دوورودرێژیان لەڕووی ئەوەی کامیان پێش ئەویدیکە کەوتووە، لێکەوتۆتەوە، ئەوانەی لە نوێگەرێتیدا، هەوڵدانی بەدوای ئەزموونی خاو، بەڵکە دوای پێشینەی (Primitirism)ش بەهەند وەردەگرن و ئاواش سەیری ئیمپرێشنیزم دەکەن وەکو دابەشکاریی هاوبەش لە نێوان ئەو بزووتنەوانەی لە کۆتایی سەدەی رابردوو باوبوون، ئەمانە لاگیری (هوسر) دەکەن، کە ئیمپرێشنیزم لە کتێبەکەی بەناوی «مێژووی کۆمەلایەتی هونەری بە «دوا شێوازی ئەوروپی ئەکتیڤ بەشێوەیەکی گشتی» دادەنێ، بەلام ئەوانی دیکە ئەوانەی لە ئەدەبی نوێخوازدا رزگارکردنی دەق و وشە، بەهەند وەردەگرن، رەنگە ئاماژە بە سیمبولیزم بدەن چەشنی سەرچاوەیەک بۆ کارە خودییەکان، کە دەژییێت بەهۆی تایبەتمەندییە فرەییەکانی زمان. لەوانەشە لاگیری (ئەدمند ولسن) بکەن، کە لە کتێبەکەیدا بەناوی «قەلای ئەکسل» ئەوەی بەدیکرد، بناخەکانی ئەدەبی هاوچەرخ لە «گەشەسەندنی سیمبولیزم و توانەوەی سروشت یا ململانە لەگەڵی» ئاخنراوە.

-٢-

سیمبولیزم لە ناخیدا گوێزانەوەیە لە کارگەلە رۆمانتیکییەکان بۆ کارگەلە ئیستاتیکییە هاوچەرخەکان، بۆ ئەوەی لە سیمبولیزم بگەین هەردەبێ، یەکەم جار لە (ستیڤان مالارمیێ) ١٨٤٢-١٨٩٨ تێبگەین، لەگەڵ ئەوەشدا بۆل ڤالێری دەمێنێتەوە (١٨٧١-١٩٤٥)، کە میراتگری «راستەوخۆ»ی مالارمییێیە و یەکەم کەسە بەروونی ئاماژەی بەو گوێزانەوەیە داوە لە ناو بزووتنەوەی سیمبولیزم، کە زۆرترین جوانیناسییەکانی لەسەر هەڵنراوە، دەنگی مرۆیی، ماوەیەکی گەلەزۆر، بنەماو مەرجی

هەر ئادابێک بوو.. ئەورۆژەش هاتووە، کە خوێنەر بتوانێ بەتەنیا بەچاوەکانی بخوێنێتەوە بەبێ پێویستی بەداشۆرینی وشەکان بەدەنگێکی بڵند یا بەبێ پێویستی بەبیستنی دەنگی وشەکان لەبەر ئەو هۆیە ئەدەب تێکڕا گۆڕا، ئەو گەشەکردنەش بۆیە روویدا بەهۆی گوێزانەوە لەوەی وتراو و بیستراوە بۆ وەی لەسەر رووکاردایە، لە ریتمی بەزنجیرە بۆ واتا، کە ساتە هەنووکەییەکە دەیسەپێنێ، لەوەی گوێگران داوایان دەکرد و حەزیان لێبوو بۆ ئەوەی چاوە چلێس و ئازاد حەزی لێیەتی و داوای دەکات لە خوێندنەوەی ئەوەی لەسەر لاپەڕەکاندا نووسراوە[1].

قەسیدەی رەمزی بەهۆی ئەو دەنگە ژیان دەیخاتەوە ناژییێت، بەڵکە بەهۆی ئەو چاوە گوێزەرەوەیە راست و چەپ دەکات بۆ – هەڵوەشینی دەستبەجێی هەرچی نووسراوەتەوە، لەسەر لاپەڕەکان، ئەوەی ونە، کە (مالارمیێ) لە کتێبەکەی «تەنگژەی شیعر» بە «ئاراستەی دەستەواژەی گەرموگوڕی کەسێتی» ناوی برد، رێی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی هونەرێک قەرزباری زۆری شێوەکان –ە، نەک هەست و نەستەکان، شێوە مانا دوو چەندە لێدەکات و قەسیدەش دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵە دەربڕینێکی هەمەگیریی یەکگرتوو.

رێگەکەی (مالارمیێ)لە پێکەوەنانی رستە مایەی سەر سوڕمانە، رستەی ئەوتاکە بیرۆکەیەکی مەرکەزێتییە، بەڵکە لەسەر بەربەرەکانی کردنی رێساکانی رێزمان راگیرە، ئینجا رستەکەی کۆمەڵە ناوێکی نامۆ و ناوێزە بەخۆگرتووە[2].

«مەشخەڵی ناوبانگیی کەفی خوێن، زێڕ، گەردەلوول» «شەو، نائومێدیی وبەردی گرانب بەها».

(جان مۆرا) لە «مانیفستی بزووتنەوەی سیمبولیزم» هەندێ لە خەسڵەتەکانی شێوازگەرێتی لە زمانی رەمزی، هژماردەکات وەکو[3] وشەگەلی بێگەرد، نیوەختی پەنهان، لابردنی لێڵ، گوێزانەوە لە پێکەوەنانێکی رێزمانی دیاریکراو بۆ پێکەوەنانێکی دیکە و لەناویەک رستەدا (anacoluthou)، بوێریی توندوڕۆییانە.

ئەوەی ئادەتی بەشیعری گۆرانی (Lyricpoetry) ناودەبەین، بەزەرووەت شیعری پوختەکراو یالابراوە (elliptical) چونکە ئەرکەکەی گرتنەبەری کورتترین رێگەیە بۆ تۆمارکردنی خەمە هزری و ویژدانییەکان. چامەی ویژدانی ناتوانێ خۆی سندم بکات، ئەو لە خۆزگەیەک هەمیشەیی دایە بۆ مانایەک ناتوانێ گوزارشتی لێبکات. شاعیریش وەستانی کاتیی لە کۆتایی دێڕ بەکاردێنی، بۆ ئەوەی هەست بەوە بکات، کە هەندێکی



لەوە مەبەستی بووە ئەنجامی بدات، ئەنجامیداوە، بەگشتی وەستانی کاتیی لە شیعری رۆمانتیکی پڕە لە – ناوەڕۆک – جا لێرەوە نیشانەکانی هژمارکردنی رەوانبێژی (rhetoric alpanctuation) لە دێڕێکی دیاریکراو وەردەچەرخێ بۆ بێدەنگییەکی قسەکەر، بۆ سەدای سەرسوڕمان، بۆ کۆتایی بێهیوایی، بۆ بێدەنگی پرسیاری شپرزە، بەشێوەیەکی وردتر، وەستانەکانیان (pauses)و بۆشایی لە کۆتایی دێڕەکانی قەسیدەکانی (مالارمیێ) لێوانلێوە لە مەشقکاریی ئەقڵی، لێرەدا لەو واتایانەی دێڕەکە هەڵیگرتووە، ئیتر گرددەبنەوە و پێکڕا دەکەون تا دوایی بەیەکەوە بلکێن، کاتێک (مالارمیێ) نیشانەکانی هژمارکردنی رەوانبێژیی باو بەکاردێنێ، ئەو بەزۆری لە هێزە رەوانبێژییەکەیە بەتاڵی دەکاتەوە، سەیرەکە (نیشانەکانی سەرسوڕمان) بۆ نموونە، جاروبار هۆیەکە لە هۆیەکانی دەورەدانی وشە بەخەرمانەیەک بایەخدان «ئەنستاس (گوڵی لیز)و جاروباریش بۆ سەرنجدان لە رواڵەتی دەرەکی مانای وشەکە بەکاردێت (خواستن خولاوە) یا بۆ رەخنەگرتن لە بیرۆکەی دیاریکراو، (ماچێکی زۆر ساویلکە و خەمگین).

(مالارمیێ) لە زێدەڕۆیی نەدەترسا لە هەڵسەنگاندنی بەرپرسێتی شیعری، کە لەوانەیە بۆشایی بیهێنێ (لە دێڕە شیعرییەکاندا):[4] «بنەمای قەسیدەی هزری رەنگە خۆی بشارێتەوە، وەلێ بەکاریگەرێتی بۆشایی سەرهەڵدەدات، کە بڕگە شیعرییەکان لێک جوێ دەکاتەوە لە سپیاتی لاپەڕەکەش: بێدەنگییەکە پڕاوپڕی لە واتاو لە خودی دێڕە شیعرەکان کەم شەنگتر نییە» بۆشایی بەواتا بارگەدارە «بیرکردنەوە خۆی نووسینە بەبێ تەواوکاریی (accissries) و چرپە، نووسینێکە بەپەیڤی نەمر و تێگەیشتراو لەگەڵیان، ئەمەشە لە کتێبەکەیدا تەنگەژەی شیعر» دەیڵێ، لەگەڵ ئەوەشدا رەمزییەکان نەیانتوانی زمانی «شکۆدار» بژێننەوە، کە بەردەوام و بەبێوچان بەدوایدا دەگەڕان، لەبەرئەوە (مالارمیێ) گرنگیدەدا بەبەکارهێنانی زمانی ناتەواو و بەرێگەیەک مانا بە بۆشایی ببەخشێ. لێرەوە بایەخی ئیحای جوانیی هات، هەروەها لێرەوە شیعر ئیدی لەو زمانە «شکۆدار»ە نزیک دەبۆوە، (مالارمیێ) وێڕای رێزگرتنی وشە، سووربوو لەسەر ئەوەی دێڕ وەکو یەکەیەکی، بنەڕەتی لەکاری شیعری دابنرێ، چونکە یەکیەتی کێشی هەڵبەست کە لاپەڕەی سپی، دایدەپۆشێ و لە جێی دەهەمبەرە بۆی، پشتیوانی دەکات، دێڕ «قەرەبووی خەوشەکانی زمان دەکاتەوە» (تەنگژەی شیعر) بەلای (مالارمیێ)وە نووسین کردەیەکە دیاریکراوە و بەزۆریش فۆرم دێت پێشی دەکەوێت، زمانیش هەوڵی پێناسەکردن و شیکردنەوە دەدات،

بەڵام فۆرم و بۆشایی، کە زمان بەرهەمیان دێنێ، دووبارە لە پێناوی توانەوە و یەکگرتنەوە دێن بەمەش نووسینی شیعر دەبێتە هۆیەک بۆ چوستکردنی هەرچی نادیار و شاراوەیە.

قەسیدە لە وشەی نووسراو وشەی ونبوو پێکدێت رەمزیش لە بابەت و بیرۆکە، لە ئامادەبوون و ئامادە نەبوون، پێکدێت.

قەسیدەکانی (مالارمیێ) پرۆسیسگەلی نکۆڵیکردنە لە هەبوونی شتەکان، لەو قەسیدانە کاریگەری هەرچی مسۆگەرە پووچەڵ دەبێتەوە و لەڕووی واتا بەخشیشدا بەخێرایی لادەچێ. لەو نکۆڵیکردنەش ئەو نائامادەییە دێ، کە نکۆڵی لێناکرێ، ئەو نائامادەییەش ئەو رەمزەیە هیچ شتێکی دیکە ناکارێ جێی بگرێتەوە[٥].

ئامادەیەتی بابەتی نکۆڵی لێکراو، کە بەیارمەتی وشەگەلی ناراستەوخۆ و پڕ لە ئاماژەوە، کە هەمیشە بێدەنگانەیە، ئەنجامدەدرێ، ئەو بابەتە نزیکترە لەوەی کردەیەکی خولقێنەربێ، بەم جۆرە دەستەواژەی «گوڵێک لە سێبەردا» لە کۆتایی «لەوەڕەسیا هەڵدێت» بەدەردەکەوێ چونکە گوڵدانە کە بەتاڵە، کەواتە ئەوەی رەمز لە خواستنەوە جیادەکاتەوە ئەوەیە خواستنەوە ئامادەییەکی پێگەییانەی لەناو قەسیدەدا هەیە، لە کاتێکا رەمز هەموو قەسیدەکە دادەپۆشێ، واتە هەروەکو ناونیشانە سەبارەت بە قەسیدەکە... لەراستیدا بەدەرکەوتنی رەمز ئادەتی هاوکاتە لەگەڵ دۆزینەوەی بابەتەکەی لەلایەن قەسیدەکەوە بەم جۆرە رەمز جا شتێک بێ یا کەسێک، ئەوە بۆنەی بێدەنگی قەسیدەکەو کۆتاییەکەشییەتی، ئەو بەچەند رەهەندەوەیە بۆ لە ئامێزگرتنی ئەو بیروڕایانەی، قەسیدەکە بەگوێرەی پێویستی بۆنەکە، دەیانخاتەوە، ئەمەشە لەو قەسیدانە دەیانبینینەوە، وەکو «ئایا هەر جوانییەکی شەوانە جگەرە دەکێشێ» و «رۆژە زووە جوانەکەی لێوانلێوە لە ژیان» و «تاکە خەمی سەفەر».

رەمز بەروبوومی «سێ لایەنە»[٦] کە لە خواستنەوەی قەسیدەدا نەشونما دەکات، وەڕسوڕانی بابەتێکی سادە بۆ بابەتێکی رەمزی، بەزۆری لەسەر شێوەی گۆڕینی ناوی گشتی (Common noun) بۆ ناوی تایبەتی (Proper noun) بەدیاردەکەوێ ئەمەش لەو قەسیدەیەی (مالارمیێ) بەدیدەکەین، کە پێشکەشی (کوتییێ)ی کردووە:

ئەو بەڕێزەی بە هەردوو چاوە قووڵەکانی
نیگەرانی بەهەشتی عەدەنی دەوراندەوری هێورکردەوە.



بەتەنیا لە رزینیی دەنگەکەی
گوڵ و مێلاقە دەژینێتەوە

هەر لە هەمان قەسیدەدا شاعیر وشەی «سەقاقوشی» گۆڕیوە بۆ ناوی تایبەتی، ئەمەش مانای ئەوە نییە سەقاقوش بەرجەستەکردنی شاعیرە، بەڵکە بۆتە نموونەیەکی روونکەرەوە، جا بەم رێگەیە تایبەتمەندی دێڕە شیعری «لە رادەبەدەر» دێت واتە لە رێگەی گۆڕینی وشە گشتییەکان بۆ ناوە دیارەکان دوای ئەوەی پیتی یەکەم بەپیتێکی گەورە دەنووسرێ «پیتی گەورەی پیرۆز» بەم رێگەیەش وشە دەتوانێ مانا باوەکەی بترازێنێ.

هەندێ سەرچاوەی ئەو رێرەوتە جوانیناسیە بۆ رێبازی (بۆدلێر)ی ناسراو بە «پۆست سروشتایەتی» دەگەڕێتەوە، کە بارێکی پێزانینی هەستییە لەسەرچڕکردنی هەبوونی شتەکان و گەڕاندنەوەی شناسیان بەشێوەیەکی زێدەڕۆیی بۆیان، هەڵنراوە، هاوشانی ئەم بارەش فراوانکردنی هەردوو رەهەندی کات و شوێنە، ئەو فراوانکردنەی رێدەدات بە شتەکان تخوبەکەی ببەزێنن، هەروەک رێی بە دووبارەکردنەوەی سەداو لەرینەوە پێدەدا، بەمەش توانای شاعیر بەرفراوان دەبێت بۆ ئابلوقەدانی بەشێوەیەکی رۆحی جیهان.

هەروەها ئەو فرانبوونە توانایی هەستپێکردنی هاتوو لە گونجانیش دەگرێتەوە ئەو بارە بەتەنیا لە توانایدایە هەستپێکردنی راستەوخۆ بە ناخی ژیان، بدات بەشاعیر.

لە هەندێ باری رۆحیی لە ئاسا بەدەر، دەتوانی شتێکی زۆر بێزراو بدینی، وەلێ لە توانایدایە قووڵایی ژیان بدۆزێتەوە و ئەو شتەش ببێ بەرەمزی ئەو قووڵاییانە[٩] خۆ بەسەلیقە پێدان (Preciosity) بەتوندوتۆڵی بەبزووتنەوەی سیمبولیزم پەیوەست بوو. مەبەستیش لە بەسەلیقە پێدان ئەو ئەفراندنەیە لە زێدەڕۆیی لە وردبینی درێژدارێتی دێت و خۆ بەسەلیقە پێدان بەلای سیمبولیزم کەڵەمبازێکی هزری سەر پێیانەبوو، (ڤالێری)یش گومانی نەکرد لە بەها مەرکەزییەکەی لە جوانیناسییەکانی بزووتنەوەی سیمبولیزم.

«ئێوە بەسەلیقە پێدان تۆمەرتبارمان دەکەن، بەڵام شەڕ بەپێچەوانەیەتی» هەروەها دەکرێ مەبەستیش لێی رێکوپێکی بێژەکی - لفظی - بێ، ئەمەو گەر کۆک بووین لەسەر ئەوەی رێکوپێکی بێژەکییە - زارەکییە - «بەر لەهەر شتێک ئەو پێداویستییە هەنووکەییە بۆ خولقاندنی شتێکی رەسەن بەمەرجێک ئەو شتە رەسەنە تخووبی گونجاوی کۆمەڵایەتی نەترازێنێ» هەروەک (بۆدلێر) لە وتارێکی بەناوی «رێکپۆش» ئاماژەی پێ دەدا.

وێنەی شیعری سەلیقەدار، وێنەیەکییە بەکارامەیی و بێزاریی ناسراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەندێشە دەکرێ بەرز هەڵنرێ نەک کاتێ خۆی  لە نەریتەکان رزگار دەکات، بەڵکە کاتێ ئەوە دەدۆزێتەوە، کە نەریتەکان لە خۆیاندا هێزی رزگارکەرن. رەنگە دەستگرتن بەبەکارهێنانی سەروا، کە شاعیرانی رەمزی بەدڵیان بوو یەکێک بێ لەو دیاردە قایلکەرانەی ئەوە راستییە، لەوانەیشە سەروا، کە کاریگەرێتییەکی خراپ دەکاتە سەر مانا، لەهەرە دەوڵەمەندترین سەروا و تەواویتریان بێت، دروستکردنی شیعر لە بیرۆکەی (پاوەند) لە بارەی (لاکۆبیا) نزیکدەبێتەوە، کە مانای «سەمای هزر لە نێوان وشەکاندا» دەگەیەنێ. بەم جۆرە قەسیدە واتە گۆڕینی هەرچی هەرەمەکییە بۆ زەرووری و ئەو پێناسەیەش زۆر بەدڵی (ڤالێری)بوو.

(پاوەند) زاراوەی (لاکوبیا))ی بەسەر کارەکانی لافورک (١٨٦٠-١٨٨٧) پیادەکرد، بەوردی لە رۆنانی قەسیدەدا بەدیاردەکەوێ، هەروا سەرنج دەدەین لە شیعری ئازادی و (لافورک)، کە لە زەبرکاریی دوور دەکەوێتەوە، کەشێوە رێکخراوەکان بەسەر بابەتی دەسەپێنن، بەڵام لە شیعری رەمزی ئەرکی وێنەی سەلیقەدار و سەروا دیاریکراو جیاوازە لەگەڵ ئەوەی پێشتر تاوتومان کرد. گەریش بڕوامان هێنا بەرایەکانی (دوهامل) و (فلدراک)، کە لە کتێبەکەیاندا (تێبنییەکان لە تەکنیکی شیعریی»(١٩١٠) کە (پاوەند) هەمیشە گەواهی پێدەدان، ئەرکی سەروا لە شیعری ئازاد بریتییە لە «پێدانی کۆتاییەکی راستەقینە بەئاوێتەیەک لە بیروباوەڕ» هەروەها «بەرهەڵداکردنی نوکتە بچووکە گوشادەکان». هەندێ شاعیر وەکو (لافورک) و (ئلیۆت) جەختیان کردۆتە سەر، ئازادی لە بەکارهێنانی ژمارەیەکی دیاریکراو لە سەروا، وەلێ ئەوان ئەو پشووە - نەفەس، شیعرییەیان نەدا بەو سەروایانە، ئەوەی (مالارمێ) و (ڤالێری) پێیان بەخشی. ئەوا دەیانتوانی ئەمە بکەن بەهۆی بڵاوەلێکردنی شیعری ئازاد و بەردەوام نەبوونی، سەرواکانیان ئەقڵانی رێی دەکرد، وەلێ ئەو ئەقڵانییەتە بێ پاساو یا هۆ یا پێویستییەکی کردەیی بوو. حاڵیشیان وەکو حاڵی ئەوانەبوو، کە شیعری گەپاوی یا گۆرانی منداڵان دەنووسنەوە.

دوای ئەوە شۆڕشی سیمبولیزم چی وەدەستی هێنا ؟ لە بنەڕەتدا هەستکردنیش تیژ بە زمانی بەئاگا هێنا. زمان وەک دیاردەیەکی تاکەکەس نەما، بەڵکو بووە ماددەیەک یاسا و شێوە زیندەگییە تایبەتییەکانی بەخۆی هەیە.



مسداقیەتی شیعری رەمزی بۆ پێشڕۆیان[٨] زۆر قەرزباری چاکەی هۆشیاریمانە بەو درزەی گومان لە نێوان شاعیر و زماندا. کارەکەش جیاوازە کاتێک هەلومەرجەکە دەگۆڕێت، چوون ئاوا سەیری ئەو درزە دەکەین، روانینێکی گاڵتەجاڕی هۆشیارانە، هەروەها کاتێک دەست دەکەین بەوەی زۆر لەو تاک وشانە بەو پرسانە لە قەڵەم دەدەین کە تۆزی زەمانەیان لەسەر نیشتووە و بەپێی پێویست مەبەست ناپێکن. ئەو گاڵتە هۆشیارییانە بەزمان بانگەوازێکە نەک بۆ نوێکردنەوەی باوەڕمان بە زمان، بەڵکە گومانکردن لێی و بەپرسێکی رووالەتیانە و تەنیا وتەی خاڵی لە واتا، لە قەڵەمی بدەین.

ئەو لاف لێدەرانە زمانیان لە ناوەڕۆکەکەی داماڵی و گۆڕییان بۆ پرسێک تەنیا - هەڵبەستراو - پێچاویەتییەوە. (لافورک) یەکەم شاعیری رەمزی بوو کاریکردە سەر (ئلیۆت)، بەدەستبلاویی هەلومەرج و سیفاتە بڕگە فرەییەکان بەکاردێنێ کە هەمان چەشە دەبەخشن ئەوەی هەلومەرج و سیفاتە بەکارهێنراوەکانی (مالارمێ) دەیدەن.

کچۆڵە ناسکۆڵە پۆشتەکان دەچنە کلێسە بچووکەکەی خودان زەنگە ناڕاستەقینەکان زەنگەکانی رۆژی یەکشەممەی سەنگین[٩] ئەو زەنگانە بەشێوەیەکی تەندروست و شۆخ بانگیان دەکەن.

بەم رێگەیە (مالارمێ) نەگونجانی نێوان مانای ئەو وشانە و ئامانجی شاراوەی دواوەی دووپات دەکاتەوە، بەم جۆرەش شاعیر وشەگەلی زل و زەبەلاح بەکاردێنێ. بەکارهێنانێکی گاڵتەییانە. وشەگەلی وەکو «تەندروست» و «رێکپۆش» یا «شۆخی» وشەگەلی زۆر بەبایەخن نەک بەهۆی ئەو رێگەیەی تیایا بەکارهێنراوە، بەڵکە لەبەرئەوەی لەخۆیدا گرنگە. وشەگەلی خودان فرە بڕگە لەوانەیە ئاماژەبدا (سروشبەخش) بێ، بەهۆی ئەو زرینگانەوەی لەگەڵ ئامرازەکان نێوی دان، بۆ چەندین مانا لە یەککاتدا، لای (مالارمێ)ش، دەوڵەمەندیی وشەکانی لە بڕگە فرەییەکانی حەشاردراوە، بەڵام لای (لافورک) ئەو فرەییە ئاماژەی هەڵخەڵەتاندنە، وشەکان راستی دەڵێن، چونکە دەتوانن زۆر بڵێن.

## -٣-

دەتوانین دەست بخەینە سەر بناوانی هەلومەرجی گاڵتەجارێتی (ironic adrerbs) (لافورک) لە شیعرەکانی ڤیرلین (١٨٤٤-١٨٩٦) کە لە دوو توێی دیوانەکەیدا بەناوی

«ئاهەنگە ئەویندارییەکان» (١٨٦٩) دەکرێ لەو دێڕانە بەدی بکەین وەکو:

ئاشقەکان تەنگ بەخۆشەویستانیان دەچن لە سونگەی خۆشەویستییەوە، وەلێ خۆشەویستان ئەو تەنگ پێهەڵچنینە بەشەپازللە وەڵام دەدەنەوە، ئاشقەکانیش بەدەوری خۆیان بەماچ وەڵامی شەپازللەکان دەدەنەوە، کە لەسەر پەنجەکانی خۆشەویستان دەیکێشن، لەبەرئەوەی هەموو شتێ بەتوندڕۆیی و خەمۆکی تەواوبوو هەموویان بە روانینی توندوتیژ سزادران[١٠].

هەلومەرجەکە لێرەدا ئاماژە دەدا بەو دژیەکدییەی نێوان پێوەندی کردار و سەرشێتی پرۆپووچی کاردانەوە، هەلومەرجەکە دامرکێنەرانە دێ، بەڵام دوای بێزاری و وەڕەسی هەڵئاوسان.

ئەو تێکەڵکردنەی نێوان ناسکی و چەقاوەسوویی شتێکی دیار و بەرچاوە بۆ سەلیقە پێدان هەروەکو (برابی داورفلی)، دەڵێ. ئەو بڕگەی پێشتریش (سەلیقەداریی) وردەکاریی لە کۆکردنەوەی شتە ناسکەکان کەڵەکە کردنیان لەسەریەک دەری دەکات (ئارثەر سایمونز) ئەو خاڵەی دوماهی بەیەکێک لە نیشانەکانی بزووتنەوەی (الانحطاط) دادەنێ و ئەو تایبەتییەش یاریدەرە بۆ وێناکردنی ئەو جۆرە خۆشەویستییە سەیرو هاوچەرخە، کە (بروست) لە تابلۆکانی (واتو) دۆزینەوە، کە هەریەک لە گفتوگۆ و چلێسی و خەمۆکی رۆڵێکی گەورەیان تیاهەبوو لەوەی خودی چێژوەرگرتنە کە ئەوە جۆرێکە لە نەشیانی نەخشاوە (omateinpotence).

شاعیرانی ئینگلیز وایان هزر دەکرد، (مالارمیێ) لە بەدیهێنانی مەبەستەکانی سەرنەکەوت، بەڵام (ڤیرلین) بەلای ئەوان ئوستادێکی راستەقینەیە، بەتایبەتی لە شیعرە هەڵبزرکاوە زێدە توند و کەمتر خرۆشێنەرەکان (جۆرج مۆر) گوزارشتی لەرای زۆران کرد کاتێ وتی «لێرەوە بەخێرهاتنمان لە ئارەزووەکان و بیروباوەڕە هەڵبزرکاوەکان کرد: (ڤیرلین)بوو بەهەرە باشترین شاعیر»[١١]، هەروەها (سایمۆن)یش بەکارخستنی هەلومەرجی خودان ئیمحای زۆری تاقیکردۆتەوە[١٢].

ئێستاکە دێت سەماکەری دزەکەر
بەلارەلار و بەهەنگاوێ بەهەنگاوەکانی پشیلە دەچێ



بەم جۆرە وشە دوور و درێژەکان دێن بۆوەی جۆرێک لە چێژی پتر ببەخشن، لە کارتێکردنی خەولێخەر، ئەمەشە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی (الانحطاط)ە، بەڵام، بەزۆری ئەمە لە کارەکانی (سایمون) بەدیدەکەین، بەدەستەواژە ناوردەکان دێن و خۆیان دەسەپێنن (وەکو: «بەهەنگاوێ» بەهەنگاوەکانی پشیلە دەچێ» لەراستیدا، ئەدیبە ئینگلیزەکانی سەر بەبزووتنەوەی «الانحطاط» هەوڵیاندا هەستی خوێنەر تەنک بکەنەوە، وەلێ بەزۆری لەوە نوشوستیان هێنا بەهۆی بەکارخستنی دەستەواژەی جاڕسکەرو بێزارکەر، هەروەها لەکارەکانی (سونبرن)یش ئەمە دەبینین.

لە کارەکانی (ئەرنست دوسن)(١٨٦٧-١٩٠٠) هەندێ وشە دەبینین برگە فرەیین وەکو «خاکی زێدە لەبیرکراو»(Cobliviousland) «تیشکی کۆتایی»(ultimata light) «دوورترین زەوی» (Ulterior land) ئەو وەسپانەی تەنیا ریتمی مۆسیقی و زلێتی بەئەو ناوانە دەبەخشن، کە شەرم لەو وەسپانە دەکەن، هەروەها لەکارەکانی (سیمۆن) کە کەڵەکەیەک لەوەسپ دەبینین «دەستە بچووکە نەخۆشە سپییە ناسکە ئازیزەکە» ئەو وەسپانەی بەتەواوەتی واتا تێکدەشکێنن، ئینجا ئەو وشانە شێواوی لە ماناو ریتم دەخەنەوە، بەزۆری شیعری (بوێرن) ئاسەوارێکی خەوهێنەر و لەراوە جێدێڵن:[١٣].

تەنیا گریانە لە دواوەی پێداویستی دایە
لەو شوێنەی دەستەکان نایگەنێ
هەندێک وەکو گوناه گۆرانی دەڵێن، هەندێک وەکو بەخشندەیی گاڵتە دەکەن

رەنگە (بۆدلێر) یەکەم کەس بێ هونەرمەندی (انحطاطی) هاوچەرخ وەکو ئادەمیزادێکی خودان دەزگایەکی پێشکەوتووی دەمار، خستبێتەڕوو. دەمارگەل - بەلای بۆدلێر، هێزی بزووێنەرەکانی چالاکی داهێنارانەیە، هێزی بزوێنەرەکانی هەرچی بەزەبر و شکۆمەند و فرە لاو خودان هەستەوەرییەکی باڵایە.

بەڵام (رێکوپێککاریی) بەلای ئەو دوورترە لەوەی خەڵەتاندن و لە خۆیایی بوونی روونی و بەرچاوبێت، بەڵکە زەرورەتێکی مۆڕاڵییە یاریدەری مەشقکاریی ئیرادە و کۆنترۆڵ کردنیەتی (رێکوپێککارییە) ئیرادەی داهێنان، بەڵام خولیایی شەڕیش بەلای ئەو، خولیای گەندەڵیی نییە، بەڵکە دووپاتکردنەوەی هێزی کەسێتییە. کەواتە (بۆدلێر)پشکی خۆی لە پەشیمانی بردووە، ئەو پەشیمانییەی لە تامەزرۆییە

جوانیناسییەکەی بۆ رابردوو ،دێت، لێرەشدا جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان خولیا مۆراڵییەکانی (بۆدلێر)وەکو ئادەمیزاد و پێداویستییە مۆراڵییەکانی وەکو هونەرمەند.

وەلێ (ڤیرلین) و هاوسەردەمانی لە ئینگلیز لەواقیعدا هەڵوێستێکی نەرێیانەیان گرتەخۆ لەو هەڵوێستەیان دەبینین، هۆشیاریی ئەقڵی بەهۆی پووکانەوەی فسیولۆجی زیاتر دەبێ و لەو ئەزموونەی ئەوانی دیکە دەیگوزەرێنن لە رێی زاکیرە و ئارەزوو و خۆگۆڕینیان، بە، ئەو کێشانە، دەبن بە تاکە شێوەی پاڵپشتکاری ئەزموونەکە. ئەزموونە رواڵەتییەکانی ئەوانیدیکەش دەبن بەئەزموونگەلی راستەقینە، ئەمەش قەیرانی رۆحی لای (ڤیرلین) راڤە دەکات، ئەو قەیرانەی لە دواوەی گەلەک قەسیدەکانی حەشاردراوە.

ئەو ژانوژوورە سەیرەی، کە لە دەرەنجامی ئەو هەوڵدانە بەهەڵپەی ئەدیبانی (الانحطاط) بەدوای ئەزموون دێتە کایەوە، بەستراوەتەوە بەهەبوونی مۆراڵی زێتر لەوەی بەسترابێتەوە بەهەبوون بەشێوەیەکی تێکرا.(١٤)

کاتێ لە پێناو تا ماچم کرد
لێوەکانم بەناوی تۆیا حەسرەتیان دەکێشا

دەستەواژەکانی وەکو «لە پێناوتا» و «لە پێناویا» لە شیعرەکانی (داوسن) و (سایمونز) دووبارە دەبنەوە، لێرەدا بایەخدانێکی زۆر بەرەچاوکردنی هەستەکانی ئەوانیدی کە هەیە (سایمونز) بۆ نموونە، دەڵێ: «بەدەستم دەستەکانیم گرت بەکرێ، ئەویش تێگەیی» هەروەها (داوسن) دەڵێ: «ئاه، ئەمە ئەوە، کە تێدەگات» ئەو بایەخدانە بە بەرپرسێتی و پەسەندکردن دەبێتە هۆی رۆچوونێ بەچێژەوە بەبێ ئەوەی شەرەف -ئابروو - ماناکەی لە دەست بدات، لە قەسیدەی «ستیلامارس»ی سایمونز، ئامێتەیەکی نەشیا و وەکو «چێژیی راشکاوانە» بەدی دەکەین، نووسەری توندڕۆی (الانحطاط)دا کەوتەیی، داوای لێبوردن ناکات لەو چێژەی مەزندەی دەکات، ئەمەش بۆ ئەو هەستەی دەگەڕێتەوە، کە ئەو هەمیشە راستە، و روونیشە تاوەکو مکوڕبوونی (داوسن) لەسەر بێدەنگی و لەسەر لێکتێگەیشتن لە رێگەی ئاماژەکانی هەست، دیارە و روونە نەک لە رێگەی مۆسیقای هەست و نەستە نامەتیریالەکان، بەڵکە لە رێگەی ترس لە دووڕوویی، کەواتە گەر هیچ بەڵێنێ بەکەس نەدەیت، ئەوە هیچ بەڵێنێکی بەدرۆ نادەیت.(١٥)

بێدەنگییەکە درەوشاوەبوو،
ئەگەر نا خوازیاربووین ئێمە هیچ شتێک نەدرکێنین.



لە بنەڕەتدا، شاعیری نەوەدەکان زیاتر بایەخی دەدا بەبەروبوومی ئەزموون پتر لەوەی بایەخ بەخودی ئەزموونەکە بدات، کە (پیتەر – Pater) داکۆکی لێکرد، لێرەوە، تەنانەت قەسیدە سێکسیە راشکاوەکانیش خودان ئامانجی دیاریکراو بوون، ئەو کۆمەڵە شیعرەی (سایمونز) بەناونیشانی «بیانکا» نووسی و لە دیوانەکەی بەناوی «شەوانی لەندەن» دایە (١٨٩٥)، دەکرێ لەو بوارەدا بەکۆمەڵە شیعرەکەی (ڤیرلین) بەراورد بکرێ، کە لە دوا دیوانی بەناوی «بەرەڵێڵ تەریب» (١٨٨٩) (سایمونز) توانای بێژەیی نەبوو، کە وای لێدەکات شیاو بێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێوەندیکردنە جەستەییەکان بەبێ سەغڵەتی. تەنانەت ساتەکانی سەرفرازیی و شکۆداریش لای ئەو سانگەلی تێکەڵ بەروونایەتییەکی سەغڵەتیانەن:

ئێستاکە لێوەکات لێوەکانمی هەڵمژی
لێوەکانت بە لێوەکانمەوە نووسان و تەڕیان کرد
لێوەکانت دەست دەکەن بە هەڵلووشینی لێوەکانم
تاوەکو هەرچی لێوەکانم هەیەتی بیبات.

ئەو هەموو شیعرانە، لەدوا دەرەنجامدا، داکۆکی لە چێژێکی نامۆڕاڵی دەکەن، ئەمە تێوەگلانێکی بە ئەنقەستی سێکسیانەیە، ئەمە پێوەندیکردنێکە لەسەر شێوازی (ڤیرلینی) نزم. لەو شێوازەدا کۆسپێکی ئەدەبی دەبینین شاعیر و ئافرەت تەنانەت لە توندترین ساتەکانی وروژان، لێک جوێ دەکاتەوە (ڤیرلین) گەورەی ئەو کردارانەیە، گەرچیش روونی دەکاتەوە، چێژی لەش هەندێ ئاستەنگی دێتە پێش کاتێک وێناکردنێکی ئەدەبییانە وێنا دەکات.

رەنگە (ئەلبەرت سامین) یەکێ بێ لەو شاعیرانەی بەچاکترین شێوە نمایندەی بزووتنەوەی (الانحطاط)ی بکات، ئەمەش لەو کۆمەڵە شیعرەیدا دەبینینەوە «لە باخچەی کچە شای پورتوگال» (١٨٩٣)دا، لێرەدا شاعیر دەبینین ئەو ناکۆکییە رواڵەتیانە – پارادۆکس – Paradoxes– و کارگەلە ناروونە تایبەتمەندو و بەرچاوەکانی ئەو خولیایە، گەشە پێدەدات. لێرەدا پەیوەستی نێوان توندێتی هەڵچوون و نیشتنەوە. دەبینین، ئەمەش وامان لێدەکات بەوە نەزانین داخوا پێزانین هەستی بناغەی ئەزموونە یاخود یەکێک وروژاندوویەتی، ئا ئەمەیە رەگەزە ململانەکەرەکانی شیعری (بۆدلێر) رێکپۆش ململانە لە نێوان لە خۆ بایبوون و گوێ پێنەدان:(١٦).

«کاتێک لە خۆباییبوونەکەی هەناسە هەڵدەکێشێ، شەوەکان پڕ لە ئەرخەوان دەکات» ئارەزووی وورووژێنەری سێکسی و تامەزرۆیی هێمنانە و زیندوو بۆ رابردوو بەدیار دەکەوێت لە شێوەی کۆمەڵە وێنەیەک، لەلایەکەوە تاریکایی عەتراوی، گەرمی، رەنگە بریقەدارەکان و هەندێ شتی دیکەی مایەکی دەبینین و لەلایەکی دیشەوە. شەوگار، ئاو، گوڵگوڵی، مۆسیقا و رەنگە سووکەکان بەدی دەکەین. ئەو شتانە لەگەڵ یەکا چەند جارە تێکچڕژاون لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز بۆ نموونە «ئەی شەوگاری هەڵبزرکاو و هەوەسباز» «گوڵەکان لەسەر قەدیفەیا دەخەون» (سامین) هەروەک (داوسن) لە زمانی بێدەنگی تێدەگات «هیچ وشەیەک ناڵێم و تۆش تێم دەگەیت» ئەویش هەروەها چاو دەخاتە سەر وزە و توانای سێکسیانەی لێوەکان، کە شاعیر دەکارێ لێیەوەی کارگەلی رۆحی هەڵمژێ:[17] «لە دەفری قووڵ و شەنگی لێوەکان ئەڤینی پیرۆزی خواردەوە» ئەو ئارەزوویەش وەبەردێت لە خولقاندنی رەهەندی سێیەم بۆ وەی رووالەتییە - دەرەکی - و شەنگە، گرفتێک هەر دەبێ ئەدیبە - نزم - ەکان رووبەڕووی ببنەوە، ئەویش ئەوەیە: چۆن بۆیان دەلوێ ئەزموونێکی خۆیی و باو بەقووڵی لە ئەستۆ بگرن؟ (ڤالێری) ئاماژە دەدات بەوەی لێرەدا هۆیەک نییە لە گومانکردن لە قووڵایەتییەکەی[18].

من دووپاتی دەکەمەوە بەهەبوونی جۆرێ لە رەهەندی رۆحی لە هەست و نەستەکاندا، مەبەستم ژیانی نەمریی، تێیدایە لەو قووڵی و چڕیەی یەکسانە بەلای کەمی بەوەی دەیخەینە پاڵ سێبەری دۆست و دیتنە پەنهانەکانی سۆفیگەریی.

پرسیارەکەش ئێستا ئەوەیە: چۆن دەکرێ گوزارشت لەو قووڵییە بکرێ؟ لە رێگەی تەکنیکی ئەدەبی، رەنگە زۆرترین تەکنیکی باو بریتی بێ لەو دووپاتکردنەوەی، کە لەرێگەی خستنە سەری سیحر بۆ سەر و شەو هەست و نەستەکان ئەنجام بدرێ و وەرچەرخانی لەرێگەی رێڕەوتی واتا بۆ شتە تەجریدییەکان، دەکرێ ئەمە بەهۆی بەکارهێنانی یەک وشە لە بابەتگەلی رێزمانی جیاوازدا ئەنجامبدرێ، ئەمەش لەو دوو دێڕەی سایمونز بەدی دەکەین.

ئەو هەمیشە ئارەزوو دەکات، و هەمیشەش بێسوود
ئارەزووی ئەم دەکات، ئەو دایکی ئارەزووی بێ کەڵکە

ئەو، جۆرە بەکارهێنانەی وشە جەخت دەکاتە سەر ئەو وزە گەورە شاراوەیەی نێوی بەجۆرێک چاوی لێناپۆشرێ، وەلێ لێرەدا چارەیەکی دیکەی بنەڕەتی هەیە ئەویش گۆڕینی



ماددەیە بۆ رووداوی زیندەگی. تائێستاش - مکیاج- ئارایشت و جلوبەرگ رۆڵی خۆیان لە خەڵەتاندندا هەیە هەروەک «پیریێ Pirrot»(*) لە شانۆگەرییە - پانتۆمایم- بێدەنگەکان، ئەنجامیدەدا، ئەمەش وادەکات کەسایەتییەکان بۆ سەردەمەکە گونجاوبن. ئەمەش لە قەسیدەی (ڤیرلین) بەناوی «لەمرۆ بەدواوە، هەرگیز» بەدیدەکەین، چون درزی نێوان واقیع و رووالەت خەڵەتێنەرە تەنانەت لەو حاڵەشدا «وەرە ئەی دڵی بەستە زمان» مۆدە دەمامک نییە پڕو پووچی بشارێتەوە، بەڵکە نیشانەیە بۆ «هیوادارێتی و چاوبڕینە بۆ نموونەی هەرە باڵا» هەردوو رەنگی رەش و سووریش دێن «هەبوونی نغرۆی لە ئاسا بەدەرەکان»[19] دەنوێنن. دەتوانین حەقیقەتی مرۆڤ بدینینەوە نەک لە کەمتەرخەمیەکەی بەتەنیا، بەڵکە لە خۆزگە و خواستەکانیشی، کە لە وێنەی خودی خۆیدایە و بێوچان لە کاردیە بۆ هزرکردنی - مەزەندە کردنی. هەمیشە ئادەمیزاد تێدەکۆشێ لە پێناو ئەوەی زێدە سروشتی بێت، بەم جۆرە خانەدانی. ئادەمیزاد گونجاو دەبێ لەگەڵ کارگەلە رووکارییەکان، کە بەدەوری خۆیدای کێشاوە، کەشی ئارایشت و شانۆی هەمەڕەنگ بەو رووناکییە بەبریق و باقەو جلوبەرگ و رووالەتەکانی دیکەی کەشوفشی لە هەمانکاتدا، هونەری خود ناسینە و ئەو رێگەیەیە یاریدەی ئەوانیدیکە دەدات تاکو ئەوە بزانن، کە خود ناسین دەبێ بەزنجیرەیەک تاموچێژی هەستی، لەو جیهانە نەخشاوییەدا شوناسی ئادەمیزاد پشت دەبەستێت بەو هاندەرە هەستییە تایبەتانەی ئادەمیزاد لە کاتێکی دیاریکراودا دەبینرێت؛ ئەمە جیهانی (بروست)ە، کە تێیدا تواناکانی ئادەمیزاد بۆ نەشونما و فرە جۆری بێ سنوورە، ئادەمیزاد لە ئاوێنەی خوددا دەژییێت و لە چاوی ئەوانیدیکە و گەریش چاومان بڕیە پێشەوە دەبینین لە - ئینتیباعیەتدا - هونەرێک هەیە واقیع تێیدا خەون و رۆئیایە.

سەیر نییە، کەواتە ئەزموونی شار، کە (بۆدلێر) دەستی پێکرد داکەوتەکان لەبری ئەوە ئەنجامیاندا لە شارێکی خودان دیمەن و شێوازی رابواردن و چرا نەوتییەکان، بۆ نموونە، قەسیدەی «ئینتیباعی شەو»ی لۆرد (ئەلفرد دۆکلاس) وەرگرە شاری بەڵێنە سێکسییەکانە، چون تیشک و تاریکی تێیدا وەرسوڕانی تەلیسماوی دەخاتەوە، (ریچارد لی کالین) کە سەر بەبزووتنەوەی (الانحطاط)ە، بەڵام بێ ویستی خۆی. گوزارشتی لەو بابەتە کردووە، دەڵێ:[20].

شەقامەکانی ناوشار، سەیرەو خێوی لێنە. ئەو تاریکاییەی گۆمەسەوزە سەیرەکەی داپۆشیوە، باڵەخانەکانی کردووە بە پەرستگە.

شیعری شار، کە نەوەی داهاتوو نووسیوبیەتی گورِوتینی لە شاعیرانی نەوەدەکان وەرگرتووە، کە سەر بە بزووتنەوەی (الانحطاط) نەبوون وەکو (هنلی) و (دیفدسون).

-٤-

خەونە (شاعیرە) رەمزییەکان و خەونی (شاعیرانی) سەر بە بزووتنەوەی - ئینحیتات- وایان راهێناوین، کە هەست و نەستە توندوتیژەکانی بەرهەمهێنی ئەو واتایانەی دیاریکراو نین لەڕووی شێوە و واتادا، ئەو هەستانە کارگەلێکی خۆیی و باوبن.

(ڤیرلیین) بۆ نموونە بەوە ناسرابوو بەتیژی درکی بەشتەکان دەکرد، وەلێ ئەو بەیەکسانی روانین و دیتنی بەسەر دابەش دەکردن، دەنگ و هاوارە جیاو دیارەکان، کە ئاوێتەی یەکدی دەبوون دەیبژاردن هەڵیدەگرتنەوە تا دوایی لە ناخی یادگە جێگیر بن، ئەمەش بزووتنەوەی ئیمپرێشینیزمان وەبیر دێنتەوە لەڕووی ئەو شێوازەی بەکاریدێنێ لەرۆنانی ئینتیباعێکی یەکگرتوو بۆ رووناکی (یامانا یامگێز) بەهۆی پارچە پارچەکردنی بابەتەکە بۆ لەتی دیاریکراوی پڕاوپڕ لە وزە، «مۆنییێی» لە «ئەرجنتیل» بۆ رووبارو لە «ئەنتیب» بۆ دەریا، تەنیا ئاوی راکێشا، کە کردەی وەکو کردەی مەوشور - ئاوێزە - وایە کە رووناکی بۆ رەنگە بنەڕەتییەکان دەشکێنێتەوە. گەر لە رەنگە راخەکەرەکاین لە نزیکەوە ئەوە بەبریقە و باق و روون دێتە بەرچاو، بەڵام گەر هاتوو لە دوورەوە هەمەگیرانە سەیرمان کرد ئەوە رەنگەکان تەنک و هەڵبزرکاو دێنە بەرچاو.

هەڵوێستی (ڤیرلین) جیا و دیار لە روانینی بۆ هەست و نەستەکان هەڵوێستێکی شکست خواردووە. ئەو رووتی دەکاتەوە و بۆ ژیانی ئەوانیدیکەی دەگوازێتەوە. دوماهی، هەستکردنی بەلابردنی یا نەمانی شتەکان لە زێدەبوونێکی یەک لە دواییەکدایە. ئەو هەوڵدەدات خۆڕاگر بێت. لەرێگەی رووکردنە ناوەوەی شتەکان یاخود لە رێگەی راکردن لێیان، بەڵام لە قەسیدەی «گێژەن»ی (ریلکە)ی بڵاوکراوە لە دیوانی «قەسیدە نوێیەکان» (١٨٠٦-١٨٠٧) سەرنج دەدەینە بزووتنەوەیەکی دیکەی پێچەوانە، بزووتنەوەیەکی بازنەییەو هەڕەشەی پەرتبوون و بەهەڵم بوون ناکات، بەڵکە سروشبەخشی دەسکەوتی چڕە.

لە رەنگەی سوورو سەوز و خۆڵەمێشییەوە تروسکەییەکی نارد
تاکو وێنەیەکی خاوی لابەلایی بکێشێ

ئەو مامەڵە کردنە لەگەڵ خێرایی نەمانی شتەکان، کۆمەڵەیەکە لەوێنەی نەگۆڕی کاتی،



هەروەها ئەمە لەکارەکانی (دیکا)ش دەبینین، بەڵام (ڤیرهارن) ئەو بار-انە (Poses) کە بەخێرایی نامێنن بەباری سەماکەر دادەنێ «ئەمە ئەو بارانەن کە یەک خولەک بەردەوام دەبن، ئەمە ئاماژەگەلی گەوجەن، ئەمە هەڵوەشانەوەیەکی وردن، هاوسەنگییەکی ناجێگیر، هەڵوێستی ناباون، ئەمەیە بەدوایداین و وێنای دەکەین، ئەو بابەتەی هونەرمەندی رەمزی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات وەکو ئەو مانایە وایە، کە هونەرمەندی ئینتیباعی پێشکەشی دەکات، ئەو دەکەوێتە قۆناغێکی گوێزەرەوە، ئینتیباعیش وەکو سیمبولیزم جۆرایەتی لە بابەت رزگار دەکات، ئەو ئاراستەیەش لە ئەدەبدا دەبێتە هۆی گۆڕینی کردارەکان و سیفاتەکان بۆ ناو، بەڵام لە وێنەکێشاندا رەنگ بەلای ترازانی بابەت دەشکێتەوە، ئینجا بابەتەکە بەو کارانەی رەنگ یا هۆی کاتیی بەکارهێنانی رەنگ، هەڵدەنرێ، لە حاڵەتی پەڕگر خۆمان دەدینینەوە لە نێوەڕاستی رێگایەک دەچتەوە سەر هونەری موجەرەد، بۆ نموونە (سایمون) دەربارەی (مونتچلی) دەڵێ هەوڵدەدات رۆیا پاکبکاتەوە بۆ ئەوەی بەو رەنگانە بگات، کە لەرووی رووحیەوە لە جەستە رزگاربوونە، لە ئەدەب و وێنەکێشانیشدا شتی ئاوا دەبینین دەستنیشان ناکرێ یا خۆی ناسناکات بەئەندازەی ئەوەی لەرێیی رەنگەکان گوزارشت لە خۆی دەکات، لەبەرئەوە هونەرمەندەکان ئاوەزوویانە بابەتگەلە هاوچەرخەکان وێنا بکەن تەبای یاریی تێنس و قۆشمانێ و هاوینەهەوارەکان و گەشتەکان».

ئێمە دەتوانین ئەو دیمەنانە بەدەست بێنین، یا (بدۆزینەوە) لەو رۆمانە سروشتییەکان وەکو رۆمانی «نانا»ی زۆلا (١٨٨٠) و رۆمانی «ئاشقی هاوچەرخ»ی جۆرج مۆر (١٨٨٣) و رۆمانی «نوێترین مۆدە» بەئاراستەی رۆژنامەوانی (لاماریێ) رەنگی بەرگەکە لەناکاوو هەرەمەکییەو بۆ بەرگەکە پێویست نییە و ئەو هەرەمەکییەش شتێ لە تەلیسم و بەڵا دەداتە دەست، هەروەها ئەندێشە سەربەست دەکات و رێدەدا بەوەی بەرگەکە لەبەر بکات تخوبی ئەو چینەی لە ریزیەتی بترازێنێ و ئەو هەڵومەرجەیشی، کە دەیگوزەرێنێ، رەنگیش لەو بارە ناجێگیرەدا گونجاوە بۆ هەموو بوارەکانی تاقیکردنەوە، جا تاقیکردنەوەکە چ سێکسی بێ یا مۆڕاڵی یا ئیستاتیکی، لەلایەکی دیکەوە رەنگی سەوزی کاغەزەکە بەشێک و رەگەزێکی بنەڕەتییە لەگەڵ رەگەزەکانی دیکە لە کردارێکی کیمیاییدا کارلێکدەکەن دەبێتە هۆی خولقاندنی کەشێکی ئەوتۆ سروشبەخشی بیرۆکەیەکی دیاریکراوە، وەلێ ئینتیباعیەکان لە کۆششێکی بەردەوام دان بۆ وەی هەمان

زیندوویەتی ببەخشنە ئەو رەنگە «سروشتییانە» و خودان هێزی کارتێکەر، کە رەنگە دەستکردەکان دەیبەخشن. گوڵەکان کێبڕکێ لەگەڵ جلوبەرگەکان دەکەن، بۆ وەی لەرێگەی رەنگەکان تۆڕێک لە پێوەندیکردن چێبکەن بۆ گواستنەوە لە نێوان ئالاّ و گوڵ و پەنجەوانە و تروسکایی ئاو، دەتوانین لە ئەدەبدا هەمان پرۆسە بدۆزینەوە، لە قەسیدەی «رووەکی کوپی ئاو» ئەو رووەکە هەڵگێڕ و وەرگێڕی نهێنی ژیانی دەخاتەڕوو لە رێگەی زنجیرەیەکی دووروودرێژ لەو رەنگانەی، کە پێشبینی ناکرێن، ئەو رەنگە شینە نامسۆگەرییە، دوای ئەوەی بۆ رەنگی دیکەی وەکو زەرد و بنەفشەیی و خۆڵەمێشی کانگای هەموو رەنگەکان، شیدەبێتەوە، بەڵام رەنگی سەوز لە پشتەوەی رەنگە فرە شینەکاندا، سەردەکەوێت و رەنگی شینیش دەبێ بەتاکە رەنگی پێشەوەی باکگراوەندی هەمەگیری سەوزەکە، بە پێچەوانەی ئەمەوە لە قەسیدەی دیکە وەکو قەسیدەی «سیمفۆنیایەک بەرەنگی زەرد»ی – وایلد – دەیبینین.

رەنگ بەکارنایەت لە تۆمارکردنی وزەی دیاریکراوی ناوەکی شتێک و ناچتە ریز و پلە تاکو زیندووانە گوزارشت لەو کرژییە راستەقینانەی ناو رەنگ بکات، کە (پروست) ناوی ناوە «یەکیەتی فرە رەنگ» بەپێچەوانەوە رەنگی زەرد، بیرۆکەیەکی سەرەکی دووبارەبییە (Leitmotiv) بەجوانی نمایش کراوە، وەک چۆن پارچەیەکی ناوازە نمایش دەکرێ یا هەڵدەواسرێ، هەڵبەستەکانی (وایلد) ئینتیبباعی بەیەکەوە گونجاوە چوارینەکانی لەسەر کێشی (ئێم بی)ی کێش و ترازوو کردنی چوارینەیی و سەرواکەیشی بەم شێوەیەیە (أ، ب، ب، أ) وێنەی شیعری لەو چوارینانە دەکشێ تا هەموو دوو – بەیت – دێڕەکان بەدوای یەک دادەپۆشێ و کرداریش لە سەرەتای دێڕی دووەم چەسپ دەکات:[٢١]

لەوێدا پاسێک لەسەر پردەکەدایە
دەخشێ هەروەکو پەپوولەیەکی زەرد

خودی (وایلد) گومان لە فەرمانی نەخشینی پەتی ناکا لە بۆ ئەو جۆرە قەسیدانە (بڕوانە وتارەکەی «ئەندێشەی نەخشین» شاعیرێکی ئەڵمانی هەیە ئینتیباعیەی پراکتیزەکردووە نزیک لەوەی (وایلد) ئەو (ماکس دوثندی)(١٨٦٧-١٩١٨)یە.

(بڕوانە بەتایبەتی کۆمەڵە شیعری بەناوی «سەرووی بنەفشەیی»)(١٨٩٣) وەلێ (دوثندی) لە شیعردا هاوشێوەی (ڤان کوخ)ە لە نیگارکێشاندا، ئەو لەو بڕوایەدایە تەعبیری بەشێکی حەتمیە لە ئیمپرێشنیزم ئەویش دەیەوێ هونەرمەند درک بەرەهەندەکانی



ژینگەکەی بکات و دیاردە سروشتییەکان بگۆڕێ بۆ وێنە و ئامراز، لە رێگەیانەوە درککردن ئەنجامبدرێ، لەبەرئەوە بایەخدارە بەهاوئاهەنگی ئەو زانیارییانەی ئەوانیدیکە کۆیان کردۆتەوە.

وەلێ ئەو جۆرە هاوتەرببیە لە بەکارهێنانی رەنگ لەنیگارکێشان و شیعردا هەر دەبێ پێزانینی هۆکارە دیاریکراوەکانی زمان، دیاریبکات، کە وادەکات گوێزانەوەی راستەوخۆ لە شتە بینراوەکان کارێکی مەحاڵ بێت، لەو دێڕەی (سایمونز)دا دەستێوەردانێکی دەنگی هەیە[٢٢].

رەنگی مێخەکی و رەشی ئاوریشم
The pink and black of silk and lace

ئەو قرتاندنەی (abruptness) پیتە لاوازە کورتەکان و دەنگی (ک. K) لە «مێخەکی Pink» و لە «رەش Black»و لە «ئاوریشم Silk» رووکارێکی بریقەدار وێنا دەکەن، وەلێ هەرزوو دەشکێتەوە (فشەڵ)، لە کاتێکا وشەی «شریت Lace» کە رەنگی رەش واپێدەچێ وەسپییبکات، شتێکی تەواو جیاواز دەداتە دەست، ئەو ئاماژەدەدا بەهۆی پیتی تەواوی سووککراوە و دەنگی فیکریی (Sibilant)ی دوماهی (س) تیایدا، ئاماژە دەدا بە نەرم و نیانی و لاوازی، کە هەڵبەتە کە بایەخ دەدات بەوێناکردنیان، لێرەوە بەلێککگرێدانی نێوان رەنگ و مادده، هەروەها لەسەرمانە ئەوەشمان لەبیر بێت، کە پێگەی سیفاتەکانی رەنگ هێز و کاریگەریی دیاریدەکات. لە دەستەواژەی «سۆلی ئاوریشمی رەنگ قورمزی» هەست دەکەین وشەی «قورمزی» جۆرەکەی دیاردەخات و دەستەواژەی «سۆلی ئاوریشمی» کالاّکە بەدیاردەخات، لەکاتێکدا لە دەستەواژەیەکی دیکەی وەکو «قژی رەشی شەپۆڵدار» «شەپۆڵداریی» راستییەکی گرنگە و «رەشێتیش» سیفەتێکی گشتییە، وەلێ ئێمە دەتوانین بڵێین ئێمە چەندی لە سیفاتەکان دوور کەوتینەوە و رووە و ناوەکان چووین ئەوە لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکان نزیکبووینەوە و ناشکرێ دەستبەرداریان ببین، لەوێدا گیروگرفت هەن لە زمانەکانی دیکەدا روودەدەن و ئەو گیروگرفتانەش لە زمانی فەرەنسی ئاڵۆزکاوین بەهۆی سەربەستی بزاوتن لە بۆ پێگەی سیفەتەکان، هەندێ جار بەر لە ناوە و جاروباریش لە دواوەی، بەڵام گرفتی زمانی ئەڵمانی لە وشە لێکدراوەکەیدا حەشاردراوە، هەروەها لەسەرمانە بزانین لەسەر ئەدیبی ئینتیبباعی پێویستە ئەوەی ئارەزوویەتی هێزی رەنگ زیندوو بکاتەوە، بزانێ، کە ئەدەب

وای راهێناوین رەنگەکان پەسەند بکەین وەکو ئەزموونێکی شارستانی خودان ناوەڕۆکی رەمزی «سوور وەک خوێن» «رەش وەک قیر» «سپی وەک جیوە» بەم پێیە هەروەها دەبێ بزانێ رەنگ گەر زێدە رۆییانە بەکارنەیەت، و گەریش بوارەکانی دیکە پاڵپشتی نەکەن «زمڕوتی» «سووری یاقوتی» «پەڕی قەلەڕەش» کاریگەر نابێت.

سەیر نییە ئینتیباعیەی ئەدەبی کێشەیەک بێت و بە تەکنیکی زمانەوانی گرێدرابێت، ئینتیباعیە هەوڵیدا زمان بگۆڕێت بۆ کرداری لە کردارەکانی ئیدراک - درککردن-و شیکردنەوەی ئەو کردارەیشی فەرامۆش دەکرد، هەروەها هەوڵیدا زمان بگۆڕێ بۆ چالاکییەکی ئەزموونگەری و بایەخیشی نەدەدا بەوەسپکردنی ئەو چالاکییە، لێرەدا چەندین چارە بۆ ئەو گیروگرفتانەی، کە بەردەمی ئەو هەوڵدانانەیان گرتووە، هەیە، یەکێ لەو زێدەترین چارەی باو، دەربازبوونە لە هەندێ پاژەکان - جوزئیات - زمان وەکو پیتەکان و ئامرازی لێکدەر.. تد، هەروەها دەربازبوون لەو وشانەی مانای شوێن و پایە دەدەن، هونەرمەندانی ئینتیباعی حەز دەکەن روانینیان بۆ واقیع بە بێ لاگیریەکی پێشوەختە بێ، وەلێ ئەو ئاراستەیە مەترسی خۆی هەیە نەخاسمە لە هونەری نیگارکێشان و بۆ نموونە هەندێ تابلۆکانی (ریندا) و (موریس) و (دیکا) بیردێنینەوە، تابلۆکانی (مۆنیێ) بەناوی «زنجیرە کاتدرائیەکەی روان» (١٨٩٢-١٨٩٤) هیچ بابەتێک، دیاریناکات، نیگارکێش مەبەستی لەمە ئەوەبوو لێبگەڕێ بینەر خۆی بەرێگەی تایبەتی راڤەیبکات، ئەمەش بووە هۆی پڕوپووچییەکی زۆر، لێرەدا رێگەیەکی دیکە هەیە وا لە زمان دەکات دینامیکیەتێکی هەبێت وەکو ئەو دینامیکیەتەی دڕکپێکردن، ئەورێگەیەش پشت بەستنە بەنیشانەکانی خاڵبەندی، ئەمەش لە رۆمانی (دوچاردین) بەناوی «هەرگیز ناچینە دارستان» (١٨٨٧) دەبینین، چون رۆماننووس دەبینین نیشانەی زۆری وەستان بەکاردێنێ ناسراو بە «وێرگولەی نوختەدار - و- کە درکپێکردن دیاریناکات، تەکنیکی ناسراو بە «تەداعی هەست و نەستەکان» زادەی بزووتنەوەی ئینتیباعیە و لە هەمانکاتیشدا نیشانەیەکی پرشنگدارە لە نیشانەکانی پێشکەوتن، کە لە دەروونناسیدا هاتە ئارا. هەر رایەکی رێژەیی دەبێ کارگەلی ئیستاتیکی و مۆراڵی پێشکەش بکەن ساتێکی دیاریکراو سروشبەخشی، ئاماژەدەری بێ. ئەو ساتەش «ساتی هەقیقەت» (Moment of truth) نییە، کە لە رۆمانەکان دەیبینین و ترۆپکی رێگوزەری رووداوەکانە، هەروەها ئەو ساتەوەختە نییە، کە هەرچی بەسوود و گونجاوە لە



شانۆگەرییەکان پێشکەشی بینەرانی دەکرێت و بڕیارە ترسناکەکانی یەکلاکردنەوەش لە ژیانی پاڵەوانەکەدا، تێیدا چڕ دەبێتەوە. تاڕادەیەک ئەوە ساتەوەختی رێکەوتە، ساتەوەختی بەیەکگەیشتن، لەراستیدا هەر ساتەوەختێکە تێیدا پەیوەندی نێوان ئەزموون و یەک بەدوایی یەکداهاتی زەمان هەرەمەکییانە، بەیەکدا دەپرژێن، ساتەوەختی هەڵرژانی نابەردەوامی وجودی رووت و بێگەردە. هەروەها چۆن یادگە هەنووکەر ئێستا تێکدەشکێنێ (ئەمە و گەر بەتەواوی جێی نەگرێتەوە) ئاواش واتا هەست و نەستەکان تێکدەشکێنێ، ئینجا واقیع و گشت رێکەوتەکانیش نازوکیی ژیان دەدۆزنەوە.

بەم جۆرە، وێڕوای ئەو هێمنییە زۆرەی وێنە ئینتیباعیەکان، وەلێ ئەو بەتەواوەتی ئامادەمان دەکات بۆ رەچاوکردن و مەزەندەکردنی ساتەوەختێکی دیکەی هاتوو (ئایا گشت تابلۆ ئینتیباعیەکان لەگەڵیانا ناڵێن هەر تابلۆیەک لەوانە یەکێکە لەو زنجیرە تابلۆیانە؟) بەم جۆرە فۆرمی هونەری دووجار تەجریدیە، چونکە دووجار هەرەمەکییە، بۆ نموونە، بایەخی تابلۆی (بیسارۆ) بەناوی «کڵێسەی سان جاک لە دیب لە بەرەبەیان و لە رۆژێکی باراناویدا» (١٩١١) لەنەبوونی پاڵنەرێکی شاراوە و بایەخدانێکی مرۆیی، حەشاردراوە، کە لەسەر غرور هەڵنراوە لە فۆرمە هونەرییەکەیدا تێهەڵکێشن، لێرەدا شتە لابەلاییە رەهاکان دێن بۆ پاکانەکردن بۆ خۆیان بەتەنیا بەهۆی رەنگەوە.

وەلێ هەستمان بە ناجێگیریی بابەتەکان و هەرەمەکییەتی، رەنگدانەوەی هەستەکانمانن بەوەی جیهان بەئەزموونی بەردەوام کۆمەکیمان دەکات و بەوەی هەرچی وەدەستهاتووە، ئەوە شتێکی بەدەستهاتوو و نەهاتووە لە یەککاتدا، بەوەی نیگارکێش ئەو نیگارەی نەکێشاوە کە دەکرێ بکێشرێ لە شتە شەنگەکان و ئەوانەی لە بنەڕەتدا هەن، بەڵکە وێنەیەکی لەبەردەمی دیت خۆی تێدا دۆزیبیەوە وەکو ماددەیەکی خام، زیندوو راگرتنی رووکاری وێنە یەکێکە لەسەرچاوەکانی بڕوامان بەخولیای گەشبینانە لە تابلۆکانی (مۆنینی) و (رینوا) و (سسلی) چیدیکە گەمارۆدان نەسەپێنراوە بەسەر رەنگ و سێبەر لە پێناوی پشکنینیان، چیدیکەش رووناکی بەلای هونەرمەند پرسێک نییە مەبەستی لێی خستنە سەری رەونەق و بریق و باق بێ بۆ سەر شتەکان یا وایلێبکات بە چێژی هونەری باڵا برازێتەوە، رووناکی لە میانی دیمەنەکە بەبێ دەستێوەردان یا لاگیری هونەرمەند، دەبریسکێتەوە، بەم جۆرە هەموو شتەکان یەکسان دەبن لەڕووی ئەو رووناکیەی بەشێوەیەکی دادوەرانە دەینەخشێنێ. (ریلکە) بزووتنەوەی ئیمپریشێنیزم بە

«ئەو بوونەی رووناکی یەکی دەخات» ناو دەبات (سەیری وتارەکەی «الانطباعیون» بکە ١٨٩٨).

زۆرجار (مالارمیێ) رووناکی بۆوە بەکاردێنێ تاکو ئەو هەڵبەستانەی دایدەهێنێ لەڕووی وتەوە چوست و چالاکتر بێ «وشەکان بەهۆی ئەو رەنگدانەوە ئاڵوویریەی نێوانیان یەکتری رووناک دەکەنەوە، هەروەکو بۆ بەردی گرانبای نزیکی ئاگر روودەدات، کە هەندێکیان ئەویدیکە رووناک دەکاتەوە»[٢٣] ئەو وشەکانی دادەگرێت بەهۆی «ئەو هێدمەیەی ناهاوکوفی نێوانیان دەیهێنێتە ئارا» ناهاوکوفی چەندایەتی و واتایی و دەنگی و رێزمانی..تد،(ڤیرلین) ئەمەی بەئەنجام گەیاند لە رێگەی ناهاوکوفی لە برگەکانی وشەکانیدا، هەروەها لە رێگەی قۆستنەوەی کاریگەرێتی وەستانەکان لە نێو دێڕەکاندا (Caesuras) هەروا ئەمەی لە رێگەی وشەگەلی خودان شێوەکانی کەمتر باو (Coupes) بەئاکامگەیاند، (رامبۆ) حەشاماتێک ناو بەکاردێنێ، لەکاتێکدا ئەو زێدە ناوانانە هێز و پتەویەتی جیهانەکەی پترتر دەکات، جا بە لە گۆشەنانیان لەیەک شوێندا ئەو ناوانە فرە شێوە دەگرنەخۆ و بە جۆشوخرۆشی زیندەگیشەوە، هەروەکو بڵێی هەندێکیان بەرهەمهێنی هەندێکی ترن و هەندێکیشیان بە تەواوەتی هەندێکی دیکە دەگۆڕن بەشێوەیەک جڵەوی ناگیرێ، هەروەکو چۆن لەکەشدۆخی ئینتیباعی دایە، وەلێ نیگارکێش بەهەمان رێگەی، کە شاعیر ملکەچی وشەکانە، بەهەمان شێوە ئەو ملکەچی رەنگەکانە و کە بەهۆشیەوە سنورداره. لەبەرئەوەی زمان ناکرێ بەتەواوی زەلیل بکرێ، شێوەی زەمەنی ئێستا یا زەمەنی زمنی، کە هاوشانی ناوە دیارەکانە و پەیوەستییەکی توندوتۆڵی بە ژینگەوە هەیە، مەترسییەک دەخاتە ئەستۆ ئەو کرداره دەربازبوونی بۆ نییە. کاتێ کاری رانەبردوو بەکار دێنین هەمیشە لە تواناماندا نییە جیاوازی بکەین نە لە نێوان وەسپ و رووداوی کردەنی و نە لەنێوان ئەوەی بەردەوامە و ئەوەی لە هێکرا و کاتییە. شاعیرێ کاری رابردوو بەکارنەهێنێ ئەوە کارێک بەکارناهێنێ خودان رەسەنایەتی و گرنگییەکی مسۆگەرە،[٢٤] کاتێکیش کاری رانەبردوو بەکاردێنێ، زەمەنێک بەکاردێنێ هیچ شتێک زامن ناکات و ئاراستە یا مانایەکی دیاریکراویشی نییە، نەک هەر ئەوە بەڵکە تەنانەت کۆتاییشی نییە، لە چاکترین باریشدا، خوێنەر بە ئاسانی ناکارێ ئەوە دیاری بکات داخوا دیاردەی سروشتییەکی وەکو زەخرەفە یا وەکو بابەت بەکارهێنراوە[٢٥].



کەشێکی زۆر دڵگیرە
خانوو، بەبانیژە بڵندە خۆڵەمێشیە بێزراوەکان و
نزیکەکان بە تەمومژێکی زیوینی بریقەدار دەورەدراون

کاری رانەبردوو بەلای (رامبۆ) پاسەوانێکی دڵسۆزی سەربەخۆیی ئەفراندنەکەیەتی، ئامرازێکە لە ئامرازەکانی وەسپکردنی ساتەکانی دڵشادیی و بەشێکیشە لە ئەندازەیی جیهانی بزووتنەوەی ئایندەگەرایی، سەبارەت بەوانیدیکەش ئەو کارە لایەنێکە لەلایەنەکانی ژانێکی بەسوێ.

ئەو هەستەت پێدەبەخشێ، کە جیهان دەتچەوسێنێتەوە، ئەوەمان بۆ بەدیار دەخات ئێمە ناتوانین لە واقیع تێبگەین، وێڕای ململانەی بەردەوامان لەگەڵیا، لێرەدا هیچ کارێک نییە شانلەشانی ئەو هێمنایەتییە بەرچاوە بدات، کە لە کارەکانی (مونیێ)دا هەن، وەکو کارەکانی (مالارمیێ) و (ریلکە) و (بروت)، کە بەشێوەیەکی رێکوپێک و دووبارە بۆوە هەن.

پێکهاتەی نەرمی رێزمانی گرتۆتەخۆ. بەڵام ئەوانیدیکە لە رامانیان بۆ جیهان پلەبەپلە گەشەدەکات و وایلێدەکات هەست بەوە بکەی جیهان دەیانچەوسێنێتەوە، رەنگە ئەرک بێ لەسەرمان، کە جوێ بکەینەوە بابڵێین، لە نێوان ئینتیباعیەی (مۆنیێ)یا (ریلکە) و ئینتیباعیەی هەستێتی (هۆلز) ئینتیباعیەتی (مۆنیێ) و (ریلکە) راکردنە لەو هێدمەیەی هەست و نەستەکان دەیخەنەوە، ئەو هەست و نەستانەش یا ئەوەتا هەست و نەستی گشتێنراوی تاکەکەسیە، یا زنجیرەیەک لەو هەستو نەستانەی رۆنانی ئەدەبی تەنکوسووکیی کردوون، لەبەرئەوە ئینتیباعیەی ئەدەبی تەریبە لەگەڵ بزووتنەوەی سروشتایەتی لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە دەچتە سەر تەعبیریی و ئایندگەرایی، لەمەش زێتر دیاردەیەکی پێشوەختە بۆ ئەو تەنگوچەڵەمە هاوچەرخەی، ئەو جیهانە هەڵوەشاوەیە بەرهەمی هێناوە.

لەسەر ئەو دوو شێوازەی ئینتیباعی گۆڕین پێویست بوو، جەنگێک بەرپا بکات بە بەردەوامیی دژ بە وێناکردنی کارگەل وێناکردنێکی بێ بەرامبەردا، واتە بێ پاساو، بێهودەییە دیمەن تێکبشکێنین، گەر بێ و ئەو دیمەنە بتوانێ دووبارە پارچەکانی پێکەوە بنێتەوە بەتەنیا تۆمارکردنی ئەدەبی ناتوانێ شتی وترا و بگۆڕێت بۆ شتی بینرا و بەپێچەوانەوەش، لەبەرئەوەی ئێمە لەسەر ئەو واتایانە راهاتووین، کە شتەکان دەیبەخشن

تا ئاستێکی ئێمە بیر لەو واتایانە دەکەینەوە. ئێمە ناتوانین یەکلای بکەینەوە داخوا وێنە بینراوەکان دووچاری رامانمان دەکەن یانەء، چونکە ئەمە پشت بە رێکەوت دەبەستێ، چارەی (ڤیرلین) ئەو پرسیارەیە؛ بەگشتی تێکڕا شت مانای چییە؟ بە زۆری (سایمونز) ئەوەی دیارە دەیگوێزێتەوە و لە پشتەوەی پەردەیان دادەنێت... بەڵام بەلای (وایلد)ەوە، ئەو شێوانە شیدەکاتەوە لە رێگەی وێکچوون (Smaile)و لە رێگەی تۆمارکردنی ئەو ئینتیباعانەی لە نێو ئینتیباعاتەکان، زاون، وێکچوون چەشە و بەرامەی ئەدەبی مسۆگەر دەکات، هەروها رووالەتی کاری گرنگی شیعریی هەیە تەسویرییەکان پەنایان وەبەر ئەو شێوازە برد، وێڕای گەشبینخوازییەکەی (پاوەند) «بابەتی سروشتی هێمایە کە پڕ بە پێستی مەبەست» پێویستە ئەو قەرزبارییەی بزووتنەوەی سروشتایەتی لەسەدەی نۆزدەهەم دەهەمبەر (پاوەند) و ئەوانیدیکە لەبیر نەکەین، ئەو قەرزبارییەی (پاوەند) لەو وتارەی لە بارەی (سایمونز)[٢٦] نووسی: وێڕای قسەو باسمان لەو دە ساڵەی رابردوو لە بارەی چارەسەری راستەوخۆ و شێوازە قورسەکانی گوزارشتکردن، وەلێ من کەس ناناسم لە «نەوەی هاتوو» بەهەمان پلە و ئاستی روون و ئاشکرای ویسترا و هەروەکو (سایمونز) نووسیبێتی، کە کارەکانی (فیلۆن)ی جویێ کردبێتەوە. سەبارەت بە رەمزییەکانیش وێنەی (مالارمیێ)و (ریلکە) خاوەنی کتێبی «رووەکی کوپە ئاوی شین» ئینتیباعی ئامراز بوو زێتر لەوەی مەبەست بێت، ئامرازێک بوو بۆ دۆزینەوە کاری، ئامرازێک بۆ هەستکردن بە دیاردە سروشتییەکان لە پێناوی بەدەستهێنانی درێژەدادڕێتی بۆ روونکردنەوەی بابەتێکی دیاریکرا و، ئامرازێک بۆ دەربازکردنی ناوەڕۆک لە هەلومەرج.

(کرونجر) دەڵێ «کەرتکردنی جیهانی ئاوەزومادده، و هەڵوێستی رێژەیی و خودی لەکارگەل، ئەمانەن، کە روئیای ئینتیباعی لە جیهان جیادەکەنەوە»[٢٧] گەر ئەو لاگیرییە رکدارەمان رەتدا، کە بۆچوونی تاکەکەسی گرتۆتەوە، ئەوە بۆچوون بۆچوونی دیکە بەرهەمدێنێ، لەو فرەییەش مەترسی هەڵقوولای نێو هەرەمەکی، حەشاردراوە.

زۆر لەو شاعیرانەی بەسەرمان کردنەوە گۆڕانیان هەرسکرد و بەشدارییان تێدا کرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان یا خۆیان بەدوورگرت یانیش هەر یەکلا کردنەوەیەکی کارگەلیان دواخست، ژینگەیان ناچارکرد وەک دیکۆرێک بۆ بابەتەکان بمێننەوە و کارگەلی رەها و هێمای تازەیان داهێنا بەبێ کۆڵینەوە لەکارەکانیان درکناکرێن، وەلێ ئەوان چاویان نە لە شتە رەهاکان داخست و نە لە فۆرم و نەریتە کۆنەکانیش، هەروەها دەستپێشخەرییان کرد



لە بەکارهێنانی جیاکاریی (Irony)، کە بەچارەسەرێکی زێدە بەردەوامییان دانا. بەهۆی ئەو جیاکارییە نەیانویست کولتوور پوختە بکەنەوە، بەڵکە دووپاتکردنەوەی راوبۆچوونە رێژەییەکان، بەمەش بەرگریکردنی ئەو واتا گۆڕاوانەی، کە جیهان لە رێگەی بێباریی خودی تاکەکەسەکان، رەوانی دەکات، رەتکراوەتەوە.

## ج- ئایندەخوازیی ئیتالیایی

**جودی رۆسن**

«مانیفێستی ئایندەخوازی» بۆ یەکەم جار لە ٢٠ی شوباتی ١٩٠٩ لە رۆژنامەی (لاڤیگارۆ) بڵاوبوویەوە، نووسەری ئەو مانیفێستە کەسێکی ئیتالی بوو بە ناوی (فلیپو توماسو مارینیتی Filippo Tomaso Marintti)، (مارینیتی) هەر لە ساڵی ١٩٠٥-ەوە، نووسەرێکی چوستو چالاک بوو لە گۆڤاری «شیعر Poesic»، کە لە شاری (میلانۆ) دەردەچوو، وێڕای ئەوەی یەکەم جاری بە دیارکەوتنی لە جیهانی ئەدەبیدا لە پاریس بوو، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو گۆڤارە ناساندنی ئەدیبە فەرەنساییە رەمزەییەکان بوو لە ئیتالیا و پرۆپاگەندە کردن بۆیان (دوای ئەوە مارینیتی وتارێکی دیار و بەرچاوی نووسی بە ناوی «ئێمە خۆ نەناسدەکەین لە ئوستادەکانی رەمزیی، دوا ئاشقانی مانگ»، لەو وتارەشدا ئەو نووسەرانەی هەژمارکردوون (زۆلا) و (وتمان) و (جۆرج کان) و (فیرهایرن)، کە لەوانەن کاریان تێکردووە، لەو مانیفێستەدا، کە چەند مانیفێستی بەدوا داهات، (مارینیتی) دەڵێ: «ئێمە لە ئیتاڵیادا ئەو مانیفێستەمان بۆ تێکڕای جیهان پەخش دەکەین لەبەرئەوەی ئێمە دەمانەوێ ئەو وڵاتە لە نەخۆشی گانگرینی بۆگەن رزگاربکەین، کە پسپۆڕ و شوێنەوارناسان و رابەرانی گەشتیاری و خولیادارانی فرۆشتن و کڕینی ئاسەوارە دێرینەکانی ئیتالیا، بڵاویان کردەوە» مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی ئیتالیا ماوەیەکی زۆر فرۆشگەیەکی فرۆشتنی کەلوپەلی پەڕپووت بوو، هەروەها سوور بوو لەسەر ئەوەی کاتی هەوە هاتووە کتێبخانەکانی بسوتێرێن و مۆزەکانی نغرۆبکرێن و پیشەنگەکانی و شارە پیرۆزەکانیشی خاپور بکرێن.

دیمەنی ئەدەبی ئیتالیایی بە بەراورد لەگەڵ هاوتا فەرەنساییەکەی، دیمەنێکی ورۆژێنەر نییە، ئەو کاتە (داتزیو) کەسایەتی سەرەکی ئەدەبی بوو، دوو ساڵیش بەسەر کۆچی

دوایی (کاردوشی) رەتبوو، (مارینیتی) «کەڵەگایی» (کاردوشی) بە دڵ بوو و «مێیاتی» و نازوکی (داتزیو)یشی لا پەسەند نەبوو، بەڵام نووسەرانی دیکەی وەکو (باسکولی) و (فوکازرو) و تەنانەت (فیرکا)ش بە پێوەرە جیهانییەکان نووسەرانێ بوون لە پشتەوەی پەردە و تاریکاییابوون، بەڵام «مانیفێستەکە» بە تەنیا ئاراستەی ئیتالیا نەکرابوو، بەڵکە لە ئیتالیاوە ئاراستەی جیهان کرابوو ئەو مانیفێستە - بەرەنگارییە گەلەک گفتوگۆی بەسوێی لە دەرەوەی ئیتالیا وروژاند، کوبیکیزمەکان و سیمبولیزمەکان و دەوامیەکان تاوتویان کرد و لەسەری و جیاواز بوون. بەخێرایش ئەو ململانە و ناکۆکییانە شەقڵێکی نیشتمانیان وەرگرت، بە تایبەت لە ساڵانی بەرایی جەنگی یەکەمی جیهانی. ئەو رەگەزە نیشمانییەش لە بزووتنەوەی ئایندەخوازی بوو بە هۆی ئەوەی بە سانایی ئایندەخوازی و فاشیزم، ئاوێتەی یەکدی بێن.

پێشەکی «بەیاننامە»کە، کە لە یانزە برگە پێکدێ، چۆنیەتی نووسینی ئەو بەیاننامەیە وەسپدەکات، لەلایەن (مارینیتی)یەوە نووسراوە، بە هاوەڵێتی برادەرەکانی (پێدەچێ دووهاوەڵی! بوزی و کافاشیولی بووبن) لە شەوێکدا لە شوققەکەی لە میلانۆ، شانازیان بە بەسەربردنی کاتژمێرەکانی شەو بەیەکەوە دەکرد لەگەڵ بەگەڕخەرانی کەشتییەکان و کرێکارانی ئاگرکوژێنەوە لە هێڵی ئاسنین و سەرخۆشەکان و ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکانی خەڵووز و «ئۆتۆمبیلە برسییەکان» ئەو بە ئۆتۆمبیلەکانی دەوت ئاژەڵە کێوییەکان، ئینجا وەسپی گەشتێک دەخوێنینەوە هەرسێک بە ئۆتۆمبیل کردوویانە، ئەو گەشتەش راکردن بوو لە ئەقڵەوە بۆ ئەو نادیارەی هەڵێدەلووشێن، گەشتەکە بە وەرگەڕانی ئوتومبیلەکەی (مارینیتی) تەواو دەبێت، کات دەکەوێتە چاڵێکەوە دوای ئەوەی هەوڵێدا لە دوو پایسکل سوارەکە، کە بە راست و چەپا دەلەنگێن دوور بکەوێتە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ساتەوەختە، بە شێوەیەکی چاوەڕان نەکرا، ساتەوەختی بووژانەوە بوو...

(مارینیتی) لە قەسیدەیەکدا لە ساڵی (١٩٠٥) نووسیویەتی بە ناویشانی «لە ئوتومبیلی کێبڕکێدا» گوزارشتی لە پەسەندکردنی ماشێن کردووە، ئەو پەسەندکردنەی رووە و پلە و پایەی خۆشەویستی رومانتیکی وپەیوەندی بەمەرگەوە، هەڵدەزنا، ئەو هەستکردنەی بە دڵبوونە هەستێکی دیکەی هاوشان بوو، ئەویش شکۆدارکردنی خێرایی بوو، وەکو بارێک لە بارەکانی تازەی جوانی (برگەی چوارەمی مانیفێستەکە).

ماڵئاوا زەوی نەگریس



دوماهی پێداویستیەکانی فڕین بۆ خۆم دابین دەکەم، تابفڕم
بەسەر ئەستێرە مەستکەرەکان و لە ئاسمان جێگیر ببم

هێندەی نەبرد ئەو هەستکردنە پەرەی گرت بۆ لافلێدانێکی زۆر بە هەڵفڕین، کە (مارینیتی) رەهەندێکی روحی خستەسەر، (مارینیتی) لە پێشەکی یەکەمین مانیفێستیدا نووسی «بەم نزیکانە هەڵفڕینی فریشتە بەراییەکان دەبینین» لە رۆمانەکەی بە ناوی «مافاکرای ئایندەیی» کە هاوکاتی یەکەمین مانیفێست بوو، رۆمانەکە، لەگەڵ مردنی شا (مافاکرا)ی ئەفریقی دەگاتە تەترۆپک لەو ساتانەی (کازورما)ی کوڕی تیا لە دایک دەبێ، ئەو کەسایەتییە، هەرەبالا (Superman)یەی (ئیکرس)(*)مان بە بیردێننەوە.

(کازارما لە بەرەنگاریکردنی خۆر و لە ژەنینی شەنگترین ئاوازە مۆسیقییەکاندا بەو بالانەی کە ئاسمانیان دەهێنایە لەرزە و لە کۆتایی رۆمانەکە چیاکان لە ژێر پێی کازارمادا دەکەوتن) سەرکەوت، هەروەها شارەکان خاپوور دەبوون و دەریاش لەت دەبوو بەو رێگەیەی لە فیلمە داهێنەرانەکەی (والت دیزنی)دا هەن و بیرمان دەخاتەوە. ئەو لە هەمانکاتدا بەرەنگاری خۆر و دەریا دەبێتەوە: لەو رۆمانەدا تەکاندانێکی گەورەی نائەخلاقی رووە و کردار لە پێناوی کردار بە تەنیا، دەبینین، ئەمەشە خواستی سێ برگە بەرامییەکانی مانیفێستەکە، هەر لە ساڵانی هەوڵیدا سیفەتی (دینامیکیەت) خرایەسەر بزووتنەوەی ئایندەخوازی، جارێکی دیکە دەتوانین، ببینین چۆن بزووتنەوەی ئایندەخوازی رێدەدا بە فاشیزم، کە کردار و تەکاندانێکی توند پیرۆز بکات، لە «مانیفێستی هونەر بۆ ئەدەب» (١٩١٢) ئەو فرۆکەیەی بە بڵندایی دوو سەد مەتر لەسەر میلانۆ هەڵدەفڕێ دێت تاکو جێگەی ئوتومبیل بگرێتەوە زۆرجار «مانیفێستی ئایندەخوازی» شیعر و «گۆرانی» بەسەر دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دووپاتکردنەوەی کێشە روونەبینراوەکان هەردەمێننەوە. برگەی دووەم، پەیوست بوونی ئایندەخوازی دیتراو بەتایبەتی بە هونەری سینەما، رووندەکاتەوە گۆرانی دەڵێین بۆ ئەو حەشاماتە گەورە شەکەتەی نێو کار و چێژ یا شۆڕش:

گۆرانی دەڵێین بۆ رەوتە فرە رەنگەکانی شۆڕش و فرە ئاوازەکان، ئەو رەوتانەی لە پایتەختە هاوچارخەکانداهەن، گۆرانی دەڵێین بۆ ژاوەژاوی شەوان و گەرماییە کارخانەکانی کەشتی و بەندەرەکانی، ئەو کەشتیانەی تێیاندا مانگە بە غەڵبەغەڵبە کارەباییەکان، تیشکدەدەن، گۆرانی دەڵێین بۆ وێستگەکانی شەمەندەفەر، کە دوو کەڵ

هەڵدەلووشێ، گۆرانی دەڵێین بۆ ئەو کارگانەی بە ستوونەی دووکەڵەوە بە هەورەوە گرێدراون...

خودی (مارینیتی) هونەرمەندبوو، لەمەش زیاتر چاودێر و رێکخەری هونەرمەندان بوو، حەزی لە برەودانی کاڵاکەی و سەفەری دوور دەکرد، لە پێناوی پرۆپاگندەکردن بۆ بزووتنەوەکەی. بە گشتی، ئێستا خەڵکی بزووتنەوەی ئایندەخوازییان وەکو بزووتنەوەیەکی هونەری وەبیردێتەوە نەک بزووتنەوەیەکی ئەدەبی، واش پێدەچێ بیروباوەڕی (ماریتینی)، ئیلهامبەخشی گەلەک نیگارکێش بووبێت، ئەمەش لە تابلۆی «شارەنووستووەکە» (١٩١٠) و تابلۆی «شۆڕش» (١٩١١)ی (اوسولو) دەبینینەوە، هەروەها لە تابلۆی «ململانە لە هۆڵی نمایش» (١٩١٠)ی (بۆشیونی)، دینامیکیەت (Dynamism) و هاوکاتێتی (Simultaneity) دوو زارەوەی ئایندەخوازی بنەڕەتین بەهۆیانەوە گوزارشت لە جوانێتی بزووتنەوەکە دەکات، ئەو دوو زاراوەیە لە هونەری نیگارکێشاندا بە کارهاتن بە مەبەستی گرنگیدان بەو لێکۆڵینەوە نائاساییانەی بزووتنەوەکەی کە لە ئەزموونە سینەماییەکان سەرچاوەی گرتووە، هەروەها لە تابلۆی «کچێک لە بانیژەکەرا دەکات»ی (بالا) دەبینینەوە، کە کۆمەڵەیەکە لە هەشت گرتەی خێرای کچێکی راکردوو یا لە تابلۆی «ستێرنی جوولەری ئاژەڵ»ی هەمان نیگارکێش، چون سەگێک بە چەند قاچ و کلک دەبینین هەولدەدا لە هەر چوار جلە و گری دەربازی بێت، رەگەزی بینراو بەشێکی سەرەکییە لە ئەدەبی بزووتنەوەکە، نەک لە دیمەنە خێرا و وێنەدارە رەنگا و رەنگەکانی وەکو دیمەنی (کازارما) لە رۆمانی «مافاکرای ئایندەیی» بە تەنیا، بەڵکە لە شۆڕشدا، لە جیهانی چاپگەریشدا، کە ئایندەخوازان ئاگرەکەیان هەڵگیرساند، وێڕای هەندێ جیاوازی، وەلێ کتێب - پرۆپاگندە، کە مارینیتی، نووسی و ناونیشانی «چیاکان+دۆڵەکان+شەقامەکان+جۆفەر(*)» (١٩١٥) بۆ دانا، کە بە هەندێ کتێبی پروپاگندەی سیاسی دەچێت، بەتایبەت کتێبی «سەمای شیانی» (١٩١٤)ی (سیڤرینی)، ئەو کتێبانە گرنگی دەدەن بە کاریگەری خێرایی پرۆپاگندە و بە تایبەتی کاریگەرێتی پرۆپاگندە، کە بەر لە تێوەگلانی ئیتالیا لە یەکەمین جەنگی جیهانی، لە ئارابوو.

بابەتی «جوانی نوێ، جوانی خێرایی» چەسپاو لە بڕگەی چواری «مانیفێست»ەکە، «مانیفێستی هونەری ئەدەب» کە لە یازدەی مایسی ١٩١٢ دەرچووە سەر لە نوێ جەختی



لەسەر کرایەوە وەلێ لە دوا بەیاننامەدا فرۆکە جێگەی ئۆتومبیلی گرتەوە، وەک سەرچاوەیەکی سروشتی کردەنی، دوا بەیاننامە پازدە خاڵی هێنا کە داینەمۆی فڕۆکەکە بۆی نووسیەوە.

لە کاتێکدا لەسەر تانکی سووتەمەنی دانیشتبووم و خۆم، بە فرۆکەوانەکەوە نووساندبوو، درکم بە گەوجی گەپاوی رێساکانی رێزمانی کۆن کرد، کە لە هۆمیرۆسەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە، درکم بە پێداویستی هونووکەیی کرد بۆ رزگارکردنی وشەکان لە زیندانی رستەی لاتینی، ئەو رستانە، وەکو هەر ئادەمیزادێکی دەبەنگ سەرێکی تیژو گەدە و دوو قاچ و دوو راستە پێی هەیە بەڵام دوو باڵی لێ نارِسکێ، ئەو ناتوانێ ساتێک بڕوات یارابکات بەبێ ئەوەی بە هەناسەر بڕکێ رانەوەستی.

ئا ئەمە بوو، کە پەروانەی فڕۆکە پێی وتم کاتێک بە بڵێندایی دوو سەد مەتر لەسەر دوکەڵکێشەکانی میلانوا هەڵدەفڕیم.

لێرەدا بانگەشەی نووسینی شیعر دەبینین، کە لە حدس (intuition)ەوە، سەرچاوەی گرتووە، بانگەشەیەک بۆ رقهەڵگرتن لە کتێبخانە و مۆزەخانەکان، بۆ پاکانەکردن لە ئەقڵ، بۆ دووبارە جەختکردنە سەر گرنگی حدسی پیرۆز، کە توخمە لاتینیەکان دزێویان کردبوو، دەبوایە شیعرەکانیان پشت بە پێوانە (analogy) ببەستێ لە بڕی لوجیک (Iogic) دەشبوایە رێزمانی لاتینی بەلاوە بنێن و هەرەمەکیانە ناوەکان بەکاربهێنن، بەڵام کردارەکان دەبێ هەمیشە بەشێوەی سەرچاوە، بنووسرێن، مەبەستیان هەڵوەشانەوەی سیفات و هەلومەرج و نیشانەکانی خاڵبەندی بوو (گەرچی رێیان دەدا بە بەکارهێنانی هێماکانی ماتماتیک و مۆسیقا).

بایەخدانە خودییەکانیان بۆ مادده هاتە ئارا تا جێگەی لێکۆڵینەوە دەروونییە مرۆییەکان بگرێتەوە، (مارینیتی) لە بارەی دەروونناسی حدسی نووسیوویەوە و ناوی ناوە «دەروونناسی فسیۆلۆجی»ی مادده، (ئایندە خوازان) بەڵێنیاندا بە داهێنانی ئەندێشەی بێتەل، کە زادەی «مۆنتاجێکی گونجاوی توخمەکانی گەردوونە، کە دەکرێ گلبدرێنەوە لە رێگەی تاکە نیگایەکی خێرا و دەکرێ بەهۆی وشەگەلی گەوهەری گوزارشتی لێبکرێ» ئا ئەمەیە وشە سەر بەستەکان «دوای شیعری ئازاد ئیتر وشەی ئازادمان لا هەیە» (شایانی باسە زاراوەی «شیعری ئازاد» کۆستان دایهێنا، مارینیتی زۆری بە دڵ بوو) لەو کتێبەی بەناوی «وەڵامەکان بۆ بەراتەکان» کە رەتدانەوەی ئەوە بوو ئەوەی لەگەڵ

«مانیفێست»ەکە، نەبوو لە پازدەی ئابی ١٩١٢ (مارینیتی) ئاوا کاری ئەفراندنی حدسی وەسپدەکات وەکو بلێی نووسینێکی نزیکەی ئۆتۆماتیکییە. «وا پێدەچێ ئەو دەستەی دەنووسێ لە جەستە جیا دەبێتەوە و ئیدی سەربەخۆ لە دەماغ دوور دەکەوێتەوە» پێدەچێ ئەو گوتەیە، ڕێخۆشکا بۆ «هونەری تەلیسماوی سوریالی»ی بریتۆن.

(مارتینیی) کتێبەکەی بە ناوی «زانک تم تم» (ئەدرنە، تیشرینی یەکەم ١٩١٢) بە وشەگەلی ئازاد نووسی، لە ساڵی ١٩١٤ بڵاوی کردەوە و دەسپێکی. پەیاننامە- پێشەکی لە ساڵی ١٩١٣ی نووسیبوو، ئەو ناونیشانەی دایە پێشەکیەش «تێکشکاندنی ڕێزمان -ئەندێشەی بێتەل- وشەگەلی ئازاد» ئەو پێشەکیە دەڵێ، پێویستە شێوازی نوێ لە ئەدەبی گۆرانی بەکاربهێنرێ بە تەنیانەک لە فەلسەفە و زانستەکان و سیاسەت و ڕۆژنامەوانی بازرگانی یا لە مانیفێستە تایبەتییەکانی مارینیتی.

ئەو بنەمایەی شێوە هونەرییە ئایندەخوازییەکەی لەسەر ڕاگیراوە -دینامیکیەتی تەسویری، مۆسیقای بە غەڵبەغەڵبە، وشە ئازادەکان- لەو هەست و نەستە حەشاردراوە، کە خێرایی تازەی لە گەیاندندا دیاریکردووە، ئەو بڕوایە باوبوو هەر ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی گەورە بریتییە لە پوختەی ڕۆژێکی تەواو لە جیهاندا، هەر تاکێک دەرککردنی هەنووکەیی فرەیی هەیە، لەسەر هەر تاکێکە شتێ لە چاوتروکانێ ببینێ، هەروا لە سەریەتی هەموو شتێ بە چەند وشەیەک ڕاڤەبکات، پەیامنێری جەنگ (بەر لە داهێنانی تەلەفزێون، کە دەتوانین گریمانەیی بڵێین بە دڵی مارینیتییە) ناچار دەبێ میکانیکیەتی ڕێزمانی لاتینی تێکبشکێنی بۆ ئەوەی بە وشە بنەڕەتییەکانی راوبۆچوون و «شەپۆڵەکانی خودی» ڕەوانە بکات، ئەو وەکو ئامێری بێتەلە، شتە لێکدوورەکان لە ڕێگەی شیعرەوە لێکگیرێدەدا، شۆڕشیش لە جیهانی چاپگەریدا یارمەتی گوزارشتکردن لە بیروڕا جیاوازەکان دەدات لە یەک کاتدا. دەکرێ بیست نموونەی جیاواز سێ یا چوار ڕەنگی جیاواز لەسەریەک لاپەڕە گەر پێویستی کرد بەکارهێنرێ ئەمەش بۆ گوزارشت کردن لە بیروڕا جیاجیاکان لە رووی گرنگییەوە و راوبۆچوونە جیاجیاکانی هەست و نەستەکان و هەمیشەش گوزارشت لە ژیانی تاکیەتی دەکات بۆ نموونە، لە ڕێگەی پیتەلارەکان (italics).

ئا ئەمەیە شێوازی (زام دم دم). کاریگەرێتی چاپگەری نوێ، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیە، بە تایبەت کاتێ بەراوردیان دەکەین بەوەی (ماریتینی) بە «فرۆشگەکانی سەوزەواتی ئەفسانەیی» ناوی دەبردن کە خولیای فرۆشتنی ئەو شێوازە هونەریە نەخشاوە



تازانەیە، (مارتینیی) ویستی لەسەر ڕێگەی لابدات. وشەکان بە جیاوازی شێوازەکان بەسەر لاپەڕەکان پەرش و بڵاودەبنەوە، بە هێما ماتیماتیکیەکانەوە دەنووسێت و جاروباریش لەسەر شێوەی بەیانی -بیانیە- ڕێکدەخرێ بە هەمان ڕێگەی، کە کەلوپەل «دەخرێتە روو» و هەروەها داشۆرین گەواهی دەدا لەسەر رزگاربوونی، کە یەکەمین بەیاننامە جەختی لەسەر دەکاتەوە و داکۆکی لێدەکا و ئەو داشۆرینەش (Spelling) تاڕادەیەک، ئاماژەدەدا بە مانایەک بەهۆی فڕێدانی وشەکان (onomatopoeia) ئەو مانایەی (ماریتینی) بە هیوای بەدیهێنانی بوو. لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە ئەو وشانە بە دیدەکەین «سی سی سی سی سی سی» نیوەی دەنگی ئەوم وشانە گەشتێکی شەمەندەفەرە بۆ سقلیە.

«بەشەکان»ی ئەو کتێبە وێنەی قەڵەمی کورتکراوەی ئیتباعیە، ناونیشانیان بریتییە لە وەکو «داگرتن» «بۆردمان» «شەمەندەفەرێک پڕ لە سەربازی نەخۆش» دوا بەشی کتێبەکە «نەخۆشەکان» بە شێوازێکی برووسکەی وەسپ دەکات، ئەو بۆن و بەران و دەنگ و هیوا و خەون و ئازار و بارودۆخەکانی تەندروستی هەزار و پێنج سەد سەرباز وێنا و بەرجەستە دەکات، لە ژێر ڕێژنەی گوللەدا لە نێو شەمەندەفەرێکی داخراوان، کە لە (کارالحاج)ەوە بۆ ئەستەنبول دەچێت و بەرێوەیە. ڕەنگە نووسەر سەرکەوتنێکی گەورەی لە وەسپکردنی ئەو سەفەرە بەدی بهێنایە گەر کەمتر لێلاوی بوایە. (مارینیتی) لە دوا وشەکانی کتێبی «تێکشکاندنی ڕێزمان» پێمان دەڵێی و ئاگەدارمان دەکاتەوە لە چۆنیەتی لابردنی نموونە، ئەمەش لە قسەکانیدا هاتووە لە بارەی پێداویستی بە جۆرێکی دیاریکراوە لە «وتاردەری خوێنگەرمەکان» بۆ خوێندنەوەی شیعرەکەی، ئەو خۆی چەندین بڕگەی جیاوازی لە «زانک تم تم» لە ژمارەیەک شاری لۆدروپی لە سالانی ١٩١٣ و ١٩١٤ خوێندووەتەوە، وەکو لەندەن لە ١٦-٢٠ی تشرینی دووەم ١٩١٣ و لە «هۆڵی دووریی) لە ٢٨ی نیسانی ١٩١٤ (وندام لویس) یەکێ لەو بۆنانە، کەتێیدا ئامادەبووە دەکات، دەڵێ، دامەرزێنەری فاشیزم (هەروەها) سەردانی شاری گەمارۆدراوی ئەدرنەی کرد و ویستی لاسایی دەنگی تۆپەکان بکاتەوە، وتارێکی بە جۆشوخرۆشی شیعری بوو...

لەبەر ئەوە (مستەر نیفنسون)[٣] خۆی لە گۆشەیەکی هۆڵەکە شاردەوە و بە نیشانەیەک لە (ماریتینی)یەوە دەهۆڵێکی زلی دەکوتی.

ئامادەبووان بە سەرسامیەوە دەپانپرسی داخوا بە تەنیا دەنگی ماریتینی دەتوانی چ

بکات، مسۆگەرە زۆری لەو ژاوەژاوە لەرادە بەدەرە، کرد رۆژێک لە هێرشبردنە سەر بەرەی خۆرئاوا بە هەموو ئەو چەکە قورسانەی ئاسمانیان هێنایە لەرزین، ناکرێ بەو دەنگانەی، کە ئەو رۆژە دەمانبیست، بەراورد بکرێ[٤].

پێدەچێ ئەو چالاکییانە تۆمار نەکرابن، بەڵام مسۆگەرە رێگەی خوێندنەوە و کەسایەتی (مارتینیی) بایەخێکی زۆری هەیە، ئەوەش بەدەوری خۆی ئەوە دەردەخات، کە ماریتینی چەندە پەیوەستییەکی توندوتۆلێنەی بەشانۆوە هەبوو، نەخاسمە شانۆی هەمەرەنگ (Variety Theatre)، کە زۆر زۆر بە دڵی بوو.

ئەو «مانیفێستە» ئەدەبییە هونەرییەی دوایی ئەو رۆژە پێشرۆیانە هاوکات بوو لەگەڵ «زانک تم تم»، ئەو مانیفێستە گەواهی بە چەندین نموونەدەدا لە و کتێبە (مانیفێستە ئەدەبییەکانی داهاتوو، وەکو ئەو پێشەکیەوایە، کە دەستپێکی کتێبی «شاعیرە ئایندەخوازە نوێیەکان» (رۆما، ١٩٢٥)ە، ئەو وتارەی لە ساڵی ١٩٣٧ لە بارەی تەکنیکی تازەی شیعر نوسراوە و لە کورتکردنەوەی بزووتنەوەکە و دووبارەکردنەوەی پێناسەکانی «وشە ئازادەکان» زێتر چیدیکەی نەخستۆتەڕوو) ئەو ناونیشانە شێواوە «مەزنایەتی جەبری و میکانیکی و هەستەوەری ژمارەکان» لە گۆڤاری (لاسیربا) لە ئادار و نیسانی ١٩١٤ بە دیارکەوت، لێرە تەکنیکی «وشە ئازادەکان» لە جوانناسیەکانی ماشێنەکە زێدەتر نزیکبوونەوە، ئەو تەکنیکەی بە پاپۆڕێکی گەورەی جەنگی چوواند لە حاڵەتی شەڕدا، دوایی بە وێستگەیەکی کارەبایی چوواند. کەمکردن لە توانایی دەروونناسی مرۆیی، کە لە «مانیفێستی هونەر»ی بەرچاودەکەوێ بۆ ساڵی ١٩١٢ و بەتایبەت لەو بڕگەیەدا «گەرمایی پارچەیەک ئاسن یادار ئێستا بۆ ئێمە زۆر وروژێنترە لە فرمسێک و زەردەخەنەی ئافرەتێک» و (لۆرانس) سەرنجی دایە و هاوسۆزبوو لەگەڵی لەیەکێ لە نامەکانی بۆ (کارنێی)، ئەو بەکەمکردنە زێدەروونترە لە جاران، کاتێک (مارینیتی) لە ساڵی ١٩١١ لە بەرەی جەنگ بوو سەرنجیدا «چۆن لوولەی تفەنگی رۆشن و تێکۆشەر، کە گەرمایی خۆو و خێراتەقاندن پەکی خستووە، زێدە مایەی سەرنجدانە لە لایەن گۆشەنیگای خەڵکانێکی ئازارکێش، ئەوانەی لە رێگەی مردندان» بەم رێگەیە «پێویستە لەسەر شیعری بە هێزی کارتێکەر جێگەی شیعری مرۆیی بگرێتەوە، لەسەرمانە بابەتگەلە رۆمانتیکییە نغرۆ بووەکانی نێو سۆز، هەڵبوەشێنینەوە».

ئەو بابەتەی دیکەی دەکرێ سەرنجی بدرێتی لەو (مانیفێستە) پێشوەختە بریتییە لە



بەکارهێنانی کردار لە شێوەی چاووگ، واتە رووتکردنەوەی لە دوو توخمی مرۆیی و زەمانی. گەر کردار هەروەکو بەکارهێنانی پێچکەی شەمەندەفەر یا باڵەکانی فڕۆکە بەکارهات و گەریش رۆڵی مرۆڤ کەمکرایەوە، ئەمە «گوڕوتین» بە شیعری تازەی گۆرانی دەبەخشێ و دەشتوانین درک بەوە بکەین، کە ئەو زمانەی (مارینیتی) مامڵەی دەگەڵدا دەکات ناچێتە ژێرباری ئەو جۆرە تاقیکردنەوانە هەروەکو ئەو سەبارەت بە ژمارەیەک لە گریمانە زمانەوانییەکانی راستە.

لەوانەیە زمانی ئینگلیزی یا ئەمریکی زێدە خۆ بەخشکارانەترین بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی لەوەی زمانی ئیتالی و «هەستەوەریی هەژمارەیی» نوێش لە هۆگرێتی دیقەت لە وەسپکردنی شتەکان سەرچاوەی گرتووە «دەنگی زەنگە کە بیست کیلۆمەتر مەودای تەنی» ئەو وەسپە بەلای مارینیتی وردترە لەوەی سیفاتی «ناورد و ناکاریگەر»ی بەکاربهێنایە و بە هەمان رێگەی هاوکێشەکە «+--+++» گالیسکەیەک وەسپ دەکات گێرەکەی تیادەگۆڕێت بۆ مەبەستی زیاترکردنی خێرایی.

-٢-

سروشتییە چاو بخەینە سەر «مانیفێستەکان»، چونکە پوختەیەکی ئەو تۆی بزووتنەوەی ئایندەخوازی دەخاتەڕوو هەروەک دامەزرێنەرانی بۆی چوونە، چونکە شێوەی بزووتنەوەی ئەدەبیش بەبێ رکابەر دەنوێنێ، (مارینیتی) ئارەزووی بوو بیروراکانی دژمندارانە و وروژێنەرانە لەو شێوە ئەدەبییە بخاتەڕوو، (ئەبۆلێنێر) شونپێی (مارینیتی) هەڵگرت لەو کتێبەیدا بە ناوی «دژایەتی ئایندەیی بۆ کلتوور» کە لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩١٣ دەرچوو، (وندام لویس)یش هەمان ئەو رێبازەی گرتەبەر، کاتێک دوو مانیفێستی -دەوامییە-ی لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری «بلاست»[٦] بڵاوکردەوە، جیاوازی روونی نێوان هەردووکیان ئەوەیە (ئەبولینید) (ماریتینی) لەسەرەوەی لیستی «گوڵەکانی» دانەوە و (لویس)یشی داویەتییە بەر قسەی رەق هەرچەندە لە لیستی ئەو شتانەی دانەناوە کە «هەڵیاندەتەکێنێ».

دوورنییە ئەو سەرکەوتنە گەورە سیاسیەی (مارینیتی) لە سەرەتای بزووتنەوە کە بە دەستی هێنا بۆ ئەو وەرچەرخانەی زۆرێک لە نووسەران بگەڕێتەوە، ئەوانەی سەر بە قوتابخانەی (فلۆرەنسا) بوون و بە گۆڤاری (لاسیربا) پەیوەست بوون، بەرەو

ئایندەخوازی، هەرە گرنگەکەشیان (باپینی) بوو، کە رەخنەگرتنە سەختەکەی سەختیی بزووتنەوەکەی رەنگپێدەداوە، (بابینی) ژمارەیەک وتاری لە ساڵی ١٩١٣ لەبارەی ئایندەخوازی نووسی و لە ساڵانی هەرەتی داهێنانیدا داکۆکی لێکرد، ئینجا دەستی لێهەڵگرت، (مارینیتی) داکۆکی لە (بالازیشی) دەکرد لە ساڵی ١٩١٣دا، چونکە (بالازیشی) ئایندەخواز بوو چونکە «تۆپی بیروباوەڕیی» لە رۆمانیتکیەکان و لە مەتەڵەکانی خۆشەویستی و مەرگ و لە پیرۆزکردنی ئافرەت، دەگرت.

(ماریتینی) ستایشێکی تایبەتی قەسیدەی «ئاوپژێنی دەردەدار»ی بالازیشی کرد، چونکە گەلەک وشەی ئەو تۆی لە خۆگرتووە دەربڕینی واتاکەی دەگەیەنێ و لەبەر ئەوەی «تف لە میحرابی هونەر» دەکات. (ئەردنیو سوفیجی) سێیەم ئەندامی ئەو گرووپەبوو و تاکە ئەندامیش بوو شۆرەتی نیگارکێشی و نووسەری، بە دەست بێنێ، هەروەها کتێبکی دیکەی بەناوی «جوانیناسی ئایندەیی» لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩١٧ نووسی، چەندین کتێبی دیکەیشی نووسیووە هەوڵیداوە شێوازی «وشە ئازادەکان» بەکاربهێنی، ئەو سێ کەسایەتییە فلۆرەنسایییە شکۆمەندییان بە باڵای بزووتنەوەکە دابڕی، وەلێ ئەو جووتبونەگرانەی نێوان فلۆرەنسا و میلانۆ زۆری نەخایاند، لە ساڵی ١٩١٥ فلۆرەنساییەکان خۆیان بە ئایندەخوازی راستەقینەی لە قەڵەمدا، بەڵام ئەوانیدیکە ماریتینی بوون، ئەدەبیەکانی فلۆرەنسا بەرای ئێمە کەمتر ئەزموونگەریین، نەخاسمە لەهەر دوو بواری نووسینی پەخشان و رۆمان، کە ئادەتی بەم دوو بوارە دێنە بەرباس، کەچی ناوی (مارینیتی) بە ئایندەخوازی و رۆژانی پێشرۆی پەیوەست بوو، کە هەرگیز لێی رەتنەدا.

دوای ئەو کەرتبوونەی لەگەڵ نووسەرانی گۆڤاری (لاسیربا) روویدا، بزووتنەوەکە لە فلۆرەنسانە پووکایەوە، کۆمەڵەیەکی دیکە لە نووسەران وەکو (کاربی) و (سیتیمیلی) و (کورا) و (جینا) گرتیانە خۆ.

هەرسێ نووسەرانی دوایی بایەخێکی تایبەتیان بە شانۆ و سینەما دەدا، سەرنجەدرێ هەر لە ساڵی ١٩١٥ و بەدواوە ئیدی مانیفێستە ئایندەخوازەییەکان بە پلەیەکی سەرەکی چاویان خستەسەر ئەو بوارە تازەیە، لە ساڵی ١٩١٥ (ماریتینی) و (کورا) و (سیتیمیلی) کۆمەڵەیەک «دانراوە شانۆییەکان» «Syntheses Theatrical» یان هێنا و ناونیشانی «شانۆی ئایندەیی تێهەڵکێش» یان بۆ دانا، لەو بەیاننامەیەش، کە ئەو ساڵە



دەریانچوواند روونیانکردەوە چۆن ئەوان ئیدی زێتر پشت بە شانۆ دەبەستن لەوەی پشت بە وشەی چاپکراوببەستن، ئەمەش بە مەبەستی گەیشتن بە جەماوەر، خواستیان شانۆیەکی «تێهەڵکێش» بوو، شانۆیەک تەواو جیاواز لە شانۆی تەقلیدی کە بینەرانی «وەکو دەستەیەک بە لەسەی پەرتەوازی ئازارکێش و بەستەزمان، کە چاودەبڕنە مەرگی لەسەرەخۆی ئەسپێکی گلاوی سەر بەردە گەورەکان» جێدەهێشت ئەوەی مەبەستیان بوو لە «هاوکاتیی Spontaneity» توانستی رووداني چەندکردارێکە لە یەککاتدا ئەمەش پێویستی بوون بە وەسپکردنی ئەو رووداوانەی دەکەونە دەرەوەی پەردەوە، رەتدەکاتەوە، دەیانویست دەستهەڵگرن لە تەکنیکە کۆنەکان وەک روودانی (Spontaneity) پاژی تایبەت یا راڤەرێکی لۆجیکیانەی کارگەل لە رێگەی هۆکار -سەبەبکار- چونکە ئەو جۆرە شتانە لە ژیانی راستەقینە بوونیان نییە. رووداو دەبێ لە شانۆوە رووە و بینەران لێژبێتەوە، دوماهی جۆرێکی نوێ لە بینەران دەخولقێنی، کە هزر بە گرنگێتی شانۆ دەکەن و رادێن لەسەر یەکبینی بەردەوامبوون لەگەڵ ئایندەخوازان دوای ئەوەی «چالاکییە دینامیکیەکانیان» هەرس دەکەن.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٦ (سیتیمیلی) و (کورا) کۆوارێکیان بە ناوی «لا ئیتالیا فیوجرستا» هێنایە ئاراوە، زمانحاڵی «ئایندەخوازی فلۆرەنسایی دووەم» بوو، لێرە (مارینیتی) «مانیفێستەکەی» لە «دینی تازەی خێرا» دەرکرد دوای ئەوە، واتە لە کۆتایی ساڵی ١٩١٦، ئەزموونی ئایندەخوازان بەرۆکی سینەمای گرت. (کورا) (جینا) برابوون (ناوی راستی کورا، کوزادینی بوو، بەڵام ناوی راستی جینا، جینانی بوو، وەلێ بالا رازیکردن بە گۆرینی ناوەکانیان تاکۆزێدە ئانیدەخوازانە بن)[(٧)] پێشتر هەر دوو برا بەرهەمهێنانی کورتە فیلمیان لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٠-١٩١٢ تاقیکردەوە، (مارینیتی) بیرۆکەی بەرهەمهێنانی فیلمی ئایندەیی پێشنیازکرد و ئەمەش بوو بەهۆی یەکانگیری کۆششی ئەو گرووپە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێک لە فلۆرەنسا بە ناوی «ژیانێکی ئایندەگەرێتی» لە هاوینی ساڵی ١٩١٦، هەریەک لە (بالا) و (سیتیمیلی) و (کورا) و (مارینیتی) و هیدیکە، بەشدارییان لە نواندن لەو فیلمە کرد، بەڵام (جینا) بەرهەمهێنان و وێنەگرتنی فیلمەکەی لە ئەستۆبوو فیلمەکە زنجیرەیەک بوو لەو گرتانەی هەندێکیان گرفتە ئایندەییە -دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان چارەسەردەکرد، لە گرتەی یەکەم (مارینیتی) و کۆمەڵە لاوێکی ئایندەخوازی تەژی لە هێز و تین دەبینین، پەلاماری

پیاوێکی بەساڵاچوو دەدەن، کە لە چێشتخانەیەکی ناوچەی (پیازل مایکل ئەنجیلۆ) دانیشبوو، لەبەر ئەوەی بە ڕێگەیەکی کلاسیکی شۆربەکەی فڕەدکرد. گرتەیەکی دیکەش هەیە ناونیشانی یەکێ لە مانیفێستەکانی مارینیتی-مان «سەمای خودان شکۆیی جەبری بیر دەخاتەوە»(*) لەو گرتەیەدا چەپکێک تیشک دەبینین بەسەر ئەو کچانە پەخش دەبێ کە تەنیا تیلماسکی تەنکی وێنە گرتنیان پۆشیوە بە مەبەستی ئەوەی «تروسکایی رووناکی کێشی جەستەکانیان بشێوێنی وتێکبدا» فیلمەکە بەو پرسیارە بە کۆتادێت کە چاودێرەکە لایداوە «لەبەرچی فرانز جۆزیف نەمرد؟» ئیتر ئەو فیلمە گەلەک هەست و نەستی وروژاند، «هەر جارێک فیلمەکە نمایش کرایە گەلەک شت بە شاشەکە» دادەران و چەند دانەیەکی کەمی ئەو فیلمە کۆپیکراو ئێستاش هەر هەموو ونن.

لەو ئەزموونەدا «بەیاننامەی ئایندخوازی سینەما» کەوتەوە، کە (مارینیتی) و (کورا) (سیتیملی) و (جینا) و (بالا) و (جیتی) نووسینانەوە و واژوویان کرد. نووسینانەوە و واژوو سینەماش بە شێوەیە کەی تازەی هونەری بە گوڕوتینی گوزارشتخواهی فرە لایەن، دانرا. (مارینیتی) ئەو بیرۆکەیەی «گەردوون بابەتگەلمان دەبێت» هێنا ئارا، ئەو بیرۆکەیەش دەنگدانەوەی رایەکانیەتی لە پێوانە «analogy» (بالا)ش بیرۆکەی هاوکاتیەتی هێنائارا بەمەبەستی وێنەگرتنی ئەو گرتانەی شوێن و کاتی جیاجیا لە یەککاتدا، هەروەها لەو بەیاننامەیەدا رای (جینا) و (کورا) لە «مۆسیقای رەنگیی Music Chromic» دەبینین و لە «سیمفۆنیاکانی ئاماژە و کردار و رەنگ و هێڵەکان» دەبینین ئەو بیرو رایانەی رێیان بۆ سەرهەڵدانی کارە خەیاڵیەکانی واڵت دیزنی، خۆشکرد.

ئەو بەیاننامەیە وەکو بەیاننامەکانی پێشووتر یەکدیگرنەبوو، رەنگە ئەو نایەکدیگیریەش بۆ فرەیی بەشداربووانی لە دەرچواندنی، بگەڕێتەوە، هەروەها بۆ خوێن (ماریتینی) یا دوورنییە (ماریتینی) زێتر بۆ شانۆ بە جۆشتر بوو بێ لەوەی بۆ سینەمای لەو کاتدا، مسۆگەریشە (ماریتینی) لە وتارەکانی پاشی چاوی خستەسەر سەما و شانۆ، گەرچیش ئەو دوو بایە خودانە لە لای ئەو هەروەکو مانیفێستە ئەدەبییەکانی پاشی تەنیا کەمێکیان خستەسەر (ئەوەی پێشتر وتبووی).

لە راستیدا هاندەرەکانی ئایندەخوازی خودی خۆیان بەکاربرد لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕدا و کاتێک شەڕیش تەواو بووئایندەخوازی فلۆرەنسایی دووەمیش خودی خۆی



بەکاربرد. (مارینتی)یش دوای ئەمە چ شتێکی ئاوای نەکرد شایەنی باس بێت جگەلە لێبوردن خوازی و پاساوکاریی، دەربڕینە درەنگ وەختەکانی ئایندەخوازی، فۆرمێکی رامیارییان وەرگرت، ئەمەش بە تەنیا هەست و نەستی ژمارەیەک لە ئایندەخوازانی رەنگنە دەلوایەوە، بەڵکە هەست و نەستی گەلەک ئیتالیایی لەو ماوەیەدا، هەر ئەمەش بووە هۆی گۆڕینی شوێنی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەکە.

**-٣-**

ئایندەخوازی بەردەوام لایەنی رامیاری هەبووە، گەر بۆ ساڵی ١٩٠٩ بگەڕێینەوە کورتە «مانیفێستێکی رامیاری بەدیدەکەین کە بە بۆنەی هەڵبژاردن بڵاوبوویەوە بە مەبەستی نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە هەژماردوونی رامیارییانەی ئەکلیرۆس.

لە ساڵی ١٩١١ مانیفێستی دووەم دەرچوو لایەنگری جەنگی لیبیای دەکرد، لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩١٣ «بەناوی رامیاری ئانیدەگەریی» دەرکەوت، کە لەوەی پێشتر پەرەگرتووتر بوو. دەستەواژەی یەکەمی تیا دووبارەکرایەوە کە لە بەیاننامەی ساڵی ١٩١١ داهاتبوو »دەبێ وشەی ئیتالیا بە سەر وشەی ئازادیدا زاڵ بێ« ئەو بناخە هزرییەی ئەو گوتەیەی لێ هەڵێنجرابوو، دژ بە سۆسیالیزم و کڵێسە بوو، بەڵام ئەو پێشنیازە ئیجابیانەی بەیاننامەکە هێنانی بریتی بوو لە پیشتیوانیکردنی پیشەسازی و کشتوکاڵ و خواست و خولیا رزگاریخوازییەکە تاکخواز (irredentism)، وەلێ بەیاننامەکە بێبەش نەبوو لە برەودان بە سیاسەتی دژمندارانەی دەرەکی. ئەو سێ بەیاننامەیە، لەگەڵ چەند نووسینێکی دیکەی سیاسی دژمنداری لە یەک کتێب کۆکرانەوە بە ناونیشانی «جەنگ، تاکەچارەی جیهانە« لە ساڵی ١٩١٥ش کتێبەکە چاپکرا، ئەو ساڵەی ئیتالیا بەشداریکرد لە یەکەمین جەنگی جیهانی.

(مارینیتی) بەیاننامەیەکی بە ناوی «بەیاننامەی پارتی سیاسی ئایندەگەریی» لە کۆواری (لا ئتیالیا فیوجرستا) لە شوباتی ١٩١٨ بڵاوکردەوە، لە ئەیلولی هەمان ساڵ لە کۆواری (رۆما فیوجرستا) دووبارە بڵاوکرایەوە، کە (کارلی) و (سیتیملی) لە رۆما دایانمەزراند، تا ببێتە «کۆواری پارتی سیاسی ئایندەگەریی»، خولیای دژایەتیکردنی دەسەڵاتی سیاسی کلێسە خاڵێکی سەرەکی بوو لە بەیاننامەکە، ئەمەش بە مەبەستی

برەودان بە فێرکردنی فەرمی و ئاسانکاریی تەڵاق، بەڵام گۆڕانکارییە پەرلەمانییەکانی نێو بەیاننامەکە مەبەستی دامەزراندنی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی بوو لە لاوان و هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی پیران و حکومەتێکی بێتەجێ لە بیست پسپۆری هونەری پێکبێ و بە دەنگدانی سەرتاپایی هەڵدەبژێردرێن، بڕگەکانی دیکە جەختی دەکردە سەر نوێکردنەوەی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی، خۆماڵیکردنی زەوی و زار و تەنگەڵانی ئاوی و کانەکان، نوێکردنەوەی پیشەسازی، دیاریکردنی کاتەکانی کارکردن بە هەشت کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، کرێی گونجاو، پیشتوانیکردنی نیشتیمانی، خانەنیشینی، یاریدەدانی شەرعی، دابینکردنی هۆیەکانی (پشوودان) بۆ جەنگاوەرە دێرینەکان و هەڵوەشانەوەی بیرۆکراسی.

یەکێک لە بایەخدانەکانی (ماریتینی) لێرەدا و لەو کتێبەی بە ناوی «دیموکراسی ئایندەخوازی - دینامیکی رامیاریی« (١٩١٩) لە جیاکاریی لە نێوان بزووتنەوەی هونەری پێشەنگانە و پارتی نوێی سیاسی سەرچاوەی گرتووە! (مارینیتی) درێژەی دایە روونکردنەوەی جیاوازی نێوان ئایندەخوازی هونەری، کە لە لایەن تێکڕای گەل دژایەتیەکی زۆریکراو، لە نێوان پارتی ئایندەگەریی، کە ئامێزی کرد بۆوە بۆ هەرچی بە تەنگ پێشکەوتنە و ئیتالیای خۆشدەوێ، لەو کاتەدا ئایندەخوازان چەندین ئەلقەی پێوەندیکردنیان چێکرد لەگەڵ کۆمەڵەی ئەردیتی (کۆمەڵەی جەنگاوەرە درێرینەکان)، (کارلی) دامەزرێنەری ئەلقەی ڕۆمانیابوو، لە کاتێکا (فیجی) دامەزرێنەری ئەڵقەی میلانۆ بوو، کە لە ماڵی (مارینیتی) کۆدەبوونەوە لە ئاداری ١٩١٩ (مارینیتی) و (فیجی) و ئایندەخوازانی دیکە بەشدارییان کرد لە دامەزراندنی کۆمەڵەی «جەنگاوەرانی فاشی» کە گەشەی سەند بۆ پارتی فاشی رەسەن. لە نیساندا ئایندەخوازان و «جەنگاوەرانی فاشی» هێزێکی فاشیان پێکەوەنا پەلاماری نووسینگەکانی ڕۆژنامەی سۆسیالیستی «ئەڤانتی» یان لە میلانۆ، دا. دوای سەرکەوتنی سۆسیالیستەکان لە هەڵبژاردندا (مارتینیی) لەگەڵ (مۆسۆلینی) و (فیجی) و دەستەیەکی دیکەی لە «جەنگاوەران» بیست و یەک ڕۆژ زیندانی کران بە تۆمەتی پشێوی نانەوەوە لە ئاست ئاسایشی دەوڵەت و ڕێکخستی دەستەی چەکداریی. لەو کاتەدا (ماریتینی) «پۆست کۆمۆنیزم»ی نووسی، کە نکوڵیکردنێکی ئایندەگەرایی کۆمۆنیزم بوو وەکو بنەمایەکی بیرۆکراسی بەرچاوتەنگی سەلەفی -کۆنەخواز- چاوی بڕیە دوابەدوای کۆمۆنیزم، ئایندەیەک ڕۆشنبیری نوێ رەگەزێک لە پاڵەوان و بلیمەتەکان لە ئیتالیا، دەخاتەوە، لەم



سونگەیەوە هونەر دەبێ بە ئامانج و مەبەست، دوماهی «بە هەشتێکمان لەسەر زەوی بۆ چێنابی، بەڵکە کاریگەریی دۆزەخی ئابووری لە ڕێگەی ئاهەنگێڕانە هونەرییە بێ شوومارەکان، سووک دەبێ، لێرەدا دەتوانین دیاری بخەین چۆن ئایندەخوازان بە هەند نەگیران هەر وەکو سیاسییەکان.

لە مایسی ١٩٢٠ دا (ماریتینی) و (کارلی) کۆمەڵەی «جەنگاوەرانی فاشیست» یان جێهێشت بە هۆی هەندێ کێشەی سیاسی کردەنی و بە هۆی پێویستی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان شانیشنی و کلێسە، لەگەڵ ئەوەشدا، لەو کاتەی (ماریتینی) دەستی بە بژاردەکردنی ئەو وتار و مانیفێستانە کرد کە لەو ماوەیەدا لە ئارادابوون و لە کتێبێکی دانان بە نێوی «فاشیزم و ئایندەخوازی»، لە ساڵی ١٩٢٤دا ناکۆکییەکان ئیدی چارەدەکران و ئەویش بایەخی دەدا بە پێشکەشکردنی ئایندەخوازی وەکو پێشڕۆ و پشکداری فاشیزم، دوا ئەدەبیاتی ئایندەخوازی بەیاننامەیەک بوو بە ناونیشانی «ئیمپواتۆریای ئیتالیا» (ماریتینی) و (کارلی) و (سیتیمیلی) لە ساڵی ١٩٢٣ ئیمزایان لەسەر کرد و پێشکەشی «موسولینی سەرکردەی نوێی ئیتالیا»یان کرد.

ئەو بەیاننامەیە جەختدەکاتە سەر خولیای دژمندارییەتی نیشتمانی، گەرچی بەردەوام ئیمپراتۆریای تازەی ناکۆک بە ئەکلیرۆس، لە قەڵەمدەدا. وەلێ ئەو کتێبەی بەر لە «ئیمپراتۆریای ئیتالیایی» دەرچوو، بە ناونیشانی «مافی هونەرمەندان، کە ئایندەخوازانی ئیتالیایی پێشنیازی دەکەن» زۆر بەروونی و ئاشکرا روونی دەکاتەوە، کە بزووتنەوەی ئایندەخوازی وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆتایی هات، چالاکییەکانی وەرچەرخان بۆ بوارەکانی هونەر، حکومەتی وڵاتەکەشیان بە جێهێشت بۆ بەردەستی «سەرۆکی ئەنجوومەتی خودان مگێزی سەر سڕهێنی ئایندەگەریی».

ئەو خزمایەتیەی لەگەڵ فاشیزم تاکو ئێستاش تەگەرەیەکی سەختە لە بەردەم هەڵسەنگاندنی ئایندەخوازی، مسۆگەرە ئایندەخوازی بەشداریکرد لە پشتوانیکردنی هونەری وتاربێژیی فاشی، کەوای لە «مۆسۆلینی» کرد بە لە خۆباییەوە بلێ کە «گەدەی بورجوازیی ئیتالیایی کوندەکات»[8] ڕۆژی «شەممەی فاشی» بۆ یاریی جمناستیک و مەشقی جەستەیی[9] تەرخانکرابوو. دەکرێ ئەو بیروڕایانەی دیکە کە زیانبەخش بوون بۆ ئامانجە نیشمانیەکان، بۆ بناوانە ئایندەخوازانەییەکەی بگەڕێینەوە. بیروڕای وەکو (ئەرکی ئیتالیا نییە فرۆکە هەڵگری هەبێت مادام «موسولینی» بە شانازییەوە دیاری خست، کە خودی

ئیتالیا فرۆکە هەڵگرێکی زەبەلاحە لە توانایدایە بگات بە دەریای سپی ناوەڕاستی)[١٠] گەریش بۆ ساڵی ١٩١١ بگەڕێینەوە دەبینین (مارتینی) لە «بەیاننامەی دووەمی رامیاری» دەڵێ «ئەمرۆ ئیتالیا شێوەی پاپۆری جەنگی دەریایی گەورە و هێزەکەی هەیە، هەروەک کەشتیگەلی هەیە لە دوورگەتۆر بیدیبیەکان» کاتێکیش دارمانی ئابووری لە کاتی شەڕدا بۆ دووەم جار بە دەرکەوت، وا پێدەچێ (مۆسۆلینی) بیری لەوە کردبێتەوە بە هۆی فرۆشتنی گەنجینە هونەرییەکانی ئیتالیایی، بارکرژی لە خۆی دوور دەخاتەوە ئەمەشە لەگەڵ ئەو خەونە ئایندەگەرییە دەوەستێتەوە لە تێکشکانی مۆزە و پیشانگە هونەرییەکان، هەروەها لەگەڵ بیروڕاکانی پاشی لە بارزگانیکردن بە کارە هونەرییەکان.

سروشتییە ئایندەخوازی، رق و قینەی جەماوەری وروژاند بێ، لە هەر رووداوێکی ئانیدەگەریی جەماوەر دەبوو بە بەشێک لە دیمەنەکە، نازناوی «کافاینی ئۆروپا» یان بەسەر (مارتینیی) دابڕی بە هۆی توانای وروژاندن و هەراسانکردن، ئەو رکابەرایەتی (پاوەند)ی کرد، کە لە یەکێ لە نامەکانی بۆ (جویس) لە شەشی ئەیلوولی ١٩١٥ دەڵێ: ئایندەخوازی «جووتبوونێکە لە نێوان سینەما و نیگارکێشان و لە نێوان سکچوون و نووسین»[١١] کەچی رەخنەگرێکی ئیتالیایی هەیە دەڵێ، (پاوەند) ئەوەشی گوتووە «گەر ئایندەخوازی نەبوایە ئەو بزووتنەوەیە ئاوا بەسانایی نە دەخولقا، کە لەگەڵ جویس و ئلیۆت و ئەوانیدیکە لە لەندەن دەستمپێکرد»[١٢]

رەخنەگران ئاماژەیان داوە گەلەک بیروڕای ئایندەخوازی لە ساڵانی زووی ئەم سەدەیە، باوبوون، (بافولینی) لە ساڵی ١٩٢٤ نووسیویەتی و دەڵێ تەنانەت بەبێ (ماریتینی)یش لەوێدا جۆرێک لە ئایندەخوازی هەبوو، تێهەڵکێشی بیروڕاکانی ئایندەخوازی و برەو پێدانیان ناحەزانەیان، بە هەند دەگیرێن، هەندێ بزووتنەوە ئەو بیروڕایانەیان وەرگرت و هەندێ بزووتنەوەی دیکە بە تایبەتی دادایی[١٣] دژایەتیان کرد، هەندێ رەخنەگر، لە کاتی لێکۆڵینەوەیان لەسەر رۆماننووسی ئەمریکی (دوس پساسوس) بینیان «رەنگە گرنگترین دۆزینەوە، کە ئایندەخوازان دۆزیبیانەوە، درککردنیان بێ بە پەرتبوونی رواڵەتیانەی ماددە جیاجیاکان و ناکۆکی و کارلێکردنیان، ئەو درککردنەی یارمەتی گوزارشتکردنێکی راستەوخۆیدا لە بارەی خێرایی ژیانی هاوچەرخ و هەمە جۆری»دا.[١٤]

گومانی تیانییە تەکنیکی مانشێتەکانی بڵاوکراوەی رۆژانە -رۆژنامە- و تەکنیکی



«چاوی کامێرا Camera Eye»ی دونس باسوس، لە «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا» دەیبینینەوە، ئەمانە هەموو ئەوەی (ماریتینی) وتی بە بیردێننەوە، لە بارەی رۆژنامەی رۆژانە بەو پێیەی بەرەنجامی یەک رۆژە لە ژیانی جیهاندا رەنگە کاتی هاتبێ هەڵسەنگاندنی ئەزموونە ئەدەبی و شانۆییەکانی بزووتنەوەی ئایندەخوازی، بە جۆرێک رێنەدرێ کارەکانی نیگارکێش و سەنگتراشان بە تەواوی باڵی بەسەردا بکێشێ.[١٥]

لیستی بەرواری سەرهەڵدانی مانیفێستە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ئایندەخوازی:

گەر ویستت لیستێکی چڕوپڕ تر و زێدەتر لەو لیستەت بکەوێتە بەردەست بگەڕێوە بۆ: سی. باومکارف، مێژووی بزووتنەوەی ئایندەخوازی (راینک، ١٩٠٦) ل ٢٩٩ و دواتر. گەریش بەڵگەی زیاترت ویست، ئەوە بگەڕێوە بۆ:

«ئەرشیفی ئایندەخوازی» نووسینی م. د. کامبیلووت، فیوری، هەر دوو بەرگ (رۆما ١٩٥٨) .

– ١٩٠٩ «مانیفێستی ئایندەگەریی» مارینیتی
– «لێگەڕێ تیشکی تریفەی مانگەشەو بکوژین» مارینیتی.
– «یەکەمین مانیفێستی سیاسی» مارینیتی.
– ١٩١٠ «مانیفێستی نیگارکێشە ئایندەخوازەکان» بوچیونی، کارا، روسولو، با لاو سیفیرینی.
– مانیفێستی هونەری نیگارکێشە ئاییندەخوازەکان» بۆچوونی، کارا، رۆسۆلۆ، بالا و سیڤیریتی.
– «دژ بە شاری کۆنەخوازی بوندوقیە» مارینیتی، بوجیونی، کاراو رۆسۆلۆ.
– ١٩١١ «دووەمین مانیفێستی سیاسی» مارینیتی.
– ١٩١٢ «مانیفێستی هونەری ئەدەبی ئایندەخوازی» مارینیتی.
– پێشەکی پێڕست ئەو پیشانگەیانەی لە «پاریس، لەندەن، بەرلین، برۆکسل، میونخ، هامبۆرگ، ڤیینا... هتد، سازدران» بە ئیمزای بوچیونی، کارا، رۆسۆلۆ، بالاو سیڤیرینی.
– ١٩١٣ «تێکشکاندنی رێزمان -خەیاڵی بێتەل و وشەئازادەکان» مارینیتی.
– (مانیفێستی ئاییندەخوازی «ئاراستەکراو» دژ بە مونمارت) ماکدیلمارل و مارینیتی.
– «شانۆی هەمەرەنگ» مارینیتی.

- «بەرنامەی سیاسی ئایندەخوازی» مارینیتی، بوجیونی، کارا، روسولو.
- «دژایەتی ئایندەخوازی بۆ کلتور» ئەبولونیدر.
- «وێنەکردنی دەنگەکان، ژاوەژاو و بۆنەکان» کارا.
- سەرهەڵدانی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (لاسیبرا) کە پیپینی و سوفیچی دەریاندەکرد.
- ١٩١٤ «کەشوفشی میکانیکی و جەبری و هەستەوەری هەژماریی» مارینیتی.
- «کێشەکانی بلیمەتایەتی هونەری و پێوەرە و نرخەکانی» کورادینی و سیتیمیلی.
- «ئەندازەی تەلارسازیی ئایندەخوازی» سانتیلیا.
- «ئایندەخوازێتیم» پاپینی.
- «نیگارکێشان و سەنگتراشی ئایندەخوازێتی» بوجیونی.
- «کوبیکیزم و ئایندەخوازی» سوفیچی.
- «هونەری زیندووی ئینگلیزی» مارینیتی و نیفنسون
- ١٩١٥ «جەنگ، تاکەچارەیە بۆ جیهان» مارینیتی.
- «شانۆی تێهەڵکێشی ئایندەخوازێتی» مارینیتی، سیتیمیلی، کورا.
- «کەڤاڵە جەنگییەکان» کارا.
- «کبریای ئیتالیایی» مارینیتی، بوجیونی، روسولو، سانتیلیا، سیرونی و بیاتی.
- ١٩١٦ «سینەمای ئایندەخوازی» مارینیتی، کورا، سیتیمیلی، جینا، بالا، جیتی.
- «دینی تازەی خێرایی» مارینیتی.
- پەیدابوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ئیتالیا نوتورستا) کورا و سیتیمیلی دەریاندەکرد.
- ١٩١٧ «مانیفێستی سەمای ئایندەخوازێتی» مارینیتی.
- ١٩١٨ «مانیفێستی پارتی ئایندەخوازیی ئیتالیایی» مارینیتی.
- ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (روم فیوجرستا) سەریهەڵدا، مارینیتی، سیتیمیلی و کارلی دەریاندەکرد.
- ١٩١٩ «دیموکراسی ئایندەخوازی» مارینیتی.
- ١٩٢٠ «پۆست کۆمۆنیزم» مارینیتی – ١٩٢١ «بەرکەوتنایەتی» (اللمسیە) مارینیتی.
- «شانۆی موفاجەئات» مارینیتی.
- ١٩٢٤ «ئایندەخوازی و فاشیزم» مارینیتی.



- «دوابەدوای شانۆی تێهەڵکێش و شانۆی موفاجەئات، شانۆیەکی، رەهادادەهێنین رکابەری کێشە دەروونییەکان بکات و توخمی هەستپێکراوی بێگەرد بگرتە خۆ» مارینیتی.

## د- ئایندەخوازیی رووسیایی

### ج. م. هاید

لە قەسیدە دیار و بەرچاوەکەیدا بە ناوی «پەڵەهەورێ لە شەروالّدا»، کە لە ساڵی ١٩١٥ فلادیمیر مایکۆفسکی (Mayakovsky Vladimir) نووسی، کە خاوەنی گەورەترین بەهرەی نوێکارییە لە بزووتنەوەی ئایندەخوازی لە ئەدەبی رووسیایی، نازناوی «زەردەشتی زەمانە، غەڵبەغەڵبارییەکەمان»ی بە خۆی بەخشی، ئەو نازناوە زلە، تاکە نازناوێ نەبوو، کە بەخۆی دابوو، بەڵکو نازناوی «مەسیحی سروشبەخش»یشی بە خۆ بەخشیبوو، وەلێ نازناوی یەکەم گونجاوترە بۆی: (مایکۆفسکی) لێزانێکی کەرتخوازی خودان هەڵوێستکی پێشبینیکەرانەیە. بە فەرمی سەردەمێکی نوێ کردەوە یاخود دایهێنا، و شیوەنێکیشی بۆ جیهانی کۆن چڕی.

مایکۆفسکی هەمان حەزوئارەزووی توندی هەبوو ئەوەی نیچە هەیبوو لە بێزاندنی پاشەڕۆکانی رابردوو و چاوبڕینە هەرچی نوێیە. بە جۆش و خرۆش بوو بۆ زاڵبوون بەسەر لایەنە حدسی و خراپەکانی کەسایەتیەکەی بەبێ ئەوەی بایەخ، بەوێدا چەند لەسەری دەوەستێ، (مایکۆفسکی) رق و قینەی بەسەر نەوەی رەمزییەکان دارژت، ئەوانەی پێشتر، بەر لە ئەو هاتن و بەسەر ئەدەبەکەیان، کە لە ئاماژەپێدان و وێناکردنی جیاوازییە کەمەکان سەرچاوەی گرتبوو، کە بە ئەستەم درکپێدەکرا لە رەنگ یا واتا (Nuance) ئەو ئەدەبەی تەنیا لایەنی نزمی شارستانی وێناکردووە. لە راستیدا بزووتنەوەی ئایندەخوازی زۆر قەرزباری (نیچە)یە، لەوێدا کەلەک بزووتنەوە هەبوون بە خودی حەماسەتی (نیچەیی) ناسرابوون، بە مەبەستی بێزاندنی رابردووی نزم و جەخت کردنە سەر کاریگەرێتی ئیرادەی مرۆیی لە رووبەرووی جەبریە (determinism) و دربەکان، وەلێ

بزووتنەوەی ئایندەخوازی توندوتیژترین و زێدەڕۆیترین بزوتنەوە بوو.

ئێمە کاتێک گەلەک ڕەخنەگری هاوچەرخ دەبینین، تەنیا لاف و گەزاف و خۆهەڵکێشان بە باڵای (مایکۆفسکی) و هاوەڵانی دادەبڕن، ئەوە ئێمە لەوە سەرمانی ناسڕمێ، ئایندەخوازیان نەیانتوانی خەڵکی ڕازیبکەن، ئەو بەیاننامە بە شۆڕەتەی (مایکۆفسکی) بە هاریکاری (خلینبکۆف) و (کروجونیخ) و (دیڤید برلیوک) لە ساڵی ١٩١٢ دایاننا و بە «شەپازللەیەک لە ڕووی چێژی گشتی» ناوبرا، ئەو بەیاننامەیە هەروەک و گوزارشتکردنێکی نووسراوەیە لە بارەی هەرزەکاریی، کەنزیکەیی تاکو ساڵی ١٩١٧ بەردەوام بوو، (خلیبیکۆف) بە توندی ڕایگەیاند، کە ئەو «پێشەوای جیهانە»، بەڵام (لاریونوف) و (کونچاروف) ئەو دوو بەهرە گەورەیەی هونەری نیگارکێشان، لە شەقامەکاندا بە جل و بەرگ و ماسکی سەیر و گەپاوی دەسوڕانەوە «شانۆگەرییەکان» لە قاوەخانە و چێشخانەکان چەشنی ئاهەنگێرانی ئاژاوەگێڕیی دادایی، نمایش دەکران، (مایکۆفسکی) خۆی ئەو نمایشە شەڕ فرۆشییە نەگریسانەی دەردەهێنا و شیعری دەخوێندەوە و بە ئاشکرا دەیدرکاند دەستبەرداری قسە بن، هەروەک لە پێشانگەی (پترۆگراد) بۆ نیگاری فنلەندی لە ساڵی ١٩١٧ ڕوویدا، وێڕای ئەمانەش (بوریس باسترناک) دەبینین، کە خودان پێکهاتەیەکی شیعری جیاوازە، وامانلێدەکات دوورترین لەوەی بەلاگیری تۆمەتباری بکەین دەبینین، یەکەمین دیداری لەگەڵ (مایکۆفسکی) لە ساڵی ١٩١٤ بەرێگەیەک وەسپدەکات ئاماژە دەدا بەوەی کە (مایکۆفسکی) وزەیەکی گەورەی داهێنەرانەی هەیە و تەکنیکی ڕێکەوتێتی (tactics–Shock) دەترازێنێ، بە جۆرێک وەسپی کرد، کە بەخشندەیە لە هەستپێکردن و دادپەروەریی.[1]

لەسەر کورسیەکە دانیشت وەکو بڵێی لەسەر کوشینی پایسکل دانیشتبێ، بەخۆ کوڕکردنەوەوە گۆشت گوێرەکەی لە تدەکرد و لرفی کرد. یاریی کاغەزی دەکرد و نیگایشی بە ڕاست و چەپ دادەسوڕاند بێوەی سەری بسوڕێنێ. دوای ئەوە بەرێز و مەندەوە لە شەقامی (گزنتسکی) پیاسەی دەکرد و بە دەنگێکی بڵندی زرنگێنەوەی نێو لووتی ورتە ورتی بوو بە منگەمنگەوە برگەی نێو کارەکانی یا ئەو ئەوانیدی دەوت، نێوچەوانی کرژ کرد و بە دەنگێکی پەلەی خێرا وەکو خێرایی گالیسکەی خلیسکانێ، دەستی بە خوێندنەوەکرد زانی، کە کاتی ئەوە هاتووە لە پێوەندەکان ڕزگاری ببێت و جڵەوی خوو ڕەفتاری بەرهەڵدات، ئەو جۆرە ڕۆیینەی ئاماژەیدەدا بەوەی گەیشتۆتە بڕیارێک و هەر دەبێ جێبەجێ» بکات، بڕیاری



ئەوەیدا ئەو ئادەمیزادێکی بلیمەتە. ئەو بڕیارە واقی وڕماند، وەلێ هەموو کاتێک پابەندبوو پێی و کیانی خۆیشی تەرخانکرد بۆ بەرجەستەکردنی بەبێ هیچ پاشگەزبوونەوە و بەزەییەک.

وێنەی پایسکلەکە لە جێی خۆیدا بوو، ئاماژە دەدا بە حەز و تاسەی ئایندەخوازان بە جووڵەی خێرا و تەکاندان ڕووە و ئاسۆگەکانی ئاینده، ئەوە هەمان تەکاندانە، کە لە هەڵبەستەکانی (مارینیتی) هەرەزووی ساڵی ١٩٠٥ بەدی دەکەین، جووڵەکانی کرێت و خێرای مایکۆفسکی، هەروەکو کارەکانی ئایندەخوازانی ئیتالیایی ڕیتمی ژیانی شارستێنی هاوچەرخ ڕەنگپێدەداتەوە، کە بە بەردەوام نەبوون ناسراوە، ئەو تەکانە ئامێرانەییە وزەکان ئازاد دەکات و پاڵدەنێ بە ئادەمیزاد بەرەو پێش لە پێناوی ئەو دیوبر دەرکردنی کات و شوێن، (مایکۆفسکی) لە کتێبەکەی بە ناوی «چۆن شیعر دروستدەکرێ» (١٩٢٦)[2] دەڵێ:

گەر بتەوێ لە بارەی نازکی لە خۆشەویستی بنووسی دەبێ سواری پاسی ژمارە (٧) بیت لە گۆڕەپانی (لبیانسکی) و بەرەو گۆڕەپانی (نوکین) بچی، لەرزینەوەی تۆ قێنەری پاسەکە چاکترین ڕوونکەرەوەی تەلیسمی ژیانە.

دەکرێ سۆزە مرۆییەکان ئەوەی (مایکۆفسکی) بە «ڕاچڵەکین و دڵە کوتێ» ناوی بردوون، هی شیعری ڕەمزی و ئینحیتاتی بەرجەستە و ڕزگاربکات بەگوێرەی پەیوەندییەکەی بە دینامیکیەتی شار و ئەمەش لە ڕێگەی پێڕەوکردنی تەکنیکی تابلۆکانی ئایندەخوازی وەکو تابلۆی «ژاوە ژاوی شەقامەکە ڕۆدەچێتە ماڵەکە» (ئەمبیرتو بوشیونی) یا تابلۆی «لەرزینەکانی ئوتوموبیل» (١٩١١)ی (کارلو کارا) بە ئەنجام دەگات، ئێمە لەو دوو تابلۆیە بەردەوام بەیەک نەگەیشتنێکی توند و تیژ بەدیدەکەین، کە پەلاماری هەست و نەستەکان دەدات و دەیشێوێنی، ڕاستە ئێمە فرە تابلۆی ڕووسیایی نابینین، کە ئەو شێوە تەکنیکە بە کاردێنێ، وەلێ تابلۆی «پایسکل سوار» (١٩١٣)ی (ناتالیا کونچاروڤا) و تابلۆی «چەقۆ تیژکەر» (١٩١٢)ی (مالیڤیچ) هەردوو نزیکترینیانن لەو تەکنیکە، ئەو دەستەواژەیەی (مایکۆفسکی) کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئەویش ئەو جۆرە خولیا ماریەکیەسەیرە بەدیاردەخات کە بۆ خۆ بەدەستەوەدانی بۆ سەرکردە بەلشەفییەکانی ڕاپێچ کرد و ئینجا هەروەکو سەرکردەی لێکرد، سەر بە هۆشیاریی شۆڕشگێری بێت. ئامێرەکانی توانستی ئادەمیزاد داناڕێژێت بۆ پێزانینی هەستیایی بە تەنیا (هەروەکو

حاڵەتی ئینتباعییەکان) بەڵکە تەنانەت هۆشیاریشیدا، نارێژێت ئایندەخوازی روسیایی، بە پێچەوانەی هاوتای ئیتالی ئادەمیزاد بە ئامێر ناکا بەقەد ئەوەی شکۆداری دەکا وەکو سروشت بەزێن، بە لای رووس ئەو کات ئامێرەکان بە بەراورد لەگەڵ ئامێرەکانی ئەو کاتی خۆرئاوا سەرەتایی بوون، رۆڵێکی شۆڕشگێڕانەیان لە کۆمەڵگادا هەبوو، ئەو رۆڵەش لە هونەردا رەنگی دایەوە، ئەمەش لەو ئۆتومۆبیلە هاوچەرخانەی کێبڕکێ، کە (مارینیتی) پیای هەڵدەدان جیادەکاتەوە، هەروەها ئەمەیە کە بزووتنەوەی ئایندەخوازی رووسیایی لە هاوتا ئیتالیاکەی لە رووی سیاسیەوە جیادەکاتەوە.

بەلشەویک هەروەک ئایندەخوازان بەکەمێ خوێنگەرمییەوە ئاماژەیان بەوەدا، بزووتنەوەیەکە لە رووی ئەوەی کۆشش دەکا بۆ بە دەستگرتنی ئایندە و بەستنەوەی بەرەو رەوەی ئێستای خودان ریتمی سست و قورس، بە بزووتنەوەکەیان دەچێت، وێنەی گالیسکەی خلیسکانێ وروژێنەر، کە (باسترناک) بەکاریهێنا پیاوێک وێنادەکات ئارامی لێ بڕاوە لە ئاست دواکەوتوویی لە رووسیا، هەروەها ئاماژە دەدا بە بێ کەڵکی کلتووری بەسەرچووی ئەدەبی، هەروەک ئاماژە بە مەترسی مسۆگەریش دەدات، (لیۆن ترۆتسکی) لە کتێبەکەی بەناوی «ئەدەب و شۆڕش» (١٩٢٤) بە روونی دەڵێ «تەهلیزمی بۆهیمی لە زێدەڕۆیی ئایندەخوازاندا بە دیدەکەین لە رووی بێزاندنی رابردوو، وەلێ ئەو بێزاندنە شۆڕشگێڕانەیی پرۆلیتاریانەیی، نەبوو» بەڵام ئەو شتەی ناکرێ نکۆڵی لێبکەین بریتییە لەوەی شۆڕش کارەکانی ئایندەخوازانی دارشت و گەرچیش ئەو کارانە (بەهۆی هونەری پروپاگندە، کە فرە جۆریی شێوە بوو زۆر جاریش ئاستێکی هونەریی بالای هەبوو) رۆڵی خۆی لە دارژتنی شۆڕش گێڕا.

(مایکۆفسکی) بەر لە ساڵی ١٩١٧ بە ماوەیەکی زۆر، رۆڵی هەبوو لە خۆشاندن و وروژاندکاریی، تەنانەت کاتی هێشتا لە تەمەنی قوتابییەتیدا بوو، هەستێکی شۆڕشگێڕی لا گەلاڵەببوو بە لابردنی ئابووری سەرچاوەگرتوو پیشتوانیکراو لە لایەن رژێمی ستەمکاریی.

لە یادداشتنامە رۆحسوکەکەیدا، کە لە ساڵی ١٩٢٨ بە پەلە پروزێ نووسییەوە و ناوی نا «من خۆمم» باس لەوە دەکات، کاتێک، کە منداڵ بووە حەزی لە سەیرکردنی کارەکانی میر (ناکا شیدز) کردووە، ئەو کارانەی بە دار و شەوانە بەگلۆپەکان رووناک دەکرانەوە. ئەم کارانەش وایانلێکرد بزووتنەوەی سروشتخوازی تووڕهەڵدا و درک بە



مەزنیی کارەبا بکات، چون سروشت «بەپێی پێویست هاوچەرخ نییە» ئەو تەکنیکە پێشوەختەی پێڕەوی کرد لە پروپاگندەکردن بۆ خۆی، کە لە رۆژە گەشاوەکانی ئایندەخوازی پێشوەختە، پەرەگرتووە بوو، ئەو تەکنیکە شێوازی بلندگۆی پێڕەوکرد بە مەبەستی گەیاندنی راستییەکانی سۆسیالیزم و شیعر بۆ بەرفراوانترین جەماوەر و بەبێ هیچ ئاسانکارییەکی نیوەچڵ، ئەو شێوازەش سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ بە دەستهێنا، لە شێواز و بابەتگەلدا پشتی بەستبوو بە قسەی ئاسایی، (نەخاسمە خەڵکی شار) و گۆرانیە میللیەکان، بەمەش گوتە ناودارەکەی (مالارمێی) هەڵگەڕادەوە، چونکە ئیتر گوێ لە زاری پیاوی ئەدەب دەگری، نەوەکو لە زاری خێڵ (مایکۆفسکی) لە کتێبەکەی بە ناوی «چۆن شیعر دروستدەکرێ» بەو شێوەیە گرفتەکە دەستنیشاندەکات[٣].

شۆڕش زمانی جەماوەری کوێرانە لە شەقامەکاندا بڵاوکردەوە، زمانی زۆر بە (جلف)ی دانیشتووانی دەوراندەوری شار هەڵدەڕژایە شەقامەکانی نێوەندەکانی شار، وتەگەل، لاوازی زمانی رۆشنبیران وەکو «ئایدیالی» «بنەماکانی دادوەری»... تد، کە لە چێشتخانەکاندا دەچرپێنرێ، ئیدی لە ژێر پێدادەپلیشانەوە، ئێستا رەگەزێکی تازەی زمانەوانی هەیە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە چۆن دەکارین بیگۆڕین بۆ رەگەزێکی شیعری؟ چۆن توانادار دەبین لەوەی زمانی بێژێین، بخەینە ژێر رکێفی شیعرەوە و چۆنیش دەتوانین شیعر لە زمانی بێژتن دەرباز بکەین؟.

وەلێ مایکۆفسکی لەو کاتەدا دوور بوو لە رۆژانی یەکەمی ئایندەخوازی، تەعلیقاتەکانی پێشی بە دیاری دەخەن، پلەیەک چوونە پێشەوە لەلاگیریان بۆ دەوڵەتی سۆسیالیزم، کە ئایندەخوازانی دیکە پێیان نەکرا. لێکۆڵینەوەمان لە کارەکانی یارمەتیمان دەدات بۆ بەدواداچوونی رێرەوتی ئایندەخوازی هەر لە یەکەمین بناوانییەوە تاوەکو پەرەی گرت و بوو بە بزووتنەوەیەکی ئەبسراکتی زێدە ئەخلاقی، هەروەها یارمەتیمان دەدات لەسەر دەستنیشانکردنی ئەو جێپەنجانەی ئەو بزووتنەوەیە لەسەر ئەندازەی تەلاسازی و لەسەر نەخشەسازیی ئەندازەیی، بە جێیهێشتووە، وەلێ گەلەک لەوانەی سەر بەوانەن، کە بە «ئایندەخوازی کوپیزم Futurism–Chbo» ناودەبرێن، تاپلەیەک لە ئاژاوەدا بوون، تەنانەت نەیانتوانی بنەجێیەک بۆ هونەرەکەیان لە سۆسیالیزم بکەنەوە، ئایندەخوازی بەر لە شۆڕش هات، هەروەک (ترۆتسکی) بە هەق گوتی، بەڵام ئینتیمای بە ئەنقەستی (مایکۆفسکی) بۆ شۆڕش، واقیعی ئایندەخوازی وەکو بزووتنەوەیەک نەگۆڕی،

لێکترازانی ئایندەخوازی لە کلتوری چەندین ئەگەری جیاجیای سیاسی جێهێشت، هەروەک لای ئایندەخوازی ئیتالیایی روویدا، کە لە واقیعدا، بەلای فاشیزم راکێشکرا.

-٢-

کێشەی سەرەکی جوانناسییەکانی ئایندەخوازی بریتیە لە کۆششکردن بۆ پاکسازیی خودی وشە لە فلّتوخۆڵی کلتووری ئەدەبی، یەکێ لەو رێگایانەی ئەمەی بە ئاکام دەگا لەو برگەیەی (مایکۆفستی) دەبینینەوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەڵام رێگەکەی دیکە مکوڕبوونە لەسەر سەربەخۆییەتی خودیی وشە و دەقی ئەدەبی، گەر هاتوو چارەسەری یەکەم لەگەڵ گریمانەکانی بزووتنەوەی سیبولیزم، کە هەوڵدەدا هێزی لێکگرێدان و ئاماژەکاریی لە زماندا بدۆزێتەوە، ناکۆک بوو، ئەوە چارەسەری دووەم، کە پەیوەستە بە گوتە بەشۆرەتەکەی (مالارمێی) و ئاراستەکراوە، بۆ (دیکا) «قەسیدەکان، ئەی ئازیزم دیکا»، بیروڕاکان بەکارناهێنێ، بەڵکە «وشەکان» شاعیر وشەکان لە خلّتوخۆڵی قسەوباسی رۆژانە رزگاردەکات، ئینجا دەیخاتە نێو رۆنانە رزگاربووەکەی دەقەکە، لەو کاتەی، کە رەمزییەکان هونەرەکە یان بۆ چاکسازیی جیهانی سووکونزم، تەرخانکرد، ئەوە ئایندەخوازان، جیهان و ئەو زمانەی پێی لکاوە، بە نزمی لە قەڵەم نادەن بەڵکە بە پاکژکاری دادەنێت، هەڵبەستی ئایندەخوازی قەسیدەیەکی ئەکتیڤە- ئەو کونکەرەیە بەرد کوندەکات و کانزای گرانبەهاش بە دیاردەخات، (مارینیتی) وایراسپاردووە، لەسەر شاعیران پێویستە بە تەنیا چاووگی کردار بەکاربهێنن «تاکو کردار بەیەک هۆکار دیارینەکرێ: درککردنمان بۆ کردارەکان زێدەترە لە درککردنمان بە بکەرەکان» بەمەش ئەوەی دووپاتکردەوە کە (ئورتیکا کاسین) ناوی نابوو (دابڕینی هونەر لە سیفەتە مرۆییەکان). چەمکی کەسایەتی گۆڕاوە، هەروەک (هـ. د. لۆرانس) لە نامە بەشۆرەتەکەی بۆ (ئەدواردکارنت (حوزەیرانی ١٩١٤)دا دەڵێ، کە تێیدا گوزارشتی لە بایەخدانی بە فەلسەفەی (مارینیتی) لە فسیۆلۆجیای ماددەدا، کردووە. (مارینیتی) چەندین کاری خۆی لەسەر ئەو لاپەڕانەدا نەخشاندووە، کە هیچ ئاسەوارێکی رێرەوەی مرۆڤایەتی تیانییە، بەڵکە لێوانلێوە لە ئەفراندنە چاپگەرییەکان و ئەو لاپەڕانەش یەکیەتێکی رەسەنی بینراویان پێکهێنا و بە هەمان شێوازیش گەلەک هەڵبەستی (مایکۆفسکی) لەو بەرگانەی پڕن لە ئەفراندنە چاپگەری و شێوەییەکان، وە دەردەکەون، کە یاخودی خۆی



سازیداون، چون گەلەک زۆری لە بارەی هونەری نەخش وێنەگرتنی فۆتۆگرافی دەزانی، یاخود برادەرێکی و ئە ئاواش ئیدی وشەکان کەیفخۆش و رابواردەن بەسەر ئەو لاپەڕانەدا تاکو فەرمانی تازە بخەنەوە هەروەکو لە کارەکانی مارینتیی دایە، وشەکان گەشە و گەشەدەکەن، ئینجا بۆ هیچ شیدەبنەوە، جاروبار فۆرم و نموونەگەلی ئاوا پێکەوە دەنێن، ناوەڕۆک دەخەنە ژێر پێ، هونەری ئایندەگەرایی، لە زۆر باردا، داڕژتنێکی تازەی کارە هونەرییەکانی پێشووە، ئەو داڕژتنەی (ڤاکنەر) خەونی پێوە دەبینی.

هێرشبردنە سەر رێزمان و دووپاتکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی وێنەیی و دەنگی وشەکان، هێرشکردنە بۆ سەر ئەو کتێبانەی، کە بریتین لە چەند ریزێک لە وشەتەکانیپێدا راروەکان بە دیسپلینێکی گەورە بە هۆی ئەو لاپەڕانەی، کە سیفەتی دیار و بەرچاوی پێوەندیکردنن لە نێوان تاکەکەسەکانی کۆمەڵگەی ئۆروپی.

شانۆی ئایندەخوازی لە رووسیا و لە ئیتالیا (شایەنی باسە ئایندەخوازی بەم شێوەیە یا ئەویدیکە هەمووی شانۆ بووە) داوای بەشداریکردنی تێکڕای بینەرانیان کردووە لە دیمەنەکەدا بێوەی خۆیان بە دەق ببەستنەوە، هەمان شت بەسەر شیعریشیان لەبارە، کە داوای خوێنەری کرد بەشداریبکات لە دروستکردننی دەق (گەرچیش بەو ئەندازەیە ئازادیان بە خوێنەرنەداوە لەوەی دادایییەکان پێیان دان ئەوانەی لەمەدا ئایندەخوازان پێشیان کەوتنەوە) شیعری کۆنکرێتی (poetry Ferroconcrete) ئەوەی (فاسیلی کافسکی) (١٨٦٤-١٩٦١) نووسی بەبێ تەگبیر یا ئامانجێکی دیاریکراو هەروەکو هەڵبەستە نوێیە کۆنکریتیەکان یا هونەری گاڵتەجاری، رەنگە ئەو شیعرە بخوێندرێتەوە یا بەچەند رێگەیەک «بنوێنرێ» و هەرجارەیش مانایەکی جیا لەوەی پێشتری دەداتەوە دەست، قەسیدەی «نوشتییەک لە رێگەی پێکەنینەوە» (١٩١٠)ی (فیلیمر خلیبنکوف) یەکێکە لەو قەسیدانەی وشە ئازاددەکات، ئینجا خوێنەر، ئەو قەسیدەیە وشەی (سمیخ-Smekh) وەردەگرێ، کە مانای «پێکەنین»ە و وایلێدەکات مەشقی نا ئاسایی ئەکرۆپاتیکیانە لە رێگەی وەسوود هێنانی رەگی ئەو وشەیە و گەردانکردنی لە پێناو رۆنانێ، کە زۆری لە فەرهەنگدا نییە، نزیکترە لەوەی مەشقێک بێ لە زانستی وشەسازی، لەوەی زانستی دەلالەت، ئەویش ئەو پرۆسەی پێکەوەنانی وشە دیارەکانی زمانی رووسی، دەقۆزتەوە، شێوازی گەمەی سیحراوی تێیدا نزیکترە لەو شێوازەی «شامان Shaman» پێڕەویدەکات، ئەو پزیشکە سیحربازەی بوو بەهاوتای شاعیری سەر بە بزووتنەوەی ئایندەخوازی لە

رووسیادا، هەردووکیان هەرچی سەرەتاییە وەسووددێنن لە پێناوی بەدیهێنانی مەبەستەکانیان، ناتوانین، هەر چۆنێک بێت، رەگەزی وروژاندن لەو قەسیدەیە فەرامۆشبکەین، ئەو وەکو ئەو فرۆکەوایە، لە ژێر پردێکدا دەفرێ، ئایندەخوازان حەز و خولیایان ئەو جۆرە کارە بوێر و ناپەسەندانە بوو لە یەککاتدا بۆ ئەوەی ئەوانیدیکە بە نوێخوازی وەسپیان بکەن. (خلیبنکوڤ) یەکێ بوو لەوانەی واژۆی لەسەر مانیفێستە ناسراوەکەی بەناوی «شەپازلەیەک لە رووی چێژی گشتی» کردبوو، ئەو دەستە ئایندەخوازەش ئامانجی هاوبەشیان هەبوو و بە دووریش نازانرێ ئەو هێرشبردنەی سەر زمان لەو بەڵگەنامەیەدا، لە (مایکۆفسکی) و (برلک)ەوە بووبێ، مانیفێستەکە داوای کرد مافی ئەوە بە شاعیران بدرێ، کە «پاڵپشتی وتەگەلی خەڵکی بە وشەی داهێنراو و هەڵبەستراو بکرێ... و جاڕدانی رقهەڵگر تنێکی بێ سنور لەو زمانەی بە میرات بۆمان ماوەتەوە».

(خلیبنکۆڤ) و (کرچونیخ)یش بەیاننامەیەکیان نووسی و ناویاننا «وشە خۆی لە خۆیدا» (١٩١٣)، دوای ئەوە (کرجونیخ) بەیاننامەیەکی دیکەی دەرکرد ناوینا «بەیاننامەی وشە خۆی لە خۆیدا» هاوچەشنی بەیاننامەی یەکەمی (مارینیتی) یە بە ناوی «قسەوباس لە بابەت ئازادییەوە» بەتایبەتیش لە ئامانجەکان، ئیتالیاییەکان هەستێکی گەشەیان بە هونەری شێوەکاری هەبوو، بزووتنەوە ئایندەخوازییەکەشیان لە ململانەدابوو دەگەڵ شارستانێتی شاراوەی ئیتالیایی، بەڵام رووس دووپاتیان لەسەر کارتێکردنە بیسترا و بینراوەکان کردەوە و پشتیان بە شیعری میللی و بە ئەفسانەی (سکشیان) بەست، ئەو دیاردە ئاڵۆزەی بە هۆی -بێدەرفەتی- ناتوانین، یا تەنیا دەکرێ پێناسەی بکەین بەوەی خولیایەکی نەتەوەیی ناروون و توندڕۆییانەیە، کە چاوی بڕیوەتە سەرکەوتنی هێزە نائەقلانی و سەرەتاییەکان، کە خۆی لە گەلانی (سکیان) دەبینێتەوە، بەسەر مادیەت و ئەقلانی ئۆروپی، لێرەوە (شامانیزم) هات، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا و خوێنەرانی بایەخ پێنەدەر پێی دەتوانن لە باڵای «تاڵە-دەزووی- بەهار» (١٩١٣)ی سترافنسکی هەستی پێبکەن.

بەیاننامەی یەکەم، کەبەر لەو دوو بەیاننامەیەی پێشتر لامان لێکردنەوە، بە پێدانی نموونەگەل دەستی پێکرد لەو دەنگە تەعبیریانەی شیعر، هەرە تەجریدیترین و بەشۆرەتترین نموونە ئا ئەمەی (کرچونیخ)ە[٥]:



دربل إشكل اوبشكر سكم فى سوبو رل يز

ئا ئەمەیە تەواوی دەقەکە کە لە زمانی ئینگلیزی و لە زمانی رووسیش هیچ مانایەک ناگەیەنێ (یا بەلای کەمی بەم جۆرە دەقەکە وەرگێردرایە سەر زمانی ئینگلیزی) گەرچی دەنگەکان لە زمانی رووسی ئاماژەدەدا بە چەندین وشەی رێتچوو یا چەند یەکەیەکی دەنگی (مۆرفیم) کە دەکرێ لەو دەنگانە هەڵبهێنجرێ.

نووسەر ئەو دەنگانەی بە دەنگانێکی رووسیایی لە ئاسا بەدەر دانا (هەندێ لەو دەنگانە لە دەرەوەی زمانی سلافیایی نین) (خلیبناکوف) و (کرجونیخ) ویستیان جەخت بکەنە سەر رێچکەی بێزاندنی کارتێکردنە ئۆروپییەکان، بە بیانووی تەکانپێدانی (سکشیانیەتی)، ئەو هەڵبەستە لە هەموو کارەکانی (پۆشکین) رووسیایی ترە، (پۆشکین)یش، کە گەورەترین شاعیری رووسی بێ هاوتایە لە، «شەپازللەیەک لە رووی چێژی گشتی» بە هەرە بەرایی ئەو ئەو نووسەرانەی دانا، کە پێویستە «فڕێدرێنە دەرەوەی کەشتی هاوچەرخێتی» ئەمەش هاوشێوەی دووپاتکردنەوەکەی (پاوەند)ە، کە پێویست بەوەناکات لەسەر شکسپیر بخوێنیەوە، چونکە تۆ دەتوانی هەرچی دەتەوێ بیزانی «قسە و باسە جاڕسکەرەکان» ببینیەوە، پێویستە زمانی شیعر «زمانی ئەو دیوی ئەقڵ transrational» بێت، پێویستیشە لە شێوە بەزبرەکانی لۆجیک رزگارمان بێت، کە هەر لە سەردەمی (دستویفسکی) بۆ هزری خۆرئاوایی گەڕێنرایەوە بە لای کەمی دەبێ هێزە گوزارشتدارە دەنگیەکەی کاریگەر بێ بەبێ هەر تێوەگلانێکی راستەوخۆی چەمکەکان، چون ئەو جۆرە تێوەگلانە وزەکان پەرتدەکات، دەکرێ ئەو جۆرە کارتێکردنە بە «بڵندبوونەوەی مایەکی»، کە (بوشیونی) بانگەشەی بۆ دەکرد، بەراوردبکرێت، هەروەها ئەو رایەش، سەدای بیروڕاکانی (مارینیتی)یە، کە کتێبەکەی بە ناوی «قسە و باس لە بزووتنەوەکە» (١٩١٢) خستیەڕوو، کە بەهۆیەوە جەختی کردە سەر رزگارکردنی وشە لەو کۆتبەندە کلتوورییانەی واتادەکوژن لە پێناوی ئاسانکاریی ئەرکی پێوەندیکردنی راستەوخۆ لە نێوان خەیاڵی «بێتەل» و هیدیکە. دەبێ دەنگە دەرهاتووەکان لێک جیاوازبن تاکو سەرنجی خوێنەر رابکێشی و بۆوەی، کە ئەمەش گرنگە، هاوئاوازبن لەگەڵ نەشازیی رۆحمان هەروەک (کرچونیخ) دەڵێ، لێرەدا هیچ سازانێک نییە دەهەمبەر سازانی نێوان دوو نەشاز، ئەو سازانەی دەسکەوتێکی دینامیکی جێدەهێڵن دەکرێ لە هەردوو تیۆری تەسویری و دەوامیی، بیاندینین، لە دوو تۆیی ئەو بەیاننامەیەدا، هەروەکو

بەیاننامەکانی دیکە، حەز و خولیای دانانی یاساکان، دەبینین، لەساڵی ١٩١٣ یاسایەک دەرچوو (یا بەراستی دو شانۆگەریی) لە شاری (سان پترسبۆرگ) نمایش کران، کە کارە داهێنەرانەکانی ئەو دەستەیەی گرتبووەخۆ، ئەو دوو شانۆگەرییەش «فلادیمیر مایکۆفسکی: مەرگەسات» و «سەرکەوتن بەسەرخۆر» ئەو ئۆپێرا لە ئاسا بەدەرەی (کرجونیخ) نووسیویەتی و (ڤالڤچ) ئامادەی کردەوە بۆ شانۆ و (خلیبنکۆف)یش پێشەکیەکەی نووسیوە.

لە یەکێک لەو هەڵبەستە درەنگوەختانەی (مایکۆفسکی) نووسیویەتی بە ناونیشانی «سەرچڵییەکی لە ئاسا بەدەر فلادیمیر مایکۆفسکی لە کونجێکی هاوینە ئەنجامی داوە» (١٩٢٠) لەو قەسیدەیە سەدای بابەتێکی سەرەکی ئەو ئۆپێرایە بە دیدەکەین، بزووتنەوەی ئایندەخوازی لە یەک تەوەرەی سەرەکی دەخولێتەوە ئەویش سەرکەوتنە بەسەر زەمەن، ئایندەخوازان مەزندەیان دەکرد ئەو سەرکەوتنە لە رێگە گەڕانەوە بۆ رابردوو بە ئاکامناکات هەروەک (پاوەند) و (ئلیوت) کردیان، بەڵکە لە رێگەی تەکاندان بەرەو ئایندە.

لە قەسیدەی (مایکۆفسکی) شاعیر دەبینین خۆر داوەتدەکات بۆ پیاڵە چایەک بۆوەی هەڵاتن و ئاوابوونی تا هەتاییان پەکبخات، کە سروشبەخشی شاعیرن، خۆریش لە میانەی خوازەی درێژدارِیی شیعری دانیپیادەنێ بەوەی (مایکۆفسکی) دەمکاتی شەو دەورووبەری رۆژ تێدەکۆشا لە پێناوی دروستکردنی پۆستەری پرۆپاگندەکان، ئەو پۆستەرانەش تیشک و گەرمێتی دەخەنەوە ئەوانیش دەپرژێن هەروەکو چۆن گەرمایی خۆر دەپرژێنرێ. ئەو کردەیە سەرکەوتنی ئیرادەی مرۆیی بەسەر سروشت رووندەکاتەوە، لەو ئۆپێرانەی (کرجونیخ) لە ساڵی ١٩١٣ نووسی (ڤالڤج)یش چاکترین نەخشەسازییە تەجریدییەکەی تێداخستەڕوو، پیاوانی کەڵەگەت و بەخۆوە دەبینین لە خاکی ئایندەوە هاتوون لەگەڵ تیمێکی وەرزشوان جگەلە فرۆکەوانێکی ئازا، ئەو پیاوە بەگێچەڵەو پیاوەنیەت شەڕانیەکە و دەستەیەک لەو کەسایەتییە مێژووییانە، تێکدەشکێنن، دوایی توێژی سەرکەوتوو، جیهانی ئایندەخوازی رزگاربوو لە زەمەن، شکۆدارە دەکەن، لێرەدا پرسەکە وەکو بلێیی ئامێتەیەکە لە تەعبیریی و ستالینیزم، لە راسیتدا مادام ئۆپێرا لێوانلێوە لە فیکەو دەنگی سەیر، کە لە گوێنی دەنگەکانی قەسیدەی «دربل اشکل» هاتوون مادام کرداری شانۆیی ئاژاوەدارە، کە وادەکات بە دواداچوونی رووداوەکان مەحاڵ بێت، ئەوە ئۆپێرا وەرچەرخا بۆ چەند دیمەنێک پێکەنین زێتر لە ترس دەورژێنن، (تۆماشیفسکی) بیرەوەرییەکانی لە یەکەم شەوی نمایشی



ئۆپێرا (گۆڤاری «تیر» ژمارە -٤- ١٩٣٨) تۆماردەکات، دەڵێ: دەکرێ چێژ لە ئۆپێرا وەربگری، گەرهاتوو بە جۆرێک لە سێرک لە قەڵەم دراکە تیایدا بەربەستەکانی نێوان هونەری باڵێ و هونەری (ڤودڤیل) دەپووکێنەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو شەڕوشۆڕە بە غەڵبەغەڵبەی ئۆپێراکەی تەنیەوە، واپێدەچێ مگێزی بینەران زوڵاڵ بوو لە سەرەتای نمایشەکەردا، وەلێ کاتێ ئۆپێرا دەستی کرد بە سووکایەتیکردنی راستەوخۆ پێیان ئیدی ئەوانیش هەراسان بوون ئۆپێرای «سەرکەوتن بە سەرخۆرا» پروپاگندەیەکی دیراسەتکراو بوو بۆ خودی ئایندەخوازان.

## -٣-

دوای شۆڕش ئایندەخوازان، ماوەیەکی کەم کۆنترۆڵی ژیانی رووناکبیری سۆڤیەتیان کرد و هۆی ئەمەش نەبوونی بزووتنەوەی دیکەی پێشڕۆ نەبوو هەرەشە لە سەروەرییان بکات، لە دەیەی دووەمی ئەم سەدەیە بەشێوەیەکی لە ئاسابەدەر ئەزموونە هونەرییەکان رووسیا هەموو شوێنێکیان تەنیبۆوە، بە هەقیش ئەو زاڵبوونەیان بە پشتوانی کۆششی (مایکۆفسکی) بەهرەدار و پابەند لە رووی سیاسیەوە، بوو، وزە و توانا بیوچانەکانی (تیۆرەکانی لە جوانیناسی دیالەکتیکی پەرەگرتوو، کە دەکرێ بەتیۆرەکانی «بریخت» بەراوردبکرێ لە خزمەت بەلشەفیەکان دابوو، لە سونگەی ئەوەی شاعیرێکی رژێمی نوێ و برەودەریەتی. کۆواری «ئەسکستفوکومیونی»، کە لەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دووچاری ببوو، سەریهەڵدا، (مایکۆفسکی) و نووسەری هەڵکەوتوو (ئوسب برک) کە لە رووی تیۆرییەوە رووناکبیرێکی دیاربوو، بەشداریان لە دەرکردنی دەکرد. ئەو کۆوارە، کە کورت بوو، لە ژمارەی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ قەسیدەیەکی بە ناونیشانی «رێنماییەکان بۆ لەشکری هونەر»ی مایکۆفسکی بڵاوکردەوە، لەو قەسیدەیە شاعیر بانگی ئایندەخوازان دەکات بۆچوونە ریزی بەلشەفیەکان و یەکگرتنی کۆششە سیاسی و هونەرییەکانیان بە مەبەستی تێکشکاندنی هێزەکانی رابردوو. ئایندەخوازان بە دەنگ ئەو بانگەوازە نەهاتن، بەتایبەت ئەو دەستەیەی رۆحی لە بزووتنەوەی سیمبولیزم نزیکبوو وەکو (شیر شینیفیج) وەرگێڕی کارەکانی (مارینیتی) بۆ سەر زمانی رووسی و (ئیگۆر-سیفیریانن) دامەزرێنەری ئەوەی بە بزووتنەوەی خود ئایندەخوازی (Faturism–Ego) ناوەزدکراوە بۆوەی لە ئایندەخوازی کۆبیکیزمی

مایکۆفسکی جیابکرێتەوە، (برک) داوای دەکرد هونەر هەستپێکراو بێت وەکو کرێکارێک نەک پاڵەوان (هەروەکو چۆن ڕۆمانتیکی و ڕەمزییەکان لە قەڵەمیان دەدا) ئەو بیروڕایانە ڕێیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی تیۆرە ساختەکەی پێشەنگەکان، کە بە درێژایی ساڵانی بیستەکان بەردەوام بوو، (برک) لە بەکارهێنانی زاراوەی «ئایندەخوازی» بەردەوام بوو، تەنانەت تاکو دوای ئەویش ئەو زاراوەیە لە ڕووی سیاسییەوە گومانی کەوتە سەرە زاراوە شۆڕشگێڕییەکان لە پێناوی داکۆکیکردن لە تەجرید لە هونەر، قۆسترانەوە، لە هەمانکاتدا قوتابخانەیەکی «کردەنیانە» لە ڕەخنە و تیۆریزەکردن سەریهەڵدا، ئەمڕۆ ناوێکی فشوفۆڵی هەمەگیریی هەیە ئەویش شێوەگەرێتی (Formalism)یە، ئەو قوتابخانەیە سروشبەخشانە بۆ زانستە زمانەوانیە تازەکان هاتەئاراوە، کە (سوسیر) هێنای، ئەو قوتابخانەیەش تاقیکردنەوە زاراوەکییەکان کە ئایندەخوازان سازیانکرد (شایەنی باسە ئەندامانی ئەو قوتابخانەیە پەیوەستییەکی توندوتۆڵیان بەوان هەبوو) بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پێویستیان لە قەڵەمدا بۆ ڕێگە بەسەرچووەکانی تۆژینەوەی ئەدەبی، هەروەها بە بنەمایەکیان دانا بۆ ڕێگە تازەکانی ڕەخنە و تیۆری ئەدەب بە تێکرا،[٦] گومانی تێدانییە بە شۆرەترین وتار لەم ڕووەوە نووسرا بێ وتاری (ڕۆمان یاکوبسون)ە بە ناوی «شیعری هەرەنوێی ڕووسی» کە لە ساڵی **١٩١٩** بڵاوکرایەوە و لە ساڵی **١٩٢١** دووبارە چاپکرایەوە[٧] (یاکوبسون) ئەو کاتە ئەو وتارەی نووسی، کە هێشتا ئەندام بوو لە «ئەلقەی زمانەوانی مۆسکۆ» (دوایی چووە پراگ و دووبارە وتارەکەی چاپکردەوە، ئینجا سەفەری ئەمریکای کرد): بە سوودە، گەریش بە کورتی بێ پەیوەندی نێوان شیعری ئایندەخوازی و ڕەخنەی -شەکلانییەت- شێوەگەرێتی (فۆرمالیزم) ڕوونیبکەینەوە.

(یاکوبسون) لەو بڕوایەدایە شیعری ڕووسی «هەرەنوێ» ئەوەی بە «بزووتنەوەی ئایندەخوازی» ناودەبرێ، دایهێناوە، گەرچیش ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیەی تێکڕا دیارینەکردووە، گەواهیداوە بە پەسەندکردنی گوتەیەکی (خلیبنکۆف) «زێدی هونەر ئایندەیە» لەم گوتەیە شڕا هەنگاوی ناوە بۆ شیکردنەوەی کردەی نوێبوونەوە (وەکو ئەو نوێبوونەوەیەی «پۆشکین» هێنای و بە دڵی یاکوبسونیش نەبوو) و چون نوێبوونەوە بە هۆی زەمەن و نەریتەکان وەردەچەرخێ بۆ شتێکی باو، خۆیی، هەروەها لەو گوتەیەوە هەنگاوی نا تاچۆنیەتی وەرچەرخانی شیعری هاوچەرخ و کۆن بۆ شیعری تازە، شیبکاتەوە و لەو دواخاڵەش پشتی بەستووە بە شیعری (خلیبنیکۆف) کە لە ڕووی زمانەوانییەوە بە



دوورودرێژی شیکردۆتەوە و بە نموونەیەکی ئەو تۆی دانا مایەی پێڕەوکردن بێت، لەو وتارەدا مامەڵەی لەگەڵ زمانی شیعر کردووە وەکو زمانێکی شکۆدار (Metalanguage)، بەڵام لەڕووی «ناوەڕۆک» نکۆڵی لەوەکرد چ بوونێکی دیارو بەرچاوی هەبێ، ئەویش لەمە بە «ی. ئە. ریچارد» دەچێ، ناوەڕۆک بەلای ئەو چ ناهێنێ تەنیا ئەوە نەبێ کە ناوی «بنێرە هاندەر» لەسەر شێوەی زمانەوانی نوێ-دەنگی، ڕێزمانی، ریتمی لێنراوە... تد.

کەواتە ئەو شیکردنەوە نوێیانەی لەسەر هۆیە دەرەکی یا کۆمەڵایەتییەکان هەڵنراون، هەڵەن، بەم جۆرە ئیدی (یاکوبسون) جیاوازکارییەکرد لە نێوانی «ریپۆرتاجی ڕۆژنامەوانی Reportage» ئینتباعی درۆزنانەی مارینیتی (شایەنی باسە زاراوەی «ریپۆرتاجی ڕۆژنامەوانی» هی من نییە، بەڵکە خودی یاکوبسون بەکاریهێناوە) لە نوێکاری ئەو شێوە ئەدەبیانەی زادەی فشاری شێوە تازەکانی وجودن جاگەر شێوەی دەرەکی بن یا ناوەکی و لە نێوان بانگەشەی (کرچونیخ) بەوەی شێوەیەکی نوێ هەڵقووڵاوی نێو زمانی شیعری ڕەنگە ناوەڕۆکێکی نوێ بخاتەوە، ئینجا جیهانێکی نوێ، بەم پێیەی بەراوردکاری (یاکوبسون) بەراورد دەکات لە نێوان ئەوەی ناوی ناوە بە سیستەمی زمانەوانی شیعری (سیستەمی شاعیرانی ڕووس بە تایبەت «خلیبینیبیکۆف») و سیستەمی زمانەوانی سۆزداری یا کارتێکەری مارینیتی، بەم جۆرە شیعر سیفەتێکی گوێڕایەڵی یاسا گەوهەرییەکانی هەیە، بەڵام فەرمانی نەپچڕاوی شیعر پێویستە تا ئەو پەڕ کەمبکرێتەوە شیعر هەروەکو هونەرەکانی دیکە، لە داڕژتنی «مادده» پێکدی «مادده»ی شیعریش وشەیە، بەم پێیە لێکۆڵینەوەی ئەدەب بە لێکۆڵینەوەی سیفەتە ئەدەبییەکان (Litetariness) پێناس دەکرێ، ئەو تیۆرە پایەیەکی نزمی داوە بە یادداشتنامە و دەروونناسی و سیاسەت.

لە ڕاستیدا لەو بەرواره پێشوەختەدا تیۆری فۆرمالیزم دانی نەناوە بە هیچ مادەدیەک لە دەرەوەی دەقدابێت، لە دواییدا دانی ناوە بەو ماددەیە (ئەمەشە لە کتێبی «مارکسیزم و فەلسەفەی زمان»[٨]ی فولوشینوف، بەدیدەکەین ئەوەیش (یاکوبسون) بە «جیهانی سۆزداری و ئەزموونی ڕۆحی» ناویبرد «پاکانەکردنە» بۆ زمانی ئەدەبی.

ڕوونیکردەوە وتی: کاتێک تەنانەت ڕۆمانتیکەکانیش کارە بەرایییەکانیان نووسییەوە، هەورەکو نوێکار لە شێوە لە ناوەڕۆک، پێشوازی کران و (ناوەڕۆک)یش وەکو پاکانە بۆ (شێوە) فامکرا، یاکوبسونیش گەواهی بەو شتانەدەدا، کە کۆوارەکان بڵاویان

دەکردەوە بۆ سەلماندنی رایەکەی.

لە راستیدا کارەکانی (خلیبینیکۆف) لە «پاساوهێنانەوە» باشیەکانی شیعری «نائەقلانی» دووردەکەویتەوە لە رێگە «رۆنانی چنینەکە» و بەرەو «تەجرید»ی ئەو باشیانە دەچێت بەبێ هیچ پاساوێک هەروەکو سەبارەت بە چیرۆک و گۆرانییە میللیەکان وایە، دەنگ (یاخود هەر رەگەزێکی دیکەی زمانەوانی) بەسەرماناکادا زاڵدەبێ و لێلایی و هاوجووتی ئەوەی یاکوبسکن بە بەد گۆڕانیتی «میتامۆرس» (Metamorphosis) ناوی بردووە، دەخاتەوە، بایەخدان بەماددەی -کەرستە- میللی و رۆنانی هەقایەت و راستییەکان و وەسوود هێنانی ئەو ماددە ورووژێنەرە «نزمە»، ئەمانە هەموو گەلەک لایەنی ئەدەبی ئەو ماوە پێشەنگەییەیە (ئەمەش هەمان شت بوو، کە دادابییەکان و جویس و فروید کردیان) دیار و بەرچاو دەخات.

(یاکوبسون) سەرنج دەدا گرانایی دەقە ئایندەخوازییەکان و سەمەرەیی ئەو هەستونەستەی، کە دەیگرتە خۆی، خوێنەر ناچار دەکەن بەشدارییکات لە کردەی درکپێکردنیان (درکپێکردنی ئایندەخوازان)، ئەو شێوازە سەرەڕای خستنەوەی چەمکی «ئاڵۆزبوون Complication» یا «ئاڵۆزی diggicult Making» (لێرە نیشانە بەکارەکانی شکلوفسکی دەدرێ) پشتیوانی لە جیاوازی ئایدۆلۆجی دەکات، کە رۆلان بارت هێنای لە نێوان ئەوەی دەبێژتێ و ئەوەی دەنووسرێ، وەلێ ئەو شێوازە لە واقیعدا چ شتێکی ئەو تۆ ناخاتە سەر دۆزینەوەکانی شێوەگەرییان.

ئاشکرایە پەکیەتی نێوان ئایندەخوازی و بەلشەفیک لە بواری درککردندا (کە ئەبستراکت بەزەبرانەتر دیاریدەکات) ئاخنراوە، وەلێ یاکوبسون لای لەوە نەکردۆتەوە، چونکە بەدواداچوونی ئەو خاڵە گرانە و ئاسان نییە. لە کۆی ئەو تایبەتمەندییانەی دەقەکانی (خلیبینیکۆف) رەگەزە بنەڕەتییە شێوازگەرییەکانی لە رێگەی ترازاندن «Juxtaposition» بە یەکەوە گرێدراون، ئەو تایبەتمەندییە سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی خوازەی دیکە وەکو کۆکردنەوەی دوو وتەی دژبەیەک (Oxymorou) زێدەڕۆیی یا لە رادەبەدەر (hyperbole) و نەخشکاریی وتەیی (Cenallage) ئەمانە سیستەمێکی پەیوەندی سەربەخۆ دەخولقێنن، لەبەر ئەوە لێرەدا «کەلێن»ێکی شیعری هەیە (هاوچەشنی کەلێنی تەسویری) زمان تێیدا فرە رەهەندە (dimentional–Multi) و بە دواییەکدا (Sequential) نییە (هەروەک لە قسە و باسە ئەقلانییە نا شیعرییەکان روودەدا) لێرەدا



ئەدەب دێت و لاسایی کارە سینەماییەکان دەکاتەوە و لە کۆی ئەو شێوازە رێزمانییانەی شاعیرانی هاوچەرخ بە چاکیان زانی و بەتایبەتیش ئایندەخوازان، بەکارنەهێنانی کردارەکانە (Verblessness) بۆ ئەوەی زنجیرەیەک لە زەمان بخولقێنرێ، کە بە دواییەکدا رێناکەن، (یاکوبسون) کۆمەڵە نموونەیەکی بەشایەت هێناوەتەوە، کە لە کارەکانی شاعیرانی ئایندەخواز و نائایندەخواز (بۆ نموونە لە کارەکانی مۆرینهوف) بژاردوونی. وشەی ونبونی کردار (Verblessness) ئاماژە بەوە دەدا، کە هەر هەمووی دەبێ بە جۆرێک لە کردار، (خلیبنیکۆف) جیاوازی کردووە لە نێوان ئەو وشانەی یاریدەمان دەدەن بۆ بینین (eyes–word) و ئەو وشانەی یاریدەمان دەدەن بۆ کردار (hards–word)، جیاوازیش لە نێوان ئەو دوو گرووپەی وشە گەورە نییە، وەلێ یاریدەمان دەدا لە جیاکاریی نێوان ئەوەی وشەکان چ مانایەک دەگەیەنن لای رەمزییەکان و ئایندەخوازان گشتیان، چونکە شاعیرە ئایندەخوازەکان زۆر لە (خلیبینیکۆف) فێربوون، شیعری هەڵوەشانەوە (disassociation of Poetry) نەک شیعری لێککگرێدان (association)، ئەو رایانەی یاکوبسکن رەخنەگرانی فۆرمالیزم خستیانە روو، هەر چۆنێ بێ ناکۆکە لەگەڵ بنەمای دووبارە لێککگرێدان (reassociation) کە (ت. س. ئیلیۆت) هێنای و بەسەر شاعیرانی میتافیزیقیایی پیادەکرد، (ت. س. ئیلیۆت) ئەو بنەمایەی لە وتارێکدا پیادەکردووە و بە روونی لە رووی ئامانج بە تەقلیدی و لە رووی پیادەکردنیش بە رەمزی لە قەڵەمداوە، وێڕای شۆڕەتی (یاکوبسون) حەز و چێژ وەرگرتنی لە کۆکردنەوەی نموونە لە لەبارەی هەڵوەشانەوە و کارگە لە ناباوەکان کە لە گۆرانیی منداڵان و جادوگەرێتی میللی و تقوس و گۆرانییە میللیەکانی شاردا هەبوون و بەستنەوەی بە رێگەی (خلیبنیکۆف) لە گەمەکردن بە وتەکان... تد، ئینجا دانانی لە بواری «داتاشینی شیعری» (Poeticetmology) شێواندنی موفرەدات و واتەکانیان و ئەوەی لەمە دەکەوێتەوە لە مانای خۆی، بەشێکی دانەبڕاوە لە داتاشینی شیعری، ئەویش بە دەوری خۆی پاڵپشتی ئەوە دەکات کە (یاکوبسن) ناوی ناوە (وزەی گرنگ) بۆ وتەی تازە. بەمانایەکی دیکە پاڵپشتی وزە دەکات بۆ -تەجرید- (یاکوبسون دەیەوێ لەو وتارەدا جەخت بکاتە سەر بەرتەکەکانی لەسەر وتەی (ئینتیباعیەت) کە مارینیتی بەکاریهێنا و لە راستیدا مانای وشەی «bespredmetbniy» رووسی نزیکترە لە «نابابەتی» لەوەی لە (تەجریدی) ئەو دەرەنجامەی (یاکوبسون) بە دەستی هێنا ئەوەیە

گەرمانا لە سەردەمەکانی پێشوو، سەرواکانی دیاریدەکرد، ئەوە سەرواکان لە شیعری (خلیبنیکۆف) و (مایکۆفسکی) «وشەکانن بە دوای مانا دەگەڕێن»[١٠] وتارە داهێنەرانەکەی (یاکوبسون) ڕەخنەی فۆرمالیزم لە بەرزترین پلەی ڕووبەڕووبوونەوەی وروژاندن دەنوێنێ.

لە مێژووی ئەو بزووتنەوە ڕەخنەگرانەیەی کۆڵیەوە و بە بەڵگەیی کرد و بە دەگمەنیش وا پێویست دەکات. بیر بخەینەوە، کە کارەکانی (یاکوبسون) و کارەکانی هاوەڵەکانی جا چ ئەوانەی لە رووسیامانەوە یا ئەوانەی بە جێیان هێشت، پەرەی گرت بۆ ئایندەخوازی رووسی و ترازاندیشی. چاکترین کاریٚ ئەندامانی «ئەلقەی زمانەوانی مۆسکۆ» لە بیستەکان و سییەکان دایهێنا، هەرگیز تەنیا تۆژینەوەی ئەدەبی پێشەنگ-ی نەگرتەخۆ.

شۆڕشێکیان لە ڕەخنە هەڵگیرساند و لە دووبارە هەڵسەنگاندنی ڕەگوریشالی ئادابی بیانی و روو سیاییی، دەسکەوتەکانیان تارادەیەکی زۆر هاوشێوەی دەسکەوتەکانی «ڕەخنەگرانی نوێ» (Critics New)یە لە ئینگلتەرا و ئەمەریکا، ئەوانەی لە دەوروپشتی نوێخوازی ژیان و گەورە بوون، وێڕای خولیا کۆنەپارێزییەکەیان، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرێتی ڕەخنەگرانی رووس باڵی کێشا و پانتاییەکی فراوانی ئەو تۆی گرتەوە فراوانتر لەو پانتاییانەی «ڕەخنەگرانی نوێ» دایانپۆشیبوو، سەرەڕای بەشداریکردنی (یاکوبسون) بەشێوەی سەرەکی لە بواری زمانەوانی و لێرەدا بەشداری ڕەخنەگرانی فۆرمالیستە رووسیاییەکانیش هەبوو لە بەرجەستەکردنی تیۆری سیمبۆتیک (Semiotic theory) (تسفیتان تودوروف) وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی وتارە فۆرمالیزمەکانی لە کتێبێک بە ناوی «تیۆری ئەدەب» (١٩٦٥) کۆکردنەوە، ئەو کتێبەش کاریگەری زۆری هەبوو، شایەنی باسە لێکنزیکبوونەوەی نێوان زانستی زمان و لکەکانی دیکەی زانستی سیمۆتیکس (Semiotics) کە (لیڤی شتراوس) بۆ یەکەم جار بەسەری کردەوە لەکتێبەکەی بەناوی «ئەنثرۆپۆلۆجیای بونیادگەرانە». ئەو نزیکبوونەوەیە بووە هۆی بوژاندنەوەی هونەری بونیادگەرانەی شیعر لە یەکێتی سۆڤیەت[١١].

لە ساڵی ١٩٢٢ (ڤیلمیر خلیبنیکۆف) کە تەوەری وتارەکەی یاکوبسون بوو. مرد، ئەگەربێ و (خلینبیکۆف) دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئایندەخوازیش نەبوو بێ لە رووسیادا بەهەرحاڵ، ئەوا نوێکارێکی گەورەبوو، کارەکانیشی کانگایەک بوون شاعیرانی دیکە لەوانەش مایکۆفسکی- گەلەک کانزای گرانبەهایان لێهەڵێنجا.



بەرهەمەکانی فرەبوون، وەلێ دەرەنگوەخت لەو پایەشایستەیەی لە مێژووی ئەدەبی رووسی، خۆی بینیەوە و کە مێکیش لە کارەکانی وەرگێردران، بەلای کەمی وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئینگلیزی، بە مردنی ئەو ئەبستراکتی ئاژاوەگێڕی، کە لەو ماوەی بەر لە شۆڕش باوبوو، ئەمیش مرد.

کۆواری «لیف Lef» کە مایکۆفسکی لە ساڵی ١٩٢٣ دایمەزراند زۆر بە توندی پشتیوانی لە ئایندەخوازی و هونەری تەجریدی دەکرد، لە ساڵی ١٩٢٥ کۆوارەکە وەستا و لە ساڵی ١٩٢٧ کۆواری «نوفی لیف» جێیگرتەوە، ئەو کۆوارەی دوایی ویستی ئەو زێدە گۆییەی لێدوانەکانی مایکۆفسکی سووکبکات، دوو پاتی کردەوە، کە ئایندەخوازی رابردوو وەکو رابردوو تووڕهەڵنادا، بەڵکە ئەو هەوڵدانەی ڕەوایەتی دان بە شێوازە سەرچووە هاوچەرخەکان، تووڕهەڵدەدا.

ئیدی (مایکۆفسکی) بەردەوام بوو لەبەرهەمهێنانی کارە گرنگەکان تاکو خۆ کوشتنی لە ساڵی ١٩٣٠، وەلێ نوێخوازی داهێنەرانەی رووسی بەکۆتاهات. بەر لەوەیش (کرچۆینغ) کتێبەکەی بە ناوی «پانزە ساڵ لە ئایندەخوازی رووسیایی» (١٩٢٨) بڵاو بکاتەوە، بزووتنەوەکە بەکۆتاهاتبوو، گەرچی خودی (کرچۆینغ)، کە بەهرەیەکی دیاریکراوی هەبوو، تاکو ساڵی ١٩٣٤ بەردەوام بوو لە بڵاوکردنەوە: دوای ئەوە هەروەکو «م. فیرۆک» پاوەند، خۆی بینیەوە.

دابڕاو لە هاوسەردەمانی
فەرامۆشکراو لە لایەن
بەهۆی ئەو زیندەخەووەوە

لەگەڵ ئەوەشدا لەو چارەنووسە جەرگبڕەی زۆرێک لە نووسەرانی نەوەی خۆی، ڕزگاری بوو، بەم جۆرە ئەو بزووتنەوەیەی زێدە ڕکابەرکاری تابۆ-کان ڕەتبوو و کەسایەتی (مایکۆفسکی) لە دوای خۆیا جێهێشت، ئەو کەسایەتییەی گەلەک زۆر بە گەواهیدەری خۆیان لە قەڵەمدەدا و تەنیا کەمێکیش لە نووسەران لە جیهاندا لێی تێگەیشتن، هەروەها لە دوای خۆی بزووتنەوەی -ئەبستراکت-ی جێهێشت، کە لە سیەکان لە ئارادابوو بۆ شلکردنەوەی هەویری ریالیستی سۆسیالیزمی و بۆ سروشبەخشی هونەرمەندانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت، درک بە جێگەی شیاوی ئەو بزووتنەوەیە لە بزووتنەوە دەوڵەمەندەکەی نوێخوازی سۆڤێتی، نەکراوە، یا راستتر بایەخی و گرنگی تەنیا ئێستاکە درکپێکراوە.

## هـ- بزووتنەوەی تەعبیریی ئەڵمانی

### ریچارد شیپرد

کاتێک بۆ یەکەم جار زاراوەی «تەعبیری» بەکارهات، هیچ ئیحایەکی ئەدەبی نەبوو، لە بنەڕەتدا لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٠١ بەکارهات وەکو پارچەیەکی ناساندنی هەشت تابلۆی نیگارکێشی هەوادار (جولیان ئوگست ئەرفە) لە «گەلەریی دی ئەندیپندنتس» لە پاریس. وا پێدەچێ زاراوەکە بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا لە مانگی نیسانی ١٩١١ بە دەرکەوتبێ لە پێشەکی پێڕستی پیشانگەی «برلنر سیزیشن» بیست و دووەمین بۆ دیارخستن و بەرچاوخستنی دەستەیەک لەو نیگارکێشە لاوە فەرەنساییانەی وەکو (بیکاسۆ) و (بارک) و (دوڤی)، لە نیوەی ساڵی ١٩١١دا، کتومت هەروەکو (کارل شیفلەر)ی رەخنەگر دەڵێ، زاراوەکە ئیدی «بەهۆی ئەوەی تەلیسماوی ببوو بە وشە باڵی کێشا»، بەڵام بەر لە کۆتایی ئەو ساڵە (فیلهم فورنکر) هات کە بە بەڵگانامەیێ - سەنەد- دادەنرێ لە مێژووی هونەریی و ئاماژەیدا بە «تەولیفی و تەعبیرییە لاوەکانی پاریسی» وێنەی (سیزان) و (ڤان کوخ)، ئەو ئاماژەیە بەس بوو بۆ رەوایەتی دان بەو زاراوەیە، لە کۆتایی ساڵی ١٩١١ زاراوەکە هەر نیگارکێشێکیش دەگرتەوە، کە لە ئینتیباعیەت هەڵگەڕابایەوە، (کرت هلر) یەکەم کەس بوو زاراوەکەی لەسەر ئەدەبی ئەڵمانی پیادەکرد لە وتارێکدا لە رۆژنامەی «هایدلبرک زایتونک» (حوزەیرانی ١٩١١) بڵاوی کردەوە، دەڵێ: «بەلای کەمی، ئەوانەی ئەڤیندراری جوانین، ئەوانەی تەنیا دەزانن بە دەنگەوە بچن، ئەوانەی لەو تابلۆ شەمێیانەی بۆ پەستنەوە بەکاردێن یا لە ریکۆردەری زێدە هەستەوەر، زێتر چنین، لە راستیدا مەخلوقاتی نزمن، ئێمە تەعبیرین» لەگەڵ ئەوەشدا نێوەندە رەخنەگرە ئەدەبییەکان بە ئاسانی ئەو زاراوەیان پەسەندنەکرد، ئەو زاراوەیەش لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩١٣ جەختی لەسەر ئامادەگیی خۆی کردەوە، بەر لە کۆتایی ساڵی ١٩١٤ یا بەر لە سەرەتای ساڵی ١٩١٥ هیچ نووسەرێکی دیار و بەرچاو تاسە و تامەزرۆ نەبوو کارەکانی بە تەعبیری وەسپ بکرێ. (کاسمیر ئەدشمد) وای لە قەڵەمدەدا، کە ئەو بەو زاراوەیە نازانێ، تا رەخنەگران بەسەر کۆمەڵە چیرۆکەکەی بە ناوی «شەش دەرووەکە» لە ساڵی ١٩١٥، پیادەیان کرد.



هەر لە سەرەتاوە تەعبیرییەکان دەستەیەکی یەکترگرو درک بە خودنەکردوو بوون ئامانجی ئاشکرا و دیاریکراویان نەبوو بۆ ئەوەی خۆڕاگرانە تێبکۆشن تا بەدیبێنن، (کرت هلر) یەک لە سەرە هەرەزووەکانی تەعبیری بوو، دانینا بەوەی هیچ بزووتنەوەیەکی یەکترگری نەنواندووە، ئەو دانپیانانەی لە پێشەکی بژاردەکانی یەکەمی تەعبیری نووسی بوو، کە بە ناونیشانی «هەڵۆ» (١٩١٢) دەرچوو، کە دەڵێ: («ئاراستە؟ هەڵۆ -نیازی نییە- پێڕەوی هیچ ئاراستەیەکی دیاریکراو بکات» گەر گەڕاینەوە رۆژانی یەکەمی تەعبیری، ئەو کات تەعبیرەکان جەختیان دەکردە سەر ئەوەی تەعبیری بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆجی نییە کۆمەڵە خەڵکێک بڕوای پێهێنابێ، بەڵکە بە سانایی کارلێککردنێک بوو لە نێوان تاکە کەسە سەربەخۆیە داهێنەرەکان روویدا (فرانزنیک) لە وەسپی ئەو کۆمەڵەیەی لە دەوری کۆواری ناوبەناوی «ئەکشن» گردبوونەوە، نووسیویەتی «وا پێنەدەچوو پێوەندێکی هاوبەش و دیاریکراو گرێی بدات» (جاکوب بیکارد) دانیپیانا وتی: «ئێمە قسە و باسی نارووڼمان لە بارەی دەبیست گوایە بزووتنەوەیەکی هەمەگیرە: لەگەڵ ئەوەشدا ناوێکی شیاوی نەبوو» بەڵام (کرت ولف) گومانی لە رەوایەتی خودی زارەوەکە هەبوو «هێشتاکە خەڵکی، بەشێوەیەکی بەهێزتر لە رابردوو، هەوڵدەدەن بەهۆی زاراوەی تەعبیری سیفەتی گەلە کۆیی، کە هەرگیزتیایان دانەبووە، بەباڵای ئەو دەستە نووسەرانەدا ببڕن، ئەوانەی ناویان لەو بڵاوکراوانە هات، کە لە ماوەی نێوان ١٩١٠ و ١٩٢٥ بە دەرکەوتن».

بە کورتی واچاکترە بۆ ئێمە تەعبیریی بە زنجیرەیەک تەقینەوە لە قەڵەمبدەین، نەک بزووتنەوەیەکی بەرنامەرێژ[1] (بۆل فلیتچر) دەڵێ «ونبوونی شێوازی هۆشیارانە و ئاشکرای ئامانج و ئەرکەکان و شپرزەیی لە گوزارشتکردن لە هونەری نوێ، هەموو ئەمانە گەواهیدەری پێویستیە ناوەکییەکەین»[2].

-٢-

لە ژێر تیشکی ئەو (بەرچاوخستنە) و وێڕای فرە پێناسە تیۆرییەکان، کە لە ساڵانی خرۆشانی (١٩١٠-١٩١٩) وە دەرکەوتن واباشترە بە وریاییەوە لەو دیاردە ئاڵۆزەی پێی دەڵێن «تەعبیری» بڕوانین، زاراوەکە حەشاماتێک خەڵک دەگرێتەوە، ئەوانەی لە بواری جیاجیادا کاردەکەن: شیعر و دراما و نیگارکێشان و سینەما و هونەری تەلارسازیی، ئەو

زاراوەیەش ناچێتە ژێرکێفی یەک پێناسەی ساڵکراو، لەمەش زێتر نووسینە هەرە زووەکانی تیۆری لە بارەی دیاردەکە یا ئەوەتا بەلای زێدەڕۆیی لە زمکردن، یا زێدڕۆیی لە پیاهەڵدان لایان دەکردەوە. پیاهەڵدانە جگە لە هەندێ نموونەی دیاریکراو وەکو «لە شیعری نوێدا» (١٩١٥)ی کرت پنشس یا «لە ئەدەبی نوێدا» (١٩١٥)ی ئوتوفلیک[٣] و نووسینە شیکەرەوە هاوسەنگەکانیش تەنیا دوای ئەوەی حەماسەتی تەقێنراو، کە هاوشانی هەڵهاتنی دیاردەکەبوو، ساردبۆوە، ئەو کات بەدەرکەوت و سەریهەڵدا، لەو نووسینگەلە هاوسەنگانەش دوو وانەی بەشۆرەت وەبیر دەخەینەوە، کە (کاسیمیر ئید شمد) وتیەوە یەکەم بە ناونیشانی «لە تەعبیریی ئەدەبی»دا (١٩١٧) و دوومیشیان بە ناونیشانی «نەوەی نوێ لە نووسەرانی ئەڵمانی» (١٩١٨)، هەروەها ئەو وتارەی هەمان نووسەر لە ساڵی ١٩١٩ نووسی بە ناوی «حاڵەتی نووسینەوەی شیعری ئەڵمانی»[٤] ئەو گوتارەی یەکەمین پیشانگەی تەعبیریی لە (دارمستاد) لە دەی حوزەیرانی ١٩٢٠ پێکردەوە.[٥] وێڕای ئەوەی تەعبیرییە بەراییەکان دوو دڵ بوون لە گرنگی هونەرە باشە نوێیەکەیان.

وەلێ بە تەواوی بە ئامانجە تێشکێنەرەکەیان دەزانی. لەو پێشەکییەکەی (رودولف کرتز) بۆ ژمارەی یەکەمی کۆواری ناوبەناوی «دیرشتورم» (ئادار ١٩١٠)ی نووسی، بەراشکاوانە وتویەتی کۆوارەکە بۆ دارمانی کۆمەڵگەکە هات «دەمانەوێ زیرەکانە هزرکردنە جیدی و شکۆدارییەکەیان لە بارەی جیهان تێکبشکێنین، چونکە ئێمە جدیەتیان بە تەوەزەلیەکی وجودی لە قەڵەمدەدەین ئەو سڕبوونی دوواکەوتووانە».

ئەو رقهەڵگرتنە توندەی تەعبیرییەکان لە کۆمەڵگەی بورجوازی لەو باوەڕەیاندا سەرچاوەی گرتووە، کە دامەزراوە و پیشەسازییە سەرمایەدارییەکان سروشتی مرۆییان دەشێواند لە رێگەی خستنەکاری ئەقڵ و ئیرادە لە خزمەت بەرهەمهێنانی ماددی و بەمەش رۆح و هەست و نەست و ئەندێشەی فەرامۆشکرد، تەعبیرییەکان دەڵێن گوایە کۆمەڵگەی هاوچەرخ، وێڕای پێشکەوتنی رووالەتیانەی تەکنەلۆجیایی، کەچی ئاژاوەیەکی - پشێوی- زێدەتری رۆحی شاردۆتەوە، (بۆل فیتجر) دەڵێ:[٦].

بەرەتبوونی کات، رۆح (Geist)، کە لە سەرەتایی سەدەی نۆزدەهەم گەیشتە ترۆپکی ئازادی، ناچاربوو ئەرکێک ئەنجامدا بدا و ئەو ئەرکەش لە خۆیدا ئامانجێک نەبوو، بەڵام مانادار بوو مادامەکینێ لە خزمەتی ژیانی کردەنی و لە خزمەتی کێشە زانستیە



تەکنەلۆجیاییەکان وابوو. هەروەها لە خزمەتی دەوڵەتی بورجوازی، تەرخان و خرابووەکار. جا لێرەوە جەختکردنە سەر کێشە دەرەکییەکان و فەرامۆشکردنی کێشە ناوخۆییەکان، هاتە ئارا، گەر لەو گۆشەیەوە روانیمانە بارودۆخەکە ئەوە جەنگ ئەنجامی لۆجیکیانەی ئەو ئاراستەیە: رۆحی پراکتیزە کراو، دوای ئەوەی لە شوێنە سروشتییەکەی خۆی هەڵتەرێندرا بە کارگەلی تەکنەلۆجی و ماددی بەسترایەوە رەقبوو، چونکە ئیدی بیروباوەڕی مردووی دەوڵەتی رێکدەخست و بەریشی هەڵدا بۆ ئەوەی ئازادی تێکشکاندنی خودی خۆی و تێکشکاندنی سیستەمی تەکنەلۆجی هەبێت، لە رێگەی ئامرازەکانی کاولکردن و خاپوورکردنی ماددی، ئینجا تێکشکاندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە قۆناخی دووەم-شۆڕش.

بەم رێگەیە یا ئەویدیکە توانستێکی زێدەتر هەبوو بۆ یاریکردن بە جیهانی دەرەکی لەسەر حیسابی جیهانی ناوخۆ، دەبوایە سیستەمی کۆمەڵایەتی باو نرخەکەی بدات، ئەو نرخەش «مەشینیزێشن- بە ماشێنکردنی رۆح spint the of Mechanization» بوو[٧]. گۆڕینی مرۆ بۆ «فەرمان و پەیوەندی» شلوشێواو[٨] (رۆح) ئەو رەهەندە گەوهەرییەی هەر دوو جیهانی دەرەکی و ناوەکی، ناچاری ونبوون کرا، لەبەر ئەوە یەکیەتی لە نێوان ئەو دوو جیهانە تێکشکا پلە بە پلە هەرچۆنێک بێت توانستی بە کارخستنی «رۆح» ونبوو، زمان مایەوە ئەو چەمکانەی پێدەدا، کە تەنیا یارمەتی دەرن بۆ مامڵەکردن لەگەڵ دیاردە ئابوورییەکان، کاتێکیش خەڵکی گەیشتنە ئەو قۆناخە تێکڕای جموجۆڵەکانی دیکە لە ئەڵمانیا لەبەرچاو ونبوون بە تەنیا جموجمۆڵی ئابووری نەبێت)[٩] (کرت هلر) گوتی رۆحی مرۆیی لە توانایدانەبوو گوزارشت لە خۆی بکات لە کارگەی رۆژانەی ژیان و پێچخواردووی نێو جهانێکی داخراوی ئەو تۆ بوو، رەهەندەکانی بە بەردەوامی لە کورتی دەدا بەهۆی چالاکی دامەزراوە سوودمەندەماددیەکان، کە دەستی لە بینا قاقای بە شەر توند کردبوو، لێرەوە ململانەی نێوان رۆڵەکان و باوانیان هاتە ئارا، کە لە شانۆگەرییە تەعبیرییەکان گوزارشتیان لێدەکرا، باوکە کە دەسەڵاتی ستەمکاری سەرکوتکاری دەنواندن، کە دەبوایە رۆڵەکە تێکی بشکێنی گەرهاتوو بە خودی خۆی زانی (جۆرج هیم) لە سەرگوزەشتەکەیدا (٣ کانوونی یەکەم ١٩١١) برگەیەکی نووسیوە ئەو هەستونەستە پوخت دەکاتەوە، «دەمتوانی ببم بە یەکێک لە شاعیرە هەرە مەزنەکان، گەر باوکێکی ئاوا بەرازم نەبوایە.

گەر تەعبیرییەکان جیهانگەلی بێزراوی کۆمەڵگەی پیشەسازییان ڕەتکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی هەرچی لەو کۆمەڵگەیە بەرهەمدێت پروپووچی و بەتاڵییە، ئەوە هونەر و ئەدەبی ئینتیباعیشیان ڕەتکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی «ڕووکار»ێکی دەرەکی جوانی بێگیانیان پێشکەشکردووە و نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەیان شاردۆتەوە. بە پێچەوانەوە ئەمە هونەرمەندی تەعبیریی دەبینین مەیلی ئەوەی هەیە خۆی بە ئادەمیزادێکی خەو بین و توانادار بۆ پێشبینیکردن، دابنێ، بە گوێی ئەو ئادەمیزادەدا درا، تاوەکو واقیعی باوبتەقێنێتەوە و ئەو توێکڵەی دەورەی دەروونی خەڵکی داوە، گەمارۆیبدات لە پێناوی دەربڕینێکی ئازاد لە وزە پەنهانەکانی ناخ و دەروونی، جا چونکە هونەرمەندی خەوبینی تەعبیریی ناتوانێ جیهانی باو «نزم و وەسپکردنی و لێکچوونەکانی» بنوێنێ، ئەوە لای لە ڕووتکردنەوەی شتە ڕۆژانەییەکان و داماڵینیان کردەوە لە چوارچوڤە سروشتییەکەی و ئینجا هونەرمەندی تەعبیریی، هەروەکو -دەوامییەکان- ڕێزگرتن بۆ بابەت نییە، بەڵکە بۆ توانای خولقێنەری هونەرمەندە، بۆ توانای خۆخستنە - بابەت» لێرەوە «درامای من Drama-Lch» هات، شانۆگەرییەکە لە دەوری یەک کەسایەتی سەرەکی (کوڕ، سواڵکەر، لاو) هەناسە بڕکێیەتی بە دوای گوزارشتکرنێکی هەمەگیر بۆ لە خۆی و بە دوای ئازادبوون لە نێوندە سەرکوتکارەکە، هەروەها لێرەوە ئەو باوەڕە بە «شۆڕش وەک کردارێکی ڕۆحی» هات، بەپێی گوزارشتلێکردنی (لوڤەر سکریر)، کە زێتر دەڵێ: هونەرمەند ویستی بۆ بنچینەکانی هونەر بگەڕێتەوە «بۆ زرنگانەوەی ناخ، هەروەک کاندنسکی ناوی دەنێ، بۆ تەقاندنەوەی وزە داهێنەرەکەی ئادەمیزاد...».(١٠)

بە هەمان ڕێگە زمانیش، کە چیتر لە توانایدانییە بیروسۆز بوروژێنێ بەهۆی بەکارخستنی لە خزمەت مەرامە سوودمەند و کردەییەکان، ئیدی لە خۆیدا کورتی دێنێ لە ئەنجامدانی ئەرک و کارە «تەعبیرییە»کان، ئەو وشانەی بە ڕێگەی باو بەکارهاتوون چیدیکە لە توانایاندا نییە ئاماژەی -دالله- بن بۆ کێشە ڕۆحییەکان، لەبەر ئەوەی زرینگانەوەی لە دەستدانەوە و بۆتە یەکڕەهەندیی، لەو کاتەی شاعیرە درەنگوەختە ڕۆمانتیکییەکان سەرقاڵی پاراستنی هەرەمی باوی زمانەوانی هەڵنراو لەسەر ناو (noun) بوون و جیهان وەکو کۆمەڵە وێنەیەک لە هزریاندا چەسپاو، پێشکەشیان دەکرد، لەو کاتەدا تەعبیرییەکان هەوڵیاندەدا خۆیان خۆیان لەو مەزندەکارییە باوە دەربازبکەن بەوەی ئەو وشانە بڕێکی ناسراون ئەقڵ دەتوانێ پێکەوەیان بنێ، بیگۆڕێ بە ڕووکارێکی



قەشەنگ ڕاگیراو لەسەر وێکچوون. تەعبیرییەکان ئاوا سەیری وشەکانیان کردووە، کە کۆگەی بارکراون بە وزە و چاوەڕێی نووسەری خەوبین دەکەن بیتەقێننەوە.

لێرەوە پەلامارەکەیان تەنیا لەسەر پەیوەندییە باوە ڕێزمانییەکانی سەرچاوە گرتبوو بەو ئەندازەیەی لە توانایان دادەبێ دووبارە وشەکان بە وزەی ڕۆحی، بارگاوی بکەنەوە بێجگە لەمە هەرەمی زمانیان تووڕهەڵدا، بەڵام هەڵوێستیان لە بەشەکانی ئاخاوتن، هەمان هەڵوێستە لە پەیوەندییە باوەڕ ڕێزمانەییەکان، ویستیان بەشەکانی ئاخاوتن -ئاخاوتن- پێگە وزەیفییەکان ئاڵووێرپێبکەن بە مەبەستی ئازادکردنی وزە ناوەکییەکانی زمان، بەڵام ئاوەڵناو (adjective)، کە ئامرازی سەرەکی وەسپە دەبوایە وەزیفەکەی بگۆڕێ: لە بری ئەوەی ئەو ئینتیباعە وەسپ بکات، کە جیهانی دەرەکی بە جێی دێڵێ، دەبوایە ڕەهەندی خوازەی ناوەوە و شاراوەی ڕوئیای شاعیر، بخاتەوە، دەبوایە ناوەکان وەکو بڕە ئاماژەی واتادار. بەکارنەهێنرابان، بەڵکە وەک کۆمەڵە بارگەیەکی شاراوەتێیدا. ئاشکرایە نووسینە تەعبیرییەکان سەرکێشیان دەکرد لە گۆڕینی کێشە نزم، نەوییەکان بۆ کێشە ڕەوانبێژییەکان، وەلێ ئەو نووسینانە هەر کاتێ دەستبەرداری دوا نوختە دەببوون ئەوە ئاکامەکەمان شیعر و درامای زیندوو و تازەی سەر سڕهێنەرانەن دەبوون. (ئەیدشمد) هەوڵیدا ناوەڕۆکی ئەو تازەگەرییە لە دەستەواژەی کورت و بەواتا بناسێنێ:(١١)

بەم جۆرە گشت ڤالایی بوو بە خەونێکی هونەرمەندی تەعبیری، ئەو نابینێ، بەڵکە خەیاڵکارە، وێنە ناکێشێ، بەڵکە دەدۆزێتەوە، کۆتایی ناکا، بەڵکە دادەڕێژێ، وەرناگرێ، بەڵکە دەپشکنێ، چیدیکە ئەو زنجیرە ڕاستیانە (وەکو: کارگەکان، ماڵەکان، نەخۆشی، داوێنپیسی، ئاشوب و برسیەتی) بوونیان نییە، ئێستا بە تەنیا خەیاڵی ئەو شتانە هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا چەمکە تەعبیرییەکان لە بارەی ڕزگاربوون و هونەر، کە خەسڵەتە ڕوحییەکانیان بۆ گەڕایەوە، ئەو چەمکانە چەمکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرانین، وەکو لە یەکەم چرکە ساتدا دێتە بەرچاو، ئایا بە تەواوی «ڕۆح» یا «دەروون»، کە دەبوایە دووبارە دۆزرابایەوە و ڕزگارکرایە، چ مانایەکی دەگەیاند؟ ئایا مەبەستی ڕۆح یا وزە بووە؟ کێشەکانی ئەو دیوی ئەقڵ یا کێشە ئەقڵییەکان؟ ئەو غموزە شتێکی تازە نەبوو و تەنهاش بە باڵای تەعبیرییەکان دانەبڕابوو.

(نیچە) قسەیکرد، کە یەکێ بوو لە سەلەفییە سەرەکییەکانی تەعبیرییەکان، لە بارەی (دیونیسسیس)(*) و بەوە وەسپیکرد، کە لە لایەک وزەیەکی نائەخلاقی و ئاژاوەگێڕە لە

لایەکی دیکەشەوە وزەیەکی خود ڕێکخەرە، بە هەمان ڕێگەش و لە کاتێکی زۆر دوور نا (هربرت مارکوس) ئیرۆس[*]ی ئاوا ناساندووە: «هیچ بەهایەکی نییە و بە خێر و شەڕ و ئەخلاق نازانێ» لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دەبێ و پێشنیار دەکات کە (ئیرۆس تواناداره لەسەر «زەباکردنی دەروون»[(١٢)] (ئەرفن لوفنسون) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یانەی «دینیو»، بە دیهێنانی ئارەزووە خودییەکانی بە جۆرێک لە «پتەوکردنی هێزی زیندوویەتی» لە قەڵەمدا، لە کاتێکا (کرت هلر) کە لەگەڵ (ئەرفن لوفنسون) دامەزرێنەری ئەویانەیە بوون، بە ئایدیالیست، وەسپیکرد، ئەو مەزەندەکردنەی دوایی جۆرێک لە جێگیری هۆشیارانە و زەبتکردنی دەروونی بە خۆگرتووە و هێزی زیندەگیی بە خۆوە ناگرێ.

وێڕای ئەوەی ناڕوونی غموز چارەنەکراوە، وەلێ هەر بە پرسێکی یەکلاکەرەوەی ئاشکرا مایەوە، ئەو ناڕوونی، گەر زیدەڕۆیی تیاکرا، هەنگاو دەنێ بەرەو جۆرەها ئینتمای سیاسی یا ئاینی، هەروەها بەرەو نەهلیزم و عەدەمیەت پوچگەرایی، بۆ تەفروتوناکردنی خود.

ئەو بیرۆکەیە لەبارەی هونەر، وەکو خەونێکی تەعبیری، هەروەک (هیرۆت ڤالدن) درکیپێکرد، شتێکی تازەنەبوو، سیفەتی جیا و دیاری تەعبیری بریتیبوو لە خستنەکاری هێماکان بەمەبەستی فۆرمالیزەکردنی خەون، وێڕای لایەنە ڕۆمانتیکی تازە (romantic–Neo) کە ڕەنگە لە تەعبیری بەدی بکرێن هەروەک حاڵەتی جیهانی ناسک و خەو بینی (ئیلس لاسکر شولر)، وەلێ نوێکارە راستەقینە تەعبیرییەکان وێنەی (ستادلر) و (کایسر) و هونەرمەندانی سەر بە فێرگەی تەلار سازیی (باهاوس)، ویستیان دووبارە زمانی وشک و توند و تۆڵ دابڕێژنەوە، هەروەها ریتمەکان و ئەو کەرستانەی شارستانێتی هاوچەرخی پیشەسازی هێناوەیەتیە ئارا. بەمجۆرە «هەستونەستی مرۆییان لە لای داوێنپیسان و کێشە روحیەکانیشیان لە کارگەکان[(١٣)] بەدیکرد. ئێستاکە دەتوانین پێناسەیەکی کاتیی تەعبیری بکەین: هەوڵدانێکی خولّقاندنی جیهانێکی خەونبینی رزگاربوو لە زمان و شێواز و بەهاکانی کۆمەڵگەی بورجوازی، جیهانێک گوزارشت لە ناخی مرۆیی کەسایەتی دەکات و هێما داتاشراوەکان لە جیهانی نوێی پیشەسازی دەقۆزێتەوە، ئەو، هەروەک (کرت بنش)[(١٤)] گوزارشتی لێکرد، رزگارکردنی واقیعە لە کۆت و پێوەندەکانی و رزگارکردنی خۆیمانە لە واقیع.

ئێمە ناتوانین بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی لە واقیع رەتبدەین یا لێی رابکەین، بەڵکە لە ڕێگەی بەزاندنی و زاڵبوون بەسەری بە هۆی پەلهاوێشتن و نەرمێتی و حەز و ئارەزووی



ڕوونکردنەوەی بیروڕاکان و پشت بەستن بەو هەستونەستە تەقیو و چڕانە.. بە مانایەکی دیکە، لە ڕێگەی ئەو ئیرادەیەی لە ئەدەبی هاوچەرخی شیعر، سەرچاوەی گرتووە.

**-٣-**

پرسی پەیوەندی نێوان هونەری شۆڕشگێڕی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی، پێناسەی تەعبیری بە ئەستەمتردەکات، وێڕای ئەوەی زۆربەی تەعبیرییەکان هەستیان بەوەکرد ئەو گرفتە جیدی و یەکلاکەرەوەیە، وەلێ تەنیا کەمێکیان بەشێوازی چارەکردنەکە رازیبوون، وا پێدەچێ ئێمە بتوانین سێ هزرکردن لە پەیوەندی هونەر بە سیاسەتەوە لە ماوە شاوەی تاکو کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانی، جیابکەینەوە. یەکەمیان: بۆچوونێکی چاکسازییانە لە (فرانز فیمفرت) هەبوو نووسەری خولیاگەریی مرۆیی ئاژاوەگێڕی، هەر لەو دەستەیەدا هزرڤانانی سەر بە «رێبازی ئەکتیڤی -ئەکتڤیزم- (Activism) هەن[*] ئەوانەی لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٤لە دەوری (کرت هلر) گردببوونەوە، خودانی ئەو تیۆرەوای دەبینن، هونەر بە هۆی کرۆکە کۆمەڵایەتییەکەی و نموونەگەلە مرۆییەکەی، بە سیاسەت گرێدراوە، ئینجا بەشداریدەکات لە «چاکسازیی جیهان» و یاریدەدەری «بونیاتنانی شانشینی خودایە»، سەیر نییە بیانبینین هەمیشە فریودراوی تۆباویەتی ناوێزەب، هەروەها سەیریش نییە بیان بینینەوە گریمانەی ئەوە بخەنە روو بایەخی کاری هونەری لە پەیامە هۆشیارییەکەیدایە.

دووەم: لەوێدا تیۆری «خولیای جەربەزەیی تێکشکێنەرانە» هەبوو لەو وتارەی (لدفک روبنر) بە ناونیشانی «شاعیر دەستی لە سیاسەت هەیە»[(١٥)] نووسی، خۆی بخولّقێنێ و گشت دامەزراو و خەیاڵە باوەکان لە ڕێگەی خولّقاندنی وێنەگەلی ئەو تۆ تێکبشکێنی، وزە دەروونی و ڕۆحییەکانی جیهان تێکبشکێنی، ئەو سنووردارییەی ئەو ئاراستەیەش لە ئانوساتی بەرپابوونی جەنگ روونبۆوە، کاتێ گرفتەکە ئاوا کەوتەوە، چۆن دەکرێ وزە تەعبیرییەکان لە وێرانی دوور بخرێتەوە و ئاراستە بکرێن بەرەو داهێنان و خولّقاندن.

سێیەم: لەوێدا بۆچوونێک هەبوو لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٤ (هیرت ڤالدن) پەرەی پێدا، ئەو تیۆرەش لە پێدانی ڕۆڵێکی ئیجابی بە هونەر لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەت، سەرکەوتنی بە دەستهێنا، ئەو تیۆرە خۆی لە بیرورای چاکسازە ساویلکەکان و خولیای

ئیبلیسانە لە لای رقهەڵگرتووان بە دوور گرت.

وێڕای ئادەتی چاوکردنە (ڤالدن) وەکو تەعبیرێکی سیاسی بەبێ رکابەر، وەلێ بیروباوەڕە سیاسییەکانی لەو گریمانەیەی هاتووە، ئامانجی هونەر گونجاندنی وزەکانە، نەک برەودان بە بیروباوەڕەکان، ئەوەی رەتکردەوە هونەر هیچ ئەرک یا ناوەڕۆکێکی سیاسی هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا رازی بوو لەسەر ئەوەی هونەر کارتێکردنی سیاسی هەبێ، لە وتارەکەی بە ناونیشانی «تێگەیشتنی هونەر» جەختدەکاتە سەر ئەوەی کاریگەری هونەری خەوبین لە رماندنی ئەو دیوارانە دایە خەڵکی خۆیان بە دەوری خۆیانیان داناوە هەروەها وروژاندنی «هەستونەست و هاندەرەکان»ی مرۆڤایەتی تیایاندا. بەمجۆرە دەبوایە هونەر شۆڕشێکی دەروونی لای تاکەکەسەکان بنێتەوە و خۆی لەخۆ تێهەڵقورتاندن لەو شیمانە ئایدیالیبیە شۆڕشگێڕانەییە بە دوور بگرتایە، کە ئایندەیەکی نادیاری لێدەکەوێتەوە.

ئەو هەڵایسانە کۆمەڵایەتییەی ئەڵمانییە لە ساڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ بە خۆوەی بینی، بەو مەبەستەبوو ئەو تیۆرانە لەمەحەک بدا. خەڵکی ئەوەیان دۆزیەوە هەر هەموو تیۆرەکان، تیۆری گەلی قایلکەر -برواهێنەر- نین، دوای ئەوەی بە پێوەری واقیع و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەمەحەکیاندا، دەرەنجامیش چەندین کەس لەو تەعبیرییانە لە ساڵی ١٩١٩، رووە و چەپڕەوی خودان بیروباوەری تیۆرییانە، چوون، دوای ئەوەی هەستیان یابەنەشیانی تیۆری میانڕۆکانیان یاخود بەرزگاربوونیان لەوەهمی سۆسیالیزمی چینی ناوەڕاست کرد، کە لە «کۆماری ڤایمار»(*) باڵی کێشابو و ئەوانیدیکەش بەلای ئەوەدا کەوتنەوە بیروباوەڕە بێزراوە سیاسیەکان بگرنەخۆ. دەستەیەکی دیکە لە تووڕدانی سەرمایەداریی پیشەسازی بۆ بێزاندنی دووا کەوتوانەی گشت جۆرەکانی پیشەسازی و تەکنەلۆجیا و زانست، ملیاننا بە ناوی گەڕانەوە بۆ ئەو رێکخستنانەی بەر لە شۆڕشی پیشەسازی هەبوون و بەدەربڕینێکی دیکە بوون بە نازییە بەراییەکان (Nazi-Porto) ئەو خاڵانەی جیاوازی لە کێشە بنچینەییەکان واتە دیمەنی تەعبیری لێونلێوبوو لە پەیوەندییە کز و لاوازەکان و دژایەتیکردنە توندەکانی کەسایەتی (فریدرک شلز-میرز) قسەی لەسەریانەی «دیرنوی» هەیە و دەڵێ[١٦].

بەدەگمەن ئەو رقوقینە پەنهانەی ئاوا بە توندی هزرڤانان کاریان تێدەکردم، لە چاو ئەو کاتەی لە ئەلقەی بەهرەداریی بەرلین بووم، ئەمە بە مسۆگەریی وایە، هەستمدەکرد ماوە ماوە وەکو بڵێی لە خێڵێکی دڕندەدا شێبوومەتەوە.



(ئەلفرد ریچارد میر) وەسپێکی زێدە بەرجەستەییانەی، تەعبیرییە بەرلینییەکان دەکات[١٧]:

«ئەمڕۆ، هەر چەندێکی خەیاڵت کرد، ناتوانی ئەو جۆشوخرۆشییەمان مەزندەبکەی کاتێک شەوانە لە (کۆفێی دیس ویستنز) دادەنیشتین و لە چاوەڕێی هەردوو رۆژنامەی (شتۆرم) و (ئەکشن) بادەمان دەنۆشی، بیرمان لەو چەشەی خۆشیەنەدەکردەوە، کە بەرچاو کەوتنی ناوەکمان لە رۆژنامەکە، دەینێتەوە، بەڵکەوامان چاوەڕواندەکرد ئەگەری پەلاماری دانمان لە لایەن رۆژنامەکەوە، پەلاماردانێکی توندوتیژ و ئازاردەرانە بێ بە دژایەتیەک گەمارۆدرابووین بڕوا ناکرێت... ئایا بەرەی تازە کراونەتەوە؟ ئایا هەڵگەڕاوەیەکی دیکە هێرش دەکا؟ کام بەرە هەرەشەی کەرتخوازی لێدەکرێ؟ ئایا هاوەڵان جوێ دەبنەوە؟ کێ سەرکەتووبوو؟ کێ ژێرکەوتووبوو؟ ....».

زۆرێک (لە نووسەران) لەو کەشە هزرییە کرژە و هەستیارەدا، سوودمەندبوون، بۆ نموونە، کاتێ (هایمن) چووە ریزی یانەی «دیرنیو» لە بەهاری ساڵی ١٩١٠ ئەمە کاریگەری زۆری کردە سەر گەیینیی شێوازە شیعرییەکەی وێڕای ئەو کەشە پڕ لە دژایەتییە، وەلێ ئەو دژایەتییە دەرەنجامی کارلێکدیکردنی تاکە بەهرەدارەکان بوو، ئەوانەی، هەروەکو حاڵەتی (جۆرج تراکل) لە کارەساتی دارمانی جیهانەکانیدا دەگوزەران. بەمجۆرە ناچارکرابوون شناسنامە تازەکانیان بدۆزنەوە، لەبەد بەختیدا ئەو جیددیەتەی راز و نیازیانی دەورەدابوو دابەزییە نێو هەڵدێری خۆ بەزلزانیی.

تەعبیرییەکان رووبەڕووی جیهانێکی، بە تەواوەتی لە واتا خاڵییە بوونەوە، لەبەر ئەوە هەوڵیاندا ئەو بۆشاییە بە لە خۆبایبوون و خۆپەرستی پڕبکەنەوە، کاتێکیش ئەو هەوڵانە بۆ گۆڕینی جیهان شکستیان خوارد، کەوتنە ژێر رکێفی شێتایەتی نائومێدیەکی کوشندە یا خۆیان بۆ رژێمێکی ستەمکاری دیکتاتۆری هەرزان فرۆش کرد.

-٤-

بەرلین، لەو دە ساڵەی تەعبیریی بەتەواوی وەکو مەڵبەندێکی سەرەکی مایەوە، بە حەز و ویستەوە نووسەران بۆی هاتن و لەوێشەوە بزووتنەوەی تەعبیری دەرچوو تا شارەکانی دیکەش بگرێتەوە. لەو دیمەنە ئاڵۆزەی بەرلیندا دەتوانین دوو خاڵی جەسەرگری سەرەکی جیابکەینەوە! رۆژنامەی «دیراکشن» و رۆژنامەی «دیرشتورم» لێکۆڵینەوە لەو دوو

رۆژنامەیە و ئەو دامەزراوە پەیوەندیدارانەی یارمەتیمان دەدەن لە زانینی کەسایەتی بزووتنەوەکە. لە بەهاری ساڵی ١٩٠٩ دەستەیەک قوتابی، ئەوەی بە «کۆمەڵەی ئەکادیمی ئازاد» دەناسرا، جێیان هێشت و بەسەرۆکایەتی (کرت هلر) یانەیەکیان بە ناوی «دیرنیو» دامەرزاند، ئەو یانەیە چەندین ئەندامی دیار و بەرچاوی لە خۆگرتبوو وەکو (ئەرفن لوفنسون) و (ئەرک ئەنکر) و (سایمون کتمان) و (دیڤید باومکارت) و (ئەرمن فارزمان) و (فۆتز کوفکا) و (ئەرنست بلاس) و (چاکوب ڤان هودز) و (رۆبەرت حینتزش)، لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩١٠ (جۆرج هیم)یش هاتە ریزی یانەکە.

بەئامادەبوونی چەند سەد قوتابییەک یەکەم دانیشتنی ئاشکرا لە هەشتی تشرینی دووەمی ١٩٠٩ گرێدرا، لەو دانیشتنەدا (لوفنسون) و (هلر) هێرشیان کردە سەر دوواکەوتوویی سەردەم، ئینجا ئەو پیاوانەی سەر بە هەمان کانگە بوون بانگێشهێشتیان کردن بۆ هاتنە ریزیان لە پێناو دۆزینەوەی شێوازی تازە لە هەستونەست و ئاراستەکانی هونەر، ئەندامانی یانەکەش دوای ئەمە ئێوارەی چوارشەممان لە ژووری سەرەوەی گازینۆی (نولند ورف) کۆدەبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی بابەتە ئەدەبییەکان، سەرەتا وتوویژی تیۆرەکانی جوانناسی «وایلدیزم»(*) یان کرد، دواتر گفتوگۆیان لەسەر کێشەکانی نوێکاری کەسێتی و دووبارە دارژتنەوەی بونیاتی کۆمەڵایەتی بوو، لەم سونگەیەوە لە ماوەی نێوان یەکی حوزەیرانی ١٩١٠ و سێی نیسانی ١٩١٢، هەشت دانیشتنی بە ئاشکرای نیمچە فەرمییان لە قاوەخانە و مەیخانەکان گرێدا، ئەو دانیشتنانە بە «دانیشتنەکانی یانە نیو باثەتیکییەکان» ناونراون. (لوفنسون) پەیڤی (نیو باثوس Neopathos)ی ئاوا دارژت، ویستی مانای «ئارەزووی بووژانەوەی شۆڕشگێڕی نوێ» بدات، ئەندامانی یانە سووربوون لەسەر ئەوەی ئەوان ئەو دانیشتنانەیان بۆ ئەوە گرێنەداوە، تا گوێبگرن لەو «گۆرانیە نەگریسانەی بە پیانۆوە دەوترێن» بەڵکە بۆ ئەوە بووە تێدا شیعر و ئەو پەخشانانە بخوێنرێنەوە، کە لە بنەڕەتدا تەرخانکراون بۆ بە دیارخستنی ئەو بۆشاییەی، لە ژیانی شار و هێڵی ویرانەیی و دەردەسەرییە هەڵایساوەکانی زێدەتر بوو لە دانشتنێکدا ناکۆکی لە نێوان (فان هودس) و (هلر) لەسەر مانای «Geist» (رۆح، دەروون) هاتە ئاراوە وەکو دیاربوو، ئینجا بوو بە ململانەکی ئاشکرا، ئەوە بووە هۆی ئەوەی (هلر) و ئەوانیدیکە (یانەکەیان) لە شوباتی ١٩١١ بە جێبێڵن، یانەیەکی دیکەی ئەدەبی تایبەت بە خۆیان بە ناوی (داس کنو) دابمەزرێنن، لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩١٢ یانەکە بە تەواوەتی نە



ماوەهەڵوەشایەوە، ئەو کەشە هزری و جوانییەی (یانەکە) هێنایە ئاراوە، ئەو بیروباوەڕە چەپڕەوە سیاسیانە و مرۆییانەی. رۆژنامەی «دیر دیموکرات» بڵاوی دەکردنەوە، کاریگەرێتیەکی گەورەی هەبوو لە دەرکەوتنی کۆواری (ئەکشن) لە ٢٠ شوباتی ١٩١٧، کە رۆژنامەی سەرەکی تەعبیرییەکان بوو. ئەو کۆوارە هەرچی تازەبوایە لە هونەرو سیاسەتی رادیکالیانەی بێلایەن بڵاویدەکردنەوە و هەوڵی جووتبوونیانی دەدا و بەمەش پێداویستی ئەو لاوانەی بەردەوام لە زیاد بووندابوون، دادەپۆشی.

لە بەراییدا، چالاکییەکانی دەرەکی رۆژنامەی (ئەکشن) تەنیا ئێوارە کۆڕ و موحازەرات بوو، کۆوارەکە پەیوەندی هەبوو بە یانە ئەدەبییە نافەرمییەکان، بەڵام بەرەتبوونی کاتدا ئیدی چالاکییەکانی فرە جۆربوون، (فمفرت) لە تشرینی یەکەمی ١٩١٦ دا ژمارەکانی یەکەمی لەو زنجیرە کتێبەی دەرچواند ناوی نا «چاپەمەنییەکانی ئەکشن» بەمەش شوێنی خانەکانی دیکەی بڵاوکرنەوەی تەعبیری هەڵگرت وەکو خانەی «ئەلفرد ریچارد میر فیرلاک» کە زنجیرەیەک کتێبی چاپکرد بە ناوی «مانیفێستەکانی شیعری گۆرانی» (١٩٠٧-١٩٢٣)، چاپەمەنییەکانی (ئەکشن) بەپێی رای (فمفرت) هەمیشە بەنرخن، بە شۆرەتترین کتێبیش لەو خانەیە دەرچوو بژاردەکانی لە شیعری جەنگ بوو بە ناونیشانی (١٩١٤-١٩١٦): «کتێبخانەی سیاسی لاکش» هەر لە ساڵی ١٩١٧هشەوە و بەدواوە خانەکە زنجیرەیەک نامیلکەی بە ناونیشانی «کەڵەبابی سوور» دەرکرد، کە تایبەت بوو بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی باڵی چەپڕەوی سیاسی، بە تایبەتی دوای شۆڕشی ١٩١٨ لە یەکێ تشرینی دووەمی ١٩١٧ (فمفرت) خانەی کتێبی لە (کایسرالی) کردەوە، ئەو خانەیە پیشانگەی هونەری شێوەکاری سازدەدا و ئەو کتێبانەی لێدە فرۆشرا کە لە گۆڤاری (ئەکشن)ەوە دەردەچوون، لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨ ئەو خانەیە بە ئێجگاری داخرا، لە ساڵی ١٩١٥ خاوەنانی کۆواری (ئەکشن) پارتێکیان بە سەرۆکایەتی (فمفرت) دانا و ناویاننا «پارتی سۆسیالیستە نیشتمانییەکان Anti-Nationalezozialisten parte» لە سەروبەری شەڕدا ئەو پارتە بەنهێنی کاریدەکرد، وەلێ بەیاننامەیەکی سیاسی لە کۆواری (ئەکشن) لە تشرینی دووەمی ١٩١٨ بڵاوکردەوە و (ئەلبەرت ئەهر نشتاین) و (کارت ئوتن) و (کارل زکمایر) واژۆیان کرد، دوای راپەڕینەکانی ساڵی ١٩١٩ ئیدی ناوی ئەو پارتە بەر گوێی کەس نەدەکەوت، دوور نییە دوای دەربازبوونی چەپ سروشتیانە تەواو بووبێت، ئەو دەربازبوونەی دوابەدوای کوشتنی

(کارل لیبکنخت) و (رۆزا لۆکسمبورگ) لە کانوونی دووەمی ١٩١٩ و سەرکوتکردنی سپارتاکییەکان لە ئاداری ١٩١٩، هات.

(هیروت ڤالدن)، کە رۆژنامەی (دیرشتورم)ی دەردەکرد، پیاوێک بوو رۆشنبیرییەکی فرەوانی هەبوو، بە پێچەوانەی (فمفرت) جوانیخوازبوو و گەلەکی لە بارەی جیهانی مۆسیقا و ئەدەب و هونەرە بینراوەکان دەزانی، ئەو رۆژنامەیە لە ساڵی ١٩١٠ بەدیارکەوت کاری سەرەکیشی هونەری شێوەکاری بوو، وەلێ لە پاشاندا، بە تایبەتی کاتێ (ڤالدن) شیعرەکانی (ئوکست سترام)ی دۆزییەوە بایەخی تایبەتی بەبڵاوکردنەوەی ئەدەب و تیۆرە ئەدەبییەکان دەدا، لە ئەنجامی ئەمە و لەو کاتەی (نیو باڤاتیکییەکان) و ئەکتڤیستەکان (activists) پەیوەندبوون بە گۆڤاری ئەکشن، کوبیکیزمییەکان و ئایندەخوازان و رۆمانتیکییە تازەکان و توێژەکانی دیکە، کە بایەخیان بەکارگەلی رامیاری نەدەدا، هەروەها هەموو ئەو توێژانەی گرنگیان دەدا زێتر بە تیۆرە شەکلانییەکان لەوەی گرنگیبدەن بە «ناوەڕۆک» ئەوەیان دۆزییەوە ئەمانە، کە گۆڤاری ئەکشن و دەزگا پەیوەنددارەکانی زێدە لە باروشیاوترن بۆ ئەوان، لە سەرەتای ساڵی ١٩١٢ گۆڤاری (شتورم) لە (بەرلین هالنسی) بۆ (بوتسدام شتراسە) گوێزایەوە، لە کۆتایی ئەو ساڵەشدا (ڤالدن) خانوویەکی شپرێوی بە کرێگرت لە (تیرکارتن شتراسە) بۆوەی دوو پێشانگەی بۆ هونەری شێوەکاری لە هەردوو مانگی ئادار و نیسانی ساڵی ١٩١٢ لێ سازبکات، هەر پێشانگەیەکیش «پێشانگەی شتورم» یان پێدەوت، پێشانگەی یەکەم لە کۆی ئەوانەی نمایشیکرد تابلۆکانی (ئۆسکار کوکوشا)ی نیگارکێش بوو. لە پێشانگەی دووەمیشی ئەو تابلۆیانە پیشاندران، کە هونەرمەندانی ئایندەخوازی ئیتالیایی کێشابوویان. هەردوو پێشانگە سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا: لە رۆژی دەستپێکی پیشانگەی ئایندەخوازی ناکۆکی لە نێوان بینەران و میوانانی –شەرەف– بیانی روویدا و لە ئاکامدا پۆلیس کەوتە نێوانیان، لەگەڵ ئەوەشدا پێشانگەکە رۆژانە بە هەزاران کەس سەردانیاندەکرد، هونەری نوێش تەنگی بە رۆژنامە بورجوازییەکانی هەڵچنی، بەڵام نیگارکێشانی پێشەنگ لە خۆشیا خەریکبوو باڵبگرن، چونکە لە دووماهیدا ئەو پیاوەیان بینییەوە، ئامادەیە کارەکانیان نمایش بکات و تەنانەت کۆمەکی دارایشیان بکات «پێشانگەکانی شتورم» چەندین ساڵ بەرێکوپێکی سازدەدرا، کە لە دەی رەتدا، کاروبەرهەمی گەلەک نیگارکێشی هاوچەرخی تێدا پیشان درا لە کاتێکا ئەو



هونەرمەندانە هەرگیز هونەرمەندی ناسراویان نەبوون، لە حوزەیرانی ١٩١٣ (ڤالدن) تەواوی پرۆژە –ناو بەناوە کەوخانەی بڵاوکردنەوەکەی ژووری پیشاندان و جێنشینە تایبەتیەکەی و «فێرگەی هونەری شتورم»ی گواستەوە بۆ جێگە هەمیشەییەکەی لە (روستدا میرشتراسە)، لەو شوێنەدا و لەیەکی ئەیلولی ١٩١٦دا (ڤالدن) ئێوارەی هەر چوارشەممەیەک لە هەفتەدا دیداری ئەو تۆی سازدەدا بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی شیعرەکانی (ئوگست سترام) و پەرەپێدانیان، لە ساڵی ١٩١٧دا (خانەی کتێبی شتورم)ی زیادکرد لە ساڵی ١٩١٨ ، دوو شانۆی ئەبسراکت–ی لە بەرلین و هامبۆرگ بەسەرپەرشتی (لۆتەر ستریبیر) دانا، دەزگای (شتورم) هەمەگیرتر و مژدەهێن تر بوو لە کۆواری (ئەکشن) لە ساڵانی بەر لە جەنگ و دوایی، ئەو دەزگایە چەندین پێشانگەی گەڕۆکی لەسەرتانسەری جیهان سازدا، لە ئاداری ١٩١٤دا لکەنووسینگەیەکی لە پاریس بۆ دامەزراند، لە زستانی هەر دوو ساڵی ١٩١٦ و ١٩١٧دا «ئێوارانی شتورم» لە درسدن و فرانکفورت وجینا و هامبرگ و هانوفەر و لاریبرگ، سازدەدران، وێڕای قەوارەی ئەو دەزگایە و خۆزگەکانی، وەلێ بە پێی پێویست کۆمەکی دارایی نەدەکرا، تەنیا ئەوەی لە لای هاوسەری (ڤالدن)ەوە بۆی دەهات، کە تاکە پارەپێدەری بوو، ئەو خانەیە، بە هۆی نائومێدی کۆمۆنیستانەی (ڤالدن)، لە چالاکی وەستا، لە ساڵی ١٩٣٢ (ڤالدن) چووە رووسیا و لەوێش بە تەواوەتی، بە هۆی گەورە بزووتنەوەکانی پاکسازیی، لەبەرچاوان ونبوو.

بارودۆخی دەزگاکانی تەعبیری لە شارەکانی دیکەی ئەڵمانی جگە لە هەندێ ئاکاری خۆماڵی بە تەواوەتی هاوشێوەی بارودۆخی بەرلینە، مەبەستیشمان لە دەزگاکانی تەعبیری، قاوەخانە و بڵاوکراوەی ناو بەناو و رۆژنامە رۆژانەییەکان و ئێوارەکۆڕ و نامیلکەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر شارێک توانی کەسایەتیی تەعبیریی تایبەت بە خۆی پەرەپێبدا، میونیخ بۆ نموونە، مەڵبەندێکی زێدە رزگار بوو و جیهانی بوو لە بەرلین و کلتوورە بۆ هیمیە هونەرییەکەی، هونەرمەندانی شێوەکاریی لە ئەسکەندەناڤیا و وڵاتانی دیکەی سلاڤیایی، بۆ خۆ راکێشکرد، لە لایپزگ، دەستەیەک بڵاوکەرەوە هەبوون هەرە دیارەکەیان (ئەرنست روفولت) بوو، لە ساڵی ١٩٠٨ چاپخانەیەکی لە یەک ژووردا دامەزراند، کۆبوونەوە رۆژانەییەکەیشی لە ژووری دواوەی چێشخانەی «ولیام» گرێدەدا، (کرت بنش) خوێندەی سەرۆک بوو، لە کۆتاییەکانی تشرینی دووەمی ١٩١٢ (فرانز

ویرفل) بوو بە خوێندەی یاریدەدەری (کرت بنش) شانۆ نووس (ولتەر هانسنکلیفەر) و (کرت دۆلف) پەیوەستبوون بەو دەستەیە «دۆلف» کۆمەکی ماددی «روفولت»ی دەکرد، وەلێ لە شوباتی ١٩١٣ بوو بە تاکە جڵەوگری خانەکە دوای ئەوەی ناوی (روفولت فیرلاک)ی گۆڕی بۆ (کرت دولف ویرفل) ئەو دەستەیە کاروبەرهەمی زۆریان چاپکرد وەکو بەشی یەکەمی دیوانی (فرنز ویرفل) بە ناونیشانی «دۆستی هەموو خەڵک» لە کانوونی یەکەمی ١٩١٢، هەروەها بەشی یەکەمی دیوانی (جۆرج تراکل) لە مایسی ١٩١٣دا دەستەی (لایبزگ) بەرپرسیارێتی دەرچوواندنی «لاپەڕە سپییەکان»ی ناو بەناوی لە ئەستۆبوو لە سویسرا لە نێوان ١٩١٦-١٩١٨، ئەو ناو بەناوە، بڵندگۆ و سەکۆی ئازادی بۆ نووسەرانی ئەڵمان رەخساندبوو تاوەکو گوزارشت لە راوبۆچوونە سیاسییە هێمنە رادیکالییەکانیان بکەن، بەڵام تەعبیرییەکانی (پراگ) دەستەیەکی قسەکەیان زمانی ئەڵمانیا لە نێوەندی ژینگەیەکی شارستانی سلاڤیایی، پێکەوەنا و ئەو گرووپەش ئەو پیاوانەی بەخۆگرتبوو وەکو (ماکس برود) و (فرانز کافکا) و (بول کورنفیلد) ئەوانەی، کە زێدە گۆشەگیرترن لە ئەڵمانیە هاوسەردەمەکانیان، لەبەر ئەوەی لەوێدا پانتاییەکی دیاریکراو هەبوو لە ئەندامانی دیکەی بزووتنەوەکەی جیادەکردنەوە.

-٥-

شاری (زیورخ)، بەشێوەیەک کە کەس مەزندەی نەکرد، سەلماندی مەڵبەندی هەرێمایەتی هەرەگرنگی بزووتنەوەی تەعبیرییە، کە بە دەیان ساڵ باڵی کێشا، چەندین تەعبیری روویان تێکرد، ئەوانەی لە دەست سانسۆر و بەناچاری بوونە سەرباز و کەمیی کەرەستە، رایان کردبوو، هەروەها ئەو شارە کانگەی راستەقینەی دادایییەکان بوو، وێڕای کارکردنی ژمارەیەک لەو دادایییە زیوریخانە لە کۆوارە تەعبیرییەکان لە ئەڵمانیا، وەکو (هیوکوبل) و (ریچارد هیولسنبیک) و (هانز ئەرب) و رۆمانییەکان وەکو (مارسیل جانکۆ) و (ترستان تزارا)، وەلێ بزووتنەوەی دادایی ئەڵمانی، پلەی خود هۆشیاریی پێکابوو و ئەو هۆشیارییەش پەرپەچدانەوەی بزووتنەوەی تەعبیریی تۆباوی سیاسی بوو، کە لە زیورخ رووبەڕوویان بوویەوە و لە بنەڕەتدا خۆی لە ئەلبرت ئەهرنشتاین و لیونهارد فرانک و لافک روبنەر و رینییەشکل و فرانز فیرفل، دەبینینەوە، لەو کاتەی تەعبیری و دادایییەکان لە رەتکردنەوەی ئەو شارستانێتیەی کە «گڕهاوێژ و رژێنەکیان -رەشاش-



بەرهەمدێنا» یەکیانگرت، ئیدی دادایییەکان پلە بە پلە بڕوایان هێنابەوەی بزووتنەوەی تەعبیریی، نەخاسمە لە ماوەی نێوەڕاستی جەنگ، لە شتێکی زیندەیی بێبەشە، لە ساڵی ١٩١٦ دادایییەکان تارادەیەک هەستیانکرد بەوەی ئەو بیروباوەڕە سیاسییە ئیستاتیکیانە و خەونە تۆباوییەکان و بیرورا پەتی-ەکان، پڕ بە پێستی خۆی نییە، کە لایەنی ئەدەب بزووتنەوەی تەعبیریی جیاکردەوە تا ئەو رادەیەی بە بە دەنگەوەهاتنێکی کۆنە پارێزانەیان دەهەمبەر واقیعی سەدەی بیستەم، لە قەڵەمدا.

لە ئەنجام ئێمە دەتوانین هەست بەو رەخنە توندڕۆییەی نێو بزوتنەوەی دادایییەکان بکەین لە سالانی جەنگ بەرامبەر بە بزووتنەوەی تەعبیری، لەو کاتەی تەعبیرییەکان هەوڵیاندا زمانێکی «تەعبیریی» هەڵبهێننجن، واقیع بخەنە ژێر رکێفی ئەو زمانە، دادایییەکان لە رێگەی زمانەکەیان، کە هیچ گرنگییەکی بە رێزمان یا ئاماژەیان نەدا، گوزارشتیان کرد لە نەتوانینی دام و دەزگا مرۆییەکان بۆ لە ئامێزگرتنی واقیعێکی بێبار و حەربایی، لەو کاتەی چەندەها جار تەعبیرییەکان خۆیان بە سەرووتر لە سەدەی بیستەم دادەنا، چۆن لە پەیوەستیان پێی مسۆگەر نەبوو، لە هەمانکاتدا سەیری دواوەیاندەکرد، رابردووی ئایدیالی یان سەیری پێشەوەیان دەکرد، بۆ ئایندەیەکی تۆباوی، دادایییەکان ژیانی پروپووچی سەدەی بیستەمیان رەتکردەوە، گەرچیش ئینتمایان بۆ ئەو سەدەیە رووالەتیانەبوو و لەو کاتەی تەعبیرییەکان هەمیشە لە کولە مەرگی دابوون لە رووی سیاسی و ئیستاتیکی بە هۆی ئارەزوویان لەوەی ببن بەسەرکردەی «نێوەندە ئازادبووەکان» و بە هۆی حەزوئارەزوویان لە دووپاتکردنەوەی بەهای «من-ئیگۆ» وەک چەقی گەردوون. دادایییەکان درکیان بە سنووردارێتی توانای ئەو «من»ە، لەبەردەم رێڕەوی واقیعدا، دەکرد، لەو کاتەیدا تەعبیرییەکان هیوابڕاوبوون دوای ئەوەی بینیان زەینکردنیان بۆ جیهان زەینکردنێکی روئیایانەیە، دادایییەکان بە ئینتیمایان بۆ ئەو گەردوونە و وێناکردنی ئەو جیهانە وێناکردنێکی هونەری خوڵقێنەرانە، خۆشبەخت بوون، لەو کاتەیش تەعبیرییەکان دەکۆشان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی، کە لەبەردەمیاندا بینیان، بە هۆی وزە و گوڕی خودییە تەعبیرییەکان، دادایییەکان هەوڵیاندا ئەو چالاکییانەی لەو بۆشاییەدا هەبوون بەرجەستەبکەن و روونیشیان کردەوە ئەو «بەرجەستەکردنیانە» لە خۆیدا وێنەگەلی جیهانی ناوەکین و وتیشیان گوایە ئەو شتانەی خاڵی دێنەبەرچاو لە هەر ناوەڕۆکێک، ئەوە لە هەقیقەتیدا فرە ناوەڕۆکی بەخۆوەگرتووە، گەریش تەعبیریی واتە قسەکردنێکی

هەمیشەیی بەوەی هەموو شتێ پڕ بە پێستی خۆیەتی و پشتڕاستێ بە رزگارکردنی وزە –زیندانیکراوەکان–، ئەوە دادایی جەختدەکاتە سەر ئەوەی سەرەتایەکی نوێ روویدا و ژیانی داهێنەرانە لە رێگەی تازە هەنگاو دەنێ، ئەمە گەر هاتوو لەوێدا خەڵک متمانەی هەبێ بە سوڵتانی ژیان.

رەخنەی دادایی لە بزووتنەوەی تەعبیریی دوای کاتێکی زۆر، ئینجا بەرجەستەبوو، دادایی سویسری دوای گەڕانەوە (ریچارد هیولسنبک) بۆ بەرلین لە کانوونی دووەمی ١٩١٧، بوو بە بزووتنەوەیەکی ئیستاتیکی کۆنەپارێز تا ئەو رادەیەی (هیولسنبک) ناوی نا «گەلەریی هەڵپاچینی هونەرەجوانەکان» ئەو سەرنجەش پاساوی خۆی هەبوو، ئەمەش لەو بڕگەیەدا بەدیدەکەی، کە لە بەیاننامەی بزووتنەوەی دادایی بە ناونیشانی «بەیاننامەی هونەرمەندە رادیکالییەکان» وەرگیراوە، کە لە چواری مایسی ١٩١٩ بلاوکراوەتەوە:[١٨]

ئێمەی هونەرمەندان، دەمانەوێت لە نێو چوارچێوەی دەوڵەت و نێو ژیانی بین و بەشداربیکەین لە هەموو بەرپرسیارەتیەکانی، ئێمە جەختدەکەینە سەر ئەوەی یاساکانی هونەر بەشێوەیەکی گشتی دارێژراون... ئێمە بەرپەرچی نارژێم، دەدەینەوە...

لە شوباتی ١٩١٨دا دادابیە بەرلینییەکان «یانەی دادایی» یان دامەزراند، کە تیایەدا رەخنەی رووە و بزووتنەوەی تەعبیریی گەیشتە ترۆپک و لەسەروبەندی ئەو بارگرژییەی شارەکەی گرتەوە، کە دیەنی برسیەتی و مردن و رووتی بەرچاودەکەوتن، دادایی گرنگی دەدا بەو بیروباوەڕە سیاسییانە دژ بە رژێم بوون دادابییەکانیش پلەبەپلە سەرنجیاندەدا، نووسینە تۆباوییە تەعبیرییەکان ئارەزوویـیەکی رەگداکوتاویان ئەو کات لە هاوسۆزیی بارودۆخەکە، شاردبۆوە، جالێرە (هیولسنبک) هێرشیکردە سەر بزووتنەوەی تەعبیری لە سونگەی ئەوەی ئەدەبێکی فەرمی بەرهەمدێنی راوبۆچوونی پارتە بۆرجوازیی «سۆسیالیست»ە دیارەکان، رەنگپێدەداتەوە، هەروەها ئەو لە وێنەگرتنی سامی سەنگەرەکان و لە وێنەگرتنی واقیعی تەژی لە بونیاتنانی کۆمەڵایەتی رادیکالی[١٩] خۆدەدزیتەوە.

لە ئەڵمانیادا بزووتنەوەی تەعبیریی بە بەردەوامی و شەفافیەتەوە پەرەی سەند و بوو بەشێوازێکی نەگۆڕ لە هونەردا، لەبەر ئەوە مەیلی هەبوو بۆ دۆزینەوەی ناوەڕۆکی شتەکان و تامەزرۆیی وێناکردنی کێشە رۆحییەکان، کە لەکات، رائیبیەکانی قوتی سەرچاوەی گرتبوو و دووپاتکردنەوەی لەسەر کێشە مرۆییەکان، هەموو ئەمانە ئاوا راڤەکران، کە کاردانەوەیەکی



مرۆیین رووە و ئەو کوشتارگە تۆقێنەرانەی لە سەنگەرەکان ئەنجام دەدرا، خەڵکی خۆیان رزگارکرد بە هۆی ئەو هونەرەی هیدایەتداران بەڵێنی ئەو لەزەتە چرووپرەیان پێدا، کە دەکرێ لە رێگەی تەجرید و دوورکەوتنەوە لەو شتانەی باسکران، بەردەست بکەون.

دەکرێ لە راستیەکی سادەوە دیققەی ئەو شیکردنەوەیە تێراوبکەین، دوای ئەوەی سەربازانی (نوسک) راپەڕینەکانی سپارتاکییەکانیان لە ناوبرد و (کارل لیبکخنت) و (رۆزا لۆکسمبورگ) یان کوشت، یەکسەر ئێوارەکۆڕێکی فەرمی لە (بەرلین بلوثرنسال) سازدرا و تێیدا (بول زیخ) و (جوهانز بیچر) و (دۆلتەر سنکلڤر) و (فرانز ویرفل) هەڵبەستێکی تەعبیریی «شۆڕشگێڕی» یان خوێندەوە، شایەنی باسە (کرت ئەرک مویرر) لەو گردبوونەوەیەدا وتی: «چەند بەئومێدین دەوڵەت وەکو فەرمانبەرێک سەیری هونەرمەند بکات، بانگکراوە تا ئاستی هزری و سۆزداری خەڵکی بەرزبکاتەوە و چەند ئومێدەوارین لەسەر ئەو بنەمایەش پاداشت بکرێ»[٢٠] لێرەوە دادابیە بەرلینیەکان هەڵوێستێکی چەپڕەوانەی رادیکالیان وەرگرت، وەلێ هەڵوێستێکی کۆمۆنیستی سۆزداریی –Gefuhis kommunism– نەبوو، کەچی هەڵوێستی دادابییە چەپڕەوەکان جیاوازبوو لەو هەڵوێستە چەپڕەوانەییەی تەعبیرییەکان لە دواییێ ساڵەکانی جەنگ، وەریانگرت، چونکە بانگەشەی دادابییەکان بۆ شۆڕش هاوکات بوو لەگەڵ بڕوانەبوونیان بە توانستی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی یەکجارەکی شتەکان، لەو کاتەی، کە تەعبیرییەکان نیشانیاندا ئارەزوویان لەیەک شۆڕشی تاهەتایە، ئەوە دادابییەکان ئارەزوومەندی شۆڕشێکی هەمیشەیی و بەردەوام بوون لە یەک شوێندا.

گەر بزووتنەوەی دادایی داندەنێ بە پێویستی شۆڕش و لە هەمانکاتدا داندەنێ بە مەحاڵبوونی بە دیهێنانی، کەواتە مێژووی دوا ساڵەکانی بزووتنەوەی ئەدەبی تەعبیریی بریتییە لە مێژووی ئەو پیاوانەی بە هیوای بەدیهێنانی گشت شتەکان بوون، وەلێ خۆیان بینیەوە ناتوانین لەو واقیعە لێڵە بگوزەرێن، کە ناکرێ لە رێگەی ئامانجە تۆباوییەکانیان درکی پێبکارێ، لە ساڵی ١٩١٧دا (دوای چوار ساڵ سڕبوون) ژیان گەڕایەوە نێو دەمارەکانی درامای تەعبیری بۆ رەنگپێدانەوەی ئاواتی نێوەندی ئازادبووە شۆڕشگێڕییەکان لەوە دەستهێنانی جۆرێک لە هەستونەستە تازە مرۆییەکان، ئەمەشە لە شانۆگەرییەکانی وەکو «کوڕی هەرەبچووک»ی (فرتزفون ئونرو) و شانۆگەری «وەرچەرخان»ی (ئەرنست تولەر) و شانۆگەری «لاشەڕەکان–المسالمون»ی (لدفک روبنر)،

وەلێ لە ساڵی ١٩٢٠ شانۆگەری دیکە نووسران ئەو هەموو ئاواتە تۆباوییانەیان تێکشکاند وەکو «لۆزەندەر»ی (تولەر) و «گۆڕەپان»ی (فرتزفون ئونرو) و شانۆگەری «گاز»ی (جۆرج کایسر) (دووبەشە). ئەو گرووپە نووسەرە بڕوایان هێنا، هەروەکو تەعبیرییەکان، ئەوانەی دوای جەنگ هەر زیندوون، بڕوایانهێنا، بەوەی ڕژێمێکی دانا، لێزان، تازە لە ئاورگەی جەنگ سەرهەڵدەدا و ئەو ڕژێمەش وزە تەعبیرییەکانیان بەرهەڵدەدا، وەلێ ئەوان کاتێ زانییان جەنگ چشتێکی ئاوای بۆ بەدینەهێناون لەوانەی لە نووسینەکانیان خەونیان پێوەدەبینی، بەوەیان زانی، کە بێئومێدییان زۆر زۆرە، هەندێکیان کۆچیانکرد و لە تاڵاوگە ژییان، هەندێکی دی خۆیانکوشت، چەندیشیان هەر زوو مردن، بەڵام ئەوانیدیکە بوون بە کاسۆلیکی سۆفیگەر، یا پەیوەستبوون بە پارتە ستەمکارە سیاسییەکان، بە پێچەوانەی ئەمەوە دادایییەکان دەبینین بەو وەهمانە خۆیان هەڵنەخەڵەتاند، لەبەرئەوەی هەروەکو تەعبیرییەکان هیوا بڕاو نەبوون، دادایییەکان درکیان بەوە کرد، کە دیاردە شێواوەکان، ئەوانەی تەعبیرییەکانی بەر لە شەڕ دڕندانە پەلاماریان دان، هەر باون و نەگۆڕاون، گەرچی ڕژێمی نیمچە دەرەبەگایەتی بە جۆرێک لە جۆرەکان شەڕ کاریتێکرد، ئەوان ئامادەبوون ملبدەنە ململانەیەکی دوورودرێژ، بێسوود دەگەڵ ئەو شارستانێیتیی پەلوپۆی ئادەمیزادی کردووە، بەمجۆرە لەو کاتەی دادایییەکان وەکو دەستەیەک بەکۆتاهاتن تاکە خەمی گاڵتەجاری و تەشەرە بەرەوشتی گشی، بوو، ئەوە تەعبیرییەکان وەکو گرووپێکی بێهیوا بەکۆتاهاتن تاهەتایە بە هۆی سەرنەکەوتنیان لە بە شۆڕشگێڕکردنی دۆخیان بە یەکجاری، گەر کارەکە لای تەعبیرییەکانی دوای شەڕ تێکەڵوپێکەڵ بووە، بە هۆی بێتواناییان لە دیاریکردنی ئەوەی داخوا (دکتۆر کالیکاری) دیکتاتۆرێک بوو دووچاری دەردی خۆ بەزلزانی ببوو یا پزیشکێکی دەروونناسی بە بەزەیی یا داخوا خودی خۆیان بە هێزن ئەو پزیشکە ژیانی بەبەردا کردوون یا ئەوان قوربانیانی بوون یا بە سادەیی ئەوان نەخۆش بوون و چارەسەریکردن تابن بە خەڵکانێک ساغ لەگەڵ ڕەوشی گشتی ڕێبکەن، ئەوە دادایییە ئەلمانەکان، بەلای کەمی، زانیان ئەوان میوانی نەخۆشخانەی (کالیکاریی) بۆ نەخۆشییەکانی ئەقلی بوون، هەروەها زانییان خەونە ڕەسەنەکانی تەعبیرییەکان لە داتەپینی ڕژێمی سەرکوتکار، تەنیا بە گۆڕینی نەک بە شۆڕش، دێتەدی. واپێدەچێ تەعبیریی بە هۆی بڕوای چەوتی بە توانستی گۆڕینی جیهان لە ڕێگەی ناچارکردنی بۆ ڕێکردنی لەگەڵ کۆمەڵە نموونەیەک، کە پێشتر



مەزندەکرابوون، دارمابێت.

بە پێچەوانەی ئەمە وادیارە دادایی رایدەگەیەنن هەنگاوی یەکەمی گۆڕان لە پەسەندکردنی شتەکان پێکدێ وەکو خۆیان، بە پڕوپووچیانەوە، هەنگاوی دووەم لە هاندان پێکدێ، بۆ دۆزینەوەی بارێک ڕەنگە بگۆڕدرێ بە هۆی ئەو گوڕوتینە دینامیکیەی لە هەناویدایە، هەنگاوی سێیەمیش بە خۆیان پێدەکەنن، چونکە، لە حاڵەتی واقیعیدا، چ شتێک ببڕای ببڕ، هەرگیز نەگۆڕاوە.

## و- دادایزم و سوریالیزم

### ڕۆبەرت شۆرت

بزووتنەوە نوێخوازەکانی لەو ماوەیەی بەر لە جەنگ (یەکەمی جیهانی) هەوڵیاندا دووبارە ڕێساکانی هونەر بە جۆرێک بخولقێننەوە، کە بۆ ئەزموونە تازەکان شیاو و لە باربێت، بە تەواوەتی بیرۆکەی ئەوەی ڕەتکردەوە گوایە واقیع بارێکی نەگۆڕە و ناگۆڕێت، هەروەها بیرۆکەی هەبوونی ئادەمیزادی ئەقلانی هۆشیاری ڕەتکردەوە، دادایی و سوریالی دوورتر لەمە بۆیچوون، وایانبینی کارگەل زۆر گۆڕاون بەشێوەیەک پێویست بەوە دەکات پرسیاربکرێ لە واتای هونەر و مەبەستەکەی، ئەو بیرۆکەشیان ڕەتکردەوە کە دەیگوت، ئازادی داهێنان، پێویستە شێوەی فرە «مەزەب»ی جوانناسی، وەربگرێ، چون هیچ مەزەبێک لەو مەزەبانە، بە هیچ شتێ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جیاواز نەبوون، جگە لەو نوێکارییەی لە زمانی فۆرم هەبوو هەر دوو مەزەبی دادایی و سوریالی سوودیان لە داهێنانەکانی نەوەی پێشوو وەرگرت، بەم پێیە گەلەک لەو پێشکەوتنەی لە لایەنی شێوازێتی بەدیهات، قۆستیانەوە، جا لە ژێر تیشکی ئەو زانینە نوێیەی پەیوەست بە دەروونی مرۆڤ سروشتی گەردوون، کە ژینگەی خودی ئادەمیزادە، گفتوگۆی ئەوەیان کرد داخوا بەرهەمە هونەری یا ئەدەبییەکان ماقووڵ و بە سوودن و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە، پاساوی خۆیان هەیە.

بزووتنەوەی دادایی وایبینی واقیع سەر لێشواو و ناگرێدراوە تائەو ڕادەیەی ناکرێ بە میتۆدێکی ڕێکوپێک بخرێتە ڕوو یا پێشکەش بکرێت هەستەکانمان زانیاریی ڕوونیان

پێبەخشیووین، هەروەک چەمکە کلاسیکیە ئەقلانییەکان، سیفەتی روونیان هەیە ناتوانن دڵنەوایی واقیعێکی بێبار بدەنەوە، گەرهاتوو وشەکان وەکو ئامرازی پێوەندیکردنی جەماوەر و بەردەوامی رژێم ناسکران، ئەو کات کەسایەتی راستەقینەی ژیانی پێکهاتوو لە زنجیرەیەکی پەیوەستی ئەزموونە هەنووکەییەکان، شێوێنراوە و ناپاکیان لەگەڵدا کراوە.

لێرەوە هەر دوو مەزەبی دادایی و سوریالی وایان لە قەڵەمدا، کە نووسین لە بارەی ئەزموون چ سوودێکی نییە: پێویستە خەمی نووسەر و شاعیر لە گرێدانی راستەوخۆی نێوان هەستونەستی و گەردوون سەرچاوەی گرتبێ، گرێدانێکی نەرێیانەی خۆ بەدەستەوە دەری بێ سنوور، لە بری ئەوەی سوریالیزم هونەرمەند بە دروستکەری شێوەکان دابنێ، بەئادەمیزادێکی توانادار لەسەر بەدەنگەوەهاتنی لەگەڵ رێکەوت و لەگەڵ هاندەرە ناوەکییە ناهۆشیارییەکان وێنایکرد، ئادەمیزادێک خۆشحاڵە بەهەرچی لە خۆوە -ئوتوماتیک- روودەدات، شاعیر دۆزەرەوە یا سەرکێشێکی رۆحییە، بەڵام وزە بەرهەمهێنەکەی بایەخێکی ناسەرەکی هەیە، هەروەک هونەری بە پێوەندێک لە پێوەندەکان دانا. بایەخی شیعری دەدرایە پاڵ شێوازێکی دیاریکراو لە ژیان و توانای بەرهەڵدانی ئارەزووەکان، پلەی پێشیش درایە زەروراتی ئەخلاقی نەک زەروراتی ئیستاتیکایی و دەیانویست هونەرمەندان و شاعیر بە مسداقیەت بن، لەبەر ئەوە نەک تەنیا بۆ هونەر بانگەشەیان کردن، بەڵکە بۆ بێدەنگی یا کرداریش.

رەنگە هۆکارە رۆشنبیرییەکان کارتێکەربووبن لەبەرهەمهێنانی ئەو جۆرە بزووتنەوانە، لەگەڵ ئەوەشدا کارتێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی بەرچاوو هەردیاربوو، ئەو جەنگە بۆ ئەوەهات نەوەی شاعیرانی لاو قایلبکات بەوەی شارستانێتی خۆرئاوا رووودا رمان و نەمان دەچێت و وڵاتی سەرکەوتووش بەدەست کارەساتە هزری و ئەخلاقییەکان بە جۆرێک ناڵاندوویەتی، کەمتر و توندترنییە لەو کارەساتانەی رژێم و چینە ئەرستۆکراتییەکانی وڵاتانی تێکشکاو، بەچاوی خۆیان بینیویانە.

جەنگ ئەو قەناعەتەی دووپاتکردەوە، بایەخدانەکانی خۆرئاوا بە پێشکەوتنی پیشەسازی و زێدەرۆیی لە هەڵسەنگاندنی ئەقڵ لەسەر حسێبی سۆز، ئەو بڕواهێنانە بوو بە هۆی خۆبەزلزانییەکی فەوتێنەر، ئەو هەستەی بە دەگمەن لای کوبیکزم و ئایندەخوازان لە ماوەی بەر لە جەنگ، بەدیدەکەین. تێکشکانی ئەفسانەی پێشکەوتن هانی دادایییەکانی ژیان بە بارێکی هەنوکەیی لەقەڵەمبدەن هیوا و خۆزگەی بەرهەمهێنانی کارە هەمیشەییە کلاسیکییەکانی نەوەکانی داهاتوو، شێردرابوونەوە، وەلێ دادایییەکان و سوریالییەکان،



هاوسەردەمانی خۆشیان، کە چاودێرانی هونەر بوون، پەسەندیاننەکردن، لێرەوە پرسیارە بە سۆیەکە هات «لەبەرچی دەنووسین؟» کە کۆواری «لتراتۆز»ی فەرەنسایی لە ساڵی ۱۹۱۹ خستیەڕوو و پرسیارێکی دیکەی زێدە دەمارگیری بە دوادەهات «بۆ کێ دەنووسین؟» ئەو شارستانێتیەی لە ئاست ئەو کارە نامرۆییانە چاوی داخست، شایستەی ئەوە نییە لە رووی هونەرییەوە تۆمار و وێنابکرێ. پروپاگندە رۆڵی خۆی هەبوو لە دابەزاندنی شانوشکۆی وشە تا ئەو رادەیەی جیاوازی نێوان وشە و هەقیقەت، جیاوازێکی زۆربوو، ئەمەش وای لە زمان کرد چ نرخێکی نەبێ، لەمەش زێتر جەنگ پووچیی هەڵبەستەیی چینی بۆرجوازی ئاشکراکرد، کە ویستی کێشە رۆشنبیرییەکان لە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان جیابکاتەوە، بۆرجوازییەکانیش ناوی هەندێ سەرکردەی رۆحانیان لە رابردوودا قۆستەوە، ئەوانەی «لە سەرووی ئاستی ململانەکان» دابوون تا بە هۆی ئەوانەوە جەختبکەنە سەر خولیا شۆڤینیستە جەنگییەکانیان، دادایی و سوریالییەکان بە تێکشکاندنی قوولەکانی قافا، خۆشحاڵ بوون، ئەو هەڵوێستە هەڵایساوەی ماوەی دوای شەڕ و سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفیک، کە لە خۆیدا دەسکەوتێک بوو پیاوانی بیر تێکڕا بە دییان هێنا، ئەمانە کاریگەریان هەبوو بۆ هەڵتۆقینی خەونە تۆباوییەکانی نەوەی لاوانی شۆڕشگێڕ، گەر چیش ئەو خەونانە خەڵەتێنەربوون و زۆریشیان نەخایاند، هونەرمەندی ئەزموونگەریی، لە هەمانکاتدا فشارێکی هونەری و زمانەوانی و ئەخلاقی لەسەر بوو یاریدەی دا تاکو خەیاڵ دەوڵەمەند و گەمارۆی جیهانێکی فراوان بدات، ئەمجۆرە هەلومەرجانە ئەوە راڤەدەکەن، بۆچی دادایی و سوریالی، کە هەردووکیان لە نێوان ۱۹۱۵ و ۱۹۲۰ لە هەرەتی پێکەوەنان بوون، دوو فێرگەی نوێی شیعر و هونەرنەبوون بەقەد ئەوەی دوو بزووتنەوەی رۆحی بوون و ئینتیما فەلسەفی و ئەخلاقییەکانی خۆیان هەبوو، هەروەک حاڵەتی سوریالی، سیاسی.

## -۲-

کێ دادایی داهێنا؟ کەی و لە کوێ دەستیپێکرد؟ شارەکانی نیویۆرک و بەرشلۆنە و زیورخ و بەرلین و هانوڤەر و کۆلۆن و پاریس مەڵبەندی پچرپچری دادایییەکان بوون لە ماوەی نێوان ۱۹۱۵-۱۹۲۳، دادایییە بەراییەکان کۆششێکی زۆریان کرد لە پێناوی شاردنەوەی ئاکارەکانی بناوانی بزووتنەوەکە وەکو بلێیی شاڵاوەکەیان لەسەر رێڕەوی

مێژووەوە بەردەوامی پێدەدا و چالاکییەکانی (مارسیل دچامب) و (فرانسز بیکاپیا) لە نیویۆرک لە ساڵی ١٩١٥ چالاکی گەلی پێشەنگن لەو بزووتنەوەیەدا، ئەو ئارەزووە هاوبەشەیان لە چاوبڕینە ناکۆکییە رووالەتیەکان (Paradoxes) رووخێنەرەکان و رێز نەگرتنیان لە هەموو بیروباوەڕە هاوردەکان ئەمانە لە رووی ناوەڕۆکەوە بە کێشەکانی دادایی دانران، هەروەها چاوبڕینیان لە کارەکانی (دچامب) «ئامادە–mades ready» (واتە هەرچی لە نیگارکێشاندا بەر دەستی دەکەوتێ) و رێگە نەشیاوەکەی لە داماڵینی ژیان لە کرۆکە رۆحییەکەی، ئەو «تێکەڵکردنە سیحریەی نێوان بیروباوەڕەکان و کەسایەتیەکان» هەروەک (رختەر) دەڵێ تەنیا لە زیورخ روویدا، کە بزووتنەوەکەی لێوە دەستپێکرد، ئەو شارە بێلایەنەی پەنان هەندەکانکردن کردیانە پەناگەی خۆیان، دوای ئەوەی لە پێکدادان و ململانە سەربازییەکانڕا هەلاتن، ئێمە بە شێوەیەکی بیڕنازانین کێ بوو لە پێشەنگەکان وشەی (دادا)ی دۆزییەوە، ئایا (ترستان تزارا) یا (هیوکوبول) یا (ریچارد هیولسنیک) بوو؟ ئێمە دژەیەکیەکی زۆر لە گێڕانەوەی پێشەنگەکان بە دیدەکەین لەوەی یەکەم کەس کێ بەکاریهێناوە، بۆ یەکەم جار ئەو وشەیە بە چاپکراوی لەو پێشەکییەی (هیوکوبول) لە ژمارەی یەکەمی گۆوارەکەی (کاباریێ ڤۆلتێر) نووسیوە، کە لە حوزەیرانی ١٩١٦ بەدەرکەوت، ئەو وشەیە بەرچاوکەوت، ئەو وشەیە لە چەندین زمانی جیاجیادا بەکارهات بەمەش مانای جیاجیا و فرەی دەدایەدەست، بە زمانی سلاڤیایی واتە «دووپاتی بە کەفوکۆڵ» بە فەرەنسایی «ئیستیغراق» بە زمانی منداڵانیش واتە «ئەسپەدارینە» بەمجۆرە یەکێک بوو لەو وشە گونجاوانەی تەنگەتاوکردن و تووڕەکردنی بۆرجوازییەکان، ئەو وشەیە لە خۆیدا «مانیفێستێک» بوو.

دادایی بە تەنیا بە کەسایەتیەک یا بۆچوونێک یا شێوازێکی دیاریکراو پەیوەست نەبوو، یەک بەرنامەی بەیەکەوە گرێدراوی لۆجیکیانەی، نەبوو، ئەو خاڵانەی بزووتنەوەکە تەرکیزی دەکردنە سەر لە گۆڕانێکی بەردەوام دابوون و ئەو گۆڕانەش لە ساڵانی شەڕ لە سویسرا روونتر بەرچاوکەوت، ئەو ناگونجانییەی کۆمەڵەی زیورخی پێوە ناسرایەوە لە لانەوازان و لایەنگرانی ناتوندوتیژی (Pacifists) و راکردووانی خزمەتی سەربازیی و شۆڕشگێڕان (لینین، رومان رولان، فیدیکایند و جیمس جۆیس) پەلیهاویشت تا ئەو دەستەیەشی گرتەوە، کە جموجۆڵی خۆش رابوێری –تەرفیهی–یان هەبوو، کە لە (کابارێیی ڤۆلتێر) سازدەدرا، ئەو شوێنەی بە گاڵتەوە ئاوا ناونرابوو، پێشانگەکانی



(کالیری دادا) لە (باهنو فستراسە) سازدەدران، تاکە خانمی هەقیقی سویسری لە نێوان داداییە بەراییەکان (سۆفی توبیر) بوو، کە شووی بە (هانز ئەرب)ی شاعیر و نیگارکێشی ئەلزاسی، کرد، (ترستان تزارا) و (مارسیل جانکۆ) رۆمانیایی بوون (ولتەر ستیرنەر) نەمساوی بوو و (مارسیل سلودکی) ئۆکرانی، بەڵام کەسایەتییە سەرەکییەکانی دیکە وەکو (هیوکوبول) و هاوسەرەکەی (ئیمی هننکز) و (ریچارد هولسنبک) و (هانز رختەر) ئەڵمانی بوون.

وێڕای ئەوەی گشت ئەو کەسایەتییانە بەشداربوون لە نەفرەتکردن لەو شەڕەی لە دەرەوەی سنوور لە ئارادابوو، وەلێ سیفەتە سەرەکییەکان، ئەوانەی ئێستاکە داداییەکانی پێدەناسرێنەوە تەبای زێدەڕۆییەتی لە هەستی تاکەکەسی و گومانی گشتیگیر و پەلاماردانی ئاینزاکان و دەزگا تەقلیدییەکان، تەنیا دوابەدوای خەباتێکی دوورو درێژ، ئینجا بەرجەستەبوون، چەسپاندنی ئاکارە سەرەکییەکانی دادایی نەخاسمە لە ساڵانی یەکەم و دووەمدا بۆ چاکە و رۆڵی (هیوکوبول) سۆفیگەری ساویلکەی بیروباوەڕ رێکوپێک، دەگەڕێتەوە، زێتر لەوەی بۆ (ترستان تزارا) ئەو مرۆڤە فێڵباز و نەهلیستیە، بگەڕێتەوە کەسایەتی (بول) قەفتەیەک ناکۆکی بوو، رۆژێ لە رۆژان کاسۆلیکییەکی خوێنگەرم بوو و ئاژاوەگێڕێکی باکونینی(*) و سۆفیگەر و بیزنسمان و ئایدیالیستێکی بە گومان، رۆژنامەکەی بە ناونیشانی «راکردن لە زەمەن derzeit aus Flucht Die» ئامانجی جیددی دووری بەخۆوە گرتبوو زۆر دوورتر لە هاندانی کرچ و کاڵ و ئاشوب و ناوێزەیەتی سەرەتایی و کارە ئەکرۆباتیکییەکە تەکعیبییەکان، کە لە شەوانە ئاهەنگی داداییەکان بەرێوەدەچوو.

تێکشکاندنی بتەکان یەکەمین هەنگاوی هۆشیارانە بوو، ئینجا دەستکرا بە هەند گرتنی هونەر «وەکو هۆیەکی واتادار بۆ ژیان» (هانزئەرب) دەڵێ: «ئێمە بە دوای هونەرێک دادەگەڕێین لەسەر بنەمایەکی جێگیر هەڵنراوە لە پێناوی چارەسەری شێتایەتی سەردەم، هەروەها لەسەر سیستەمێکی تازەی شتەکان هەڵنراوە لە توانایدایە هاوسەنگی بگەڕێنێتەوە نێوان بەهەشت و دۆزەخ» ئەو نەنگی و ریسواییە و کارە وێرانکەرانە رووەکەی دیکەی بایەخدانە قوولە ئەخلاقییەکانەن کە ئامانجی دووبارە گەڕاندنەوەی پاکژیی ونبووە: دەبوایە دادایی ساغێیتی بۆ ئەقڵ بگەڕێنێتەوە، نەک تەنیا پشکنینی ئاسەوارە تێکدەرانەکەی نەخۆش.

ئەو هەڵوێستەی دادایی نەخاسمە لە نێوەندەکانی نیگارکێشان وێنەی (رختەر) و (جانکو) و (دومان) و (ئەرب) و (ئەلبرتۆ جیاکۆمیی) باوبوو، ئەوانەی حەزوئارەزوویان لەو ئازادایە بێسنووره بوو، کە دادایی بۆی دەستەبەرکردن بەتایبەتی لە بواری ئەزمووندا. وێڕای ئەوەی دادایی «حاڵەتێکی هزری» بوو (ئەو کەسایەتییانە) گوزەرانديیان، وەلێ نکۆڵیکردنی (Negation) رەها، کە نووسەران لە رێگەی نارەزایی دەربڕینی وتەیی پیادەیانکرد، ساناتر بوو لەو نکۆڵێکردنەی فۆرمە بوونیاتنەرەکان، کە نیگارکێشان لە رێگەی هونەری شێوەکاریی، پیادەیانکرد، لە هاوینی ساڵی ١٩١٨ (هیوکوبول) لە زیورخەوە چووە (چینو) و (تزارا)ش لەگەڵ (فرانیس بیکابیا) یەکیگرت، کە تازە گەیشتبووە زیورخ، لەو ساڵەدا (تزارا) بوو بە جڵەوگری دادایی، هەروەها لە هاوینی هەمان ساڵدا نووسەر و نیگارکێشان خۆیان بینیەوە بە دوو ئاراستەی پێچەوانە رێدەکەن، لەو کاتەی کە نووسەران رووە و عەدەمیەت ملیاندەنا و دڵشادیش بوون بە پەلاماردانی پیرۆزییەکان و بە گومانکردنە هەرزەکارانەییەکانیان، ئەوە هونەرمەندانە لێبڕاوانە دەیانویست بێن بە «هێزێکی ئیجابی لە ژیاندا» لە نیسانی ١٩١٩دا و دوای دامەزراندنی «کۆمەڵەی هونەرمەندانی شۆڕشگێڕ» هونەرمەندان بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە لە چەندین بڕگەدا گەلەک خۆزگە و ویستی ئایدیالی نارویان و گێرەشێوێنی پڕوپووچ، بەرچاودەکەوتن، کە رۆحییەتێکی نزیک لە باڵی بزووتنەوەی تەعبیریی میانڕۆ بوو، کە ئەو کات بزووتنەوەیەکی دیموکراسی کۆمەڵایەتی بوو لەوەی دادایزمێکی ئاژاوەگێڕ بێت، لەو بەیاننامەیەدا بڕگەیەک هاتووە دەڵێ:

روحی هونەری تەجریدی خۆی لە فراوانکردنێکی زۆری هەستکردنی ئادەمیزاد بە رزگاربوون، دەبینێتەوە، ئێمە بڕوامان بە هونەرێکی برایانە هەیە: ئائەمەیە پەیامی تازەی هونەر لە گۆمەڵگەدا، هونەر روونی گەرەکە و دەبێ ببێتە (پێویستە هەوڵی) هۆی پێکەوەنانی ئادەمیزادێکی تازە.

دادایزم لە زیورخ، بە دەرکەوتنی ئەو دەقە و بە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی رەسەنیان دوای واژۆکردنی رێککەوتنەکانی ئاشتی، بە کۆتاهات. «میکرۆب»ی دادایزم لە رێگەی (ریچارد هیولسنبک) گوێزرایەوە بەرلین، ئەو شاعیرە دەنگییەی (poet Phonetic) ناسراو بە بەکارهێنانی ریتمە سەرەتاییە زنجییەکان «لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئەدەب لە نێو گشت خەڵکی» بەرگریی پایتەخی ئەلمانی، بە هۆی تێشکانی لە جەنگ و بە هۆی شەڕی



ئەهلی، وەرەی بەردا، لەبەر ئەوە بە خێرایی پەتای دادایزم گرتییەوە دوای ئەوەی (هیولسنبک) لە نیسانی ١٩١٨ مانیفێستە داداییەکەی بڵاوکردەوە، لە بەرلین «یانەی دادایی» دامەزرا، لەو یانە زۆر گەورەیە داحەشاماتی لێگردبۆوە، لە کۆی ئەو حەشاماتەش (راول هاوسیان) و (جۆرج کروز) و (جون هارتفیدد) بوون، ئەوانەی بە کۆششی هاوبەشیان تەکنیکی مۆنتاجی فۆتۆگرافیان (Photomontage) پەرەپێدا و کردیان بە ئامرازێکی کاریگەری تێکشکاندن، لەو کەسایەتیانەی دیکە، کە سەردانی ئەو یانەیان دەکرد، بڵاوکەرەوەی چەپڕەو (فیلاند هیدز فیلد) و (جونز بارد) بوون، دامەرزێنەری کۆمپانیای «کرایستی سنووردار»، کە بە بلیمەتییە سەر شێتایەتییەکەی ناوداربوو، لە وروژاندنی دزێوی، کە وایلێکرد پەلاماری سەرەک دەوڵەت بدات و کۆمەڵە بڵاوکراوەیەکیش، کە تیایا خۆی بەسەرەک دەوڵەت لە قەڵەمدابوو، دابەشکرد.

داداییە بەرلینییەکان شەڕێکی دڕاندانەیان دژی تەعبیرییەکان بەرپاکرد تاکو بیانگۆڕن بۆ چینێکی ناوەڕاستی کۆماریخواز و مەیلیان بۆ قێزکردن لە غەیبیاتی رۆحانی رۆمانتیکی بگۆڕن و داداییەکانی بەرلین بە کردەوە توندوتیژییە سیاسیەکانیان ناسرابوون شانبەشانی سپارتاکییەکان(**) و کۆمۆنیستەکان لە رووی سیاسییەوە دەجەنگان و کۆواری بچووکیان دەردەکرد بە ناونیشانی وەکو «هەر مرۆڤێک یاریی تۆپێنە -Teder Fassball eigener sein mann» و «بە راشکاویی خوێناوی Emst Bultige Der» و «مایەپووچی Pleite Die» و دەسەڵاتدارانیش ئەو کۆوارانەیان لە ئانوساتی دابەشکردن دەسبەسەردادەگرت بەو بیانووەی برەو بە داوێنپیسی و گەندەڵی دەدات، کۆمۆنیزم ئارەزووە ئیستفزازییەکانیانی دامرکاند، لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە (هیرز فیلد) هیچیان نەچوونە ریزی پارتی کۆمەنیست، بەڵام ئەوانیدیکە بایەخێکی زۆریان بە ئازادییەکەیاندا و لە پروپوچی هەنووکە وروبوونەوە زێتر لە رامانیان لە چاکسازییە ئایندە خوازییەکان. بە گشتی گومانیان لە هەر پرۆژەیەک دەکرد ئامانجی پەرەپێدانی ئادەمیزاد بێت. دوای ئەوەی داداییەکان زنجیرەیەک «موحازەراتی» سەرکەوتوویان لە هەرێمەکان و چیکۆسلۆڤاکیا، گوتەوە، دوای ئەوەی لە سازدانی «پیشانگەی جیهانی دادایی» لە حوزەیرانی ١٩٢٠ لە پایتەخت، لێبوونەوە، ئەوە بەمە دادایزم لە بەرلین لە دەست دەرچوو. لە ساڵی ١٩٢٢ بە هۆی ناکۆکی و ململانە دژوارەکانی نێوان خودی داداییەکان، کە تەرکیزی کردبووە سەر ئەوەی داخوا دەبێ خۆیان بۆ هونەر یا سیاسەت تەرخانبکەن، ئەوە

دادایزم بە کۆتاهات و لەو ماوەیەشدا دادایزم لە کۆلۆن دەپووکایەوە، وێڕای هەوڵەکانی (ماکس ئەرنست) و (جونز بارکلند) و (هانز ئەرب) بۆ بووژاندنەوەی لە ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٠، بەڵام ئەو دەستەیە ئامادەگییەکی دیار و بەرچاوی ئەو تۆیان هەبوو گەرچیش ئەو ئامادەییە زۆری نەخایاند، داداییەکان لە کۆلۆن قوربانیدان بە دیتن و روئیا شیعرییەکانیان لە پێناوی کارگەلە پرۆپاگەندەییەکان، رەتکردەوە، مکوڕبوون، هەروەکو سوریالییەکانی پاشی، لەسەر ئاوێتەکردنی کردەی دەرەکی بە ئازادی ناوەکی، ئەو ئاوێتەکردنەیان بەشتێکی ئاوادانا، کە هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی ناتوانی دەستبەرداری ببێ، هەرە چاکترین شتێ خستیانە سەر دادایزم بریتی بوو لەوەی بە «فاتاگاگاس Fatagagaas» ناویان برد، کە مانای هونەری کۆلاج-لکاندن (Collage)ی جارِس دەگەیەنێ، ئەمەش بەکۆ بەرهەمدێت بەبێ ناوهێنانی بەرهەمهێنەرانی، ئەمەش هەر سێ کۆلۆنی (کامس ئەرنست، جونز بارکلند و هانز ئەرب) بەرهەمیان هێنا. دادایزمی ئەڵمانی توانایەکی لەرادەبەدەری نواند بۆ بووژانەوە لە (هانۆڤەر) بە هۆی رۆڵی یەک تاکەکەس ئەویش نیگارکێش-شاعیر (کرت شفتزر) بوو، کە بە هەموو مانای وشە هونەرمەندبوو، هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نەبوو و لایەنی سەیر و سەمەرە و تاکڕەوی بزووتنەوەی دادایی دەنواند، لە ساڵی ١٩١٩ هەڵبەستێکی سۆزداری نووسی، ئەو کەرستانەی لەو هەڵبەستە بەکاریهێنا ئاوێتەیەک بوو لە تیلمەکاغەز و دەستەواژەی زەقی بەکارهاتوو لە ریکلامەکان و لە چەند بڕگەیەک لە گۆرانییە مللییەکان و وتەباوەکان، هەروەها زبڵی شەقامەکانیشی پێوەلکاند.

گەرچی لە بڕیاردان لەسەر گرنگێتی دادایزم بە تەنیا ئاماژە بەو دەسکەوتە هونەرەکانیان بدرێ، ئەمە کارێکی راست نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەقیقەتێک هەیە واپێدەچێ رووکەشانە ماقووڵ نەبێ ئەویش ئەوەیە، ئەو وڵاتانەی بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن بە پاریسیشەوە، ئەو شارەی بە تەنیا پشکێکی تایبەتی بۆ داداییەکەی تەرخاندەکەین، ئەویش ئەوەیە وای دەبینێ، کە خۆنەناسکردن بۆ هونەر سەلماندوویەتی بەوەی هاندەریەتی، بەڵام ئاسان نییە بناوانی دادایزم بە هۆی بەرهەمەکانیەوە، دەستنیشان بکرێ، لەبەر ئەوەی خەمی داداییەکان لە دۆزینەوەی چەمکێکی نوێ بۆ وشەی هونەرمەند سەرچاوەی گرتبوو زێتر لەوەی لەسەر هێنانی شێوازێکی تازە.

داداییەکان دوو دڵ نەبوون لە خواستنەوە لە دەستەیەکی گەورەی پێشەنگان (و لە



بزووتنەوە پێشڕۆییەکان): هونەری کۆلاج لە کوبیکیزم، چاپکردنی دەقەکان بەشێوەیەکی پاڵەوانی و «Bruitism» لە ئایندەخوازان، بە کارهێنانی بێسوودانەی رەنگ لە تەعبیریی، تەکنیکی لە خۆوە و هەڕەمەکی لە (کاندنسکی) و ئەفراندنە شیعرییەکان لە (ئەبولونیر) و (ماکس جوب) «شیعری دەنگیی»، کە گەلدۆستیەکی هەبوو لە نێو داداییەکانی ئەلمان و (تزارا) کەڵکی لێبینی لە تیۆرەکانی (مارینیتی) لە «وشە ئازادبووەکان» و لە هونەرمەندی تەعبیری (ئۆگست سترام).

دیوانی (ریچارد هلوسنبک) بە ناونیشانی «نزا سەیر و سەمەرەکان» (١٩١٦) چاکترین رەنگپێدەری ئەو ئاراستەیەیە لە شیعردا.

ئەو «هەڵبەستە دەنگییانە» ئامانجی جیاوازیان هەبوو، پێدەچێ (هیوبول) ویستبێتی بە زمانێکی پاراوی بێ خلّت و خۆڵ لە مانا بنووسێ، (شفتزر) لە دیوانەکەی بە ناونیشانی «سۆناتای سەرەکی» (١٩٣٢) حەزوئارەزووی لە کارتێکردنەکانی هونەری شێوەکاری -ناخوازەبووە، کە هەر هێندە وشەکان لەسەر لاپەڕەکان ریز دەکرێن، ئیدی بە دەست دێت، بەڵام هەڵبەستە «خۆکار»ەکان ئامانجی بریتی بوو لە «فریوکارییەک بەوەی چەند شتێک لە یەککاتدا روودەدەن» چەند بەرهەمێک زێتر لە یەک شاعیر بەشداری تیادەکرد و هەموو شتێکیش تیایدا پشتی دەبەستا بە رێگەی وتنەوەی: «شاعیر نەفرەت دەکا، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ منگەمنگیەتی، چۆنی بۆبێ گۆرانی دەڵێ» وەک چۆن (ئەرب) گوزارشتی لێکردووە. ئەو چالاکییە شیعرییانە داهێنزانی خود بوون، رەنگە تێکڕای جیهان بە هۆی کردەی هێزی دەرەوەی ویستی ئادەمیزاد، هێزەکانی رێککەوت و ناهۆشیاریی وێنا بکرێ.

گونجاو بوو، دادایزم مۆرکی دیار و جیا بە و «مانیفێستانە» بدات، نەخاسمە بزووتنەوەیەک بوو لەو ساڵەی «کۆنگرەی کینشال» بەسترا، ئەویش لە دایکبوو و لە ساڵی ١٩٢٢ پووکایەوە، کە ئاواتی هەڵیێسانی شۆڕشێکی جیهانی تیایا پەرشوبڵاوکەوتەوە.

داداییەکان هەر هەموویان، جگە لە کەمێکیان نەبێ لە نیگارکێشەکان، مانیفێستەکانیان نووسی (تزارا)ش بێگومان لەو بوارەیدا سەرە گەورە بوو، (تزارا) ئەو کاتەی لە رۆمانیا بوو، چیدیکە بەو شێوازە خۆ هەڵکێشییە نەیدەنووسی، کە هەڵبەستە زووەکانی پێ ناسرابوو هەروەک بزووتنەوەی دوابەدوای سیمبولیزمیشی پێناسرابوو، بە

زمانێکی بە یەکگرێنە دراو و سەرەتایی و خۆنە ناسکاری رێساکانی لۆجیک و رێزمان دەینووسی، ئەمەش لە هەر دوو دانراوی «دووەمین سەر چلێییە ئاسمانییەکانی (مستەر فایر ئەکستینکوشرا) (١٩١٧) «هەڵسەنگاندنی سینەمایی دڵی تەجریدی» (١٩١٨) بە دیدەکەین.

(تزارا) زۆر بە پەیاننامەکانی ئایندەخوازان کارتێکراوبوو، کە مەزندە و هزرکردنیانی لە بارەی ئەوەی داخوا شێوازی هونەری لە ئایندەدا دەگات بەچی، گرتبووە خۆ، لەگەڵ ئەوەشدا مانیفێستەکانی ئاراستەکراو بوو بۆ گلاوکردنی هونەر، میتۆدەکەیشی پشتی بەستبوو بە ئاشوب و دژیەکیەتی، ئەمەش لەو کۆمەڵە کارانەی «مانیفێستی دادایی» (١٩١٨) «مانیفێستی دادایی لەبارەی خۆشەویستی لە یەکلاوە» (١٩٢٧) رەنگی دایەوە.

(تزارا) لە بەکارهێنانی وێنەی بەیانی فێرکاری سەرکەوت لە پێناوی روونکردنەوەی بیروبڕوای دوورە دەستی لە ئەقڵ و لۆجیک. باوەڕی بەوە هەبوو زمانی هەرەبالا (Metalanguage) «پەیامەکەی» تێکدەشکێنێ، کاتێک لە نووسینەوەی بەیاننامەکان و شیعردا بەکاردێت، لەبەر ئەوە بەیاننامەکانی کۆمەڵە لێدوانێکی بەژاوەژاو بوون، کە هیچ جۆرە لێکگرێدانێکیان تێدانییە، لێدوانێکن درێژدادڕ مرۆچ ئاکامێکی لێوە نایەتەدەست، ئامانجی ئەو لێدوانانە تەنیا حەشوبوون نەک هەر ئەوەندە، بەڵکە هەبوونیشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە و لەسەری هەلنراوە، گەر (بیکابیا) و (جامب) مان هەڵاوێرد، (تزارا) لەگشت هاوڕێکانی هۆشیارتربوو، دەبێ دادایزم وەکو بزووتنەوەیەکی پەرتەوازەی ئەو تۆ بمێنێتەوە پوختە و بژار نەکرێ و نەپشکنرێ، کاتێ خۆی وەکو بزووتنەوەیەکی لێبڕاو یا جێگیر دانا، ئەوە دەمرێ. ئەو قۆشمەچییە ماندوونەناسەی شەش ساڵ بەردەوام بوو، گڕوبڵێسەی بەبادادەکرد، تاکو وزەی چکی کرد، بێتوانا خۆی بینیەوە لە داهێنانی فرتوفێڵی تازە.

لە کانوونی دووەمی ١٩٢٠ (تزارا) بەهەگبەی رۆحییەتی دادایی گەیشتە پاریس، گەیشت وەکو بلێیی بەڵگەنامەیەکی گرنگی هەڵگرتبێ، بەو گەیشتنەی چەرخێکی وروژێنەر دەستیپێکرد گەرچیش دوماهی بوو بۆ دادایزم لێوانلێوبوو لە بەدحاڵیبوون، لە پاریس، دادایزم بە سۆزوگەرمیە وت پێشوازی لێکرا لە لایەن لایەنگرانی وەکو (ئەندریە بریتون) و (لویس ئەراگۆن) وە (فلیپ سوبر) ئەو دەستەیەی پشکداربوون لە دەرکردنی گۆڤاری «ئەدەب»ی نوێکار، (جاک فاشێت) هاوڵی (بریتون) رۆڵێکی زۆری هەبوو لە



ئامادەکردنی جەماوەری پاریسی بۆ پەسەندکردنی دادایزم نەخاسمە دوای بڵاوکردنەوەی نامەکانی بە ناوی «نامەکانی جەنگ» (١٩١٩) (فاشێی) ئەو جۆرە رەمزییەتەی پەرەپێدا کە (ئەلفرد جاری) پێی ناساند و لەسەر بێسباریی و مگێزچیەتی هەڵنرابوو لەوەش زێتر مگێزی دەینرکاند لە هەڵوەشانەوەی سوودەمەندێتی هەموو شتێ لە ژیان تەنانەت کۆششە هەرەزووە ئەدەبییەکانی (بریتون) و هاوەڵەکانیشی.

دانپیانانی بەبوونی شەڕ رەتکردەوە، لەبەر ئەوە بەهەمان رێگەی، کە داداییە ئەلمانییەکان بۆ زیورخ هەڵاتن، ئەویش بەرەو «ناخی» رایکرد، (فۆشیێ) لە ساڵی ١٩١٩ لە هەلومەرجێکی نادیار کۆچی دوایی کرد. دەستەی کۆواری «ئەدەب» لە ساڵی ١٩٢٤ «سوریالەتییەکەی» خۆی راگەیاند و ئاوهاش لەو دەستە داداییە تێگەییبوون، کە گوایە دیاردەیەکە گشت کۆمار ناچارەکات بە دەست ئەو هێدمەیەی «مگێزی» (فاشیێ) ناویەتییەوە، بنالێنێ. ئەو هێدمانەی بە پرۆسیسی داخکردن (Cauterizing Operation) لە قەڵەمدران یارمەتیدەری داداییەکانین بۆ بنەبڕکردنی هەرچی گەندەڵەو سەر لەنوێ کارکردن. داداییەکان بە یارمەتی دەستەیەک خوێنگەرم، هەموو ئامرازە بەردەست و رەخساوەکانیان لە پاریس ئەو کات بەکارهێنابۆوەی زاڵبوونی گاڵتەوگەپ و پڕوپووچی جاڕبدەن، کۆمەڵەیەکی زۆری کۆوار بە دەرکەوتن، وێڕای کۆواری (ئەدەب) کە لە ساڵی ١٩٢٠ بە تەواوی خۆی بۆ دادایزم تەرخانکرد، چەند ژمارەیەکی کۆوارەکە (٣٩١) دەرچوو، کە (بیکابیا) دەریدەکرد، هەروەها کۆواری (دادایزم) ئەوەی (تزارا) دەریدەکرد، کەوتە بەرچاو، هەروەها کۆواری (پروفیرب) هەبوو، خاوەنی (پۆل ئێلوار) بوو، هەروەها (کانیبال) کۆوارێکی تازەبوو (بیکابیا) دەریدەکرد و بێهودەییانە هەوڵیدا نەریت بۆ دیمەنی دادایی لە پاریس بگەڕێنێتەوە، هەروەها چەند کۆواری دیکە بە دەرکەوتن، بەڵام تەمەن کورت بوون وەکو کۆواری (بوجیکتر) خاوەنی (سلینی ئەرنولد) و کۆواری (زت) خاوەنی (بول دیرمیێ) و گۆواری (لکوربارب)ی (تزارا)، هەروەها کتێب بڵاوکرانەوە، دەکرێ هەر سەر بە دادایی دابنرێت وەکو «بیروباوەڕی هزری بێ زمان»ی (بیکابیا) و «زەرووڕەتەکانی ژیان و بەرهەمەکانی خەونەکان» (١٩٢١)ی (ئیلوار) و «جێگیر لەلا ئۆقیانوسی ئەتلەسی» (١٩٢١)ی (بنجامین بیریتی) ئەو ئاهەنگانەی شەوانە وانەو گەلەرییەکانی دادایی رقوقینەی جەماوەری وروژاند، ئەو چالاکی و بۆنانەش ئامانجی دیاریکراو و داڕێژراوی خۆی هەبوو، کە بریتی بوو لە پەلاماردانی جەماوەر، ئەو

چالاکییانە پشتیان دەبەست بە تەکتیکی وورووژاندنی مەزەندە کردن و ئاواتەکانی جەماوەر، ئینجا ناچارکردنیان بەدرککردنیان بە بێسوودی بە بێکەڵکی هاندەرەکانی ئەو چالاکییانە.

گەر کاروبارەکان بە چاکی بە لای (تزارا) و (بیکابیا) و (جۆرج ریمۆن دیسیە) بەڕێوچووبیان، هەرگیز ئەو چالاکییە توندوتیژە رۆشنبیرییانە نە دەوەستان، چەندین هۆ هەبوون بۆ ئەو وەستانە، لەوانە هەندێ دادایی گاڵتە و سووکایەتی بە هەندێکی دی دەکرد، هەروەها لەوانە، کە گرنگە دەستەی کۆواری (ئەدەب) هەستیکرد بە پێویستی دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی ئەو فەتوایەی (فاشییێ) لە «بێکەڵکی هەرشتێک» لە بەهاری ساڵی ١٩١٩ دەریکرد، واتە بەر لە چەند مانگێک لە گەیشتی دادایزم بۆ پاریس (بریتون) و (سوپو) زنجیرەیەک تاقیکردنەوەیان سازدا، کە پشتنی بە شێوازی دەروونشیکاری دەبەست لە خۆکارە نووسین (Automatic Writing)دا، ئەوەیان دۆزییەوە گەرهاتوو ئەوان خۆیان گۆڕی بۆ (ئامێر)ێ چرپەکانی ناهۆشیاریی تۆماربکات ئەوسا دەتوانن زمان ئازاد بکەن، کە رۆژێ لە رۆژان ستەمکار و بێمانانەبوو، بەڵکە وێنە پرشنگدارەکانی شیعری لێوەی تیشک دەدا، لەو ماوەیەی (بریتون) و (سوپو) لە بارەی دادایزم کۆک بوون، بەیەکەوە، پلە بە پلە دەستیان کرد بە هەڵهێنجانی ئەو وانانەی ئەو دەقانە، کە لە ساڵی ١٩٢٠ بە ناونیشانی «کایەموگناتیسییەکان»، چاپکران، وانەگەلێبوون هیچ کامێک لە (بول) و (هولسنبک) و (ئەرب) ئەوانەی نووسینەوەی خۆکارییان پیادەکردووە لە زیورخ، بیریان لێنەکردۆتەوە، درکیان بەوەکرد، بەر لە هەر شتێک بەو وێکچوونەی نێوان وێنە خۆکارە شیعرییەکان و ئەو وێنە شیعرییانەی (رامبۆ) بەکاریهێناون، هەروەها هەندێ وێنە، کە (لوتریمو) لە دیوانەکەی بە ناونیشانی «گۆرانییەکانی مالدرو» بەکاریهێناون، ئەو پەسەندکردنەی ئەو دوو شاعیرە لەو هاوبەندییە پتەوەی نێوان (بریتون) و (سوپو) و (ئەراگۆن) سەرچاوەی گرتبوو، ئەو هاوبەندییەش لای سوریالییەکان لە ئایندەدا هەر بەردەوام بوو، دووەمجاریش درکیان بەوەکرد وشەکانی ئاخاوتنی ناهۆشیاریی «پیرنابن» و رۆڵی پۆلیسی فیکری ناگێڕن و یاریدەی گوزارشتکردن دەدەن بە بیروباوەڕە چالاک و تازەکان، ئەمە مانای ئەوەیە هەر دووکیان متمانەیەکی رەهایان داوە زمان و هۆیەکی تازەی نووسینیان دۆزیبۆوە، وێڕای ئەوەی دەستکەوتی ئەو نووسینانە زۆر دوورترە لەوەی بە هونەر دابنرێن.



خۆکارەنووسین ئەوەی دۆزییەوە، کە رێکردنی ئەقڵی ناوەکی، سروشتێکی زمانەوانی بە خۆوەگرتووە، گەر زمان، بە لایەک دەزگایەکی سەیر و گەندەڵی کۆمەڵایەتی بێ تەبای هەمان گەندەڵیی کۆمەڵگە، ئەوە بە لایەکەی دیکە دیاردەیەکی سروشتی گوزارشتکەر بووە لە تێکڕای بوون، وێنە بەرجەستەکراوەکان وێنەی دەستکردنەبوون، بەڵکە بە شێک بوون لە خودی واقیع، بەشتێک لە «مێژووی سروشتی» هەروەک (رینیەکریڤیل) دەڵێ: جا بەوپێیەی هاندەرە راستەقینەکانی بیروباوەڕە هۆشیارەکان بە دەستی شاعیرەوەیە، شیعر چووە ریزی کاروانی زانستەکان بەرەو رووی تێگەیشتنی ئادەمیزاد، هەروەک چۆن (بریتون) لە کتێبەکەیدا، بە ناوی «مانیفێستی سوریالی» (١٩٢٤) گوزارشتی لێکرد، جارێکی دیکە هەروەک (رامبۆ) ویستی، شیعر بوویەوە سەرچڵییەک لە پێناوی مەعریفەدا، لە هەمانکاتدا (لاتریمو) داوای کرد شیعر لای هەمو خەڵک باو بێ و تەنیا تایبەت نەبێت بەکەمینەیەک مادام خۆکارە نووسین بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو خەڵکی لە توانایان دایە «سروش-ئیلهام» بە دەستبێنن، کاتێ، کە پێوەندەکانی داب و هەرچی ئەقلانیەتێکی تەنگە، تێکیان شکاند.

-٣-

سوریالیزم «باڵی دادایی فەرەنسایی» نەبوو بەسانابیش مانای دادایی نەدەگەیاند دوای ئەوەی «ناوی خۆی گۆڕی و ئامانجی تازەی خستەسەر ئامانجەکانی» هەروەک هەردوو مێژوونووس (میشیل سانوی) و (هربرت کمیرشمان) وای بۆ چووبوون، سوریالیزم بزووتنەوەی دادایی نەبوو دوا بە دوای ئەوەی پەرەی سەند بۆ بزووتنەوەیەکی بونیاتنەر، هەروەک نیگارکێشان لە زیورخ وەسپیانکرد، دادایزم کلتورێکی هەبوو، رەگوریشەی لە ناخی رۆمانسیەت رۆچووبوو، دادایی پاریس موتوربەکردنێکی سەرکەتوو نەبوو لە درەختی دادایزم و لە زێدی رەسەنی خۆی پتر دەرسکا، گومانی تێدانییە یاریدەی سوریالییە تازەکانیدا بۆ دەربازبوون لەوەی ئازادی رادەر بڕینیان لاکپ دەکات و یاریدەدان بۆ بە پیشەگرتنی هونەری وروژاندنی ریسواییەکان، بێ لەمانە حاڵەتی بیری سوریالییەکان زۆر دوور بوو لە داداییەکان، گەر سوریالی و داداییەکان یەک ئەزموونی دیاریکراویان گوزەراند، ئەوە ئەو وانانەی هەردوو بزووتنەوە لەو تاقیکردنەوەیان هەڵهێنجا، جیاوازبوون.

دادایزمی (تزارا) گرنگیدەدا بە -پارۆدیی- (Parody) (جۆرە نووسینێکی ئەدەبییە، لاسای نووسینێکی دیکە دەکاتەوە بە نیازی گاڵتەجاریی-ب ح) و گاڵتەجاڕی، لە کاتێکدا سوریالییەکان گرنگیاندا بەوساتە بە نرخانەی بوون دەستەبەری دەکات، دادایزم گرنگیدەدا بە بابەتگەلە سۆزانییەکان-سکاتۆلۆجی (Scatotogical)، لە کاتێکا سوریالیزم پێگەی خۆشەویستی و سێکسی بەرز رادەگرت، دوای ئەوەی (رینیە کریفیل) و (رۆبەرت دینو) و (بول ئیلوار) چوونە ریز کۆواری «ئەدەب» ئیدی ئەو دەستەیە میتۆدەکانی پەرەپێدا لە پێناو قوولکردنی دیتنەکانی و دڵنیاییە پەنهانییەکانی ئەقڵ، پشتی بەست بە نواندنی موگناتیسی و شیکردنەوەی خەون، کە دادابیەکانی (بیکابیا) و (تزارا) بەسەریان نەکردبۆوە، (تزارا) فرۆیدیزمی رەتکردەوە و بە «نەخۆشییەکی ترسناک»ی دانا، (لە کاتێکا بریتون بە هۆشیارییەکی شۆڕشگێڕانەی خودی دانا).

وێڕای بڕواهێنانی (تزارا) و (بریتون) بە «قاقرێتی واقیع» و پروپووچی جیهان، سوریالییەکان جەختیاندەکردە سەر بەرپرسیاریەتی ئادەمیزاد دەهەمبەر ئەو واتایانەی شتەکان لە خۆیان گرتووە، هەروەها جەختیاندەکردە سەر ئەوەی هەرچککردنێک لەنرخی مادده، تێراوکردنی خەیاڵە، لەو کاتەی سوریالییەکان بە هەمان هێزی رەتککردنەوەی دادابیەکان، هەمو پۆلینکارییە نەگۆڕ و ئاینزاکان (وەکو بیروبڕوای شۆڕشگێڕی و کارگەلە ئەقلانییەکان، کە ئادەمیزاد لاوازدەکەن و رێچکە بژاردە رەخساوەکانی لێ وندەکەن) رەتدەکەنەوە، لە هەمانکاتدا ئەوان متمانەیان بە توانای ئەقڵ هەیە لە کۆمەککردنی خۆی بە پێداویستیەکانی ژیان لە بەردەم حاڵەتی-هیولی (اللاتکون-حاڵەتی گەردوون تێکەڵاو بەر لە پێکهاتنی تێکەڵبوون یا شێواویەکی تەواو/ب ح) سوریالییەکان لەو بڕوایەدان هەرچەند هێزی وەرچەرخان زیادبکات، لێرەدا شیمانەی سەرکەوتنی ئارەزووەکان زیاتر دەبێ.

سوریالییەکان پێیانوایە جیهان لەوە دەوەستێ، کە ئامێتەیەکە لە پارچە -ساچمە- هیچ پێوەندییەک گرێنادات و وا لە ئادەمیزاد دەکات هەست بە نامۆیی و ونبوون باکات، گەرهاتوو دانایی و بلیمەتی ئەقڵ لە لێککگرێدان، گەشەی کرد، ئەمەش واتە دووبارە قۆستنەوەی ئەو هێزانەی، ئێمە لە رابردوودا هەمانبوو، بەرلەوەی ژیانی مایەکی دایبهێزرێنێ، ئەو هێزەی تەنیا منداڵ و گەلانی سەرەتایی و شێت هەیەتی، لە بری ئەو شیکردنەوە لۆجیکیانەی نا ئەکتیڤێتی سەلماند، سوریالییەکان پێشنیازی هانابردنەبەر بیرکردنەوی پێوانەیی یا هاوشێوەیی (Anaglogical thinking) دەکەن، کە رێدەدا بە



دووبارە پۆلینکردنی ئەزموون بە رێگەی حدسی و سۆزداریی، سوریالییەکان دەڵێن گوایە پێوانەی شیعری (Poetic analogy) توانای دۆزینەوەی پرەنسیپی لێک بە ستنەوەی ئەقلی مرۆیی بە گەردوونی دەرەکی، هەیە، ئەمەش وا لە ئادەمیزاد دەکات رای خۆی لە جێگەکەی لە جیهاندا بگۆڕێت، وێنەی شیعری یا شێوەکاریی، نەخاسمە کاتێ دوو رەگەز لەو رەگەزانەی ئەقڵ بە رەگەزە زۆر لە یەکدوورەکان لەگەڵ یەکدی دادەنێ، یەکدەخات، زۆرجار پرشنگدانێکی شاردراوە و گونجاوی ئەو تۆی لێدەکەوێتەوە هەر دەبێ ببێ، چارنییە، هەروەکو (ئەندریە بریتون) لە کتێبەکەی بە ناونیشانی (قاپەمشتومڕکەرەکان) (Ommunicating Vesseles) (١٩٣٢)دا، دەڵێ:

«رۆح تەیارکردنێکی سەیر تەیارکراوە بۆ پێکانی ئەو پەیوەندییەی نێوان دوو شت، کە بە رێکەوت هەڵبژاردراون شاعیران بەوە دەزانن ئەوان هەمیشە دەتوانن بەبێ هیچ ترسێک، بڵێن: دوو شتەکە بە یەکدەچن: پلەوپایەکانی شاعیران بە تەواوەتی پشت دەبەستن بەو بڕە ئازادییەی لەم رووەوە بە دیاری دەخەن».

ئاشکرایە نیگارکێشە سوریالییەکان وەکو (ماکری) و (دالی) و (ماکس ئەرنست) و (هانز بیمەر) هەمان ئەو هەڵوێستەیان هەیە و ئەو هەڵوێستەش فرە وێنەگەل لە شیعری سوریالی، راڤەدەکات، وێنەی وەکو «قەڵابەرزە گڕگرتووە لە بادەراینییە هەڵکێشراوەکەم» (بیریێ) «زەوییەکانی باران، کە مرواری دەیاندۆزێتەوە» (بریتون) «خاکی شینکە وەکو سێو» (ئیلوار)، ئێمە لە کاتی خوێندنەوەی شیعری دادایی (تزارا) هەست دەکەین، ئەو وێنانەی بەنوێتی لە دایکبوونە دووبارە دەبنەوەو هەستدەکەین شیعرەکەی لە لیریکیەت یازێدە رۆیی لە سۆزدایی، خاڵییە، ئێمە جگە لە ئاژاوە چیدیکە لە شیعری دادایی بە دیناکەین.

بە پێچەوانەی ئەمەوە دەبینین شیعری سوریالی «ئامانجێکی دیاریکراوی» هەیە، ئەو، هەروەک (جولیان کراک) باسدەکات، داوەتێکە بۆ شیعر، وێڕای ئەوەی لەوێدا، هیچ ئاسانکاری یا پاساوێک نەبوو بۆ سەرهەڵدانی سوریالیزم، وەلێ یەکێک بوو لە ئامرازانەی، خەڵکی بەرەو ئەو مەعریفەیە برد، کە ئەو ساکە پەنهان بوو.

سوریالییەکان چاک دەزانن، کاتێک زمانێکی تازە پێشنیاردەکەن، ئەوە ئەوان گۆڕینی ژیانی خەڵکی پێشنیاردەکەن، هەروەها کۆمەڵگەیەکی شۆڕشگێڕ لە بڕی ئەو کۆمەڵگەیەی

له ئارادایه. پێشنیاردەکەن، هونەرەکەیان، هونەری رابواردن و چێژ وەرگرتن نەبوو، بەڵکه بەربەرەکانی بارودۆخە هەنووکەییەکە بوو.

شاعیری سوریالیم مەکسیکی (ئۆکتاڤیۆپاز) نووسیویەتی: «سوریالیزم بە نیاز نییە هەڵبەست بهۆنێتەوە بەقەد ئەوەی نیازیەتی خەڵک بگۆڕێ بۆ هەڵبەستی زیندوو» پێوەری چاکی و دروستی هونەری لای سوریالییەکان بریتییە لەوەی تاچەند کاری هونەری لە توانادایە هەستونە ستەکان بورووژێنی بە جۆرێک ببێتە هۆی گۆڕینی وەرگر، بەڵام گۆڕینێکی راستەقینە و خولْقاندنی بەدەنگەوە هاتنێکی سۆزداریانە لای هاوشێوەی لە جۆری ئەوەی کاتێک لەگەڵ سەیرکردنی ئافرەتێک، کە خۆشمان دەوێ، دەژین.

هەندێ جار هونەرەکەیان شێلوە، لەبەر ئەوەی قوربانیدان بە هەقیقەت رەتدەکەنەوە لە پێناوی روئیای ناوەکی بە «نموونەی ناوەکی» هەروەک (بریتون) ناوینا لە «سوریالیزم و نیگارکێشان» (١٩٢٨) یا لە پێناوی پێوەندیپێکردنی راستەوخۆ، ئەو پێوەندیپێکردنە راستەوخۆیە پرۆسەیەکی تەماوییە، چونکە بە واقیعی دەرەکی رەتکراوەی کتوپڕ، گرێدراوە.

سوریالییەکان بڕوایان وایە «مادده پیرۆزی زانیارییەکان» دەکات ئەویش وەکو جادوی سیحراوی، هۆیەکە بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکان، کەواتە دواشت وشەکانی شاعیر و هێما تازەکانی هونەرمەند دەخوێنیەوە و تێی دەگەی.

ئەو پەیوەندییە پتەوەی سوریالییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە لە نێوان شێوازەکانی زمان و بەها کۆمەڵایەتییەکان و نێوان توانامان لەسەر گوتن و لێزانی گەردوون واتە لەسەر هونەرمەندە بارێکی سەنگین، قورس وەئەستۆ بگرێ لە بەرپرسیارییەتی ئەخلاقی، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکە تەنانەت سیاسیش. واپێدەچێ بزووتنەوەی سوریالیزم بزووتنەوەیەکی (رژد) بێ تارادەی خۆکوشتن و شێتی بە پێچەوانەی بزووتنەوەی چەتوون و گوێنەدەری دادایی، چونکە سوریالییەکان بە پڕوپووچی و ستەمی ژیان قایلەنەبوون کێشە ئەخلاقییەکانی نێوان سوریالییە تزارایییەکان[***] و سوریالییە بەرایییەکانی سەر بە (بریتون) کەرتخوازییەکی ئاشکرای لێکەوتەوە، لە مایسی ١٩٢١دا، سوریالییە بەرایییەکان دادگاییکردنێکی گاڵتەجاڕییان بۆ نووسەری نیشتمانپەروەر (موریس باریە) سازدا چون بە ئەنجامدانی «تاوانەکانی دژ بە ئاسایشی ئەقڵ» تۆمەتباریان کرد، (تزارا)



و (بیکابیا) هەوڵیاندا ئەو دادگاییکردنە بکەن بە شانۆگەرییەکی نزمی گاڵتەجاڕی (Frace) لەو کاتەوە ئیدی سوریالیزم رکابەری ئەوەی نەکرد هەرچی ژیانی ناوخۆی مرۆڤ گەندەڵ دەکات یا بە بیانووی دەستەبەرکردنی «ئاشتی و ئاسودەیی» و رێزگرتن لە یاسا و رژێم، ئەندێشەی ئادەمیزاد (بچەپێنێ «کەبت») بکات، هەروەها ماشێنی کۆمەڵایەتی بە هێمنی بڕوات، سوریالییەکان بڕوایان بەوەهێنا، مرۆڤایەتی، هەر کاتێک رزگاری بوو، ئەوە توانستێکی بێشووماری هەیە، لەبەر ئەوە بەگژهەر هێزێککدادەچوونەوە، کە هانی خۆنەویستی زوهدییانەی دەدا، بەگژ پیاوانی ئاینی داچوونەوە، ئەوانەی لە هەقی، گلەیی گلەییکاری، تانوتیان لێدەدا و بەگژ دەزگای خانەوادەدا چوونەوە، کە خۆشەویستی تیا لە خاچ دەدرێ.

هەروەها بەگژ کارکردنی هەشت سعات لە رۆژێکدا داچوونەوە، ئەو شێوازە بە زەبرەی بوونی نامرۆیی. ناونیشانی کۆوارەکانیان پوختکراوی رێبازەکانیان بوو، وەکو «شۆڕشی سوریالیزم» (١٩٢٤-١٩٦٥) «سوریالیزم لە خزمەت شۆڕشدا (١٩٣٠-١٩٣٣) «دژ» (١٩٦١-١٩٦٥)، گەرهاتوو لە هەندێ کاری ئەو سوریالییانەمان روانی هەندێ دەستەواژەی بێوێنەی رک و رەقی تێدا دەبینین. کارەکانیش وەکو «دانپیانانی قۆشمەچی»ی (بریتون) (١٩٢٣) «بەرگەی ناگرم»ی (بریێ) (١٩٣٦) هەندێ لەو دەستەواژانە تەنانەت لە هەندێ فیلمیش بە دیدەکەین وەکو فیلمی «چەرخی زێرین» کە (بونیل) لە ساڵی ١٩٣٠ دەریهێنا، هێندە بەسە ئەو چەپکەکارانەی هەرەمەکی هەڵمان بژاردن، ساڵی ١٩٢٤ (بریتون) و هاوەڵەکانی شەڕێکیان بەسەر رکابەرانیان لە پێناو بەرەوایەتیکردنی زاراوەی (ئەبولونیر) «سوریالی»[****] بەرپاکرد، کە لەوەسپی کۆمەڵە چالاکییەک بە کاریانهێنا، کە لە ژێر پەردەی دادایزم هەر لە ساڵی ١٩١٩-ەوە، پیادەیاندەکرد.

لەو ساڵەوە و ساڵانی پاشی روونبۆوە، کە سوریالیزم ئینتمایەکی تەواوی گەرەکە لە بەشداربووان، بوو بە ئەزموونێکی گەلەکۆیی خودان شێوازێکی زیندەیی تەواو:

ئامادەبوونی کۆبوونەوەی رۆژانە، نووسینی گەلەکۆیی نامیلکەکان، خۆپیشاندان لەو شانۆیانەی بەرهەمی کۆنەپەرستانە نمایشدەکەن، ئەنجامدانی هەر گەمەیەک ئەندێشە بورووژێنی، بەشداریکردن لە چالاکییە پیشەییەکانی سەندیکاکان لە پایتەختدا، پۆشینی جلوبەرگی جیاجیای زۆر، تاوێ وەکو دەستەیەک لە سیحربازان بە دەرکەوتن، ساتێکیش

وەکو دەستە چەتە و ڕێگر و جاروباریش وەکو تایەفەیەکی «المهرطين» (الهدطقة-واتە «بدعە» لەدین، یا مەزەبی نوێ، ڕێبازی نوێ)، جاروباریش وکو ئەندامانی شانەیەکی شۆڕشگێڕی، بزووتنەوەیەکی نهێنییە ئامانجی هەڵوەشانەوەی ڕەوشە هەنووکەییەکەیە و لە هەمانکاتدا، بزووتنەوەیەکی گۆشەگیرە ئامانجی ڕێکخستنی ژیانە بە گوێرەی لۆجیکی حەزوئارەزوو، سەیر لەوەدایە بزووتنەوەکە جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان ڕەتکردنەوە و پەسەندکردن، پاراستووە، وێڕای ئەو هەڵگێڕ و وەرگێڕ و گۆڕانکارییانەی بە خۆیەوەی دیون، لەبەر ئەوە ئەندامە چالاکەکانی بزووتنەوەکە دەیانتوانی لە هەر قاوەخانەیەک کۆببنەوە بەبێ ئەوەی ئەو کۆبوونەوەیە جاڕس و هەراسانی بۆ کەس جاڕس و هەراسانبکات.

چەندین نەوە لەو بزووتنەوەیە تێهەڵکێشی یەکتری بوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین نەوە دیاریکراوەکانی سوریالی جوێ بکەنەوە: هەر زوو (ئەنتوان ئەرتو) و (ئەندریە ماسن) و (جۆن میرۆ) و (دیڤس تانکی) و (ریمون لمینوا) و (بیرنافیل) و (جاک بارون) و (روجیە فتراک) و (مایکل لیری) و (جوبو سکێی) و (جۆرج لامبور) و (رینیە کریفل) چوونە ریز سوریالییە بەراییەکان، ساڵی ١٩٢٩ (دیسنو) و (سوبو) و (ئەرتو) و (فتراک) و (بریفێی) و (نافیل) لەبەر چاو ونبون، ئەو بۆشاییە (رینیەجار) و (ترستان تزارا) و (سلفا دۆردالی) و (ئەلبرتوجیاکومتی) و (لویس بونویل) پڕیان کردەوە، کارگەل لەسەر ئەم شێوازە بەردەوامیان بەخۆیاندا هەر لەو سەردەمەوە تا بەرۆژی ئەمڕۆ دەگات.

لەگەڵ ئەوی، کە دەرگای سەرچلێتی سوریالی هەرکراوە بوو لە بەردەم هەمووان و تەنیا نووسەر و هونەرمەندانی نەدەگرتەوە، وەلێ کەسایەتی ئازادبوو -رزگاربوو- هەر دەبوایە بە هۆشیارییەوە بێت، کەواتە سوریالیزم خواستی تایبەتی خۆی هەیە: پلەیەکی بەرز لە خود دیسپلینی تاکەکەس، تاکو خۆڵە هەوەسبزوێنی قایمبکات، سوریالییەکان بڕوایان وایە، هەروەکو حاڵەتی ئەوانەی سەرقاڵی کیمیای کۆن (alchemists) بوون، ناکرێ شاکارە گەورە هونەری و ئەدەبییەکان سەرکەوتنێکی ئاوابە دەست بێن، گەرهاتوو داهێنەرانیان بێگەردی و پاکی زوڵاڵیی کەسایەتیان، نەبێ، لەوێدا ئارەزووی چوونە ریزی بزووتنەوەکە لە ماوەی نێوان هەر دوو جەنگ هەبوو، ئەو حەزوئارەزووەش پتە و و قایمتر بوو، بە هۆی ئەو ڕێبازە سیاسییانەی، کارنامەی سوریالی گرتیەبەر لە پێناو گۆڕینی خەیاڵ بۆ واقیعێکی هەستپێکراو، هەروەها بە هۆی حەز و ویستی لامالانە و چەسپاوی



سوریالییەکان بە لای پارتی کۆمەنیستی فەرەنسایی، کۆششێکی بێشوومایان کرد لە پێناو فراوانکردنی بواری پیادەکردنی دیالەکتیکی مارکسی بۆ ڕەتدان لە زێدە بایی (Surplus Value) و هەورەها هەرچی دەیگرێتەوە لە دژیەکیەتی بوونی خودیەتی وەکو خەون و ژیانی هۆشیارانە، هەروا پڕەنسپیی واقیع -هەڵکەوت-. ئەوەیان ڕەتکردەوە بە هەڕەشە لێکردنیان دەماریان بگیرێ کاتێک کۆمەنیستەکان فرمانیان پێدان ڕێچکەیەکی دیاریکراو بۆ خۆیان هەڵبژێرن لە نێوان سیاسەت و شیعردا، هەمیشە مکوڕبوون لەسەر ئەوەی «هەرەمیەت لەشەر -خراپە-»دا نییە و هەرکردارێک مەبەستی وەرچەرخانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بێت هەردەبێ ڕاڤەکردن و چاکسازی باری ناوخۆی ئادەمیزادی هەڵگرتبێ.

دادایزم بزووتنەوەیەک بوو، هەموو دادابییەکان تێیدا پێشەوا بوون، بە پێچەوانەوە دەسەڵێتی ئەندریە بریتون زاڵبوون بەسەر سوریالیزم، (بریتون) تاکو مرد لە ساڵی ١٩٦٦ چەندین ڕۆڵی یەک لە دواییەکی دەگێڕا: حوکمکردن، تیۆریست، باوکی خاوەن شکۆ، ویژدان، پەیامبەر، نموونەکان، کاتێکیش پێویستیکرد نموونەی بەدحوکمکارە.

ئەو هەموو هۆکارانە یاریدەدەرن بۆ ڕاڤەکردنی یەکدیگری بزووتنەوەی سوریالی لێککگرێدانی وێڕای خولیای نائەقڵانی گریمانە و پوختەییەکانی، هەروەها ئەو هۆکارانە یاریدەدەرەن بۆ ڕاڤەکردنی چۆنیەتی بوونی سوریالیزم بە بزووتنەوەیەکی جیهانی، بزووتنەوەکە لە بیستەکان لە بەلجیکا، سەرکەوت، دوایی لە دەیەی دوایی لە چیکۆ سلۆڤاکیا و یوگۆسلاڤیا و هۆڵەندا و ئەسکەندەناڤیا و بەریتانیا و ژاپۆن و دورگەکانی کەناری، سەرکەوتنی بە دەستهێنا، لە لایەنی کردەنیشەوە تێکڕای کیشوەری ئەمریکای خواروو، دەگرێتەوە.

گەر ئەو ئینتیما و دیسپلینە خودییە باڵێیە ئەو مێژووە دوورودرێژ و بەتینوگوڕەی بۆ سوریالیزم دەستەبەر کردبێ، ئەوە ئەوان فەرمانی یەکرێڕە وتی و بە بەردبوونێکی خێرایی سۆزداری و بیریان بەسەر بزووتنەوەکەدا نەداوە، ئەو کارە زۆر و فرە ڕەنگانەی سوریالیزم بەرهەمهێنا و ئەو گەشەسەندنە یەکبینەییەی گریمانە ڕەسەنەکانی، ئەمانە هەر هەموویان گەواهیدەری بە توانایی ئەون بۆ خود نوێکاری، سوریالییەکان پەنایان بۆ هونەر برد، چونکە وە ک چاکترین ئامرازی تۆماکردنی ژیانی ناوەکی هەردەمێنێ، هەروەها بۆ

بەریالیستیکردنی کارگەلە خودییە خەیاڵئامێزەکان، هەروەها وەک هەرەچاکترین ئامراز بۆ تیشک خستنەسەر ئامرازەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کاری هونەری لای سوریالییەکان زیاتر وەکو هۆ دەمێنێ لەوەی مەبەستی چالاکییەکانیان بێ، لەبەر ئەوە بێهوودەییە، بە دوای پشکنینی شێوازێک یا تەکنیکی یەکگرتوو بۆ ئەو کارانەی سوریالییەکانی دایانهێنا، بگەڕێین، (ماکس ئەرنست) پێیوایە ئەوەی تابلۆکە دەکاتە سوریالی، شتێکە لە خۆیدا «قابیلی وێنەکێشان» نییە. ئەو شتەش تەکاندانی هونەرمەندە رووە و سەرفرازیی رۆحیی، شاعیر و هونەرمەندانی کۆلاجی بەلجیکی (ی. ل. ت. میسنز) راسپاردەکەی ئاوایە: کارە سوریالییەکان دەبێ هەروەکو خوێندنەوەی هێما کێشراوەکانی سەر لێواری قیبلەنما، بخوێندرێنەوە، ئامرازگەلێکن بۆ ئەوەی سوریالی نیازیەتی بیلێ پا بەڵگەن لەسەری، سوریالییەکان لە رێگەی هەموو هونەرەکان جگە لە مۆسیقا یا بالای گوزارشتیان لە هە ستونەستیان کردووە و سوریالیزم دانی نەناوە بەسەربەخۆییەتی هەر هونەرێک لە هیدیکە بە پێچەوانەی دادایزم، زۆربەی نیگارکێش و سەنگتراشانی سوریالی نووسەریش بوون، شاعیرەکانیش هەڵبەستی کۆلاجیان پێڕەودەکرد، گەرچی رۆژێ لە رۆژان فلچەیان بەدەستەوەنەگرتبوو.

سوریالییەکان بە تەنیا لە بواری بە کارهێنانی شێوەکانی دووڕەگی (المهجنة) وەکو ئاوێتەکردنی روداو بەو شتانەی کرۆکی رەمزییان هەبوو، پێشەنگ نەبوون، بەڵگە گەلەک هۆی تەکنیکیشیان داهێنا لە پێناوی وروژاندنی سروش، وەکو شێوازی سڕینەوە (Rubbing)ی ئەرنست و وێنە تەماوییەکانی بالین و شێوازی گواستنەوەی لە کاغەزەوە بۆ شوشە و دار (decalcomania)ی دوومین... تد.

دوای ئەوەی سوریالییەکان ئیدی چاویان خستەسەر نووسینی زاتی و خەونەکان گەیشتن بەو کایەیانەی ئەندێشەش وەکو زانستەکان بەخشندەیە بە چالاکی سێکسی (کە هەر لەساڵی ١٩٢٨ەوە تاکو ئێستاش چەندین وتاری سوریالی لە ژێر رکێفدایە)، ناخبینی (clairvoyance) هەروەها ئەمە لە «نامەیەک بۆ ناخبینان»ی بریتون بە دیدەکەین، لە زمانی نەخۆشییە ئەقڵییەکان (لە «چەمکی پاگژێتی» (١٩٣٠)ی بریتون و ئیلوار) و سیحر (لە «هونەری سیحر» (١٩٥٩)ی بریتون و جیرالد لیکران) بەدیدەکەین.

ئامانجی نەگۆڕی هونەری سوریالی بە ئێستاشەوە سەر ئاوخستنی مەودای توانای



ئەندێشەیە بۆ رۆچوونە نێو ناخی جیهان، شاعیر و نیگارکێشان بە یەکەوە بێوچان دەکۆشن بۆ روونکردنەوەی ئەوەی شتە هزرکراوەکان (سەرسەخت)، کاتێک ریالیستییە، خودی خۆی دژ و بە درۆ دەخاتەوە، سوریالییەکان تەرخانکردنی خۆیان هەڵبژارد بۆ جیهانگەلێ لێوانلێو لەسەر سڕمانی بێکۆتایی، گەرهاتوو هەندێ نیگارکێشمان بۆ نموونە وەرگرت، وەکو (دالی) و (تانکی) و (ئەرنست) و (بیلمر)، دەیانبینین جیهانی خەون وێنادەکەن و خۆشیان بڕوادارن بە شێوەیەک بە وڕێنە -هەلوەسە- ناسراوە، بەوەی ئێمە ناچارین تابلۆکانیان پەسەندبکەین وەکو بەشی بنەڕەتی لە واقیع.

ئەوانیدیکەی وەکو (ماسن) و (میرۆ) رێکردنی ناوەکی کردەی نیگارکێشان دەخەنە بەرچاو و بەوردە بە دوای تۆماری بلەرزەیی لەرزینە قووڵەکانی دەماخ دادەچن، (رۆبەرت دیسنو)ی نووسەر، سەرەگەورەی جیهانی خەونەکان بوو، رێگە (روس سیلاڤی) لە داڕژتنی ئەو رستانە بە کارهێنا، کە لە یەککاتدا دوومانا دەدەن.

(ئەراگۆن) دیمەنی هاوچەرخی شاری پاریس دەخاتە روو و جوانیی شاراوەی حەشاردراوی ژێر رووی شتە بێزراوەکانی دۆزییەوە، لە «جوتیاری پاریسی» (١٩٢٦) (ئەراگۆن) بەرچاوی دەخات چۆن دیرارە سەرپێییەکانی خەڵکی لە شەقامەکاندا هەمان خرۆشانی راچڵەکینی ئەو وێنە شیعرییانەیە لە «نادجە» (١٩٢٠)دا، روودەدات.

هەروەها لە «ئەوینی شێتانە» (١٩٣٧)، (بریتون) لە ئەزموونە کەسێتییەکانی خۆی بە ئەنجامێک گەیشتووە، کە لێرەدا ئاڵوویریەکی وردەکارانە هەیە لە نێوان قەدەریەتی دەرەکی یا سۆفیگەریی و کارەکانی ناوەکی ئەقڵ، دادابییەکان بە ئەنقەست سەرنجیان راکێشاوین بۆ لاوازیی رۆح لە بەردەم شاڵاوی شێواوی - هیومی- و شپرزەیی تەواو، بەڵام (بریتون) بە پێچەوانەی دادابییەکان بوو، پێی وابوو زۆرجار هەلومەرجی دەرەکی بە دەنگ ئارەزووداخوازییە بێدەنگەکانی رۆحی مرۆیی دێت، بەمجۆرە (بریتون) لە بڕوای بە بیرۆکەی رێککەوت (Lahasard) وەرچەرخا بۆ بیرۆکەی رێککەوتی بابەتیانە - ئۆبگێکتیڤ (hasard Leobjectif).

گشت سوریالییەکان خۆشەویستی شکۆدار و سەرفرازدەکەن و وەکو کردەیەکی نموونەیی سوریالی، بەباڵای هەڵدەڵێن، ئەمەش لەبەر ئەوەی بە بەردەوامی ئەو هاوکێشەیە نوێدەکاتەوە، کەنکۆڵی لە ژیان دەکات، هاوکێشەی نێوان بەسوود و باش، هەروەها لەبەر

ئەوەی بەدیارکەوتنی شکۆمەندانەی بنەمای لەززەتە. (بول ئیلوار) شاعیری بێهاوتای خۆشەویستی بوو، لە زۆربەی هەڵبەستەکانی بۆ نموونە «خۆشەویستی: شیعر» (١٩٢٩) و «گوڵەگشتیەکە» (١٩٣٤) و «چاوانی بەبرشت» (١٩٣٦)، خۆشەویستی شکۆدار دەکات بە هۆی ئەو پاکژییە زوڵاڵە سادەیەی هەیەتی کە چالاکی سێکسی پیرۆز دەکات.

وێڕای رووە ئاژاوەگێڕییەکە و بێزارکەر و قێزەونی، کارەکانیان سوریالییەکان داوا لە ئادەمیزاد دەکەن زێتر بەسەر چارەنووسی خۆی زاڵبی، ئەوان بە دوای پشکنینی بنەمایەک دانە باڵاتر لە رژێم -سیستەم- دەکەوێتە پشتەوەی ناسیستەمی ئەزموون، ئەوان تەنیا بە متمانەکردن بە -هیومی- (اللانکون) بڕواناهێنن، ئەوان مەزندەی ئەقلانیەتێکی زێدە دەوڵەمەندکراوە دەکەن، هونەری بەگژاچوونەوەی ئەقڵ بە دژی خۆی، بەدیاردەخات، ئەوان نادیار و ناروون نین، ئەوان رەها لە خودی ئادەمیزاددا دادەنێن، وایدادەنێن ئەوەی لە سەرووی واقیعە -سریال- (Sarreal) لە بنەڕەتدا لەو دیو (Beyond) دایە. ئەوان درک بەوە دەکەن کە زۆر پێویستە چارەی پێداویستیە ماددی و رۆحییەکانی ئادەمیزاد بکرێ، ئەوان خەون بەوە نابینن سیفەتە مرۆییەکان بخرێتە سەر شتەکان (Anthoponorphic) بەڵکو بە هیوای ئەو رۆژەن، کە «سروشتی مرۆیی و ئادەمیزادی سروشتی بەیەکەوە و زۆر بە روونی بەبێ هیچ تەگەرەیەک بە یەکەوە وتووێژبکەن» هەر نێ بێ، بنەماکەیان تۆباوییە و بە دیهێنانیشی دوورە بەقەد دووری ئەو شانشینەی پیاوانی ئایینی مەسیحی بانگەشەی بۆ دەکەن. (القدیسین) بەڵام ژیانی سوریالیزم دەمێنێتەوە و کارەکانی سوریالیزم دەمێننەوە، گەواهیدەری خواست و ئاواتی هاوچەرخێکی وروژێنەر و بنەرەتی، هەستونەستی سوریالییەکان پەیوەستە بە کات و شوێنە هەنووکەییەکە، سوریالییەکان، بە لای کەمی، وایان نیشان نەدا گوایە ئەوان لە هەرەیەکەمەکیان بوون لەوانەی پرسیارگەلی ئەو تۆیان وروژاند بێ لە بارەی توانایی هونەر بۆ فراژیبوون و گەشەکردن لەم کاتەدا، ئەوان، بە پێچەوانەی ئەمەوە، پیشتوانیان لەو بیرۆکە شۆڕشگێڕیەکرد، کە دەڵێ: هونەرمەند بریتییە لە هەر کەس، هەر کەسێکیش بریتییە لە پیاوی تەواو (Un homme coplet)، لێرەدا پرسیارێک دەمێنێتەوە لە ناونیشانێکی کتێبێک «ئافرەتێک بەسەد سەر» (١٩٢٩)ی ماکس ئەرنست، وەردەگرین بریتییە لە: ئایا بیرۆکەی «پیاوی تەواو» «تاوانێکی پەرجوییە» بەرای ئەو کۆمەڵگەیەی تیایا دەژین؟؟....

## پەراوێزەکان

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

١- ترچیینتو: سەدەی چواردەهەم لە مێژووی هونەر و ئەدەبی ئیتاڵیاییەکان.

٢- کواتروچنیتۆ: سەدەی پازدەهەم لە مێژووی هونەر و ئەدەبی ئیتاڵیاییەکان.

٣- (الباروک - بارۆک) شێوازی هونەری تەلارسازییە نەخشونیگاری زۆری لێ بەکاردێ لەگەڵ شێوەی پێچاوی و لار، بەڵام لە ئەدەبدا واتای بەکارهێنانی وێنەی سەیر و پەنهان دەدات.

٤- رکوکو: شێوازێکی هونەرییە لە رازاندنەوە و نەخشکردن، لە هونەری بارۆک گەشەی کردووە.

٥- هربرت رید، هونەر هەنووکە (لەندەن (١٩٣٣) دوای بژاردەکردنی لە ساڵی ١٩٦٠ دووبارە چاپکراوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە لە فەرەنسا.

٦- س.س. لویس «موحازەرەی دەستپێک» (کیمبردج)(١٩٥٥) نووسەر دووبارە ئەو موحازەرەیەی لە کتێبەکەی بەناونیشانی - داوای موحازەرە (لەندەن ١٩٦٢) چاپکراوە (ل٩-٢٥).

٧- رۆلان بارنت پلەی سیفر، ل٩ ئەو کتێبە - ئانت لفرز و کولن سمیث (لەندەن ١٩٦٧) چاپکردەوە وەریانگێڕاوە.

٨- ج. س. فریزر، نووسەری نوێ و جیهانەکەی (لەندەن ١٩٥٣) هەروەها: کلتوری هاوچەرخ: پاشینەی ئەدەبی نوێ، کە ریچارد ئەلمان و چارلس فیدش (نیۆیۆرک و لەندەن ١٩٦٣) دەریانکرد.

٩- لیونیل ترلنک «دەربارەی رەگەزی نوێ لە ئەدەبی نوێ» کە لە کتێبەکەی (ئەودیوی شارستانێتی: کۆمەڵە وتار، لە ئەدەب و مەعریفە لەندەن ١٩٦٦) بڵاوکراوەتەوە.

١٠- نورثوب فرای، سەدەی نوێ (نیۆیۆرک) لەندەن ١٩٦٧، ل٢٣ .

١١- ئە. و. لفجوی «لەجیا کاریکردنی بزووتنەوە رۆمانسییەکان» (١٩٢٤)، ئەو تۆژینەوەیە. دووبارە لە کتێبی بەناوی «شاعیرانی رۆمانسی ئینگلیز: کۆمەڵە وتارێکی نوێ لە رەخنە» ، بڵاوبوویەوە، نووسینی: م. هـ. ئەبرامز (نیۆیۆرک ١٩٦٠).



١٢- بڕوانە: مانای ریالیزمی نوێ - ی جۆرج لۆکاش، وەرگێڕانی جۆن ونک ماتدر (لەندەن ١٩٦٢).

١٣- ئەلفردنورث وایتهید، زانست و جیهانی نوێ (لەندەن ١٩٢٧) ئەو دێڕەمان لە کتێبی - مولی سایفر بەناوی هونەری روکوک بۆ کوبیکیزم لە هونەر و ئەدەب (نیۆیۆرک ١٩٦٠) وەرگرتووە.

١٤- ولی سایفر، لە هونەری روکوک بۆ کوبیکیزم لە هونەر و ئەدەب (نیۆیۆرک ١٩٦٠)، ل١٩.

١٥- ستیڤن سپندر، خەباتی نوێخوازی (لەندەن ١٩٦٣).

١٦- جوس ئورتیکا کاست «خولیای نامرۆیی لە هونەر» لە کتێبەکەی بەناوی «خولیای نامرۆیی» لە هونەر و کۆمەڵە وتاری دیکە لە هونەر و شارستانێتی (گاردن ستی و نیۆیۆرک -١٩٣٠) بڵاوکراوەتەوە.

١٧- فرانک کیرمود «بزووتنەوەکانی نوێخوازی» لەو کتێبەی بەناوی کۆمەڵە وتارێکی نوێ (لەندەن ١٩٧١).

١٨- ئەمەیە راڤەکردنی (هاری لڤن) بۆ تایبەتمەندی سەرەکی نوێخوازی، کە لە تۆژینەوەکەی «رابردووی نوێخوازی چییە؟» دەبیینین و لە (شکانەوەکان) الانکسارات؛ کۆمەڵە وتار لە ئەدەبی بەراوردکاریی (نیۆیۆرک و لەندەن ١٩٦٦) بڵاوبۆتەوە.

١٩- ت. س. ئیلیۆت «یولیسیس»، «سیستم و ئەفسانە» وتارێکە لە کۆواری Diaol» ژمارە -١٥-١٩٢٣، ل ٤٨٠-٤٨٣ بڵاوکراوەتەوە، ئەو وتارە دووبارە لەو کتێبەی بەناوی کلتوورێکی نوێ. پاشینەی ئەدەبی نوێ، بڵاوکراوەتەوە، نووسینی ریچارد ئالمان و چارلس فیدلسن (نیۆیۆرک و لەندەن ١٩٦٥).

٢٠- ئەرڤنک هاو، دەروازەیەک بۆ بیرۆکەی نوێخوازی، وتارێکە لە کتێبی - نوێخوازی ئەدەبی - بڵاوکراوەتەوە و (ئەرفنک هاو) خۆی نووسیویەتی (کرینج ١٩٦٧)، ل١٣.

٢١- ئە. ڤیرس، چی لەودیوی ئەو بێهودەییەیە، کۆمەڵە وتار، ١٩٥٥-١٩٦٧ (لەندەن ١٩٦٧).

٢٢- سیرل کونولی، بزووتنەوەی نوێ: سەد کتێبی دیار لە ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئەمریکا ١٨٨٠-١٩٥٠ (لەندەن ١٩٦٥)، ل٤ .

٢٣- ئەدموند ولسن، قەڵای ئەکسل، لێکۆڵینەوەیەک لە ئەدەبێکی خەیاڵبەرین، ١٨٧٠-١٩٣٠(نیویۆرک ١٩٢٠) هەروەها بڕوانە: س. م. بورا، کلتوری رەمزی (لەندەن ١٩٤٣).

٢٤- کرایام هف، وێنە و ئەزموون: لێکۆڵینەوە لە شۆڕشی ئەدەبی (لەندەن ١٩٦٠).

٢٥- کلتووری نوێ: پاشینەی ئەدەبی نوێ، نووسینی ریچارد ئالمان و چارلس فیدسن (نیوێۆرک و لەندەن ١٩٦٥) ل٦ (بەژمارەی رۆمانی).

٢٦- ئە. ڤیرس: چی لە دوای ئەو بێهودەییەیە بەکۆمەڵە وتار ١٩٥٥-١٩٦٧ (لەندەن - فرانک کیرمود «بزووتنەوەکانی نوێخوازی» وتارێکە لە کتێبی، کۆمەڵە وتارێکی نوێ (لەندەن ١٩٧١) ستیڤن سبندر، خەباتی نوێخوازی (لەندەن ١٩٦٣)، کریام هف: وێنە و ئەزموون: لێکۆڵینەوە لە شۆڕشی ئەدەبی (لەندەن ١٩٦٠) بلاوبۆتەوە.

٢٧- فرجینیا وۆلف «مستەر نبت و مستەر براون» (١٩٢٤) ئەو وتارە دووبارە لە کتێبی، کۆمەڵە وتار، بەشی یەکەم (لەندەن، ١٩٦٦) بلاوکرایەوە.

(*) مەبەست شا ئەدواردی هەفتەم (١٨٤١-١٩١٠) کوڕی شاژن ڤکتۆریایە کە لە ١٩٠٧-١٩١٠ فەرمانڕەوایی کرد.

٢٨- ریچارد ئالمان «دوو رووی ئەدوارد» وتارێکە لە پێشەکی ئەو کتێبەی نووسەر بۆ کتێبی «ئەدواردییەکان و ڤکتۆرییە دواکەوتەکان» (نیوێۆرک ١٩٦٠) نووسیوە، بلاوکراوەتەوە. دووبارە لە کتێبەکەی بە ناوی کەسایەتییە سەیر و سەمەرە پایەدارەکان: رامان لە رێرەوتیان (نیوێۆرک و لەندەن ١٩٧٣) بلاکراوەتەوە.

٢٩- هاری لفن «رابردووی نوێخوازی چییە؟» لە کتێبی (شکانەوەکان) (الانکسارات): کۆمەڵە وتار لە ئەدەبی بەراوردکاری (نیوێۆرک و لەندەن ١٩٦٦ بلاوکراوەتەوە.

٣٠- هارلد روزنبرک، کلتووری نوێ (نیوێۆرک ١٩٥٩، لەندەن ١٩٦٢).

٣١- بۆ زانیاری زێتر لە «پۆست مۆدێرنیزم» بڕوانە. ئیهاب حەسەن، ئەدەبی بێدەنگی: هینری میللەر و سامۆیل بیکت (نیوێۆرک ١٩٦٧)، ئیهاب حەسەن، بڕینەوەی پەلوپۆی ئۆرفیۆس: ئەدەبی پۆست مۆدێرنیزم (نیوێۆرک ١٩٧١).

جۆرج شتایز، زمان و بێدەنگی کۆمەڵە وتار ١٩٥٨-١٩٦٦، (لندن-١٩٦٧)، سۆزان سۆنتاک، دژی راڤەکردن و وتارەکانی تر (نیوێۆرک ١٩٦٦).



٣٢- نوێکاری، کۆمەڵە وتار لە هونەر و بیر، نووسینی برنارد برجونزی (لەندەن ١٩٦٨) جگە لەوە بڕوانە وتاری (کیرمورد) «گۆڕراوە تازەکان» دانانی (لسلی فیدلر)، هەروەها وتاری (لیونارد ن. مایەر) بەناوی «ئایا دە ساڵەی رابوون بەکۆتاهات؟».

٣٣- ئیهاب حەسەن «پۆست مۆدێرنیزم» وتارێکە لە مێژووی ئەدەبی نوێ، بەشی سێیەم ل٥، بلاوکراوەتەوە.

٣٤- ئەو وتارە لە کتێبێک دووبارە بلاوکرایەوە هەروەکو رەخنە بێ حەوت رامان لە زەمەنەکان (ئاربانا و لەندەن ١٩٧٥) هەندێ وتاری دیکە هەن لە بارەی هەمان بابەت لەو کتێبەی ئاماژەی پێدرا، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر رایەکانی دیکەی رەخنەگری لە بارەی ئەو بابەتە دەکرێ بگەڕێینەوە سەر. جیرالدکراف «ئەفسانەی گەمارۆدانی بزووتنەوەی پۆست مۆدێرنیزم» وتارێکە لە کۆواری (تری کوارترلی) ژمارە -٢٦- (زستانی ساڵی ١٩٧٣) ل٣٨٣-٤١٧ بلاوبۆتەوە هەندێ وتاری دیکە شایەنی لێکۆڵینەوەن لە هەمان بابەت دەکۆڵنەوە لەو ناوبەناوە بەتایبەتی وتاری (فیلیپ ستیفک) بەردەست دەکەون.

* جۆرج شتایز، «لە دارستانەکانی ڤییەننا» لە کۆواری (نیوێۆرک) (٢٣، تەمموزی ١٩٧٣)، ل٧٣-٧٧.

٣٥- هولبروک جاکسون: نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەم (لەندەن ١٩١٣) ئەو کتێبە لە زنجیرەی (پلیکان) ١٩٣٩ دووبارە چاپکراوەتەوە، ئەو شایەتیە لە چاپی (پلیکان) ل١٩، سەرچاوەی گرتووە.

٣٦- «شاعیرانی نوێکار» نووسینی ولهلم ئەرندندت (لایپزگ ١٨٨٥).

٣٧- بڕوانە رۆژنامە میللیە ئەدەبییەکان Iterarische Volkshefte). ژمارە سێ (١٨٨٨).

٣٨- لیونیل ترلنک «رەگەزی نوێ لە ئەدەبی نوێ» لە ئەودیوی شارستانێتی: کۆمەڵە وتار لە ئەدەب و مەعریفە (لەندەن ١٩٦٦) بلاوکراوەتەوە.

٣٩- یوجین وۆلف «نوێ» ئەو وتارە دووبارە لە: دیاردە ئەدەبییەکانی مەزەبی سروشتخوازی ١٨٨٠-١٨٩٢ لە نووسینی ئەرک روبەرشت (شتوتگارت ١٩٦٢) ل١٣٨-١٤١ بلاوکراوەتەوە.

٤٠- م. ج. كونراد «ئومێدە نوێیەکان» «ئەو وتارە دووبارە لە: دیاردە ئەدەبییەکانی مەزەبی سروشتخوازی، ١٨٨٠-١٨٩٢ (شتوتگارت ١٩٦٢) ل٢٥٤-٢٥٦ بلاوكراوەتەوە.
٤١- هیرمان بار، لە پێناو رەخنەگرتن لە نوێخوازی (رورخ ١٨٩٠).
٤٢- هـ. ستیوارت هیوز، هۆشیاریی و کۆمەڵگە: دووبارە ئاراستەکردنی بیری کۆمەڵایەتی ئەوروپی ١٨٩٠-١٩٣٠ (لەندەن ١٩٥٩)، ل٣٤.
٤٣- ر.پ. بلاکمر، ئەقڵ لە نامەی بێئەقڵەکاندا (واشنتۆن د. س؛ ١٩٥٦).
٤٤- کرایام هف، وێنە و ئەزموون، تۆژینەوە لە شۆڕشی ئەدەبی (لەندەن ١٩٦٠) ل٨.
٤٥- بەمجۆرە (ولیەم کارلۆس ولیەم) بەتانەوە دەڵێ: «هەرزوو هەستمکرد کە ئەو (قەسیدەی «وێرانە خاک») بیست ساڵ بەرەو دواوەی بردوومەتەوە و بەراستیش ئەمەبوو روویدا، ئیلیۆت گەڕاندنییەوە هۆڵەکانی خوێندن و وایلێکردین زێتر و زێتر لە خودی ناوەڕۆکی هونەری نوێ نزیکبینەوە ئەو ناوەڕۆکەی تەنیا بەپشت بەستن بەکارە خۆماڵییەکان گەشایەوە..» ئەمەبوو لە ژیاننامە (لەندەن ١٩٨٦) ل١٧٤، کەی باسکرد..
٤٦- فرانک کیرمود، وێنەیەکی رۆمانتیکی (لەندەن ١٩٥٩) ئە.ڤێرس. «ئەودیوی بێهودەیی» (لەندەن ١٩٦٨).
٤٧- جفری هافمان، ئەودیوی شێوەکان: کۆمەڵە وتارێکی رەخنەیی (١٩٥٨-١٩٧٠) (نیوهیفن ١٩٧٠) هارلدبلف، «ییتس» (نیۆیۆرک ١٩٧٠) رۆمانسیزم و هۆشیاری: کۆمەڵە وتارێکی رەخنەیی، گۆڕینی هارولد بلوم (نیۆیۆرک ١٩٧٠) رۆبەرت لانکباوم، شیعری ئەزموون (نیۆیۆرک ١٩٦٣) مورس بکام، لەودیو دیمەنی مەرگەساتدا، گەڕان بەدوای شوناس لە سەدەی نۆزدەهەمدا (نیۆیۆرک ١٩٦٣) هەروەها بڕوانە: «رۆمانسیزم: هەڵبەستی نموونەگەل، بەردەوامیی» نووسینی دیڤید شرونبرن و جیفری هارتمان (ئاساکا ١٩٦٣).
٤٨- ج. هلز ملز - شاعیرانی واقیع (کیمبرج ماساشوتس ١٩٦٥).
٤٩- ئوگست سترنبرگ، پێشەکی شانۆگەریی «خاتوو جولی» (١٨٨٨).
* ئەپۆلۆ: خوداوەندی شیعری مۆسیقی و جوانیی نێرینەیی.
* دیونیس: خوداوەندی بادە و رابواردن.



٥٠- ئەزراپاوەند «گەڕاندنەوە» وتارێکە لە کتێبی: کۆمەڵە وتاری رەخنەیی ئەزراپاوەند (لەندەن ١٩٥٤)ل٤ نووسینی ت. س. ئیلیۆت.
* (الارداف) پاراتاکس (Baratax): بەیەکداداهاتنی رست و وشە بەبێ بەیەکگرێدانیان.
٥١- فرانک کیرمود، هەستکردن بەکۆتایی (لەندەن، نیۆیۆرک ١٩٦٦).
٥٢- د. هـ.
لورنس: روئیا لەندەن (١٨٣٢)، ل٩٧-٩٨ .

**پەراوێزەکانی بەشی دووەم:**

**کەشی هزری و شارستانێتی**

(*) پلورالیزم - فرەیی: مەزەبێکە بانگەشەی نەبوونی یەک هەقیقەتی رەها دەکات، بەڵکە کۆمەڵە هەقیقەتێک.
(**) زنجیرەیەک لە کتێب و رابەری گەشتیارییە، کە (کارل بایدکر)(١٨٠١-١٨٥٩) لە ئەلمانیا دەریکرد بۆ ناساندنی وڵاتانی بیانی.

**ب- ئەقڵی نوێخوازی**

١- هیوکوفون هوفمنستال «کابریل دتزیو» لە تێکڕای بەرهەمەکان (ستۆکهۆڵم - ١٩٤٦) بەشی یەکەم ل١٤٩ ،
٢- (هوفمنستال) دەیەوێ بڵێ «ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەم شایەتی ئەو لێکدوورکەوتنەیە لە نێوان حدسی جوانیی مرۆیی و میکانیزمیی زانست» (بڕوانە: زانست و جیهانی هاوچەرخ (کیمبرج، ١٩٢٧) ل١٠٨ .
٣- ر. م. ریلکە، بژاردەکان (لایبزگ ١٩٣٨) بەشی یەکەم، ل٣٦٤ .
(*) رۆحانییەت (Animism): بڕواهێنان بەوەی دەروون یا رۆح هێزی مەرکەزییەتی هەرچی لە گەردووندایە، بگرە خودی گەردوون.
٤- ئۆتۆماتیزم (automatism) بنەمایەکە لەسەر پێدانی دەرفەت بۆ هەستونەست و بیروباوەڕە چەپێنراوەکان و ناهۆشیارییەکان بۆوەی لەڕووی هونەرییەوە گوزارشت لەخۆی بکات، ئەمەش لە رێگەی دەستبەرداربوون لە بیرکردنەوەی رێکوپێکی هۆشیارانە.

* ئەدەب و هەستی شەشەم (لەندەن، ١٩٧٠)، ل٦٨.

٥- کنت هامسن، لە ژیانی ئەقڵی ناهۆشیارانە (١٨٩٠)ل٣٢٥و پاشی.

٦- فرانک کیرمود، مەتەڵەکان و جەژنی هاتنەکایەوە (لەندەن ١٩٦٢) ل٣٧ .

٧- ت. س. ئیلیۆت «یولیسیس، سیستەم و ئەفسانە» لە کۆواری (دایک) ژمارە ٧٥- نیۆیۆرک ١٩٢٣، ل٤٨٠-٤٨٣ .

٨- ستیوارت هیوز، هۆشیاریی کۆمەڵگە (لەندەن - ١٩٥٩) ل١٧٦ .

(*) پۆزەتیڤییزم (Postivism) فەلسەفەی (ئۆگست کۆنت)ە، کە هیچ بایەخێک نادا بەبیرکردنەوەی بەرهەست - تەجریدی - رەها، بەڵکە تەنیا چاو دەخاتە سەر لێکۆڵینەوەی واقیعات و دیاردە یەقینییەکان.

٩- هیفوت هامسثال، ئەدیب و ئەو زەمانە (فرانکفۆرت ١٩٥١) ل٢٨٣.

١٠- ت. س. ئیلیۆت «شاعیرانی میتافیزیقیایی» لە وتارە بژاردەکان (لەندەن ١٩٣٢) ل٢٨٧ .

١١- ئورتیکا کاست، بابەتی نوێ (لەندەن ١٩٣١) ل٢٠ .

١٢- ئە. هاوس، مێژووی کۆمەڵایەتیی هونەر (لەندەن ١٩٥١) بەشی چوارەم، ل٢٢٤.

*کونفردیین، تەواوی بەرهەمەکان ویسباون ١٩٥٩ بەشی دووەم،ل١٥٦.

١٣- ر. م. ریلکە، نامەکان (دیسبادن ١٩٥٠) بەشی دووەم، ل٣٨٢.

١٤- فاذر ملچر: لە «بۆ دیمەشق» بەشی سێیەم، پەردەی چوارەم، دیمەنی دووەم.

١٥- ریچاردب، ماتزک، هرمان هسە (شتوتگارت ١٩٤٧) ل١٣و پاشی.

١٦- رۆلان بارت، پلەی سیفر لە نووسیندا (لەندەن ١٩٦٧) ل٩.

١٧- ر. م. ریلکە، بەشی یەکەم لە دیوانەکەی «شیوەنی دیونو».

١٨- ئەو دەستەواژەیە هی دیفر جونزە بگەڕێوە کتێبەکەی: هونەرمەند و ماوە (لەندەن ١٩٥٩)، ل١٣٩.



**پەراوێزەکانی بەشی سێیەم: جوگرافیای نوێخوازی**

**أ- شارەکانی نوێخوازی**

١- مورتن و ئەیت لە کتێبەکەیاندا بەناوی - هزرڤانان و شار (کیمبرج، ساشوتس ١٩٦٢) ئەو بابەتەیان تاوتوکردووە,٠

٢- فردینا تونیز، هاووڵاتیان و کۆمەڵگە (لایبزگ ١٨٨٧).

٣- ریموند ولیامز، رۆمانی ئینگلیزی لە دیکنزەوە تالۆزنس (لەندەن ١٩٧٠) ولیامز بەچڕوپڕی دووبارە لە کتێبی، دێهات و شار (لەندەن ١٩٧٣) بەسەریکردۆتەوە.

٤- بۆ زانیاری زێتر لە بارەی ئەو بابەتگەل و هەڵبەستانەی لەسەر شارن، بەتایبەت بڕوانە: مونرۆ. ک. سپیرز: دیونیس و شار: نوێخوازی لە شیعری سەدەی بیستەم (نیۆیۆرک و لەندەن ١٩٧٠) هەروەها بڕوانە: فرانک کیرمود «ت. س. ئیلیۆت» لەکتێبەکەی بەناوی کۆمەڵە وتاری هاوچەرخ (لەندەن ١٩٩١) بڵاوکراوەتەوە، (کیرمود) لەو وتارەیدا هەردوو شاری دژبەیەک لە قەسیدەی «وێرانە خاک»»ی(ئیلیۆت») تاوتۆ دەکات.

٥- بۆ زانیاری زێتر بگەڕێوە سەر هەردوو وتاری بڵاوکراوەی نێو ئەم کتێبە بەناوی «شیعری شار» ی (جۆرج هاید) و «شار لە رۆمانی نوێی رووسیایی»ی (دۆنالد فانکر).

٦- (ریچارد شیپر) ئەو بابەتە لە وتارەکەی «شیعری تەعبیری ئەڵمانی» کە لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە، تاوتۆکردووە.

٧- جۆرج ستاینەر، ئەودیو هەرێمایەتی: تۆژینەوە لە ئەدەب و شۆڕشی زمان (لەندەن ١٩٧٢).

٨- جۆرج مۆر، دانپیانانەکانی لاوێک (لەندەن ١٨٨٨).

٩- کیرترود ستاین، فەرەنسا، پاریس (نیۆیۆرک و لەندەن ١٩٤٠) ئەلس. ب. دوگلاس، خودبیەتی، لەندەن، ١٩٣٣ .

١٠- رۆجەر شاتوک، هونەر لە فەرەنسا، ١٨٨٥-١٩١٨ (لەندەن ١٩٥٩).

**ب- بەرلین و سەرهەڵدانی نوێخوازی (١٨٨٦-١٨٩٦):**

١- فرانس سیرفایس «بەرلینی تازە ١-٢-٣، لە کۆواری «دی زایت» (ڤییەنا) ت٢، ٥ کانوونی یەکەم ١٨٩٦ .

٢- ماکس دوثندی، تەواوی بەرهەمەکان (میونیخ - ١٩٢٥) بەشی یەکەم، ل٦٩٦ .

٣- هنریچ هارت، تێکڕای بەرهەمەکان (بەرلین ١٩٠٧) بەشی سێیەم، ل٢٧و پاشی.

٤- کبر هارت هاوبتمان، تێکڕای بەرهەمەکان (بەرلین ١٩٤٢) بەشی چواردەهەم، ل٧٢٦.

٥- هنریچ هارت، تێکڕای بەرهەمەکان (بەرلین (١٩٠٧) بەشی سێیەم، ل٧٢٦.

* کیوهات هاوپتمان، تێکڕای بەرهەمەکان (بەرلین) بەشی چواردەهەم، ل٧٢٦.

٦- دووبارە لە مانیفێستە ئەدەبییەکاندا (١٨٨٠-١٨٩٢) چاپکرایەوە، نووسینی ئەرک روچەرخت (شتوتگارت ١٩٦٢) ل١٤٢.

* هنریچ هارت، تەواوی بەرهەمەکان، (بەرلین ١٩٤٢) بەشی چواردەهەم، ل٧٢٦.

٧- ئوتوبرام، نووسینە رەخنەییەکان (بەرلین ١٩١٣-١٩١٥) بەشی یەکەم، ل٤٤٧ .

٨- فرانس سیرفایس «بەرلینی تازە» ١-٢-٣، لە کۆواری «دی زایت» ٢١و ٢٨ تشرینی دووەم - ٥ی کانوونی یەکەم ١٨٩٦ .

٩- هالفدان کوهت. ژیانی ئەبسن (لەندەن ١٩٣١) بەشی دووەم، ل٢٧٩ .

١٠- جولیس هارت، شانۆی سەربەست (بەرلین ١٨٩٣) ل٥٩٣ .

١١- ماکس دۆثندی، دەرەنجامی سالانی گەریدەیی (میونیخ)، بەشی یەکەم، ل٦٤٦ .

**ج- ڤییەناو پراگ ١٨٨٨-١٨٩٦**

١- سالی یەکەم، ژمارەی یەکەم (١٨٩٨).

٢- لە - زاباریا - وەرگیراوە، ڤییەنا: ئەفسانە و واقیع (لەندەن ١٩٦٦) ل٢٨٦ .

٣- لە ئارسەر ج. مای - وەرگیراوە. ڤییەنا لەسەردەمی فرانز جۆزیف (نورمان، ئۆکلاهۆما ١٩٦٦) ل١٣٦ .

٤- تۆماس مان «چێژ وەرگری هونەرەکان» لە چیرۆکەکانی نێو ژیانی، بەشی یەکەم (لەندەن ١٩٦١) ل٥٤ .

٥- رۆبەرت موسل، پیاوە نابەهرەدارەکە، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی ئەیتن ولکنر و ئەرنست کیسر (لەندەن ١٩٥٣).



٦- ئەرنست ماخ، موحازەراتی شیکردنەوەی هەست و نەستەکان (جینا ١٨٨٦)، ل١٨ .

٧- زاباریا، ڤییەنا، ئەفسانەو واقیع (لەندەن ١٩٦٦)، ل٣١٧ .

٨- ستیڤان زڤایج، جیهانی سبەی (لەندەن ١٩٤٣)، ل٥٦ .

٩- زاباریا، ڤییەنا، ئەفسانە و واقیع (لەندەن ١٩٦٦) ل٣٦٢ .

١٠- بڕوانە پێشەکی چیرۆکەکانی (شتتزلر) (کیمبرج ١٩٦٦) کە، ج. ب. ب - نووسیویەتی.

١١- هیوکوڤون هومنشال، قەسیدە و شانۆگەرییە شیعرییەکان، مایکل هامبرکر، ت. س. ئیلیۆت (لەندەن ١٩٦١)، ل٣١-٣٥، پێشەکی نووسیوە.

١٢- فرانز کیرمود، هەستکردن بەکۆتایی، لێکۆڵینەوەی تیۆری هونەری چیرۆکنووسی (لەندەن) ئەو کتێبە شیکردنەوەیەکی بێوێنەی ئەو بابەتە ئاڵۆزەی گرتۆتەخۆ: «نوشوستی رەخنە لە قۆناخەکانی یەکەمینی نوێخوازیدا».

١٣- ه. ستیوارت هیوز، هۆشیاریی و کۆمەڵگە، دووبارە سازاندنی بیری کۆمەڵایەتی ئەوروپی (لەندەن ١٩٦٦).

١٤- سیجموند فرۆید. لە نووسەرانی ڤییەنا وەرگیراوە، ئەفسانەو واقیعی (زاباریا) (لەندەن ١٩٥٩) ل٣٢٦ .

١٥- جوهانز ئەرزدل، لێردا کافکا هات (زیورخ و شتوتگارت).

* کلوسترفۆبیا: ترس لە شوێنە داخراو و تەنگەبەرەکان.

١٦- فرانز کافکا، رۆژانەی کافکا (١٩١٤-١٩٢٤) نووسینی ماکس برود، وەرگێڕانی مارتن کرینبرک (نیۆیۆرک ١٩٤٩)، ل١٤٥ .

**د- نوێگەریتی لە رووسیادا (١٨٩٢-١٩١٧):**

١- د. ژیفاکۆ، وەرگێڕانی ئینگلیزی (لەندەن ١٩٥٨).

(*) بیونزار کادیڤج مستولیپی: وەزیری ناوخۆی رووسیای قەیسەری و یەکێ لەسەرەک وەزیرانی، ویستی سەنەدێ بۆ قەیسەری رووسیایی، دێهاتی رووسیایی، بخوڵقێنێ، بەمە یاسای لە بەرژەوەندی خاوەن موڵکەکان دەرکرد، لە ساڵی ١٩١١ لە کییڤ کوژرا.

٢- بۆ زانین لەوەی هەرە چاکترین نووسینەکانی (کیبس) بڕوانە قەسیدەی «ئەو» لە دیوانی (بنکویە)ی شیعری رووسی (هارموند سورث ١٩٥٦).

٣- م. و. کیر شنزون لە: ن. ئە. بیردایڤ، س. ن. پلکاکوف، م. و. کریشنزون، ئە. س. ئەزکوفا، ب، ئە. کستیا کوفسکی، ب. ب. متروف، س. ل فرانک، نیشانە دیارەکان، کۆمەڵە وتارێک لە بارەی چینی رۆشنگەری رووسی، چاپی دووەم، (موسکو ١٩٠٩).
٤- ن. ئەبیردایڤ، خەون و واقیع (لەندەن ١٩٥٠) وەرگێڕانە ئینگلیزییەکە.
٥- بۆ زانیاری زێتر لە بارەی بەیەکەوە لکاندنی گاڵتەییانە لە نێوان کارگەلە رۆمانتیکی و خەواڵووەکان (جاروبار هەریەکە، بەتەنیا بەسەر دەکرێتەوە) و رۆیین لە هەندێ باردا تەبای خەوتن و جیهانی بەردەست و هەستپێکراوی راستەقینە، هەروەک (بلۆک) پێی وایە، بڕوانە قەسیدە ناسراوەکەی «نامۆ» (فرانس کونفورد) نایاب وەربگێڕاوە، هەروەها بڕوانە «دوانزدە» لە چاپی «مورس بورا».
٦- ئەمە هەندێ نموونەی روونکەرەوەن لە شیعری رەمزی:

تەجرید شادم دەکات
من ژیانم لەو دروستدەکەم...
هەرچی پەنهان و گۆشەگیرە حەزی پێدەکەم
من قوربانی دەستی خەونە ناباو و لێڵەکانم
وەلێ من ئەو پەیڤە زەوینییانەم نییە تاکو بەوانە گوزارشت لەکارە نادووبارە بووەکان بکەم
(کیپیس)

من رکم لە مرۆڤایەتییە
بەپەلە من لێی رادەکەم
رۆحی چۆڵکراوم تاکە ماڵمە
(بالمونت)
من جگە لە بڕوای هەرە زوویم بەخۆم
بەهیچ ئینتیمایەکی دیکە نازانم.
(بریوسوف)

بۆ زانیاری زێتر لە بارەی شیعری کەودەنی پووچ لە ماوەی دوای سیمبولیزم، ئەو ماوەیەی شاعیرانی وەکو (برلیوک) و (کروجنیخ) شیعری جادوویی ناروونییان نووسی، بڕوانە.



راگەیاندنی زمانی ئەودیو ئەقڵی خودی (کرو جنیخ) وەرگێڕانە ئینگلیزییەکان لە کتێبی ئایندەخوازی رووسیایی (ف. مارکوف) (لەندەن) بەدیدەکەی.
(*) تۆلستۆی لە (١٦)ەی ئەیلوولی ١٨٩١ نامەیەکی بۆ رۆژنامەکان نووسی تێیدا دەستبەرداری خۆی راگەیاند لە مافەکانی چاپکردنی هەموو کتێبەکانی و وەرگێڕان و شانۆییەکان لە رووسیاو دەرەوەی، بڕوانە «چیرۆکی ئەو نامەیەی تۆلستۆی مافی دانەری رەتکردەوە» د. زیا نافیع (رۆژنامەی جمهوریە، چوارشەممە ١١/١٠/١٩٧٢، ل٧).

**ه: شیکاگۆ و نیویۆرک: دوو رووی نوێگەرێتی لە ئەمریکا:**

١- (هاربیت مونرۆ) ئەستێرەی پیشانگەکە بوو، ئەویش بوو کۆواری (پویتری) دواتر دامەزراند، شێوەی نووسینی، قەسیدەکەی «گۆرانییەکی ئەمریکایی»، کە لە دیوانەکەی بەناوی «هەڵبەستە بژاردەکان (نیویۆرک) بەم جۆرە وەسپکردووە «قەسیدەی (گۆرانییەکی ئەمریکایی) لەسەر داوای لیژنەی هاوبەشی رێکخستنی ئاهەنگەکانی پیشانگای جیهانی ئەمریکی دابەزیوە، و لیژنەی بڕیاردەریش پەسەندی کردووە و، بەبۆنەی تێپەڕبوونی چوار سەد سەدە بەسەر دۆزینەوەی ئەمریکا وتراوە، کە بۆنەکە رێککەوتی بیست و یەکی ت١ دەکات، لەبەردەم جەماوەرێک پێشکەش کراوە زیاتر لەسەد هەزار کەس.. لیژنەکەش تیۆدۆر تۆماسی، بەڕێوەبەری مۆسیقای راسپاردووە، داوا لە پرۆفیسۆر جادوک بکات گەر بڕگەکانی هەڵبەستەکە بۆ گۆرانی دەشێن، ئاوازیان بۆ دابنێ، سرودەکە ئاوا دەستپێدەکات:
«خێڵەکان سەیری یەکتری دەکەن... گەلانی ئامادە بۆ جەنگ بۆ یەکگرتن کۆبوونەوە... کۆرسەکە وتوبەتی، کە لە پێنج هەزار کەس پێکهاتبوو بەهاریکاریی ئۆرکسترایەکی گەورەو تیمی سەربازی.
(*) گەرەکێکە بەقاوەخانەو ژیانی شەوانی ناسراوە و دەکەوێتە باکووری پاریس.
٢- ئەلبرت باری، ژووری سەرەوە و بانگکراوان. مێژووی بۆ هیمیەت لە ئەمریکا (١٩٣٣، لە نیویۆرک دووبارە چاپکراوە ١٩٦٠) هەروەها بڕوانە: کارولین ویزیر ١٩٢٠-١٩٣٠ گوندی کرینج: دوان لەسەر شارستانێتی ئەمریکی لە ساڵانی دوای شەڕ (نیویۆرک ١٩٣٥).

٣- بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: فردرک هوفمان و کارولین ئەلرج، کۆوارە بچووکەکە (برنستون ١٩٤٧).

(*) مەبەست نیگارکێشی فەرەنسایی هینری روسۆیە (١٨٤٤-١٩١٠).

٤- بۆ زانیاری پتر لەسەر رۆڵی شیکاگۆ، بڕوانە: ئەمریکا و ئەلفرد شیکلنز، وێنەیەکی گەلەکۆیی، دانانی، والدد فرانک، لویس ممفرد، دوروثی نیومان، بول روزنفلیدو هارلدرک (نیۆیۆرک ١٩٣٤).

٥- و. سی. ولیامز، خستنەڕووی کتێبی (مور)، تێبینییەکان: کۆواری دایل مایسی ١٩٢٥ .

٦- دنس دونوک، جیهانی ئاسایی، دڵنەوایی ئەدەبی نوێ (لەندەن ١٩٦٨) ئەم کتێبە وتارێکی چاکی لەسەر (ولیامز) تێدایە.

**ز: لەندەن (١٨٩٠-١٩٢٠)**

١- بۆ زانینی رای دژ، بڕوانە بەتایبەت «وێنە و ئەزموون» کریام هف (لەندەن ١٩٦٠) هەروەها «رۆحی دارڕژتن»ی ئە. ڤارز) (لەندەن ١٩٥٢) «نەخش و نیگارە ئەزموونگەرییەکان لە شیعری ئەمریکی پرسێکی ناسەرەکی پێکدێنن، ئەمریکاش هاوردویەتی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئەمریکییەکان «لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لەو دوو رەخنەگرە نکوڵی لەوە ناکەن کە ئەدەبی ئینگلیزی؟ رۆڵی «نوێکاری» دیوە، وەلێ رای (پاوەند)، کە رەنگکات هات لە لەندەن رای دژمندارانەبوو، رۆشنبیری ئینگلیزی نوێخوازی رەتکردۆتەوە لەبەرئەوە خۆی بەکاربردووە و مردووە (بڕوانە «نامەکانی ئەزراپاوەند ١٩١٧-١٩٤١). نووسینی د. د. بیج (لەندەن ١٩٥١).

٢- ئەرنولد بنیت «چینی مامناوەند» وتارێکە لە کتێب و خەڵک ١٩٠٨-١٩١١ (لەندەن ١٩١٧) بڵاوکراوەتەوە بۆ زانیاری لەسەر ئەو پەلامارانەی سەر جەماوەری ئینگلیزی بڕوانە: س. ک. ستیند، شیعری تازە، لە ییستەوە بۆ ئیلیۆت (لەندەن ١٩٦٤) بەشی دووەم.

٣- فۆردو مادوکس هیفر، هەڵوێستی رەخنەگرانە (لەندەن ١٩١١) ئەو بیرۆکەیە لە دوو توێی کتێبەکە دووپات دەبێتەوە.

٤- بۆ کۆڵینەوەی ئەو یەکبینییە (لە نێوان لەندەن و پاریس) بڕوانە. ئەندستارکی، لە گۆتییێ



بۆ ئیلیۆت، کاریگەری فەرەنسا بەسەر ئەدەبی ئینگلیزی ١٨٥١-١٩٣٩ (لەندەن ١٩٦٠).

(*) فوڤیزم: بزووتنەوەیەکە لەنیگارکێشانی رزگاربوو لە رێساباوە ئەکادیمییەکان.

٥- بۆ زانیاری پتر لە بارەی ئەو بابەتە، بڕوانە: فرانک کیرمود «شاعیرو سەماکەر بەر لە دیاکلیف» وتارێکە لە کۆمەڵە وتارێکی نوێ (لەندەن ١٩٧١) بڵاوبۆتەوە، هەروەها ریچارد ئیلمان «دۆزینەوەی بزووتنەوەی سیمبولیزم» وتارێکە لە «کەسانێکی دیار و سەیر و سەمەرە» (لەندەن و نیۆیۆرک ١٩٧٣) بڵاوبۆتەوە.

٦- ئە. ر. جونز، ژیانی ت. ی. هلم و رایەکانی (لەندەن ١٩٦٠).

٧- بڕوانە: ج. ک. جونستن، دەستەی بلومز بری (لەندەن ١٩٥٤).

(*) هلدا دولتل (Hilda Doolittle) ئەدیبێکی سەر بەفێرگەی - تەسویرییە.

٨- بگەڕێوە بۆ مەبەستی تەسویری و درامی.

٩- کۆڵینەوەیەکی باشی هەیە لە بارەی ئەو کەشە گشتییە لە: رۆبەرت. ھ. روس، شۆڕشی جۆرجیایی: هەڵهاتنی نموونەی شیعری و ئاوابوونی ١٩١٠-١٩٢٢ (لەندەن ١٩٦٥).

١٠- هینری جیمس، دەفتەرەکانی هینری جیمس، نووسینی، ف. و. ماتین وک. ب مردوک (نیۆیۆرک ١٩٤٧)،ل٢٨ .

١١- (ئەلن هولدر) لەو ناکۆکییەی بەدوور و درێژی لە کتێبی «سێ گەریدە ئەوروپا دەپشکنن: کۆڵینەوە لە هینری جێمس، ئەزرا پاوەند، ت. س، ئیلیۆت (فیلادلفیا و لەندەن ١٩٦٦) تۆژیوەتەوە.

١٢- نامەی (ئەزرا پاوەند) بۆ (ولیام کارلوس ولیامز) لە چیرۆکی ژیانی ئەزرا پاوەند لەلایەن چارلس نورمان (لەندەن ١٩٦٩) ل٢٢٧ بڵاوکراوەتەوە.

١٣- ئەزراپاوەند: «مێژوو» (١٩٣٤) و دووبارە لە وتارە ئەدەبییەکانی ئەزرا پاوەند چاپکرایەوە، نووسینی ت. س. ئیلیۆت (لەندەن ١٩٦٠)، ل٨٢ .

١٤- ئەو گەشەسەندنەم لە رۆشنبیری ئەدەبی ئینگلیزی، کە لە نوێکردنەوەی کۆمەڵگە و نوێخوازی لە ئەدەب کەوتەوە، لە کتێبی «ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ئەدەبی نوێی ئینگلیزی» کۆڵیوەتەوە (ئۆکسفورد) (١٩٧٧) زۆر لەو پرسانە لێرە تاوتۆیان دەکەم، لەو کتێبە زۆر بەچڕوپڕی تاوتوم کردوون.

١٥- ئاسابركز، شارەكانی ڤكتۆریا (لەندەن ١٩٦٤) ئەو كتێبە نایابە پشتی بەزۆر خاڵی ئەوتۆ بەستووە، كە لێرە تاوتوم كردوون.

١٦- هیلبروک جاكس، ماوەی حەفتاكانی سەدەی رابردوو (لەندەن) ئەو شایەتیە لە چاپی بنكوف وەرگیراوە، ل١٠٥ .

١٧- موتروک، سییرز، چرۆپری ئەو بابەتەی تاوتوكردووە لە كتێبی «دیوینیس و شار نوێخوازی لە شیعری سەدەی بیستەمدا (نیۆیۆرک و لەندەن ١٩٧٠) هەروەها ئەو كتێبە چەندین باسی بەسوودی تێدایە لە بارەی گەشەی نوێخوازی لە لەندەن.

١٨- فرانک كیرمود ئەو وێنە دوانەیەی بە شێوەیەک تاوتۆكردووە شایستەی سەرسڕمانە لە تۆژینەوەكەی بەناوی «ت. س، ئیلیۆت» كۆمەڵە وتاری نوێ (لەندەن ١٩٧١) بڵاوكراوەتەوە.

١٩- هوبروک جاكس، ماوەی نەوەدەكان لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چاپی بنتگون، ل٢٣ .

٢٠- فۆرد مادوكس هیفر: ئاوها دەبێ سەردانی دووەم (لەندەن)، ل١٣٦-١٣٧ .

٢١- بڕوانە: ریچارد ئیلمان «دۆزینەوەی بزووتنەوەی سیمبولیزم» وتارێكە لە «كەسانێكی دیار و سەیر و سەمەرە» (لەندەن و نیۆیۆرک ١٩٧٣) بڵاوكراوەتەوە.

٢٢- كتێبێكی بە سوود لەسەر ئەو ماوەیە هەیە لە دانانی لیون مكس و بەناوی: «كۆڵینەوە لە كتێبی هەرە بچووک» و ئەوانەی بەشدارییان تیاكرد (لەندەن ١٩٦٠).

٢٣- ریچارد ئیلمان «هەردوو رووەكەی ئەدوارد» وتارێكە لە «كەسانێكی دیار و سەیر و سەمەرە» (لەندەن و نیۆیۆرک ١٩٧٣) بڵاوكراوەتەوە.

٢٤- ر. ئە. سكۆت - جیمس «دەنگە نوێیەكانی ئەدەبی ئینگلیزی» وتارێكە لە كۆواری (بوكمان) ژ -٧٤ نیۆیۆرک ئەیلولی ١٩٣١ بڵاوكراوەتەوە.

٢٥- سەبارەت بەو رۆڵە گرنگەی ئەو كۆوارە لە لەندەن: بڕوانە: والاس مارتن، چەرخی تازە: چەند بەشێک لە مێژووی رووناكبیری ئینگلیزی (مانشستەر و نیۆیۆرک) (١٩٦٧).

٢٦- رۆبەرت. هـ. روس، شۆڕشی جیۆرجیایی (لەندەن ١٩٦٥).

٢٧- فۆرد مادوكس هیفر، ئاوها دەبێ سەردانی دووەم (لەندەن ١٩٢١)، ل٥٩-٦٤.

٢٨- د. هـ. لورانس «شیعری جیۆرجیایی» كۆواری (رثم) بەرگی دووەم. ژ - ٧- ئاداری ١٩١٣ لە عەنقا دووبارە بۆ هەمان نووسەر چاپكرایەوە.



(*) جاک ئوفنباک (١٨١٩-١٨٨٠) مۆسیقادانەرێكی فەرەنسایییە.

٢٩- دۆكلاس كولدرنک، پشودەری خواروو (لەندەن) یاریدەی كولدرنک هیفری داوە بۆ دەركردنی كۆواری ئینكلش رفیو(٣٠) وندرام لویس. هەڵتەكاندن بە تەقەمەنی و بۆمبا هاوێژتن (لەندن ١٩٣٧)، ل٢٥٤-٢٦٢ .

**پەراوێزەكانی بەشی چوارەم: بزووتنەوە ئەدەبییەكان**

**أ- بزووتنەوەو گۆڤار و مانیفێستەكان: «نوێگەرێتی» میراتگری ناتورالیزم**

(*) بادن پاول (١٨٥٧-١٩٤١) دامەزرێنەری دێدەوانی لە ئینگلتەرا.

١- رینتوپوكیولی، تیۆری بزووتنەوەی پێشەنگایەتی، وەرگێڕانی جیرالد فتنز جیرالد (كیمبرج. ماسوشوستس، ١٩٦٨).

٢- كازاركرانا، بۆ هیمیزم دەهەمبەر بۆرجوازییەت: كۆمەڵگە و ئەدیبە فەرەنسییەكانی سەدەی نۆزدەهەم (نیۆیۆرک و لەندەن ١٩٦٤) هەروەها بڕوانە: هلموت كروبزر بوهیمییەت (شتوتگارت ١٩٦٨).

٣- ولی سایفر، لە روكوكی بۆ كوبیكی لە هونەر و ئەدەبدا (نیۆیۆرک) (سایفر) لەو كتێبەیدا گریمانە دەكا، كە شێوازی ماوەیەكی دیاریكرا و دەگاتە قۆناغی گەیین لە ئەنجامی كەڵەكەبوونی ئەو تەكنیكاتەی ئاوێتەنە بۆ وەی ئامرازی بێ یەكدیگر «هاوئاواز بێ بەقوولێی لەگەڵ بیروباوەڕ و زانستی ئەو سەردەمە» لێرەوە جیاوازی دەكات لە نێوان شێواز (Style) و بەشێوازیكردن (Styliztion) «تەكنیک نابێتە شێوازێک تا بۆ پاساوی بۆچوونێكی هاوچەرخ لە جیهاندا بەكارنەهێنرێت، هەروەک چۆن باری سەردەمی رێنسانس لە رۆژانی یەكەمی، هونەرەكانی سەدەی نۆزدەهەم بوارێک بوون بۆ كێبركێی تەكنیک لە گوزارشتكردن، تەنیا لە بزووتنەوەی كوبیكیزم شێوازێكی هاوچەرخی راست و دروست بەدەست دێ، كە تەكنیكەكانی لە نێوانیاندا كورت كردەوە ئەو تەكنیكەی بزووتنەوە ئینتیباعی و ئەودیو ئینتیباعی و بزووتنەوەی هونەری نوێ»، ل٢٢ (بەژمارەی رۆمانی) هێنایان.

(*) سایكۆلۆژیزم و تیۆرێكە چەمكە سایكۆلۆجییەكان بەكاردەخات بۆ راڤەكردنی رووداوە مێژووییەكان.... تد.

٤- هینری جێمس «بەبۆنەی دەرکەوتنی شانۆگەریی هیلدا کابلر» ینورفید، حوزەیرانی ١٨٩١ .
٥- ولیام جیمس، بنەماکانی دەروونناسی (نیۆیۆرک ١٨٩٠) بەشی یەکەم، ل٢٣٩ .
٦- فریدریک مایکل فیلس «نوێکار» وتارێکە لە کۆواری مودرن، یندشاو، ژ، ٤. ١٨٩١، ل٧٩ و دواتر، بڵاوکراوەتەوە.
(*) مانای ناونیشانەکە «کۆواری کیشموەرپر»ە.
(**) کردار.
(***) گەردەلوول.
٧- ف. ج. هۆفمان، س. ئەلن و سی. ف. ئەلرج، کۆوارە بچووکەکە، مێژوو بیبلۆگرافیا (برنستۆن ١٩٤٧)، ل١.

**ب- سیمبولیزم و راکەوتن و (الانحطاطی):**
١- ڤالیری «ئەدەب» وتارێکە لە کۆواری تل کیل، بڵاوکراوەتەوە.
٢- ملارمیێ «ئەویش سەرکەوتوویە» «سەفەر تاکە خەمیەتی».
٣- موریا «مانیفێستی رەمزی» وتارێکە لە کۆواری ڤیگارۆی ئەدەبی لە ١٨ ئەیلوولی ١٨٨٨ بڵاوکراوەتەوە.
٤- مالارمیێ «پو».
٥- مالارمیێ «ماجی».
٦- (مالارمیێ) لەکتێبی «قەیرانی شیعر» وەسپی ئەوە دەکات خواستنەوە چۆن کەوتۆتەوە:
«پەیوەندییەکی وردە لە نێوان وێنەکان، لەو پەیوەندییەش رەهەندێکی درەوشاوەو سانا لەڕووی وەرگرتن و مەزەندەکردن، دەردەکەوێ».
٧- بۆدلێر، رۆکێتەکان، ل١١ -
٨- بەهۆی کەم دەرفەتی: بایەخی بەپێی پێویست بایەخمان پێ نەدا بە هەندێ شاعیرانی سیمبولیزمی، ئەو شاعیرانەی لە (مالارمیێ)وە سەرچاوەیان گرتبوو، وەکو: جۆرج، ودنباک (١٨٥٥-١٨٩٨) ئەدولف رینیە (١٨٦٣-١٩٣٠) هینری دی رینیە (١٨٦٤-١٨٩٨) و فرانس، فیلیە - کرفن (١٨٦٤-١٩٣٧) ئێمە دانی پیادەنێین



بەو رۆڵە کاریگەرەی ئەو دەستە شاعیرانە هەیانبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کەموکوڕیان هەبوو بەپلەی سەرەکی لەو رێگەیەی پێڕەویان کرد لە ئاسانکردنی بزووتنەوەی سیمبولیزم، ئەوا بەمەرامی رۆمانووسی، مەیلی پێشخستنی خوازە (Allegory) یان هەبوو، کە مانای چڕکردنەوەی سیفەتە رەهاکانە و خستنەڕوویان لە شێوەی بەشەر، بەو هێما (Symbol)یەی واتە وا لە شتە مادییەکان بکات ئاماژە بە وتە رەهاکان بکەن. وایان لە موفرەداتەکان کرد ئیحای ئاوا تیشک پێبدەنەوە، خاڵی لەهەر رەهەندێکی هزری، هەڵبەستەکانیشیان گۆڕی بۆ هەڵبەستی بۆنەکان، نێو کەشە نازک و خەمۆکییەکان.
٩- لافورک «رۆژانی یەکشەممە».
١٠- ڤیرلین «گەشت».
١١- جۆرج مۆر، دانپیانانەکانی لاوێک (لەندەن ١٨٨٨).
١٢- سایمونز «سەماکەران لە جاوە» بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تێکڕای دەقەکانی ئەو قەسیدانەی بەنموونە هێناومانەوە، بڕوانە: شیعری نەوەدەکان (هارموند سورث ١٩٧٠) نووسینی ر. ک. ر. ثورنتون.
١٣- داوسن «ڤانیتا» «راتسلو» «گوڵە خێرا وەریوەکان».
١٤- سایمونز «بۆ ئەوەی لە غوربەتدا دەژی»..
١٥- ئەو ئاشقانەی (ڤیرلین) وێنای کردوون. ئاشقانی شێوازی تایبەتن:
خەڵەتێنەری رێزدار و عەبەسێن بەخۆشەویستییەوە، عەبەسییەتێکی تەلیسماوی، دڵی ناسکیان هەیە، وەلێ لە بەڵێنەکان ئازادبوون.
١٦- ئەو دێڕە لە قەسیدەیەکی (ساما) وەرگیراوە.
١٧- ساما، «سێ خەونەکە».
١٨- ڤالیری «لە بارەی کارۆ».
(*) کەسایەتییەکی کۆمیدیای تەقلیدی بوو لە شانۆگەرییە بێدەنگییەکانی فەرەنسا بەدەردەکەوت، کەسایەتییەک بوو رەنگی سپی دەموچاوو شەرواڵە فشوفۆڵ و چاکەتە بەدوگمە زلەکانی، داپۆشیبوو پێی دەناسرایەوە.
١٩- بۆدلێر «زێدەڕۆیی مکیاژ» لە وێنەکردنی ژیانی نوێ (١٨٦٣).

٢٠- لاكالين «دیمەنی خۆرئاوابوون لە شاردا».
٢١- وایلد «سیمفۆنیایەک بەرەنگی زەرد»
٢٢- سایمونز «ئینتیباع».
٢٣- مالارمیێ «قەیرانی شیعر».
٢٤- هەڵبەت دەکرێ کاریگەرییەکانی کرداری رانەبردوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی کرداری رابردوو، بخولقێنرێ، کاتێک کردارەکە پەیوەستە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەو زانیارییانەی بۆ رابردوو دەگەڕێنەوە، ئەمەش لە ڕێگەی وێکچوونی شێوازەکانی هزرکردن و ئەو کاردانەوەیەی هاوشانی زانیارییەکانە، بەئەنجامدەگات، بەمجۆرە رۆمانی «بیرەوەری ئەو شتانەی رابردن» رۆمانێک نییە لە بارەی بیرەوەری بێ بەڵگە لە بیرەوەری دروستکراوە. هەروەها لاپەڕەی تەواوی ئینتیباعی لە رۆمانەکانی (زۆلا) بەدیدەکەین، لە رۆمانی (نانا) بۆ نموونە، دەبینین «لەوێدا گەلەک هەبوون مایەی سەرنج بوون، لەوێدا خشەخشی جلوبەرگ هەبوو، پیشانگەیەکی تەنورە و تەسریحات، وەلێ ئەوەی ئەو سەرنجدانەی دزێو دەکرد، جلوبەرگ و چاکەتە پیاوانە رەشە درێژەکە بوو».
٢٥- ئەرنوهولز، خەونەکان (١٨٩٨-١٩٢٩).
٢٦- پاوەند، کۆواری ئەڤینیم، ٢١ مایسی ١٩٢٠ .
٢٧- کرو نیکار «ڕێبازە ئینتیباعییەکان لە پەخشانی لیریکی هەردوو سەدەی نۆزدە و بیست» وتارێکە لە کۆواری ئەدەبی بەراوردکاری، بەرگی ٤٣، ١٩٦٩، ل٥٢٩ بلاوکراوەتەوە.

**ج- ئایندەخوازیی ئیتالیایی:**

١- ئۆپێرا، ف. ت. مارینیتی، نووسینی ل. دی ماریا (ڤیرۆنا ١٩٦٨) بەشی دووەم، ل٢٦١ .
٢- «مانیفێستی ئایندەخوازی» لە ئۆپێرای ف. ت. مارینیتی، بلاوکراوەتەوە نووسینی ماریا (ڤیرۆنا ١٩٦٨) بەشی-١- ل١١.
(*) لە ئەفسانەیەکی یۆنانیدا هاتووە، کە (ئیکرس) بەهۆی دووباڵی بەشە مبەستراو بە لەشی توانی لە زیندانا رابکات، وەلێ دوای ماوەیەکی کەم کەوتە دەریاوە، لەبەرئەوەی



زێدە بڵند هەڵفڕی و بەمەش تیشکی خۆر شەمێی باڵەکانی تواندبۆوە.
(*) جوزیف جاک جوفر (١٨٥٢-١٩٣١) فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی فەرەنسا و هێزی هاوپەیمانان لە یەکەمین جەنگی جیهانی.
٣- سی. ر. دەبلیو نیفنسون و مارینیتی، مانیفێستی ئایندەخوازی بەناوی «هونەری زیندووی ئینگلیزی» یان واژۆکرد، کە (مارینیتی) لە «هۆڵی دوریە» لە زانکۆی کیمبرج خوێندیەوەو لە حوزەیراندا بلاوکرایەوە، شێوازی ئەو مانیفێستە سەدای شێوازی (ئەبولینیر) بوو، لەڕووی ئەوەی (ئەبولینیر) کاتێ کێشەیەکی دیاریکراو تاوتو دەکات هەرچی هەیەتی و نییەتی تاوتوێ دەکات، ئەم تایبەتمەندییەش لەکتێبی بەناوی «دژایەتیکردنی ئایندەخوازی بۆ کلتور» بەدیدەکەین، بڕوانە: ئۆپێرا، ف. ت. مارینیتی، نووسینی ل، دی ماریا (ڤیرۆنا ١٩٦٨) بەشی دووەم، ل٩٥، نیفنسون لەوکاتەدا «دەوامیی»بوو، بەڵام (وندام لویس) لە بزووتنەوەی (دەوامیی) لەکار لابرد، چونکە ئەوەی یەکەمیان زێدەتر لە پێویست ئایندەخوازبوو. بڕوانە چ. دەبلیۆ مارتن، هونەری ئایندەخوازی و تیۆر (ئۆکسفۆرد ١٩٦٨)، ل١٨٢ .
٤- وندام لویس، تەقینەوەو بۆمباکان (لەندەن ١٩٦٧)، ل٣٣.
٥- «مانیفێستەکە» کە تایبەت بوو بە «شانۆی هەمەرەنگ» لە رۆژنامەی «دیلی میل» ٢١ تشرین و دووەمی ١٩١٣، بلاوکرایەوە، بەراورد بکە: ئۆپێرا، ف. ت. مارینیتی، نووسینی ل. دی ماریا (ڤیرۆن ١٩٦٨) بەشی دووەم ل٧٠، ئەمە یەکەمین بەیاننامەیە گرنگییەکی راستەوخۆییانە بەشانۆ دەدا، «بەیاننامە کە چاو دەخاتە سەر وتار دوانی هەمەگیر و دینامیکی» کە لە بیست و یەکی ئاداری ١٩١٥ بەدەرکەوت، بەمەبەستی گپکردنی دەنگی مرۆیی وقوتکردنەوەی بایەخی ئاماژە میکانیکی و ماتماتیکییەکان، دەبێ ئەو تەکنیکە بە دڵی مۆسۆلینی بوو بێت، هەروەها بەیاننامەکە وتاری، بەبریق و باق وەسپ دەکات، کە پێشتر ئاماژەمان پێداو لە «هۆڵی دوریە» خوێندرایەوە.
٦- کۆواری «بلاست» ژ، ١، ٢٠ حوزەیرانی ١٩١٤ .
٧- ئەودابە لە نێو ئایندەخوازان باوبوو، وشەی (کۆرا) واتە (رادەکات) وشەی (جینا) ئاماژەیە بەیاریی جمناستیکی و وشەی (بالا) واتە (ئەو سەما دەکات).
(*) مەبەست بۆ زانستی جەبر دەگەڕێتەوە.

٨- ئیتالیای نوێ ١٩١٨-١٩٤٨ نووسینی ف. چیچینی و کابیلی (روچاسان کاسیانو ١٩٦٢)، ل١٠١.
٩- س. هبرت. بنیتو موسولینی (هارموند سورث) (١٩٦٥)، ل١٥٦.
١٠- ل. فیرمی، موسولینی (شیکاگۆ) ل٤١٠.
١١- نامەکانی ئەزراپاوەند بۆ جیمس جویس لەگەڵ وتارەکانی پاوەند لە بارەی جویس، نووسینی ف. رید (لەندەن ١٩٦٨)، ل٤٣.
١٢- ئە. فراتینی، تۆماسیو ئینکساریتی (روجاسان کاسیانو ١٩٥٩)، ل١٠٢.
لەو بەیاننامەیەی بەناوی «رۆمانی مۆنتاژ ئامێز» کە لە ساڵی ١٩٣٩ بڵاوکرایەوە، مارینیتی (بروست) و (جویس)ی بەوە تاوانبارکردن «وشە ئازادە دینامیکییە درەوشاوەکان، ئەوانەی لە یەککاتدا دەئاخفترێن، رەنگرێژیان کرد و گۆڕینیان بۆ زۆر بڵێیەکی نووسراو». ئۆپێرا، ف. ت. مارینیتی، نووسینی، ل. دی ماریا (ڤیرۆنا ١٩٦٨) بەشی دووەم، ل١٩٣ .
١٣- هـ. رچر، دادایزم (لەندەن ١٩٦٥)، ل٢١٧ .
١٤- ی. دی لاوری، «هونەری زیدووی مانهاتن» وتارێکە لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی زمانی نوێ، «Pmla» بەرگی دووەم، ژ ٦ تشرینی یەکەم ١٩٦٩، ل١٦٢٨، بڵاوکراوەتەوە.
١٥- ئەو وتارە بەر لە کردنەوەی «پیشانگەی ئایندەخوازی ئیتالیایی، لە تشرینی دووەم، نووسراوە، کە «ئەنجوومەنی هونەرەکانی ئوسکوتلەندیایی و هونەرەکانی باکوور» ڕێکیان خست.

**د- ئایندەخوازیی رووسیایی:**

١- بۆریس باسترناک، (١٩٣١) گۆڕینی، حەسەن سلوک، جۆرج ریفڤی.
٢- فلادیمیر مایکۆفسکی، شیعر چۆن دروستدەکرێ (لەندەن ١٩٧٠) وەرگێڕانی، ج.م)، هاید.
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤- فلادیمیر مارکوف بەتەواوەتی لایەنە جیاوازەکانی ئایندەخوازی لە کتێبە بایەخدارەکەی



بەناوی «ئایندەخوازی رووسیایی» لە بەڵگەی تەواوەوە خستۆتەڕوو (لەندەن ١٩٦٩).
٥- فلادیمیر مارکوف دەقەکەی بەپێتی ئینگلیزی لە کتێبەکەی ئایندەخوازی رووسیایی (لەندەن ١٩٦٩) چاپکردووە.
٦- دەکرێ بەتێر و تەسەلی و باش «ئەو بزووتنەوەیە» لە: ڤکتۆر ئەلرج، فۆرمالیزمی رووسیایی، مێژوو و بنەماکانی (لاهای ١٩٦٩)، بەدیبکەین.
٧- دەقە رووسیەکەو دەهەمبەری بەزمانی ئەڵمانی دەکرێ لە کتێبی «دەقە فۆرمالیزمیە رووسییەکان) بەشی دووەم. نووسینی وۆلف - دیتر سیمبل (میونیخ ١٩٧٢) بدینین.
٨- ڤ. ن. ڤۆلوشینوف، مارکسیزم و فەلسەفەی زمان، وەرگێڕانی ل. ماتیجکا، ی. ر. تیتونک (لەندەن و نیویۆرک ١٩٧٣) بۆ یەکەم جار کتێبەکە لە ساڵی ١٩٣٠ لە لینینگراد چاپکرا.
٩- کتێبی «رەخنەی فۆرمالیزمی رووسیایی چوار وتار» دوو وتاری گرنگی بەخۆگرتووە ڤکتۆر شلکوفسکی نووسیوبەتی، یەکەم بەناونیشانی «هونەر وەکو تەکنیک» دووەمیش بەناونیشانی «رۆمانی ترستام شاندی لشترن: توانجێکی شێوازیانە» ل. ت. لیمون نووسیوبەتی و م. ج. رایس (لنکن، نبراسکا ١٩٦٥)یش کتێبەکەی وەرگێڕاوە.
١٠- بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەو تیۆرانە بڕوانە. دیڤید لوج «زمانی رۆمانی نوێکار خواستنەوەو خوازەی بنێر»، ل٤٨١-٤٩٦، وتارێکە لەسەرچاوەی گۆڕین بڵاوکراوەتەوە.
١١- دیمتری سیکل، لایەنە بونیاتگەرابیەکان لە فەلسەفەی زمانی سۆڤیاتی.

**هـ- بزووتنەوەی تەعبیریی ئەڵمانی:**

١- بڕوانە: بول راب و کارل لدفک شنایدەر (نووسینی) بزووتنەوەی تەعبیریی، تێبینییەکانی هاوچەرخان و بیرەوەرییەکانیان (فرابیرک، ١٩٦٥)، ل١٢٥-١٤١-٢٩٢
٢- بۆل فلێتجر، تەعبیریی (میونخ ١٩٢٠)، ل١٧.
٣- بۆل راب (نووسینی) تەعبیری، خەبات لە پێناو بزووتنەوەیەکی ئەدەبی (میونخ)(١٩٠٥)، ل٧٩-٨٨و ل٥٣-٦٥ .
٤- کاسیمیر ئەدیشمد، مانیفێستە هەوەڵییەکان (خانەی مستات ١٩٦٠)، ل١٣-٤٣-٨٥-٩٠ .

٥- پۆل راب (نووسینی)، تەعبیریی: خەبات لە پێناوی بزووتنەوەی ئەدەبی (میونخ ١٩٦٥)، ل١٧٣-١٧٦ .
٦- پۆل فینچر، تەعبیریی (میونخ ١٩٢٠) ل٣.
٧- بڕوانە: کرت هلر، ڕێنماییە ڕۆشنبیرییەکانی گۆستاڤ فنیکن و ڕێبازی ئەکتیڤیتیزم (هانۆڤەر ١٩١٩)، ل٩.
٨- بڕوانە: کۆتنر دبن «دانپیانانە تەعبیرییەکان» (١٩٣٣) وتارێکە لە: پۆل راب، تەعبیریی: تێبینییەکانی هاوچەرخان و بیرەوەرییەکانیان (میونخ ١٩٦٥)، ل٢٣٥-٢٤٦ بڵاوکراوەتەوە.
٩- کارل سترنهایم، شۆڕشی ئەڵمانی (بەرلین ١٩١٩)، ل١١.
١٠- لۆتەر سکربر «کاری هیر ورث فالدنز» وتارێکە لە: گەردەلوول: بیرەوەرییەکان (بادن - بادن ١٩٥٤)، ل١١٤، بڵاوکراوەتەوە.
١١- کاسمیر ئەدیشمد «تەعبیری» وتارێکە لە هەوەڵێن مانیفێستەکان (خانەی مسداد ١٩٦٠)، ل٣٢، بڵاوبۆتەوە.
(*) (دیونیسیس) خوداوەندی مەی لای ئیغریقییەکان (گریکەکان) دەهەمبەری خوداوەندی (باخوس) لای ڕۆمەکان.
(**) (ئیرۆس) خوداوەندی خۆشەویستی لای گریکەکان.
١٢- هربرت مارکۆس، ئیرۆس و شارستانێتی (لەندەن ١٩٦٩)، ل٨١-١٨١ .
١٣- ئەدیشمد «تەعبیری» وتارێکە لە هەوەڵینی مانیفێستەکان لە خانەی مسداد ١٩٦٠)، ل٣٣، بڵاوبۆتەوە.
١٤- کرت پنش «یەکەمین کارە ئەدەبییەکان» وتارێکە لە: بول راب (نووسینی) تەعبیریی: خەبات لە پێناوی بزووتنەوەی ئەدەبی (میونخ ١٩٥٦)، ل٧٠، بڵاوکراوەتەوە.
(*) ئەکتیڤیزم: مەزهەبێکە بانگەشەی گرتنەبەری کارڕایی توندوتیژ و ئەکتیڤ دەکا لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکان. دژیشە لەگەڵ «ڕێبازی ناتوندوتیژی پاسیفیزم» (Pacifism) کە لەگەڵ توندوتیژی ناکۆکەو هانا بردنەبەری لە چارەی ململانەکان ڕەتدەکاتەوە.
١٥- کۆواری «دی ئەکشن» ٢٢ی مایس وە حوزەیرانی ١٩١٢ .



(*) کۆماری ڤایمار: کۆماری ئەڵمانی لە ساڵی ١٩١٩ تاکو ساڵی ١٩٣٣ .
١٦- جۆرج هیم، تێکرای کارە ئەدەبییەکان و وتارەکان، نووسینی، ک. ل. شنایدەر، بەشی شەشەم، ل٢٤ .
١٧- ئەلفرد ریچارد مایەر، تەعبیریی (دسلدروف ١٩٤٨)، ل١٢-١٣ .
(*) بۆ ئۆسکار وایلد دەگەڕێتەوە.
١٨- جوپیبیر، ئایندەخوازی و دادایزم (پاریس ١٩٦٧)، ل١٢٠ .
١٩- پۆل راب و کارل لدفک شنایدەر (نووسینی) بزووتنەوەی تەعبیریی، تێبینییەکانی هاوچەرخان و بیرەوەرییەکانیان (فرابیرک ١٩٦٥) ل٣٥٤ .
٢٠- ج. س. مدلتن «دادایزم دەهەمبەر تەعبیری یا خەونی شای سور». وتارێکە لە: ژیانی ئەڵمانی و نامەکان، بەشی پازدەهەم، ١٩٦٢-١٩٦٧، ل٤٥ .

**و- دادایزم و سوریالیزم:**

(*) بۆ (میخائیل باکۆنین) دەگەڕێتەوە، کەسایەتییەکی دیاری ئاژاوەگێڕیی و نەهلیزمی رووسیایی بوو، لە ساڵی ١٨١٤ لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٧٦ مردووە.
(**) ئەندامانی حزبی سپارتاکۆسی سۆسیالیستی توندڕۆیە، کە لە ساڵی ١٩١٨ لە ئەڵمانیا دامەزرا.
(**) بۆ (تزارا) دەگەڕێتەوە.
(****) (ئەبولونییر) یەکەم کەس بوو زاراوەی «سوریالیزم»ی بەکارهێنا، بڕوانە بیتەر ولندامری، ئینسکلۆپیدیای هونەر و هونەرمەندان (لەندەن ١٩٧٥)، ل٤١٣ .